حکومەتی هەرێمی کوردستان– عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکـــــۆی سلێمانـی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییـەکان
سکوڵی زمان

# دەرکەوتەی دوودیویی زمانیی لە کۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا

نامەیەکە خوێندکار

## بێستون ئەبوبەکر عەلی

پێشکەشی ئەنجومەنی سکوڵی زمان– فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانیی کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت

## د.شاخەوان جەلال فەرەج

(٢٧١٥)ی کوردی (٢٠١٥)ی زایینی

**ڕەزامەندبوونی سەرپەرشت:**

ئەم نامەیە (**دەرکەوتەی دوودیویی زمانیی لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا**) لە لایەن خوێندکار (**بێستون ئەبوبەکر عەلی**)ەوە، بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

ناو: **د.شاخەوان جەلال فەرەج**

ڕۆژ: / / ٢٠١٥

**بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

ناو: **پ.ی.د.کاروان عومەر قادر**

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ: / /٢٠١٥

## ڕەزامەندبوونی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: **پ.ی.د.کاروان عومەر قادر**
ئەندام
ڕۆژ:   /  / ٢٠١٥

ناو:**پ.د.بەکر عومەر عەلی**
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ:   /  / ٢٠١٥

ناو: **پ.ی.د.ئازاد ئەحمەد حسەین**
ئەندام
ڕۆژ:   /  / ٢٠١٥

ناو:**د.شاخەوان جەلال فەرەج**
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ:   /  / ٢٠١٥

لەلایەن ئەنجومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو: **د.شاخەوان جەلال فەرەج**
سەرۆکی سکوڵی زمان بەوەکالەت
ڕۆژ:   /   /٢٠١٥

## پێشکەشکردن

*پێشکەشە بە:*

☜ گڵکۆی باوکی خۆشەویستم.

☜ ڕۆحی پاکی دایکم.

☜ خوشك و برا ئەزیزەکانم (سەمیرە، ڕووپاك، هەوار و کاك مەحمود و هەورامان).

☜ هاوسەر و هاوڕێی ژینم. (مژدەخان)

☜ هاوڕێی خۆشەویستم (شێخ عبدالله شێخ عبدالعزیز نێرگسەجاڕی).

✍ **بێستون**

# (سوپاس و پێزانین)

سوپاس و پێزانینم بۆ:

- ۞ خودای گەورە و میهرەبان.
- ۞ مامۆستای بەڕێز و خۆشەویستم بەڕێز: د.شاخەوان جەلال فەرەج، کە بە ئەوپەڕی دڵسۆزی و خۆبەخشییەوە سەرپەرشتی نامەکەی کردووە، وێڕای ڕێنمای زانستی لە بەدەست خستنی سەرچاوەیشدا هاوکارییەکی زۆری کردووم.
- ۞ مامۆستای ئازیز و بەڕێزم: پ.د.بەکر عومەر عەلی، کە لە ڕێنمایکردنی زانستیدا هاوکاریی کردووم .
- ۞ مامۆستای بەڕێز و خۆشەویستم: پ.ی.د.کاروان عومەر قادر، لە بەدەستخستنی سەرچاوەی زانستیدا هاوکاریی کردووم.
- ۞ بەڕێزان (د.ئازاد فەتاح و م.نیان شەریف) پوختەی لێکۆڵنەوەکەیان، بۆ زمانی ئینگلیزی و عەرەبی وەرگێڕاوە.
- ۞ بە ڕێزان مامۆستایانی بەشی کوردی، کە زمانی کوردیان لە لا خۆشەویستر کردووم.
- ۞ هاوڕێ بەڕێزەکانم کاك (بێستون سابیر و چیا عبدالله لە کتێبخانە و گۆران عومەر و دانا سەعید) لە وەرگێڕانی هەندێك لە سەرچاوەکاندا هاوکاریان کردووم.
- ۞ کتێبخانەی سکوڵی زمان، کە لە بەدەستخستنی سەرچاوەدا کارئاسانیان بۆ کردووم.
- ۞ هاوڕێی بە ڕێزم (م.هەوار ئەمین) کە هەڵەچنی بۆ لێکۆڵنەوەکە کردووە.
- ۞ کارمەندان و لێپرسراوی خوێندنی باڵا و تەواوی کارمەندانی سکوڵی زمان، کە هەریەکەیان لە ئاستی خۆیان هاوکاری و کارئاسانیان بۆ کردووم.

| هێماوکورتکراوەکان | |
|---|---|
| { } | دەربڕاوی زمانی کوردی و پیشاندانی ڕێکخستنی ڕێزمانی |
| ← | دەگۆڕێت بۆ |
| + | نیشانەی واتای (بۆ بەشداربوون) یان پێکەوەبەستن |
| − | نیشانەی واتای (بۆ بەشدارنەبوون) |
| ت | شێوەی نوێ |
| ك.ئا | کۆمەڵەئاخاوتنییەکان |
| ك | شێوەی کۆن یان کرمانجی |
| گ. | گفتوگۆ |
| وك | وشەی کوردی |
| وع | وشەی عەرەبی |
| ژ` | ژمارە |
| فر | فرەجۆریی |
| ئر | ئەرکی ڕستە |
| هـ | هێڵکاری |
| د | دیالێکت |
| ( ) | دەقی وەرگیراو بەدەستکارییەوە، یان بۆ ڕونکردنەوە، زاراوە |
| (−) | پاشگر، کەرەستەی کرتاو |
| " " | زاراوە |

| لیستی زاراوەکان | |
|---|---|
| | ئـ |
| Speakers | ئاخێوەران/قسەکەران |
| Ethnograph of Communication | ئینتۆگرافیای پێوەندیکردن |
| Function | ئەرك |
| | ب |
| States of grammer | بارودۆخی ڕێزمانی |
| Social situation | بارودۆخی کۆمەڵایەتی |
| Speech situation | بارودۆخی ئاخاوتن |
| Highest class | بەرزترین چینی کۆمەڵ |
| Language using | بەکارهێنانی زمان |
| Social Communication | بەیەکگەشتنی کۆمەڵایەتی |
| diffusion | بڵاوبوونەوە |
| Standardzation | بەستاندارکردن |
| Mind | ئاوەز |
| | پ |
| Join | پەیوەستبوون |
| Education | پەروەردە |
| Occupation | پیشە |
| Social realtionship | پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان |
| Pidgin | پیجین |
| | ت |
| Age | تەمەن |
| Gender | توخم |
| | ج |
| Stability | جێگیریی |
| | د |
| World view | دونیابینیی |
| Diglossia | دوودیویی زمانیی |
| | ژ |
| Linguistic enviroment | ژینگەی زمانەوانی |

| | |
|---|---|
| | ڕ |
| Acceptance | ڕەزامەندبوون |
| Quantative approach | ڕێبازی ڕێژەیی (چەندێتی) |
| | ز |
| Acquistion | زمان وەرگرتن |
| | د |
| Heavy | دەربڕینی قورس |
| Sociolect | دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکان |
| Thick | دەربڕینی چڕ |
| Context | دەوربەری ئاخاوتن |
| | ش |
| Communicative style | شێوازی پەیوەندیکردن |
| Ways of speaking | شێوازی ئاخاوتن |
| High | شێوەی باڵا |
| Prestige | شکۆداریی |
| Old form | شێوەی کۆن |
| New form | شێوەی نوێ |
| Low | شێوەی ئاسایی |
| | ج |
| Bilingualism | جووت زمان |
| | چ |
| Maintenance | چاودێریکردن |
| | گ |
| Formal group | گروپی فەرمی |
| الخطيب | گوتارخوێن |
| الخطبة | گوتار |
| Informal group | گروپی نافەرمی |
| | ف |
| Elaboration of function | فراوانکردنی ئەرك |
| Regional variation | فرەجۆریی هەرێمی |
| Broad | فراوان |
| Social variation | فرجۆریی کۆمەڵایەتی |

| | |
|---|---|
| | ل |
| Online | له سەرهێڵ |
| | ك |
| Social interaction | كارلێكی كۆمەڵایەتی |
| Creole | كریۆل: زمانی دەستكرد |
| Literary beritage | كەلەپوری ئەدەبی |
| Communicative acts | كردەی گەیاندن |
| Inter-sentential | كۆدگۆڕینی ڕستەیی |
| Intra-senital | كۆدگۆڕینی ناوەخنی ڕستەیی |
| Speech community | كۆمەڵەئاخاوتنییەكان |
| | م |
| Speech event | ماوەی ئاخاوتن |
| | ن |
| Lowest class | نزمترین چینی كۆمەڵ |
| | ه |
| Selection | هەڵبژاردن |

| ناونیشانی بابەت | ژ. لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | |
| ١/٠ ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٢/٠ هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٣/٠ کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٤/٠ گرفتی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٥/٠ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٦/٠ بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە | ٢-٤ |
| **بەشی یەکەم: پەیوەستبوونی فرەجۆریی زمانی، بە زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە** | **٤-٦١** |
| ١/١) فرەجۆریی زمانیی | ٩-١٣ |
| ١/١-١) دەرکەوتەی فرەجۆریی زمانی | ١٣-١٥ |
| ١/١-٢) هۆکارەکانی فرەجۆریی زمانی | ١٦-٢١ |
| ١/١-٣) زمان و شێوازی قسەکردنی جیاواز | ٢٢-٢٤ |
| ١/١-٤) شێوازی دابەشبوونی فرەجۆریی زمانی | ٢٤-٢٦ |
| ٢/١) جۆرەکانی زمان | ٢٦-٣١ |
| ٢/١-١) زمانی ستاندارد | ٣١-٣٢ |
| ٢/١-١-١) پێناسەی زمانی ستاندارد | ٣٢-٣٥ |
| ٢/١-١-٢) پێوەرەکانی زمانی ستاندارد | ٣٥ |
| ا. هەڵبژاردن | ٣٥ |
| ب. تۆمارکردن | ٣٦ |
| پ. فراوانکردنی ئەرك | ٣٦ |
| ت. ڕەزامەندبوون | ٣٧-٣٩ |
| **٢/١-١-٣) زمانی ستانداردی کوردی** | ٣٩-٤٤ |
| ٢/١-٢) دیالێکت | ٤٤-٤٦ |
| ٢/١-٣) ئەکسێنت | ٤٦-٥١ |
| ٢/١-٤) سۆسیۆلێکت | ٥١-٥٢ |
| ٢/١-٥) ئایدۆلێکت | ٥٢-٥٣ |
| ٢/١-٦) ئایسۆلێکت | ٥٣-٥٥ |
| ٢/١-٧) پیجین | ٥٦-٥٧ |

| | |
|---|---|
| ٨/٢/١) كريۆلٚ (زمانی دەستكرد) | ٦١-٥٨ |
| **بەشی دووەم/ بنەما تیۆرییەكانی دوودیویی زمانیی و كۆمەڵەئاخاوتنییەكان** | **١٤٥-٦٢** |
| ٢/١) دوودیویی زمانیی | ٦٦-٦٥ |
| ٢/١-١) چەمكی دوودیویی زمانیی | ٦٦ |
| ٢/١-١-١) زاراوەی دوودیویی زمانیی | ٧١-٦٧ |
| ٢/١-١-٢) ناساندنی دوودیویی زمانیی | ٧٦-٧٢ |
| ٢/١-٢) بنەماكانی تیۆری دوودیویی زمانیی | ٧٦ |
| ٢/١-٢-١) ئەرك | ٨٠-٧٧ |
| ٢/١-٢-٢) شكۆداریی | ٨٤-٨١ |
| ٢/١-٢-٣) كەلەپوری ئەدەبی | ٨٧-٨٥ |
| ٢/١-٢-٤) زمان وەرگرتن | ٩٢-٨٧ |
| ٢/١-٢-٥) بەستانداردكردن | ٩٥-٩٢ |
| ٢/١-٢-٦) جێگیریی | ٩٨-٩٥ |
| ٢/١-٢-٧) رێزمان | ٩٩-٩٨ |
| ا. دارِشتەی رستەیی | ١٠٣-٩٩ |
| ب. دارِشتەی وشەیی | ١٠٨-١٠٣ |
| ٢/١-٢-٨) دەنگسازیی | ١١١-١٠٨ |
| ٢/١/٣) دارِشتەی تیۆری دوودیویی زمانیی | ١١٢ |
| ٢/١-٣-١) شێوازی دروستبوونی شێوەكانی زمانی كوردی | ١١٦-١١٣ |
| ٢/١-٣-٢) شیانی تیۆری دوودیویی زمانیی بۆ زمانی كوردی | ١١٨-١١٦ |
| ٢/٢) كۆمەڵەئاخاوتنییەكان | ١١٩ |
| ٢/٢-١) چەمكی كۆمەڵەئاخاوتنییەكان | ١٢٦-١٢٠ |
| ٢/٢-٢) وێب سایتی تۆرەكۆمەڵایەتییەكان | ١٢٨-١٢٧ |
| ٢/٢-٢-١) تۆرِی كۆمەڵایەتی فەیسبووك | ١٣٠-١٢٨ |
| ٢/٢-٢-٢) تویتەر | ١٣٣-١٣٠ |
| ٢/٢-٣) دابەشكردنی كۆمەڵەئاخاوتنییەكان | ١٣٥-١٣٤ |
| ٢/٢-٣-١) دابەشكردنی كۆمەڵەئاخاوتنییەكان لە روانگەی كۆزمانەوانییەوە | ١٤١-١٣٦ |
| ٢/٢-٣-٢) دابەشكردنی كۆمەڵەئاخاوتنییەكان لە زمانی كوردیدا | ١٤٥-١٤٢ |

| | |
|---|---|
| **بەشی سێیەم: جێبەجێکردنی تیۆری دوودیویی زمانیی لە کۆمەڵەئاخاوتنی مامۆستایانی ئاینییدا** | ١٩٦–١٤٦ |
| ٣/١) گوتاری یەکەم: بە ناونیشانی "مەبەستەکانی شەریعە" | ١٧٤–١٤٩ |
| ٣/١–١) ئەرک | ١٥٥–١٥٠ |
| ٣/١–٢) شکۆداریی | ١٥٩–١٥٦ |
| ٣/١–٣) کەلەپوری ئەدەبی | ١٦١–١٥٩ |
| ٣/١–٤) زمان وەرگرتن | ١٦٣–١٦١ |
| ٣/١–٥) بەستانداردکردن | ١٦٦–١٦٣ |
| ٣/١–٦) جێگیریی | ١٦٨–١٦٦ |
| ٣/١–٧) ڕێزمان | ١٦٨ |
| ا. دارِشتەی ڕستەیی | ١٧٠–١٦٨ |
| ب. دارِشتەی وشەیی | ١٧٣–١٧١ |
| ٣/١–٨) دەنگسازی | ١٧٤–١٧٣ |
| ٣/٢) گوتاری دووەم: بەناونیشانی"ستەمکردن لە منداڵ" | ١٩٦–١٧٥ |
| ٣/٢–١) ئەرک | ١٧٧–١٧٥ |
| ٣/٢–٢) شکۆداریی | ١٨٠–١٧٨ |
| ٣/٢–٣) کەلەپوری ئەدەبی | ١٨١–١٨٠ |
| ٣/٢–٤) زمان وەرگرتن | ١٨٣–١٨٢ |
| ٣/٢–٥) بەستانداردکردن | ١٨٦–١٨٣ |
| ٣/٢–٦) جێگیریی | ١٨٩–١٨٧ |
| ٣/٢–٧) ڕێزمان | ١٩٠ |
| ا. دارِشتەی ڕستەیی | ١٩٢–١٩٠ |
| ب. دارِشتەی وشەیی | ١٩٥–١٩٢ |
| ٣/٢–٨) دەنگسازی | ١٩٦–١٩٥ |
| ٣/٣) پوختەی جێبەجێکردنی تیۆری دوودیویی زمانیی لە کۆمەڵەئاخاوتنی مامۆستایانی ئاینییدا | ٢٠٠–١٩٧ |
| ئەنجامەکان | ٢٠٠١ |
| پاشکۆ | ٢١٩–٢٠٢ |
| سەرچاوەکان | ٢٢٨–٢٢٠ |
| **الملخص** | ٢٢٩ |
| Abstract | ٢٣٠ |

# پێشەکـــی

## ١/٠) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بۆ((دەرکەوتەی دوودیویی زمانیی لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا)) تەرخانکراوە، مەبەستی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکە دەرخستنی دوودیویی زمانیی و پیشاندانی شێوەکانی زمانی کوردییە لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا، پەیوەست بەزانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە، ئەمەیش لە چێوەی ئاخاوتنی ئاخێوەرەکاندا لە بارودۆخە جیاوازەکانی نێو ژیاندا دەردەکەوێت، لە ئەم ڕێگەیشەوە بەکارهێنانی شێوەکانی زمان پەیوەست بە شوێنکاتەکانییانەوە دەخرێنەڕوو.

## ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە

گرنگی و هەستیاری**((دوودیویی زمانیی لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا))** لە ژیاندا و کەمی لێکۆڵینەوەی زانستی لە زمانی کوردیدا لە ئەم بوارەدا، هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە، وێڕای ئەوەیش لە نێوەندی زمانەکانی جیهاندا بابەتێکی زیندو قسەلەسەرکراوە، چونکە جیاکردنەوەی شێوەکانی زمان دەروازەیەکی تر بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاستەکانی زماندا دەکاتەوە، ئەمەش وادەکات شێوازی کارکردنی زمان لە نێو کۆمەڵدا زیاتر بخرێتەپێش چاو، چونکە بارودۆخی ئاڵۆزی دانیشتوان لە نێو زماندا ڕەنگدانەوەی هەیە، شیکردنەوەی ئاڵۆزییەکان لە ڕێگەی زمانییەوە دەرگای چارەسەر بۆ گیروگرفتەکانی نێو کۆمەڵیش دەکاتەوە.

## ٣/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

کەرەستەی (زمانی کوردی–دیالێکتی ناوەڕاست) بەکارهێنراوە، نموونەکانی نێو ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە: زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە هەندێك کاتیش لەبەر پێویستی سودمان لە لایەنی مێژوو (دەق، شیعری شاعیران)وەرگرتووە، وێڕای ئەوەیش دوو گوتاری مامۆستایانی ئایینی و چاوپێکەوتنی کەسایەتی ئایینی تۆمارکراوە و نوسراوەتەوە و تیۆری دوودیویی زمانیی بەسەردا جێبەجێکراوە، هاوکات ئاخاوتنی ڕۆژانەیش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی مەیدانییەوە بۆ ئەم مەبەستە کۆکراوەتەوە و شیکردنەوەی لەسەرکراوە.

## ٤/٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە

لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا کۆمەڵێك گرفت لە بەردەم لێکۆڵەردا دروستدەبێت، ئەو گرفتانەی لەکاتی ئەم لێکۆڵینەوەدا هاتوونەتە ڕێگەمان، لە ئەم خاڵانەدا کورتیدەکەینەوە:

١. فراوانی بابەتەکە بەشێوەیەك سنووردارکردنی ئاسان نەبوو.

٢. له زمانی کوردیدا لێکۆڵینەوەی مەیدانی له سەر زانستیی زمانی کۆمەڵایەتی کەمکراوه، سەرەڕای ئەوەیش کەمی، یان نەبوونی لێکۆڵینەوەی زانستی سەربەخۆ له سەر دوودیویی زمانیی له کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا.

٣. ناونیشانی لێکۆڵینەوەکه نزیکی لەگەڵ کۆمەڵناسیدا هەیه، بۆیه پێویستیی به خوێندنەوەو وردبوونەوە له بواری کۆمەڵناسیدا هەبوو، بۆ ئەم کارەیش کاتی باشی پێویستبووه. هەندێك کاتیش له لێکۆڵینەوەکەدا لەبەر پێویستیی لێکۆڵینەوەکە، دووبارەبوونەوە(دەربڕاو) له هەندێك شوێنی لێکۆڵینەوەدا دەبینرێت. وێڕای ئەوەیش لەسەر زمانی ستاندارد لێکۆڵنەوەمان کردووه، چونکه ناتوانیین له زمانێکدا لەسەر دوودیویی زمانیی قسەبکەین تا شێوەیەکی ئاخاوتنمان (زمانی ستانداردمان) له ئەو زمانەدا نەبێت، که دوودیویی شێوەکانی تری ئاخاوتنی پێببێوین.

## ٥/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکه

له ئەم لێکۆڵینەوەدا ڕێبازی (شیکاریی پەسەنکارانه/ سینکرۆنی) پەیڕەوکراوه، هاوکات بەپێی پێویست سودمان له کەرەستەودەربڕاوی زمانی پێشین "مێژووی" وەك بەڵگەی دەرەکی بۆ هێنانەوەی نمونه (داتای زمانی) سود بینراوه، چونکه بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیه پێویستبووه له ڕابردووی زمان سوود وەربگیرێت، بۆئەوەی بارودۆخی دوودیویی زمانیی زیاتر بخرێتەڕوو، تا بتوانرێت بڕیار لەسەر هەندێك بابەتی زمانی بدرێت، ئەم کارەیش به هۆی پێویستیی زانستییەوە بووە.

## ٦/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکه

لێکۆڵینەوەکه جگه لەئەنجام و پێشەکی ولیستی سەرچاوەکان، لەسێ بەش پێکهاتووه:

**بەشی یەکەم:**

ئەم بەشه بۆ (پەیوەستبوونی زانستی زمان به کۆمەڵە ئاخاوتنییەکانەوه) تەرخانکراوه، له دوو پار پێکهاتووه: له پاری یەکەمدا باسی چەمك و دەرکەوته و هۆکاری دروستبوون و شێوازی دابەشبوونی فرەجۆری زمانی کراوه، به نمونه هێنانەوه بابەتەکه پشتڕاستکراوەتەوه. له ئەم پارەدا له گۆشەنیگای جیاوازەوه زمان دابەشکراوه، بەپێی پێویست هەریەك له شێوەکانی زمان قسەی لەسەرکراوه. سەرەڕای ئەوەیش ئەکسێنتەکانی دیالێکتی ناوەڕاست خراوەنەتەڕوو، نیشانەی زمانی هەریەکەیان تاڕادەیەك دیاریکراوه، دواتر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکه، ئەکسێنتی سلێمانی و هەولێری له ئاستی دەنگ و وشەدا بەرانبەر یەکتری بەپێی بوونی داتا و جیاوازی خراوەتەڕوو.

له پاری دووەمدا، دوای دابەشکردنی زمان بەشێوەیەکی ستوونی پەیوەست بەزمانی کوردییەوە چونکه مەرج نییه هەموو زمانێك خاوەنی (پێجین و زمانی بەرهەمهێنراو)بێت بۆیه ئەم دابەشکردنه پەیوەست دەکەین بەزمانی کرودییەوە زمان بۆ جۆرەکانی وەك (زمانی ستاندارد، دیالێکت و ئەکسێنت و

سۆسیۆلێکت و ئایدۆلێکت و ئایسۆلێکت، پیجین و زمانی دەستکرد "بەرهەمهێنراو")دەبەشدەکەین، لەگەڵ ئەوەیشدا قسە لەسەر جۆرەکانی زمانیش کراوە، شێوازی زمانی ستاندارد و بیرورِاکانی پسپۆرِانی زمانی کوردی و پسپۆرِانی بیانی بەوردی پیشاندراون، دواتر لە رِوانگەی شیکردنەوەی بیرورِاکانەوە لەبەر پێویستیی لێکۆڵینەوەکە بۆ زمانی ستاندارد برِیار لەسەر زمانی ستانداردی کوردی دراوە.

## بەشی دووەم:

بۆ (دوودیویی زمانیی و کۆمەڵەئاخاوتنییەکان) تەرخانکراوەو لە دوو پار پێکهاتووە: لە ئەم بەشەدا دوودیوی زمانیی و کۆمەڵەئاخاوتنییەکان رِونکراونەتەوەو پێناسەکراون، لە هەر شوێنکیشدا پێویستیی بە هێنانەوەی نموونەی زمانیی بووبێت، نمونە هێنراوەتەوە.

پاری یەکەم، لە ئەم پارەدا تیۆری دوودیویی زمانیی (دیگلۆسیا) و بنەماکانی ئەم تیۆرییە بە وردی خراونەتەرِوو، دواتر بە هێنانەوەی نمونە تیۆری دوودیویی زمانیی لە زمانی کوردیدا بەوردی شیکردنەوەی بۆکراوە.

پاری دووەم، لە ئەم پارەدا کە تایبەتکراوە بۆ رِوونکردنەوەو پێناسەکردنی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان، لە زمانی بیانیدا، هاوکات کۆمەڵەئاخاوتنییەکان لە زمانی کوردیشدا باسکراوە، وێرِای ئەوەیش وێب سایتەکان و تۆرِەکۆمەڵایەتییەکان بە کورتی باسکراون، هەر لە ئەم پارەدا کۆمەڵگای کوردی بەسەر کۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا دابەشکراوە و شێوازی دابەشکردنی کۆمەڵگایش لە گۆشەنیگای جیاوازەوە خراوەتەرِوو. سەرەرِای ئەمەیش شێوازی دروستبوونی شێوەی ئاسایی و باڵای زمانی کوردی بە هێڵکارییەك بەرچاوخراوە، پاشان شیانی تیۆری دوودیویی زمانیی بۆ زمانی کوردی خراوەتەرِوو.

## بەشی سێیەم:

لە ئەم بەشەدا هەوڵدراوە لە ناو کۆمەڵەئاخاوتنییەکانی کوردیدا، کۆمەڵەئاخاوتنییەك وەربگیرێت، بۆ ئەم مەبەستەیش کۆمەڵە ئاخاوتنی مامۆستایانی ئایینی وەرگیراوە، گوتاردانی رِۆژی هەینی مامۆستایانی ئایینی وەرگیراوەو تیۆریی دوودیویی زمانی تێدا خراوەتەرِوو، بۆ شیکرنەوەی نیشانە زمانییەکان و دەرخستنی تیۆریی دوودیویی زمانیی، دووگوتاری رِۆژانی هەینی وەرگیراون و گوتارەکان تۆمارکراون و دواتر نوسراونەتەوە، لە رِێگەی بنەماکانی تیۆرییەکەوە نیشانە زمانییەکانی شێوازی ئاخاوتنی مامۆستایانی ئایینی تێداخراونەتەرِوو، هەر لە ئەم رِوانگەیەوە تایبەتمەندیی کۆمەڵەئاخاوتنییەکانی مامۆستایانی ئایینی باسکراوە.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە شیکردنەوەکانەوە بە دەستهاتوون، لە بە چەند خاڵێکدا باسکراون.

## ١) پەیوەستبوونی فرەجۆریی زمانیی، بە زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە

**دەروازە:**

لە ئەم لێکۆڵینەوەدا زاراوەی فرەجۆریی زمانیی بۆ ئەم دیاردە بەکارهێنراوە، بەڵام زاراوەی تر بۆ ئەم بابەتە بەکارهێنراوە.[١] دەتوانرێت ئەوە بگوترێت، لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا دەروازە دەرگایەکی گەورەیە، ڕێگە خۆشکەرە بۆ دەستپێکی چوونە ژوورەوە بۆ نێو کارێکی زانستی، چونکە دەروازە وێنەیەکی گشتی کارەکە تێداخراوەتەڕوو. بابەتێك دەروازەی هەبێت دوورە لە هەستی کەسی تاکڕەوانەی بێبنەما، بەڵکو پشت ئەستورە بە هێنانەوەی بەڵگەی زانستی بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکە تۆکمەتر و پتەوتربێت. لە ئەم سۆنگەیەوە هەوڵدەدەین هەنگاو بە هەنگاو تا ڕادەیەکی باش بوارەکە شیبکەینەوە، ئاڵۆزییەکانیش لە ڕێگەی زانستی زمانەوە بەرچاودەخرێن، تاوەکو بەپێی تیۆر و سەرچاوەی زانستیی لێکۆڵنەوەکە بەپێزتر بکرێت، چونکە کارکردنی زانستیی پێویستیی بە وردبوونەوە و ڕامان و شیکردنەوە و هێنانەوەی نمونە پەیوەست بەکارەکەوە هەیە، بۆ ئەوەی چاوی خوێنەر بە ڕێگای ئەزمونکراوی زانستیدا ببات و لە ڕمڵێدان دوور بێت.

لەکاری زانستیدا بۆ کەرەستەی زمانی، یان دیاردە، یان دەرکەوتەی زمانەوانی، پێداهەڵدان، یان زیادەڕۆیی (وەك ئەوەی بگوترێت، زمانی ئێمە لە زمانی فلاَن باشتر، یان جوانترە) کارێکی نادروستە، چونکە هەر بابەتێك هێندەی بەهاو ڕووبەری خۆی شیدەکرێتەوە، تا بەهاو سودی (مادی یان دەروونی) لە ژیاندا ڕونبکرێتەوە و دەربکەوێت، زمانیش لە هەرکوێیەك کارییپێبکرێت، پێویستیی مرۆڤ پڕدەکاتەوە.

زانست، زمان: هەریەك لەئەم وشانە زاراوەن و لە خزمەتی کۆمەڵدان، پێکەوە کارکردنیان و پێکەوە بەستنیان زیاتر بۆ وردبوونەوە و دیاریکردنی دەرکەوتەی زمانییە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمان لە لایەن کۆمەڵگاوە. ئەو کەسایەتییانەی نوسینیان لێبەجێماوە، ئەگەرچی وێنەو زانیاریی زۆریان بە تەواوی لە بەردەستدا نەبێت، بەڵام مێژوو و کەسایەتی و توانای ئەو کەسایەتییانە، لە ڕێگەی زمانیانەوە دەتوانرێت ئاشنابین و زانیارییان لەسەر ژیان و توانایان بەدەست بهێنرێت، سەرەڕای ئەوەیش بەڵگەی سەلمێنراو بۆ چەسپاندنی شێوەی ژیان و کرداری ڕۆژانەی ژیانیان، جگە لە زمانی نوسینەکانیان کەمبێت، یان هەر نەبێت. بۆ نمونە شاعیرانی کلاسیکی کوردی وەك (نالی) لە ڕێگەی زمانی شیعرەکانییەوە، خودی (نالی)لە لایەن لێکۆڵەرانەوە هەڵسەنگێنراوەو بڕیار لە سەر توانای دراوە و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمەیش لە نێو شیعرەکانیدا تاڕادەیەك تۆمارکراوە و خراوەتەڕوو، ئەمەیش بەهای زمان و لێکۆڵینەوەی زانستی زمان لە نێو کۆمەڵدا دەردەخات، چونکە

---

[١]– لە زمانی عەرەبیدا (التنوع اللغوی) و لە زمانی کوردیدا زاراوەی هەمەجۆری بۆ بەکارهاتووە، بەڵام (هەمە) فۆرمەکەی لە فارسیەوە نزیکە، بۆیە وەك زاراوە بەکارمان نەهێناوە، لە کرمانجی ژووروودا (جۆراو جۆریا) بۆ بەکارهاتووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بێریڤان محەمەد شەریف: (٢٠١٠: ٨)

لەڕێگەی زمانەوە لە دەقە مێژووییەکاندا خوێندنەوە بۆ خوڕەوشت و بەهای کۆمەڵگا دەکرێت و مێژووی دێرینی ژیانی ڕابردوو تاڕادەیەك دەتوانرێت لە گۆشەنیگای زمانەوە زیندوو بکرێتەوە.

کۆمەڵ زمانی، وەك نزیکترین کەرەستە و پێویستترین کەرەستەی ژیانی ئەژمارکردووە، بۆیە هەر کاتێك منداڵ لەدایك دەبێت، قسەی لەگەڵدا دەکرێت و لە گەڵیدا هەوڵدەدرێت، تا زمان وەربگرێت/دەگرێت، ئەو دەنگەی هەیەتی، بە ئەندامەکانی ئاخاوتن وەك باوانی وشە و ڕستەکان دووبارەدەکاتەوە، چونکە ئەگەر وەك چواردەوری قسەنەکات دەبێتە کەسێکی نامۆ لە نێو خێزاندا و سەردانی پزیشکی تایبەتی پێدەکرێت. هەر بۆیە زمان فێربوون هێندە بایەخی کۆمەڵایەتی هەیە، کە زۆربەی بەها و ئامانجە ڕەوشتییەکان و هەڵسوکەوت و بۆنە تایبەتییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگا لە وشە دەئالێن و لە ڕێگەی زمانەوە بۆ بەرانبەر دەگوازرێنەوە.

هەر بابەتێکی نوێ لە ژیاندا بێتەئاراوە بۆ ئەوەی ببێتە بەشێك لە نێو کۆمەڵدا، یان کۆمەڵ بەشێوەیەکی گشتی بیناسن و پێی ئاشنابن، وشەی تایبەتی بۆ دادەنێین. زمانیش وەك بەشێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤدا، لە نێو کەسایەتی و بۆنەکان و بارودۆخی ئابوری و ڕامیاریدا تواوەتەوە، بەڕادەیەك یەکەم ئەرکی زمان بۆ خواردن جووین"هەرسکردن" بێت، تا مرۆڤ وزەی لێنەبڕێت و بەردەوام بێت لە ژیاندا، دووەم ئەرکی زمانیش بۆ ئاخاوتن و قسەکردنە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە نێو کۆمەڵدا هەڵبکات. هاوکات بە هۆی بەهای زمانەوە، خودایش لە ئەو دونیادا وەرگرتنی پاداشت و سزادانی مرۆڤ لەسەر بەکارهێنانی زمان پێوانەدەکات، ناسنامەی مرۆڤیش لە ئەم دونیادا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆربەی کات زمانی مرۆڤە، تەڕوپاراوی زمان وا لەمرۆڤ دەکات لە نێو چینەکۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگادا زوو جێگەی ببێتەوە، ئەگەر مرۆڤ زمانی جوان بەکار نەهێنا بەهای کۆمەڵایەتی دادەبەزێنێت، بە ڕادەیەك وەك تابووی کۆمەڵایەتی لێدێت و بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو شوێنێکدا ئەو مرۆڤە لە کۆمەڵدا بۆ دەرکەوتن و ئەندامبوون شوێنی نابێتەوە.

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، ئەگەر وەك زاراوەیەکی زانستی زمان ڕوونیبکەینەوە، دەتوانین بڵێین بریتییە لە: ئەو زانستەی لە نێو کۆمەڵدا کارییێدەکرێت بۆ ڕوونکردنەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆشنکردنەوەی بابەتە ئاڵۆزەکانو شیکردنەوەیان تا ئەو ڕادەیەی بتوانرێت لە ڕێگەی شیکردنەوەکەوە ڕێگای چارەسەر پێشنیاز بکرێت، بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بەرەو باشتر بچێت، یان بۆ بەئاگابوونە لە ڕەوشی زمانەکە لە ڕووی زانستییەوە، ئەم کارە بۆ ئەوە دەکرێت، تا لە کاری زمان لە نێو کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەئاگابین و زانیاری لە ئەو بارەیەوە بزانین.

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی زمانەوە لە کۆمەڵگادا دەست بە وردبونەوە و لێکۆڵینەوەکانی دەکات، بە شێوەیەك هەر چۆن زمان دەروون و ناخ و کەفوکوڵی مرۆڤ لە ڕێگەی گواستنەوەی لە نێو بیرو ئاوەزییەوە، بۆ سەر زمان و کردنی بەدەنگ لە ڕێگەی ئەندامانی ئاخاوتنەوە، یان کردنی بەنوسین لە ڕێگەی دەستەوە دەردەخات، هاوکات زمان ئامڕازێکی هێندە کاریگەرە توانا و بەهاو

مەبەست و ئاستی زانیاری و...هتد، تاکەکانی مرۆڤیش پێشچاودەخات. واتە لە ڕێگەی زمانەوە تواناو بەهاو مەبەست و ئاستی زانیاری کۆمەڵگایەك بە ئاسانی دەتوانرێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ئەو کەرەستە (دەربڕاو / نوسراو)انەوە، دووبارە شیکردنەوە و وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە دەستپێدەکات، بەشێوەیەك بەدوای بچوکترین کەرەستەدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی لایەنێکی کۆمەڵایەتی زمانی لە نێو کۆمەڵگادا پێڕوونبکاتەوە و شێوازی بەکارهێنانی بخاتەڕوو وەك ئەوەی هەیە، چونکە لە زانستدا ڕێگە بە زیادەڕۆیی و ئامۆژگاری بێبنەما نادرێت، بەڵام لە دوای لێکۆڵینەوە، ڕێگە بەبڵاوبونەوەی ئەنجام و پێشنیازی زانستی دەدرێت و ڕێزی لێدەگیرێت.

زمان و کۆمەڵ پێوەندییان لە نێواندا هەیە، بەڵام لە ڕادەی هەموو پێوەندییەکانی تری نێو ژیان جیاوازە، بۆ نمونە مرۆڤ و گیاندار (وەك سەگ) دەتوانن پێوەندییەکی بەرچاویان هەبێت و وەك هاوڕێ دەربکەون و ببینرێن، بەڵام دەتوانن بەئاسانی ئەو پێوەندییە بپچڕێنن، چونکە پێوەندیکردن و پێوەندی بەستن زۆربەی کات پەیوەستە بە ئارەزووەوە و مرۆڤ بۆ بەستنی پێوەندییەکان لە گەڵ دەوروبەری و ئامێرەکان (ئامێری کارکردن) تا ڕادەیەکی باش بە دەست خۆیەتی، هەرکات پێی باش نەبوو، دەتوانێت پێوەندییەکە نەهێڵێت، بۆ نمونە مرۆڤ خودا دروستیکردووە، بەڵام دەتوانێت بێ گوێی خودا بکات لە دونیادا و پێوەندی لەگەڵیدا کەمببێتەوە، یان پێوەندییەکەی لەگەڵ خودادا نەمێنێت ئەمەیش ئاساییە و دەتوانرێت بکرێت، یان کاتێك دارتوییەك موتوربەیە(پێوەندە) بە شاتوو، لە کاتی بەرگرتنی دارەکەدا، بەهۆی ئەو پێوەندییەوە ڕەنگی تووەکە لە سپی بۆ سوور دواتر بەتەواوی ڕەنگی تووەکە بۆ ڕەش دەگۆڕێت و تاموچێژیشی دەگۆڕێت، بەڵام دەتوانرێت پێوەندەکە هەبێت و بەردەوام بێت، یان پێوەندییەکە نەمێنێت و کۆتایی پێبهێنرێت، بەڵام کاتێك مرۆڤ لە دایکبوو و هاتە نێو کۆمەڵگا، لە نێو کۆمەڵگادا دەبێتە ئەندام، ئەوکات ناتوانێت دەست لە پێوەندی خۆی و زمان بەتەواوی هەڵبگرێت، یان زمان بەکارنەهێنێت، چونکە کارێکی ئاسایی نییە و بەکارهێنانی زمان چالاکبوونی ئەندامەکانی کۆمەڵ لە یەکتری جیادەکاتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین پێوەندی زمان و مرۆڤ پێوەندییەکی پێویست و ناچارییە، هەر بۆیە کاتێك مرۆڤ دەمرێت پێیدەڵێن زمانی وشکە، واتە ناتوانێت پێوەندی بە کەسی ترەوە بکات، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کاتێك مرۆڤ زمان بۆ پێوەندیکردن بەکارنەهێنێت بە جۆرێك لە جۆرەکان چالاکییەکانی ژیانی لە نێو کۆمەڵدا خامۆشدەبێت. هاوکات بۆ ئەوەی مرۆڤ بە شێوەیەکی ئاسایی ژیان لە کۆمەڵگادا بکات، پێویستی بە بەکارهێنانی زمان هەیە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە مرۆڤ لەگەڵ زماندا دوو جۆر پێوەندی هەیە، یەکەم: پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا پێوەندیەکی ناوەکییە، ئەم لایەنەی بەکارهێنانی زمان زانستی زمانی دەروونیی لە ڕوانگەی ڕەفتاری زمانی لێکۆڵنەوەی تێدا دەکات.

دووەم: مرۆڤ، یان تاك لەڕێگەی زمانەوە لە گەڵ (خێزان، هاوڕێ، چینەکۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵە ئاخاوتنییەکان و..هتد) پێوەندی دەبەستێت، ئەم پەیوەستبوونەی مرۆڤە لەگەڵ دەرەوەی خۆیدایە،

شیکردنەوەکەیشی لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا دەکرێت، چونکە لە ڕێگەی زمانەوە پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر دەبێتوپەرەدەسێنێت بە نەمانی پێوەندییەزمانییەکان، کەپێیدەگوترێت ئاخاوتن و گفتوگۆ و پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەرەو کاڵبوونەوە و نەمان دەچێت.

لە ڕوانگەی شیکردنەوەکەی سەرەوە، مرۆڤ (ئەگەر ئاسایی بوو) بەتەنیا بێت، یان بە تەنیا نەبێت، ناتوانێت دەست لە زمان هەڵبگرێت، بەڵکو ئەگەر تەنیایش بێت ئەوکات ناچارە لە گەڵ خۆیدا بدوێت (مۆنۆلۆگ دەکات) یان دەدوێت، لەبەر ئەوەیشە (بیرکردنەوەیش هەر بۆ خۆی جۆرێکە لە زمان، بەڵام بەشێوەیەکی بێدەنگ)[٢]. کاتێك مرۆڤ ڕووداوەکانی ژیان لە نێو ئاوەزدا هەڵدەگرێت، وەك بیرەوەری، بەپێی گرنگییان لە نێو خانەکانی مێشکدا لە لایەن بیرکردنەوەی هۆش وئاوەزی مرۆڤەوە ڕیزدەکرێن و ڕێکدەخرێن و هەریەك لە ئەم بیرەوەرییانە بە ناونیشانێك، کە ئەگەری هەیە ناونیشانی بیرەوەریەکان وەك: (وێنە و دەنگ و بۆنکردن و ڕەنگ و.. هتد) هەڵگیرابن، کاتێك مرۆڤ لە بێدەنگیدا دەچێتەوە سەر بیرەوەرییەکان بۆ ماوەیەك دەتوانێت لە گەڵیاندا بژێت و گفتوگۆی لەسەر بکات، بە ئەم شێوەیە لە زمانی کوردیدا دەڵێن ژیانکردن لەگەڵ ڕابردوودا، یان لەگەڵ بیرەوەرییەکاندا، یان کاتێك مرۆڤ بێدەنگە بیر لە بوارێکی زانستی دەکاتەوە، بە وردی لێکۆڵینەوەی تێدا دەکات بۆ ئەوەی بە ئەنجامێك بگات، ئەم بابەتانە لە نێو پرۆسەی بێدەنگیدا گوزەردەکات و بەبێدەنگی لەگەڵ خۆدووانە، بەڵام ئەم بیرەوەریانە (تا کەسەکە خۆی نەیەوێت) نابێتە دەنگ، بەڵکو پرۆسەیەکی ناوەکی ئاڵۆزە. لێرەدا دەتوانین بگوترێت: زۆربەی کات پەیوەستی مرۆڤ و زمان وەك دوو ڕووی یەك دراو وایە، هێندە گرنگن یەك یەکتری تەواو دەکەن، پێوەندی ئەم دوانە هێندە بەهێزە، هەندێك جار وا دەکات، زمانیش وەك بونەوەر دابنرێت، چونکە زۆربەی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ (گەشە و گۆڕان، پوکانەوە و نەمان، فرەجۆریی، فرەدەنگی و فرەڕەنگی، پەرەسەندن و بەکارنەهێنان و..هتد) لە زماندا ڕەنگدانەوەی هەیە، ئەمەیش خۆی بۆخۆی بەدیوێکدا بەهای پێوەندییەکە دەردەخات. هەر وەك چۆن مرۆڤەکان لە ڕووی بونیادی (بایلۆژییەوە) لاشەوە لە یەکتری دەچن، بەڵام لە ڕووی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی زمانەوە جیاوازن، جیاوازبوونی زمان بە ڕادەیەکە، دوو کەسی دوانەش کتومت لە زمان بەکارهێناندا وەك یەکتری نین، ئەمەیش وای کردووە، زمانی مرۆڤ (لەنێو یەك زماندا) سەرەڕای هاوبەشی لە نێوانیاندا خاوەنی تایبەتمەندیی وردی تایبەت بە خۆیانن. ئەو کاتانەیش زیندوویی بە زمان دەدرێت کە بەکاربهێنرێت، یان لێکۆڵینەوەی زانستی تێدابکرێت، ئەگینا زمان ئامرازێکی خزمەتگوزارە.

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی زانستی ورد لە (دەنگ، وشە، ڕستە، دەربڕاو، دەق و..هتد) وردەبێتەوە و دەیانپشکنێت، چونکە لە نێو کەرەستەکانی زمان (دەنگ و وشەو ڕستە)دا، وێنە و بەهای مێژوویی و ئێستای زمان و شێوازی دەربڕین و ئاوازی دەربڕین و بەها و ڕەوشت و کلتور

---

[٢] – بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێوەندی نێوان بیر و زمان بڕوانە: کسپە ئەبوبەکر عەلی (٢٠١١: ٣–٢٥).

و سنووری کۆمەڵایەتی و بۆنە و هەڵسوکەوت و مێژووی میللەت، لە نێو پەردە و نێوئاخنی کەرەستەکانی زماندا جێگیربووە، بە شێوەیەك لێکۆڵینەوە لە زمانی کۆمەڵگادا(بە تایبەت لە بواری واتاسازیدا) ڕاستەوخۆ لێکۆڵینەوەیە لە ناوەڕۆکی بەها و بیری تاکەکانی نێو کۆمەڵگا.

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی وەك زاراوەی زانستێکی نوێ لەسەدەی بیستەم و ساڵی سییەکانی ئەو سەدەیەدا دەبینرێت، هۆکاری دەرکەوتنی گرنگی و بەهاو پێداویستی ژیانی خەڵکی بووە، چونکە ژیان وردەوردە بەرەو ئاڵۆزبوون دەچێت، هەرکات مرۆڤ بییەوێت ئاڵۆزییەکان شیبکاتەوە، پێویستی بەوردبونەوە و کاری مەیدانی لە ئەو بوارەدا دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم زانستە نوێیە، کە زانستێکی کارەکی و مەیدانییە سەریهەڵداوە.

لەئەم لێکۆڵینەوەدا تیشکدەخەینە سەر جیاوازیی دەربڕین و فرەجۆریی دەربڕینی تاکەکانی نێو کۆمەڵگایەکی خاوەن یەك ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵایەتی، هاوکات هاوڕای کوردەکان و کۆی تاکەکان، لەسەر ئەوەی کوردستان نیشتیمان بێت و زمانی کوردیش زمانی نیشتیمانیان بێت، بەڵام بەهۆی هۆکارە سروشتی و هۆکارە دەستکردەکانی دەستی مرۆڤ (بۆ نمونە کوردستان بۆ چەند پارچەیەك دابەشبووە) و کاریگەری گۆڕانی ژیان و سنوور کەوتۆتە نێو تاکەکانەوە. ئەو سنورانە دەکرێت لە شارێکدا، یان لە چینێکی کۆمەڵایەتی، یان کۆمەڵەئاخاوتنیەکان، یان مەودای جوگرافیدا بێت، بەڵام ئەو هۆکارانە کاریان کردووەتە سەر ئەوەی فرەجۆریی لە زمانی کوردیدا بێتەئاراوە، بەشێوەیەکە ئەم جیاوازییە بیروڕای کەسانی زانستیان بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و بەپێی پێویست باسیان لێکردووە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لە ڕێگەی زمانەوە ئاڵۆزییەکان و فرەجۆرییەکان لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکان لێکۆڵنەوەی تێدادەکەین، تا ئەو ڕادەیەی توانا هەبێت دەریاندەخەین و خاڵە هاوبەشییەکان دەکەینە بنەما بۆ ئەوەی بزانین سەر بە چ چینێکی دیاریکراوە، تا دابەشیانبکەین، یان لێیانبدوێین، چونکە لە ئەم زانستەدا ناتوانین داتای هەموو تاکەکانی نێو کۆمەڵ کۆبکەینەوە و لە ئەنجامدا هەموو داتاکان پێکەوە ببەستین، تا دنیابینی زمانێك (بۆ نمونە زمانی کوردی) زۆر بەوردی بخەینەڕوو، بەڵکو وەك مشتێك نمونەی خەروارێك لێیدەدوێن، بەڵام بە وردی لە مشتەکە دەدوێین، بە شێوەیەك کە دەستمان بگات بە ئەنجامی زانستی و ڕووماڵی دیاریکراو بە ئەو ناونیشانەی بۆ لێکۆڵینەوەکە دیاریکراوە و وردبونەوە لە زمانی کوردیدا، بەشێوەیەکی زانستیانە هەوڵدەدرێت ڕووکاری لایەنێکی زمانی کۆمەڵ ڕوونبکاتەوە، سەرەتا لە فرەجۆرییەوە دەستپێدەکەین و زانیاری زیاتر لەسەر ئەو بابەتە دەخەینەڕوو.

## ١/١) فرەجۆریی زمانیی (Langauage Variation)

کاتێك دەگوترێت فرەجۆریی زمانیی[٣] چییە؟ وەڵامەکەی ئاسان بەرچاو دەکەوێت بەڵام ئاسان شیناکرێتەوە، فرە لە دانەیەك زیاتر دەگرێتەوە و جۆریش لە ڕواڵەتدا جیاوازیی دەگەیەنێت، سەرەتا فرەجۆریی لە تاکەوە دەست پێدەکات و هەموو تاکێك خاوەن تایبەتمەندێتی خۆیەتی بەکۆمەڵیش (خێزان، کۆمەڵگا) کۆتایی دێت. ئەوەی جێگەی ڕامانە کاتێك لەفرەجۆریی وردەبینەوە ئاڵۆزە و بەناویەکداچووە، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت ئەو پرسیارەی بەئامڕازی (چی)ە دەکرێت، لە نێو زانستی زماندا لەسەر دوو بابەتە:

یەکەم: بابەتی کۆنکرێتی، کە وەڵامەکەی ئاسانە و لێکدانەوەی جیاواز، کەمتر هەڵدەگرێت.

دووەم: بابەتی ئەبستراکت ڕاوبۆچوونی جیاواز دێنێتەئاراوە، بەئاسانی وەڵامێکی تەواوەتی دەستناکەوێت، بەڵام تا ڕادەیەك دەتوانرێت ڕوونکردنەوە لەسەر بابەتەکە بدرێت.

فرەجۆریی لە زماندا بابەتێکە سنوری فراوانە"ئەبستراکتە" واتە(زاراوەی فرەجۆریی زمانی زاراوەیەکە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا ناسراوە و ئاماژە بەهەر سیستێمێکی دەربڕینی زمان لە بەکارهێنانیدا دەکات، کە بە بارودۆخی جیاواز جیاوازی قسەکردنەوە گرێدراوە. لە ڕوانگەی هەندێك زمانەوانی ترەوە، بەشێوەیەك پێناسەی دەکەن، کە جۆرێکی جیاوازو تایبەتی زمانە و دیالێکتیش دەگرێتەوە)[٤] لێکۆڵینەوە لە زارە جیاوازەکان لە زمانێکدا، یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی سروشتی زمانەکە و لێکچوون و جیاوازی و دونیابینی زمانەکەیش زیاتر ڕووندەبێتەوە، وێڕای ئەوەش دەوڵەمەندی زمانەکە دەردەخات، چونکە لە نێو شێوەزارەکانی زماندا فۆڕمی جیاواز بۆناونانی شتەکانی دەوروبەر دانراوە.

(سی.ئەی.فێرگسۆن) بڕوای وایە ((شێوازی قسەکردن لە نێو کۆمەڵگادا، بەزۆری بە دوو یان زیاتر لە شێوازێك لە هەمان زماندا لە بارودۆخی جیاوازدا، لە لایەن قسەپێکەرانەوە بەکاردێت))[٥]، لە ئەم بیروڕایەدا، ئەوە دەردەکەوێت شێوازی قسەکردنی مرۆڤ لە نێو کۆمەڵگادا بەپێی بارودۆخ گۆڕانی تێدەکەوێت. هەر بۆیە(هەمبۆڵت) پێی وایە، کە فرەجۆریی زمانەکان، یان جۆراو جۆری زمانەکان ((تەنیا لە دەنگ و هێماکاندا جیاواز نین، بەڵکوله جیهانبینیەکانیشدا جیاوازن))[٦]، لێرەیشدا ئەوە ڕووندەبێتەوە مرۆڤەکان تێڕوانینیان بۆ ژیان و دەوروبەریان جیاوازە بەبڕوای (Sapir) (( وشەکانی

---

٣- وشەی ئاوێستایی (Frehiy)، کە هاوڕیشەن لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی واتە فرەو فراون، لە پەهلەویشدا ((فرە)) واتای فراوان و زۆرە، لە زمانی مادیدا بەواتای (فرەن: Firen) واتە گەورەیی و شکۆ دێت، لە زمانی ئەڵمانیدا (فروە :Froh ) بەواتایی شادوخۆشحاڵ دێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ژیان جەهنفەرد:(٢٠١٢:١٦٤).

٤ - بێریڤان محمەد شەریف (٢٠١٠: ٩)

٥- Ferguson, Charles, A( ١٩٥٩:٢٣٢)

٦ - پۆل هێنلە، و: رەحیم سورخی (٢٠٠٦: ١٠٥)

زمانێك بە ئاشكرا، ژینگەی جوگرافی و كۆمەڵایەتی گەلێك دەنوێننەوە))[7]. ئەم بیروڕایەی (ساپیر) جەخت لە پێوەندییەكی زمان و ناوچەی جوگرافیادەكات، لێرەوە دەتوانین بڵێین: زمان بە هۆی گۆڕانی ناوچەی جوگرافیاوە و جیاوازی كۆمەڵایەتییەوە زیاتر لە شێوەیەكی تێدادەردەكەوێت. (Hudson)یش دەڵێت، فرەجۆریی زمانیی بریتییە لە: ((كۆمەڵێك شێوەی جیاوازی زمانێكە، كە لەسەر بنەمای لەیەكچوونی زمانیی دابەشبووە، وەك ئینگلیزی كەنەدی و لەندەن))[8].

هەریەك لە ئەم دەربڕینە زمانیانەی سەرەوە ئەوە دەسەلمێنن ((قسەكردن بەگوێرەی ئاستی كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵگایەكدا و لە هەمان سەردەمدا دەگۆڕێت))[9] ، كۆی ئەم پێناسانە لە ڕوانگەی شارەزایانەوە كراوە ئەوە كۆبەند دەكەن، فرەجۆریی پێویستییەكی كۆمەڵایەتییە بەپێی بارودۆخ و ژینگە و سەردەم و شوێنكاتی جیاواز زیاتر لە شێوەیەكی زمان لە ژینگەی جیاواز بەكاردەهێنرێت، فرەجۆریش بەهۆی ژینگەو بارودۆخی جیاوازەوە دروستدەبێت، ئەم بارودۆخە زمانییە وەك چالاكییەكی زمانی تەماشادەكرێت و زیندویەتی زمان پیشاندەدات. فرەجۆریی زمانی بابەتێكی فراوانە، بۆ ئەوەی سنورداری بكەین دابەشیدەكەین:

**یەكەم:** ڕوانگەی "جیهانی" گشتی: جیاوازی نێوان زمانی میللەتان دەگرێتەوە و دەتوانرێت بگوترێت ((زمانەكان بە ئاشكرا لە ڕووی وشەوە لەگەڵ یەكتریدا جیاوازن و ئەم جیاوازییە بە شێوەیەكی گشتی، بە جیاوازی ژینگەی قسەپێكەرانی ئەو زمانەوە گرێدراوە))[10] لەگەڵ ئەوەیشدا لە ڕێكخستنی ڕێزمانیشدا جیاوازن.

**دووەم:** ڕوانگەی تایبەتی: جیاوازی زمانی و دەربڕینی وشە و بەكارهێنانی زمان لەبۆنەی كۆمەڵایەتی و..هتد، كە لە نێو چوارچێوەی یەك زماندا شێوەی تایبەتی زمان دەگرێتەوە. لێرەدا ڕوانگە تایبەتییەكە قسەی لەسەر دەكرێت و دەناسرێت و بەپێی توانا شیدەكرێتەوە.

كاتێك باسی زمان دەكەین ناتوانین خۆمان لە باسی ژینگە لابدەین، چونكە ((مرۆڤ، بەشێكە و دانابڕێت لەو سروشتەی چواردەوری داوە))[11]. فرەجۆریی زمانیی زیاترلە شێوە ئاخاوتنێك (لە ئەكسێنتێكی زمان یان جۆرێكی زمان) دەگرێتەوە، لە سنوری زمانی دیاریكراوی وەك زمانی كوردی(دیالێكتی ناوەراست– ئەكسێنتی سلێمانی)دا، بەكارهێنانی زمان لە نێو چوارچێوەی كۆمەڵگایەكدا لەیەكێكەوە بۆ یەكێكی تر دەگۆڕێت، هەر ئەمەیشە وای لە (فندرێس) كردووە، بڵێت

---

[7] - پۆل هێنلە، و: ڕەحیم سورخی (٢٠٠٦: ١١٤)

[8] - Wardhaugh, R (٢٠٠٦:٢٥)

[9] - بەهار زایر محمد (٤٧:٢٠٠٩)

[10] - پۆل هێنلە، و: ڕەحیم سورخی (٢٠٠٦: ١١٤)

[11] - علی وەردی (١٥:٢٠١٠)

((ژمارەی زمانەکان یەکسانە بەژمارەی تاکەکانی کۆمەڵ))[١٢]. لەسەر ئەم پێناسەی (فندریس) دەتوانین بڵێین: زمان ئامرازێکە بۆ خۆگونجاندن و ژیانکردن، بەبێ بەکارهێنانی زمان کۆمەڵگای بێدەنگ دروستدەبێت، کۆمەڵگای بێدەنگیش لەسەر زەوی بوونی نییە، بەڵام مرۆڤ/ تاك/ کەس هەیە، خولیای بێدەنگییە، لە هەرشوێنێکدا لە ئەو جۆرە کەسانە ببینرێت، بە پەنجەی دەست لە نێو چینی کۆمەڵایەتی خۆیاندا ئەژماردەکرێن.

ئەوەی لەلای هەمووان ئاشکرایە، جوڵەی زمان بەشێوەی جیاواز لە نێو ئەندامی"دەم" ئاخاوتندا جوڵەی پێدەکرێت، لە هەرشوێنێکی ئەم جیهانە ئاخاوتنی پێبکرێت. زمان پارچە گۆشتێکی نەرمەو لە ماسولکە پێکهاتووە، سیستێمی زمانیش هاوشێوەی ئەو ماسولکانە، سیستێمێکی نەرمی هەیە، لەگەڵ بارودۆخی جیاوازدا دەگونجێت، کاتێك وشەیەك بەزمان گۆدەکرێت (زمان) وەك کەشتییەکە لە نێو ئاودا بۆ ڕۆشتنی بەرزو نزم دەکات چۆن گونجاو بێت، زمانیش ئەگەر پێویست بکات، دەتوانێت بە شێوەیەکی پێچەوانە خۆی کۆبکاتەوە و لە ئانوساتێکیشدا بکرێتەوە. واتە زمان بەپێی پێداویستی ئاخاوتنی مرۆڤ لە ژینگەی جیاوازدا لە نێو بۆشایی دەمدا کاردەکات و بەشێوەی جوڵانی جیاواز دەنگی جیاواز لە شوێنە جیاوازەکاندا دێنێتەئاراوە. واتە دەنگەژێ دەنگ دروستدەکات و دەنگ لە نێو بۆشایی دەم و لچولێودا قاڵبی خۆی وەردەگرێت. ئەمەیش جۆرێکە لەفرەجۆریی زمانی لە ئاستی دەنگ و دەربڕیندا دروستدەکات.

زمان پێناسەی زۆری بۆ کراوە، چونکە خاوەنی تایبەتمەندیی زۆرە، بەڵام ((زەقترین و لەبەرچاوترین نیشانەی تایبەتی زمان نەرمی و لەبارییەتی بۆ شکاندنەوەو گونجاندن وبەکارهێنانی فرەلایەنێتی))[١٣]، بەکارهێنانی فرەلایەنی زمان لە خاسیەتە دیارەکانی زمانە و تایبەتمەندییەکی گشتی بەزمان داوە، بەپێی جیاوازییە کەسییەکان (لەڕووی دەربڕین و شێوەی ئاخاوتنەوە) دەتوانێت خۆی بگۆڕێت، چونکە مرۆڤەکان (وەك پێشتریش ئاماژەمانپێدا) لە ڕووی بایلۆژییەوە هاوشێوەی یەکترین، بەڵام لەڕووی کەسایەتی و بەکارهێنانی زمانەوە جیاوازن و خاوەن تایبەتمەندیی دیاریکراون، زۆر جار لە دەوروبەرەوە ئەم تایبەتمەندییانە وەردەگرن، وەك زمان وەرگرتن، کە لە خێزان/گوزەر/هەرێم/ وڵاتێکدا تایبەتمەندیی وەردەگرن. وێڕای ئەوەش نەرمی و لەبارییەکەی زمان، لە نێو هەموو زمانەکانی تردا (کە زمانی مرۆڤ نین) زمانی بەتاقانە کردووە. دەتوانرێت بەکورتی ئاماژە بەو خاسیەتانەی زمان بدەین کە لەباری بۆ ئاخێوەرانی سازاندووە، بریتییە لە:((١.دەستوربەدەری ٢.دوودروستەیی و جووتی ٣.ناتەواوی ٤.بەبەرهەمی))[١٤]

[١٢] - هێمن عبدلواحید شەمس (٢٠٠٦:٣٣)

[١٣] - محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٣٤)

[١٤] - سەرچاوەی پێشوو (٢٠٠١: ٣٥)

هەر یەك لە ئەم تایبەتمەندییانە بەهای گەشەکردنیان بەزمان داوە، بەشێوەیەك قسەپێکەران بێگرفت لە نێوژیاندا بۆ پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەکاریدەهێنن. ناتەواوی زمان زیاتر مەبەست ئەوەیە، کە زمان بەپێی گۆڕانی بارودۆخی ژیان بەردەوام پێویستی بەوشەو دەربڕاوی تر هەیە، چونکە وشەکان هەموو کات لە کەرەستەکانی دەوروبەر کەمترە، هەر بۆ ئەم مەبەستە دیاردەکانی زمان، وەك: وشە دروستکردن، بارکردنی واتای تر لەوشە و.. هتد، بەردەوامە و بەپێی پێویستی لە کاردایە، هەندێك جار ئەم کارە لەڕێگەی ناوەندی زانستییەوە دەکرێت، زۆرکاتیش کۆمەڵگا بەپێی پێویستی ئەم کارە دەکات ئەمەیش وادەکات زمان ئەرکی خۆیی ڕاپەڕێنێت، یان ناتەواویی و پچڕپچڕێتیی دژەکەی بەردەوامیی بێوەستانە تا تەواوکردنەکەی. [15]سەرەڕای ئەوەیش کاتێك بارودۆخی سروشتی ڕوودەدات، یان بارودۆخی ڕامیاری نویێ دێتەئاراوە، بەناچاری پێویستە ناو لە ئەو بارودۆخە بنرێت و ناو بۆ ناسینەوەی دابنرێت.

ئاشکرایە کە (هەندێك لە پێناسەکان کە بۆ زمان کراوە، زمان بەهۆکاری پێوەندی نێوان مرۆڤەکان دانراوە، بەڵام ئەم پێناسانە وردو تەواو نین، لە ئەم ڕووەوە دەتوانین ئەوە کۆبەندبکەین، کە پێوەندی نێوان مرۆڤەکان لەڕێگەی نازمانیشەوە دەردەکەوێت و هەستی پێدەکرێت، بۆ نمونە کاتێك کەسێك دەیەوێت ئەوی تر ببورێت/ لێیخۆشبێت، کەسی بەرانبەر ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕێت، ئەمەش واتای شەرمکردن دەگەیەنێت، یان ناوچاو گرژی ئاماژەیە بۆ توڕەیی، واتە سیمای دەموچاو ئەو ئەرکە زمانییە دەگەیەنێت، یان پارچە مۆسیقایەك، مۆسیقارەکە مەبەستێکی پێدەگەیەنێت، بەڵام پێدەچێت گوێگر شێوازێك لە تێگەشتنی بۆی هەبێت، لە ڕوانگەیەکی ترەوە، ئەگەر تەماشا بکەین زمان تەنیا بۆ مرۆڤ نییە، بەڵکو زیندەوەرانی تریش لە نێو یەکتریدا لە هەندێك بارودۆخی دیاریکراو و تایبەتدا زمان بەکاردەهێنن، بەڵام وەك زمانی مرۆڤ پێشکەوتوو نییە و ناتوانن ڕابردوو و داهاتوو باسبکەن و گەشە و گۆڕان بە ژیان و زمانیان بدەن، چونکە فۆڕمی زمانیان وەك زمانی مرۆڤ نییە)[16]. بونەوەری تر (وەك مەیمون، توتی، هەنگ) ئەندامی ئاخاوتنی وەك ئەندامی ئاخاوتنی مرۆڤ بۆ قسەکردن و پێوەندیکردنی زۆر دروستنەکراوە، بەڵکو دوای ئەرکی خواردن و خواردنەوە، ئەندامی دەم و دەنگی گیانداران بۆ کۆمەڵێك پێوەندی نێوان هاوچەشنی خۆیان دروستکراوە و پێوەندی و توانای زمان وەرگرتنیان سنوردارە، ئەوەی زۆرجار سەرنجی لێکۆڵەرانی ڕاکێشاوە ڕادەی تێگەشتنی ئاژەڵانە لە ئاماژەکانی مرۆڤ، کاتێك لە مرۆڤەوە نزیکن، بەڵام تێگەشتن لە دەوربەر بەپێی پێویستی لای هەموو بونەرێك هەیە،

[15] - بۆ زانایاری زیاتر لەسەر ناتەواویی، یان نیوەچڵێتیی زمان بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٣٨–٣٩)

[16] – نایف خرما (١٩٧٨: ٢٦)

بۆ ئەوەی بژی و درێژە بە بوونی خۆی بدات[١٧]. دوای ئەم شیکردنەوانەی سەرەوە ئەوە بەباش دەزانین، دەرکەوتەی فرەجۆریی بخەینەڕوو، چونکە بۆ ئەوەی لە زمان بگەین، پێویستە بەش بەشی بکەین و شیبکەینەوە.

## ١-١/١) دەرکەوتەی فرەجۆریی زمانیی:

کاتێك بابەتێکی زمانی شیدەکرێتەوە داتای زمانی لەسەر ئەو بابەتە کۆدەکرێتەوە، دواتر وەك وێنەیەکی سادە، یان ئاڵۆز دەردەخرێت.((پێوەندی نێوان زمان و ڕاستی"ژیان" ئاڵۆزە، زمان لەهەموو کلتورەکاندا زۆر واتابەخش بووە. لە ڕێگەی زمانەوە واتاو بەهاکان دروست دەکرێت و بۆ نەوەی نوێ دەگوازرێتەوە))[١٨]، دروستبوون و گواستنەوەی واتاو بەهاکان بەنەخشەیەك دەینەخشێنین، هەر لە ئەوێیشەوە بەدروستبوونی دنیابینی (وشە و دەربڕاوی کۆمەڵێکی بچوك) تاك و دنیابینی گشت و دروستبوونی کلتور بەپێی (زمان، نەتەوە، ئایین و..هتد)ی هاوبەش، کەبەشێکن لەدروستکەری فرەجۆری زمان دەخرێتەڕوو.

زمان بەڕێژەیەکی دیاریکراو خاسیەتییەکانی مرۆڤی لە خۆیدا هەڵگرتووە، هەرچۆن مرۆڤ گەشەدەکات و زۆر دەبێت و بەپێی کات و پلەکانی ژیان گۆڕان لە شێوە و دەنگ وێڕای ئەوەیش لاشەی توشی گۆڕانی شێوە و ناوەڕۆك دەبێت، زمانیش بەپێی (شوێن،کات) گۆڕان لە شێوەو ناوەڕۆکدا ڕوودەدات، هاوشان لە دەربڕینی وشە و واتای وشە (فراوانی واتا یان تەسك بوونەوەی واتا و..) دەگرێتەوە و گۆڕان دەبینرێت. کاتێك لێکۆڵینەوە لە زماندا دەکرێت، هاوشان دەبێت واز لە بەکارهێنانی هەندێك وشەیش بهێنرێت[١٩].

زمان و فرەجۆریی لە نێو یەك بازنەدا گەشەدەکەن، ئەویش خستنەگەڕی زمان لە نێو کۆمەڵگادا و بەکارهێنانیەتی، واتە ئەو ژینگەی زمان پەلوپۆی تێدادەکات و گەشەدەکات، تەنیا کۆمەڵگایە بەبەردەوامی و بەپێی پێویستیی زمان بەکاردەهێنێت، هەر ئەمەیش وایکردووە زمان بدرێتە پاڵ ئەو کۆمەڵگایەی بەکاریدەهێنێت. ئاشکرایە کۆمەڵگا بازنەیەکی گەورەترە لە زمان، بۆیە دەتوانرێت فرەجۆریی لە زماندا بێتەئاراوە و لە کۆمەڵگایەکدا ڕەنگبداتەوە و ببێتە دەفرێك کە جۆرەکانی زمان،


---

[١٧] – بۆ زانیاری زیاتر لەسەر لێکۆڵینەوە لە زمانی گیانداران (شامبازی و گۆریلا بەنمونە) و ڕادەو توانای پێوەندیکردن و ئاخاوتنی گیانداران، کە دەرکەوتووە توانای ئاژەڵان سنورداره بڕوانە: محەمەد ڕەزا باتنی، و: ئاکۆ عبدالله کریم ( ٢٠١٥: ١٩-٢٨).

[١٨]- کرستین نۆدستام، و: غازی علی خۆرشید (٢٠١٠:٢٦)

[١٩]– هەندێك وشە لە ئێستادا بەکارناهێنرێن، چونکە ئەو ئامێرانەی کە بە زمانی کوردی ناویان بۆ دانراوە، ئێستا بەکارنایەن، یان کەم بەکاردەهێنرێن وەك: **ئیزرەم**: کە لەسەردەمی عوسمانیەکاندا یەکەی کێشانە بووە کوردیش بەکارهێناوە. یان وەك شیرو تیرو..هتد، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: تابان محمەد سەعید حەسەن (٢٠٠٨: ٣٧).

بەشێوەیەکی ئاسۆیی(وەك زمانی میللەتان بەگشتی) تێداڕیز بکرێن، بە شێوەیەکی ستونیش دەتوانرێت جۆرەکانی یەك زمان لە یەکتری جیابکرێنەوە(وەك:زمانی ستاندارد، دیالێکت، ئەکسێنت،سۆسیۆلێکت و ئایدۆلێکت و ئایسۆلێکت)، ئەوەیش دەبینرێت، کە دەتوانرێت تا ڕادەیەکی باش لە ڕێگەی فرەجۆرییەوە تایبەتیەکانی دەنگ "ئەلۆفۆن" و وشە "سینۆنیم" لە زماندا دیاریبکرێت، بەڵام دیاریکردن و ژمێرەی "ئەلۆفۆن" وەك لە دیاریکردنی سینۆنیم لە یەك زماندا زۆر قورسترە/ناکرێت، چونکە دیاریکردنی وردەکاریەکانی زمان بەتەواوی و زانینی هەموو تایبەتمەندییەکانی زمانێك، کارێکە لەسەردەمێکی دیاریکراودا ناکرێت، لە بەر ئەوەی زمان وردەوردە و لەسەرخۆ لە گۆڕاندایە، وەك لە هێڵکاری ژمارە (١)دا ڕوونکراوەتەوە، ئەگەر چی ئەم هێڵکارییە لە کۆنگرەیەکی زمانەوانی بەناوی (دونیابینی زمانیی) بۆ نزیکبوونەوە زمانەکان لە یەکتری خراوەتەڕوو، بەڵام ئێمە فرەجۆریی و دروستبوونی فرەجۆریی لە ئەم هێڵکارییەوە هەڵدەهێنجین، کە هەر سێگۆشەیەك نوێنەری کۆمەڵە ئاخاوتنێیەکە، سیگۆشەیەکیان(ئەوەی هێڵەکەی بچربچڕە) تەمەنی دورستبوونی لە ئەوی تریان کەمترە، لە چاو سیگۆشەکەی تردا، لە هێڵکاری ژمارە (١) دەیخەینەڕوو.




((هێڵکاری ژمارە (١) شێوازی دروستبوون و فراوان بوونی زمان لە نێو کۆمەڵگادا))[٢٠]

٢٠- FantiniM Alvino, E (١٩٨٩:٣)

له ئەم هێڵکارییەدا، سێگۆشەی یەکەم برِین له نێو هێڵەکانیدا هەیە و پچرِپچرِه، زمانی تێدانەخراوەتە چوارچێوەی یاساکۆمەڵایەتییەکانەوه بەڵکو ئاخێوەرانی کەم و سنوردارن، نمونەیەکی سادەیە بۆ شێوازی دروستبوونی فرەجۆریی زمانی له شێوازی قسەکردنی دووکەس، یان خێزانێکەوه دەستپێدەکات، دواتر کۆبونەوەی خێزانەکان و دەرکەوتەی قسەکردن له کۆمەڵگایەکدا لەرِێگەی ئەم هێڵکارییەوه له سێگۆشەی دووەم، که هێڵی رِێکورِاسته خراوەتەرِوو تێیدا رِێکەوتنی کۆمەڵایەتی و کلتوری هاوبەش و دانانی رِەمز و رِێکخستنی زمانی تێدا بەدیدەکرێت.

ئەم سێگۆشانه هەریەکەیان نوێنەری کۆمەڵەئاخاوتنییەکی بچوك، یان گەورەن، ئەگەری هەیە سێگۆشەی بچوك، یان گەورەتر بەپێیی ئاستی (چینەکۆمەڵایەتییەکان)کۆمەڵەئاخاوتنییەکانیش دروست ببێت، بەهەمان شێوه ئەو هێڵکارییەی سەرەوه، زمانی ئاخاوتنیان له ئەوانی تر جیاوازە، به واتای ئەوەی سێگۆشەی تر دروستدەبێت، که هەر سێگۆشەیەك کۆمەڵه ئاخاوتنی شوێنێك، یان ناوچەیەك له نێو کۆمەڵێکدا دەردەخات. ئەمەیش ئەوه دەگەیەنێت، دەتوانرێت بەشێوەیەکی گشتی دەرکەوتەی فرەجۆریی زمان بەرچاوبخرێت، چونکه فرەجۆریی ناتوانرێت بەتەواوی ئەژمار بکرێت، بەڵام دەتوانرێت هۆکار و بابەتەکانی تا رِادەیەکی باش دیاربکرێت، بابەتێکی جیوه ئاسایه و ئاسان شیناکرێتەوه و وردەکاری تەواوی زمانێك دەرناخرێت، له بەرئەوەی ((زمانەکان بەبەردەوامی لەبەر ئەگەری گۆرِاندان، ئەمەش بەرەو جۆراو جۆربوونی زمانه جیاوازەکانمان دەبات))[21]، چونکه ئەو شێوازەی که له نێوانی قسەکەر و گوێگردایه لەسەر وشه و شێوازی دەربرِین ــ رِێکدەکەون، له هەموو زمانێکدا فرەجۆری دروستدەکات، له فرەجۆریی زمانیدا ئەوەی گرنگه بگوترێت ئەوەیە، که وەك دیاردەیه نەك رِووداو، چونکه رِووداو کاتی کەمه و کورتخایەنه، بەڵام دیاردە(وەك گریان وپێکەنینی مرۆڤ له هەموو شونێك هەیە) گشتگیر و بەردەوامه و لەزماندا به شێوەیەکی گشتیی هەیە.

دەتوانرێت لەسەر دیاردە ئەوه بگوترێت، که هەموو خاسیەتەکان، یان نیشانەزمانییه گشتییه هاوبەشەکان له دونیادا بەدیاردە ناودەبرێت، بەڵام جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی زمانێکی وەك کوردی له چاو هەموو زمانەکانی تردا ئەگەر بەراوردبکرێت به رِووداو ناوزەد دەکرێت. تایبەتییەکانی زمانێك کاتێك رِووندەبێتەوه و دەردەکەوێت که تایبەتی زمانێك، یان کۆمەڵەزمانێکی تر له بەردەستدابێت، یان شارەزایی پێویست لەسەر ئەو زمانانەی تر هەبێت، ئەوکات رِێگه خۆشدەکات بۆ ئەوەی لەزمانێکی تایبەتی بکۆڵرێتەوه و وردبونەوەی زانستی تێدابکرێت. هەر بابەتێك لەنێو ژیاندا کەڵەکه ببێت، هۆکارێك، یان زیاتر لەهۆکارێکی هەیە، دیاریکردنی هۆکارەکانیش بابەتی فرەجۆریی باشتر رِووندەکاتەوه، هەر بۆیه له خوارەوه بەپێی پێویست و سنوری لێکۆڵینەوه باس دەکرێن.

---

[21]ــ بێرناد کەمری، جرێد دەیڤید، و: کامیل قەرەداخی (٢٣:٢٠٠٧)

## ٢-١/١) هۆکارەکانی فرەجۆریی زمانیی

هۆکارەکانی فرەجۆریی زمانی زۆرە، هەندێك لەو هۆکارانە پەیوەستە بەفراوانی و بڵاوبونەوەی زمانێك لە ناوچەیەکی دیاریکراودا و بەکارهێنانی زمانەکەیە لە لایەن زۆرێك لە خەڵکییەوە، کە بەشێوەی جیاواز دەنگ و وشە گۆدەکەن و دەریدەبڕن، ئەمەیش وەك هۆکارێکی ناڕاستەوخۆ ئەژمار دەکرێت.[٢٢]

((قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە) پێی وایە، مرۆڤ ئاوەزێکی داهێنەرانەی هەیە، کە دەتوانێت لە ژمارەیەکی دیاریکراو لە فۆنێم و یاسای زمانی ژمارەیەکی بێ سنور لە داتای زمانەوانی بەرهەم بهێنێت))[٢٣]، مەبەست لە ئاوەزی داهێنەرانە ئەوەیە، پێوەندی خانەکانی مێشك زۆر و بەهێزە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پێوەندی ناوەوەی مێشکی مرۆڤەوە داهێنانی پێویست بکەن و دەوروبەری پێدابەشبکەن، تا ڕووداو و دیاردەو کەرەستەکانی ناو گەردوون لە یەکتری جیابکرێنەوە و بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستە سودی لێببینرێن، بەرهەمهێنانی کەرەستەی زمانیش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر پێویستی بەگواستنەوە هەیە، پاشان ئەم بەرهەمە زمانییە دەچێتە نێو بیرکردنەوەی مرۆڤەوە، بیرکردنەوەیش لە ڕێگەی پێوەندی خانەکانەوە دەکەوێتەکار، ئەوکات بەرهەمی بیرکردنەوە دێنێتەئاراوە، بۆ ئەوەی بەرهەمی بیرکردنەوەیش دیاربێت، پێویستە لە ڕێگەی ئەندامی ئاخاوتنەوە دەربڕێت، دوای دەربڕین لە ڕێگەی یاسایی زمانەوانییەوە بەشێوەیەکی خێرا ڕێکدەخرێت، کە لە نێو خودی دەربڕینەکانی زمانەکەوە یاسازمانییەکان دادەنرێت، بەڵام ژمارەی وشە/ ڕستە/دەقی دەربڕاو بەتەواوی ئەژمار ناکرێت، چونکە لەگەڵ بەردەوامی ژیاندا بەپێی پێویستی زۆردەبن. هاوشان لە نێو هەرێمە جیاوازەکاندا، گۆکردن و دەربڕینی فۆنێم و جیاوازی فۆڕمی وشەکان لە نێو یەك زماندا دەردەکەوێت، ئەمەیش یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان کە دەبێتە هۆی ئەوەی فرەجۆری لە نێویەك میللەتدا دەربکەوێت.

هۆکارەکانی فرەجۆریی بەپێی بارودۆخی ئابوری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەوە دەگۆڕێن، چونکە ئێمە لەڕێگەی زمانەوە دەوروبەر بچووکدەکەینەوە و دابەشیدەکەین، تا لە دەوروبەر تێبگەین و بیناسینەوە، بەکۆی دابەشکردنەکانیش لە چێوەی زمانێکدا بە دونیابینی کۆمەڵگا ناوزەد دەکرێت. لە دونیابینی کۆمەڵگادا کاریگەریی سروشت و ژینگەو دەوروبەری تێداڕەنگدەداتەوە، لەزمانیشدا ئەم ڕەنگدانەوەیە دیارە، بەڵام ئەوەی سەرەکییە و گرنگە بۆ پێوەندییەکە بوونی مرۆڤە، چونکە لە نەبوونی مرۆڤدا زمان بونێکی نابێت، هەر مرۆڤە بوونی کۆنکرێت بەزمان دەبەخشێت و زمانیش پێوەندیەکانی مرۆڤ لە گەڵ مرۆڤدا ڕێکدەخات.

---

[٢٢] –بۆ زانیاری بڕوانە:محمد عبد عبدالله عطوات (٢٠٠٣ : ٤٨ –٥٥)

[٢٣] – کاروان عومەر قادر (٢٠١٣: ٨٠)

کۆمەڵگا (لەکۆمەڵێك یاسا پێکهاتووە، کەتاکەکانی ناویشی بەئاسانی پەسەندی ناکەن و لەسەری ڕێکناکەون (وەك: بەکارهێنانی زمان بەیەك شێوازی دەربڕین)، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی هاوبەشە، بۆیە تاك و کۆمەڵگایش دەبنە تەواوکەری یەکتری)[24]، یەکێك لە یاساکانی کۆمەڵ، ڕێکەوتنە لەسەر ناونانی کەرەستەکانی دەوروبەرو لە ڕێگەی زمانەوە بەشێوەیەك تێبگەن لەیەکتری و بە هۆی زمانی هاوبەشەوە ژیان بەردەوامی پێبدەن، کۆمەڵگا لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە ڕوانگەی جیاواز جیاوازەوە دابەشکراوە، وەك (کۆمەڵگای سەرەتایی و کۆمەڵگای دواکەوتوو، کۆمەڵگای مێژووی، کۆمەڵگای نمونەیی)[25]، جیاوازی دابەشبوونی کۆمەڵگایش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە سنورێکی دیاریکراودا فرەجۆریی زمانی پیشاندەدات.

فرەجۆریی زمانی دیاردەیەکی گشتگیرە، کە لە هەموو زمانێکی کارپێکراودا"زیندو و کارا" بوونی هەیە، بەڵام هەندێك زمان هەیە، بۆ گفتوگۆ و ئاخاوتنی ڕۆژانە لە ئێستادا (وەك لاتینی) کاریپێناکرێت[26]، واتە فرەجۆر نییە، دەتوانرێت بەشێوەیەکی پوخت هۆکارەکانی فرەجۆری بە ئەم شێوەیە بخەینەڕوو[27]:

١. بارودۆخی کۆمەڵایەتی
٢. کارو پیشە
٣. تەمەن
٤. جوگرافی
٥. پەروەردە
٦. توخمی ئاخێوەر
٧. جیاوازی ئیتنی (نەتەوە و خێڵیش جۆرێك لە فرەجۆریی، دەهێننەئاراوە ).

ئەم هۆکارانە دەتوانین بە هۆکاری دیار و سەرەکیی فرەجۆریی دابنێین، بۆ ئەوەی بە جوانی ڕوونبکرێتەوە، هەریەکەیان پێویستیی بەلێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ، یان زیاتر هەیە، بەڵام بە کورتی هەندێك ڕوونکردنەوە دەربارەیان دەدەین و لێیان دەدوێین.

---

[24] –علی شەریعەتی، و: حسێن سەید ئەدهەم (٢٠١٣:٢٠٧)

[25] - سەرچاوەی پێشوو (٢٠١٣: ٢٠٧)

[26] - لە سەردەمی ئێستادا، ئەو زمانەی بەکاردەهێنرێت بۆ ڕێوشوێنی (ڕێوڕەسمی) بۆنە ئاینییەکان وەك بەکارهێنانی زمانی لاتینی، کە هەموو تیرەو خێڵە جیاوازەکانی مەسیحیە کاسۆلیکەکان بە کاریدەهێنن، سانسکریتیش بۆ ڕێو ڕەسمی ئاینی لە هیندستان بەکاردەهێنێت، واتە بۆ بوارێکی تایبەتی کاری پێدەکرێت وەك: مەراسیمی ئایینی، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نایف خرما (١٩٧٨: ١٧١–١٧٣).

[27] Ali, M (–:١٣)

## ١. بارودۆخی کۆمەڵایەتی:

بەشێوەیەکی ڕێژەیی پەیوەستە بەژیان و شوێنی نیشتەجێبوونی کەسەکانەوە. ئەگەر هاتوو بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی باشدا بوو، ئەو کات شوێنی نیشتەجێبوونی تاکەکەسێك یان خێزانێك لە نێو چینێکی ئاست بەرزی کۆمەڵایەتیدا ژیان بەخۆشی دەگوزەرێنێت. زۆر جار ئەو کەسانەی بارودۆخیان باشە، پێیان خۆشە شوێنی نیشتەجێبوونیان لەگەڵ ئەو خێزانانەدا بێت، کە هەمان ئاستی ئابوریان هەیە، بۆ نمونە: سلێمانی لە کۆندا(ساڵانێك پێش ئێستا) گەڕەکی عەقاری کۆمەڵێکی تێدادەژیان، کە ئاستی گوزەرانیان لە چواردەوری خۆیان باشتر بوو، بەڵام ئێستا (گوندی ئەڵمانی و قەیوان سیتی و پاشا سیتی و..هتد)، لە ئەم شوێنانە خوێندنی تایبەت و پەروەردەی تایبەتی بۆ منداڵەکانیان هەیە، لە پاڵ وەرگرتنی زمانی دایك، زمانی بیانیش فێردەکرێن، ئەمەیش وادەکات، فرەجۆرییەك یان شێوازێکی تایبەتی قسەکردنی زمانی کوردی لەو ناوچانەدا (کە جیاکراوەتەوە لە ناوچەکانی چواردەوری خۆیان بەهۆی چوارچێوەی بە پەرژینی ئاسن یان دیواری بلۆکەوە، ئەم شوێنانەتا ڕادەیەك بوو بە ناوچەیەکی داخراو) بێتەئاراوە.

## ٢. کاروپیشە:

مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕێژەی بەزۆری لە ژیاندا بۆ بەڕێوەبردنی گوزەرانیان خەریکی کارن، بەڵام جۆری کارو پیشەیان جیاوازە. کاتێك کارو پیشە جیاواز بوو، لە فەرهەنگی ئاوەزی مێشکدا مرۆڤەکان لەیەکتری جیاوازن و لە زمانی قسەکردنیشیاندا ئەم جیاوازییە ڕەنگدانەوەی هەیە. ئەمەیش وادەکات زمانی ئاسنگەرێك لە زمانی دیبلۆماتکارێك/مامۆستایەك جیاواز بێت، ئەم شێوازەی زمانیش دەتوانین وەك (register) ناوزەدیبکەین، یان نزیك لە ئەم شێوازەوە دایبنێین، هۆکارێکە بۆ ئەوەی فرەجۆریی زمانی بێتەئاراوە، چونکە وشە و زاراوەی پەیوەست بەکارەوە دێنە ناو زمانی تاکە کەسەکانەوە.

## ٣.تە مەن :

فۆڕمی یەك کردار بەپێی قۆناغەکانی تەمەن وەردەگرین، تەماشادەکرێن بزانرێت تا چەند گۆڕانی تێدا دەکراوە:

**١: ا.** بە ئاماژە بەدەستی بەرانبەر بانگ دەکات، یان بە شێوازێك دەگری. (٨ مانگ بۆ ساڵ و نێو)

**١:ب/** بی، بی بۆ بانگردن دووبارە دەکاتەوە. (٢ساڵ ــ ٢ساڵ و شەشە مانگ)

**ا:پ/** وەلە (سێ ساڵ بەرەوژوور)

**١:ت/** وەرە (٣ساڵ و نیو ــ پێنج ساڵ)

وەك دەبینرێت وشە بەپێی تەمەنی منداڵەکە، فۆڕمی وشەکان گۆڕاوە، چونکە دەشێت لە هەر قۆناغێکی تەمەندا، جۆرێك لە فۆڕمی وشەیەك بۆ دیاردەیەك، یان بۆ کەرەستەیەك بەکاربهێنرێت. بەشێوەکی گشتی بەپێی گۆڕانی تەمەن (منداڵ، منداڵی، مێرد منداڵی، هەرزەکاری و دوای تەمەنی هەژدە ساڵی و..هتد)، بەکارهێنانی زمان دەگۆڕدرێت، ئەگەر کەسێك بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە، لە منداڵی تا دوای هەرزەکاری، بە ڕوونی لە ڕووی فەرهەنگی و ڕێزمان و بەکارهێنانی زمان بەپێی پلەی پێداویستی ژیان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی کەسەکان، دەبینرێت بەکارهێنانی زمانەکەیشی گۆڕاوە. لە منداڵیدا منداڵ دایە بەخێوی دەکات و بابە کاری بۆدەکات و خۆشەویستی بۆ دەردەبڕێت، هەندێك وشە فێردەکرێت، کە وشەی پێداویستین، وەك (ئەعە، قغە دایە، بابە و..هتد). بەهۆی بینینی شتەکانەوە و لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە دواتر پێوەندی هەستی بیستن و بینین پێکەوە هێندە بەهێز دەبێت، ئەگەر پێویست بوو ناوی شتەکە، یان کەرەستەکە دەردەبڕێت، بەڵام (ئەعە، قغە) ئەم دوو هەستە زیاتر لە ڕێگەی ئەزمونەوە فێردەبێت و پەیوەستە بە هەستی بەریەککەوتن، لە ڕێگەی وەرگرتنەوە لەئەم کاتەدا منداڵ تەنیا وشەی پێداویستیی سەرەتای وەردەگرێت و فێردەبێت، هاوکات لە یارییەکانی زمان بەدەگمەن بەئاگایە، بەڵام لەگەڵ تەمەن ئەزمونکردندا شارەزای زیاتری زمانیی فێردەبێت، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی زمان بە شێوەیەکی بەئاگاوە بەکاردەهێنێت. هۆکاری گۆڕانی تەمەن، هۆکارێکی گرنگە و فرەجۆریی لە نێو زماندا دەردەخات، چونکە زمانی منداڵێك لە زمانی مێردمنداڵێك لە ڕووی دەوڵەمەندی فەرهەنگ و شێوەی گۆکردنی وشەو ئیدیۆمی زمانەوە جیاوازە، ئەم شێوازی ئاخاوتنە دەتوانرێت وەك زمانی یەکەم (first language) ناوزەدی بکەین، کە بەپێی تەمەن دەگۆڕێت.

### ٤. جوگرافیا:

ناوچەی جوگرافیا ئەو هۆکارە گرنگەیە، کە زمانی بۆ دیالێکتی جیاجیا دابەشکردووە، لە نێو دیالێکەتەکانیشدا بە هۆی هۆکاری جوگرافیا و شوێنی نیشتەجێبوونەوە، فرەجۆریی هاتوەتەئاراوە، بۆنمونە دیالێکتەکانی زمانی کوردی بە هۆی جوگرافیاوە دروستبووە، واتە هۆکاری جوگرافیا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پەیدابوونی (دیالێکت). هاوکات لە نێو یەك دیالێکتدا، بە هۆی هۆکاری جوگرافیاوە جیاوازی لە ئاستی دەنگ و فۆڕمی وشەدا دەبینرێت بۆ نمونە، ئەگەر پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجەو دەوروبەری وەربگرێن.

**٢.** (دێمەوە) ← (تێمەوە) فۆنێمی /د/ ← /ت/ گۆڕاوە.

**١.٢.** (چیتکردووە← چیتکردگە) وەك دیارە (ـ ووە) ← (ـ گە) گۆڕاوە.

ئەمە لە سنوری یەك دیالێکدایە، ئەگەر دوو دیالێکت بەراورد بکرێن جیاوازییەکان زۆر زیاتر دەبن.

**٥. پەروەردە:**

ئەم هۆكارە زۆر قسەوباس هەڵدەگرێت، كاتێك دەڵێین پەروەردە لە دوو گۆشەنیگاوە دەتوانین تەماشای بكەین (پەروەردەكردن و خۆپەروەردەكرن)، پەروەردەكردنی نافەرمیمان هەیە، وەك پەروەردەی (خێزان، كۆمەڵگا، ئایین، ڕاگەیاندن و..هتد) دەگرێتەوە. شێوەی دووەمی پەروەردە پەروەردەی فەرمییە، كە ناوەندە فەرمییەكانی وەك (دایەنگە و باخچەی ساوایان و خوێندنگە و..هتد)دەگرێتەوە، خۆپەروەردەكرنیش پەروەردەیەكە مرۆڤ بەبەردەوامی پێویستیی پێیەتی

لێرەدا دەتوانین بە شێوەیەكی گشتی لە پەروەردە بدوێین، كە بازنەیەكە مرۆڤ تێیدا بەشێوەیەكی ڕێژەیی شێوازی دەربڕین و هەڵسوكەوت و ئاكارو ڕەوشتی مرۆڤی تێدا سنوردار دەكرێت، تاڕادەیەك جێگیردەبێت، پەروەردە یەكێكە لە ئەو هۆكارە گرنگانەی، كە لە خێزانەوە دەستپێدەكات تا كۆتایی ژیان مرۆڤ پەروەردە دەكرێت، یان خۆی پەروەردە دەكات. كاریگەری پەروەردە بەڕوونی بەسەر زمانەوە دیارە، چونكە پەروەردە بازنە و چوارچێوەیی ڕەوشتیی لە نێو مێشكی مرۆڤدا دیاریدەكات بۆ نمونە، بەشێوەیەك مندالْ ڕێز لەگەورە بگرێت و گەورەیش سۆزی بۆ مندالْ هەبێت، ئەمەیش لە دەربڕینی زمانیدا دەردەكەوێت، كاتێك مندالْ، خوشكێك، یان برایەكی گەورەی بانگدەكات بۆ نمونە:

**٢:ا/ دادە**

**٢:ب/ كاكە**

ئەم وشانە پێش ناوەكەی بەكاردەهێنێت. هەروەها مندالْ فێردەكرێت چۆن قسە لەگەڵ چواردەوریدا بكات و لە كوێدا بێدەنگ بێت. وێڕای ئەوەیش مرۆڤ ئاكار و ڕەوشت و شێوازی دابەشكردنی دەوروبەر و تابووە كۆمەڵایەتییەكان و سنوور و پێوەندییە خێزانییەكان، لە نێو خێزان و كلتوری خۆیدا فێردەكرێت و منداڵیش وەریاندەگرێت. ئەو كەسانەی لە دوای منداڵی لەخوێندنگەدا پەروەردە دەكرێن، بە ڕێژەیی قسەكردنیان لە نەخوێندەوارێك، یان كەسێك خوێندەواری كەمبێت ، لەڕووی دەربڕینە كۆمەڵایەتیەكان، ڕادەو ئاستی پسپۆڕی، فەرهەنگی ئاوەزی و ئاستی زانیاری لە بوارێك، یان چەند بوارێكی ژیاندا جیاوازترە، لەگەڵ ئەوەیشدا پەروەردە (شێوەی باڵا)ی زمانی فەرمی میللەتێك پەرەپێدەدات.

## ٦. توخمی ئاخێوەر:

لە سەرجەم كلتورە جیاوازەكاندا، ئاسایی هەست بە جیاوازیی ئاخاوتنی توخمی (نێر) و (مێ) دەكرێت. توێژینەوە سەرەتاییەكان لەسەر جیاوازییە توخمییەكان لەزماندا زیاتر جەختیان خستوتەسەر جیاوازیی دەربڕینی توخمەكان، دوای ئەم لێكۆڵینەوانە بەوردی لە سەر چەندێتی و ژمێرەیی وشەكان لە بوارێكدا كاریانكردووە، بۆ نمونە توخمی نێر دەربڕینە تابووەكانی، وەك جنێو لەكاتی قسەكردندا (لەگەڵ هاوڕێ نزیكەكانیدا، یان لە كاتی هەڵچوونی دەروونیدا) لە توخمی (مێ) زیاتر بەكاردەهێنێت، بەڵام توخمی (مێ) ئارامترە لە كاتی قسەكردندا سۆز زیاتر تێكەڵ بەوشە و

ڕستەکانی دەکات و دەربڕینی ڕوونترە و ناڕاستەوخۆیی لە قسەکانیدا دەبینرێت، هاوکات وشەی تابوو وەك جنێودان کەمتر بەکاردەهێنێت[٢٨]، ئەگەر وشەکانی بەکاریشی هێنا، لە توخمی( نێر) جیاوازترە، جیاوازیی لە دەربڕینی توخمی نێر و مێدا بە هۆی جیاوازیی توخمەکانەوەیە، ئەگەر زیاتر بەراوردی ئەو توخمە لە ڕوانگەی ئاخاوتنەوە بکرێت، ڕوونکردنەوەی زیاتر دەستدەکەوێت، بەڵام لە بەر سنووری باسەکە زیاتر لەسەری ناڕۆین.

## ٧. جیاوازی ئیتنی:

جیاوازی ئیتنی (خێزان، تیرە، عەشرەت، خێڵ، نەتەوە ..هتد) دەگرێتەوە، بە هۆی ئەم جیاوازییانەوە جۆرێك لە فرەجۆریی لە زماندا دێتەئاراوە. ئەم هۆکارانە سەرەکین، بۆ ئەوەی زمان بە شێوەی فرەجۆریی بەکاربهێنرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا هێزی هەریەك لەم هۆکارانە بۆ هێنانە ئارای فرەجۆریی لە زماندا جیاوازە. بۆ نمونە عەشرەتی گەڵاڵی یەکێکە لە عەشیرەتە کوردەکان، دەربڕاوی ئاخاوتنیان لە ڕووی فۆڕمی وشەوە، لەگەڵ سلێمانیدا جیاوازە، بۆ نمونە:

**٣.ا/** چەتوای : چی ئەکەی

**٣:ب/** کردییە: کردووە

**٣:پ/** ڕای : بۆ

**٣:ت/** تو: تۆ

**٣:ج/** وژی: دەڵێت

**٣:د/** چە: چی

وەك دەبینرێت، فۆڕمی وشەکان جیاوازە، ئەم جیاوازییش فرەجۆریی لە زمانی کوردیدا دەهێنێتەئاراوە.

---

[٢٨]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە: ئەم سەرچاوانەی لای خوارەوە بەوردی هەریەکەیان لە گۆشەنیگای کاری خۆیانەوە لەسەر ئەم هۆکارانە ڕا ی خۆیان زانستیانە دەربڕیووە:

ا. شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١٣: ٢٦٥–٢٨٥) لێکۆڵەر لە ڕوانگەی بەکارهێنانی تابوووە، لە ئەو گۆشەنیگایەوە بە شێوەیەکی زانستیانە ئەم هۆکارانەی باسکردووە بۆ نمونە، پیاوێك توڕە ببێت دەڵێت: سەگی سەگباب/ سەگبابە / کوڕی کەر، بەڵام ئافرەتێك توڕە ببێت دەڵێت کچەتیوە ڕشکنە، جەرگت ببێتە ئاو، ڕەبی گرمۆڵەبی.

ب. هێمن عبدلحەمید شەمس (٢٠٠٦: ٤١–٤٥) لێرەدا لێکۆڵەر، لە ڕوانگەی جیاوازی شێوازی قسەکردنەوە قسەی لەسەر ئەم هۆکارانە کردوە (١٠) هۆکاری دیاریکردوە، دەبنە هۆکاری گۆڕینی شێوازی قسەکردنی مرۆڤ و...هتد.

پ. زوبێر علی عارف ( ٢٠١٢: ١٥٦–١٧٠) لێرەشدا لێکۆڵەر باسی جیاوازی بەکارهێنانی ئیدیۆمی کردووە، بەپێی توخم و تەمەن و کارو پیشەو چینی کۆمەڵایەتی و پلەی خوێندەواری و پلەی فەرمی و نافەرمی و..هتد.

ت. بەکر عومەر علی و شێرکۆ حمە ئەمین:(٢٠٠٦: ٦–٦٤) بەوردی جیاوازی نێوان زمان، بەپێی توخمی (نێر و مێ) لە پێنج خاڵدا باسیانکردووە.

### ۳-۱/۱) زمان و شێوازی قسەکردنی جیاواز

مرۆڤ بۆ ئەوەی پێوەندی بەدەوروبەرەوە بکات، پێویستیی بەکەرەستە هەیە، ئەو کەرەستانەی پێویستن بۆ خۆبەستنەوە بەدەوروبەرەوە، بریتین لە: ((بەکارهێنی زمان language using، جیهانی هۆشەکی mental world، جیهانی کۆمەڵایەتی social world ، جیهانی فیزیکی physical world ))[۲۹].

زمان بەکارهێنان بەرێژەیەکی زۆر لە نێو کۆمەڵگادا گەشەدەکات و فراواندەبێت، چونکە فۆرمی زمان یەکەیەکی رێککەوتنی تێگەیشتنی مرۆڤەکانە، بۆ پێداویستی و بەرێوەبردنی ژیان لە نێو مرۆڤایەتیدا بۆ گەشەونماکردنی شارستانییەت و پەرەپێدانی رۆشنبیریی گشتی لە رێگەی بڵاوبوونەوەی زانست و زانیارییەوە.

زانستی زمان بەدوای بیر و بیرکردنەوە و رێکەوتن و شێوازی دەربڕین و واتای دەربڕین و شێوازی تێگەیشتن لە دانەکانی زماندا دەگەڕێت. جیاوازیی دەنگ و وشەو ڕستە و دەقی دەربڕاو و نوسراو فرەجۆریی زمانی لەیەك زماندا نیشانە و تایبەتمەندیی شێوازی بیرکردنەوەیە، ئاکارو ڕەوشتی کۆمەڵگا لە نێو خۆیاندا هەڵدەگرن، کە لە رێگەی (دەنگ و وشەو ڕستە) شێوازی قسەکردنی جیاواز لە زماندا دێنێنەئاراوە. هەر وەك (ڤیتگنشتاین) دەڵێت ((سنورەکانی زمانەکەم سنورەکانی جیهانەکەم دیار و دەست نیشان دەکات))[۳۰]، بەڵام سنوری زمان یەك سنوری نەگۆڕی نییە، بەڵکو هەندێك کات سنوری بەکارهێنانی فراواندەبێت و هەندێك کات بچووکدەبێتەوە، جیهانی زمانی، جیهانێکی مادی نییە، دیاردەکانی سروشت بەنەگۆڕی تێیدا ڕوودات، بەڵکو جیهانێکە لە گەڵ بارودۆخی مرۆڤدا بەپێی دەگونجێت.

زمان و شێوازەکانی قسەکردنی تاکە تاکەی خەڵکی لە چێوەی زمانەکەدا، وەك دارێکی بەرز وایە، قەدو بناغەی دارەکە زمانەکەیە، لقوپۆپی پەرشوبڵاوی دارەکەیش (ئەگەر لق و پۆپی دارەکە بەرووبەری کۆمەڵایەتی جیاواز بچوێنین) شێوازی قسەکردنی جیاوازی زمانەکەن. ئەوەی جێگەی سەرنجە لقوپۆپی زمان نابنە زمانی گشتی مەگەر شوێنەکەیان بگۆڕن، یان شوێنێکی تایبەت بەخۆیان سنورداربکەن. واتە وەك میللەتێکی جیاوازتر خۆیان بناسێنن، بۆیە ((زمانەکانی وەك سویدی نەرویجی و هۆڵەندی کە پێویستیان بەهیچ نییە بۆ لێکترتێگەشتن))[۳۱]، بەڵام بەهۆی سنوردارکردنی سنوری ژیانیان لەگەڵ یەکتریدا لە زانستی زماندا بەزمانی سەربەخۆ ناوزەدکراوە، گەرچی ساڵانە کۆنگرە لە وڵاتاندا دەبەسترێت، یان هەوڵدراوە کە زمانی جیهانی لە جیهاندا دروستبکرێت، بۆ ئەوەی پێوەندییەکان و لەیەکترنزیکبوونەوە و بازرگانیکردن، لەگەڵ یەکتریدا ئاسانبێت، بەڵام ئەو کارە (کەیەك زمان بۆ پێوەندیکردنی جیهانی هەبێت) سەری نەگرتووە، چونکە هاوبەشی و جیاوازی و لەیەکتر نەچووی، ئەو

---

[۲۹]- تریفە عومەر ئەحمەد (۲۰۰۸: ۳٤)

[۳۰]– حەمید عەزیز (۲۰۰۵:۷۰)

[۳۱]– یوسف شەرف سەعید: (۲۰۰۵: ۱۰۷)

دوو هێڵەی (ئاسۆیی و ستونی) زمانە، بەپێی پێویستی بارودۆخی مرۆڤ و بەرژەوەندی ژیانی مرۆڤ زمان بەنێویدا گوزەردەکات، ئەمەیش کاریگەی لەسەر ئەم یەکگرتنە هەبووە. واتە نەتوانراوە یەك زمان بۆ پێوەندکردنی خەڵکی بەگشتی بەکاربهێنرێت. ئەندامەکانی ئاخاوتنی مرۆڤ لە نێو هەموو زمانەکاندا هاوبەشە، بەڵام شێوازی بەکارهێنانی ئەندامەکان بۆ دەربڕین و گۆکردنی (دەنگ / وشە / ڕستە)ەکان جیاوازن، زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی هەردووکیان سودیان لە پیتەکانی لاتینی بۆ نوسین وەرگرتووە، بەڵام لە شێوەی دەربڕین و خوێندنەوەیاندا جیاوازن. سەرەڕای ئەوەیش ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ئەمریکادا، ((ئەمریکییەکان زمانی خۆیان بەزمان دەزانن نەك زارێك بێت لە زمانی ئینگلیزی ))[٣٢]، گەرچی زمانی ئەمریکی هەر بەزمانی ئینگلیزی ئەمەریکی ناوزەدکراوە. ئەم دیمەنانەی زمان لەسەروە خرایەڕوو، ئالۆزی لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەسەر دیاردەکانی زمان قورستر دەکەن.

لە کاتی لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی زمان لە بویەر (واقیع، جیهان)دا.زمان بەکارهێنان و شێوازی بەکارهێنانی زمان نەك تەنیا لە ڕوانگەیی کۆمەڵایەتییەوە گرنگە، بەڵکو سیفەتە کۆمەڵایەتیەکەی لە نێو کۆمەڵگاوە دەباتە نێو زانستەکانی تر، ئەمەیش فرەواتای دروستدەکات بۆنمونە، بەکارهێنانی زاراوەکان لە زانستەکاندا گەرچی لە ڕوی فۆڕمەوە یەك فۆڕمیان هەبێت، بەڵام لە ڕووی واتاو بەکارهێنانی لە زانستێکی تردا جیاوازە، بۆ نمونە کاتێك وشەی (قەد) لە بواری زانستدا وەك زاراوە هەڵبژێردراوە. (قەد) زاراوەیە لە بواری زانستی زمان، وێڕای ئەوەیش لە زانستی کشتوکاڵ بەکاردەهێنرێت، بەڵام واتایان لە ئەو زانستەدا وەك یەك نییە و جیاوازە. ئەم بارودۆخە گشتییەی زمان وەك جیاوازی واتایی لە زماندا، بە پێی مەبەستی بەکارهێنانی لە ژیان، یان زانستدا دەردەکەون. ئەگەر تەماشابکەین، بۆچی جیاوازی و جۆرەکانی زمان زۆرە، ئەوکات بە بەهاو گرنگی و وردەکارییەکانی زمان لە ژیاندا دەگەین و فراوانی زمانمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە وشەی جۆر، یان جیاوازی کاتێك بەکاردەهێنرێت، کە بابەتێك، یان زانستێك فراوان و بەبڕشت بێت. هەر چۆن ژمارەی گەڵای درەخت زۆرە، زمانیش شێوەی زۆرە. کاتێك لە ڕووی زانستەوە لە زمان دەڕوانین، دەبینین هیچ زانستێك بە بێ بەکارهێنانی زمان نەیتوانیوە پەرەبسێنێت، واتە لە ڕێگەی زمانەوە زانست ڕووندەکرێتەوە. کاتێك بەشێوەیەکی گشتی قسە لەسەر زمان دەکەین، ناچارین وشەی سنوردار بەکاربهێنین و گشتاندن نەکەین، ئەو وشانەیش وەك لە (هەندێك کات، زۆربەی کات)دا خۆیدەبینێتەوە، بۆ ئەوەی ئالۆزییەکان سادەبکەینەوە، بەباشی دەزانین دابەشکردن و جیاکردنەوەی جۆری زمان بکەین، تا ئاسانتربێت بۆ تێگەیشتن و لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندیی زمان و تایبەتمەندیی تاکی قسەکەریش لە بەر ڕۆشنای دابەشکردنی جۆرەکانی زماندا دەربخەین، چونکە کۆی جۆرەکانی زمان لە


---

[٣٢] سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠٠٨: ٣١)

نێو دەفری فرەجۆریی زماندا کۆبووەتەوە، بۆیە شێوازی دابەشبوونی فرەجۆریی بە شێوەیەکی گشتی باسدەکەین.

## ٤-١/١) شێوازی دابەشبوونی فرەجۆریی زمانیی

ئاشکرایە، هەر بابەتێك سەرنجی لێکۆڵەرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشابێت، خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و شێوازێك لە دابەشبوونی لە ژیاندا هەیە. مرۆڤەکان لە نێو گەردووندا دەتوانن دوو جۆر دووری ببڕن و بە دوو ئاستدا ڕێگا ببڕن، ئەو دوو ئاستەیش برتییە لە: ئاسۆی و ستوونی. ئەگەر تەماشای زمانی مرۆڤ لە نێو بۆشایی دەمدا بکەین، بە شێوەی ئاسۆی و ستوونی لە نێو دەمدا بۆ درکاندنی دەنگەکانی جوڵەدەکات و دەنگ و وشە و دەربڕاو لە زماندا دروستدەکات، ئەم جوڵەی زمانە لە هەموو زمانەکاندا هەر بە ئەو دووشێوەیە لە نێو بۆشایی دەمدا جوڵەدەکات.کۆمەڵیش کۆکراوەی مرۆڤەکانە و ئەویش بە شێوەیەکی گشتی بە دوو شێوە بەسەر زەویدا دابەشبووە، دابەشبوونەکانی مرۆڤیش بە هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری لە نێو کۆمەڵدا دابەشدەبن، ئەگەر بە هێڵکارییەك کە پەیوەستە بە زمان و فرەجۆریی کۆمەڵایەتییەوە زانیاری لەسەر ئەم بابەتە بدەین باشترە.




(( هێڵکاری ژمارە (٢) ))

لەئەم هێڵکارییەی ژمارە (٢)دا، ((فرەجۆریی لە چینە کۆمەڵایەتییەکاندا لە نێو هەرێمێکی دیاریکراودا، قسەکردن لە چێوەی دیالێکتێکی دیاریکراودا))[٣٣] دەخاتەڕوو. وەك دیارە کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ئاسۆی لەسەر زەوی بڵاوبووەتەوە و بە شێوەیەکی ستونیش بە هۆی هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئاستی زانستی و پلەوپایە و..هتد، لە کۆمەڵدا دابەشدەبن. چینی ئاسایی کۆمەڵ بە

٣٣- Wareing, s.,and Thomas, L (٢٠٠٤:١٤١)

شێوەیەکی گشتی زمان لە نێو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا (بۆگفتوگۆی ڕۆژانە) بەپێی ژینگەی جیاواز بۆ کاربەڕێکردن بەکاردەهێنن، ئەم چیینە وەك لە ڕووگەی تیرەکاندا دیارە (فرەجۆریی هەرێمی) دروستدەکەن و بە شێوەیەکی ئاسۆیی بە هۆکاری جوگرافیاوە دابەشبوون و دیالێکتەکانی زمانێك دروستدەکەن، شێوەی قسەکردنی ئەو چینە کۆمەڵایەتییانەی لە ئاستی نزمدا دانراون بەڵام مەرج نییە هەمووکات وابێت، واتە بە شێوەی ئاسایی قسەدەکەن و ئەو شێوە زمانەی قسەی پێدەکەن، زۆربەی کات ستاندارد نییە.

ئەو کەسانەش بە هۆکاری ئابوری و بەرزی ئاستی زانستی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتییەوە لە نێو چینی کۆمەڵایەتی ئاست بەرزدا دانراون و شێوەی قسەکردنیان وەك لە هێڵکاری ژمارە (٢) دیارە، بە بەرزترین ئاست تۆمارکراوە و شێوەی قسەکردنیان بە (شێوەی باڵا) زمانی ستاندارد ناوزەدکراوە. ئەو کۆمەڵانەی بەپێی پلەوپایە و ئاستی خوێندەواری لە کۆمەڵگادا لە ئاستێکی بەرزدا دانراون، فرەجۆریی لە ئاستی ستوونیدا پێکدەهێنن، زمانی ئەو کۆمەڵانەی سەر بەئاستی ستوونی کۆمەڵایەتین شێوەی ئاخاوتنی ستاندارد، یان نزیك لە ستانداردەوە بەکاردەهێنن.

لەئەم هێڵکارییەدا ئەوە خراوەتەڕوو، کە زمانی چینێکی کۆمەڵایەتی تا ڕادەیەك لە چینێکی تری کۆمەڵایەتی جیاوازە. ئەگەر چی دابەشکردنی چینی کۆمەڵگا ئاسان نییە و ناتوانرێت بەتەواوی لە ژێر زانستدا شیکردنەوەی تەواوی بۆ بکرێت "ڕامبکرێت"، چونکە لە چینە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆربەی کات تاکەکانی نێو کۆمەڵ هاتوچۆ لە نێو چینەکاندا بە بەردەوامی دەکەن، کەسێك، یان تاکێك ئەندامە لە خێزاندا، وێڕای ئەوە ئەندامە لە خێڵ و تیرەکەی و لەگەڕەکەکەیی و..هتد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامە لە (فەرمانگە / پەیمانگا/ زانکۆ و..هتد)، هەر ئەمەیە تاك ناچاردەکات بەپێی بارودۆخ گۆڕان لە بەکارهێنانی زمانیدا بکات. ئەم شوێنگۆڕکێیەی مرۆڤ لە نێو ژیاندا جۆرێك لە فرەجۆریی زمانی دێنێتەئاراوە، وەك لە هێڵکاری ژمارە(٢)دا ئاماژەیی پێکراوە، دابەشبوونی هەرەمی کۆمەڵگایە، لە بنکەی هەرەمەکەدا هەموویان هاوبەشن و لە سەر زەوی نیشتەجێن، هاوکات کاتێك هەڵکشانی لاکانی هەرەمە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو هەڵکشانی ستوونی هەڵدەکشێت، جیاوازییە چینایەتییەکانی ئاستی ژیانیان دەردەکەوێت و پلەی ژیانی بەرز و ناوەند و نزم تا ڕادەیەك دیاریدەکرێت، یان دەردەکەوێت، جیاوازیی پلەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و زانستیی جیاوازیی زمانی لە ئاستی دەربڕین و شێوەی دەربڕیندا دەردەخات.

بەپێی شیکردنەوەکان دەتوانرێت ئەوە بگوترێت، فرەجۆریی زمانی پێناسەی تایبەت بەخۆی هەیە و لە نێو کۆمەڵگادا دەرکەوتەی تایبەت بە خۆی هەیە، هۆکاری دروستبوونی فرەجۆریی لە زۆربەی زمانەکاندا خاڵی هاوبەشیان هەیە، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی فرەجۆریی زمانی بە شێوازی ئاسۆیی و ستوونی دابەشدەبێت، هەر یەك لە ئەو شێوانە خاوەن تایبەتمەندیی خۆیانن و لە نێوانیانیشیاندا جیاوازی و هاوبەشی هەیە. لێکۆلینەوە لە هەردوو شێوازی (ئاسۆیی و ستوونی)

دابەشبوونی فرەجۆریی تایبەتمەندیی وردی زمانێك دەخاتەڕوو، بەپێی پێویست لە ئەم لێکۆڵینەوەدا لەسەری کاردەکەین.

## ٢/١) جۆرەکانی زمان

ئەگەر تەماشابکەین، زمان لە ڕوانگەی جیاواز جیاوازەوە دابەشکراوە، لە بواری زانستی زماندا لێکۆڵینەوەی زۆر کراوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی لە زمان بکۆڵنەوە و وردەکارییەکانی دەربخەن، زمانیان بۆ چەند جۆرێك دابەشکردووە، ئەمەیش کارئاسانی کردووە، تا میللەتان بۆ لێکۆڵینەوەی زانستیی سود لەیەکتری وەربگرێت[٣٤].

[٣٤] - لە ئەم سەرچاوانەدا بە ئەم شێوەی لای خوارەوە باسیان لە دابەشکردنی جۆرەکانی زمان کردووە:

ا. بەکر عومەر علی و شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٦: ١٥–١٧ )، زمانیان دابەش کردوە بەسەر چەند زارێکدا (زاری ستاندارد، زاری جوگرافیا و زاریکۆمەڵایەتی و زار بەپێ ڕەگەز).

ب بەپێی تێڕوانینی کۆمەڵناسانی زمان و خەڵکی، زمان دەبێت بەچەند جۆرێکەوە وەك:

١. **زمانی یەگرتوو:** ئەو زمانەیە کە بەهاوردەکردن، یان تێکەڵکردنی چەند زارێك، یان سەپاندنی زمانێکی ستاندارد لە ناوچەیەکی جوگرافیادا بە دەستێوەردان، یان بە نەخشە دانان بۆ زمان دێتە کایەوە.

٢. **زمانی ستاندارد:** ئەو شێوەیەکە بەهەموو هەنگاوەکانی یەکگرتندا تێپەڕیووە و خاوەنی دەستورو فەرهەنگە و لەکارگێریدا بەکاردێ، بەڵام لە سەرتاپای ناوچەیەکی جوگرافیادا ڕەزامەندی خەڵکی وەرنەگرتووە.

٣. **زمانی دێرین، یان کلاسیکی** : ئەو زمانەیە کە مێژوویەکی پڕ لەشانازیانەی هەیە و داستان و ئەفسانە لەبارەی بنچینەیانەوە لە ئارادایە بە پێچەوانەی هەندێ زمانی ترەوە کە دەستکرد و بێ مێژوویەکی درێژن.

٤. **زمانی خەڵکی (میللی):** ئەو زمانەیە کە لەدەرەوەی شوێنە ڕەسمیەکانەوە بەکاردێ وەك ماڵ و بازاڕ و ئاهەنگ بێ مێژووە سەربەخۆش نییە، واتە ئاخێوەرانی بەزمانێکی سەربەخۆی و جیاوازی دانانێن لە زمانە یەکگرتوو، یان ستاندەر، یان دێرینەکە، بەڵام زمانێکی زیندووە.

٥. زار یان دیالێکت: شێوەیەکی زمانە کە بەندە بەناوچەیەکەوە، بەهۆی واژەو پێکهاتەی ڕێزمانی دەناسرێتەوە و گۆگردنی جیاوازی هەیە و..هتد.

٦.**زمانی بازرگانی**: لە ئەم بابەتەیدا (محەمەد معروف فەتتاح ) لە هۆکاری دروستبوون و پەرەسەندن و ناساندنی هەریەك لەو جۆرانەی زمان دواوە. لە پێناسەکاندا باسی ناوچەیەکی جوگرافیای کردووە، پێناسەی زمانی یەکگرتوو لەگەڵ زمانی ستاندارد کەمێك تێکەڵی یەکتری کردووە،.چونکە زمانی یەکگرتوو بەتایبەت لە ناوچەی جوگرافیای کوردیدا، زمانی ئەدەبی ئەو ناوچە بووە بە زمانی یەکگرتووی ئەدەبی نەك زمانی کارگێڕی (مەلای جەزیری، لە ناوچەی جەزیری بەکرمانجی ژوروو. نالی، لە ناوچەی بابان بە دیالێکتی ناوەڕاست) بەڵام لەسەردەمی مەغۆلی و سەلجوقییەکانەوە تا سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی، کە عەرەبی زمانی زانست و فارسیش زمانی ئەدەبی و نامەناردنی فەرمی بووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فەرهاد پیرباڵ (٢٠٠٨: ١٢). لە بواری کارگێڕیدا زمانی فارسی/ عەرەبی بەکارهاتووە، لە ڕوژهەڵاتی ناوەڕاستدا کوردیش لە نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەژمار کراوە بۆیە ناکرێت زمانی یەکگرتوو تێکەڵ بەزمانی ستاندار بکرێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد معروف فەتتاح (٢٠٠٨: ٣–٩).

((ژیانی مرۆڤ پێویستی بەدەوروبەری جۆر بە جۆرە، هەریەك لەم دەوروبەرانەیش پێویستی بەشێوازی جیاجیا هەیە، کەواتە ئیشی ئێمە ئەوەیە، کە لەو شێوازە جیاجیایانە بکۆڵینەوە))[٣٥].

لە زانستی زماندا، ئەوەی مادە و کەرەستەی خامەیە، بە دەست لێکۆڵەرانەوە دانەی (دەنگ/ وشە/ ڕستە)کانی زمانە، بەڵام لە ڕوانگەی جیاواز جیاوازەوە تەماشایانکراوە. هێزو گرنگیی زمان و بەهای زمان لە ئەوەدا کۆبووەتەوە، لە هەر گۆشەنیگایەکەوە تەماشاییکەین، دەتوانین لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین و بەسەر جۆر و بەش و ژمارەکاندا دابەشبکەین، بۆنمونە دەتوانین لەڕووی "ستراکچەرەوە" پێکهاتەوە، یان خزمایەتی، یان لە ڕووی ڕیزبوونی ڕێزمانی دابەشیبکەین، هەندێك لە ئەو کەسانەی کەشارەزا و پسپۆری زمانن، لە ڕوانگەی ڕامیارییەوە زمانی کوردییان بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشکردووە[٣٦]. ئەم دابەشکردنانەیش بارودۆخی زمانی میللەتێك دەخاتەڕوو.

تا ئێستا بەگشتی قسەمان لەسەر زمان کردووە، بەڵام ئەگەر زیاتر وردبینەوە و زمانی کوردی بەنمونە وەربگرین، کاتێك تەماشای بەشە دابڕاوەکانی تری زمانی کوردی دەکەین بە هۆی دابەشکردنییەوە، زۆربەی دیاردە زمانییەکانی تێدادەبینرێت، هەر پارچەیەکی تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بە کورتی ڕووماڵێکی دەکەین بۆ نمونە، ناوچەی باشوری کوردستان (دیالێکتی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروو) زمانی میری (کوردی) و زمانی میری هاوبەش (عەرەبی) تێدادەبینرێت، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش شێوەی زمانی چاولێپۆشراو کوردی بەدیدەکرێت، کە بەهۆی ئەوەی خوێندن بە زمانی کوردی نییە خوێندنەوەیش بەزمانی کوردی کەم وسنورداره، کەمی پەخشی ڕاگەیاندن لە ناوچەکوردییەکاندا دەبینرێت. ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی بکرێت، ئەوکات لێکۆڵینەوەکە

---

[٣٥] - بەکر عومەر علی و شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٦: ٣٢)

[٣٦] – بۆ نمونە بەپێی هۆکاری ڕامیاری"میری" زمانی کوردی بۆ چەند جۆرێك دابەشکراوە:

١. **تاکە زمان:** ئەو زمانەیە کە تەنیا خۆی زمانی میری و نیشتیمانی وڵاتێکە وەك: عەرەبی (فوسحە) لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا.

٢. **زمانی میری هاوبەش:** بەئەو زمانە دەگوترێت، کە شان بەشانی زمانی میری، زمانێکی تری میری و نیشتیمانی بەکاردێت وەك: فەرەنسی و ئینگلیزی لە کامیرۆن.

٣. **زمانی میری هاندراو:** ئەو زمانەیە، کە لە ناوچەیەك دا پلەی زمانی میری و نیشتیمانی هەبێت یان بەئەرکی ئەو هەڵسێت وەك زمانی فەرەنسی لە کیوبیك.

٤. **زمانی هاندراو:** ئەو زمانەیە کە هەرچەندە پلەی میری و نیشتیمانی ناوچەی نییە، دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەڵکی لێوەردەگرن و لە دیدارو چاوپێکەوتن و هەندێك بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی دا بەکاریدەهێنن.

٥. **زمانی چاولێپۆشراو:** ئەو زمانەیە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، نەهانی بەکارهێنانی دەدەن و نە ڕێگەیشی لێدەگرێت، بەڵکو چاوی لێدەپۆشن و هەقی بەسەریەوە نەماوە، وەك زمانی کۆچەرەکانی ئینگلتەرا.

٦– **زمانی قەدەغەکراو:** ئەو زمانەیە کە میری دانی پێدا نەناوە حەزناکات بەکاربێت و هەوڵی ئەوەش دەدات نەهێڵێ قسەی پێ بکرێ بەتایبەتی لە شوێنە گشتی یەکاندا وەك زمانی کوردی لە تورکیا..بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (محمد معروف فەتتاح، سنور و بنەماو ئەرکەکانی کۆزمانەوانی، گ.ڕۆشنبیری نوێ ،٢٠٠٦: ژ: ١١٢، ل: ١٢٥– ١٢٨)

بەزمانی فارسی دادەڕێژرێت. هاوکات نوسینی ناونیشانی دوکان و فرۆشگاو شوێنە کارگێڕییەکان هەر بەزمانی فارسی دەنوسرێت، چونکە بەزمانی کوردی نوسین بۆ ناونیشان یاساغە و قەدەغەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەفارسیکردنی ناوی گوند و شارۆچکە و شارو پارێزگاکانی کورد دەبینرێت، بۆنمونە جوانڕۆ کراوە بە (جوان روود) و گوندی (نەی) کراوە بە (نی)، گوندی (شەش مێر) بە (شمشێر)نوسراووە، قوڕەقەڵا لەڕووی مێژوویەوە دوومین ئەشکەوتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا دروستکراوە،
بە (غارو قوری قلعە) ناونیشانی لەسەر نوسراوە. ئەم شوێنانە لە نێوان ناوچەی مەریوان تا شاری جوانڕۆیە، دووری نێوانیان نزیکەی(١٩٥ کم)ە، وێڕای ناردنی ئالۆزی(تەشویش) بۆ سەر پەخشی کەناڵە ئاسمانییەکان، بەتایبەت کەناڵی ئاسمانی کوردی، لە ئەو ناوچانەدا منداڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندنیان بەزمانی فارسییە، بۆیە جۆرێك لە تێکەڵی لە نێو بەکارهێنانی زمانیاندا هەیە. خوێندەوارەکانیان زیاتر وشەی فارسی بە (تایبەت لە ناوچەی کرماشان) بەکاردەهێنن، زۆر کورد لە ئەم ناوچانەدا هەیە، ناتوانن بە زمانی کوردی بنووسن، یان بەزمانی کوردی بخوێننەوە، لە کاتێکدا دەتوانن بەزمانی کوردی قسەبکەن. کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوسین و خوێندنەوەیان بە زمانی فارسی باشترە تا زمانێك، کە زمانی دایکیانە و لە منداڵییەوە فێریبوون.

لە ئەم ناوچە کوردنشینەدا، ئێران سیاسەتێکی زۆر بەهێز و سەرکەوتوو بۆ پەراوێزخستنی زمانی کوردی، هەر بۆیە لە سەر ئاستی پارێزگاکان لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی کراوە، بۆ نمونە (کرماشان، سنە، سەقز، دیالێکتی گۆران)، بەڵام چاپکردنی کتێبەکانیان بە زمانی فارسی بووە، بە زاراوەی زمانی فارسی لە دەستور و ڕێزمانی زمانی کوردی لێکۆڵینەوەکان کراون. ئەم بارودۆخەیش کەمتر خزمەت بە زمانی کوردی دەکات، بارودۆخی ڕامیاری لەسەر گەشەونمای زمان کاریگەری زۆری هەیە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە شێوەیەك زمانی فارسی کاریگەری کردووەتە سەر زمانی کوردی و ئاخێوەرانی زمانی کوردی هەر ئەوەندە کوردانی خەڵکی ئەو ناوچە قسەبکەن، دەزانرێت خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، بۆیە لە ئەو ناوچەیەدا بە تایبەت خوێندەوارەکانیان لەکاتی ئاخاوتنیاندا ئاوازی قسەکردنیان لە فارسییەوە نزیکترە و فۆڕمی فارسی وشەکان زیاتر بەکاردەهێنن. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی سەردانکردنی ناوەندە کارگێڕییەکاندا بە ئەم شێوەیە ناوی شوێنی نیشتەجێبونی دەوروبەریان دەردەبڕن(دی و دبستان، پەخش، شارستان، ئوستان) ئەم وشانە وەك فارسەکان، لە کاتی ناوهێنانی ناوچەی نێشتەجێبوونیان بەکاردەهێنن، واتە لە بواری کارگێڕیدا وشەی زمانی کوردی زۆر کەم بەکاردەهێنرێت، ئەگەرچی بەرانبەر ئەو وشە و فۆڕمانەی زمانی فارسی لە زمانی کوردیدا وشەی ڕەسەن و دێرینی کوردی هەیە.

شێوەی زمانی کوردی لەم ناوچانەدا بە بەراورد بەباشوری کوردستان شێوازێکی تری زمانی کوردییە، کە پڕە لە ئەو وشانەی بە فۆڕمی فارسی گۆدەکرێن، زۆر لە ئەو وشانە لەزمانی کوردیدا هەیە، بەڵام فۆڕمی فارسییەکەی بۆ نموونە {چاە} لەبری{ بیری ئاو} بەکاردەهێنن.

له دیالێکتی ناوەڕاستدا، هەر چۆن ئەکسێنتی هەولێری و سلێمانی دەبینرێت، هاوشێوەی ئەمەیش لە نێوان سنە و سەقزدا دەبینرێت[٣٧]، کە ئەم دوو شوێنەیش لە نێو دیالێکتی ناوەڕاستدا ئەژمارکراون، بە ئەم شێوەیەی خشتەی ژمارە (١) جیاکراونەتەوە

| ((خشتەی ژمارە (١) جیاوازی دەربڕینی ئەکسێنت لە دیالێکتی ناوەڕاستدا)) [٣٨] | | |
|---|---|---|
| دەربڕینی وشە لەسلێمانیدا | دەربڕینی وشە لە سەقزدا | دەربڕینی وشە لەسنەدا |
| تۆراو | توراوی( ی: بە"ی" نەرم ناو زەدکراوە) | توراگ |
| داماو | دامای | داماگ |
| بەستراو | بەسیای | بەساگ |

ئەگەر تەماشای خشتەی (١) بکەین، /و/← /ی/ ← /گ/ گۆڕاوە، هەر کاتێك لێکۆڵینەوەی مەیدانی زیاتر لە ئەم بوارەدا بکرێت، زۆر بابەتی ورد و شێوەی جیاوازیی دەربڕین لە ئاستی دەنگ و فۆرمی جیاواز بۆ ناولێنانی کەرەستەکانی بەردەستی مرۆڤ لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا دەبینرێت[٣٩]، لە باشوری کوردستاندا لە ناوچەی پارێزگاری هەڵەبجە و دەوروبەریدا ئەوە دەبینرێت، کە (عەشیرەتی نەوڕۆلی و کۆکۆیی مۆردینی و ئێناخییەکان، کەزۆربەی دانیشتوانی هەڵەبجە پێکدەهێنن)، زۆربەی کات دەنگی /گ/ لە کۆتایی وشەدا بەتایبەت لە گوندەکاندا بەکاردەهێنن، کە لە درەختی زمانی کوردیدا بە دیالێکتی ناوەراست دیاریکراوە، ئاشکرایە دیالێکتی ناوەڕاست ناوچەی موکریان و شارو گوندەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانیش دەگرێتەوە. لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا ئەگەر هۆکاری ڕامیاری لە بەفارسیکردن و پەراوێزکردنی زمانی کوردی بەردەوام بێت، شێوازێکی جیاواز لە زمانی کوردی لە ماوەی چەند ساڵێکی تردا لە ئەو ناوچانەدا دێتەئاراوە، بە شێوەیەك کوردی باشوری کوردستان بەئاسانی لە شێوەی ئاخاوتنی کوردی هەندێك لە ئەو ناوچانەی ڕۆژهەلات تێناگەن، بە تایبەت ناوچەی کرماشان دانیشتوانی کوردی ئەو ناوچەیە کە بەزۆری لوڕ وکەڵهوڕن، بەڵام زیاتر زمانی فارسی بۆ گفتوگۆ لە دەرەوەی ماڵدا بەکاردەهێنن، بە شێوەیەك هەستی خۆبەکورد زانین (زیاتر لە لایەن نەوەی نوێوە) بەرەو کەمبوونەوە چووە.

---

[٣٧]– ئەم زانیاریانە ئەنجامی کارێکی مەیدانی لێکۆڵەرە، لە ناوچەکانی رۆژهەلاتی کوردستاندا گفتوگۆی لەگەڵ خەڵکی تەمەن جیاواز کردووە، بەمەستی زانیاری پەیداکردن لە ڕێکەوتی ٦/١/ ٢٠١٤ دا سەردانی پارچە کوردییەکانی تری کوردستانی کردووە.

[٣٨]– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مستفی کاوە (١٣٨٦: ١٣٢– ١٣٩) .

[٣٩]– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مستفی کاوە (١٣٨٦: ٥٥ – ٩٥) بکە، بەوردی جیاوازی نێوان ئەکسێنتی سنە و سەقزی ڕۆژهەلاتی کوردستانی کردووە.

ئەم بابەتە گەشتێکی خێرا بوو بە نێو زمانی کوردیدا، لە هەندێك شوێنی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، شێوازی دەربڕینی وشەی ئەو ناوچانە لە نێو زمانی کوردیدا، تا ڕادەیەك خرایەڕوو، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵاتییەوە، بەپێی ئاستی ئاسۆیی، یان ستوونی زمان بمانەوێت دابەشیبکەین و جۆرەکانی دیارییبکەین، لە نێو یەك زماندا ئاسانترە، چونکە ئەم کارە لە نێو زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لای میللەتانی تر کراوە، ئێمەیش بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکەو پێویستیی کارەکە بەپێی ئاستی ستونی جۆرەکانی زمان دابەشدەکەین. بۆ ئەم مەبەستەیش سود لە دابەشکردنی جۆرەکانی زمان لای دێڵ هایمز (Dell Hymes)[٤٠] وەردەگرین.

---

[٤٠]– دابەشکردنی زمانی ئینگلیزی لای (هایمز) بۆ دە جۆر جۆرێك لەئاسانکاری کردووە، بۆ ئەوەی بتوانین وردبونەوە لە زمانی کوردیدا بکەین، بەم شێوەیە ئەو جۆرانە باسدەکات:

**١. ئینگلیزی ستاندارد:** ئەم جۆرەی زمانی ئینگلیزی سەربەخۆیە، کورت ناکرێتەوە و تا ڕادەیەك تێکەڵەو دەستوری ڕاست و دروستی هەیە. ئینگلیزی ستاندارد بنەماو یاساکانی زۆرینەی کۆمەڵە زمانیەکانی بەریتانیا، ئەمریکای باکور، ناوەڕاست و باشوری ئەفریقا، ئوسترالیا و..هتد، دەگرێتەوە، ئەمانە هاوبەشن لە ڕێزمان و وشەکان و ڕەوانبێژی لەکاتی قسەکردندا و هاوشانی ئەمەیش بە ئاستێکی بەرز ڕێز لە جیاوازیی دەربڕینەکانیان (فۆنۆلۆژییەکان) دەگرن.

٢. **ئینگلیزی کلاسیك:** ئینگلیزی کلاسیك جیاوازە لە زمانی ستانداردی ئەمڕۆ، تەنیا لە ڕووی بەربڵاوی و زیندوێتییەوە.

**٣. ئینگلیزی گشتی** (زمانی ڕۆژانەی خەڵك): لە لایەن یونسکۆوە پێشنیاز کراوە، بە ئەم شێوەیە پێناسەی بۆ بکرێت " زمانی دایکی گروپێکە، لە ڕووی ڕامیارییەوە گروپێکی تر باڵادەستە بەسەریاندا، کە بەزمانێکی تر قسەدەکەن. ئەم پێناسەیە زمانی گشتی لە زاراوەی دیالێکت جیادەکاتەوە، تەنیا لەو ڕووەوەی کە بۆ گفتوگۆ سەربەخۆیە، بەڵام دیالێکت سەربەخۆ نییە.

**٤. دیالێکتی ئینگلیزی:** تراسك پێناسەی دیالێکت دەکات و دەڵێت" جۆرێکی تایبەتە لە جۆرەکانی زمان، لە لایەن گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراوەوە لە ناوچەی جوگرفیای دیارکراودا بەکاردەهێنرێت.

**٥. ئینگلیزی هاوبەش:** زمانی هاوبەش، لە هەردوو جۆری (٣ و ٤) جیاوازە، لە ڕووی ئاستی تێکەڵی پێکهاتەکان و کورت کردنەوەیدا، مەبەست لە ئەم جۆرە زمانە ئەوەیە، کە لە ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە زمانی یەکێك لە باوانیان ئینگلیزەو ئەوی تر خەڵکی وڵاتی ترە، لەم ڕووەوە زمانی ئینگلیزی هاوبەش بنەڕەتەکەی بریتییە لە: ئینگلیزی و چەند زمانێکی ئەفریقای ڕۆژئاوا، ئەم جۆرە جیاوازییانەی زمانی ئینگلیزی بە ئەم جۆرە دروستدەبن ڕێزمان(گرامەر) و فۆنۆلۆجی(دەربڕین) و لیکسیکۆنەکانیان، یان زیاتر لە زمانە یاریدەدەرەکە وەردەگرن وەك ئەوەی لە زمانی ئینگلیزیی وەربگرن.

**٦. ئینگلیزی ئاسانکراو:** (pidgin english) ئەم جۆرە بە ئەوە جیادەکرێتەوە، کە زۆر بەربڵاو نییە و زۆر چالاك نییە، چونکە بە پێچەوانەی زمانی هاوبەش و زمانە سروشتیەکانەوە، ئەم جۆرەی زمان هیچ نێوەندێکی زمانی سەرەتای و زمانی یەکەمی نییە، بەڵام دەستوری ڕاست و دروستی هەیە.

**٧. ئینگلیزی دەستکرد**:(Artical English) ئەم جۆرە لە زمانی ئینگلیزی، نێوەندێکی (پلەیەکی/مەودا/ ئاستێکی) زمانی یەکەم و تایبەتمەندی مێژوویی نییە.

**٨. ئەو کەسانەی بەڕەچەڵەك و بە زمان ئینگلیزی نین و بەئینگلیزی قسەدەکەن، بەزمانی ئینگلیزی پێیان دەگوترێت**:(Foreigenr Talk English) ئەم جۆرە لە ڕووی دەربڕین و وشەوە تایبەتمەندی زۆری هەیە. دوای ئەم هەشت جۆرە (هایمز) باسی دوو شێوازی تری زمان دەکات، بەهۆی فراوانبون و بڵاوبونەوەی زمانی ئینگلیزی هاتوەتەئاراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە

:Jukil, Mahmood, A (٢٠٠٤: ١٢–١٠)

(دێڵ هایمز) کاتێك لێکۆڵینەوەی لە زمانی ئینگلیزیدا کرد، زمانی بۆ (١٠)جۆر دابەشکرد، ئەمەیش بەهۆی بوونی کەرەستە و داتای پێویست کە لە بەردەستیدا هەبوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی ڕووبەری زمانی کوردی وەك زمانی ئینگلیزی (بۆ بەکارهێنان) فراوان نییە، ناتوانین ئەم دابەشکردنە وەك خۆی کتومت وەربگرین، بەڵکو زیاتر باس لە بارودۆخی زمانی کوردی لە دیالێکتی ناوەڕاستدا دەکەین، باس لە لقوپۆپەکانی لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە دەکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشیدەکەین.

## ١-٢/١) زمانی ستاندارد:

ئەو زمانەی لە منداڵیدا لە دەوروبەرەوە وەریدەگرین و فێریدەبین و دووبارەی دەکەینەوە، زمانی ستاندارد نییە، بەڵکو ئەوە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەیە، چونکە لە ئاخاوتنی چواردەورمانەوە بە شێوەیەکی سروشتی ئەو شێوە زمانە دەبیستین، مەرج نییە ئەوەی دەیبیستین وەك خۆی بتوانین دووبارەی بکەینەوە و دەریبڕینەوە. ئاشکرایە، لە منداڵیدا خاڵی سەرەتای زمانپژان و زمان وەرگرتن، لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە دەبێت و لەگەڵ ئەوەیشدا دواتر ئەوەی بیستومانە (زیاتر لە ئەوەیش) دەتوانین لە ڕێگەی دەنگەوە دەریبڕینەوە، یان بینوسینەوە. ئەگەر هەستی بیستن کارانەبوو، بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤ ناتوانێت قسەبکات، بۆیە جۆرێکی تر لە زمان دێتەئاراوە کەپێی دەگوترێت زمانی ئاماژە، کە کەڕولاڵەکان " نابیستان" بەکاریدەهێنن، ئەم جۆرە کەسانە لە نێو خۆیاندا لەسەر ئاماژەکان ڕێکدەکەون و لە ئەم ڕێگەیەوە یەکتری تێدەگەیەنن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدرێت، ئەوەیە ئەم شێوەی زمانیش (کەڕولاڵ)، وەك ستاندارد ناوەزەد ناکرێت، چونکە زیاتر ئاماژە بەکاردەهێنن و دەربڕینی دەنگییان زۆرکەمە، لە هەموو میللەتێکیشدا ڕێژەی کەڕولاڵەکان لە خەڵکە ئاساییەکە زۆر کەمترە و بەراورد ناکرێت، بەڵام دەکرێت هێمای تایبەتی خۆیان هەبێت و فێربکرێن، وەك لە ئەمریکادا هەیە، لە ئەم گۆشەنیگاوە دەتوانرێت وەك جۆرێکی ستانداردی نێوخۆیی بۆ کەڕولاڵەکان ناوزەدبکرێت[٤١]. کاتێك لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ڕێکخستنی زمان لە بواری زماندا لێکۆڵینەوە دەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی دووجۆر زمان دیاریدەکرێت، ئەویش ( زمانی ستاندارد، زمانی گشتی) ییە. زمانی ستاندارد لە نێو زمانی خەڵکەوە بەبڕیارێکی ڕامیاری، یان ئایینی یان زانستی هەڵدەبژێرێت[٤٢]، واتە هۆکارەکەی هەرچییەك بێت دواجار پێویستی بەبڕیارێك هەیە.

---

[٤١] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محەمەد ڕەزا باتنی، و: ئاکۆ عەبدڵڵە کەریم (٢٠١٥: ٣٠-٣٣)

[٤٢]– زمانی ستاندار: لە زمانی عەرەبیدا بە (فوسحە) ناسراوە، ئەم زمانە زمانی: قورئان، فەرموودە، شیعر، پەخشان و وتارە، لە بەرهەمهێنانی بەرهەمی بیرو ئاوەزیدا، زمانی فێرکردنە لە قوتابخانەکاندا کارییێدەکرێت. هاوکات زمانی وانە وتنەوەو فێرکردنە لە پەیمانگاو زانکۆکاندا، لە چاپدانی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و سەرچاوە جیاوازەکان لە نێو کتێبخانە فەرمی و

زمانی ستاندارد لە ڕوانگەیی زانستییەوە خزمەت دەکرێت و لە بواری وەرگێڕان و دانانی زاراوە و..هتد، ڕێکخستنی بۆدەکرێت، چونکە لە بواری فەرمی و کارگێریدا بەکاردەهێنرێت. هەروەها زمانی ستاندارد لە نێو یەك میللەتدا دەکرێت یەك دیالێکتی زمان بێت، یان لە دانەیەك زیاتر بێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نەتەوەی جیاواز جیاواز لە نێو ئەو میللەتەدا دەژین، بۆ ڕێزگرتن(هەستی ناوچەگەری/نەتەوەی) لە جیاوازییەکانی کۆمەڵ دوو زمان ستاندارد، یان زیاتر هەڵدەبژێرێن، یان ئەوەیش دەبینرێت، کە زمانی ستاندار زمانی چینی سەرەوەی کۆمەڵەکە بووە، کە گفتۆگۆیان پێکردووە وەك ستاندارد هەڵبژێردراوە و لەئاستی شێوەکان"دیالێکتەکان" ی تری زمانەکەدا چاوداخراوە[٤٣]

## ١/٢-١-١) پێناسەی زمانی ستاندارد

پێناسەی زمانی ستاندارد زۆرکراوە، کۆی پێناسەکان بەهای ئەم دیاردە زمانییە پیشاندەدەن، دەتوانرێت بگوترێت زمانی ستاندارد[٤٤]

---

نافەرمیەکاندا، زمانی (فوسحە) کارییێدەکرێت.(فوسحە) یاسا و دەستوری ڕێزمانی (وشەسازیی و ڕستەسازیی) پەیوەست بەخۆی هەیە، بەڵام ئێستا شێوەی میسری شانکێی زمانی (فوسحە) تا ڕادەیەکی باشدەکات، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد عبداللە عطوات (٢٠١٢:٧٠)

[٤٣]- فۆڕمی ستانداردی زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی، یان سویدی لە کۆی هاوبەشی زمانی خەڵکەوە نەهاتووە، بەڵکو ئەو زمانە بووە، لە دەرباری پاشاکاندا بەکارهاتووە، کە لە چینی سەرەوەی کۆمەڵگا بوون، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڕەفیق سابیر (٢٠٠٨: ٢١-٢٢).

[٤٤]- ا. لە ڕووی زاراوەوە وشەی ستاندارد، وەك ئاوەڵناو بە واتای (پێوانە:میعیار) بۆ وەسفکردنی شتێك بەکارهاتووە. وەك پۆلە ڕەگەزی ناوێکیش لە بواری سەربازیدا بەکارهاتووە، کە بەواتای کۆکردنەوەی هێزی سەربازی لە ژێر یەك خاڵدا هاتووە، ئێستایش بۆ کۆکردنەوەی هێزی زمانی میللەتێکە لە ژێر زمانێکی دیاریکراودا. واتە واتاکەی پێوەندی لەگەڵ واتای کۆنی وشەکەدا نەپچڕاوە. لە زمانی فەڕەنسی کۆندا بە(estandart) گۆکراوە، بەواتای (ئاڵا یان بەیداخ) گەیاندووە، لە سەردەمی کۆندا خەڵکی لە ژێر ئاڵایەك کۆبوونەتەوە و هێزی خۆیان یەکخستووە بۆ هێرشکردن یان بەرگریکردن، بەڵام ئێستایش ئەم وشەیە لەواتای کۆنی خۆی نەپچڕاوە، کاتێك وەك (زمانی ستاندارد) گۆدەکرێت و دەنوسرێت کۆکردنەوەی هێزی نەتەوەیەك لەزمانەکەیدا دەردەخات. لە ڕوانگەی واتای مێژوویەوە (ئیتیمۆلۆژی) تەماشای وشەی ستاندارد بکەین، لە کۆندا بۆ کۆبونەوەی هێز بەکارهاتووە لە ژێر یەك سەیوان / ئاڵادا، لە ئێستاشدا ئەگەرتەماشابکەین زمانی ستاندرد بۆ یەکخستنی هێزی میللەتێکە، بەڵام لە نێو زماندا بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: واتای ئیتمۆلۆژی ستاندارد لە فەرهەنگی ئینتەرنێتدا، کە لەساڵی (٢٠٠١) دامەزراوە، ئیتیمۆلۆژی وشەی ئینگلیزی بەپێی قۆناخی مێژوو تێدایە:-http://www.etymonline.com-standard

ب. لە زمانی فەرەنسیدا، شێوەی قسەکردنی شاری پاریس وەك ستاندارد هەڵبژێردرا، بەهۆی گرنگی ئەو شارەوە بوو لە ڕووی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە لە سەدەی دوانزەیەمەوە بە درێژای ئەو ماوەیە ناوچەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتی فەرەنسا بووە، تا ئەو ساتەی زمانەکەی وەك زمانی ستاندارد هەڵبژێردرا بۆ زانیاری بڕوانە:

Thomas, j (٢٠١٠: ١٧-١٨)

((ئەو جۆرە زمانەیە، کە جیاوازییە زمانییەکان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە کپدەکاتەوە))[٤٥] لەڕێگەی زمانی ستانداردەوە ئەو جۆرە جیاوازییانەی نێو یەك زمان ڕێکدەخرێتو لە یەکتری نزیکدەکرێتەوە، لە چوارچێوەی زمانێکی فەرمیدا و لە دامەزراوە فەرمییەکانی میللەتەکەدا بەکاردەهێنرێت، ئەمەیش وردە وردە خەڵکی لەگەڵیدا ڕادێت بە شێوەیەکی ئارەزومەندانە بەکاردەهێنرێت. زمانی ستاندارد لە ڕووی نوسین و ڕێزمان و وشە و شێوازی گۆکردنەوە تا ڕادەیەکی باش پێویستی بە چاودێریکردن هەیە. سەرەڕای ئەم پێناسە و بۆچونانەی سەرەوە لە سەر زمانی ستاندارد. بۆ چوون زۆرە. ((هەندێ جار شێوازی خوێندنەوە بەزارێك، زارێك دەکاتە ستاندارد، ئەوەتا لە بەریتانیا بە ئینگلیزی BBC و ئینگلیزی ئۆکسفۆرد دەڵێن ئینگلیزی ستاندارد))[٤٦]، یان (زمانی ستاندارد، ئەو زمانەیە کە سنوری ناوچەگەرێتی دەبەزێنێت و دەبێتە زمانی نیشتیمانی یان سەرتاسەری و دەستبەسەر زاراوەکانی تردا دەگرێت و لە چوارچێوەی ئاخاوتندا قەتیسیان دەکات)[٤٧].

بە بڕوای (محەمەد مەعروف فەتتاح)، زمانی ستاندارد ((ئەو شێوەیە بە هەموو هەنگاوەکانی یەکگرتندا تێپەریوە و خاوەنی دەستوورو فەرهەنگەو لە کارگێریدا بەکار دێ بەڵام لە سەرتاپای ناوچەیەکی جوگرافیدا ڕەزامەندی خەڵکی وەرنەگرتووە))[٤٨] ، لێرەدا مەبەست لە ناوچەی جوگرافیای، هەموو میللەتەکەیە، چونکە هیچ کات هەموو خەڵکی بەگشتی دەست بەرداری شێوەی زمانی خۆیان نابن وبەکاریدەهێنن، لە کاتێکدا نەبێت کاری کارگێڕیان هەبێت، یان وەك پێویستییەك بۆ کاربەڕێکردن لە نێو پڕۆسەی کارگێڕیدا، زمانی ستاندارد بەکاردەهێنن. هەندێك کات ئەگەر ستانداردەکە بە تەواوی بڵاونەبووبێتەوە و خەڵکی فێرنەبووبن، پێدەچێت بە شێوەی تایبەتیی ناوچەیی ئاخاوتن بکرێت، چونکە ئاسان نییە شێوەی دەربڕینی هەرێمی جوگرافی لە ماوەیەکی کەمدا بەتەواوی بگۆڕێت، بەڵکو پێویستیی بە کات و ئەزموونکردن هەیە. وێڕای ئەوەیش مەرج نییە، کە زمانی ستاندارد دیاری کرا، بە خێرایی هەموو دانیشتوانی نێو سنورێکی دیاریکراو بڵاوبێتەوە و بیزانن و بەکاریبهێنن[٤٩]، لە بەر ئەوە دەتوانرێت بگوترێت زمانی ستاندارد: ئەو زمانەیە کەهەڵێدەبژێرێت و دەکرێت بە زمانی ستاندارد، لە نێو زمانەکەدا لە ڕوانگەی ڕێکخستن و خزمەتکردنەوە زۆربەی کات شێوازێکی جیاوازە، چونکە ئەم شێوەیە دەبێتە ناوەندی گرنگیپێدان و خزمەتکردن، یان وەك ئاوێنەیەکی لێدێت، شێوەکانی تری زمانەکە خۆیانی تێدادەبیننەوە.واتە لە ژێر سەیوانی ستانداردەکەدا بەپێی بارودۆخی ژیان هەڵدەکەن.

---

[٤٥]-Thomas, j - (٢٠١٠:١٧-١٨)

[٤٦]– سەلام ناوخۆش (٢٠١٠: ٩٣)

[٤٧]– کامیار سابیر (٢٠٠٩: ٤٠)

[٤٨]– محەمەد مەعرووف فەتتاح (٢٠٠٨: ٤)

[٤٩]– لە ساڵی (١٧٩٠) دا، تەنیا لە سەدا(١٠٪) خەڵکی فەرەنسا زمانی فەرەنسایان زانیووە، لە ساڵی (١٨٧٣) دا زیاتر لە چواریەکی خەڵکی فەرەنسا لە زمانی فەرەنسی گەیشتوون بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڕەفیق سابیر (٢٠٠٨ :٢١).

(بەكر عومەر عەلی) زمانی ستاندارد وەك زارێك دەبینێت، كە بەهۆی چەند هۆكارێكەوە شیاوی ئەوەی تێدایە، بۆ زاری ستاندارد هەڵبژێرێت، ئەو پسپۆرە بەم شێوەیە زمانی ستاندارد پێناسە دەكات و دەڵێت:((بریتیە لە زمانی رەسمی میللەتێك كە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا كاری پێ دەكرێ بۆ ڕاپەڕاندی كارەكانی، بەواتایەكی تر ئەو زمانەیە كە لەدامودەستگای ڕەسمی و ناڕەسمیەكاندا وەك (وەزارەت وفەرمانگە و رێكخراوەكان و مامەڵە بازرگانییە جۆربەجۆرەكانا بەكاردەهێنرێ))، هەروەها زمانی خوێندن ودەستگاكانی ڕاگەیاندنیش(ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕادیۆ تەلەڤزیۆن...) دەبێ ))[٥٠].

هاوكات (محەمەدی مەحویی)، هەڵبژاردنی شێوەیەكی زمان لە نێو شێوەكانی تری هەمان زماندا وەك زمانی كوردی، كە بە (زمانی باڵا) ناویدەبات، بە ئەم شێوەیە پێناسەی دەكات، (زمانی باڵا لە دیالێكت یان زارێك هەڵدەهێنجرێت، كە پێویستی و مەرجەكانی هەڵاوێركردنی بۆ ئەو مەبەستە تێدایە، هەر بۆیە دیالێكتی ناوەڕاست لە درێژای سەدەی پێشودا، خۆی وەك ئەو زمانە هێناوەتە پێشەوە وئەو ئەركەی تا ڕادەیەكی باش بەجێیهێناوە)[٥١]. ئەگەرچی ئاماژەی بە ئەوە داوە، كە (زاری هەورامی و زاری سلێمانی هاوبەشییان لە مۆدیلی ڕێزماندا هەیە، كرداری ئالۆزیان لە ڕستەدا شكاوەتەوە، زاری هەورامی و كرمانجی سەروو هەم پێڕەوی ئێرگەتیڤی تەواو و هەم پێڕەوی توخمی تەواویان هەیە، لە ئەم زانیارییەوە ئەوە ئاشكرا دەبێت، كە موتوربەكردنی دیالێكتەكان لەگەڵ یەكتریدا بۆ پێكهێنانی زمانی یەكگرتوو ئەگەری جێبەجێكردنی نییە)[٥٢]، مەبەستی ئەوەیە مەرج نییە دیالێكتێك، یان شێوەیەكی زمان هەڵبژێرێت، كە لە دیالێكتەكانی تری زمانەكەوە لە ڕووی ڕێزمانەوە لە یەكتری نزیك بێت، بە هۆی ئەم هۆكارەوە بۆ شێوەی باڵای زمانی كوردی هەڵبژێردرێت، چونكە لەبویەر(واقیع، جیهان)دا مەرج نییە گونجاو بێت، هەر ئەو مەرجەیش پێویست نییە، بەڵكو پەیوەستە بە كۆمەڵێك هۆكاری ڕامیاری و ڕۆشنبیری ترەوە. وێڕای ئەوەیش بۆ ئێستای زمانی ستانداردی كوردی تێكەڵكردنی دیالێكتەكان لەبار نییە، بەڵام ئەو زمانەی باوە لە ئێستادا بەپێی ڕێكەوتن بێت، وەك زمانی باڵا دیاریبكرێت، كارێكی باشە. وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، ئەم بابەتە قسەی زۆر لەسەر كراوە، هەندێك جار لەسەر پێناسە و هەندێك جار لەسەر ناونانی دیاردەكە جیاوازیی لە ڕاو بۆچوونەكاندا هەیە.

لەئەم لێكۆڵینەوەدا بۆیە زاراوەی زمانی ستاندارد هەڵدەبژێرین، چونكە وەك زاراوەیەكی زانستی زمانی جیهانیی لێیدەڕوانین، كە پرۆسەیەكی ئالۆزە كاتێك بمانەوێت لێیبكۆڵینەوە، بەڵام دەتوانرێت بناسرێت و شیبكرێتەوە. گرنگیی زمانی ستاندارد لە ئەوەدایە، جۆرێك لە یەكگرتوویی و بەهێزی بۆ میللەتێك دروستدەكات، بەشێوەیەك زیاتر هەست بە بەهێزی نێوخۆی خۆیان بكەن لە بەرانبەر هێزی

[٥٠]- بەكر عومەر علی (١٨٧:٢٠١٤)

[٥١]– محمد مەحویی (٢٠٠٥: ٤٣)

[٥٢]- محمد مەحویی (٢٠٠٥: ٤٢)

دەرەكیی زمانی بێگانەدا، چونكە هەر چۆن بێت ئەو زمانەی لە منداڵیدا فێریدەبین، زیاتر خۆشەویستی و توانامان بەسەریدا دەشكێت، بۆ ئەوەی، وەك ئامرازێكی خۆگونجاندن لە نێو ژیاندا بەكاریبهێنین، نەك زمانێكی تر.

## ٢/١–١– ٢) پێوەرەكانی زمانی ستاندارد:

زۆر پێوەر دیاری كراوە، بۆ ئەوەی زمانێكی ستاندارد دیاریبكرێت[٥٣] ، (هدسن) (Hudson)[٥٤] چوار پێوەری دیاریكردووە، بۆ ئەوەی دیالێكتێك (زارێك) وەك ستاندارد دیاریبكرێت، بە ئەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونیكردووەتەوە:

### ا. هەڵبژاردن (Selection)

بەهەر ڕێگە و شێوازێك بێت، پێویستە شێوازێك لە زمان هەڵبژێرێت و گەشەبسێنێت، بۆ ئەوەی وەك زمانی ستاندارد دیاریبكرێت. پێدەچێت جیاوازیی بیر و بۆچوون هەبێت، لە هەڵبژاردنی ئەم شێوازەی زمان (بۆ زمانی ستاندارد) لە نێوان لایەنە سیاسیەكان یان ناوەندە بازرگانییەكان و لایەنە كۆمەڵایەتیەكاندا، بۆیە ئەم هەڵبژاردنەیش كێشەیەكی گەورەیە لە نێوان ئەم هەموو لایەنەدا، بەڵام دەتوانرێت تا ڕادەیەك (ئەگەر لە ڕووی زانستییەوە گونجاو بوو) ئەو دوو شێوازە تێكەڵ بەیەك بكرێت، چونكە پێویستە ئەو شێوازە بڵاوبكرێتەوە، كە خەڵكی ئامادەیی ئەوەیان هەبێت، لە نێو ڕاگەیاندنەكانیاندا بڵاویبكەنەوە و لە نێوخۆیاندا قسەی پێبكەن، گەرچی زۆربەی كات، لە كاتی هەڵبژاردنی شێوازی زمانی ستاندارد بۆ قسەكردن، خەڵكی زمانی دایكیان هەڵدەبژێرن، واتە كاتێك دیالێكتێك لە دیالێكتەكانی زمانێك بۆ ستاندارد هەڵدەبژردرێت، هۆكاری ڕامیاری و كۆمەڵایەتی پاڵنەر و پاڵپشتێكی باشە بۆ ئەوەی كام دیالێكت لە دیالێكتەكان (یان زمان) هەڵبژردرێت.

---

٥٣– (Tomas jenelle) لە كتێبەكەیدا پێنج پێوەری بۆ هەڵبژاردنی زمانی ستاندارد دیاریكردووە، بە كورتی ئەمانەن: (١.هەڵبژاردنی شێوازێكی زمان ٢. تۆماركردن و داڕشتن بە ئەو شێوازە،٣ فراوانكردنی ئەرك ٤. ڕەزامەندبوون. ٥. چاودێریكردن و چاكسازی كردن) بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: Thomas, j (٢٠١٠:٨-١٢)

٥٤ – Hudson,R..A, (١٩٨٠: ٣٢-٣٣)

## ب. تۆمارکردن (Codification)

ئەو دیالێکتەی زمان کە هەڵبژێردرا، پێویستە لە هەندێك ناوەندی بڵاوکردنەوە (وەك ئەکادیمیایەك) تۆماربکرێت و ڕەزامەندی لەسەر ئەو شێوازە دەرببڕێت، کە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی پێبنوسرێت. هاوکات فەرهەنگێك یان کتێبێکی ڕێزمانی بۆ گرێدان و گونجاندنی جیاوازیی نێوان زمانی ستاندارد و شێوازە جیاوازەکانی تردا هەبێت، بۆ ئەوەی خەڵکانێکی تر بیزانن، کام شێوازە بە پلەی یەکەم لە نوسیندا ڕاستە (بەتایبەت بۆ نوسەر، یان ئەکادیمیا، یان دیبلۆماتکارێك)، وەك ستاندارد بەکاریبهێنن، یەکلاییبونەوەی ئەم بابەتە وەك پێویستیەکی گشتی تەماشادەکرێت، لە کاتی فێربووندا بۆ ئەوەی زمان توشی گرفت و لەمپەر نەبێت ئەو شێوازە (فۆرم)ەی ڕاستە لەکاتی نوسیندا بەکاربهێنرێت، هەڵە لەکاتی بەکارهێنان و نوسینی زمانی ستانداردا نەکرێت، کە چەندین ساڵە لەسەری ڕاهاتوین، چونکە هەندێك لە ئەو شێوازانەی (وشە) زۆر مانای جیاواز و ڕەسەن بە شێوازی ئەدەبیانە دەدات بۆنمونە، ئێمە لەکاتی نوسینی کوردیدا{ناوزەد / ناوزەند، خۆپیشاندان / خۆنیشاندان}ئەم فۆڕمانە کامیان بنوسرێت؟ لە کاتێکدا بۆ زمانی ستاندارد{ناوزەد، خۆپیشاندان} زانستیرترە بەڵام ئەو فۆڕمانەی تریش بەکاردەهێنرێت. ئەگەر یاسایەك دەربچێت بگشتیٚ نرێت بەسەر دەمودەستگای فەرمیدا، لەسەر یەکلایکردنەوەی ئەو فۆڕمانە سودی باشی دەبێت. بۆیە واباشترە وشەکانی زمان لە دوتوێی فەرهەنگێکی زانستیدا بە شێوەیەکی زانستی ڕێکبخرێت و تۆماربکرێت، بۆ ئەوەی سودی زیاتر هەبێت، کۆدەنگی زانستی زیاتری لەسەر بکرێت و ڕەزامەندبوون لەسەری بێتەئاراوە.

## پ. فراوانکردنی ئەرك (Elaboration of afunction)

پێویستە زمانە هەڵبژێردراوەکە ئەرکی فراوانبکرێت، لە ناوەندی دەسەڵات و ئەو ناوەندانەی پێوەندیان بە دەسەڵاتی کارگێڕییەوە هەیە، بۆ جێبەجێکردنی کاروبارەکانیان لە (پەرلەمان، دادگا، گوتاردان، پەروەردەو فێرکردن، دۆکیۆمێنتەری زانستەکان (زانستی پەتی و وێژەی) بەهەموو جۆرەکانیانەوە ئەو زمانە بەکاربهێنرێت، ئەمەش پێویست بە ئەوە دەکات، زاراوەکان یەکبخرێت، بۆ ئەم مەبەستەیش واباشترە کۆنفرانسی زانستیی نویٚ ببەسترێت، بۆ بەکارهێنانی فۆڕمی ئەو زاراوانەی لە بواری زانستیدا بەکاردەهێنرێت. هەروەها نامەی فەرمی و پەیماننامەی نێودەوڵەتی و داڕشتنەوەی پرسیاری ساڵانەی خوێندکاران بە ئەم شێوە هەڵبژێردراوە ڕێکبخرێت و بە زمانە هەڵبژێردراوەکە دابڕێژرێتەوە.

### ت. ڕەزامەندبوون (Acceptance)


ڕەزامەندبوونی خەڵکی لەسەر ئەو شێوە هەڵبژێردراوە بە شێوەیەکی گشتی گرنگە و پێویستە هەبێت، ئەمەیش لە جیاوازیی ڕەزامەندبوون و کارپێکردنی ئەو جۆرە زمانە لە گفتوگۆ و نوسینی فەرمی و ڕاگۆڕینەوەو قسەکردندا دەبینێتەوە. هەندێك کات لە زمانی نەتەوەیدا ئەوە دەبینرێت، کە سیستێمی زمانە ستانداردەکە خزمەتێکی باش دەکات، بەڵام لە ڕێگەی جۆرێك لە هێزەوە (بە بڕیارێکی ڕامیاری) خۆیی بڵاودەبێتەوە، ئەم بڵاوکردنەوەیەیش هێمایە بۆ سەربەخۆیی (زمانە هەڵبژێردراوەکە) لە چاو شێوازەکانی تردا. (هەڵبژاردن و پەسەنکردنی دیالێکتێك یان شێوەیەکی زمان، زیاتر پەیوەستە بەکۆمەڵگاوە، بەڵام فراوانبوونی ئەرکی و تۆمارکردنی لایەنەکانی پەیوەستە بە زمانەوە)[٥٥]، چونکە ئەگەر کۆمەڵگا بە شێوازە هەڵبژێردراوەکە ڕەزامەندنەبوو، ئەوکات پشێوی کۆمەڵایەتی و ناڕازیبوون و تۆمارکردن و بڵاونەبوونەوە دێتەئاراوە. بۆیە هەڵبژاردنەکە لە لایەنکۆمەڵگاوە بنەمایە بۆ ئەوەی پێوەرەکانی تر لەسەری بوەستن، دواتر شێوەی زمانە ستانداردەکە بە شێوەیەکی ئاسایی، یان بەپێی بڕیارێکی ڕامیاری دێتەئاراوە. ئەم پێوەرانە بۆ ڕێکخستنی زمان لە نێو کۆمەڵگایەکدا گرنگ و بە بەهان، ئەگەر هەموو فرەجۆرییەکانی نێو یەك زمان کۆببنەوە زمانی گشتی پێکدەهێنن. ڕێکەوتن و تۆمارکردن و دیاریکردن و پەرەپێدان و ڕەزامەندبوون لە سەر یەك زمان و دواتر چاودێریکردن و خزمەتکردنی بۆ بواری نوسینی کارگێڕی و نێودەوڵەتی هێزی کۆمەڵگاکە تاڕادەیەکی باش کۆدەکاتەوە و زیاتر بەزمانی ستاندارده هەڵبژێردراوەکە، هێز و بەها و گرنگی پێدەدات لە بەرانبەر هێزی زمانە بیانییەکاندا، بۆ بەکارهێنان و بڵاوبونەوە. دوای ئەوەی زمانەکە هەڵبژێردرا، ئەم چوار پێوەرەیش جێبەجێکرا، ئەو کات پێویستی بە پێوەری پێنجەمە(وەك لە پێشوتردا باسکراوە). واتە زمانی ستاندارد پێویستی بەچاودێرکردن و بژارکردن و ڕێکخستنی بەردەوام هەیە، بە شێوەیەك لە دیالێکتەکانی تر بەئاگابین تا هەوڵبدرێت ڕادەی لەیەکتر نزیکبوونەوە لە نێوان زمانی ستانداردو دیالێکتەکانی تردا بکرێت، بە مەبەستی ئەوەی لە وشەو زاراوەی ناوچە جیاوازەکانی تر سود وەربگیرێت، بۆ بەپێزکردنی زمانە ستانداردەکە و بەردەوامی لە ژیانی کارگێڕی و بەرەو پێشچوونی ڕۆشنبیریی میللەتەکە، چونکە زمانە ستانداردەکە بنەماو پێوانەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە جۆرەکانی تری زمانەکە، هەر لێکۆڵینەوەیەك یان دابەشکردنێك بکرێت وا باشترە زمانە ستانداردەکە بکرێت بە پێوانە و هەر بە ئەم زمانەیش دابڕێژرێتەوە، بەکورتی پێوەرەکان و ئەنجامی یەکگرتنیان بە سود بینین لە شیکردنەوەکانی پێشوتر، لە خشتەیەکدا پێکەوە دەخەینەڕوو:

---

٥٥ – Jukil, Mahmood, A (٢٠٠٤:٢١٢)

| ((خشتەی ژمارە (٢) کارکردنی پێوەرەکانی زمان ستاندارد)) | |
|---|---|
| پێوەرەکانی زمانی ستاندارد | ئەنجام |
| هەڵبژاردن | زمانی ستاندارد نوسینی:(دەستوور، کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، بواری کارگێڕی لە دەسەڵاتدا، زمانی ئەکادیمی و دیبلۆماسی وانە وتنەوە لە زانکۆ و..هتد) |
| تۆمارکردن | |
| فراوانکردنی ئەرك | |
| ڕەزامەندبوون | |
| چاودێریکردن و ڕێکخستنی بەردەوامی زمان لە (نوسین، ئاخاوتنی فەرمیدا) دا. | |

دوای ئەوەی پێناسە و پێورەکان و چەمکی زاراوەی زمانی ستاندارد ڕوونکرایەوە و خرایەڕوو، بە پێوستی دەزانین بە هێڵکارییەك شێوازی ئەو ڕێگایانەی دیالێکتێك پێیدادەڕوات، بۆ ئەوەی وەك زمانی ستاندارد هەڵبژردرێت بخەینەڕوو.




**((هێڵکاری ژمارە (٣) شێوازی کارکردنی پێوەرەکانی زمانی ستاندارد لە بویەر "واقع"دا))** [٥٦]

ئەگەر تەماشای ئەم هێڵکارییە بکەین، بەهای هەریەك لە ئەو پێوەرانە لە دروستبوونی زمانی ستانداردا دەخاتەڕوو، هەر پێوەرێك پێویستیی بە هێزێك هەیە بۆ ئەوەی پاڵپشتی بکرێت و بخرێتەکار. هەڵبژاردنی دیالێکتێك لە نێو دیالێکتەکاندا ئاسانە، بەڵام تەواوی"زۆربەی کات" پشتگیری خەڵکی دەوێت، ئەویش بەدەربڕینی ڕەزامەندییان لەسەر بەکارهێنانی ئەو شێوە هەڵبژێردراوە، ئەگەر دیالێکتی هەڵبژێردراو و ڕەزامەندیی کۆمەڵایەتی وەرگرت، ئەوکات بە نێو خەڵکیدا بڵاودەبێتەوە، بەڵام

---

[٥٦]–ئەم هێڵکارییە بە دەستکارییەوە وەرگیراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (box,T (١٩٩٦:٢٦

پێویستی بە هێزێك و دەسەڵاتێك هەیە، بۆ ئەوەی ڕێکی بخاتەوە بیخاتە نێو چوارچێوەی یاساوە و چاودێرییبکات، ئەوکات زمانی ستاندارد دێتەئاراوە.

## ٢/١-١-٣) زمانی ستانداردی کوردی

چەند ڕاوبۆچوونێکی جیاواز لەسەر ئەم بابەتە هەیە، پسپۆڕان و زمانەوانانی کورد هەوڵی باشیان لە ئەم بوارەدا داوە، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە، ئایا کورد زمانی ستانداردی هەیە؟ یان زمانی ستانداردی نییە؟ لێرەدا بەکورتی وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەینەوە.

**یەکەم:** زمانی ستاندارد هەیە[٥٧] ، کە دیالێکتی ناوەڕاستە، چونکە لە دوای ساڵی (١٩١٨) بەدواوە زمانی نوسین و زمانی فەرمی بووە، سێ حکومەتی ڕاگەیەنراوی کوردی (کۆماری کوردستان) وەك زمانی فەرمی لە دامودەستگاکانیاندا ڕایانگەیاندووە.دەتوانین چەند هۆکارێك بخەینەڕوو، کە پشتگیری ئەم بیروڕایە دەکەن:

١. حکومەتی شێخ مەحمود، لە ساڵی(١٩١٩ -١٩٢١) زمانی فەرمی دیالێکتی ناوەڕاست بووە.

٢.کۆماری کوردستان، ساڵی (١٩٤٦).

٣.حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دوای بەیاننامەی یانزەی ئازاری (١٩٧٠) و لە دوای ساڵی (١٩٩١)ەوە، زمانی فەرمی هەر بە دیالێکتی ناوەڕاست بووە. زمانی ستاندارد هێزو دەسەڵاتی میری لەگەڵدا هەیە، دیالێکتی ناوەڕاستیش زۆربەی کات خاوەن هێز و دەسەڵاتە لە بواری کارگێڕیدا کاریپێکردووە، لە بواری کارگێڕیدا حکومەتی هەرێمی ئێستاش کاریپێدەکات، لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/٥/٧) پرۆژەیاسایەك بەناوی (پرۆژەیاسای زمانە فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان - عیراق) پێشکەش کرا، لەبەر ڕۆشنای مادەی چوارەمی دەستووری هەمیشەی عیراقی ساڵی (٢٠٠٥) کۆماری عێراقی فیدراڵدا، کەشان بەشانی زمانی عەرەبی- زمانی کوردیش، لە سەرانسەری عێراقدا دانیپێدانراوە.ئەم پرۆژەیاسایە (٤٦) مادەیە و باسی بەکارهێنانی زمانی لە هەموو بوارەکاندا دەکات و سزای داناوە بۆ ئەوەی بەکاریناهێنێت و بەم شێوەیە پێناسەی زمانی فەرمی (ستاندارد) دەکات، ((ئەو زمانەیە بەپێی

---

[٥٧]- بەکر عومەر علی و شێرکۆ حەمە ئەمین ( ٢٠٠٦: ١٥-١٧) بەوردی باسی ئەو هۆکارانە دەکەن کە پشتگیرە، بۆ ئەوەی دان بەبوونی زمانی ستانداردا بنرێت، وەك بوونی قوتابخانەی شیعری نالی و کردنەوەی زانکۆی سلێمانی و کردنەوەی بەشی کوردی بوونی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی لە ناوچەکەداو، دەرچوونی ڕۆژنامەو گۆڤار بوونی پارت و ڕێکخراو کە لە ڕاگەیاندنەکانیان بە دیالێکتی ناوەڕاست نوسین بڵاودەکەنەوە و..هتد، بەڵام هێشتا بڕیارێکی ڕامیاری گشتگیر بۆ دانپێنان هەڵبژاردنی یەکێك لە دیالێکتەکان بە شێوەکی ڕاستەوخۆ ماوە، بەڵام بە شێوەکی ناڕاستەوخۆ زمانی ستاندارد هەیە و دیالێکتی ناوەڕاستە.

دەستوری هەمیشەی عێراق دان بەفەرمی بوونیاندا نراوە))[٥٨]، ئەو نوسینەی دارشتنی پرۆژەیاسەکەی پێداپێژراوە، بە شێوازی دیالێکتی ناوەراست، پێشکەش بە پەرلەمان کراوە.

پاش ماوەیەك راوێژکاری راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان، بە ماڵپەری فەرمی پەرلەمانی کوردستانی راگەیاندووە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (٦) زمانە فەرمییەکان لە (٢٠١٤/١٠/٢٩) لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دانراوە، دواتر سەرۆکی هەرێم بە نوسراوی فەرمی ژمارە (٤١٥٩/٣/٤) لە رۆژی (٢٠١٤/١١/٢٠) دەقی یاساکەی ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم کوردستان کرد، لە رۆژی (٢٠١٤/١٢/٣) بە بریاری ژمارە(١٦) لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچووێنرا. لەگەڵ ئەوەشدا راوێژکاری پەرلەمان ئاماژەی بە ئەوە کردووە، لە مادەی یەکەم: زمانەکانی کوردی و عەرەبی وەك دوو زمانی فەرمی لە عێراق و ماددەی دووەمیش زمانی پێکهاتەکانی تر وەك (تورکمان و سریان و ئەرمەن)لە پاڵ زمانی کوردی بە زمانی فەرمی لە یەکەی کارگێری خۆیاندا دادەنرێن. یاساکە لە (٢٧) ماددە پێکهاتووە، لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی پەرلەمانی کوردستانەوە، دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. واتە ئێستا لە رووی رامیاریی و کارگێرییەوە (بەڵام نەگوتراوە دیالێکتی ناوەراست) دانیپێدانراوە.

**دووەم:** دوو ستانداردی، دیالێکتی ناوەراست و کرمانجی ژووروو کارییێدەکرێت و دەروات، ئەوانەی خاوەنی ئەم بروایەن، بەهۆی ئەوەوەیە، کە دەبینن ژمارەی ئەوانەی کە قسە بە دیالێکتی ژوورو دەکەن زیاترن و ئێستایش لە راگەیاندنی کوردی ( بینراو، بیستراو، نوسراو) کەم تا زۆر بەهەردوو شێوازەکە وردەوردە دەبینرێت و لە ئارادایە، بە تایبەت لە راگەیاندنە بینراوەکاندا زیاتر بووە، بە بەراورد بە ساڵانی (١٩٩٥– ٢٠٠٣)، هەر بۆیە (وریا عومەر ئەمین) بروای وایە ((ئەو رایەی کە دەڵێ با بەهەردوو زاراوەکە بنوسرێ و بخوێنرێ .بەلای منەوە دیاردەیەکی ئاساییە. هەر چۆن ئێستا بە دوو زاراوەکە دەنوسرێ و لە میدیاکاندا دەنگ و باس و پرۆگرام پێشکەش دەکرێ با هەروا بەردەوام بێت هیچ ترسی لەسەر نییە..بۆ نمونە: نەرویجی دووستانداردی هەیە))[٥٩]، هەر لە گفتوگۆی ئەکادیمیادا، (محەمەد مەعرووف فەتتاح) بروای وایە دوو ستاندارد هەیە، بەڵام هەریەك لە ناوچەی خۆیدا، پاش گفتوگۆیەکی زۆر لەسەرئەم بابەتە، بەڵام بە کراوەیی دەمێنێتەوە، هاورابوون تێیدا کەم دیارە. ئەم بیرورایەی (وریا عومەر ئەمین) پشت ئەستورە بە ئەوەی وڵات هەیە، وەك نەرویج، یان هیندستان کە

---

[٥٨]– بۆ زانیاری زیاتر بروانە:

ا. پەرلەمانی کوردستان، پرۆژە یاسای زمانە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان– عێراق، ژمارە:١٢، ٢٠١٤/٥/٧ بکە.پێشکەش کراوە بۆ گفتوگۆ و قسەلەسەرکردنی لە نێو پەرلەماندا دواتر دەرکردنی بریاری کۆتا لەسەر ئەم پرۆژەیە دراوە.

ب.تارق جامباز و ئاسۆ عەبدڵلە زادە (٢٠٠١٣: ١–٢٢)

پ. کەناڵی ئاسمانی رووداو، هەواڵەکان، رێکەوتی ٣– ١٢ –٢٠١٤

[٥٩]– وریا عومەر علی (١١:٢٠٠٨)

زمانی بیانی "ئینگلیزی" کردووە بەستاندارد/ هێناوە، بۆ خوێندن و پێکەوەبەستن و کۆبوونەوەی خەڵکەکە پێکەوە بە ستاندارد کراوە. ئەم بیروڕایە ڕێژەیەکی باش ڕاستی تێدا دەبینرێت، ئەگەر کوردستان بەراورد بکرێت بەهندستان! بەڵام ئایا ئەم دوانە بەراورد دەکرێن، هەرێمی کوردستان لە ئێستاشدا شەش ملیۆن تێپەڕ ناکات، بەڵام ئەگەر تەماشایەکی مێژووی هیندستانبکەین، بزانین بۆچی لە بری زمانی نێوخۆی زمانی بێگانە بە ستاندارد کراوە. ئەم بارودۆخەی هیندستان بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، کە لە نێو هیندستاندا ژمارەیەکی زۆر دین (عقیدە) و ئایین هەیە، بەشێوەیەکە ئاسان نییە لە نێو یەکتریدا لەسەر زمانێکی نێو خۆیی ڕێکبکەون بۆیە پەنایانی بۆ زمانی بییانی بردووە. ژمارەی دانیشتوانی هیندستان نزیکەی (١,٢٧) ملیارد و بیست و حەوت ملیۆن کەسە لە ( ١٧٪) دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنن، میللەتێکی ئاوا تێکەڵ و ئاڵۆز، لە ڕوانگەی دین و ئایینەوە[٦٠]، بە ئاسانی لە سەر پیرۆزی یان زمانێك ڕێکناکەون.

ئەوەی سەرەوە کورتەیەك، لەسەر وڵاتی هیندستانبوو، بەڵام پێکهاتەی کلتوری کوردی بەبەراورد بە هیندستان زۆر کەمە، بۆیە بۆ پتەوکردن و پێکەوەبەستنی ڕۆشنبیریی کوردی ئەگەر یەك دیالێکت ستاندارد بێت باشترە. چونکە یەکخستنی زمان لە ڕووی ئابوریشەوە سودی خۆی هەیە، بۆ نمونە ئەگەر تەماشای وڵاتی کەنەدا بکەین، دوو ستانداردی (ئینگلیزی و فەرەنسی) تێدا کارایە، کە ساڵانە ڕێژەی لە( ١٪) بودجەی فیدراڵی بۆ ئەو مەبەستە تەرخاندەکات، بۆ نمونە: لە ساڵی (١٩٧٨) بڕی (٥٠٩) ملیارد دۆلاری لە دوو ستانداردیدا خەرجکراوە[٦١] .

---

[٦٠]- ئەو ئایینانەی لە ژێر زاراوەی (هیندۆس) کۆدەبنەوە، لە ڕاستیدا بریتین لە کۆمەڵێکی فرەجۆر لە ڕێنمای و باوەڕ، کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی دانانی کتێبە پیرۆزەکانیان لە پێش هەمویان "ڤیدا: veda " تا دەگاتە ئەمڕۆ.

| ((خشتەی ژمارە (١) جۆرەکانی ئایین و دین لە هندستاندا)) | | |
|---|---|---|
| ژ | دین و ئایین | ڕێژە |
| ١. | هیندۆسی | ٪٨٠,٥ |
| ٢. | ئیسلام | ٪١٣,٤ |
| ٣. | مەسیح | ٪٢,٣ |
| ٤. | سیخییە | ٪١,٩ |
| ٥. | بوزی | ٪٠,٨ |
| ٦. | یانیە | ٪٠,٤ |
| ٧. | هی تر | ٪٠,٧ |

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر میللەتی هیندستان و دیینی هیندستان بڕوانە:

ا. سەبور عبدولکریم (٢٠١٤: ٢١–٢٦)

ب- http://ar.wikipedia.org- hindi

[٦١]– قەیس کاکل تۆفیق (٢٠٠٧: ٣٧–٣٨)

ئاشکرایە، کە زمان خۆی ئابورییانە کاردەکات، شیاو نییە بەکارهێنانی زمان باری ئابوری میللەتێك قورستر بکات، گەرچی دووستانداردی زۆربەی کات بە بەهانەی ئاسایشی ناوچەیی دەکرێت، بەڵام ئەمە باری شان قورستر دەکات. بۆیە بەکارهێنانی دوو ستانداردی بۆ کورد لە ئێستادا لە ڕووی ئابورییەوە زیانی دەبێت، چونکە دەبێت یەك کتێب بە دوو دیالێکت چاپبکرێت! ئەمەیش زیانی ئابوری لێدەکەوێتەوە و لە بواری ڕۆشنبیریدا نەوەی ئێستا لە مێژووی نوسینی پێشوو دادەبڕێت، چونکە پێشتر کتێب و چاپکراوەکانی زمانی کوردی بەزۆری بە دیالێکتی ناوەڕاست چاپکراوە.

**سێیەم:** تێکەڵکردنی هەردووکیان (دیالێکتی ناوەڕاست و ژووروو): کە ناونراوە "سۆرمانجی"، بەبڕوای ئەمانە، هەردوو دیالێکتەکە تێکەڵ بە یەکتری بکرێت باشترە، بەڵام بەهۆی جیاوازیی ڕێزمانیی لە کرمانجی ژوورووداا، کە لە نێوان نێر و مێدا جیاوازیی دەکات، بەڵام لە دیالێکتی ناوەڕاستدا ئەو جیاوازییە بەرەو کەم بوونەوە ڕۆشتووە. تێکەڵکردنی ئەم دوانە لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە زۆر گونجاو نییە، چونکە (( دابەشبوونی پێوەرەکانی ئەرگەتیڤیی و کرداری ئاڵۆز و توخم بەسەر دیالێکت و زارو زارۆچکەکانی زمانی کوردییدا بوتە هۆی ئەوەی لێکدان و موتوربەکردنیان لە گەڵ یەکتریدا هێندەگران بێت، کە تەنانەت بتوانرێت بانگەشەی ئەوەیش بکرێت "پرۆسەکە پرۆژەیەکی نەبوونەکراوە")) [٦٢].

لەسەر ئەم گرفتە زمانەوانییە، چەند لێکۆڵینەوە و کۆنگرەیەك لە ئەم بارەیەوە کراوە و گێراوە، بەڵام بڕیاری یەکلاکەرەوە لەلایەن پسپۆڕان و ئەکادیمیان و دەسەڵاتی ڕامیارییەوە نەدراوە، وێڕای ئەوەیش ئەگەر تەماشای ئێستای زمانی کوردی بکەین دەتوانین بڵێین، کە دیالێکتی ناوەڕاست بەرەو ستاندارد ڕۆشتووە، بڕیارێکی یاساییشی لەسەر دراوە، بۆیە وادەڵێن دەقی پرۆژە یاساکە کەسەرۆکایەتی هەرێم واژوی کردووە لەسەر زمانی ستانداردی کوردی بە دیالێکتی ناوەڕاست پێشکەشکراوە و واژوی لەسەر کراوە، بەلام نەگوتراوە دیالێکتی ناوەڕاست ستانداردەکەیە.

لەگەڵ ئەوەیشدا دیالێکتی کرمانجی ژووروو بەرەو ئەوە دەچێت ئەرکی فراوان بێت، ئەگەر بێت و کوردی پارچەکانی تری کوردستان یەکبگرێتەوە، ئەو کات ئەگەری زیاتر بۆ دروستبوونی دوو ستانداردی هەیە، بەڵام لەڕووی نوسین و ڕۆشنبیرییەوە لە ئێستادا دیالێکتی ناوەڕاست لە ئاستی کارگێری و ڕامیاری و ڕۆشنبیرییەوە لە برەودایە. لەئەم لێکۆڵینەوەدا دیالێکتی ناوەڕاست – ئەکسێنتی سلێمانی وەك بنەماو پێوەر دانراوە، چونکە ئێستایش پەرلەمان دەستور بە زمانی کوردی– دیالێکتی ناوەڕاست دەردەکات (یان بۆ سەر زمانی کوردی وەریدەگێرن)، وەزارەت و ناوەندە حکومییەکان زیاتر بە دیالێکتی ناوەڕاست نوسراوی کارگێری دەردەکەن. ئەگەر تەماشای نوسینی

---

٦٢– محەمەدی مەحوی (٢٠٠٥:٤٧)

کتێبی چاپکراو بە زمانی کوردی لە سەدەی بیستەوە لە ساڵی (١٩٢٠) تا ساڵی (١٩٨٥) بکەین، ئەژماری کتێبە چاپکراوەکان بە ئەم شێوەیە[٦٣]:

| ـــــــــــ | ((خشتەی ژمارە (٣) ژمارەی کتێبە چاپکراوەکان )) | | | ـــــــــــ |
|---|---|---|---|---|
| بابەت | د.ناوەڕاست | ک. ژووروو | هی تر | کۆی گشتی |
| کتێب | ١٠٨٤ | ٢٧ | ٨ | ١١١٩ |

ئەم خشتەیە ئەوە دەخاتەڕوو، کە زمانی نوسین زیاتر بە دیالێکتی ناوەڕاست بووە، ئەگەر ئێستا بڕوانرێتە ژمارەی کتێبەچاپکراوەکان بە شێوەی دیالێکتی ناوەڕاست زیاترە، تا کرمانجی ژووروو، ئەگەرچی ئێستایش کرمانجی ژووروو، لە چاو پێشوتردا زیاتر کتێبی پێ چاپ دەکرێت، بەڵام ناگاتە ئاستی دیالێکتی ناوەڕاست، لە ئەم لێکۆڵینەوەدا وەك پێشوتر ئاماژەی پێدرا، دیالێکتی ناوەڕاست، لەبەر ئەو ڕوونکردنەوانەی سەرەوە کە خرایەڕوو وەك ستاندارد "شێوەی باڵا" دایدەنێن.

سەرەڕای ئەوەیش ئەگەر تەماشای کەناڵە ئاسمانییەکان بکەین، ماوەی پەخش بەهەردوو دیالێکتەکە لە هەندێك کەناڵی ئاسمانیدا نزیکە لە یەکترییەوە، بەڵام زۆربەیان ماوەی پەخشیان بە دیالێکتی ناوەڕاست – ئەکسێنتی سلێمانی زیاترە، بۆ نمونە ئەگەر تەماشای کەناڵی (کوردسات، ئێن ئارتی، گەلی کوردستان) بکەین، ماوەی پەخشیان زیاتربە ئەکسێنتی سلێمانیە، هەموو ئەم بەڵگانەیش ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە زمانی ستاندارد ئێستا هەیە، ئێمەیش ئێستا لەسەر ئەم بڕیارە کاردەکەین، لەبەر پێویستیی لێکۆڵینەوەکە، چونکە پێویستە زمانی ستاندارد هەبێت بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکە بە ڕێکوپێکی بە ئەنجام بگات و دوودیویی زمانی لەئەم لێکۆڵینەوەدا بخرێتەڕوو.

| ((خشتەی ژمارە (٤) ماوەی پەخشی هەواڵەکان)) | | | |
|---|---|---|---|
| کەناڵی ئاسمانی ٢٠١٤/٩/٢٣ | سەرچاوەی زانیاری | دیالێکتی ناوەڕاست | کرمانجی ژووروو |
| کوردسات نیوز | هاوڕێ جەلال احمد | کارمەند، لە بەشی هەواڵ | |
| کۆی گشتی لە (٢٤) کاژێردا | (٤١٠) خولەك پەخش | (٣٠٥) خولەك | (١٠٥) خولەك |

| ((خشتەی ژمارە (٥) ماوەی پەخشی هەواڵەکان)) | | | |
|---|---|---|---|
| کەناڵی ئاسمانی : ٢١٤/٩/٢٣ | سەرچاوەی زانیاری | دیالێکتی ناوەڕاست | کرمانجی ژووروو |
| گەلی کوردستان | توانا علی کمال | سەرنوسەری هەواڵ | |
| کۆی گشتی لە (٢٤) کاژێردا | (٤٨٠) خولەك | (٣٣٥) خولەك | (١٤٥) خولەك |

[٦٣] – Ali Mahmood jukl،A (٢٠٠٤ :٨١-٨٣)

| ((خشتەی ژمارە (٦) ماوەی پەخشی هەواڵەکان)) | | | |
|---|---|---|---|
| کەناڵی ئاسمانی : ٢١٤/٩/٧ | سەرچاوەی زانیاری | دیالێکتی ناوەڕاست | کرمانجی ژووروو |
| ئێن ئاڕ تی (نالیا) | کارزان عوسمان | بێژەری لە کەناڵی ئێن ئاڕ تی | |
| کۆی گشتی پەخش لە (٢٤) کاژێردا | (٥٨٠) خولەك | (٣٩٠) خولەك | (١٩٠) خولەك |

## ٢/١–٢) دیالێکت(Dialect)[٦٤]

ئاشکرایە، کە "دیالێکت" زاراوەیەکی زانستی زمانە، بەڵام سنورە واتاییەکەی فراوانە، واتە زۆر ڕوون نییە، چونکە هەر دیالێکتی زمانە، وەك زمانی ستاندارد دیاری دەکرێت. بەڵام جیاوازییەکی بنەڕەتی نییە لە نێوان دیالێکت و زمانی ستاندارد، جگە لەوەی دیالێکت خۆماڵییە و لە خۆیەوە دروستدەبێت، بەڵام زمانی ستاندارد بەشێوەیەك لە شێوەکان دەستی مرۆڤی تێدایە، جۆرێك لە دەستڕەنگینی مرۆڤ لە بواری زانستیدا دەبینرێت. (دیالێکت، ئاماژەدانە بە جۆرێك لە فرەجۆریی لە زماندا، بریتییە لە جیاوازیی ڕێزمانی، هەندێك کات جیاوازیی لە بواری وشەسازی و لەگەڵ جیاوازیی لە دەنگسازیدا دەگرێتەوە)[٦٥]، بۆ نمونە دووکەس کوردبن، هەر یەکەیان یەك ڕستە بڵێن:

**٤:ا/** من شەو، بۆ بازاڕ دەچم.

**٤:ب/** ئەز شەڤ، بۆ بازارێ دچم.

لێرەدا، دەتوانین ئەو دوو کەسە هەریەکەیان سەر بەدیالێکتێکی زمانی کوردی دابنێین، هەر دووکیان بۆ خۆیان زمانێکن، لە ناوچەی خۆیاندا لەکاتی کاروباری ڕۆژانە و ئەزموونی ژیاندا بەکاریدەهێنن. ئەو پێوەرانەی لەسەرەوە باسمان کرد، کاری دیالێکت لە ژیاندا بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەردەخەن، کە لە ڕێگەی شیکردنەوەکانی پێشوترەوە دەتوانین بەئەم شێوەیە بیخینەڕوو.

| ((خشتەی ژمارە (٧) خۆماڵی بوونی دیالێکت و ڕێکخستن لە زمانی ستانداردا)) | | |
|---|---|---|
| | شێوەیەك (دیالێکتێك) | ئەرك |
| کۆمەڵ | هەڵبژاردن | ڕەزامەندبوون |
| زمانی ستاندارد | ڕێکخستن بەدەستور | چاودێریکردن و پێداچوونەوە |

---

[٦٤]– ا. لە دیالێکتی فەرەنسی ناوەڕاستدا، شێوەی دەربڕین / قسەکردنێکی ناوچەیەك، یان گروپێك دەگرێتەوە.لە دیالکتوسی (dialectus) لاتینیدا، بە واتای زمانی ناوچەیەك، یان ڕێگایەکە بۆ گفتوگۆکردن.لە زمانی گریکیدا (dialektos) بەواتای گفتوگۆ و قسەکردن دێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: http://www.etymonline.com/ dialect


ب. دیالێکت لە دیالۆگەوە هاتووە، واتە: گوتن، ئاخاوتن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: علی شەریعەتی (٦:٢٠١٣)

پ.زاراوەی دیالێکت لەبنەڕەتدا ئەم زاراوەیە، لە زمانی لاتینی بەکار هاتووە، بەواتای زمان بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محەمەد معروف فەتتاح (٢٠٠٥: ١٠٦).

[٦٥]– Chambers,J,K and Trudgill,P (٢٠٠٤: ٤-٥)

له خشتەی ژمارە (٧)دا، ئەوە دەردەکەوێت، کۆمەڵگا دیالێکتێك هەڵدەبژێرێت و لەسەرهەڵبژاردنیشی ڕەزامەندی دەردەبڕێت، بەڵام کاتێك باسی زمانی ستاندارد کرا، ئەوا پێویستە ڕێکخستی تێدابکرێت و چاودێری و پێداچونەوەی بۆ بکرێت، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت زمانی ستاندارد شوێن دەستی مرۆڤی زیاتر پێوە دیارە، هەر بۆیە تا ڕادەیەك لەخۆماڵی بوون دووردەکەوێتەوە و پێویستیی بەفێربوون هەیە.

لێرەدا دیالێکت"خۆماڵییە"و ڕێکخستنی زمانی ستاندارد لە چاو دیالێکتدا دەردەکەوێت، پێوەرەکانیش تا ڕادەیەکی باش دیالێکت و زمانی ستانداردییان لە یەکتری جیاکردەوە، هەموو زمانێك دیالێکتی هەیە[٦٦]، پێوەندی دیالێکت و زمانیش لە زانستی زمانی کۆمەڵاتییدا جیاکراوەتەوە، وەك هێڵکاری ژمارە (٤) کە تێیدا جیاوازییەکان خراوەنەتەڕوو. هاوکات بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا جیاوازی لە نێوان(دیالێکت، زمانی ستاندارد)دا، هەیە. ئەوکات (گونجاوترین گریمانە و وەڵام بۆ پرسیارەکە ئەوەیە، کە جیاکاری لە نێوان دیالێکت و زمانی ستاندارد، بەندە بە هۆکار و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیان، کە سنوری نێوانیان (دیالێکت، زمان) دیاریدەکەن، بەڵام لە ئاخاوتندا تێکەڵ بەیەکتر دەکرێن)[٦٧]، چونکە خاڵی هاوبەشی کلتوری و کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا هەیە.




((هێڵکاری ژمارە (٤) پێوەندی نێوان دیالێکت و زمانی ستاندارد)) [٦٨]

---

[٦٦] – دیارە لەسەر جیاکردنەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لێکۆڵینەوە کراوە و تاڕادەیەکی باش جیاکراوەتەوە ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

ا. فوئاد حەمە خۆرشید(١٩٨٥) کە بەوردی باسی دابەشبونی دیالێکتی زمانی کوردی دەکات، ناوچەی زمانییەکانی دیالێکتی ناوەڕاستی لە ڕووی جوگرافیاوە دیاریکردووە، بەڵام هێشتا زۆر ورد جیانەکراوەتەوە، لێرەدا نەمان ویست دووبارەیکەینەوە.

ب. قەیس کاکل تۆفیق (٣٨–٧٠: ٢٠٠٧)، بە وردی و زانستیانە، باسی زمانی(زمان و زار) زمانی ستاندارد و دیالێکت و جیاکردنەوەی دیالێکت و زمانی ستانداردی کوردی و دووستانداردی کردووە، بەپێی بنەمای (لەیەکتر گەیشت، بنەمای قەبارە، بنەمای ناوداری کە گرنگرینیانە)، لایەنی باشە و کەموکوڕییەکانی ئەم بنەمایانەی زانستییانە خستووەتەڕوو.

[٦٧] – شادان شکور سابیر (٢٠١٣: ١٩)

[٦٨] Ali,M (–:١٠)

له ڕێگەیی ئەم هێڵکارییەوە ئەوە بەرچاو دەکەوێت، دیالێکت زاراوەیەکە دەتوانرێت بە پێی ناوچەی جوگرافیا وەك دیالێکتی (١، ٢) نوێنەری دیاریبکرێت، بەپێی پێوەر یان بڕیارێکی ڕامیاری، یان لە ڕێگەی دین و ئایینی ئاسمانییەوە، یەك، یان دووان لە دیالێکتەکان هەڵدەبژێرێن، وەك زمانی ستاندارد ناوزەد دەکرێن. ئەمەیش وا دەکات زمانی کارگێڕی و خوێندن و..هتد، لە یەکتری نزیك ببنەوە. هەڵکشانی دوو تیرەکە (هـ:٤) ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەردوو دیالێکتەکە، یەك نوێنەریان هەیە کە زمانە ستانداردەکەیە، بە واتای ئەوەی کاتێك میللەتێك ڕێبکەون، ژینگەی زمانی و ناوچەکانی یەك زمان لەیەك خاڵدا یەکدەگرن کەپێیدەگوترێت زمانی ستاندارد و لە لوتکەی سێگۆشەکەدا دانراوە. وەك لە هێلکاری ژمارە (٤)دا خراوەتەڕوو.

## ١/٢–٣) ئەکسێنت (Accent):

له بواری زانستی زماندا، کاتێك لە بابەتێکی گشتییەوە بەرەو بابەتێکی تایبەتی دەڕۆین و ورددەبینەوە، کارەکە قورستر دەبێت، چونکە زمان وەك وردە ماسولکەی نێو لاشەو جەستەی مرۆڤ ئاڵۆزو بەناویەکدا چووە، بەجۆرێك هەرگیز هەموو وردەکارییەکانی زمانێك لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەرناخرێت.

ئەکسێنت، بە زاراوەیەکی زمانی دادەنرێت و هەڵگری بیرۆکەی زانستییە، بیرو ئاوەزی ورد لە نێو زاراوەکاندا هەڵگیراوە، بۆ ڕونکردنەوەی زاراوەی زمانی پێویستمان بە نمونە هێنانەوە هەیە، بەڵام بۆ دیاریکردنی ئەکسێنت، بە شێوەیەکی وردتر و تەواوتر پێویستیمان بە کاری مەیدانی دەبێت. ئەکسێنت(لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیەوە، ڕێگایەکە بۆ دەربڕین و گۆکردنی وشە، کە تایبەتمەندیی کەس(تاك)ی پێوەدیارە، شوێنی نیشتەجێبوون یان نەتەوەکەی (چ میللەتێکە) دیاریدەکات)[٦٩]. بۆیە دەتوانرێت بگوترێت ئەکسێنت، زاراوەیەکە بۆ پیشاندانی جیاوازیی هەرێمی و شوێنی جوگرافیا، لە نێو یەك زماندا بەکاردێت. شیکردنەوەی زاراوەکە بە شێوەیەکی گشتی جیاوازیی گۆکردن و دەربڕینی وشەکانە، هەندێك جار سنوری ئەم زاراوەیە فراوان دەکرێت و دیالێکتی یەك زمانیش دەگرێتەوە.[٧٠]. لە زانستی زمانی هەموو میللەتێکدا ئەوە دەبینرێت، کە ((هەموو ئاخێوەران ئەکسێنت و دیالێکتیان هەیە، زاراوەی ئەکسێنت بۆ شێوە و چۆنیەتی خوێندنەوە، دەنگ دەربڕین،

[٦٩] –http://en.wikipedia.org/wiki/Accent_(sociolinguistics)

[٧٠]- ئەکسێنت دیاریکردن و شێوەی خوێندنەوەو چۆنیەتی دەربڕینی دەنگ لە نێو وشەکاندا دەگرێتەوە، لە ڕووی مێژووییەوە وشەکە لە زمانی فەڕەنسیدا بەکارهاتووە، لە زمانی فەڕەنسی ناوەڕاستدا، بە ئەکسێنت (Accent) و لە زمانی فەڕەنسی کۆندا بە (acen) دەخوێنرێتەوە و دەنوسرێت، بەڵام لە زمانی لاتینیدا، کە فەرەنسا لێیوەرگرتووە، بە (accentus) نوسراوە و گۆکراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: .http://www.etymonline.com/Accent

قسەکردن بە ئەکسێنتی ناوچەیەك دەردەخات/ بەکاردەهێنرێت))[٧١]، سەرەڕای ئەمەیش لە فەرهەنگی ماکمیلاندا پێناسەی ئەکسێنت بە چوارخاڵ ڕوونکراوەتەوە[٧٢]:

١. ئەکسێنت: ڕێگایەکە بۆ دەربڕینی وشەکان، لە ئەم ڕێگەیشەوە ئەوە دەردەکەوێت، ئەو کەسە خەڵکی چ وڵاتێکە و سەر بەچ هەرێمێکە، یان ئەوکەسە سەر بە چ چینێکی کۆمەڵایەتییە و لە کام کۆمەڵە ئاخاوتنییە و لەکوێوە هاتووە. ئەمە یەکێکە لە ناساندنەکە بۆ پێناسەی ئەکسێنت زۆر گونجاوە.

٢. ئەکسێنت: نیشانەیەکە لەسەر پیتەکان (کاتێك نوسراوە) ئەوە دەردەخات، کەچۆن دەردەبڕێت.

٣.ئەکسێنت: جەختکردنەوە و دووپاتبوونەوەیەکی ڕاست و دروستە، بۆ سەر بڕگەیەك، یان بەشێك لە فرێزێك لەکاتی دەربڕیندا دووپاتدەبێتەوە، مەبەستی ئەوەیە دووپاتبونەوەکە و جەختکردنەوەکە وەك هەڵەی دەربڕین نییە، یەکجار بێت و دووبارەنەبێتەوە.

٤. ئەکسێنت: بەواتای ئەوە بەکاردەهێنرێت، کە دووپاتکردنەوە بە شتێکی تایبەتی دەدات.

لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت ئەکسێنت ئاوازی خوێندنەوە و پێوەندیکردن لە ڕێگەی وشە و شێوازی خوێندنەوە و چۆنییەتی دەربڕینی دەنگەکان دەردەخات ، کاتێك لە نێو وشەکاندا یەکدەگرن و دواتر وشەکانیش ڕستەکان دروستدەکەن، لە ئەم ڕێگەیشەوە دەتوانرێت ناوچەی جوگرافیای کەسەکان تاڕادەیەك، یان ناوچەی نیشتەجێبوونی ئاخێوەر لە نێو یەك زماندا دیاری بکات، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت لێکۆڵینەوە لە ئەکسێنت لە نێو یەك زماندا دەتوانرێت ناوچەکانی قسەکردنی نێو

---

[٧١] - بۆنمونە ئەگەر وڵاتی بەریتانیا بەنمونە وەربگرین، بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئینگلتەرا، ڤاوڵی وشەیی (bath) زۆربەی کات لەکاتی دەربڕیندا دەبێت بە (ahh)، وەك دەنگی (a) لەوشەی (car)، بەڵام لە نێو زۆربەی بەشی باکوری ئینگلتەرا،دەنگی ڤاوڵی (a) لە وشەی (cat)بەو شێوەی ئەوان (باشوری ڕۆژهەڵات) دەخوێنرێتەوە . لە بەشێك لە باکوری وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکادا، ڤاوڵی وشەی (bath) لە کاتی دەربڕینی دەنگە ڤاوڵەکەی کە (a)یە، زۆرجار پێیان خۆشە ئەو وشە یەك بڕگەییە بە دوو بڕگە دەریبڕن، بۆ نمونە: وشەی (bay ) بە شێوەیی (بای – وس) (bay: uth)، دەریدەبڕن دەیکەین بە دووبڕگە لەکاتی دەربڕیندا، .لە کاتێکدا (bay) خۆی یەك بڕگەیە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Thomas,L, Wareing,S,Singh,I,Pecci,J,Thornborrow,J, and Jones, j(٢٠٠٤:١٣٤)

[٧٢]– لە فەرهەنگی ماکمیلاندا، کە لەساڵی (٢٠٠٢) لە بەریتانیا بڵاوبوتەوە و دانراوە، پێناسەی وردی بابەتەکەی کردووە، هاوکات ئاوەڵناوەی بۆ جیاکردنەوەی ئەکسێنتی یەك زمان/ دیالێکت دیاریکردووە، چونکە ڕێژەی دەربڕینی ئەکسێنت لە ئەکسێنتێکی تر جیاوازە وەك:: (فراوان: broad)، (دەربڕینی قورسکراو: heav )، ( پاراو:pronounc )، (هێزدار: strong)،(دەربڕینی قەڵەوکراو:thick ).جگە لەمانە، واتە ئەکسێنتێکی ڕاست و دورست و بێهەڵە، ئەم جۆرە ئاوەڵناوەی سەرەوە، جۆرەکانی ئەکسێنتی بەریتانیایان پێجیاکراوەتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
. http://www.macmillandictionary.com/dictionary/british/accent

یەك زمان دیارییکات، ئەمەیش بۆ كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر تایبەتمەندیی زمانێكی دیاریكراو ڕێگە خۆشكەرە و كارئاسانی زیاتر دەكات بۆ شارەزایی لە زمانێكی دیاریكراو.

لە ئەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت ئەوە پشتڕاستبكرێتەوە، كە (ئەكسێنت لە لایەكی ترەوە ژیرانە و داهێنەرانەیە، زیاتر بابەتێكی دەروونی (ڕۆحیی)ە، وەك شێوەیەكی ئازاد لەدەربڕینی زماندا دەردەكەوێت. ئەكسێنت بە ئەم پێیە بێت، بیركردنەوەیە بۆ ئەوەی هەست و سۆزی دەروونی، بە شێوەیەكی مۆسیقی و بەئاوازەوە ڕێگەپێبدرێت بۆ دەربڕین)[٧٣]. واتە كاتێك هەوای سییەكانی كەسێك بە نێو ئەندامی ئاخاوتندا دێتەدەرەوە، ئاخاوتنی كەسەكە لە چاو كەسێكی تردا، جۆرێك لە هێمنی و ئارامی بەدەربڕینی كەسەكەوە دیارە، ئەم شیكردنەوەی سەرەوە ئەوە دەخاتەڕوو، كە ئەكسێنتێك جیاوازە لە ئەكسێنتی كەسێكی تر، بە هۆی جیاوازیی بەكارهێنانی هەوای نێو سییەكان، كە وشەكان لە چوارچێوەی ڕستەكاندا دەردەبڕێت.

(هەدسن) ئەكسێنت بە ئەم شێوەیە پێناسە دەكات دەڵێت، ((ئەكسێنت: لە گرافۆلۆژیدا بە واتای ئەو نیشانەیە دێت، كە دەخرێتە سەرپیتێك، بۆ چۆنیەتی دەربڕینی پیتەكە))[٧٤]

دوای ئەم ڕوونكردنەوە و ناساندنانەی سەرەوە ئەوە دەردەكەوێت، ئەم بابەتە فراوانە و پێناسەی زۆری بۆ كراوە، پێناسەكانیش زیاتر لە گۆشەنیگایەك و تێڕوانینێكی زانستی دەگرنەوە، خاڵی هاوبەشیان لە نێو ئەو بیروڕایانەی سەرەوەدا هەیە، بۆیە دەتوانرێت بەكورتی بخرێتەڕوو:

١. پێناسەكان جەخت لە ئەوە دەكەنەوە، ئەكسێنت پەیوەستە بە جیاوازیی لە دەربڕیندا.

٢.ئێستا لە زۆربەی زۆری زمانە كاراكانی نێو میللەتاندا، زیاتر لە ئەكسێنتێك هەیە.

٣. لە دیالێكتی یەك زماندا دوو ئەكسێنت، یان زیاتر هەیە، لە ڕووی دەربڕینی دەنگ و فۆڕمی وشەوە تا ڕادەیەك جیاوازن.

٤. هەندێك جار (ئەكسێنت) لە كاتی نوسیندا دەردەكەوێت.

٥. دەتوانرێت (ئەكسێنت)، وەك (ئەتەكێت)ێكی ئاخاوتن بۆ دیاریكردنی شوێنی ژیانی قسەكەر بەكاربهێنرێت.

٦. جۆرەكانی (ئەكسێنت) لە زمانی كوردیدا، نابێتە هۆی ئەوەی بەتەواوی لە یەكتر تێنەگەیشتن بێتەئاراوە، واتە وێڕای لە نێوان لە ئاستی دەنگو وشەدا جیاوازی هەیە، بەڵام لەیەكتری تێدەگەن، وەك ئەكسێنتی هەولێری و سلێمانی، بە ئاسانیش دەتوانرێت لە یەكتری جیابكرێنەوە.

لە زمانی كوردیدا بۆ دیالێكتی ناوەڕاست دوو (ئەكسێنت) زیاتر هەیە، بەڵام لە هەموو ئەكسێنتەكان بە تەواوەتی(جیاوازی نێوان دەنگ و وشەكانیان بەتەواوی نەكراوە) نەكۆڵراونەتەوە، لە ئەم لێكۆڵینەوەدا بە كورتی بەراورد لە هەردوو ئەكسێنتەكە دەكەین، بە پێی پێویست نمونەی

---

٧٣ –cook, A (١٩٩١:١٢)

٧٤ – تابان محەمەد سەعید حەسەن (٢٠٠٨: ٢٨) ئەویش لە Hudson,R,G(٢٠٠٠:٢٤٦) وەریگرتووە.

بۆدێنینەوەو بەراورد لە دووئاستدا دەکەین، ئەویش ئاستی دەنگسازیی و وشەسازییە، لە دوو خشتەدا دەیخرێنەڕوو:

**یەکەم:** جیاوازیی دەنگی لە ئاستی دەنگسازیدا لە نێوان هەردوو ئەکسێنتەکەدا:

| (( خشتەی ژمارە(٨) جیاوازیی ئەکسێنت لە بواری دەنگدا)) | | |
|---|---|---|
| ژ | ئەکسێنتی سلێمانی | ئەکسێنتی هەولێری |
| .١ | /ویٚ/ | /ۆ/ |
| | خوێری | خۆری |
| .٢ | / ب/ | / ل / |
| | بۆ | لۆ |
| .٣ | /ە / | /یٚ/ |
| | شەستی | شێستی |
| .٤ | / ڵ/ | / ر/ |
| | ماڵ، خاڵە | مار، خارە |
| .٥ | / و/ | / ی/ |
| | ماندوم، هاتوم، کردووە | ماندیم، هاتیم، کردییە |
| .٦ | / و/ | / ۆ/ |
| | ....گوتن .... | ... گۆتن .... |

**دووەم:** لە ئاستی فۆڕمی وشەدا: هەر پارێزگایەك فۆڕمی وشەیەکی بۆ شتێکی نێو دونیا داناوە، وەك لە خشتەکەدا دیارە.

| ((خشتەی ژمارە (٩) جیاوازیی ئەکسێنت سلێمانی و هەولێری)) | | |
|---|---|---|
| ژ | ئەکسێنتی سلێمانی | ئەکسێنتی هەولێری |
| ١. | زۆڵ | بیژی |
| ٢. | قۆری و پیالە | چاپەست |
| ٣. | ڕاکردن | غاردان |
| ٤. | تەنیشت | کن |
| ٥. | سەوز | کەسك |
| ٦. | کەوچك | مراك |
| ٧. | بانگکردن | گازکردن |
| ٨. | پور | پلك |
| ٩. | کاڵەك | گندۆرە |
| ١٠. | سەرین | بالێف |
| ١١. | باوك | باب |
| ١٢. | لووت | کەپوو |
| ١٣. | پاشگری (-وانیَ) | پاشگری (تن) / (ندەریَ) |
| ١٥. | دێمەوانیَ، دەچمەوانی ، لە کویَ | دەبێتن، نابێتن ، لە کۆێندەریَ |
| ١٦. | ئێوە | ئەنگۆ |
| ١٧. | گازگرتن | قەپاڵ و...هتد. |

ئەگەر تەماشای خشتەی (١٠) بکەین، لە ڕوانگەی فۆڕمی وشەوە جیاوازیی لە نێوان هەردوو ئەکسێنتەکەدا هەیە، بۆیە ئەگەر کەسێکی خەڵکی هەولێر تەنیا بڵێت:

**٥. فڵان شوێن لە کوێندەرێیە؟**

ئەوکات گوێگر هەست دەکات ئەم کەسە خەڵکی دەوروبەری هەولێرە، ئەگەر زیاتر کار لە نێوان هەردوو ئەکسێنتەکەدا بکرێت، جیاوازیی زیاتر بەدیدەکرێت. لە ئەکسێنتی هەولێردا زۆر جار گویَ بە جیاوازیی فۆڕم نادرێت، بۆ نمونە، ناوی چەند شیرنییەك بە یەك ناو دادەنرێت:

**١:٦/** پاقلاوە، لوقمەقازی، بامیَ، زلوبیا، شعرییە، هەنجیریی (لە سلێمانیدا)

٦:ب/ پاقلاوه ( له هەولێر، بەهەموو ئەو شیرینیانەی سەرەوە دەڵێن: پاقلاوە)

واته ناوەڕۆکەکەی (کەشیرینییە) گرنگە و وەریانگرتووە، چونکە هەموویان تامیان شیرینە، بەڵام لە ئەکسێنتی سلێمانیدا وەك خرایەڕوو بە ئەو شێوەیە نییە، لێرەدا جیاوازی دونیابینی بۆناونانی کەرەستەکانی نێو دونیا لە نێوان سلێمانی و هەولێریدا، لە ڕێگەی دەربڕاوی زمانییەوە دەبینرێت، کە جیاوازییان هەیە.

**٤-٢/١) سۆسیۆلێکت** (دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکان: **Sociolect**)

سۆسیۆدیالێکت، زیاتر پەیوەستە بە کۆمەڵە، یان چینێکی دیاریکراوە، کە لە نێو کۆمەڵگایەکدا بە شێوەیەکی تایبەتی زمان بەکاردەهێنن. سۆسیۆدیالێکت (بە هۆی فاکتەری کۆمەڵایەتییەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێت، نەك بە هۆی فاکتەری جوگرافیاوە. زۆربەی کات بە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵایەتیی ناو کۆمەڵگەوە وەك جیاوازییە سۆسیۆ ئابورییەکان و دین و چینەکانەوە گەشەدەکات)[٧٥]

زاراوەی "سۆسیۆلێکت" لە فەرهەنگی ماکمیلاندا بە ئەم شێوەیە پێناسە کراوە ((جۆرێکە لە زمانی ئاخاوتن لە لایەن بەشێك یان کۆمەڵێکەوە یان گروپێکەوە بەکاردەهێنرێت))[٧٦]، لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردا لە پۆلەڕەگەزی ناودا دانراوە و بە ئەم شێوە باسیدەکات ((دیالێکتێکی / شێوەی ئاخاوتنی کۆمەڵێکی دیاریکراوە ))[٧٧].

سۆسیۆلێکت شێوەیەکی زمانە، لە کۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا کارییێدەکرێت، تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆی هەیە، زیاتر بە هۆی فراوانی گەشەی کۆمەڵگا و ئاڵۆزی ژیان و زۆربوونی پیشەوە دروستبووە ئاخاوتنی پیشەوەرانیش وشە و زاراوەی پیشەکەیان لەئاخاوتنیاندا بەکاردەهێنن ئەمەیش (دیالێکتە کۆمەڵاتییەکان) دروستدەکات، بۆ نمونە شێوازی دیاریکراوی وەك کۆمەڵەئاخاوتنی (پیشەیی دارتاشی و ئەندام پەرلەمان و زمانی دادوەرەکان) وەك سۆسیۆدیالێکت ناودەبرێت، بەڵام مەرج نییە شێوەی ئاخاوتنی دوو کۆمەڵ لە ڕووی زمانەوانییەوە وەك یەك تەماشابکرێت، چونکە ئەو زمانەی لە دادگا قسەی پێدەکرێت لە لایەن دادوەر و پارێزەرەکانەوە جیاوازە لە شێوەی ئاخاوتنی کۆمەڵەئاخاوتنییەکی وەك دارتاشەکان کە لە نێو بازاڕدا کاردەکەن. لێرەدا مەبەست ئەوەیە زمان تا لێی وردبیتەوە تایبەتمەندیی وردتری هەیە، تەنانەت لە نێوان دوو هاوپیشەدا جیاوازیی دەبینرێت، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە لە ڕوانگەی نیشانە زمانەوانییەکانەوە، زمانی پیشەیەکی ناوبازاڕ لە زمانی

---

[٧٥] – بێرنارد کەمریێ، جرێریدا دایەمەند، و: کامیل محەمەد قەرەداخی (٢٠٠٧: ٢٦)

[٧٦] – http://www.macmillandictionary.com/dictionary/british/sociolect

[٧٧] – http://www.oxforddictionaries.com/definition/english/sociolect

پیشەیەکی تری وەك دادوەرەکان جیاوازە. زاراوەی "سۆسیۆلێکت" پێوەندی و نزیکی لەگەڵ زاراوەی تری زمانەوانیدا هەیە،بە دیوێکی تردا هەر کۆمەڵە ئاخاوتنییەك وەربگرین، شێوازی قسەکردنیان، وەك سۆسیۆلێکت دەتوانرێت بناسێنرێت، چونکە زاراوەی تر لە فەرهەنگی ماکمیلاندا وەك هاوتاو و وشەی پێوەندیدارەکانی "سۆسیۆلێکت" ناوی هاتووە.[٧٨]

## ٢/١–٥) ئایدیۆلێکت ( idolect)

ئایدیۆلێکت ((شێوازی قسەکردنی تاکێك، یان شێوازی تایبەتیی نوسینی کەسێك دەگرێتەوە))[٧٩].
بۆ نمونە ئاخێوەرێکی زمانی کوردی لەکاتی قسەکردنیدا، ئەم دەربڕاوانە زۆر دووبارە دەکەنەوە، وەك (تێ ئەگەی، ها، ئەمانە، ئەزانی، باش و..هتد)، دووبارەکردنەوەی ئەم دەربڕاوانە بووەتە خونەریتی هەندێك کەس، ئەمەیش پێدەچێت بۆ ڕێکخستنی بیرکردنەوە و قسەکردنی مرۆڤەکان لە کاتی ئاخاوتندا بەکاربهێنرێن، یان دەتوانین بڵێین جۆرێکە لە خوگرتن بە دوبارەکردنەوەی ئەم وشانەوە. وێڕای ئەوە کاتێك نوسەرێك یان کەسێك ئاسایی قسەدەکات، بیری زۆری هەیە بەڵام بۆی ناخرێتە نێو چوارچێوەی وشەوە لە ماوەیەکی کورت و دیاریکراودا، بۆیە (ئەها یان ئەزانی،) لە نێو قسەکردنیدا دەبینرێت و پشویەکی کورتیش بە ئاخێوەردەدات.
دەتوانین سنوری زاراوەی "ئایدۆلێکت" فراوانتر بکەین و بە چەند دێرێك گرنگترین تایبتمەندیی نوسەر و شاعیرەکانمان دەربخەین، بۆ نموونە ئەگەر شاعیرانی کورد، یان نوسەران بە نمونە وەربگرین، هەر یەکەیان جۆرێك لە تایبەتمەندیی خۆی لە نوسیندا هەیە، یان بەهۆی پرۆسەی نوسینەوە جۆرێك لە تایبەتمەندیی بۆ خۆیان دیاریدەکەن، کە چوارچێوەی بیری نوسەر لە نوسینەکانیدا ڕەنگدانەوەی هەیە.

---

[٧٨]– بۆ نمونە: ڕیجستەر (جۆرێکە لە زمان کۆمەڵێکی دیاریکراو لە شوێنێکی دیاریکراو ئاخاوتنی پێدەکەن، بەم شێوە زمانە دەگوترێت (register)، لە ژێر ناونیشانی زاراوەی سۆسیۆلێکت(وەك شازاراوە) دەتوانرێت شێوەی ئاخاوتنی کۆمەڵە ئاخاوتنییەکانی چینەکانی نێو کۆمەڵگا بخرێتەڕوو و دواتر نیشانە زمانیەکانییان و شێوەی دەربڕینی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان پیشانبدرێت. واتە سۆسیۆلێکت پێوەندی لەگەڵ زاراوەی ڕیجستەردا، پێوەندییەکی گشتە بەبەشەوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر (سۆسیۆدیالێکت) تەماشای ئەم پێگەیە بگە، دوای ئەوەی پێناسەی کردووە، وشە هاوتاکانی و ئەو زاراوانەیشی پێوەندی بە سۆسیۆدیالێکتەوە هەیە، ناساندویەتی و پێناسەی کردوون بڕوانە:
http://www.macmillandictionary.com/thesaurus-category/british/Types-of-language-and-general-words-for-language

[٧٩] –http://www.macmillandictionary.com/dictionary/british/idiolect

بۆنمونه، شیعرەکانی نالی شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە ململانێیە لە نێوان عەقڵ و دیندا دەکات، بەڵام تاسەر لە ئەم ململانێیە بەردەوام نابێت (بەتایبەت لە قەسیدەکاندا) و زوو پاشگەزدەبێتەوە.

لە شیعرەکانی مەولەویدا هەست بەڕەنگدانەوەی سروشت و کەژو کێو دەکرێت، وەك مێخ بەنێو شیعرەکانیدا ڕۆچووە، جوڵە و ڕەنگی سروشت و ڕەنگینی و ئاڵووالای زەوی وەك تابلۆ لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە و دروستکراوە، یان کاتێك تەماشای وێنەی ژن لە شیعرەکانی مەحویدا دەکرێت، وێنەیەکی تەواو نیە بەڵکو، وێنەی ئەندامەکانی لاشەیە بەتەنیا دەبینرێت، یان کاتێك تەماشای وێنەی ژن لە شیعرەکانی مەحویدا دەکرێت، وێنەیەکی تەواو نیە، بەڵکو وێنەی ئەندامەکانی لاشەیە بەتەنیا دەبینرێت.

عەلادین سەجادی لە زۆرێك لە کتێبەکانیدا ئەم دەربڕاوە دووبارە دەکاتەوە، (زانا دانایە، دانا توانایە) لە سەر بەشی سەرەوەی لاپەڕەکانی کتێبەکەیدا نوسراوە، ئەمەیش تایبەتمەندییەکی داوە بە کتێبە نووسراوەکانی ئەو ئەدیبە کوردە[٨٠]، هەموو ئەم نمونانە کە هێنرایەوە، وەك ئایدۆلێکت بۆ ناسینەوەی کەسەکان دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، ئەگەر لێکۆڵینەوەی مەیدانی وردتر بکرێت بە ئەنجامی باشتر و زۆرتر لەسەر ئایدۆلێکت لە زمانی کوریدا دەگەین.

## ١/٢–٦) ئایسۆلێکت

ئەم زاراوەیە ((زاراوەیەکی بێلایەنە دیالێکتێك، یان زمانێك دەگرێتەوە))[٨١]. ئێستا زیاتر پەیوەستە بە ڕوونکردنەوەی بارودۆخ و ژینگەی ڕێزمانیی زمانێك لە چەند قۆناغێکی(کۆن، ناوەند، ئێستا)ی مێژوودا، ڕوونکردنەوەیش پێشچاودەخات، بۆیە((هەر(تەنیا)گۆڕانێکی ئایسۆلێکت، پێوەندیی بەکاتێکی

---

[٨٠]-. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەو شاعیرانە بڕوانە:

ا. ئەنوەر قادر جاف (٢٠٠٧)

ب. حەمەنوری عومەر کاکی (٢٠٠٨)

پ. ئەحمەدی مەلا (٢٠١٣)

[٨١] – لە ڕوانگەی ئیتیمۆلۆژییەوە، ئەم زاراوە زمانییە لە لایەن (هەدسن)ەوە لە ساڵی ١٩٦٧ دروستکراوە، کاتێك لە زمانی بۆرینۆ (Borneo) لێکۆڵینەوەی کرد، ئەم ناوچەیە نزیکەی (١٦) ملیۆن دانیشتوانی هەیە، کاتێك لێکۆڵینەوە لە زمانەکەیان کرا، ئەوەندە شێوە و فرەجۆریی لە زمانەکەیاندا هەبووە، نەزانراوە کامەیان دیالێکت و کامەیان زمانەکەیە، (هەدسن)، لە بەر ئەم هۆکارانە زاراوەی ئایسۆلێکتی بۆ ئەم بارودۆخە زمانییە داناوە، بە ئەم شێوەیە (iso+lect) دورستکراوە. "لێکت" هاوواتاکەی برتییە لە (جۆر: variety)، بۆ زمانی ناوچەیەکی دیاریکراوە بەکاردەهێنرێت. (iso-) لە زمانی یۆنانیدا بەوتای "یەکسان" دێت، وەك پێشگرێك زاراوەی بواری زانستی پێدروست دەکرێت بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم ماڵپەڕە: http://en.wiktionary.org/wiki/isolect ئەمیش لە (١٩٦٧:٥٣) Hudson,R..A وەریگرتووە.

نوێوەدروستدەکات))[82] چونکە ئایسۆلێکت، دۆخێک"حاڵەتێک"ی ڕێزمانییە یان توانستێکە، وێنەی بارودۆخێکی زمانی پیشاندەدات، بۆ نمونە ئەگەر تەماشای هێڵکاری ژمارە (٥) بکەین[83] ، چوار تیرە هەیە کە لەخاڵێکەوە دەرچوون، خاڵی دەرچوون (سفرە) بریتییە لە چەقی ئایسۆلێکێت، بە درێژای مێژوو دەگۆڕێت، لە هەر گۆڕانێکدا(سفر– ٥)، لە ژینگەی زمانیدا بارودۆخی ڕێزمانی گۆڕانی تێدەکەوێت. خاڵی (سفر) بارودۆخی قوناغێکی دەستپێکی ڕێزمانی زمانێکە (وەك کوردی) بەڵام لە قوناغی گۆڕاندایە، خاڵی (٥) قوناغی ئێستای زمانێکە (وەك کوردی) جێگیرە.


کاتێك لێکۆڵەرێك قوناغی ڕابردووی زمانێك و ئێستای زمانێك بەراورد دەکات، گۆڕان بەرچاو دەکەوێت، بە گۆڕانە ڕێزمانییەکانی هەردوو قوناغەکە، ئایسۆلێکتی پێدەگوترێت. لە هێڵکارییەکەی خوارەوەدا، بە شێوەیەکی گشتی گۆڕانی ئایسۆلێکت لە ژینگەی زمانی (**iv،iii،ii،i**) خراوەتەڕوو، لە (سفر تا ٥) بارودۆخی ڕێزمانیدا گۆڕانی تێدادەبینرێت. ئەم هێڵکارییە ژمارە (٥) ڕوونکردنەوە و زانیاری زیاترمان لەسەر ئایسۆلێکت پێدەدات.

---

[82] – Stein, D (١٩٩٠:٢٠١)

[83] – وەك لە هێڵکاری ژمارە (٥) دا ڕوونکراوەتەوە، ئایسۆلێکت کاتێك ڕوونتر دەردەکەوێت کە لێکۆڵەرێك، لە ڕابردووی ڕێزمانی زمانێك لە گەڵ ئێستا بەراورد بکات، جیاوازی ڕێزمانی ئەو دوو قۆناغەی زمانەکە، ئایسۆلێکتی پێدە'گوترێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

A. Stein,D (١٩٩٠:٢٠١)
B.https://www.youtube.com/watch?v=PsObQBjSri




ژینگەی زمانیی (iv، iii،ii ،I)

بارودۆخی ڕێزمانی =ئایسۆلێکت

| | ا | ii | iii | iv |
|---|---|---|---|---|
| ٠ | ك | ك | ك | ك |
| ١ | ك/ ت | ك | ك | ك |
| ٢ | ت | ك/ ت | ك | ك |
| ٣ | ت | ت | ك/ ت | ك |
| ٤ | ت | ت | ت | ك/ ت |
| ٥ | ت | ت | ت | ت |

**ك: شێوەی کۆن**　　　**ت: شێوەی نوێ**

**((هێڵکاری ژمارە (٥) چوارچۆوەی کارکردنی ئایسۆلێکت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەرەتاوە تا کۆتایی))**[٨٤]

٨٤ - Stein,D (١٩٩٠:٢٠١)

## ٧-٢/١) پیجین (Pidgin)

یەکێکە لە شێوەکانی زمان بە هۆکاری تێکەڵاوی میللەتان و بازرگانی و ئابورییەوە دروستبووە، لە فەرهەنگی ماکمیلاندا بەم شێوەیە پێناسەی دەکات، (زمانێکە لە تێکەڵکردنی دووزمان یان زیاتر پێکهاتووە، لە کاتێکدا ئەو کەسانەی بە زمانی یەکەم قسەدەکەن، لە ئەو کەسانەی کە بەزمانی دووەم قسەدەکەن تێناگەن، زمانی پیجین وەك ئامرازێکی پێوەندیکردن بەکاردەهێنرێت، ئەم شێوەیەی زمان بەشێوەیەکی ئاسانکراو بۆ گفتوگۆکردن ناسراوە)[٨٥]، یان پیجین (( زمانێکی یارمەتیدەرە (وەك ئیدیۆم لە زمانی ئینگلیزیدا، بەو زمانەیش دەگوترێت کە ئینگلیزی و چینی تێکەڵ بێت-و) زمانێکە بۆ پێوەندیکردنی نێوان ئەو گروپانە بەکاردێت، کە زمانەکەیان لە یەکتر جیاوازە. ئەو کاتانە پەرەپێدراوە کە خەڵکانێکی زمان جیاواز پێکەوە هێنراون و ناچارکراون پەیوەندی لەگەڵ یەکتری بگرن و قسەبکەن، بەبێ ئەوەی کاتێکی وایان بۆ تەرخانبکرێت، کە بتوانن بە باشی فێری زمانی یەکتری ببن))[٨٦].

سەرەڕای ئەوەیش ئەم شێوە زمانە (زمانی دایك نییە، بەڵام وەك ئامرازێکی پێوەندیکردن بەکاردەهێنرێت، کاتێك کەسێك لەگەڵ کەسانێکی (گروپی کارکردن، گروپێکی تر) گفتوگۆدەکات، کە زمانی دایکیان لە یەکتری جیاوازە، ئەوکات زمانی پیجین بەکاردەخەن)[٨٧].

ئەوەی گرنگە باسبکرێت ئەوەیە کە مێژووی ئەم شێوەیەی زمان تاڕادەیەکی باش دیارە. ( لە ساڵی (١٨٥٩-١٨٧٦) لە ئەو ماوەیەدا بە کۆترێکی نامەبەردا نامەیەك نێردراوە، لە چینەوە بۆ ئەوروپییەکان، بە مەبەستی پێوەندیی بازرگانی، بەشێوەیەك وشەی نامەکە کورتکراوەتەوە، لە ئەو نامەیەدا وشەی پیجین هەبوو، کە خوێندنەوەی وشەی (business ) زمانی ئینگلیزییە، بەڵام بەشێوەی چینی وەك (Pidgin)گۆکراوە. دوای ساڵی (١٨٩١) ئەم وشەیە وەك زاراوەیەك بۆ هەموو زمانە پیجینییەکان (ئاسانکراوەکان / ئاوێتەکان)ی وەك:( زمانی چینی وئینگلیزی) بەکارهاتووە)[٨٨] .

زمانە پیجینییەکان، کۆمەڵە زمانێکن، کە زۆر قوڵ و سانا و جوان چاککراو دەگرێتەوە، کە بەڕادەیەك وشەی کەم و یاسایی ڕێزمانی کەمی تێدا هەڵبژێردراوە، بۆ ئەوەی پێداویستییە ئابورییەکانی پێبەدەستبهێنرێت و گرفتەکان چارەسەربکات، بۆ چۆنیەتی دروستبوونی زمانە

[٨٥] -http://www.macmillandictionary.com/dictionary/british/pidgin

[٨٦]- بیرناد کەمریێ، جێرید دایمەند، و: کامیل محەمەد قەرەداخی:( ٢٠٠٧: ٢٨)

[٨٧]- بێریڤان ئەحمەد شەریف: (٢٠١٠:١٩) ئەویش لە (ئەدریان ئەکمیجان و هەندێکی تر، (١٣٧١:٢٩٣)وەریگرتووە.

[٨٨]-www.etymonline.com/index.php?allowed_in_frame=٠&search=pidgin&searchmode=none

پێچینەییەکان تیۆری زۆر هاتووتەئاراوە[٨٩]، زمانی پیجین هەندێك کات دەبێتە سەرچاوە بۆ دروستکردنی زمانێکی تر، کە (کریۆڵ) ی پێدەگوترێت.

[٨٩]– بۆ چۆنییەتی دروستبوونی زمانە پێچینەییەکان تیۆریی زۆر هاتووەتە ئاراوە بە کورتی ئاماژەی پێدەدەین:

١. شێوازی قسەکردنی مندالانە (گڕوگاڵ و لاسایکردنەوە): وەك دەڵێن ئەم تیۆرییە زمانەوانی سەدەی نۆزدەیەمی ئەڵمانی (هۆگۆ شخارتە) دایناوە. بەپێی ئەم تیۆرییە زمانی پیجین لە ئەنجامی لاسایکردنەوە و دووپاتبوەنەوە (بۆ نمونە هاولاتیانی چینی کاتێك وشەی زمانی ئینگلیزیان وەرگرتووە و بە شێوەی چینی ئەو وشانەیان دەربڕیوە و دووبارەیانکردووەتەوە) دروستبووە.

٢. گریمانەیەکی تر، بۆ شیوازی دروستبوونی زمانی پیجین ئەوەیە، لە ئەنجامی ڕووبەڕوبونەوە و یەکتربینین و تێکەلاوی کورتخایەنەوە پێکهاتووە، بەلام ئەم جیاوازیانەی نێوان زمانی سروشتی بەراورد بە زمانی دەستکرد و ئاوێتەکان (پیجین) جێگەی تێڕامانە، بۆ نمونە:

ا. زمانی پیجین، خاوەن قسەکەری خۆماڵی نین، وەك زمانە سروشتییەکان، لە هەندێك بارودۆخی تایبەت وەك دابینکردنی پێداویستیەکان بە کار دێت، دواتر کەم بەکار دێت یان دوای ئەو بارودۆخە زمانی پیجین بە کارنایەت. واتە بەرەو نەمان و پوکانەوە دەچێت.

ب. وشەکانی زمانی پیجین کەم و سنوردارن، ئەگەر بەراوردی بە زمانە سروشتییەکان بکەین.

پ. زمانی پیجین بە هۆی کەمی وشە و کەمی یاسایی ڕیزمانی و ژمارەی کەس و جیاوازی توخمیان بەکار نەدەهێنا. واتە بەکارنەهێنانی وشە و یاسایی ڕێزمانی ناپێویستی زمانە سروشتییەکان، بۆ ئەو کەسانە پێویستیان بە بەکارهێنانی زمانی (پیجین)ە، بە شێوەیەکی ئاسان فێریبن، بەراورد بە زمانە سروشتییەکان، کە فێربوونیان ئاسان نییە.

ت. لە زمانەسروشتیەکاندا، بە هۆی وردبوونەوە بە شێوەیەکی گشتی و بە ئاگایانەوە، بە هۆی تاك، یان کۆمەڵەکەسێکی شارەزا، لە ماوەیەکی دیارکراودا یاسا و دەستوری زمانەکە هەڵدەسەنگێن و دایدەڕێژنەوە، بەلام زمانە پیجینەکان زیاتر بە شێوەیەکی نائاگایانە و لە ماوەیەکی دوورو درێژدا وردەوردە شێوەیان گرتووە و دروستبوون، زۆربەی ئەم جۆرە زمانە لە ڕوانگەی دەستوری ڕێزمانییەوە لاوازن و پێکهاتەکانیان کەموکوڕی تێدایە، ڕادەی سوودوەگرتنیان لە وشە و دەربڕاوەکانی زمانە سروشتییەکان، هەندێك کات نزیکە لە یەکترییەوە و هاوسەنگی لە نێوانیاندا دەبینرێت وەك: زمانی (ڕووس نۆرسك: Russe norsk) ئەم زمانە لە ئەنجامی پێوەندی بازرگانی نێوان ولاتی ڕووسیا و نەرویجدا لە سەدەی بیستەمدا هاتوەتەئارا و سودی لێوەرگیراوە. وشەی زمانی پیجینی (ڕوس نۆرسك) لە ئەم دوو زمانە بە شێوەیەکی تاڕادەیەك هاوسەنگ سودیان وەرگرتووە. هەندێك کاتیش ئەو هاوسەنگییە کەمە، چونکە زۆرتر وشەکان لە زمانێکی کەسانێکەوە(بازرگانەکان) وەردەگرێت، بازرگانی بازاریان (یان ناوچەیەکی جوگرافیان) بۆ خۆیان ڕامکردووە (کۆنترۆڵکردووە). هەموو کات مەرج نییە کەسەکان بازرگانی بکەن، بەڵکو هەندێك جار ئەو کەسانە دەسەلاتی سەربازیان هەیە و ناوچەیەکیان بە دەستەوەیە. (وەك، زمانی ئینگلیزی و ژاپۆنی لە دوای جەنگی جیهانی دووەمدا) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حسێن یەعقووبی و: ئیسماعیل زارعی، (٢٠٠٧: ١٤٤–١٤٦).

## ٨-٢/١) كريۆڵ (زمانی دەستکرد: Creole)[٩٠]

ئاشکرایە، زمانی سروشتی لە باوان و خێزانەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازێتەوە و منداڵ فێریبوون، لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە و لە لایەن کەسی شارەزاوە هەر میللەتێك زمانی خۆی لێکداوەتەوە، تا ڕادەیەکی باش یاسای ڕێزمانی زمانەکەی دەستنیشانکردووە، پاشان بەشێوەیەکی گشتی تەماشای ئەو زمانە سروشتییانە کراوە و هاوبەشی لە نێوانیاندا بینراوە، لە پاڵ ئەمەیشدا هەر زمانێك تایبەتمەندیی و دونیابینی تایبەت بە خۆی هەیە. لەسەر ئەم بنەمایەیە هەوڵدراوە زمانی دەستکرد دروستبکرێت، بەشێوەیەك، وەك زمانێکی جیهانی دەربکەوێت، ئەم هەوڵە ئەنجامی هەبوو، بەڵام بەردەوامی زۆر نەبووە.

زمانی دەستکرد هەر وەك زمانی ئاسایی، جۆریان هەیە و فرەجۆریی لە زمانە دەستکردەکانیشدا بەدیدەکرێت. ((زمانی دەستکرد زمانێکە، کە لەلایەن کەسێك یان کۆمەڵێکی بچوکەوە بەمەبەستگەلی پەیوەندی، یان ڕابواردن بەشێوەیەکی زانست و ئەنقەستانە لەماوەیەکی کورتدا داهێنرابێت))[٩١] .

هاوکات هەندێك کات مەودای بەکارهێنانی فراوانە و ژمارەی زمانی دەستکردیش زۆرە، (تا ئێستا سەدان زمانی دەستکرد داهێنراون، لەسەدەی حەڤدەدا (٤١) زمان و لەسەدەی هەژدەدا (٥٠) زمان و لە سەدەی نۆزدەیەمدا (٢٤٦) زمان و لەسەدەی بیستەمدا (٥٦٠) زمان دروستکراوە. ژمارەیەکی زۆری زمانی دەستکرد لە قۆناغی گەڵاڵەی خستنە بەردەستدان بۆ بەکارهێنان. یەکێك لەزمانە دەستکردە دیارەکان کە ناوی بڵاوبووەتەوە و ڕۆشتووە سپرانتۆیە)[٩٢]، لە لێکۆڵینەوەی زمانە دەستکردەکاندا (سپرانتۆ) بە هۆی سەرکەوتنی ڕێژەیی خۆی لە ڕۆڵگێڕانی لە زمانی جیهانیدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە، ئەمرۆ چەندین بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و بەرهەمە ئەدەبییە ناودار و کتێبە پیرۆزە ئاینیەکان بەزمانی سپرانتۆ چاپکراوە. بۆ نمونە (قورئان و ئینجیل، جارنامەی مافی مرۆڤ) بۆ ئەم زمانە وەرگێردراوە.چەندین وڵاتیش پەخشی ڕادیۆی تایبەت بەزمانی سپرانتۆیان دامەزراندووە، لە ساڵی (١٩٨٠) دا گوتراوە، زمانی سپرانتۆ زیاتر لە شەش سەد(٦٠٠) خوێندنگە و سی ویەك (٣١) زانکۆ لە

---

[٩٠]- کریۆڵ زمانێکی سروشتی جێگیرە، کە بەرهەم هاتووە لە زمانی "پیجین"ەوە، کە لە دوو زمان یان زیاتر پێکهاتووە. زمانی کرێۆڵ جیاوازە لە پیجین، لە بەر ئەوەی زمانی پاراوی منداڵانە وەکو زمانی دایکیان، ئەمەیش جیایدەکاتەوە لە پیجین. ژمارەی زمانی کرێۆڵ بە دیاریکراوی نازانرێت چەندە، بەڵام لە ساڵی (١٥٠٠)ەوە نزیکەی سەد زمان دەرکەوتووە، ئەو زمانە کریۆڵەی کەزۆرترین کەس قسەی پێدەکات بریتییە لە (هایتی – کریۆڵ) کە نزیکەی(١٠) دە ملیۆن ئاخێوەر قسەی پێدەکەن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: http://en.wikipedia.org/wiki/Creole_language

[٩١]-حسێن یەعقوبی، و: ئیسماعیل زارعی (٧١:٢٠٠٧) لە کریستەڵ: (٢٣٧:١٩٩٧)) وەریگرتووە.

[٩٢]- زمانی سپرانتۆ، زمانێکە ڕیزکردنی پیتەکان و خوێندنەوەی تایبەت بە خۆی هەیە، (٣٥) وێنە بۆ دەنگەکانی دانراوە، لە و ژمارەیە (١٠) دانەی دوو پیت بەرامبەر یەك دەنگ نوسراوە (٢) وێنەیشان سێ پیت بەرانبەر یەك وێنەی دەنگی دانراوە وەك: (EUX) بۆ زانیاری زیاتر لە سەر زمانی سپرانتۆ، بڕوانە ئەم ماڵپەڕە، کە شێوازی فێربوونی زمانەکانی بیانی تێداخراوەتەڕوو: http://mylanguages.org/ar/learn_esperanto.php

سەرانسەری جیهاندا دەگوترێتەوە، بۆ ئەوەی بزانرێت چەند کەس قسەییپێدەکات پێوانەی ورد لەبەردەستدا نییە، بەڵام بەنزیکەی (١-١٥) ملیۆن کەس لە جیهاندا دەتوانن بە پاراوی قسەی پێبکەن. چاودێریکردنی زمانی سپرانتۆ لە جیهاندا زیاتر لە (١٢٥٠) لیژنەی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام ژمارەی ئەندامەکانیان بەدڵنیاییەوە ناتوانرێت ببنە بەڵگەی شیاو و شایستە بۆ پێشبینیکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی قسە بە ئەم زمانە دەکەن. واتە زۆری لیژنە مەرج نییە ئاماژەبێت بۆ زۆری قسەپێکەرانی ئەم زمانە دەستکردە(کریۆڵ).)[٩٣]، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم شێوەی زمانە ئەگەری هەیە، وەك زمانی ستانداردی وڵاتێك هەڵبژێردرێت، بە پێچەوانەی زمانی پیجین بەدەگمەن دەتوانرێت وەك زمانی ستانداردی میللەتێك دیارییبکرێت.

ئەوەی جێگەی باسە لێرەدا پەیوەست بە ئەم باسکردنە ئەوەیە، ئایا لە زمانی کوردیدا زمانی دەستکرد هەیە؟ یان ئایا زمانی دەستکرد دروستکراوە؟ بەڵێ هەیە، بەڵام وەك میللەتانی تر نییە.

هۆکاری زۆر هەیە، کە زمانی کوردی وەك زمانی بیانی لێکۆڵینەوەی تێدانەکراوە، بۆیە داتایی زمانی زمانی پێشین "کۆن" و ناوەند زمانی کوریدمان لە بەردەستدا نییە، تا وەکو مێژوو کاتی زمانی دەستکردی کوردی بەدیاریکراوی بنوسین، یان ئاماژە بەسەرچاوەکەی بکەین. لە بەر ئەوەیە ئێستا ناتوانین بە ڕوونی و بێ دوودڵی لەسەری قسەبکەین و بڵێین لەو ساڵەدا ئەو کەسە دروستیکردووە، بەڵام لە نێو چینەکۆمەڵایەتیەکان بەتایبەت هەرزەکارەکاندا، شێوازی دەستکردی زمانی لە زمانی کوردیدا دەبینرێت و بینراوە، بەڵام لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر نەکراوە. گەرچی لە بەرنامەی کەناڵی ئاسمانیدا بەهۆی زمانی دەستکردەوە خەڵات وەرگیراوە. لە ئەم ڕوانگەیەوە بە پێویستیی دەزانین، بە کورتی لە زمانی دەستکردی کوردی بدوێن و شێوازی فێربوونی ئەو زمانەیش بخەینەڕوو و لەگەڵ هەندێك وردەکاری تردا.

لە نێو چینی گەنجان و هەرزەکاراندا شێوەیەك لە زمان دەستکردی (بەرهەمهێنراو) کوردی دەبینرێت و تا ڕادەیەك کارییپێدەکرێت، ناوی ئەم شێوە زمانە بریتییە لە: (ئزە مزە، واتە ئەمە) یان بە ئەم ناوە لە نێو کورددا ناوزەدکراوە، چونکە ئەم دەنگە لەهەموو دەنگەکانی تر زیاتر لە کاتی قسەکردندا بەکاردەهێنرێت، ئەم شێوازە زۆر کات بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت، کە کەسانی چواردەور لە ئەو دوو کەسە تێنەگەن، کاتێك قسەدەکەن، هەندێك کات ئەم شێوە زمانە دەستکردە پەیوەستە بەباری دەروونییەوە، بە مەبەستی خۆدەرخستن بەکاردەهێنرێت. بەشێکی زۆر لە دەنگەکانی زمانی کوردی وەك: /خ، ح، چ، ق/ لە بری دەنگی /ز/ ئاخاوتنی پێدەکرێت، بەهەندێك دەنگیش ناتوانرێت ئاخاوتن و قسەی پێبکرێت، بۆ نمونە بە / پ،ش/ بۆ شێوەی زمانی کریۆڵی کوردی نابێت و ناتوانرێت بخرێتە ناوبڕگەکان و ئاخاوتنی پێبکرێت، چونکە ئاسان نییە بۆ دەربڕین. وێڕای ئەوەیش دەنگە

---

٩٣- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جۆر و پۆلێنکردنی زمانە دەستکردەکان بڕوانە: حسێن یەعقوبی و: ئیسماعیل زارعی (٢٠٠٧: ٧١- ٩٩) زانستیانە و وردەکارییانە لە ئەم بابەتە دواوە.

ڤاوڵەکانی زمانی کوردی/ ی، ە، و، ێ، ا/ بۆ ئەم شێوەدەستکردە نابێت، چونکە ئەو دەنگەی زمانە دەستکردەکە دروستیدەکات، دەچێتە نێو یەك بڕگەوە واتە، وشەیەك چەند بڕگەبێت ئەوەندە دەنگی بۆ زیاد دەکرێت. بۆ نمونە (بە)ئامرازی پێوەندییە و یەك بڕگەیە، (بە) ⟵ (بزە)، یەك دەنگی /ز/ بۆ زیادکراوە، دەنگی /ز/ کەوتووەتە نێوان کۆنسنانت و ڤاوڵەکەوە، ئەوکات زمانە دەستکردە کوردییەکە دروستدەبێت، لێرەدا چەند نمونەیەك بە زمانە دەستکردە کوردییەکە دەنوسین.

| ((خشتەی ژمارە (١٠) نمونە بۆ شێوەی زمانی دەستکردی کوردی)) | |
|---|---|
| زمانی کوردی | زمانی دەستکردی کوردی |
| دایك | دزایزیك |
| گوڵ | گوزەڵ |
| منداڵ | مزەنزادزڵ |
| دایك منالڵ وەك گوڵ پەروەردە دەکات. | دزایزیك مزەنزالڵ، وزەك گوزەڵ پزەروزەردزە دزەکزات. |

لە ئەم نمونانەدا ئەوە دەبینرێت، لە ڕووی ئابورییەوە مرۆڤ بە ئەو شێوە زمانە دەستکردە قسەبکات، وزەی زیاتری بۆ قسەکردن پێویستە، لەبەرئەوەی هەر بڕگەیەك پێویستە دەنگێکی / ز/ بخرێتە نێوانیانەوە، بەڵام لە ڕووی ڕێزمانەوە هەر وەك زمانی کوردییە و هیچ گۆڕانێکارییەك ڕوووینەداوە. واتە هەر بڕگەیەك /ز/ بۆ زیادرکراوە، ژمارەی بڕگەکانی زیاتر نەبووە. بۆیە دەتوانین ئەوەبڵێین، ئەم شێوە زمانە دەستکردە شێوازێکی زمانی کوردییە، کە چینی لاوان لە هەندێك شوێنی کوردستان قسەی پێدەکەن، کاتێکیش فێربوون و ئەندامی ئاخاوتنیان بەدەربڕینی ڕاهات، ئەو شێوازە نوێیەیان بیرناچێتەوە. فێربوونی ئەم زمانە دەستکردە ئاسانە و تەنیا چەند ماوەیەکی دەوێت، تا ڕادێیت لەگەڵ ئەو شێوازە دەربڕینەدا، هەر ئەوەندەی چەند وشەیەك فێربوویت، دواتر بەئاسانی دەتوانرێت قسەی پێبکرێت، سەرەتا کەمێك بە خاوی دەتوانرێت ئاخاوتنی پێبکرێت، بەڵام کاتێك بەردەوامی هەبوو و زۆر قسەی پێکرا، ئەوکات دەتوانرێت وەك شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانە قسەی پێبکرێت. سەرەڕای ئەوەیش، شێوازێکی تر هەیە پێدەگوترێت "هەڵگەڕانەوە" لە نێو لاواندا بڵاوە، بەکورتی دەیخەینەڕوو، چەند نمونەیەك دەهێنینەوە:

**٧:أ/** بڕوین ⟵ ڕبۆین

**٧:ب/** باش ⟵ شاب


**٧:پ/** تاك ⟵ کات

**٧:ت/** بۆ ⟵ ۆب

**٧:ج/** بازاڕ ⟵ زاباڕ

**٧:ح/** بۆ بازاڕ بڕۆین؟ ⟵ ۆب زاباڕ ڕبۆین؟

لێرەدا بە پێویستیی دەزانین لە شێوەی هێڵکارییەکدا پێوەندی نێوان جۆرەکانی زمان بخەینەڕوو.




**((هێڵکاری ژمارە (٦)، جۆرەکانی زمان، شێوازی دورستبوونیان لە ئاستی ستووندا))**

وەك لە هێڵکاری ژمارە (٦)دا دیارە، زمانەکان دابەشدەبن بۆ چەند دیالێکتێك، هەر دیالێکتێکیش ئەگەری ئەوەی هەیە، چەند ئەکسێنتێکی هەبێت، لە نێو ئەکسنتێکیشدا ژمارەیەکی زۆر سۆسیۆلێکت دەبینرێت، کە لە لایەن کۆمەڵەئاخاوتنییەکانەوە بەکاردەهێنرێت. هەرتاکێك خاوەنی نیشانە و شێوەی تایبەت بە خۆیەتی ئەمەیش دەتوانرێت وەك ئایدۆلێکت ناوزەدبکرێت. دیارە ئەگەر وردبینی زیاتر بکرێت، شێوازی تری زمان هەیە، وەك لە نوسینی ڕێزماندا دەردەکەوێت، ئەویش ئایسۆلێکتی پێدەگوترێت. لەگەڵ ئەوەیشدا شێوەی پیجین و کریۆڵ لە نێو زمانی جیهاندا هەیە، بەڵام مەرج نییە هەموو زمانێك ئەو جۆرە زمانەی هەبێت،(پیجین و کریۆڵ) لە هێڵکارییەکەدا مەبەست ئەوە نییە، سەر بەئاستی ستوونی بێت، بەڵکو تەنیا بە مەبەستی شێوەی دروستبوونەکەیان خراونەتەڕوو.

## ٢) بنەما تیۆرییەکانی دوودیویی زمانیی و کۆمەڵەئاخاوتنییەکان

مرۆڤ کاتێك ئەزمونی تەمەنی لە نێو ژیان و لە سەر زەویدا دەستپێکرد، سەری لە زۆر شت سوڕماوە، لەگەڵ ئەوەیشدا لە هزرو ئاوەزیدا پرسیار دروستبووە، بەڵام وەڵامی پرسیارەکانی بەتەواوی دەستنەکەوتووە. ئەوەی جێگەی سەرنجە مرۆڤ دەستەوەستان نەوەستاوەو کاریکردووە، بۆ ئەوەی پرسیارەکانی نێو ژیان وەڵامبداتەوە. مرۆڤ بێجلوبەرگە"واتە بێگانەیە" کاتێك لەدایك دەبێت، بۆ هەر چوار وەرزەکە پێویستی بە جلوبەرگ هەیە، باشترین ئامراز بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی پێبژێنێت و پێداویستی ژیانی پێدابینبکات تەنیا زمانە، کە لە یەك جەستەدا زیاتر لە شێوازێکی قسەکردن بوونی هەیە، چونکە مامەڵەو بەریەککەوتنی زۆرە و پێویستی بە شێوەی جیاوازیی زمان بۆ بارودۆخی جیاوازیی ژیان هەیە. کاتێك ئەزمونی ژیان بەسەریەکدا کەڵەکە بوو، زمانیش بە تەواوی لەگەڵ ژیاندا تێکەڵبوو، مرۆڤ پێیخۆش بووە لە زمانیش بکۆڵێتەوە، چونکە جگە لە ئەو( زمان بەهەموو جۆرەکانییەوە) ئامرازێکی لەبارتری نییە کە لە زۆربەی زۆری بارودۆخەکاندا بەکاربخرێت. وێڕای ئەوەیش ئێمە بیروڕای خۆمان لە ڕێگەی زمانەوە بەیاندەکەین، تەنانەت خودایش لە ئەو ڕێگەیەوە بەرنامەی بۆ ئێمە ناردووە، واتە ئامرازی تێگەیشتنمان تەنیا زمانەو شتێکی تر کە جێگەی پێلەقبکات نییە، بۆیە پێویستە لێیتێبگەین.

ئەوەی جێگەی ڕامانە بونەوەری تر جگە لە مرۆڤ زەوی لانکەو ژینگەیانە، لەگەڵ لەدایکبوونیاندا جلوبەرگی هەر چوار وەرزەکەیان پێیەو بە زەوی بێگانە نین، هەر ئەمەیشە وادەکات، شێر هەر شێر و فیل هەر فیل بێت، پێویستی بەزمانێکی وەك زمانی مرۆڤ نەبێت، چونکە گۆڕان لە ژیانیاندا وەك ژیانی مرۆڤ نییە، شێر وەك شێر دەژی لە ئەو کاتەوەی هەیە، بەڵام ئێمە سودمان لە نیشانە تایبەتیەکانی گیانلەبەرانی تریش وەرگرتووە، تا لە ژیان تێبگەین و بارودۆخی جیاوازیی نێو ژیانی پێڕوونبکەینەوە.

مرۆڤ زیاتر لە شێوەیەکی زمانی پێویستە، بەڵام شێوەی زمانی ئاژەڵان ئاماژەو دەنگە، وەك زمانی مرۆڤ نییە، چونکە زمانی مرۆڤ سیستێمکی هێماییەو هێماکانیش بەپێی گۆڕانی ژیان بەرەو زیادبوون دەچن. ئاژەڵان سیستێمی ژیانیان دیاریکراوەو سنوردارە، بۆیە ناتوانن پێشکەوتن و گۆڕانکاری لەسەر زەویدا بەدەستی خۆیان بکەن، ئەمەیش وادەکات شێوەی زمانیان وەك زمانی مرۆڤ نەگۆڕێت. لەئەم لێکۆڵینەوەدا لە نێو شێوەکانی زماندا دوودیویی زمانیی پەیوەست بەکۆمەڵەئاخاوتنییەکانەوە باسدەکەین.

کاتێك ئێمە هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆمەڵەئاخاوتنییەکان دەکەین لە کۆمەڵێك زیاترە، بۆیە پێویستمان بە زیاتر لە شێوەیەکی زمان هەیە، بۆ ئەو بارودۆخە جیاوازانەی تێیدادەژین، تا بتوانین کاروباری ڕۆژانە بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەببەین. ئەو زمانەی لە باوانەوە وەردەگرین و فێریدەبین و گفتوگۆی پێدەکەین، یەکێکە لە ئەو شێوەیەیی زمان کە ناتوانین بە تەواوی دەستبەرداریببین، بەڵکو لە هەندێك بارودۆخی تایبەتیدا بەشێوەیەکی زۆر خێرا شێوەی زمانەکەمان دەگۆڕین، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوربەرەکەدا بگونجێین، یەکەم شێوەی زمان جۆرێکی بنەڕەتییە کە بەپێی ئەزمون بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرو سروشتی لە دەوروبەرەوە وەریدەگرین و فێریدەبین.

شێوەی دووەمی زمان بۆ ژینگە نوێیەکان بەکاردەهێنرێن، لە ئەنجامی گەشەو گۆڕانی کۆمەڵ بە هۆکاری ئابوری و پیشەسازی و تەکنەلۆجیا و.. هتد، هاتوونەتەئاراوە. شێوەی دووەمی زمانیش ئەو زمانەیە، کە دەستی مرۆڤی بۆ ڕێکخستن و پەرەپێدان و بوژاندنەوەو بڵاوکردنەوە زیاتر تێدایە، بۆ ئەوەی سنوری بەکارهێنانیشی فراوانتربکرێت لە ڕێگەی جیاوازیشەوە هەوڵدەدرێت، وەك: (پلانی زمانی، بەپێی بڕیارێك ڕێکخستن و بەفەرمی کردن و دیاریکردنی یاسای ڕێزمانی..هتد) کاری تێدا بکرێت، بەڵام بەتەواوی وەك شێوەی زمانی باوان (یەکەم شێوەی زمان) و پێشینەی خۆڕسکی نییە، بەڵکو زاراوەی بیانی و ڕێکخستنی (ڕێزمانی) زیاتری تێدابەدیدەکرێت، بەشێوەیەك وەك زمانی فەرمی دەردەکەوێت. ئاشکرایە لە نێو ئەم دوو شێوەدا شێوەی تری زمان هەیە بۆ نمونە، کاتێك(مرۆڤ) لە ماڵەوە بۆ بازاڕ دەڕوات و ئاخاوتن لەگەڵ دەوروبەردا دەکات، لە ڕووی دەربڕاوەوە هەمان شێوەی ئاخاوتن کە لەنێو ماڵ، یان فەرمانگەیەکدا ئاخاوتنی پێدەکرێن، نییە، بەڵکو جیاوازیی هەیە و دەتوانرێت وەك زمانێکی ناوەند ناوزەدبکرێت، یان بەواتای تر لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە دەتوانرێت پلەبەندی بۆ شێوەکانی ئاخاوتن لە نێو یەك زماندا بکرێت.

کاتێك مرۆڤ لەگەڵ هاوڕێ و کەسوکاریدا ڕۆژانە قسەدەکات، بەشێوەیەکی ئاسایی قسەدەکات، بەڵام کاتێك لەگەڵ کەسێکی تر قسەدەکات، ئەزمونی ژیانی لەگەڵیدا کەمە، یان ئەزمونی نییە، ئەو کات شێوازی زمانەکەی گۆڕانی تێدادەکات و لە شێوە ئاساییەکەوە دەچێتە سەر شێوەیەکی فەرمی (شێوەی باڵا)، بۆ ئەوەی بەئاسانی و بێگرفت (هەڵەتێگەیشتن دروست نەبێت) گفتوگۆ و کارەکەی بەڕێوەبچێت.

ئاشکرایە بەکارهێنانی زمانیش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، گۆڕانیش کاتێك بەدیدەکرێت، کە بابەتێك (وشەیەك) وەك خۆی دووبارەنەکرێتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی جیاوازتر (فۆڕم، یان ناوەڕۆك) دووبارەبکرێتەوە، زمانیش یەکێکە لە ئەو ئامڕازانەی لە کاتی دووبارەکردنەوەیدا بەپێی کات، یان شوێن، یان کەس، شێوەی قسەکردن گۆڕانی تێدادەکرێت، یان تێدادەردەکەوێت. ئەم گۆڕانکارییەش لەلای زۆربەی ئەو میللەتانەی ئاستی خوێندنیان تێدا (بەرزە) دەبینرێتو وەك دیاردەیەکیش گشتگیرە. ئەم شێوەیش سەرنجی لێکۆڵەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، لە ئەم بەشەدا باس لە ئەو شێوانە دەکەین و هاوشانی ئەوەیش دوودیویی زمانیی (diglosiya) پەیوەست بە کۆمەڵەئاخاوتنییەکانەوە دەخەینەڕوو.

تیۆری دوودیویی زمانیی ڕێگە بە ئەوە دەدات بە دوو شێوە کارییپێبکرێت، یان بە دوو شێوە بیخرێتەڕوو، کە بریتیین لە:((یەکەم: دوودیویی زمانیی بەشێوەیەکی ستوونی، دووەم: دوودیویی زمانیی بەشێوەی ئاسۆیی (فرەجۆری زمانی لەنێوان دیالێکتەکانی زمانێکدا))[1] دەگرێتەوە.

---

[1] –Bassiouney, R (٢٠٠٩:٢٧)

لێرەدا مەبەست لە ئاستی ستوونی کۆمەڵەئاخاوتنییەکانە و ئاستی ئاسۆیش فرەجۆری زمانی و جیاوازیی نێوان زمانی ستاندارد و دیالێکتەکانی زمانێکی دیاریکراوە. لە ئەم لێکۆڵینەوەیەدا تیۆری دوودیویی زمانیی لە فرەجۆری کۆمەڵایەتیەکاندا نمونەی بۆ دەهێنرێتەوە ڕوونیدەکرێتەوە، دوای ڕوونکردنەوەی تیۆری دوودیویی زمانیی، چەمکی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان ڕووندەکرێتەوە، پاشان یەکێك لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکان بۆ جێبەجێکردنی تیۆری دوودیویی زمانیی هەڵدەبژێردرێت. تا ئێستا بە شێوەیەکی گشتی لەسەر جیاوازییە زمانەکانییەکان ڕوونکردنەوە درا، بەڵام ئەگەر تەماشایی جیاوازییە زمانییەکانی زمانێکی تایبەت "وەك کوردی"بکرێت، زیاتر لە ئامانجی ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە دەگەین. ئاشکرایە، شێوە جیاوازەکانی زمانێك کە لە ئەنجامی ئاڵۆزی ژیان و زۆربوونی دانیشتوان و فراوانبوون و پەرەسەندن و کارابوونی خوێندەوارییەوە لە ئارادان، لە بەر ئەوە ئەگەر تەماشای ڕۆژهەڵاتی کوردستان(کەسەر بەدیالێکتی ناوەڕاستە) بکەین، زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەو زمانی کەسە خوێندەوارەکانیان کاتێك بە زمانی کوردی دەدوێن، زۆر لەیەکتری جیاوازنین، چونکە لە خوێندنگاکانیاندا خوێندن بە زمانی فارسییە، لەگەڵ ئەوەیشدا لێرەدا لەسەر ئەم بابەتە زمانەوانییە ئەوەی گرنگە بگوترێت ئەوەیە، لە سەرچاوە بیانییەکاندا لێکۆڵینەوەی زۆر لە سەر دوودیویی زمانیی لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا دەبینرێت[٢]، بەڵام لە زمانی کوردیدا بە ئەو شێوەیە نییە.

---

[٢]– یەکێك لە ئەو لێکۆڵینەوە گرنگانەی پەیوەستبوونی دوودیویی زمان بە کۆمەڵەئاخاوتنییەکانەوە گرێداوە، زمانەوانی بەناوبانگی بەریتانی (پیتەر تراگەر) (peter trager) بوو، لە ساڵی (١٩٧٠) دا (لێکۆڵینەوەیەکی کرد لە وڵاتی نەرویج لە سەر (ing)) کاتێك دەخرایە سەر کردارێك نیشانەی بەردەوامی کردارەکەی دەگەیاند. ئەم (ing) یە بە دوو شێوەی جیاواز گۆدەکرا، کە (going، goin)، ئەم جیاوازییە لە دەربڕیندا بە هۆی جیاوازی درکاندنی لە کۆمەڵەئاخاوتنییە جیاوازەکاندا دەرکەوتبوو، لێکۆڵەربۆ ئەم لێکۆڵینەوە لە ڕوانگەی ڕێبازی چەندایەتییەوە(ڕێژەیی) (Quantative approach) کاریکردوە، ئەم شێوازەیش هەر ئەو ڕێبازە بوو کە (ولیەم لابۆڤ) ( willyam labove) لە لێکۆلێنەوەکەی خۆیدا بەکاریهێنابوو، نمونەی کارەکەی (پیتەر تراگەر) بە چەند خاڵێك دەخەینەڕوو:

١. هەندێك لە خەڵکی تایبەتی وڵاتی نەرویج هەڵبژارد، کە بەشێوەی جیاواز ئەم پاشگرە(ing)یان دەخوێندەوە.

٢. هەریەك لە ئەو کەسانەی هەڵیبژاردبوون، لە چوار بارودۆخی جیاوازدا تاقیدەکردنەوە، کە بریتیبوون لە:

ا. لە کاتی  بارودۆخی ئاسایدا گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن.

ب. لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە لە بارودۆخی فەرمی تاقیدەکردنەوە.

پ  دەقێکی نوسراوی پێدەدان بە دەنگی بەرز بیخوێننەوە.

ت. هەندێك وشەی لە لیستێکدا پێدەدان یەك بەیەك دەیانخوێندەوە.

٣. دەنگی هەموویانی تۆمارکرد.


٤. کاتێك دەنگی هەموویانی وەرگرت، لە سەر ئەو بنەمایانە پێنج کۆمەڵەئاخاوتنییەکانی دیاریکرد، کە برتیبوون لە: (چینی کرێکاران ( شێوەی نزمی ئاخاوتن )، چینی کرێکارانی ناوەند ( شێوەی ئاخاوتنی ناوەندی)، چینی کرێکاری بەرز،چینی ناوەند و چینی بەرز). ٥. بۆ هەر پێنج کۆمەڵەکە شێوازی دەربڕینی (going) دەرخست، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەدا ئەوەی بۆ دەرکەوت هەر چەند بەرەو ئەو شوێنانە بچین ئاخاوتنی نافەرمی تێدا دەکرێت (ing) بە (in) دەخوێنرێتەوە، لەکاتێکدا (ing) لە ناوەندییە فەرمیەکاندا دەردەبڕێت، زیاتر وەك (ing) دەخوێنرێتەوە، ئەمەیش ئەوەی سەلمان، کە جیاوازی بە کارهێنانی زمان لە نێو کۆمەڵەئاخاوتنییە جیاوازەکاندا، کاریگەری لەسەر شێوازی بە کارهێنانی زمان دەکات، بە تایبەت لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوادا، دیارە ئەمەیش بە هۆی بوونی کۆمەڵەئاخاوتنی جیاواز لەپیشە جیاوازەکاندایە، چونکە ڕۆژئاوا لە بواری شارستانی و پیشەسازیدا پێشکەوتووترە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بێریڤان محەمەد شەریف .(٢٠١٠: ٣٤–٣٧)

## ١/٢) دوودیویی زمانیی

زمان و زانست دوو ئامرازن لە خزمەتی مرۆڤدا کاردەکەن، زمان پێش زانستی زمان هەبووە و زانستی زمانیش ڕۆڵی زمان لەنێو کۆمەڵگادا ڕوونده‌کاتەوە. کاتێك لێکۆڵەرێك بارودۆخێکی زمانی شیدەکاتەوە، زاراوەیەك بۆ ئەو بابەتە دیاریدەکات، چونکە زاراوەکە وەك ناونیشانێك/ ناوەڕۆك (چەمکێك)ی بابەت لەخۆدەگرێت، ئەو زاراوەی بۆ بابەتێك دادەنرێت مەرج نییە کتومت وەك خۆی بمێنێتەوە، بەڵکو پێدەچێت واتاکەی فراوان بکرێت، یان تەسکبکرێتەوە.

ئێمەی مرۆڤـــ چۆن هەست بەزمان دەکەین چۆن لێیدەڕوانین و بیری لێدەکەینەوە، زمانیش بریتییە لە ئەو شێوازەی بیرکردنەوەمان. واتە زمان بەشێوەیەکی ڕێژەی وەك دیویی دووەمی ئێمەیە نوێنەرایەتی بیروبۆچوونمان دەکات. دەوروبەرو دونیا ڕاستەوخۆ بە ئاوەزەوە پەیوەستن، بیرو هۆشیش هەستە دەروونیەکانی تێدا هەڵگیراوە، هەریەکێکمان بەپێی هەستێك لە دونیا دەڕوانین و بەهۆی زمانەوە دەریدەبڕین. لێرەوە دەتوانرین ئەوە بگوترێت، ئەو پێوەندییەی مرۆڤ لەگەڵ زماندا دروستیکردووە پێوەندییەکی دوودیوییە، لە ڕێگەی بیروهۆش و خەیاڵەوە دەتوانین زیاتر لە یەك دیویی زمان لە ژیاندا بەکاربهێنین، ئەوکات تێڕوانینی مرۆڤ لە زماندا دەردەکەوێت، ئەمەیش بە هێڵکارییەك دەخرێتەڕوو، بەئەم شێوەیەی خوارەوە(هێڵکاری ژ.١) پێوەندی کەرەستەکانی نێو دونیا (کەم یان زۆر) دەبەسترێتەوە بە ئاوەزەوە، بە هۆی کەرەستەوە (گەردوون لە کەرەستەی زۆر پێکهاتووە) دەتوانرێت ئاوەزی مرۆڤ بجوڵێنرێت.

دوای ئەم ڕوونکردنەوە دەتوانرێت بگوترێت دونیاو بیرکردنەوە زمان دەوڵەمەند دەکەن، لە ڕێگەی زمانەوە ناو بۆ کەرەستەی نێو دونیا دادەنرێت، بەناوهێنانی کەرەستەکە (وەك: درەخت) شتێکی نێو دونیامان بەبیردا دێت، ئەم پێوەندییە سێ ڕەهەندییە بە بەردەوامی لە ژیاندا هەیە.




**((هێڵکاری ژمارە (١) ئەو لایەنانەی هێز و کاریگەری زمان زیاتر دەکەن))**[٣]

٣ –Meyerhoff, M(٢٠٠٦:٦١)

به نمونەیەك زیاتر مەبەستەکە ڕووندەکرێتەوە، ئەگەر دوو کەس لە ئەم بەر و ئەو بەری شەقامێك ڕاوەستابن، یەکیان لەچایخانەیەکدا بێت، ئەوی تریان لە بەردەم دەرگای فەرمانگەکەیدا ڕاوەستابێت، تابلۆیەکی دوودیویی هەبێت، یەکێك لە دیوەکانی ڕەنگی سوور و ئەودیوەکەی تری ڕەنگی شین بێت، هەریەك لە ئەو دوو کەسە یەك ڕووی تابلۆکە ببینن، ئەوکات پرسیاری ڕەنگی تابلۆکەیان لێبکرێت، بە ئەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامدەدەنەوە:

١. ڕەنگی تابلۆکە چ ڕەنگێکە؟

ا. ڕەنگی تابلۆکە سورە.

ب. ڕەنگی تابلۆکە شینە.

پ. دواتر ئەو کەسەی تابلۆکەی داناوە، پێیاندەڵێت {ڕەنگی تابلۆکە سور و شینە}، کاتێك هەر دووکیان ئەم ڕاستییەیان زانی، دووبارە پرسیاری ڕەنگی تابلۆکەیان لێبکرێت، هەردووکیان یەك وەڵامی وەك ڕستەی (١:پ) دەدەنەوە.

ئێستا ئەگەر ئاوەڵناوەکان دەربهێنین {سور، شین، سورو شین}ە، ئەم ئاوەڵناوانە بۆ ڕەنگی یەك تابلۆ بەکارهاتووە، چونکە تابلۆکە دوودیویی هەیە. دوودیویی زمانیی وەك ئەو تابلۆیە خاوەن ڕەنگی جیاوازە و ئەگەری ئەوە هەیە، زمان زیاتر لەچەند ڕووی هەبێت و چەند بیروڕایەکی جیاواز و گۆشەنیگای جیاوازیشی لەسەر گوترابێت، بەڵام تایبەتمەندی دیووەکانی زمانیش لە ئاستەکانی زماندا دەردەکەوێت. ئێمەیش بۆ ئەوەی دیوەکانی زمان بخەینەڕوو، کار لەسەر چەمکی دوودیویی زمانیی دەکەین، بۆ ئەم مەبەستەیش سەرەتا زاراوە و دواتر پێناسەی دوودیویی زمانیی دەخەینەڕوو.

## ١-١/٢) چەمکی دوودیویی زمانیی

دوودیویی زمانیی چەمکێکە واتای لەنێو خۆیدا زۆر هەڵگرتووە، چونکە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی چەمك فراوانی واتایە، بۆیە لەچەند ڕوویەکەوە شیکردنەوە هەڵدەگرێت، لێرەدا بەپێی پێویست شیکردنەوەی بۆ دەکرێت. چەمك دانەی زمانییە، واتە بە هۆی بەکارهێنانی لە بواری جیاوازیی ژیاندا واتای زۆری لە دەوری خۆی کۆکردووتەوە، فرەواتایش"وشەیەك/ زاراوەیەك" دەتوانرێت وەك چەمکی وشە، یان چەپکێك/کۆمەڵێك لەواتا ناوزەدبکرێت، شیکردنەوەی چەمك و ڕوونکردنەوە واتایی بۆ زاراوە، لە هەر زانستێکدا سنوری بابەتەکە باشتر دیاریدەکات و دەیخاتەڕوو.

## ١-١/٢) زاراوەی دوودیویی زمانیی

زاراوە خاوەن چەمکەو زۆر واتای لەنێو خۆیدا هەڵگرتووە، کاتێك لە زانستێکدا زاراوەیەك ڕووندەکرێتەوە، بیری مرۆڤ بە نێو زۆر بواردا بڵاودەبێتەوە، ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە مرۆڤ بەپێی بارودۆخ و دەوروبەر، شێ,ەی ئاخاوتنەکەی دەگۆڕێت، بەڵام ئێمە لێرەدا بۆ سنوردارییدەکەین و وایدادەنێین دوو شێوەی قسەکردن هەیە، هەریەکەیان بۆ شوێنکاتێك دەستدەدات، سەرەڕای ئەوەیش تێکەڵی یەکتریش دەبن.

کاتێك (لە لایەن ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراوەوە کە لە نێو کۆمەڵەئاخاوتنێکدایە، ئاخێوەرێك شێوەی ستانداردی زمانەکە لەگەڵ کەسانێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنێت، لەگەڵ ئەوەیشدا دیالێکتێکی ناوچەیی لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانیدا بەکاردەهێنێت، ڕەنگە ئەمە باشترین نمونە بێت بۆ ئەوەی دوودیویی زمانیی ڕوونبکاتەوە و بیخاتەڕوو)[٤]. ئەو دوو شێوەی زمانە بریتییە لە: دوودیوی زمانیی لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا، بەپێویستی دەزانین لەسەر ئەو شێوەیەی زمانی کوردی ڕوونکردنەوە بدەین کاتێك بە کاردەهێنرێت.

کاتێك لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵاتییەوە تەماشای دوودیویی زمانیی[٥] دەکەین، دەبینین ئەرکی زمان جیاوازە و دەگۆڕێت. دەرخستنی گۆڕانکارییەکانیش کارێکی پێویستە، ئەم گۆڕانی شێوەی زمانە لە زۆر بواردا دەبینرێت، بۆ نمونە: کاتێك دەروونناسێك، یان بیرمەندێك دەیەوێت لە گرفتی دەروونی، یان بیرکردنەوەی کەسێك تێبگات، سەرەتا بە شێوازێك قسەی لەگەڵدا دەکات، تا گرفت و چەق بەستوییەکە (هەڵەتێگەشتن، یان باش تێنەگەیشتنەکە) دەدۆزێتەوە و سەرنجی کەسی بەرانبەر بۆخۆی ڕادەکێشێت. کاتێك گرفتەکەی دۆزییەوە شێوەی ئاخاوتنەکەیشی دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی و لە ئەو گرفتە ڕزگارییبکات. واتە ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان بەپێی شوێن و کات و کەس دەگۆڕێت، بەنمونەیەکی تر دوودیویی زمانیی زیاتر ڕووندەکەینەوە:

---

٤ – Ferguson, Charles, A(١٩٩٦:٢٥)

٥– لە زمانی یۆنانیدا (diglossia) بە شێوەیەکی گشتی بەواتای "دووزمانزانی" دێت، لە لایەن(Emmanule Rhooids) بە شێوەیەکی تایبەتی لە ساڵی (١٨٨٥) بەکارهاتووە، لە زمانی فەرەنسیدا وەك (diglossie) بەکارهاتووە لە ڕێگەی زمانەوانێکی یۆنانییەوە بەناوی(demoticist Ioannis Psycharis) لەگەڵ ئەوەی متمانەی بەلێکدانەوەی (Rhooids) هەبووە بە شێوەی (diglossie) لە زمانی فەڕەنسیدا بەکاریهێناوە. پاشان لە لایەن بیانییەك بە ناوی (William Marçais) کە شارەزای زمان و ئەدەب و شوێنەوارەکانی عەرەبی بووە، لە ساڵی (١٩٣٠) ئەم زاراوەیبەکارهێناوە، لە بەرئەوەی لە ناو عەرەبەکاندا زیاتر لە شێوازێکی زمانی عەرەبی بەکارهاتووە، بۆ ئەم بارودۆخەی زمانی عەرەبی زاراوەی(diglossia) ی بەکارهێناوە. ئاشکرایە، لە نێو بواری زانستیدا لە سەردەمی یۆنانیشدا زمانی ئەدیب و فەیلەسوفە گەورەکان بەزمان زانراوە، خەڵکی پێویست بووە ئەو شێوەیە "باڵا"فێربن،بۆ زانیاری بڕوانە:

http://en.wikipedia.org/wiki/Diglossia#Etymology

**٢.گ. مامۆستا و خوێندکار له دەرەرەوەی خوێندنگەدا:**

ا. مامۆستا: له چی تێناگەیت، وانەی کوردی زمانی خۆمانه و ئاسان و خۆشه.

ب. خوێندکار: وەڵا بڵێم چی، دەرسەکانی تر هەمووی باشم کوردی نەبیّ.. ئاخر!

ا. ئاخر چی؟ بیڵیّ شەرم مەکه.

ب. خەتای مامۆستاکەیه، لێیتێناگەین و لەگەڵ چەند خوێندکارێك باشه، بەڵام لەگەڵ ئێمه باش نییه. دەڵیّ هەر ئەو (دە) خوێندکاره باش بن و دەرچن ئیتر بەسه، خۆ من زەرەر ناکەم موچەی خۆم هەیه، خۆتان زەرەرئەکەن.

ا. دیاره، ئێوەیش ڕێزی ناگرن، بەکورتی وا دەرئەکەوێت، تۆ ڕقت له ئەو مامۆستایه هەستاوه، وایه؟

ب. ئەرەوەڵا، هەر حەزناکەم ببینم و له دەرسی ئەودا پێمبکریّ ناچمه پۆلیش.

ا. ئەمه گرفتەکەیه تۆ تەمەڵ نیت، چونکه کاتێك ڕقوکینه لەدڵدا بەرانبەر مامۆستا هەبوو، ئەوکات ئەو وانەیەش له لات قورس دەبێت و ناتوانیت به باشی لێیتێبگەیت.

له گفتوگۆی ژماره (٢: ا، ب)دا، بەکارهێنانی زمان تا ڕادەیەکی باش(شێوەی باڵا)یه و فەرمییه، نمونەکان ئەوه دەخەنەڕوو، خوێندکار و مامۆستاکه هەردووکیان شێوەی ئاخاوتنەکانیان وەك (شێوەی باڵا) دەردەکەوێت. مامۆستا هەوڵدەدات گرفتی خوێندکارەکه چارەسەر بکات سەرەتا وادەکات خوێنکارەکه قسەبکات تا گرفتەکەی دەدۆزێتەوه، بەڵام دواتر ئامۆژگاری پێشکەشدەکات، خوێندکارەکەیش به شێوەی فەرمی هەوڵدەدات وەڵامی مامۆستا بداتەوه.

**٣. گ.باوکی خوێندکارەکه و خوێنکارەکه، دوای ئەوەی له ماڵی مامۆستا گەڕایەوه:**

ا به خێربێیتەوه کوڕی خۆم، ئیستیفادەت کرد سەعی پێکردی؟

ب. وەڵا بڵێم چی له ئەو باشتر بوو، دەرئەچم خەمو نەبیّ باوه.

ا. وەڵا ڕۆڵەگیان، من قازانجی تۆم ئەویّ، هەوڵ به با وەك منت لێنەیه، خوێنەواری باشه و دوا ڕۆژت مسۆگەره و منیش دڵم خۆشه، ئەڵێن ئەو کوڕی فڵانه مامۆسایه یان دختۆره.

ب. هەوڵی خۆم ئەیەم سەعی ئەکەم، ئەوەیشی تەواوی ئەکا، باوکه ئەسورێتۆ و تاعینانبیّ.

ا. ڕۆژ هەروا نابی ڕۆڵه ئەم زروفه ئەگۆڕیّ.

| ((خشتەی ژماره (١) نمونەی عەرەبی و کوردی بەراوردکراوه)) | | |
|---|---|---|
| ژماره | شێوەی باڵا(فوسحه) | شێوەی ئاسایی |
| ١. | والله | وەڵا |
| ٢. | تعين | تاعين |
| ٣. | ضروف | زروف |
| ٤. | خطا، (تاوان) | خەتا |
| ٥. | سعی (هەوڵدان) | سەعیکردن |

دوای نمونەکان، کە لە گ.(٣،٢) دا خرایەڕوو، ئاشکرایە شێوازی ئاخاوتنی خوێندکارەکە لە گەڵ مامۆستا و باوکیدا جیاوازە، دەربڕاوە زمانییەکانیش تا ڕادەیەك جیاوازن، لە خشتەی ژمارە (١)دا تەنیا وشە خوازراوە عەرەبیەکانمان وەرگرتووەو بنەڕەتی وشەکەمان خستۆتەڕوو، شێوازی دەربڕینی جیاوازە لە شێوە ئاساییەکە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە بەپێی دابەشکردنی ئاستەکانی زمان نمونەکانی گ.ژمارە (٢، ٣) هەڵدەسەنگێنین[٦]:

**یەکەم/ ئاستی دەنگسازی: لە کاتی ئاخاوتندا گۆڕانی لە ئاستی دەنگدا دەبینرێت.**

| ((خشتەی ژمارە (٢) گۆڕان لە دەنگدا)) | | |
|---|---|---|
| ژمارە | دەنگ | ئەو وشانەی دەنگی تێداکرتاوە یان گۆڕاوە |
| ١. | / ئە، ت، د، وە/ | لە ئەو، دەبێت، خوێندەواری، دەسوڕێتەوە. |
| ٢. | /ئـ، ۆ/ ئەسوڕێتۆ | /ئ/ ⟵/ د/ ، /ۆ/ ⟵ (ەوە) لە وشەی دەسوڕێتەوە. |
| ٣. | /و/ خەمو | خەمت / و/ ⟵ /ت/، ئەم دوو دەنگە سازگەی دروستبوونیان لە یەکترییەوە نزیکە. |

وەك لە خشتەی ژمارە (٢) دا دیارە لە کاتی ئاخاوتنی ئاسایدا، زۆر جار دەنگ کلۆر دەکرێت، بەڵام ئەو کلۆربوونە نابێتە هۆی ئەوەی واتا تێکبدات، چونکە ئەگەر وا نەبێت ڕێگە بە ئەو کلۆربوونە نادرێت. هەندێك کاتیش ئەو دەنگانەی سازگەی دروستبونیان لە یەکترییەوە نزیکە، وەك: /ت، و/ دەنگی / و/ لەبری دەنگی /ت/ دێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ناکرێت، بۆ نمونە (چوو ⟵ چت) نابێت، ئەمەیش لەبەرئەوەیە دەنگی ڤاوڵ تا کۆنسنانت بۆ دەربڕین لە کۆتایدا ئاسانترە، لەم نموونانەدا دوو بارودۆخی (گۆڕانی) زمانی دەبینرێت، ڕوونیدەکەینەوە:

١. **کرتاندن**: ((ئەگەر دوودەنگی کۆنسنانتی وێکچوو یاخود لێك نزیك، بکەونە پاڵ یەك، ئەوە لە دەربڕیندا یەکیان ون دەبێ))[٧]، لە خشتەی ژمارە (٢)دا خرایەڕوو، کە /ئـ، ت، د/ کلۆربووە، یان کرتاوە.

٢. دەنگگۆڕکێ: ((بریتییە لە ئەوەی کە لە ئاخاوتنی هەندێك کەسدا دەنگێك لە وشەیەکدا دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی تر، لە ئاخاوتنی سەرجەم قسەپێکەراندا بە ئەو جۆرە نییە، لەهەمان کاتدا ئەم گۆڕانە نابێتە هۆی گۆڕانی واتای وشەکە))[٨]. لە خشتەی ژمارە (٢)دا، خراوەیەڕوو /ەوە/ ⟵ /ۆ/ گۆڕاوە، بەڵام لە

---

[٦]– بۆ دابەشکردنی ئاستەکانی زمان، هەندێك سێ ئاست و هەندێك شەش ئاستیان دیاریکردووە، بەپێی پێویست و گونجاندنی لەگەڵ ئەم لێکۆڵینەوەدا بەکاریدەهێنین، ئاستەکانی زمان: ئاستی دەنگسازی (فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی)، ئاستی ڕێزمان (وشەسازی، ڕستەسازی)، ئاستی واتا (سیمانتیك و پراگماتیك)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٥: ١١٩) ، بەهێڵکارییەکی زانستی ئاستەکانی زمانی خستووەتەڕوو.

[٧]–ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦: ٥٤)

[٨]– دەروون عبدالرحمن سالح: (٢٠١٢: ٨٦)

ڕووگەی تیرەکاندا مەبەست ئەوە نییە، کە کامیان (ەوە، ۆ) لە ڕووی مێژووییەوە پێش ئەوی تریان کارپێکراوە، بەڵکو بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی شێوەکانی زمانی کوردی ئێستایە.

**دووەم/ لە ئاستی ڕێزماندا: ئاستی ڕێزمان یەکێکە لە ئاستە گرنگەکانی زمان دابەشدەبێت بۆ دوو بەشی سەرەکی:**

**ا. داڕشتەی وشەیی**

**ب. داڕشتەی ڕستەیی**

ا. داڕشتەی وشەیی:

لێرەدا لە شێوەی داڕشتنی وشەکان زۆر وردنابینەوە، بەڵکو فۆڕمی وشەیی (شێوەی ئاسایی) و (شێوەی باڵا) بەرانبەر یەك دادەنێن بۆ نمونە:

| ((خشتەی ژمارە (٣) نمونەی وشە لە هەردوو شێوەکەدا)) | | |
|---|---|---|
| ژمارە | شێوەی ئاسایی | شێوەی باڵا |
| ١. | وەڵا، (وەڵاهی، وەتەڵای، بەتەڵاقم). | سوێنددەخوم، بە خودا، بە خوا و. |
| ٢. | ئەسورێتۆ | دەگەڕێت، دەسوڕێتەوە |
| ٣. | تاعین | دامەزراندن |
| ٤. | ئیستیفادە | سوود ، قازانج |

لە خشتەی ژمارە (٣: ١–٤)دا بەرانبەر وشەی ئاسایی وشەی شێوەی باڵامان هەیە، بۆئەوەی بەکاربهێنرێت، بەڵام هەر شێوەیەك تایبەتمەندیی خۆی هەیە. دەربڕاوی مرۆڤ لە دەسەڵاتی هیچ کەسێکدا نییە، لە هەموو کاتێکدا بەشێوەیەکی ڕەها دەستی بەسەردابگریت، کە لە کاتی ئاخاوتندا پێیبڵێت ئەوە بڵێ و ئەوە مەڵێ، بەڵام بۆ بواری نوسین دەتوانرێت ڕێککەوتن بکرێت.

**ب. داڕشتەی ڕستەیی**

لە زمانی کوردیدا ئەگەر کردار تێپەڕبوو، شێوەیەك لە ڕیزبوونمان هەیە. ئەگەر کردارەکە تێنەپەڕبوو شێوەیەکی تر مان هەیە:

١. تێنەپەڕ {بکەر + کردار}، بۆ نمونە{(من) + دەرئەچم}

٢. تێپەڕ {بکەر + بەرکار + کردار} بۆ نمونە {(من) + دەرسەکانی تر هەموو+ باش (ە)م}.

ئەگەر تەماشای نمونەی گفتوگۆی خوێندکارو باوکی بکەین لە ڕستەی{خەمو + نەبێ + باوە}دا، شێوەی ڕیزبوونی { کردار : نەبێ} لە کۆتایدا نییە، بەڵکو لە ناوەڕاستی ڕستەکەدا هاتووە، بەڵام ئەگەر تەماشای گفتوگۆی خوێندکارو مامۆستا بکەین، لە ڕستەی {(من) + دەرسەکانی تر هەموو+ باش (ە)م}دا، شێوەیەکی ستانداردی کوردی ڕیزکراوە. وەك دەبینرێت شێوازی گفتوگۆی (خوێندکار) لەگەڵ

(مامۆستاو باوکی) جیاوازە، نیشانە زمانیەکان لە ئاستەکانی زماندا، زیاتر ئەو ڕاستییەی ڕوونکردووەتەوە. ئەم دوو شێوەی زمان لە تەمەنی ئەو خوێندکارە تەمەن (١٣) ساڵەدا دیارە[٩]، لە کاتی پێویستیدا گۆڕانی لە ئاخاوتنەکەیدا کردووە، زیاتر لە شێوەیەکی زمانی بەکارهێناوە.ئاشکرایە، لە زمانی کوردیدا، بەتەواوی لە دامودەستگاکاندا نووسین ڕێکنەخراوە، هەندێك کات ئەوە دەبینرێت، کە بە شێوەی فەرمی بڕیاری لیژنەیەك بڵاودەکرێتەوە، بەڵام (کە مەرج نییە هەموو کات وابێت) لە ڕێکخستنی ڕێزماندا زیاتر شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانەی پێوەدیارە، بۆیە ئەوە دەبینرێت زۆر کات کردار پێش بەرکار دەخرێت، ئەمەیش لە بەرئەوەیە مەبەستەکە زووتر بگات بۆنمونە:

٤. ((بەمەرجێك پاپەندبن بە ڕێنمایەکانی لیژنەی هاوبەشی قایمقامیەت.))[١٠] لە نمونەی ژمارە (٤)دا، کرداری {پاپەندبن} پێش ئەدڤێربڵی {بەڕێنمایەکانی لیژنەی قایمقامیەت}کەوتووە، ئەم ڕستەیە لە ڕووی فۆڕمی وشەکانەوە( شێوەی باڵا)ی بەکارهێنانەوە، بەڵام ڕێکککخستنەکەی بە پێی یاسایی ڕێزمانی ستانداردی کوردی بە ئەم شێوەیە بێت {بەمەرجێك، بە ڕێنمایەکانی لیژنەی هاوبەشی قایمقامیەتەوە پاپەندبن}، واتە کردارەکە بکەوێتە کۆتاییەوە لە بواری فەرمیدا دروستترە. وەك لەسەرەوە ڕوونکرایەوە دوودیویی زمانیی لە زمانی کوردیدا هەیە، بەڵام لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر نەکراوە[١١].

---

[٩]– گفتوگۆلەگەڵ دانیار کەمال، خۆیندکاری پۆلی حەوتەم، ڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/٢٨، سلێمانی.

[١٠]– لیژنەی هاوبەشی قایمقامیەت (٢٠١٣/١١/٣).

[١١]– ا. نامەی زانستی"زانکۆیی" لەسەر ئەم بابەتە زمانەوانییە نەنووسراوە، بەڵام لەسەر دوودیویی زمانیی لە نێو کورددا هەندێك کارکراوە، بۆنمونە سەلام ناوخۆش لێکۆڵینەوەیەکی بە ناونیشانی(دایگلۆسیا لە زمانی کوردیدا) کردووە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە کتێبێکی بواری زمانەوانیدا لە بەشێکدا خراوەتەڕوو . لێکۆڵەر دوانزە لاپەڕەی قەبارە بچووکی بۆ ئەم بابەتە تەرخانکردووە، لە زمانی کوردی – ئەکسێنتی هەولێردا (کە بە بن زاری هەولێر ناوی هێناوە)، پاشان هەردوو ئەکسێنتی هەولێری و سلێمانی لە ئاستی ڕستە و دەقدا بەراورد کردووە. دەقی حەیرانی وەرگرتووە، بە بێ ئەوەی شیکردنەوە لە نیشانە زمانییەکان بکات و وردببێتەوە و جیاوازی ئەو دوو ئەکسێنتە دیاریبکات، وێڕای ئەوەیش لە بواری وشەسازیدا چوار وشەی بەرانبەر یەکتری داناوە و دواتر لە هەردوو ئەکسێنتەکەدا چەند ڕستەیەکی بەراورد کردووە، لە کاتێکدا ئەو ڕستەی بە شێوەی باڵای زمان داینیاوە وەك (نەوزاد دەچێتەوە بۆ ماڵەوە ، نەوزاد دەچێتەوە ماڕێ) وەك دەبینرێت ڕێکخستەکەی بریتییە (بکەر + کردار + بەرکار )ئەگەر چی لەزمانی کوردیشدا ئەم شێوە ڕیزکردنە هەیە و ئاساییە، لەگەڵ ئەمەیش کەمێك تێکەڵی لە نێوان (دایگلۆسیا و کۆدگۆڕیندا) لە ئەو کارەدا دەبینرێت. دوو شێوەی زمانی دیاریکردووە (شێوەی باڵا و شێوەی لاوەکی) ئەنجامی کاری بە شەش خاڵ خستوەتەڕوو، هاوکات پێناسەو ڕوونکردنەوەی لەسەر دایگلۆسیا خستووەتەڕوو کە دەتوانرێت سودی زانستی لێببینرێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (سەلام ناوخۆش:٢٠١٠: ٧–١٨).

ب. لە نامەی ماستەری شادان شکور سابیر بە ناونیشانی (زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا، شاری هەولێر بەنمونە) پێناسەی دیگلۆسیای کردووە، ((دیگلۆسیا بریتییەلە: ئەو کۆمەڵگایانەی لە یەك کاتدا زیاتر لە زمانێك، یان زارێکی تێیدا بەکاردێت)) ئەم پێناسەی لە (Charles A. Ferguson) وەرگرتووە. دواتر دەڵێت: ((Charles A. Ferguson) دیگلۆسیا بەرتەسکدەکاتەوە بۆ زارەکانی یەك زمان و نمونەی بۆ کۆدگۆڕین نەهێناوەتەوە، بەڵام (Charles A. Ferguson) لە ئەو کاتەدا بەردی بناغەی تیۆرێکی نوێی داناوە، دوای چەند ساڵێك کۆدگۆڕین بەشێوەیەکی گشتی لە نێو بواری زانستی زماندا خراوەتەڕوو، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شادان شکور سابیر(٢٠١٣:١٦ )

### ٢-١-١/٢) ناساندنی دوودیویی زمانیی

ئەوەی گومانی تێدانییە لە سەر دوودیویی زمانیی لە زمانی میللەتانی تردا لێکۆڵینەوە زۆر کراوە[١٢]. سەرەڕای ئەمەیش زیاتر لە پێناسەیەك بۆ دوودیویی زمانیی کراوە. لێرەدا هەندێك لە ئەو پێناسانە دەخەینەڕوو. سەرەتای ئەم کارە لە ساڵی (١٩٥٩)دا لە لایەن زمانەوان (سی.ئەی.فیرگسۆن)ەوە لێکۆڵینەوەی تێداکراوە. ئەم لێکۆڵەرە بەکارهێنانی دووشێوەی جیاوازیی زمانێك(بۆ نمونە عەرەبی) لەنێو یەك زماندا سەرنجی ڕاکێشاوە، بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە شیبکاتەوەو بنەمای بۆ دابنێت، دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە. یەکێك لە شێوەکانی زمانی بە (شێوەی باڵا) ناوبردووە، شێوەکەی تریش بە (شێوەی ئاسایی) ناوزەدکردووە ئەم بارودۆخە زمانییەیی بە (دیگلۆسیا:diglossia) ناوزەدکردووە[١٣]، بە ئەم شێوەیە پێناسەی کردووە، ((قسەپێکەرانی زمانێك لە نێوچوارچێوەی یەك زماندا لە بارودۆخی جیاوازدا زیاتر لە شێوازی قسەکردنی جیاواز بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردەهێنن))[١٤] وێڕای ئەوەیش لە نێو ژیاندا ((زمان بەکارهێنان بۆ مەبەستی جیاواز بەیەکێك لە شێوازە زۆر جوانەکانی زمان بەکارهێنان دادەنرێت))[١٥]. لەگەڵ ئەوەیشدا دوودیویی زمانیی (زاراوەیەکە لە کۆ- زمانەوانیدا بەکاردەهێنرێت، ئاماژە بە بوونی ڕەوشێکی زمانەوانی دەکات، کە دوو جۆری جیاوازیی زمان پێکەوە دەبینرێن و لە

[١٢]- لە لای میللەتانی تر لە بواری دوودیویی زمانیی (Diglossia)کاری زیاتر کراوە، لێکۆڵینەوەکان هێندە زۆرن بیۆگرافیایان بۆ داناوە، لە ئەم سەرچاوەیەدا ناوی ئەو لێکۆڵینەوانە خراوەتەڕوو، کە لە نێوان ساڵی (١٩٦٠-١٩٩٠) لەسەر دوودیویی زمانیی کراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (١-٤٧٢: ١٩٩٣) Fernández, M

[١٣]- (Charles A. Ferguson) لە لێکۆڵینەوەکەیدا، زاراوەی ( High: بەرز) ستانداردەکەیە و شێوەی (Low: نزم) بۆ شێوەکەی تر داناوە، بەڵام لە زمانی کوردی وەك ئەو زمانانەی تر لە بواری کارگێڕی و دینیدا نەخراوەتەگەڕو پاڵپشتی دینی نەبووە، یان ئەزمونی زۆر لە ئەو بوارانەدا کەمترە. بۆیە ئەم دوو زاراوەمان بۆ بەکار نەهێناوە، چونکە هەردوو شێوەکەی زمانی کوردی بە تەواوی لەیەکتر جیانەکراوەتەوە و بۆ جیاکردنەوە کاری زیاتری دەوێت، لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستی بە بڕیاری ڕامیاری و ڕێکخستنی زیاتر هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەگەر ورد بینەوە ئەوە بەدیدەکرێت، ئەو شێوەی لە نێو خوێندنگەو پەیمانگاو زانکۆو فەرمانگەو پەرلەمان و دادگاکاندا ئاخاوتنی پێدەکرێت، یان کاتێك کەسێك لە شوێنێکی فەرمیدا یان لەگەڵ کەسێکی خاوەن پلەوپایەدا قسەدەکات، شێوەی قسەکردن و ئاخاوتنەکەی دەگۆڕێت. دیارە جیاوازی لە نێوان شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانەو شێوەی قسەکردنی فەرمیدا هەیە، بەڵام وردەکارییەکەی چییە و چۆنە؟ ئێمە لەئەم لێکۆڵینەوەدا لەسەری کاردەکەین، لە بەرانبەر هەردوو زاراوەی شێوەی زمانی (بەرز و نزم) (سی.ئەی.فێرگسۆن) هەردوو زاراوەی (شێوەی ئاسایی و باڵا)مان داناوە، شێوەی ئاسایی ئاخاوتنی ڕۆژانە دەگرێتەوە، (شێوەی باڵا) مەبەست شێوەی فەرمی یان ستانداردی زمانی کوردییە، کە لەم لێکۆڵینەوەدا دیالێکتی ناوەڕاست - ئەکسێنتی سلێمانی، وەك پێوانەی ستاندارد دانراوە، واتە شێوەی ئاخاوتنی نێو شاری سلێمانی کەچەندین ناوچەی دەوروبەری تێداکۆبووەنەتەوە.

[١٤] - Ferguson, Charles A (١٩٥٩:٢٣٢)

[١٥] - Fernández, M (١٩٩٣: xiii)

میانی گفتوگۆی کۆمەڵایەتیدا بەکاردەهێنرێت، کە هەر جۆرێکی بۆ بوارێکی جیاوازیی کۆمەڵایەتی کارییپێدەکرێت)[١٦].

لە فەرهەنگی ماکمیلاندا دوو دیویی زمانی لە پۆلەڕەگەزی ناودانراوە و بەم شێوەیە پێناسەدەکات، ((دوودیوی زمانی بارودۆخێکی زمانییە کە لە نێو یەك زماندا دوو شێوەی زمان هەیە، یەکیان فەرمی یان ئەدەبییە، ئەوی تریان نافەرمییە، بەڵام هەریەکەیان لە شوێنی خۆیاندا بەکاردەهێنرێت))[١٧]. لە ئەم لێکۆڵینەوەدا دوودیویی زمانیی بریتییە لە: بەکارهێنانی دوو شێوەی یەك زمان لە لایەن ئاخێوەرانەوە لە شوێنکاتی جیاوازدا، ئەمەیش بە دوودیوی زمانیی ناوزەددەکرێت[١٨]

هەریەك لە ئەو دیوانەی زمان بۆ بارودۆخێکی تایبەت بەکاردەهێنرێت، یەکیان خاوەن پلەیەکی بەرزە وەك (شێوەی باڵا) ناوزەدکراوە، لە ڕێگەی خوێندن و فێربوون و خولی زانستییەوە (مرۆڤ) فێریدەبێت، ئەوی تر زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەیە، بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤ لە نێو خێزان و هاوتەمەن و گەڕەك و دەوربەریان فێریدەبن، ئەم شێوەیە وەك (شێوەی ئاسایی) ناونراوە، ئەگەری هەیە منداڵێك لە خێزانێکدا هەبێت، دەربڕاوی (شێوەی باڵا) لەنێو ئاخاوتنەکەیدا هەبێت، بەڵام ئەم بارودۆخە کەم و سنوردارە[١٩].

---

[١٦]– سەلام ناوخۆش (٢٠١٠: ٧–٨) ئەویش لەکریستەڵ (١٩٩١:١٠٤) وەریگرتووە.

[١٧]-http://www.macmillandictionary.com/dictionary/british/diglossia-

[١٨] - بۆنمونە: لە شاری بەغدادا، جولەکەکان، مەسیحیەکان و موسڵمانەکان، کە دانیشتوانی ئەو شارەن، هەرجۆرە زمانێك کە قسەکەرێکی ئەو کۆمەڵانە بەکاریدەهێنن، بەشێوەیەکی جیاوازی زمانی عەرەبی قسەدەکەن، لە ئەم حاڵەتەدا دوو گروپی یەکەم(مەسیحی و جولەکە)، بەتەنیا شێوازی خۆیان لە گروپەکانی خۆیاندا بەکاردەهێنن، بەڵام زمانی موسڵمانەکان وەك زمانێکی هاوبەش یان زمانێکی باو لە نێو گروپەکانی تردا ئاخاوتنی پێدەکەن، لەئەنجامدا هەر چی جولەکەکان و مەسیحیەکانن کاتێك مامەڵە لەگەڵ موسڵمانەکاندا دەکەن دەبێت دوو شێوازی زمان بەکاربهێنن، هاوکات شێوازی خۆیان لەناو خێزانەکانیان و نێو خۆیاندا، بە شێوازێکی تری (عەرەبی) لەگەڵ موسڵمانەکان لەکاتی بازرگانی و هەموو جۆرە پەیوەندییەکانی تر بەکاردەهێنن، هەر لە ئەم بارەیەوە بە هۆی جیاوازی نەژادی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا ئەوە دەبینرێت، لەهەر شوێنێك جۆرێك زمانی ئینگلیزی هەبێت، ئەوە گروپێکی نەژادی بوونی هەیە. ئەمەیش زۆربەی کات بۆ بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لەنێو ئەمریکادا دەگەڕێتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (٢٠٠٦:٥) Wardhaugh, R

[١٩]– لە بەشی یەکەمدا باسی زمانی ستانداردمان کرد، چونکە بە بڕوای (سی.ئەی.فێرگسۆنن) لە لای میللەتانی تر (وەك عەرەب) (شێوەی باڵا) وەك ستاندارد ناودەبرێت. ئەوی تر (دیالێکتەکان و شێوەکانی تر) بە (شێوەیی ئاسایی) ناونراوە، بۆنمونە: بە بڕوای (سی.ئەی.فێرگسۆن) لە زمانی عەرەبیدا فوسحەکە ستانداردە، شێوەی ئاخاوتنی میسریش بە (نزم و ئاسایی) دانراوە بەڵام بۆ ئێستا وانییە و زمانی میسریش زۆر بڵاوترە لە ئەو سەردەمەی(١٩٥٩) پێشوو. لە هەرێمی کوردستان ئەکسێنتی سلێمانی شێوەی فەرمییە، بەڵام ستانداردەکە کەمێك لە ئەکسێنتی سلێمانی جیاوازە، بۆنمونە: پاشگری (– وانی) لە زمانی ستانداردەکە نانوسرێت، بەڵام ئەکسێنتی سلێمانی وەك (شێوەی باڵا) ناوزەددەکەین، وێڕای ئەوەی کە ڕێکخستنی تێداکراوە، وەك شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانە (کە کرتاندن و مۆرفۆسیتاکس و..هتد، زیاتر تێدایە) کتومت بەکارناهێنرێت، بۆنمونە (هاتیتەوانێ، ئەچمەوانێ، ماصت) بەم شێوە بەکاردێت (هاتیتەوە، دەچمەوە، ماست). واتە ستانداردەکە، کتومت وەك ئاخاوتنی ئەکسێنتی سلێمانی نییە، بەڵکو سەرچاوەی ستانداردەکە ئەم پارێزگایەو لە نێو پارێزگاکەیشدا نێو شاری سلێمانییە، کە خەڵکی چەندین شوێنی دەوربەری سلێمانی تێداکۆبونەتەوەو پێکەوەدەژین.

ئەگەر کەسێك وەك نمونە وەربگرین ناوی بنێین (مستەفا)، لە کاتی قسەکردنیدا لە دوو کاتی جیاوازدا وردبینەوە لە شێوەی ئاخاوتنەکەی ئەم بارودۆخە باشتر ڕووندەبێتەوە.

مستەفا هەر مستەفایە، بە هیچ شێوەیەك نەگۆڕاوە، ئەو هێشتا دوو شێوەی زمان بەکارهێنانی هەیە (بەکاریدەهێنێت)، دوو دڵ لە سینگیدا هەیە، زمانێك قسە بۆ ئەو دەکات و زمانێکیش دژی ئەو قسەدەکات، دڵێك قسە بۆ ئەو دەکات و دڵێکیش قسەی دڵی ئەو دەکات، کاتێك بە شێوەیەکی ڕوون ( گشتی) قسەدەکات، قسەکانی ڕوون و باون، بە ئەو شێوەیە قسەدەکات، کە پێشتر لە گێڕانەوەکانیدا بەکاریهێناوە، یان قسەکردنی بە (شێوەی ئاسایی) ڕۆژانە لەنێو خێزان و هاوڕێیانیدا گفتوگۆدەکات، بەڵام کاتێکی تر دەست بەقسە دەکات، ئەم شێوازەی قسەکردنەیش لە کاتی قسەکردنەکەدا دژی (مستەفا) دەوەستێتەوە، ئەم شێوەی قسەکردنە، وەکو کتێب (فەلسەفەلێدان)ی پێدەگوترێت، یان قسەی کتێبی دەکات، بەجۆرێك گاڵتەئامێزانە بەرچاودەکەوێت. خەڵکی بەگشتی لەماڵەوە شێوازێك لە قسەکردن بەکاردەهێنن، بەڵام لە خوێندنگادا شێوازێکی تر فێردەبن، بە زمانێك دەنووسن و هەست و سۆزیش بەزمانێکی تر دەردەبڕن، شیعرەکان بەزمانی خوێندنگە لەبەردەکەن و گۆرانیەکانیش بە زمانی ماڵەوە دەڵێنەوە: بۆیە دەتوانرێت بگوترێت (مستەفا دوو زمان لەدەمیدا هەیە، دوو دڵ لە سنگیدا بوونی هەیە) ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، کە مستەفا ئارەزووی لە دوو شێوەی ئاخاوتنە، ئەوەی لە خوێندنگەوانەی پێدەخوێنێت (شێوە باڵا) یە، ئەوەی لەگەڵ ماڵەوە و هاوڕێیانیدا ئاخاوتنی پێدەکاتە "شێوەی ئاسایی‌یە" کەواتە مستەفا دوو شێوە ئاخاوتن بەکاردەهێنێت[٢٠].

بە بڕوای (جۆشوا فیشمان) (Jousha fishman) کە لە دوای (سی.ئەی.فێرگسۆن) لەسەر ئەم تیۆرییە کاریکردووە پێناسەکەی دوودیویی زمانیی ڕەخنەی لێگتووە/ فراوانکردووە، ((لە پاڵ هەردوو شێوەکەدا زمانی ناپەیوەستداری بۆ زیادکراوە، بۆ نمونە لە هەرێمی (ئاڵسان) زمانی ئاڵساز وەك شێوەی ئاسایی ناوزەدکراوە و زمانی فەڕەنسی، وەك شێوەی باڵا ناونراوە. هاینزکلۆز (Heniz kloos) شێوەی باڵای وەك (exoglossia) و شێوەی ئاسایی وەك (endoglossia) ناوبردووە.))[٢١] (جۆشوا فیشمان) بە ئەم شێوەیە لە بابەتەکە دەدوێت، کە لە خشتەی ژمارە (٤)دا خراونەتەڕوو[٢٢].

---

[٢٠] -Bassiouney, R:(٢٠٠٩:٢٧-٢٨)

[٢١]-http://en.wikipedia.org/wiki/Diglossia

[٢٢] -Fishman, j (١٩٦٧:٣٠)

| ((خشتەی ژمارە (٤) فراوانکردنی تیۆریی دوودیویی زمانیی و پێوەندی بە جووت زمانییەوە)) | | |
|---|---|---|
| | دوو دیویی زمانیی | |
| جووت زمانی | + | – |
| + | ١. دوودیویی زمانیی و جووت زمانی | ٢. جووت زمانی بە تەنیا |
| – | ٣. دوودیویی زمانی بە تەنیا | ٤. هیچ کامیان (تاك زمانی) |

خشتەی ژمارە (٤) ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا ئەوە دەبینرێت جووت زمانی و دوودیویی زمانی بەکاردەهێنرێت. لێرەدا ئەو فراوانکردنەی (جۆشۆ فیشمان) دەبینین، لە ئەو ژینگە و دەوربەرەی (جۆشۆ فیشمان) تێیداژیاوە، دیاردەی کۆچکردن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر هەبووە. وێڕای ئەوەیش دوودیویی زمانیی و جووت زمانی لە یەکتری جیاکردووەتەوە، "جووت زمانی" توانای ئاخێوەرە بۆ کۆنترۆڵکردنی دوو زمانی جیاواز (وەك ئینگلیزی و کوردی) کەدەتوانێت بەپێی مەبەست و پێویستی خۆیی، هەریەك لە ئەو زمانانە بەجیا بەکاربهێنێت، بەڵام دوودیویی زمانی توانایی ئاخێوەرە بۆ کۆنترۆڵکردنی شێوە جیاوازەکانی یەك زمان، بە واتایەکی تر دوودیویی زمانی پەیوەستکردووە بە دابەشکردنی (ئەرکییانەی یەك) زمان لە نێو یەك کۆمەڵگادا، وەك شێوەی "ئاسایی و شێوەی باڵا" زمانی کوردی[٢٣]

(کریستەڵ) وردتر لە دوودیویی زمانیی ڕوانیووە لە بورای فۆنۆلۆجیدا لێکۆڵینەوەی تێدا کردووە، کە لە بچوکترین کەرەستەوە(دەنگ) لێکۆڵینەوەی کردووە. کرسیتەڵ، باسی ئەو دەنگانە دەکات کە لە کاتی ئاخاوتندا دەردەبڕێن، لە ڕێگەی لچوولێوییەوە "لێوی سەرەوەو خوارەوە" هەندێك کات یەکێکیان بە تەنیا ئەو چالاکییە دەکات، یان هەردووکیان پێکەوە ئەو چالاکییە دەکەن لە زمانی کوردیدا ئەو بیروڕایە کریستەڵ زیاتر ڕوون دەکەینەوە، بۆ نمونە: ئەو دەنگانەی لە ڕێگەی لێوی خوارەوەو ددانەکانەوە دروست دەبن وەك: /ف/، کە لێوی خوارەوە، لەگەڵ ددانەکانی شەویلگەی سەرەوەی بۆ دروستبوونی ئەو دەنگە لەیەکتری نزیکببنەوە، هاوکات ئەو دەنگانەی لە بەشی دواوەی زمان لەگەڵ مەڵاشو لە یەکتر نزیکدەبنەوە لە کاتی ئەو لەیەکتری نزیکبونەوەیەدا لچولێویش لەیەکتری نزیکدەبنەوە، ئەو کات / و/ دروستدەبێت. ئەو دەنگانەی لە ڕێگەی بەریەککەوتنی هەردوو لێوەوە دروستدەبن، وەك دەنگی /ب/ و/ م/ ئەمانەیش پێیاندەگوترێت دەنگە لچولێوییە کۆنسۆنانتەکان، هاوشانی ئەمەیش دەنگی لچولێوی ڤاوڵی وەك دەنگی/وو/ هەیە. دەنگە لچولێوییەکان ئەو دەنگانە دەگرێتەوە، کە لە

---

[٢٣] – بۆ نمونە، ئەو کۆچبەرانەی لە پورتوگالەوە بۆ فەڕەنسا هاتوون، لە یەکەم توێژی خشتەی ژمارە (٤)ە، بەڵام نەوەکانیان کە لە ئەوێ لە دایکدەبن زۆربەیان پەیوەست دەبن بە زمانی فەڕەنسییەوە و تاك زمان دەبن و دەچنە چوارەم توێژەوە، لە خشتەی ژمارە (٤)دا، بەڵام باوانی ئەم نەوانە وەك نەوەکانیان نین، لە ئەم خشتەیەدا ئەوە دەبینرێت، کە (جۆشوا فیشمان) زیاتر جەختی لە ئەرکی کۆمەڵایەتی زمانی کردووەتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: لویس جان کافی، و: بەهادین جەلال مستەفا (٢٠١٢: ٤٧–٦٥).

کاتی دروستبوونیاندا لچولێو دێتەوەیەك بە چەند پلەیەك لەیەکتری نزیکدەبنەوە، تا ئەو دەنگە دروستدەبن. ئەو دەنگانەی بەشێوەیەکی ئاسایی لچولێو لە کاتی دروستبوونیدا نایەتەوەیەك، وەك لە دەنگی/س، ش/، بەڵام کاتێك ئەم دەنگانە لە گەڵ دەنگی/وو/دا پێکەوەدێن، وەك لە وشەی {سوور، شوور}دا دیارە، بە هۆی کاریگەری دەنگی/ وو/ لچولێو لە یەکتری نزیکبوونەتەوە. ئەمەیش وادەکات لچولێو لە کاتی دروستبوونی دەنگی/ س، ش/ بەپێی پێویست لەیەکتری نزیکببنەوە[٢٤]. وەك دەبینین (کریستەڵ) لەم پێناسەدا وردتر بۆ دوودیویی زمانیی چووە، لە ئاستی دەنگدا کاری لەسەر کردووە. باسی ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان ناکات.

## ٢-١/٢) بنەماکانی تیۆری دوودیویی زمانیی

(سی.ئەی.فێرگسۆن) نۆ بنەمای بۆ ئەم تیۆرییە داناوە، بۆ هەریەك لەم بنەمایانە نمونەی بۆ هێناونەتەوە، لە ئەم نۆ بنەمایەدا خاڵی جیاوازیی هەردوو شێوەکەی زمان پیشاندراوە، چونکە بەپێی ئەم بنەمایانە نمونەی جیاوازیی لەسەر شێوەکانی زمان هێناوەتەوە و بەراوردیکردون و جیاوازییەکانی دەرخستوون و دوو شێوەی زمانی"باڵا و ئاسایی" لە (عەرەبی، یۆنانی، ئەڵمانی، هایتی) دیاریکردووە. شێوەی باڵا خاوەن مێژووی نوسین و پاشخانێکی کلتوری پێشینانەو ئەرکی باڵای کۆمەڵایەتی و شکۆی تایبەت بە خۆی هەیەو شوێنی بەکارهێنانیشی دیاریکراوە، شێوەکەی تریش خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، دوای باسکردنی بنەماکان تایبەتمەندیی هەرەیەکەیان دەخەینەڕوو.

لێرەدا ئەو بنەمایانە باسدەکەین و ڕوونیاندەکەینەوە، بە ئەو شێوەیەی(سی.ئەی.فێرگسۆن) لە نێو ئەزمونی ئەو زمانانەدا باسیکردون. واتە لێکۆڵەر وردبونەوەی لە ڕەوشی زمان کردووە، دوای وردبونەوەی هەنگاو بە هەنگاو لێکچوونی لەنێو ئەو زمانەدا بەدیکردووە، کە هەر یەکێك لە ئەو زمانانە دوو شێوەی زمانیان هەیە، دواتر ڕوونیکردووەتەوە. دوای باسکردنی بنەماکان لە ڕوانگەی لێکۆڵەرەوە (سی.ئەی. فێرگسۆن) هەوڵدەدەین لە زمانی کوردیدا ئەوە بخەینەڕوو، بزانرێت تا چەند ئەم تیۆری دوودیویی زمانییە بۆ شێوەکانی زمانی کوردی گونجاوە. (سی.ئەی.فێرگسۆن) بەپێی هەر بنەمایەك لە دوو شێوەکەی زمان دواوە. کۆی بنەماکانیش لە "شێوەی باڵا" و "شێوەی ئاسایی"دا بوونی هەیە، بۆ ئەم مەبەستە نموونەی بۆ هێناوتەوە لە بواری وشە و ڕستەدا، پاشان پێشنیازی خستوتەڕوو بۆ ئەوەی ئەم تیۆرییە بۆ چ زمانێك باشە، لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت. ئاشکرایە، کە زمانی کوردی وەك زمانەکانی تر دوو شێوەی نییە، بەڵکو لە زمانی کوردیدا دیالێکتمان هەیە وەك (شێوەی باڵا) بەکاردەهێنرێت و ئەکسێنتی دیالکەتەکەیش وەك (شێوەی ئاسایی) بەکاردەهێنرێت، لە زمانی کوردیدا بەئەم شێوەیە تیۆرەکە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

---

[٢٤] -Crystal, D (١٩٩١:٢١٠)

### ١/٢-٢-١) ئەرك

(سی.ئەی.فێرگسۆن) بە ئەم شێوە لە بنەمای ئەرك[٢٥] دەدوێت و دەڵێت:((یەکێك لە گرنگترین خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی دوودیویی زمانیی بوونی دوو شێوەی جیاوازیی زمانە، بەپێی ئەرکی جیاواز بۆ (شێوەی باڵا) و (شێوەی ئاسایی) دابەشدەبێت. لە کۆمەڵێك بارودۆخدا تەنیا(شێوەی باڵا)ی بۆ بەکاردەهێنرێت و لە هەندێك بارودۆخی تردا تەنیا (شێوەی ئاسایی) بەکاردەهێنرێت. هەندێك کاتیش هەردووکیان تێکەڵدەکرێن، بەڵام تێکەڵبوونەکە زۆر نییە))[٢٦] لێرەدا مەبەستی زمانێکی وەك (عەرەبی و یۆنانی و فەرەنسی و هایتی) [٢٧]یە، بۆ ئەوەی ئەم بابەتە زیاتر ڕوونبکاتەوە، شوێنی بەکارهێنانی هەردوو شێوەکەی زمان دیاریدەکات، بەشێوەیەك هێڵی جیاکردنەوە لەنێویدا دەبینرێت، کە پێدەچێت تا ڕادەیەك ئەم بارودۆخی ئاخاوتنانە ئەو جیایکردوونەتەوە، لەنێو هەموو زمانێکدا هەبێت بەڵام بەڕێژەی جیاواز، لە هەموو زمانەکاندا مەرج نییە وەك و یەك وابێت.

وێڕای ڕوونکردنەوەی سەرەوەیش، بەڵام بۆ زمانی کوردی مەرج نییە ئەم دابەشکردنەی شێوەی ئاخاوتن و شوێنی ئاخاوتنە، کتومت وەك ئەو دابەشکردنە بێت کە لە زمانەکانی تردا کراوە و جیاکراوەنەتەوە، بەڵام ئایا لەزمانی کوردیدا ئەرکی(کەرەستەی گەیاندن، فۆڕمی وشە، ئەرکی

---

[٢٥] – وشەی ئەرك، ناوێکە لە زمانی کوردیدا، چالاکییەك، یان کرداری کەسێك، یان شتێك دەگرێتەوە. ئەرك لە پیشەیەکەوە بۆ پیشەیەکی تر دەگۆڕێت، ئەرکی زمانیش بەپێی شوێنکات لە گۆڕاندایە، زاراوەی ئەرك لە ڕێزمانیشدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام لێرەدا مەبەستمان ئەرکی کۆمەڵایەتی زمانە.(سی.ئەی.فێرگسۆن) بەرانبەر ئەرك زاراوەی (function) بۆ داناوە، لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردیشدا، بە واتای چالاکییەکی سروشتی، یان کرداری کەسێك هاتووە و باسکراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم پێگەیە:

http://www.oxforddictionaries.com/definition/english/function?q=+function

[٢٦] – Ferguson, Charles, A (١٩٥٩:٢٣٥-٢٣٦)

[٢٧] – Ferguson, Charles, A(١٩٥٩:٢٣٦)

| ((خشتەی ژمارە(١) شوێنی بەکارهێنانی شێوەکانی ئاخاوتن، بەبڕوای سی.ئەی.فێرگسۆن)) | | |
|---|---|---|
| شوێنی ئاخاوتن | شێوەی باڵا | شێوەی ئاسایی |
| گوتاردان، لە مزگەوت "د" کەنیسەدا | * | |
| ڕێنمایی و ئامۆژگاردن، بۆ کارگوزار و شاگرد، فەرمانبەر، نوسەر | | * |
| نامەی کەسی (تایبەتی) | * | |
| قسەکردن، لە نێو پەرلەماندا و گوتاری سیاسی پێشکەشکردن | * | |
| لە نێو زانکۆدا، وانە وتنەوە | * | |
| لە گەڵ خێزان وماڵەوەدا، هاوڕێ و هاوپۆلەکانی خوێندندا گفتوگۆکردن. | | * |
| پەخشی هەواڵەکان | * | |
| زنجیرەیی (شانۆ) ڕادیۆ | | * |
| نوسینی ڕۆژنامە، چیرۆکە هەواڵ، لەوێنە دوان بە نوسین ، تەنزنوسین(دانانی ناونیشان بۆ وێنەو..) | * | |
| تۆمارکردنی دەنگ، لەسەر فلیم کارتۆن | | * |
| شیعر | * | |
| ئەدەبی فۆلکلۆر و میللی | | * |

ڕستەکان) زمان لە هەردوو شێوەکەی زماندا جیاوازە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە نمونە دەهێنینەوە و دوای شیکارکردنی نمونەکان ئەوکات بڕیاردەدەین.

**٦. گ.ئاخاوتنی مامۆستایەك لە کاتی وانەوتنەوە لە زانکۆدا وەردەگرین.**

((خوێندکارانی بەڕێز ئەم کاتەتان باش، وانەی ئەمڕۆمان بە پێداچوونەوە بە بابەتەکانی وانەی هەفتەی پێشوو دەستپێدەکەین، وەك هەفتەی پێشوو ئاماژەی پێدرا، شیکردنەوەی چەمکی (فۆنێم)ە، کە بابەتێکی چەقیی زانستی زمانە، واتە لەنێو زانستی زماندا وردبوونەوەو لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، تا یاساکانی ڕیزبوونی فۆنێمەکانی زمانێك بخرێتەڕوو..)) چەند ڕستەیەك لە ئەم دەقە وەردەگرین.

**٦:ا/** خوێنکارانی بەڕێز ئەم کاتەتان باش. **ئر: (سڵاولێکردن ، جێخۆشکردن)**

**٦:ب/** وانەی ئەمڕۆمان بە پێداچوونەوە بە بابەتەکانی وانەی هەفتەی پێشوو دەستپێدەکەین.

**ئر: (ڕاگەیاندن)**

**٦:پ/** وەك هەفتەی پێشوو ئاماژەی پێدرا. **ئر: (بیرخستنەوە)**

**٦:ت/** شیکردنەوەی چەمکی (فۆنێم)ە، **ئر: (ڕاگەیانن)**

**٦:ج/** کە بابەتێکە چەقی زانستی زمانە. **ئر: (بابەتی قسەلەسەرکراو زانستە)**

**٦:د/** واتە لە نێو زانستی زماندا وردبوونەوەو لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. **ئر: (جەختکردنەوە).**

لە ڕستەی (٦:ا)دا مامۆستا بەشێوەیەکی جوان و بەرز ناوی خوێندکاران دەهێنێت {خوێندکاران، بەڕێز، ئەم کاتەتان باش}تەماشای ئەم دەربڕاوانە بکەین ڕیزگرتنێکی زۆری تێدایەو ئەرکی باڵای زمان پیشاندەدات. لە ڕستەی (٦:ب)دا، دەربڕاوی وەك {وانە، پێداچوونەوە، بابەت، هەفتەی پێشوو، دەستپێدەکەین} لە ڕووی فۆڕمی وشەکانەوە (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردی بە ئاخاوتنەکەوە دیارە، ڕێکخستنی کەرەستەی نێو ڕستەکان ڕێکخستنێکی (شێوەی باڵا)یە، چونکە کرداری {دەستپێدەکەین}کەوتووەتە کۆتای ڕستەکەوە.

لە ڕستەی (٦:ت) وشەی (فۆنێم) کە زارەوەیەکە لە بواری زانستی زماندا باسدەکرێت ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە، ئەم شێوەیەی ئاخاوتنی مامۆستا، (شێوەی باڵایە)و لە نێوەندێکی زانستدا بە خوێندکاران وانەدەڵێتەوە، کە پسپۆڕیی لە زمان و ئەدەبی کوردیدا وەردەگرن. ڕستەی (٦:ج،د) جەختکردنەوەی بیروڕاکانی مامۆستایە، کەوا ئەم بابەتە بابەتێکی زانستیی زمانەو گرنگە. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت ئەرکی زمان لە نێوەندی فەرمیدا (شێوەی باڵا)یە وەك زانکۆ، بە ئەو شێوەی سەرەوە وانە دەگوترێتەوە.

**٧. گ. مامۆستا لەگەڵ هاوڕێیەکیدا لە دەرەوەی زانکۆدا: (شێوەی ئاسایی).**

**ا.** چۆنی برا، باشی دەنگوباس و چۆنە؟

ب. تۆ چۆنی مامۆستاگیان، دەنگوباسی تۆ لەچیایە؟

ا. وەڵا باشین، ئەی گوزەرێنین، ئەی تۆ لە گەڵ ئیش و کار چۆنی؟

ب. سەرکەوتوبیت، وەڵا ئیتر ئاوایە خەڵك سەیارەی بشکێ ئێمەیش ئیشمان باشە.

ا. ئێ کاکە ئەوەی سەیارەی هەبێ، ئەبێ بێتە سەر وەستایش.

ئەگەر سەرنج لە نمونەکانی (٧: ا، ب) بدەین، کە مامۆستاو هاوڕێکەی گفتوگۆدەکەن، دەبینرێت لە ڕووی دەربڕاو، شێوەی ئاخاوتن، بابەتی باسەکەی مامۆستاو هاوڕێکەی و ئامانجی گفتوگۆکە زیاتر بۆ گونجان و جێخۆشکردنە، چونکە هەواڵپرسینی یەکتری و دەربڕینی هەستی خۆشەویستی لەگەڵ یەکتریدا بۆ بەردەوامی پێوەندییەکانیان گرنگە. لە ئەم ئاخاوتنەیشدا شێوەی ئاخاوتنی مامۆستا بە (شێوەی ئاسایی) دەردەکەوێت. وەك لە کۆتایی گفتوگۆکەدا دیارە ئەوەی لەگەڵیدا قسەدەکات کەسێکە خاوەن پیشەیی "فیتەری"و وەستای ئەو بوارەیە، بۆیە سلاوکردنی مامۆستا بە دەربڕاوی{چۆنی برا، دەنگوباس و چۆنە، وەڵا باشین ئەی گوزەرێنین، ئێ کاکە}یە، ئەم دەربڕاوانەیش زۆربەی کات وشەی ئاخاوتنی ڕۆژانەن و زۆر جیاوازە لە دەربڕاو و وشەکانی مامۆستا، کە لە نمونەی (٦: ا–ج)دا خرایەڕوو، لە کاتی وانەوتنەوەدا مامۆستا بەسەریەکەوە قسەدەکات و چەندین ڕستەی بە دوای یەکتریدا لە بواری فێرکردندا دەردەبڕێت، بەڵام ئاخاوتنەکەی مامۆستا لەگەڵ هاوڕێکەیدا بەشێوەیەکی ئاساییە، دوای ئەوەی دەست بە ئاخاوتنی (شێوەی ئاسایی) دەکات ڕستەیەکی پرسیاری لەنێو دەربڕاوەکەیدا دەبینرێت وەك، {چونی برا، باشی دەنگوباس و چۆنە؟} دوای ئەمە دەوستێت و چاوەڕێی بەرانبەری دەکات، تا وەڵامیبداتەوە.

لە هەردوو شێوەکەی ئاخاوتندا، ئەگەر بەراوردێکی خێرا بکەین، لە ڕووی بیرکردنەوەو خۆماندوکردنەوە شێوەی ئاخاوتنی مامۆستا لە ناوەندە فەرمییەکەدا {وانەگوتنەوە} زیاترەو بیری لە ڕستەکان کردووەتەوەو تاڕادەیەك باش بۆ(شێوەی باڵا) خۆی ئامادەکردووە، بەڵام بۆ (شێوە ئاسایی) کەمتر خۆئامادەکردنی پێوەدیارە، چونکە بابەتی بەیەکگەیشتنی دوو هاوڕێ بابەتێکی کۆمەڵایەتیی ڕۆژانەی گشتییە، بۆیە ئەو جۆرە ئاخاوتنەی لە ئەو بەیەکگەیشتنە ئاساییەدا کراوە(مامۆستاوهاوڕێکەی) بابەتێکی دووبارەیە و زۆربەی کات دەربڕاوەکانی هەواڵپرسین و بەیەکگەشتنیان دووبارەدەبنەوەو وەك خەڵکی تر بەشێوەی گشتی قسەدەکەن، هەمان دەربڕاویش {چۆنی، چاکی و..هتد} زۆربەی کات دووبارەدەکەنەوە.

مامۆستا لە دووکۆمەڵی ئاخاوتنی جیاوازدا، دووشێوەی ئاخاوتنی زمانی کوردی بەکارهێناوە. یەکێکیان (شێوەی ئاسایی)یە، کە زیاتر ئەرکی هەواڵپرسین و جێخۆشکردنە، ئەوی تریان (شێوەی باڵا)یە کە ئەرکی فێرکردن و پەروەردەکردنی خوێندکارانە.

لە شیکردنەوەی پێشوتردا ئەوە دەردەکەوێت، شێوەی قسەکردن لە هەردوو شوێنەکەدا جیاوازە، لە ڕووی وشەو دەربڕاوو ئەرکی زمانیشەوە، ئەوەی گرنگە لە کاتی بەکارهێنانی (ئاسایی و باڵا)دا

ئەوەیە، هەر شێوەیەك لە شوێنی خۆیدا بەکاربهێنرێت. واتە وەك شێوەی ئاخاوتنەکەی مامۆستا لەگەڵ خوێندکاران بەکاریدەهێنێت، ئەگەر بەهەمان شێوە باسی "فۆنێم" بۆ هاوڕێ فیتەرەکەی بکات، یان بە ئەو شێوەی ئەوان ئاخاوتنی لەگەڵدا بکات جێگەی سەرسوڕمان و پلار دەبێت لە لایەن هاوڕێکەیەوە، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە. ئەرکی زمان هەندێك کات (شێوەی باڵا)یەو هەندێك کات ئەرکی زمان بە (شێوەی ئاسایی)دەبینرێت. وێڕای ئەوەیش(کاتێك گرنگیی بەکارهێنانی شێوەکانی زمان دەردەکەوێت، کە کەسێکی بێگانە بەشێوە ئاساییەکە زمانی دووەم فێردەبێت، ئەم شێوە ئاساییە لە ناوەندێکی فەرمیدا بەکاردەهێنێت، یان کاتێك کەسێك لەنێو گۆمەڵگایەکدا بەیەك زمان قسەدەکات، بە(شێوەی باڵا)لە نێو ئەو کەسانەی، کە لە گەڵیدایە(هاوڕێ نزیکەکانی) گفتوگۆ دەکات، لە لایەن گوێگرانەوە جێگەی سەرنج و گاڵتەجاری دەبێت)[٢٨].

لەگەڵ ئەوەیشدا کەسێك ڕۆژنامەیەك بەدەنگی بەرز بخوێنێتەوە، بە(شێوەی باڵا) نوسراوە، گفتوگۆو ڕوونکردنەوەی بە (شێوەی ئاسایی) لەسەر بدات، یان کەسێك گوێبگرێت لە بابەتێکی فەرمی بە(شێوەی باڵا) پێشکەشدەکرێت، دوای ئەوە بیروڕا گۆڕینەو گفتوگۆکردن بە(شێوەی ئاسایی) لە سەر ئەو بابەتە بکات ئاساییە. هەندێك کات لە ناوەندێکی فەرمی وەك (خوێندنگە و زانکۆدا) دەکرێت وانەکە بە(شێوەی باڵا) باسبکرێت و بە (شێوەی ئاسایی) ڕونکردنەوەی لەسەر بدرێت[٢٩]. وەك لەسەرەوە خرایەڕوو بە ڕەهایی لە بواری زانستی زماندا بڕیاردان ئاسان نییە، لە بەرئەوەی زمانی مرۆڤ ئامڕازێکی خزمەتگوزارە بۆ ئەوەی ئەرکەکانی لەنێو ژیاندا ڕێکبخات، زمانی کوردیش مەرج نییە وەك زمانەکانی تر لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاربهێنرێت، چونکە خوێندەواری درەنگ دەستیپێکردووە و زمانی کوردی لە بواری شارستانیەت و پیشەسازیدا کەم خزمەتکراوە، داهێنانی ئەو بوارانە لەنێو کورددا زۆر کەمبووە. بۆیە هەردوو شێوەکەی زمانی کوردی وەك زمانەکانی بیانی بەتایبەتی لە (شێوەی باڵا) دا خزمەت نەکراوە، وێڕای ئەمەیش لە زمانی کوردی – دیالێکتی ناوەڕاستدا، ئەوە خرایەڕوو، ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان بەپێی شوێن وکات دەگۆڕێت، لە شوێنکاتێکدا شێوەی ئاسایی و لە شوێنیکاتێکی تردا (شێوەی باڵا)بەکاردەهێنێت.

---

[٢٨]– Ferguson, Charles, A(١٩٥٩:٢٣٦)

[٢٩]– (سی. ئەی.فێرگسۆن) لە زمانی عەرەبیدا زیاتر ئەم بابەتە ڕوونکردۆتەوە، بۆ نمونە لە خوێندنگاکانی میسردا، ئاساییە مامۆستا وانە بە زمانی (فوسحە) باسبکات و بە شێوەی ئاسایی (میسری) شیکردنەوەی بۆ بکات، پاشان باسی ئالۆزی ئەم بابەتە دەکات بۆنمونە، کاتێك خەڵکی گوندەکان(عەرەبستان) پەندەکان لە ئاخاوتنیاندا بەکاردەهێنن زۆربەی کات پەندەکان بە شێوەی باڵا(فوسحە) گۆدەکەن، وێڕای ئەوەی شێوەی زمانەکەیان (فوسحە نییە) ئاساییە، ئەوەیش لە نێو زمانی عەرەبیدا بەدیدەکرێت، هەندێك جار ئاخێوەرێك بە(شێوەی ئاسایی) بابەتەکە پێشکەشدەکات، ئەگەر چی بابەتەکەیش بابەتێکی فەرمییش بێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

Ferguson, Charles, A(١٩٥٩:٢٣٦-٢٣٧)

## ٢/١-٢-٢) شكۆداریی[٣٠]

ئەم بنەمایە یەكێكە لە ئەو بنەما گرنگانەی، زیاتر پەیوەستە بە پلەوپایەوە، یان شوێنی فەرمییەوە، بۆیە (شێوەی باڵا) خاوەن شكۆدارییە، هەر وەك (سی.ئەی.فێرگسۆن) دەڵێت:((شێوەی قسەكردنی بە (شێوەی باڵا) وادەركەوێت لە (شێوەی ئاسایی) لەنێو یەك زماندا گرنگترە))[٣١]، ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەم شێوەیەی زمان شكۆداریی پێوە دیارە.

شكۆداریی وەك دەردەكەوێـت بابەتی تەواو كۆمەڵایەتییە، چونكە لە شكۆداریدا پێگەو شوێنی مرۆڤـ گرنگ تەماشادەكرێت. (شێوەی باڵا)ی زمان زیاتر شكۆداریی تێدادەبینرێت، هەر ئەو شێوەیە پیشەو پلەو بەهای مرۆڤەكانی تێدادەردەكەوێت. كاتێك دەربڕاوێك بەرانبەر كەسێك بەكاربهێنرێت لە شكۆی كەسی بەرانبەر كەم بكاتەوە، ئەوكات گیروگرفت دروستدەبێت، بۆیە زۆر جار زیادكردنی (ە) بۆ سەر بانگكردن، یان ناوهێنانی كەسێك لە زمانی كوردیدا بەشێوەیەك لە شێوەكان گرفت دروستدەكات، بۆ نمونە لە نەخۆشخانەیەكدا لە بری ئەوەی بگوترێت {دكتۆر} بە {دكتۆرە} بانگی كەسەكە بكرێت، ئەو كەسەی بانگی دەكرێت پیاو بێت، بەڵام بەناوی ئافرەتەوە بانگكراوە، ئەوكات بەبێ ڕێزی تەماشادەكرێت و ئەگەری ئەوەی هەیە گرژی لێبكەوێتەوە ئەگەر ئەو بانگكردنە بە مەبەستەوە/ بیبێمەبەست بێت. واتە لە (شێوەی باڵا) ڕێگە بەهەڵەی زمانی نادرێت و مامەڵەی ورد لەگەڵ ئاخاوتندا دەكرێت. بۆیە شكۆداریی زیاتر پەیوستە بە (شێوەی باڵا)ی زمانەوە. لێرەشدا جیاوازیی شێوەی (باڵا وئاسایی) زمان لە ڕوانگەی شكۆدارییەوە دەردەكەوێت. هەر لە ئەم بارەیەوە(سی.ئەی.فێرگسۆن) دەڵێت:((لە هەموو زمانە ئاماژەپێدراوەكاندا ئاخێوەرەكانیان (شێوەی باڵا) لە (شێوەی ئاسایی) لەبەرچاودەگرن، هەندێك جار ئەو هەستەیان هێندە بەهێزەو ڕێزێكی زۆری (شێوەی باڵا)یان لە لایە، تەنیا ئەم شێوە بە ڕاست دادەنێت، (شێوەی ئاسایی) بە شتێكی نەبوو، یان كەم ئەژماردەكەن، بۆ نمونە بڵێن ( فلان و فیسار زمان نازانن) مەبەستی لە ئەوەیە، ئەوان (شێوەی باڵا) نازانن))[٣٢]، وەك لە ئەم ڕوونكردنەوەوە دەردەكەوێت (شێوەی باڵا) لە لایەن خەڵكەوە بە بەهاتر لێیدەڕوانرێت.

---

[٣٠]– (سی.ئەی.فێرگسۆن) زاراوەی (Prestige) بۆ بەكارهێناوە، لە فەرهەنگی ماكمیلاندا وەك "ناو" پێناسە كراوە، بە ئەو كەسانە دەگوترێت كە لە سەر بنەمای دەستكەوتی كاریگەر، شكۆ و ڕێزیان پەیداكردووە، شێوەی زمانی خاوەنشكۆیش پایەی بەرزترە لە چاو "شێوەی ئاسایی" زمان، هاوكات شێوەی زمانی خاوەنشكۆ(پلەدار)، شكۆداریی هەیە و شكۆی پێوەدیارە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

http://www.macmillandictionary.com/dictionary/british/prestige

[٣١]– Arokay, J, Govozdanovic,J (٢٠١٤:٤)

[٣٢]–(سی.ئەی.فێرگسۆن) مەبەستی ئەوەیە، ئەگەر كەسێك لە زمانی (عەرەبی: فوسحە و شێوەی میسری و هەرێمی هایتی:فەرەنسی و كریۆڵی) دا، شێوەی (فوسحە و فەرەنسی) كە بە شێوەی باڵا (لە زمانی عەرەبی و هایتی) دانراوە نەزانێت، لە كاتێكدا بە (شێوەی ئاسایی) وەك (عەرەبی جلفە/ كریۆڵی لە هایتی) زۆر پاراو قسەبكات، بە زمانزان نازانرێت تا ئەو ڕادەیە نكوڵی لە شێوەی ئاسایی زمانەكەیان دەكەن ، لەكاتێكدا ئەگەر پرسیاریان لێبكرێت لەگەڵ منداڵەكاندا بەچ

زمانی کوردی وەك زمانە ئاماژەپێدراوەکان (عەرەبی و ئەڵمانی و فەرەنسی و یۆنان) نییە، بەڵکو تایبەتمەندیی خۆیی هەیە، بۆئەوەی شکۆداریی لە زمانی کوریدا ڕوونبکرێتەوەو دوودیویی زمانیی لە ئەم بنەمادا دەربکەوێت نمونەیە دەهێنینەوە:

**٨. مامۆستا وانەی دەنگسازی لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردی دەڵێتەوە:**

((بەڕێزان ئەم کاتەتان باش.. ئەم وانەیی ئەمڕۆ تەواوکەری وانەی پێشووە، دەتوانین بڵێین: هەموو زمانێك لە نێو دونیادا هەیەو لە ئارادایە، یان بەشێوەیەکی تر بیلێم، هەر زمانێك لە چەند "فۆنێمێك" پێکدێت..هتد، ئەم بابەتە وردو فراوانە، قسەی زۆر لەسەر کراوە، هەر زمانێك زمانەکەی لە چەند "فۆنێم"– یك پێکدێت، هەر "فۆنێم"–ێك تایبەتی خۆی هەیە، هەر فۆنێمێك خاوەنی (ئەلۆفۆن)ە، چونکە هەر دەنگێك دووبارەی دەکەیتەوە، مەرج نییە وەك ئەوەی پێشووبێت لە ڕووی دەنگ و دەربڕینەوە، بۆنمونە: کاتێك دەنگی /ب/ لە چەند وشەیەکدا دووبارە دەبێتەوە جیاوازە وەك {بەفر، بەربا، زەینەب} هەریەك لە ئەو دەربڕینانەی دەنگی /ب/ جیاوازە. بە شێوە جیاوازەکانی دەربڕینی دەنگێکیش "ئەلۆفۆن"ی پێدەوترێت، ئێوە ئەوەیش بزانن هەموو "فۆنێم"ێکیش، دەنگە، لە وانەی داهاتوو ئەم بابەتە تەواو دەکەین. ئێستا کێ پرسیاری هەیە؟ شەرم مەکەن پرسیار بکەن.))[٣٣].

چەند ڕستەیەك لە ئەم ئاخاوتنە وەردەگرین:

**٨:ا.** بەڕێزان ئەم کاتەتان باش.

**٨:ب.** هەر زمانێك لە چەند "فۆنێمێك" پێکدێت.

**٨:پ.** هەر فۆنێمێك خاوەنی (ئەلۆفۆن)ە.

**٨:ت.** بە شێوە جیاوازەکانی دەربڕینی دەنگێکیش "ئەلۆفۆن"ی پێدەوترێ.

ئەگەر تەماشای ئەو دەربڕاوانەی نمونەی (٨: ا–ت) بکەین، دەربڕاوی وەك {بەڕێزان، ئەم کاتەتان باش} ئەم دەربڕاوانە شکۆدارییان پێوە دیارە، چونکە ناوەندەکە ناوەندێکی فەرمییە، ئەوانەی گوێدەگرن بۆ فێربوونی زانست هاتوون، لە داهاتوودا بڕوانامەی زانستی وەردەگرن. مامۆستایش خۆی بۆخۆی بە هۆی ماندبوون و بەدەستهێنانی بڕوانامەوە خاوەن شکۆداریی تایبەت بە خۆیەتی، بۆیە (شکۆداریی) بە شێوەی زمانەکەیەوە دیارە، لەگەڵ ئەوەیشدا دەربڕاوو زاراوەی زانستی وەك {فۆنێم، ئەلۆفۆن، شێوە، دەربڕینی دەنگ} هەر یەك لە ئەمانەیش بۆ "شکۆداریی" ئاماژەن. شێوەی

---

شێوەیەك قسەدەکەن، ئەوا بێگومان وەڵامی وەك {ئم لەبری بەڵێ} واتە بە شێوە ئاساییەکە لەگەڵ خێزان و مناڵەکانیاندا ئاخاوتن دەکەن، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شکۆداریی و هەست بە خۆگەورەکردن لای ئەوان پەیوەستە بە (شێوەی باڵا)ی زمانەکەیانەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Ferguson, Charles, A(١٩٥٩:٢٣٧-٢٣٨)

[٣٣]– دەقی نمونەی ژمارە (٨،٦)، لە وانەیەیی زانکۆیی (شاخەوان جەلال فەرەج)ەوە وەرگیراوە.

ئاخاوتنی مامۆستا لە کاتی قسەکردندا شێوازی دەربڕینی بەرانبەر خوێندکاران شکۆداریی پێوە دیارە، لێرەدا شکۆدارییەکە زانستە کە خاوەن شکۆدارییەکی جیهانییە.

**٩. گ.خوێندکارێك پرسیار لە مامۆستا دەکات.**

((مامۆستا بە یارمەتیت پرسیارێکم هەیە، بەڵام پێدەچێت پرسیارەکەیش زۆر گرنگ نەبێت؟ مامۆستا: فەرموو پرسیارەکەت بکە. خوێندکار: تۆ فەرمووت: هەموو فۆنێمێك دەنگە، بەڵام ئایا هەموو دەنگێك فۆنێمە؟ مامۆستا: دەست خۆشبێت، پرسیارێکی گرنگ و بەجێیە، ئەم بابەتەم هەڵگرتبوو بۆ وانەی داهاتوو، بەڵام بەکورتی وەڵامتدەدەمەوە، هەموو دەنگێك مەرج نییە "فۆنێم" بێت، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا دەنگی (ص) مان هەیە بەڵام فۆنێم نییە، چونکە واتا ناگۆڕێت، هاوکات هەمان دەنگ لە زمانی عەرەبیدا واتا گۆڕە، بۆیە لە زمانی عەرەبیدا "فۆنێم"ە)). لە نمونەکانی گفتوگۆی ژمارە (٩)دا، چەند ڕستەیەك بۆ شیکردنەوە وەردەگرین:

**٩: ا/** مامۆستا بە یارمەتیت، پرسیارێکم هەیە، بەڵام پێدەچێت پرسیارەکەیش زۆر گرنگ نەبێت.

**٩:ب/**مامۆستا: فەرموو.

**٩:پ/** خوێندکار: تۆ فەرمووت: هەموو فۆنێمێك دەنگە، بەڵام ئایا هەموو دەنگێك فۆنێمە؟

**٩:ت/** دەستخۆشبێت، پرسیارێکی گرنگ و بەجێیە.

ئەگەر تەماشای ڕستەی (٩: ا) بکەین، {بەیارمەتیت} و لەڕستەی (٩:ب)دا {فەرموو} ئەم دوو دەربڕاوە شکۆداریی پێوەدیارە، چونکە کاتی قسەکردن لە کاتی وانەوتنەوەدایە، ئەوەی خوێندکارەکە پرسیاری لێدەکات مامۆستاکەیەتی و شوێنەکەیش زانکۆیەو ناوەندێکی فەرمییە، دەبینرێت شێوەی ئاخاوتنی خوێندکارەکەیش بەرانبەر مامۆستا "شکوداریی" پێوەدیارە، (شێوەی باڵا)ی زمان بەکارهێنراوە.

لە ڕستەی (٩:ب)دا، مامۆستا کات بە خوێندکارەکە دەدات بۆ ئەوەی پرسیارەکەی بکات بە خوێنکارەکە دەڵێت:{فەرموو}. واتە لە ناوەندی فەرمیدا تا ڕادەیەکی باش قسەکەرو گوێگر شێوەی ئاخاوتنەکانیان بە پێی پلەو پایەو توانایی کەسایەتی خۆیان شکۆداریی پێوەدیارە.

لە ڕستەی (٩:ت)دا مامۆستا بە دەربڕاوی {دەستخۆشبێت}بەهای ئاخاوتنی خوێندکارەکە بە {گرنگ و بەجێیە}ناودەبات، ئەمەیش شکۆداریی ئاخاوتنی خوێندکارو کاردانەوەی مامۆستایش دەردەخات، لێرەدا ئەوە دەسەلمێت شێوەی ئاخاوتنی مامۆستاو خوێندکار (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردییە. واتە دەربڕاوی {فەرموو، فەرمووت، بەیارمەتیت، دەستخۆشبێت} شێوەی زمانەکەی بۆ (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردی هەڵکشاندووە.

**١٠. گ.خوێندکارو هاوڕێیەکی، دوای ئەوەی وانەکە تەواودەبێت.**

**ا.** چونی حەمە، دەنگوباست، ئەرێ هەتیو هەر دیار نەمای؟

ب.تۆ چۆنی، وەڵا بڵێم چی تۆیش سەوت و سورەت نەماوە؟

ا. وەڵا خەریکی خوێندنین چ بکەین؟

ب. ئەمە هەر نەبڕاوە، خۆ ئێمەیش پیاز پاك ناکەین!

ا. ئەها...! بە وەڵای هەتیو من تۆ بناسم کەمنیت...سەرێکو هەیە و و هەزار سەوا.

وەك لە ئەم نموونانە دیارە خوێندکارەکە شێوەی ئاخاوتنی لە گەڵ هاوڕێکەیدا جیاوازە، لە شێوەی ئاخاوتنی لەگەڵ مامۆستاکەی کاتێك پرسیاری لە مامۆستا کرد. لە ڕستەی (١٠: ا، ب ) دەربڕاوی وەك {چۆنی، ئەریَ، هەتیو، بە وەڵای، کەمنیت، حەمە، هەزارسەوا} شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانەی نێوان هاوڕێکانە، خوێندکارەکە بە(شێوەی ئاسایی) لەگەڵ هاوڕێکەیدا ئاخاوتن دەکات. زۆر جار هەر بۆ خۆشی وشەی {جنێو} تێکەڵ بە ئاخاوتنیان دەکەن، ئەم جنێوانەیش زۆربەی کات لە بارودۆخی ئاسایدا نزیکی ئەو دووکەسە لە یەکترییەوە دەردەخات و هەردولا بەلایەنەوە ئاساییە.

دوای شیکردنەوەی ئەم نموونانە ئەو بڕوایە دروستدەبێت، ئاخاوتنی (شێوەی باڵا)خاوەنی "شکۆداریی"یە، لە کاتی قسەکردندا هەست بە ئەم شکۆدارییە دەکرێت، بە تایبەت لە کاتی وتنەوەی وانەدا، یان لەنێو فەرمانگەکاندا، کاتێك فەرمانبەر لەگەڵ بەڕێوەبەر، یان فەرمانبەر لەگەڵ فەرمانبەرێکی تردا ئاخاوتن دەکات، یان کەسێك کە گوتارێکی (ڕامیاری یان دینی) پێشکەشدەکات، ئەو شێوەی زمانە شکۆداریی پێوەدیارە، بەڵام کاتێك دوو هاوڕیَ بەیەکدەگەن، بە (شێوەی ئاسایی) گفتوگۆ لە گەڵ یەکتریدا دەکەن، ئەوکات کەمتر (شکۆداریی) بە ئاخاوتنەکەیانەوە دەبینرێت، یان نابینرێت. ئەم نموونانە لەپلەی شکۆداریدا جیاوازن، واتە دەتوانرێت ئاستی تری شێوەی زمانی وەك (نزم، ئاسایی، ناوەند، باڵا) دیاریبکرێت.

ئەم نموونانەی سەرەوە وادەکات بیروڕای مرۆڤ بەرانبەر شێوەکانی زمان جیاواز بێت، بەشێوەیەك لای زۆربەی کەسە خوێندەوارەکان (شێوەی باڵا) لە(شێوەی ئاسایی)یەکە لە پێشترو چاکتر دەزانێت، بۆ ئەوەی لە کاتی گفتوگۆدا بەکاربهێنرێت، هەندێك جار ئەم شێوازەی بیرکردنەوە پەرەدەسێنێت، بەشێوەیەك بیروڕاو بڕوایەك بە مرۆڤ دەبەخشێت تەنیا (شێوەی باڵا)ی زمان بە زمان بزانێت.گرنگی "شکۆداریی" لە ئەوەدا دەردەکەوێت، هەندێك کات سنوری زمان (وڵات) تێدەپەڕێنێت و دەیکات بە زمانێکی جیهانی و بەکارهێنەرانی ئەو زمانە زیاتر دەکات، زمانی عەرەبی بە هۆی "شکۆداریی" ئایینییەوە کاریگەری لە سەر زمانەکانی تر تا ڕادەیەك دروستکردووە.

### ٣-٢-١/٢) کەلەپوری ئەدەبی

مەبەست بەرهەمی پێشینانە ئەوانەی دەماودەم ماونەتەوە، یان نوسراونەتەوە، میراتێکی پیرۆزی میللەتێك پێکدەهێنن، چونکە لەنێو زماندا کلتورو بەهاکان هەڵگیراوە.

هەر بۆیە، ((لە هەموو زمانێکدا مێژووی نووسینی پارێزراو هەبێت، قاڵبێکی قەبارە گەورەی نوسراوی ئەدەبی هەیە. ئەم شێوازە بە (شێوەی باڵا)ی زمان ناودەبرێت، لە لایەن کۆمەڵگاوە بەرێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەرهەمی ئەدەبی هاوچەرخیش وەك بەشێك لە(شێوەیباڵا) لە سەردەمی ئێستا ئەژماردەکرێت. (یان وەك ئەدەبێکی زیندوو تەماشادەکرێت)، بەرهەمی ئەدەبی لە مێژووی کۆمەڵگادا لەوانەیە لە دێر زەمانەوە بەرهەمهێنرابێت، نووسینی ئەو بەرهەمانە بە (شێوەی باڵا)یە، وەك جۆرێکی ستاندارد بەردەوامی هەیە و ئەرك دەبینێت، دەقی ئەدەبی کلاسیکی مەودایەکی درێژ دەخاتەڕوو، وەك لە زمانی (عەرەبی، یۆنانی)دا نوسەرانی هاوچەرخ بە کارێکی ئاسایی و باشی دەزانن، وشە، فرێز، یان ئەو دەستەواژانەی کە پێدەچێت تەنیا لەسەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا هەبێت و کارابێت، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا، زۆر بەربڵاو نەبێت بۆ بەکارهێنان. هەندێك جاریش لە سەرگوتارەکانی ڕۆژنامەو نووسینی شیعری ئەمڕۆدا، کەلەپوری ئەدەبی پێشینان چێژێکی ئەدەبی باشی لێدەبینرێت، بۆیە ئەو دەربڕاوانەی کە لە بەرهەمی کۆندا هەبووە، ئێستا لە بەرهەمی شاعیرو نووسەراندا دەبینرێت، مەرج نییە هەموو کەس بەباشی لە ئەو دەربڕاوانە تێبگات، مەگەر یەکێك شارەزایی لە ئەو بوارەدا هەبێت، ئەنجامی ئەم کارەیش بریتییەلە: ئەوەی هەندێك کەس بە باشی لە کاتی خوێندنەوەدا لێیتێدەگەن و چێژی لێدەبینن، ئەوانەیشی ڕۆشنبیرییەکی ئاساییان هەیە لێیتێناگەن، وێڕای ئەوەیش بەلایانەوە گرنگ نییە، تا بەدواداچوون بۆ تێگەیشتنی بکەن))[٣٤].

لە زمانی کوردیدا ئەدەبی فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی و ئەدەبی کلاسیك، وەك کەلەپوری ئەدەبی تەماشادەکرێن و جێگەی ڕێزە و شکۆیان هەیە، بەڵام وەك زمانی عەرەبی، زمانی کوردی پاڵپشتی ئاینیی نییە، تا زمانی کەلەپوری کوردی وەك شێوەی باڵا ناوەزەدبکرێت، وێڕای ئەوەیش لای کورد بەچاوی بەرزو ڕێزەوە تەماشای کەلەپوری ئەدەبی کوردی دەکرێت.

هەندێك وشەو زاراوە لە شیعرو ئەدەبی پێشینان بەکارهێنراوە، بە هۆی نەمانی(وەك پشت شیلان لە حەمامدا) ئەو پیشەوە، ئێستا ئەو وشەیە هەموو کەس لێیتێناگات، بۆ نمونە وشەی {ناتر، هەرزاڵە، هەنەزا، مزانە و..هتد}، {ناتر} تا پەنجاکانی سەدەی بیستەم بەکارهاتووە، نازناوی ئەو کەسانە بووە، لە کاتی خۆشۆردن لە حەمامی پیاواندا پشتی پیاوانیان شێلاوە، بە ئەو کەسەی ئەم کارەی کردووە(ناتر)گوتراوە، بەڵام ئێستا ئەو پیشەیە نەماوە و پیشەی تر، یان ئامێری تر شوێنی گرتووەتەوە،

---

[٣٤]- Ferguson, Charles, A:(١٩٥٩: ٢٣٨-٢٣٩)

بۆیە ئەم وشەیە زۆر کەم بەکاردەهێنرێت و ئێمە لە ئاخاوتن و گێڕانەوە، یان لە فەرهەنگەوە واتایان دەزانین و سەرەڕای ئەوەیش قسەو گفتوگۆی ڕۆژانە لەنێو شیعرە فۆلکلۆرەکاندا دەبینرێت، بۆ نمونە:

**١٠. فۆلکلۆری کوردی**

**((خاڵێ ها لەبان ڕوومەتی**

**حەجەرەلئەسود خۆیەتی**

**هەرچی بکات زیارەتی**

**لە دەرەجەی شەهیدانە))[٣٥]**

وەك دەبینرێت لە ڕووی وشەسازییەوە فۆڕمی وشەکان جیاوازە، وەك ئێستای زمانی کوردی نییە، بەڵام ئەم بابەتە هەر پارێزراوەو جێگەی ڕێزە، ئەگەرچی لە ئەم شیعرەدا خۆشەویستی و سەرسامی یارەکەی لە پیرۆزی ئایینی نزیککردووەتەوە. ئەم شێوەیە لە کەلەپوری ئەدەبی کوردیدا وەك (شێوەی ئاسایی) دەتوانرێت ناوزەدبکرێت، چونکە لە شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئەو سەردەمەوە زۆر نزیکە.

پاشان دوای سەردەمی ئەدەبیی فۆلکلۆر(خاوەنی دیارنییە) و میللی(خاوەنی دیارە)، سەردەمی ئەدەبی کلاسیکی دێت، لە ئەو سەردەمەدا ئەوانەی شیعریان نووسیووە، لە حوجرەدا خوێندویانەو دوای تەواوکردنی زۆربەیان نازناوی مەلایان وەرگرتووە. بۆیە شیعرەکانیان بەشێوەیەکی وا داپڕشتووە هەموو کەس لە ئەو سەردەمەی خۆشیاندا لێیتێنەگەشتوون، بۆ ئێستایش ئەگەر لێکدانەوەی بۆ نەکرابێت، یان کەسێك لە زمانی (عەرەبی، فارسی، تورکی) بەتایبەت عەرەبی و فارسی شارەزایی نەبێت، باش ناتوانێت لێیتێبگات نمونەیەك دەهێنیینەوە.

**١١. نالی دەڵێت:**

**نەییری ئەعزەم وەها تاوی دەدا وەك مەنجەنیق**

**بۆ دەوامی ڕۆژ پەرستی جەمعی حەربای دێتە ناو[٣٦]**

---

[٣٥]– عیزەدین مستەفا رەسول (٤٤٧:٢٠١٢)، لە ئەم شیعر و گۆرانییەدا، ها لە بان ⟵ لە سەر، زیارەت ⟵ سەردانکردن (ماچکردن)، دەرەجە ⟵ پلە. ئەم وشانە ئێستا بە ئەم شێوەیە، لە شێوەی باڵای زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێت.

[٣٦]– وشەی (حەربا:حرباو) وشەیەکی عەرەبییە، ناوی گیانلەنبەرێکی خشۆکە، وەکو مارمێلکە وایە، زۆر حەزی لەبەر خۆرە، لە بەر خۆرییشدا شێوە و ڕەنگی خۆی دەگۆڕێت بە ڕەنگی جۆراوجۆر، وەك نمونەی بێباری کەسێك، ناوی ئەم گیانلەبەرەی هێناوەتەوە، وشەی (نەییری: النیری الاعضم) وشەیەکی عەرەبییە، بە واتای ڕووناکی مەزن، خۆر دێت، بەشێوەیەکی خوازراویش ئەم وشانەی بەکارهێناوە، مەنجەنیق: ناوی ئامێرێکە لە کاتی شەردا لە کۆندا بەردی گەورەو گوللەی ئاگرینیان بۆ نێو سوپای دوژمن پێفڕیداوە، ئەو وشانەی(بەعەرەبی و فارسی دەزانرێت) لە شیعری کلاسیکدا هەیە، مەرج نییە هەمووی هی زمانی بیانی(عەرەبی و فارسی) بێت، بەڵکو پێدەچێت کوردی بێت، ئەمەیش پێویستی بە لێکۆڵینەوە لە بواری ئیتیمۆلۆژی هەیە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مەلا عبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عبدولکەریم (١٣٨٧: ٣٧٠).

ئەگەر تەماشای ئەم دێڕە شیعرەی نالی بکەین لە ڕوانگەی ڕێکخستن و واتایشەوە ئاستی شێوەی زمانی نووسینەکەی بەرزە، یەکێکە لە ئەو شاعیرانەی بە چاوی ڕێزەوە تەماشای شیعرەکانی دەکرێت، هەموو کەسیش لە شیعرەکانی تێناگات.

شیعرەکانی ئەدەبی کلاسیکی (سەردەمی مەلایەتی)، کەسێکێش خوێندەواری هەبێت و زمانی عەرەبی باش نەزانێت، بە بێ لێکدانەوەی شیعرەکە لە لایەن کەسێکی پسپۆڕەوە وەك ئەوەی لە دیوانەکانیاندا لێکدراوەتەوە، لە واتای شعرەکانیان ناگات، بۆ نمونە نالی و هاوشێوەکانی، کە شیعرەکانیان بەشێوەیەکی بەرزو جوان داڕێژراوە، پێویستی بەزیاتر لە لێکدانەوەیەك بۆ تێگەیشتن هەیە، شاعیرانی ئەو سەردەمە (نالی، سالم، کوردی) بەشێوەیەکی وا شیعریان گوتووە، کە ڕۆشنبیری و خوێندەواری خۆیان لەنێو شیعرەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە. ئەم شێوە شیعرەو هاوشێوەی ئەم شێوە نووسینە شێوەی زمانی شیعرییان لە کەلەپوری ئەدەبیدا بە (شێوەی باڵا) دەتوانرێت ناوزەدبکرێت، هاوکات لە زمانی کوردییدا فەرهەنگی تایبەتیان بۆ (نالی)داناوە، بۆ ئەوەی واتای شیعرەکەی لێکبدرێتەوە.

لێرەوە ئەگەر وردبینەوە، ئەوەی لە کەلەپوری ئەدەبی شیعری کوردیدا دیارە، هەندێك لە شیعرەکان، کە بەئەدەبی فۆلکلۆر ناوزەدکراون و دەماودەم بۆمان ماونەتەوە (شێوەی ئاسایی) ئاخاوتنی تێدادەبینرێت، کە لە سەردەمی خۆیاندا دڕێژراون، وەك لە نمونە(١٠) دا خرایەڕوو بە (شێوەی ئاسایی) زمانی کوردی دادەنرێت. هەندێك لە شاعیرانی تری زمانی کوردی وەك لە نمونەی(١١)دا خرایەڕوو، بەشێوەیەکی بەرز شیعریان داڕشتووە، دەتوانرێت جیاوازی لە نێوان ئەو شێوە نوسینە بکەین، کە یەکێکیان لە ئەوی تریان، شێوەی نوسینەکەی لە ڕوانگەی شکۆکۆداریی و ئەرکی ڕستەکانی نێو دەقەکانیان بگوترێت، شێوەی (شیعری کلاسیك لە فۆلکلۆری کوردی) باڵاترە.

## ١/٢-٢-٤) زمان وەرگرتن

زمان وەرگرتن پرۆسەیەکە هەموو مرۆڤێکی ئاسایی لە هەر کوێیەك بێت بە ئەم پرۆسەدا تێدەپەڕێت[٣٧].((کاتێك منداڵ زمانی دەپژێت، بەشێوەی ئاسایی زمان وەرگرتووە و پاشان لە نێو

[٣٧]– قوناغەکانی زمان وەرگرتن لای منداڵانی کورد:

١. سەرەتا تەنها گریان (چەند جۆرێکە) و دواتر دەربرینی دەنگی بە بێ ئەوەی بکرێتە وشە.(ئا یا واو ..هتد)

٢. فێرونی یەك وشەیی، بەڵام مەبەستی ڕستەیەکی داواکاری و هاوکاریکردنە (ئەعە- قخە، یەع، بڤە و.بابە و دیە و دادە و بەعە و ..هتد)

٣. فێروونی دوو وشە وەك، نان خۆم، ئاو خۆم، ئەوە ئەخۆم، یان هەندێك کات کارەکەی بەدڵ نەبێت (نا) دەخاتە پێشییەوە بۆ زۆر بابەت، کە لەڕوی ڕێزمانیشەوە هەڵە دەکات.

٤. فێربوونی ڕستەیی، منداڵ لە ئەم کاتەدا بە تەواوی شارەزای ڕێکخستنی ڕێزمانی و بەکارهێنانی جێناو/ کلیتیك و..هتد زۆر نییە، زۆربەی کات کردار پێش دەخات، بۆ ئەوەی مەبەستەکەی زۆر زوو بگات، بەڵام وردەوردە بەپێی تەمەن، زمان و

بواری پەروەردە، یان لە خولی زانستی شێوەی باڵا بۆ فێربوون دەگوترێتەوە و فێردەبێت))[٣٨].

(سی.ئەی.فێرگسرن) لە ئەم بیروڕایەی سەرەوەدا، دوو پرۆسەی لەیەکتری جیاکردووتەوە، وەرگرتنی زمان واتە شێوەی ئاسایی، فێربوونی (شێوەی باڵا) زمان، کە لە ناوەندێکی پەروەردەی، یان شوێنکی تایبەت بە ئەو پرۆسەیە دەگوترێتەوە بۆ فێربوون.

یەکێك لە پڕۆسە سەرسوڕهێنەرەکان، پڕۆسەی زمان وەرگرتنی منداڵە، کە لە کۆمەڵ و دەوروبەرەوە (شێوەی ئاسایی) زمان وەردەگرێت[٣٩]، دەتوانرێت بگوترێت ((پڕۆسەی زمانپژاندن ئەو کردەو هەنگاوانەیە، کە یارمەتی گەشەکردنی توانست دەدات بۆ وەرگرتنی زمانی دایك، لێرەوە زمان فاکەڵتویەکی درکپێکراوی ناسەربەخۆیە، توانایەکی بەدەست هاتووی مرۆڤە))[٤٠].

---

شێوەکانی زمان و یاریکردنی بەوشە فێردەبێت. منداڵ پێش ئەوەی قسەکردن فێرببێت خاوەن بیرکرنەوەی وردە، زۆر شتی پێدەڵێت بە گوێت دەکات، ناوچاوی لیَ گرژ بکە بێتاقەت دەبێت، پێبکەنیت بە بەدەمییەوە، پێدەکەنێت. دواتر وردە وردە بیرۆکەی خۆی بەوشەو ڕستە دەکات، وەك دەبینین منداڵ لە کاتی فێربوونی یەك وشە دا، هەر یەك لە ئەو وشانە تایبەتە بە هەستێکی مرۆڤ، بۆ نمونە.

ا. ئەعە، هەستی بەریەککەوتنە، کاتێك منداڵ پیسای پێوە بێت، یان کاتی پیساکردنی هاتبێت بەکاریدەهێنێت.

ب. قغە، هەستی چەشتنە، هەندێك تامی پێخۆشنییە، یان زیانی بۆ منالْ هەیە، (قغە) بۆ بەکاردەهێنرێت و دوای ئەوە هەر شتێك تامەکەی بە دڵ نەبوو ئەویش دەڵێت، قغە، بەرانبەر قغە: حەمیش هەیە، کە کێڵگە "فیلْد"ی واتای چێژبەخشین و پاك و خاوێنی لە نێو مێشکی منداڵدا دروستدەکات و گەشەی پێدەدات، ئەم دەربڕاوانە لە لایەن گەورەکانەوە بە گوێی منداڵاندا دەدرێت ئەوانیش دووبارەی دەکەنەوە، ئەگەر گەورەکان بە دەربڕاوی تر لەگەڵیاندا ئاخاوتن بکەن، ئەوانیش بە شێوەی منداڵانە دووبارەی دەکەنەوە. هەر بە ئەم دەربڕانە گشتاندن دەکات. واتە واتای زیاتریان پێدەدات.

پ. بڤە: هەستی بەریەککەوتنە، کاتێك منداڵێك دەستی بە ئاگر سوتا، پێیبڵێین، بڤە، ئیتر دەستی بۆ هەرشتێك برد، پێی گوترا بڤە..دەترسێت.منداڵ بە درێژای تەمەنی وشە فێردەبێت و شارەزایی زمانی زیاتر دەبێت.ئەو شێوە زمانەی منداڵ لە منداڵیدا فێریدەبێت، شێوەی ئاساییی زمانە ئەم شێوازەیش لە شێوەی باڵای زمان جیاوازە. هاوکات لە نامەی ماستەرەکەی (ناهیدە ڕەحمان خەلیل) ئاماژەی بە ئەوەداوە، منداڵ بە چوار قوناغ فێری زمان دەبێت، لە تەمەنی دووساڵییەوە کەرەستەکان لە نێو ڕستەدا ڕیز دەکات و لە دوای تەمەنی چوار ساڵییەوە دەسەڵاتی بەسەر زمانیدا دەشکێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ناهیدە ڕەحمان خەلیل: (٢٠١٣: ٢٢).

[٣٨] -Arokay, J, Govozdanovic, J (٢٠١٤:٤)

[٣٩]– لەزمانی کوردیدا زاراوەی زمانپژان، زمانپژاندن، زمان وەرگرتن، زمان فێربوون، بۆئەم پڕۆسەیە بەکارهاتووە، بەڵام لە ڕوانگەی واتاییەوە، پژان، لە پژانی خوێنی لوتەوە هاتووە دوای ماوەیەکیش دەوەستێتەوە ئەم زارەوەیە بۆ ماوەی دەستپێکی یەکەم وشە بەکاربهنرێت باشترە، بەڵام وشەی وەرگرتن و فێربوون پڕۆسەیەکە لەگەڵ ژیاندا بەردەوامە، بۆیە زاراوەی زمانپژانمان هەمو کات بەکارنەهێناوە. لە نامەی ماستەری ناهیدە ڕەحمان خەلیل (زمان پژان و دیاردەی سایکۆ – فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی) دەڵێت: زمان وەرگرتن" هایپۆنیمێکە بەرانبەر زمانپژانی منداڵ و فێربوونی زمانی بیانی بەکاردێت و هەردوو چەمکەکە لە خۆیدا هەڵدەگرێت، کە دوو پڕۆسەی جیان هاوبەشی بنەڕەتیشیان هەیە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە: ناهیدە ڕەحمان خەلیل (٢٠١٣: ١٨–٢٠) بکە.

[٤٠]– ناهیدە ڕەحمان خەلیل (٢٠١٣: ١٤٥)

(سی.ئەی.فێرگسۆن) دەڵێت ((لە نێو قسەپێکەرانی چوار زمانە ئاماژەپێکراوەکەدا، گەنجان "شێوەی ئاسایی" ئاخاوتن لەگەڵ منداڵاندا بەکاردەهێنن، منداڵانیش "شێوەی ئاسایی" لەگەڵ یەکتریدا ئاخاوتن دەکەن، لە ئەنجامدا منداڵان "شێوەی ئاسایی" وەردەگرن. ئەم ڕێگەیە دەتوانرێت، بە شێوازی ئاسایی کەسێك دابنرێت. لە لایەن منداڵانەوە لە وانەیە "شێوەی باڵا" ناو بەناو ببیسترێت، بەڵام بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ئەم شێوەیە فێرببێت، دەتوانرێت، لە ڕێگەی پەروەردەی ئاساییەوە بەدەستبهێنرێت))[٤١]، پاشان (سی.ئەی.فێرگسۆن) بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەم بابەتە شیکردنەوە دەکات و باسی پێکهاتەی ڕێزمانیی هەردووکیان دەکات. پێکهاتەی ڕێزمانی (شێوەی ئاسایی دەتوانرێت بزانرێت بەبێ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر چەمکە ڕێزمانییەکانی بکرێت، بەڵام ڕێزمانی (شێوەی باڵا) لە ڕێگەی لاسایکردنەوە و فێربوون و بەدواکەوتنی یاساکانەوە بەدەستدەهێنرێت، وێڕای ئەوە شتێکی نامۆیە وا تەماشابکرێت، کە گۆڕانێکی بنچینەیی بەسەر (شێوەی باڵا)دا دێت و لە ناودەچێت، مەگەر گۆڕان لە شێوازی فێربووندا بکەن، چونکە هەندێك میللەت پێیخۆشە (شێوەی ئاسایی) لە هەموو ئەرکەکاندا لەبری (شێوەی باڵا) بەکاربهێنرێت، بەڵام ئەمە بەدەگمەن ڕوودەدات، مەگەر ئەوانەی هەرگیز بە (شێوەی باڵا) لەگەڵ منداڵەکانیاندا ئاخاوتن نەکەن، ئەگەر ئەمەیان نەکردو هەوڵیاندا بۆ ئەوەی (شێوەی باڵا) بەکارنەهێنن، ئەنجامی خراپی بۆ سەر (منداڵان) لێدەکەوێتەوە، دووچاری گرفتی دەروونی دەبن، ئەم بڕیارەیش پێویستیی بەشیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە)[٤٢].

وەك لەسەرەوە خرایەڕوو(سی.ئەی.فێرگسۆن) بەشێوەیەکی گشتی زانستییانە قسەی لەسەر ئەم پرۆسەیە کردووە، وێڕای ئەوەی بابەتی زانستی ورژاندووەو شیکردووەتەوە، بەڵام مەرج نییە ئەو شێوازو ئەو ڕوونکردنەوەیەی ئەو خستویەتییەڕوو، بۆ هەموو زمانێك بگونجێت، چونکە فۆڕمی وشەی هەر زمانێك جیاوازە لە زمانێکی تر. بۆیە بە باشی دەزانرێت، زمان وەرگرتن لەنێو کورددا تا ڕادەیەك ڕوونکردنەوەی بۆ بکرێت و شیکردنەوەی نیشانە زمانییەکانی لە ئاستەکانی زماندا بخرێتەڕوو، بۆ ئەوەی باشتر ڕوونبێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەیش لە چەند پلەیەکی ژیانی منداڵدا نمونە وەردەگرین و شیدەکەینەوە.

**١٢. منداڵ: تەمەنی دووساڵ و شەش مانگ.**

**١٢:ا/** ئەتشم ⟵ دەترسم، نۆشت ⟵ ڕۆشت، لەش ⟵ ڕەش.

لە نمونەی (١٢:ا)دا، دوو دەربڕاوی منداڵمان وەرگرتووە، لە دەربڕاوی (ئەتشم)دا لەبری (دەترسم)ە دەریبڕیووە، وەك دەبینین/ ر/ دەرنەبڕیوە، دەنگی /س/ کردووە بە /ش/ لە ڕووی فۆڕمیشەوە تێکیشکاندوە، یان {ڕۆشت} بە {نۆشت} دەربڕیوە. لێرەدا /ڕ/ بە /ن/ گۆڕاوە.

---

[٤١]- Ferguson, Charles, A:(١٩٥٩:٢٣٩)

[٤٢] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:سەرچاوەی پێشوو

له ئەم شیکردنەوەدا ئەوەدەبینرێت، منداڵ گۆڕان له دەنگەکان/ فۆنێمەکانی زماندا کردووە، بۆیە له کاتی ئاخاوتنیدا بە چ شێوەیەك (دەربڕاوەکە) ئاسان بێت بۆ ئاخاوتن دەریدەبڕیت، بەڵام زیاتر گرنگیی بەیەکەم دەنگ دەدات کەوەك خۆی بیڵێتەوە، بۆ ئەوەی له وشە بنەڕەتییەکەیەوە نزیکبێت، بەڵام دەنگەکانی تر زۆر بەلایەوە، گرنگ نییە، لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو منداڵێك بە ئەم شێوەیە وشەکان(وەك ئەو گۆڕانە دەنگییانەی سەرەوە)، وەك یەك دووبارەناکەنەوە، بۆ نمونە ئەگەر چەند جارێك وشەیەك بەمنداڵێك دووبارەبکەیتەوە، ئەگەری زۆرە شێوەی دەربڕینی وشەکە بگۆڕێت، یان پێدەچێت لەسەر ئەو شێوەی یەکەم جاری بەردەوام بێت و نەیگۆڕێت. گۆڕینی هەندێك له دەنگەکانی زمانی کوردی نمونەکانی (١٢:ا) له خشتەی ژمارە(٥) دەیخەینەڕوو.

| ((خشتەی ژمارە (٥) جیاوازیی دەربڕین)) | | |
|---|---|---|
| ژمارە | شێوەی دەربڕینی منداڵانە | شێوەی باڵا |
| ١. | ئەتشم | دەترسم /د، س/ ←// ئـ، ش/ دەنگی/ر/ کرتاوە. |
| ٢. | نۆشتم | ڕۆشتم /ڕ/ ←/ن/ |
| ٣. | ڵەش | ڕەش /ڕ/ ←/ڵ/ |
| **دەنگی /د، س، ڕ/ ← / ئ، ش، ن، ڵ / گۆڕاوە** | | |

**١٢:ب/.** منداڵ کاتێك شتێك بە بەرچاوییەوە بشکێت، له بری ئەوەی بڵێت:{شکاندی} {سکانی} دەڵێت. لێرەدا دەنگی /ش/ ← /س/ پێچەوانەی نمونەی (١٢: ا)، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەنگی /ش/ له سەرەتادایە، ئەم بارودۆخەی گۆڕانی دەنگ ئاڵۆزی زمان وەرگرتن دەردەخات، چونکە له پرۆسەی زمان وەرگرتندا هەر زمانێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە و گۆڕانی دەنگی تایبەت بەخۆی هەیە.

**١٣.** منداڵ تەمەنی له نێوان دووساڵی و سێ ساڵیدا بێت، کاتێك پرسیار له ئەندامانی لاشە (جەستە)ی خۆی له منداڵەکە دەکەیت، بە ئەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە بۆ نمونە:

**١٣:ا/** ئەگەر ئاماژە بۆ چاوی منداڵەکە بکەیت و پێبڵێت ئەمە چییە؟

منداڵ دەڵێـت: {چاوم} (لێرەدا له ڕووی ڕێزمانییەوە، جێناوی (م) پێوەدەلکێنێت لەبری ئەوەی بڵێت {چاوە}، ئەم ڕاناوی (م) ە، له دەربڕاوی {چاوم} پێویست نییە.

**١٣:ب/** کاتێك ئاماژە بۆ گوێچکەی دەکەیت و دەڵێت ئەمە چی پێدەڵێت، یان ئەوە چییە؟

منداڵ دەڵێت: {گوێچکە}، کاتێك دووجاری تر ئەو پرسیارەی (١٣:ب)–مان لێکردەوەتەوە، گوتی: {گوێچو، گەم}. لێرەدا ئەوە دەبینرێت لەکاتی دوبارەکردنەوەو وەڵامدانەوەدا تەنیا دەنگی /گ/ بەڕاستی دەربڕیووە، گوێ بە دەنگەکانی تر نەداوە، هەر له ئەم قوناغەدایە منداڵ پرسیاری زۆر شتی دەوربەر دەکات و وردەوردە وشە فێردەبێت. ئەمەیش ئاڵۆزی شێوازی فێربوونی زمانی منداڵ

دەردەخات، کە ئەم شێوازە زۆر لە شێوەی باڵای زمانی کوردی جیاوازە. وێڕای ئەمانەیش منداڵ زۆرجار لە تەمەنی (١–٣)ساڵیدا وشەکان بە پێچەوانەوە دەڵێت لە بری بڵێت:{ئەخۆم}، {ناخۆم} دەڵێت.

**١٤. تەمەنی منداڵ (٣–٤) ساڵی بێت.**

کاتێك منداڵەکە پوری لە بازاڕ گەڕایەوە، ڕۆشتە بەردەمی و سەری بەرزکردەوە، گوتی:

**١٤:ا/** چیم بۆ کڕیوی لە بازال {بازاڕ}. دەنگی /ڕ/ ← /ل/ گۆڕیووە.

**١٤:ب/** لەبری ئەوەی بڵێت، پوریێ لە بازار چیت بۆمن کڕیووە.

**١٤:پ/** لە ئەم تەمەنەدا منداڵ لە شوێنی خۆیدا ناتوانێت ڕادە وەك کەسێکی گەورە بەکاربهێنێت بۆنمونە:

١.کاتێك بە ئەسپێك یان شتێك بڵێت: قەبارەی زۆر گەورەیە.

**١:ا/** منداڵ دەڵێت: ئەسپەکە ئەمەنە ئەمەنە ئەمەنە گەولە (گەورە) بوو.{/ر/←/ل/}.

ئەگەر ڕستەی (١٤:ا– پ) تەماشابکەین، دەبینین لە ڕووی ڕێکخستن و شێوازی دەربڕینەوە جیاوازە، سەرەڕای ئەوەیش گۆڕانی دەنگێك بە دەنگێکی تر زۆر بەدیدەکرێت، لە نمونەکانی (١٣،١٤) دەنگی /ڕ/ وەك /ن/، ڵ، ل/ و /ر/ وەك /ل/ دەربڕیووە. ئاسان نییە، هەموو گۆڕانکاری و وردەکاریەکانی نیشانە زمانییەکانی فێربوونی منداڵ دیارییبکرێت، چونکە بەپێی ژینگەو دەوروبەر لە نیشانە زمانییەکان بەپێی ئاستەکانی زمان، لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر گۆڕانکاری دەکرێت.

**١٥. منداڵ کاتێك لەباخچەی ساوایاندا بێت.**

منداڵ لە باخچەی ساوایاندا پێش ئەوەی بۆ خوێندنگە بچێت هەندێك دەربڕاو و شیعر فێردەکرێت، وەك ئەم نموونانەی لای خوارەوە:

**١٥:ا/** {دادە، ژووری پرتەقاڵ، ئاو بەفیڕۆنەدان، پاك و خاوێنی، ئامۆژگاری تایبەت بە ئۆتۆمبیل و..هتد}.

**١٥:ب/** {بژی کوردستان}.

**١٥:پ/** {بەیانیت باش}..

**١٥:ت/** ئەم کاتەت باش، بەیارمەتیت.

**١٥:ج/** چەند شیعرێکی منداڵانیش سەبارەت: بە خوێندن، ژینگەی لە بەرکردووە

ئەم دەربڕاوانەی نمونەی (١٥: ا–ج)، لە ناوەندی باخچەی ساوایان و خوێندندا منداڵان بەکاریدەهێنن، بەڵام لەماڵەوە یان لەکۆڵان بە دەگمەن بەکاریدەهێنن، بەئەمەیش شێوەی زمانی منداڵ بەپێی ژینگەو شوێنی ئاخاوتنەکە گۆڕانی تێدادەکرێت. ئەگەر لە ڕووی گەنجی وشەوە تەمشایی منداڵ بکەین، لە ئەو کاتەوە لە خوێندنگە وەردەگیرێت، ئەو وشانەی لە مێشکیدا هەیە زۆر نییە، بەڵام وردەوردە زیاتر دەبێت، بۆنمونە((لە یەکی سەرەتای بە (٢٠٠٠) بۆ (٢٤٠٠) وشە خەملێنراوە،

کەدەکاتە لە سەدا شەشی وشەکانی فەرهەنگی ئاسایی، خوێندکار لە پۆلی شەش نزیکەی (٥٠٠٠٠) وشە دەزانێت و کاتێکیش دەچێتە قوتابخانەی ناوەندی نزیکەی (٨٠٠٠٠) وشە یا لەسەدا (٢٤)ی وشەکانی فەرهەنگ))[٤٣]دەزانێت. ئەمەیش جیاوازیی هەردوو شێوەکەی زمان لە ڕووی ژمارەی وشەوە زیاتر ڕوونکردووەتەوە.

بەپێی ئەو شیکردنەوە سەرەوە کە زانستیانە ئەوە خرایەڕوو گۆڕانێکی زۆر لە ئاستی دەنگدا ڕوویداوە. ئەو گۆڕانە دەنگییانەیش لە (شێوەی باڵا) بەدەگمەن ڕوودەدات چونکە ئەندامەکانی ئاخاوتن گەشەیان کردووە و پێگەشتوون، بۆ نمونە /ڕ/ جارێك بۆ /ڵ/ جارێك بۆ /ن/ گۆڕاوە. ئەم شێوەی فێربوونی زمانی منداڵانە بە (شێوەی ئاسایی– نزم) ئاخاوتنی زمانی کوردی ناوەزەدبکرێت. منداڵ سەرەتا (شێوەی ئاسایی – نزم) فێردەبێت، چونکە گۆڕانکارییەکانی شێوەی ئاخاوتنی منداڵان لە ئاستی دەنگسازی و وشەسازیدا زۆرە و تا ڕادەیەکی باشیش جیاوازە، هەر بە ئەو شێوەیەیش لە گەڵ دەوروبەریدا گفتوگۆدەکات، دواتریش دوای پەروەردەکردن و ئەزمونی تەمەنکردن لە نێو ژیانداو لە ناوەندە پەروەردەییەکانی خوێندن و بەرەو پێشچوونی ڕادەی ڕۆشنبیری بەرەو کامڵبوون دەڕوات، لە ئەم ناوەندانەیشدا (شێوەی باڵا)ی زمانەکەی فێردەبێت.

## ١/٢–٢–٥) بەستانداردکردن

لە بەشی یەکەمدا لە ڕوانگەی زانستییەوە زمانی ستاندارد شیکردنەوەی بۆ کرا[٤٤]، لە ئەم بارەیەوە (سی.ئەی.فێرگسۆن) سەبارەت بە ئەم بنەمایە بە ئەم شێوەیە ڕوونکردنەوە دەدات، ((لە هەموو زمانە ئاماژەپێکراوەکاندا (عەرەبی، فەرەنسی، ئەڵمانی، یۆنانی) نەریتێکی (شێوازێکی کۆن/چاولێکەری) باوی لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی (شێوەی باڵا)لە زماندا هەیە، کە هەموو (فەرهەنگەکان و یاساڕێزمانییەکان، ڕێزمان، شێوەی دەربڕین، شێوازو...هتد) لە ئەو نەریتی لێکۆڵینەوەدا هەن. نمونەیەکی دروستکراوی(دانانی یاسای زمان بۆ ڕێکخستن) شێوازی دەربڕین و ڕێزمان و وشەی تێدایە، کە تەنیا لەچەند سنورێکی دیاریکراودا ڕێگە بە فرەجۆری دەدات. ڕێنوس زۆر بەباشی ڕێکخراوەو فرەجۆری کەمی تێدادەبینرێت. بەپێچەوانەشەوە لێکۆڵینەوەو نمونەی ڕوونی (شێوەی ئاسایی) لە ژمارەدا کەمە، یان تاڕادەیەك تازەیە، یان بوونیان نییە. هەندێك کات بۆ یەکەم جاریان بووە، لە لایەن لێکۆڵەرەوانی دەرەوەی کۆمەڵی خۆیان و بەزمانی بیانی لێکۆڵینەوە لەسەر (شێوەی ئاسایی) کراوە/

[٤٣] – تابان محەمەد سەعید حەسەن (٢٠٠٨: ٣٣) لە عبدالستار طاهیر شریف (١٩٨٧: ٨) وەریگرتووە.

[٤٤]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر زمانی ستانداردی زمانی کوردیی بڕوانە: بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەییە لاپەڕە(٣١–٤٣).

نوسراوە، وێڕای ئەوە شێوە ڕێنووسێکی چەسپاویان نییە، فرەجۆرییەکی زۆر لە شێوازی دەربڕین و ڕێزمان و وشەسازیاندا هەیە)) [٤٥].

لە ئەم پەرەگرافەدا (سی.ئەی.فێرگسۆن) زمانی ستانداردی بە(شێوەی باڵا) داناوە، شێوەی زمان(دیالێکت)ی خەڵکیشی بەگشتی بە(شێوەی ئاسایی)داناوە بەڵام بۆ زمانی کوردی ئەم بروڕایە گونجاو نییە، لەبەرئەوە لە زمانی کوردیدا پەنا بۆ فرەدیالێکتی و دەوربەری زمانیی دەبەستین و شیکردنەوەکان لە دیالێکتی ناوەڕاستدا–ئەکسێنتەکانی دەخرێنەڕوو. لە هەموو زمانە ئاماژەپێکراوەکاندا نەریتێکی باوی لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی (شێوەی باڵا) لەنێو زمانەکاندا هەیە، (ڕێزمان، فەرهەنگ، شێوازی دەربڕین)ی تێداڕێکخراوەو تاڕادەیەکی باش جێگیرە. لێرەدا زمانە ستانداردەکان لە ڕێکخستنی پێوانەیدا هاوبەشن، تەنیا لە چەند سنوورێکی دیاریکراوو کەمدا ڕێگە بە فرەجۆری زمانی دەدەن، سەرەڕای ئەمەیش لە زمانی ستانداردا ڕێنوس ڕێکخراوەو زۆربەی ڕێکەوتنەکان یەکلایکراونەتەوە، بەشێوەیەك ڕێگە بە فرەجۆری لە (نوسین و خستنەپاڵ یەکی وشە و فرێزەکان، یان دەربڕینەکان)دا نادرێت. ئەم بارودۆخەی زمانی ستاندارد پێچەوانەی(شێوەی ئاسایی)ە، کە ئەمەیش دەبێتەهۆی ئەوەی لێکۆڵینەوە لە (شێوەی ئاسایی) کەم بێت، یان بوونی نەبێت، چونکە شێوازی ڕێنوسی چەسپاوی نییەو فرەجۆری لەنێو شێوەی ئاسایدا زیاترە.

(شێوەی ئاسایی) لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکان کە ناوەندێکی بچوك و پێوەندییەکی کەم و سنورداریان هەیە بەکاردەهێنرێت، چونکە ڕێنوسی تایبەت بەخۆیان نییەو ناتوانن پەیام، یان زانیاری بگوازنەوە بۆ میللەتێکی تر[٤٦]. ئەوەی زانراوە تائێرە ئەوەیە، هەرگیز ناتوانرێت داتای زمانی هەموو مرۆڤەکانی سەر بەیەك زمان وەربگیرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا زمانی ستاندارد بە (شێوەی باڵا)دادەنرێت، لەکاتێکدا (شێوەی ئاسایی) زمانێك شتێکی پێشبینیکراو نییە، بۆ ئەوەی بەزمانی ستاندارد هەڵبژێردرێت.

لە نێو کورددا ئەوە دەبینرێت کاتێك خەڵکی گوندو شارۆچکەو شار بۆ پارێزگای سلێمانی کۆچ/گەشتدەکەن، بە تایبەت کاتێك ناچارن تێیدا بمێننەوە، بە ئەکسێنتی سلێمانی هەوڵدەدەن قسەبکەن، لە ئەم کاتەدا کاریگەری (شێوەی باڵا) بەسەر شێوەی ئاساییدا دەبینرێت، بەڵام هەموو کات

[٤٥] – Ferguson, Charles, A(١٩٩٦:٣٠-٣١)

[٤٦] –بۆ نمونە لە کۆمەڵە ئاخاوتییەکانی زمانی عەرەبیدا، هیچ ستانداردێکی (شێوەی ئاسایی) نییە کە هەمان پەیامی(زانیاری یان ڕۆشنبیری یان زانستی) وەك زمانی عەرەبی"فوسحە"کە بە کۆمەڵگاییەکی وەك ئەسینایی خوێندەوار بگەیەنێت، بەڵام لە شوێنی جۆراوجۆردا ستانداردی هەرێمایەتی هەیە، بۆ نمونە عەرەبی قاهیرە وەك ستانداردێکی "شێوەی ئاسایی" لە میسردا ئەرك دەبینێت و تاکە خوێندەوارەکان لە بەشی سەرووی میسر نابێ تەنها فێری "فوسحە" ببن، بەڵکوپێویستە بۆ مەبەستی گفتوگۆی فێری نزیکەیەك لە (شێوەی ئاسایی) قاهیرە ببن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Ferguson, Charles, A(١٩٩٦ :٣١)

مەرج نییە وابێت، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە، پێویستە هەندێك نمونە بهێنینەوە، بۆئەم مەبەستەیش پەندی کوردی و نمونەی ئاخاوتنی ڕۆژانە وەردەگرین. پەندەکان بەرهەمی پێشینانمانەو پەندی پێشینانیش زۆربەیان بە بەرهەمی نێو گوندەکانی کوردستان دادەنرێن، کاتێك خوێندکارێك لە گوندو شارۆچکەوە دێتە نێو شار، ئەگەر مایەوە ئەو دەنگ و وشانەی لەنێو ئاخاوتنیدا هەیە جیاوازە، هەوڵدەدات ڕێکیان بخات، بۆ نمونە: تەماشای گ. (١٦) بکەین.

**١٦.گ. کەسێکی گوندی مامەڵە لەنێو بازاڕدا دەکات:**

**ا.** کاکەگیان ئەمە بای (وە) چەنە؟

**ب.** ئەوەی بە دەستەوەیە نرخی (٥٠) هەزارە.

**ا.** ئەی وەکەمتر ناویٚ؟

**ب.** لە بەر خاتری تۆ (٥) هەزار کەمتر بێت.

**ا.** ...

ئەگەر سەیری ڕستەکانی (١٦: ا) بکەین، شێوازی ئاخاوتنی گوندی بە دەربڕاوەکانەوە دیارە، ئەگەر ئاخێوەرەکە (کە لەدەرەوەی شار هاتووە) پیشەی خوێندکار بوو وەك (١٦:ا) خرایەڕوو. پاشان ئاگاداری ئەم شێوازە قسەکردنەی نێو شاربوو، وردە وردە {بە} لە بری {وە}، {نرخی چەندە} لە بری {بای چەنە}، {ئەڵێی} لەبری {ئێژی} بەکاردەهێنێت. جیاوازییەك لە نێوان هەردوو دەربڕاوەکەدا هەیە و دەبینرێت، لە ئاستی وشەیشدا کاتێك لە گونددا دایك منداڵەکەی خۆی بانگ دەکات، منداڵەکە بە {ئا} وەڵامدەداتەوە، لە کاتێکدا لە ئەکسێنتی سلێمانیدا زۆربەی کات بە{بەڵیٚ} وەڵامدەداتەوە، یان کەسێکی گوندنشین بیەوێت شتێك بڵێت {ئێژم} لە بری {ئەڵێم/دەڵێم} گۆڕدەکات/ بەکاردەهێنێت.

ئەگەر چی ئێستا خوێندەواری گەیشتووەتە نێو گوندەکان و نەوەی نوێی ئەو گوندانە، (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردی لە ڕێگەی خوێندنەوە فێردەبن، ئەوەیش دەبینرێت، کە کەسێك لە گوندەوە دێتە ناو شار شێوەی ئاخاوتنی زۆر کەم گۆڕانی تێدادەکات، ئەم بیرایەیش لە زانستدا سەلماندنی دەوێت بۆیە نمونە بۆ دەهێنینەوە.

**١٧. ئەگەر تەماشای ئەم پەندانە بکەین.**

(( ئاخوڕ خوارگا هار– ئاخوڕی لێگۆڕاوە– کەر هەر کەرە، ئەگەر بیوەتە–بەغایش–ئاخوڕی چەورە، ئەڵیی جاشی ماکەرێکن–لە دز وایە هەموو کەس دزە– ئاخوڕی بەرزە))[٤٧]

[٤٧]- شێخ محمەدی خاڵ (٢٠٠٧:١٣،٣٥١،١١١،٣٨)

دەربڕاوی {ئاخوڕخوار، گا، بیوەیتە، ئاخوڕپەرز} هەمووی لە (شێوەی ئاسایی) گوندەکانە دەبینرێت، لە کاتی ئاخاوتنی ڕۆژانەیشدا هەریەکەیان بۆ مەبەستێکی جیاواز بەکاردەهێنرێن، وەك دەبینین کرداری {بیوەیتە} (شێوەی ئاسایی) قسەکردنەکە دەردەخات، چونکە لە ئەکسێنتی سلێمانیدا کە وەك (شێوەی باڵا) دامانناوە، بە {بیبەیتە}دەردەبڕێت، لەنێو گوندەکاندا دەنگی /ب/ وەك دەنگی /و/ دەردەبڕن، ئەمەیش تایبەتمەندی بەشێك لە ئاخاوتنی گوندیان دەردەخات، بە تایبەت پارێزگای هەڵەبجەو دەوروبەری ئەم شێوازە لەنێو هەندێك لە گوندەکاندا ئێستایش لە ئارادایە. ئەم پەندانە زۆرکات بۆ پلارو توانج و شکاندن لە ئاخاوتنی (شێوەی ئاسایی)دا بەرانبەر یەکتری لە گفتوگۆدا دەبینرێن، لەنێو پەندەکاندا لە ڕووی ڕێزمانییەوە بەشێوەیەکە، کە بۆ (تاك و کۆ) دەتوانرێت بەکاربهێنرێن، لە ڕووی ڕیزبوونیشەوە پەندەکان وەك ستانداردی کوردی{(ئەو) +ئاخۆڕی+ چەورە} ڕێکخراوە، ڕیزبوونی (شێوەی ئاسایی) وەك {ئەگەر بیوەیتە بەغایش هەر کەرە} دەبینرێت.

**١٨. پەندی کوردی لە (شێوەی باڵا)دا.**

(( دڵ ئاگای لە دڵە–دڵ ئاوێنەی دڵە–دڵۆپە، ئاسنیش کون ئەکا))[٤٨] ئەم پەندانەی پێشینیان خاوەنی واتای جوانبەخشن، زیاتر لە (شێوەی باڵا)دا بۆ ئامۆژگاری و بەهێزکردن و ڕازاندنەوەی ئاخاوتن بەکاردەهێنرێن، ئەگەریشی هەیە لە (شێوەی ئاسایی) نێو بازاریشدا بەکاربهێنرێن.

وەك لە پەندەکانی پێشینانی کوردیدا ئاماژەی پێدرا، لە هەردوو شێوەکەی تێدایە، هەریەکەیان لە شوێنکاتی خۆیدا دەبینرێن. ئەم پەندانە لە بواری زانستیشدا ئامۆژگاریی خوێندکارانیان پێدەکرێن، ئەوەی گرنگە لە کاتی بەکارهێنانی ئەم دوو شێوەدا (ئاسایی و باڵا) هەر شێوەیەك لە شوێنی خۆیدا بخرێتەکار، ئەوکات هەڵە تێگەیشتن، یان پلارو توانجگرتن لە یەکتری کەمتر دەبێتەوە.

## ٢/١–٢–٦) جێگیریی

(سی.ئەی.فێرگسۆن) زاراوەی (stability)[٤٩] بۆ داناوە و لە ئەم بارەیەوە دەڵێت: ((دوودیوویی زمانیی وا دەزانرێت، کە زۆر ناجێگیر بێت و بیەوێت بۆ بارودۆخێکی جێگیرتر بگۆڕدرێت، بەڵام بە ئەم

---

٤٨– سەرچاوەی پێشوو (٢٠٠٧:٢٠٤)

٤٩– لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردا ئەم وشەیە لە پۆلەڕەگەزی ناودا دانراوە، بە واتای جێگری ژیان لە بووندا هاتووە، لە بواری ڕامیاریشدا واتای جێگری بارودۆخ دەگەیەنێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
http://www.oxforddictionaries.com/definition/american_english/stability

شێوەیە نییە، بەڵکو دوودیویی زمانیی زۆربەی کات بەردەوامەو درێژەدەکێشت بۆ چەند وڵاتێك، بەلگەیش بۆ ئەمە ئەوەیە، لە هەندێك بارودۆخدا لە هەزار ساڵ زیاتر درێژەدەکێشێت))[٥٠].

لە بارودۆخەکانی" دوودیویی زمانیی"دا شانکێ و ئالۆزی پەیوەندیی شێوەی زمانی (ئاسایی و باڵا) دەردەکەوێت، دەتوانرێت چارەسەر بکرێت، لە ڕێگەی ئەوەی شێوازی نارێك و ناجێگیری ناوەندی(وەسەت)ی زمان بێتەئاراوە، سەرەڕای ئەوە ئەوەیش دەبینرێت، زاراوەو وشە لە شێوەی باڵاوە بۆ شێوەی ئاسایی دەخوازرێت، ئەم بارودۆخەیش جێگەی ڕامان و وردبوونەوەیە[٥١].

زمانی کوردی لە ڕووی "جێگریی"یەوە ناتوانرێت، وەك زمانی تر قسەی لێبکرێت، چونکە لەناوەندی فەرمی یان بواری کارگێڕیدا( لە ساڵی بیستەکاندا بەزمانی عەرەبی بووە)کەم خزمەتکراوە، بەڵام ئەگەر چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم تەماشابکەین، (شێوەی باڵا) زمانی کوردی دەردەکەوێت، کە نوسینی پێنوسراوە. ئەم شێوەی باڵای زمانی کوردییە، دەتوانرێت وەك قوناغێکی ناوەندی لە نێوان زمانی کوردی و زمانی بیانی تر (وەك عەرەبی) تەماشابکرێت، ئەگەر چی بەیاسای ڕێزمانی کوردی زۆرێك لە ڕستەکان ڕێکخراوە، بەڵام دەربڕاوی عەرەبی زۆر تێدا دەبینین، لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە ئەمە بابەتێکی ئاساییە زمانێك وشە و دەربڕاو لە زمانێکی ترەوە وەربگرێت.

دوای ئەم قۆناغەو تا ئێستایش (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردی لەگەشەدایە، بۆ نمونە وشەی ئاخاوتنی ڕۆژانە، وەك زاراوەی بواری کارگێڕی هەڵبژێردراوە، وەك {دولار: گەڵا}، گەڵای درەخت لە دوو ڕووەوە لە دولار دەچێت، کە برتییە لە: (ڕەنگی سەوز و زۆری ژمارە)، ئەمەیش یەکێکە لەهۆکارە گرنگەکان بۆ ئەوەی وشە (شێوەی ئاسایی) وەك زاراوە بۆ (شێوەی باڵا) بخوازرێت و لە هەردوو شێوەکەشدا وشەیەکی چالاکە. بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخی "جێگریی"یە لە زمانی کوردیدا ڕوونبکەینەوە، بەراوردێك لە هەردوو شێوەی (باڵا)ی زمانی کوردیدا دەکەین مەبەستمان ناوەندی فەرمییە، بزانین زمانی کوردی و شێوەی زمانی کوردی گۆڕاوەو چەند گەشەی کردووە، دەقێکی نوسراو وەردەگرین، ئەم نووسینە لە ساڵی (١٩٢٨) لە بەغداد بە ڕێنوسی عەرەبی چاپکراوە، لە ئەو

---

[٥٠] – Ferguson, Charles, A(١٩٩٦ :٣١)

[٥١] – بۆ نمونە لە یۆنانیدا (mikti) و لە عەرەبیدا (اللغة الوسطى) و لە هایتیدا (کریۆڵی)، کە وشەکارییە دووبارە هێنراوەکانی ناوشێوەی زمانی ئاسایی و باڵان ،لە زمانی عەرەبیدا جۆرێکی عەرەبی قسەپێکراو کە لەبارودۆخی نیوە فەرمی، یان فرەدیالێکتیدا زۆر ئاخاوتنی پێدەکرێت، کە وشەکاری کلاسیك (فوسحە)ی زۆری تێداهەیە، بە بێ ئەوەی هیچ پاشگرێکی کاریگەرو لەگەڵ تایبەتمەندی دیاریکراوی ڕستەسازی کلاسیکی، یان وشەسازی فوسحەدا هەبێت، لەگەڵ ئەوەیشدا وەك بناغەیەکی بنچینەیی(لە مۆرفۆلۆجی و ڕستەسازی) زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی ناو خەڵکدا، بە تێکەڵەیەکی گونجاوی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە دادەنرێت و کارپێدەکرێت و هەیە، مەبەستی ئەوەیە شێوەی ناوەندی "وەسەتی" زمانی عەرەبی هاوبەشێکی کەمی هەیە لەگەڵ زمانی عەرەبی فوسحەدا، بەڵام وەك ئاخاوتنی ڕۆژانە بەکاردەهێنرێت، هەروەها لە زمانی یۆنانیدا جۆرێکی زمانی تێکەڵکراو بۆ بەشێکی گەورەی بڵاوکراوەکان لەئارادایەو بەشتێکی گونجاوو ئاسایی تەماشادەکرێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Ferguson, Charles, A (١٩٩٦ :٣١)

سەردەمەدا بە پیتی عەرەبی نووسین چاپکراوەو ڕێنوسی کوردی وەك ئێستا ڕێکنەخراوە، بۆیە ئەم دەنگانە لە ئەو سەردەمەدا بە زۆری لە نووسینی کوردیدا /ط، ظ، ص، ث، ذ/ دیارە، بەڵام ئێستا ئەو دەنگانە لە نووسیندا کراوە بە / ت، ز، س/، ئەو دەنگانە لای کورد هەمویان فۆنێم نین، بەڵکو وەك "ئەلۆفۆن" تەماشادەکرێن، بۆیە/ ص، ث/ بە /س/ دەنووسرێت، ئەگەرچی بە /ص/ بخوێنرێتەوە، ئەمەیش بابەتێکی ئاساییە، لە زمانەکانی تریش ئەم بارودۆخە(واتە: جیاوازیی نووسین و خوێندنەوە) هەیە، بۆئەوەی بارودۆخە زمانییەکە زیاتر ڕوونبکەینەوە، نمونە دەهێنیینەوە، لە وشەی (تلّپ) دەنگی /ت/ بە /ط/ گۆدەکرێت، بەڵام ئێستا بە/ت/ دەنووسرێت، هۆکاری ئەمەیش کاریگەریی دەنگی /ڵ/ بەسەر دەنگی /ت/ەوە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە نمونەیەك دەهێنینەوە. ((..بە موناسەبەتی فەسخی مەجلیسی ئومەت و تەواوبوونی وضیفةی نیابەتمان وام بەمناسیب زانی کە بەناوی خۆم و ڕەفیقەکانمەوە حیساب و کیتابێکی خۆمان لەگەڵ مووەکیلە موحتەرەکانمانا بکەم، وە لە ئیش و کاری ئەم دوو ساڵ و نیوە کەئێمە وەکیلیان بوین بەدەرجەیەك حاڵیان بکەم. لە لام وایە کە ئەم ئوصوڵە زۆر باشە لازمە دائیما تەتبیق و تەعقیب بکرێ، چونکی بەسایەی ئەمەوە مومکینە کە مووەکلیلەکان بزانن کە نائیبەکانیان وضیفە ی وەکالەتیان بەقەدەر ئیمکان بەجێ هێناوە یانا نا. هەموو دەزانین وضیفةی نائیب دوو نەوعە: ١.عومومی ٢.خصوصی..))[٥٢].

ئەو نووسینەی سەرەوە هەر بە خوێندنەوە دەزانرێت، کە هی ئەم سەردەمە نییە ونە بە ئەو شێوەیە قسەدەکرێت و نە بەئەو شێوەیش دەنوسرێت، بەرانبەر ئەو وشانەی لە پەرەگرافەکەدا نوسراون، ئێستا لە (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردیدا وشەی کوردی بۆ دانراوە، بۆ نمونە هەندێك دەربڕاو لە ئەو دەقەی ساڵی بیستەکاندا وەردەگرینو بەراوردیدەکەین، بۆ ئەوەی بزانرێت لە ئەو کاتەوە تا ئێستا شێوازی زمانی کوردی چەند گۆڕاوە، بەڵام گۆڕانی زمانی کوردی بەرەو پاکبوونەوە ڕۆشتووەو جێگیری زیاتری پێوەدیارەو گۆڕانێکی باش و بەبایەخە، بە تایبەت لە(شێوەی باڵا)دا، لە ڕوانگەی ڕێنوس و زاراوەو وشەی کوردییەوە، زیاتر تایبەتی زمانی کوردی هەڵگرتووە.

---

٥٢– محمەد ئەمین زەگی بەگ، ئامادەکردنی سدیق صالح (٢٠٠٥: ١٢–١٣)

| ((خشتەی ژمارە (٥) بەراوردی دەربڕاو لە دوو سەردەمی جیاوازدا)) | | |
|---|---|---|
| ژمارە | زمانی کوردی ساڵی ١٩٢٨ | زمانی کوردی ساڵی ٢٠١٥ |
| ١. | مناسەبە | بۆنە |
| ٢. | فسخ | هەڵوەشاندنەوە |
| ٣. | مەجلیسی ئومەت | دانیشتنی کاربەدەسەتان، ئەنجومەنی گەل |
| ٤. | وەزیفە | پیشە |
| ٥. | عوموومی | گشتی |
| ٦. | خصوصی | تایبەت |
| ٧. | موناسب | شیاو |
| ٨. | بەقەدەر | هێندە |
| ٩. | حساب و کیتاب | لێپرسینەوە |

وەك لە نمونەکاندا ڕوونکرایەوە، تا ڕادەیەك جیاوازیی هەیە، بەڵام هەندێك لە ئەو دەربڕاوانە لە ئەمڕۆیشدا لە (شێوەی ئاسایی)دا زیاتر دەبینرێن، وەك لە (شێوەی باڵا)، بۆ نمونە {وەزیفە، مناسەبە، خصوصی، عوموومی}، بۆیە ئێستا لە بواری ڕێنووس و ڕێزماندا هەست بە جێگیریی زیاتر دەکەین، ئەمەیش جێگری زمانی کوردی دەردەخات، کە دەستی لە تایبەتمەندیی زمانەکەی خۆی بەر نەداوە بەپێی گۆڕانی بارودۆخ، زمانەکەیشی لەگەڵ قۆناغی کۆمەڵدا گەشەی بەرچاوی کردووە.

## ٢/١-٢-٧) ڕێزمان

ڕێزمانی هەر زمانێك وەك ناسنامەی زمانەکە دەناسرێت و تایبەتمەندیی زمان تێدا دەردەکەوێت، لە ئاستی ڕێزماندا(وشەسازی و ڕستەسازی دوو بەشی گرنگ و هاوسەنگی ڕێزمانن، ڕێزمانیش وەك زانست لە دوو بەشی هاوبایەخ کە بریتییە: لە وشەسازی و ڕستەسازی پێکدێت)[٥٣]. ڕێزمان ڕێکخستنی دەربڕاوەکان لە ئاستەکانی زماندا پیشاندەدات. هەر زمانێك بۆ خۆی تایبەتمەندیی

[٥٣] لە زمانەوانیدا کاتێك دەڵێین، ((ڕێزمان (grammar) وەك ماددەیەکی زانست یەکێکە لە بەشە پێکهێنەرەکانی زمانناسی و بریتییە لە کۆمەڵێك یاساو دەستوور لەبارەی گۆڕینی وشەو چوونە پاڵ یەکدی وشە لە ڕستەدا. زاراوەی (grammar) لە زمانی یۆنانییەوە هاتووە وەرگیراوەو وەك ئاشکرایە بناغەی ڕێزمانی زانستی لە یۆنانی کۆندا دامەزراوە. بە زمانی یۆنانی بە ڕێزمان دەڵێن (grammatika) کەواتای ((هونەری نوسین)) دەگەیەنێ.)). ئەگەرچی (سی.ئەی.فێرگسۆن) وشەسازیی و ڕستەسازیی کەدوو بنەمای گرنگی تیۆرییەکەن بە جیا باسیکردووە. واتە بە (٩) بنەما باسیکردووە، بەڵام بۆ زمانی کوردی لە ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەگونجاو زانراوە، لە ژێر ناونیشانی ڕێزماندا باسبکرێت. واتە بە (٨)بنەما تیۆری دوودیویی زمانیی شیکردنەوەی بۆ کراوە. واتە ڕیزمان کراوە بە دووبەشەوە (داڕشتەی ڕستەسازیی و داڕشتەی وشەسازیی) بۆ زانیاری زیاتر بڕاوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩:٣-٤).

ڕێزمانیی خۆی هەیە، لە گەڵ زمانەکانی تریشدا هاوبەشی تا ڕادەیەك هەیە.(سی.ئەی.فێرگسۆن) هەردوو شێوەکەی لە ڕوانگەی ڕێزمانەوە بەراوردکردووەو جیاوازییەکانی تاڕادەیەك دەرخستون، لە ئەم بارەیەوە دەڵێت،((یەکێك لە جیاوازییە سەرنجڕاکێشەکانی نێوان (شێوەی باڵا) و (شێوەی ئاسایی) لە زمانە ئاماژەپێکراوەکاندا لە پێکهاتەی ڕێزماندایە (شێوەی باڵا) بنچینەی ڕێزمانی وای هەیە، کە لە (شێوەی ئاسایی)دا نییە))[٥٤] ڕێزمان لەسەر دوو ئاست شیدەکەینەوە.

## ا. داڕشتەی ڕستەیی

هەر زمانێك شێوەیەکی داڕشتەی"ڕیزبوونی کەرەستە" ڕستەیی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەپێی کردار دوو شێوازی ڕیزبوون هەیە. یەکێکیان تایبەتییەو ڕیزبوونی ئەو ڕستانە دەردەخات، کە کارەکەیان تێنەپەڕە. ئەوی تریان شێوەیەکی گشتیی(زیاتر بەکاردەهێنرێت) زمان پیشاندەدات، کاتێك کردارەکە تێپەڕبێت. سەرەڕای ئەوەیش، (شتێکی ئاساییە، زۆربەی کات ئەوە بڵێین، شێوەی دوودیویی زمانیی جیاوازیی فراوان لە نێوان دروستەی پێکهاتەی ڕێزمانی هەر دوو شێوەکەدا دروستدەکات، بەڵام بۆ شتەکانی(وەك دەربڕاو)ی تر لێکچوونیان زیاترە، سەرەڕای ئەوەیش تایبەتمەندیی ڕێزمانی لە هەردوو شێوەکەدا جیاوازە)[٥٥]. لێرەدا (سی.ئەی.فێرگسۆن) باسی بارودۆخی زمانی لەنێو یەك زماندا دەکات، کە جیاوازیی و لێکچوون لە جیاوازیی ڕێزماندا بە هۆی بوونی دوودیوی زمانیی دروستدەبێت، بۆ ئەوەی زیاتر ئەم بابەتە ڕوونبکاتەوە، بەگشتیی بیروڕای زمانەوانەکان کورتدەکاتەوە، بۆ جیاوازیی و لێکچوونی ڕێزمانی زمانەکان لە ڕوانگەی سادەیی و ئاڵۆزی و ڕێکخستنەوە هەندێك زمان لە هەندێکی تر سادەترە، بۆیە (سی.ئەی.فێرگسۆن)بڕوای وایە، کە لەنێو زمانەواندا پێدەچێت ڕێکەوتنێکی فراوان و ڕوون هەبێت، کە پێکهاتەی ڕێزمانی زمانێکی (وەك ئەلف) سادەترە لە زمانێکی (وەك با)، لە ڕووی ئەوەی هەردوکیان زمانێکن بۆ ئاخاوتن گونجاون، لەگەڵ یەکتردا یەکسانبن[٥٦]. ئێمە بۆ ئەوەی بزانین شێوازی ڕێکخستن لە هەردوو شێوەکەدا چۆنە نمونە دەهێنرێنەوە:

---

[٥٤]- لێرەدا مەبەستی ئەوەیە لە زمانە ئاماژەپێکراوەکاندا، بۆ نمونە لە زمانی عەرەبیدا سیستێمی ناسینەوەی ناو لە سێ بارودۆخدا لە ڕێگەی کۆتاییەکەیەوە دەناسرێتەوە ئەویش برتییە لە:(مفرد، مثنی و جمع) لە ڕێگەی کۆتایەکەیانەوە دەناسرێنەوە، بەڵام لە دیالێکتەکانی زمانی عەرەبی و شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، ئەم شێوەیە کەمە یان نییە، بۆ نمونە (ولدُ، ولدانِ، اولاد) یان (مجتهدُ، مجتهدان، مجتهدون) مەرج نییە لە زمانی ڕۆژانە و دیالێکتەکانی زمانی عەرەبیدا بە ئەم شێوەیە بێت، یان لە زمانی ئەڵمانیدا چوار دۆخ بۆ ناو هەیە، بەڵام ئەڵمانی سویسریدا سێ دۆخ هەیە، وێڕای ئەوەیش زمانی فەرەنسی ڕەگەزو ژمارەی هەیە، بەڵام کریۆڵی "هایتی" هیچیانی نییە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Ferguson, Charles, A(١٩٩٦ :٣٢)

[٥٥] –Ferguson, Charles, A(١٩٩٦ :٣٢)

[٥٦] – بە چەند خاڵێك ئەم بۆچوونە ڕووندەکرێتەوە، چونکە بۆ زمانی کوردی ئەم بیروڕایە زۆر گونجاو نییە:

**٢٠. گ. لەگەڵ ڕۆشنبیرێکی ئایینی سەبارەت بە "مەبەستەکانی شەریعە"کراوە.**

**ا. سەلام موعەلیکم.**

**ب. علیکومە سەلام وەڕەحمەتوللە وەبەرەکاتوو.**

**ا. مامۆستا، پرسیارێکم هەیە، مەبەستەکانی شەریعەی ئیسلام واتە (مەقاصید الشریعە) چییە؟**

**ب. ((بەڵێ، من جیاوازیدەکەم لە نێوان مەبەستەکانی ئیسلام و مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی، مەبەستەکانی ئیسلام لە ڕووی یاساییەکەیەوە، کە لە تیۆری مەقاسیدا باسکراوە))[٥٧].**

**{پارتیکڵ + بکەر + کردار + فرێزی پێشناوی ( فرێزی ناوی + فرێزی ناوی) + فرێزی ناوی + فرێزی پێشناوی + ئامرازی لێکدەر+ بکەر (دەرنەبڕاوە) + فرێزی پێشناوی + کردار}.**

**تایبەتمەندی دەقی (٢٠:ب) دەخەینەڕوو.**

**١.لە ڕستەیەکی ئالۆز پێکهاتووە، شاڕستە کە ڕستەی سەرەکییە و پاڕستە کە پاڕستەیەکی ناوییە.**

**٢. لە دوای بکەری یەکەمی ڕستە، کردارەکە{جیاوازیی ئەکەم} دەربڕاوە، بۆ ئەوەی مەبەست زووتر بگات، ئەمەیش لە کاتی گفتوگۆو ئاخاوتندا ڕێگەپێدراوەو ئاساییە.**

---

١. مۆرفۆفۆنێمەکانی (الف) لە ئەوانەی (با) سادەترن، بە واتایەکی تر، مۆرفیمەکان بەدیلی کەمتریان هەیە و جێگۆڕکێی کەمترە، ئۆتۆماتیکییە (بۆ نموونە (lar-ler) تورکی لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زمانی ئینگلیزی سادەترە.

٢. پۆلەڕەگەزی ناچاری کەمتر هەیە، کە لەلایەن مۆرفیمەکان، یان گونجاندنەوە دیاریدەکرێن (بۆ نمونە، لە زمانی فارسیدا لە جێناوەکاندا جیاوازیی نەکردنی ڕەگەز، لە جیاوازیی (نێر و مێ ) لە کەسی دووەم و سێیەمی تاکدا لە شێوەی عەرەبی میسریدا، سادەترە.

٣. قاڵبە ڕێزمانییەکانی ڕێکوپێکترن، (بۆ نمونە، زمانێک بە هەموو شکاندنەوەکان/ هەڵگواستنەوەکان، کە هەمان بارودۆخە"حاڵەتە" جیاکارییەکانی هەیە، لەیەکێك کە فرەجۆری تێداهەیە، سادەترە).

٤. ڕامکردن"کۆنترۆڵ" و گونجان و سنوردارکردن (ئامڕازە پێوەندییەکان هەموویان هەمان دۆخ "حاڵەت"وەردەگرن نەك بارودۆخێکی جیاواز.

ئەگەر ئەم تێگەیشتنە لە سادەیی ڕێزمان ڕەزامەندیی لەسەر بدرێت، ئەو کات تێبینی ئەوە دەکرێت، کە بەلایەنی کەمەوە لە سێ زمان(عەرەبی، یۆنانی، کریۆلّی هایتی) لە زمانە ئاماژەپێدراوەکاندا پێکهاتەی ڕێزمانی لە هەر شێوەی ئاساییەکی ئاماژەپێدراوی فرەجۆریدا سادەترە، لە بەرانبەرەکەی لە (شێوەی باڵا)دا.ئەم شیکردنەوەیە پێدەچێت بۆ (عەرەبی، یۆنانی، کریۆڵی هایتی) ڕاست بێت، بەڵام پێناچێت بۆ زمانی ئەڵمانی ستانداردو ئەڵمانی سویسری تەواو ڕاست و دروستبێت.

ئەم ڕوونکردنەوانەی (سی.ئەی.فێرگسۆن) لەسەر هەندێك لە زمانە بیانییەکان کردویەتی، کەتێیدا پێکهاتەی ڕێزمانی (شێوەی ئاسایی) باسدەکات، کە سادەتر و ئاسانترە لە(شێوەی باڵا) بەڵام ئەو چوار خاڵەی سەرەوە بە تەواوی مەرج نییە بەسەر زۆربەی زمانەکانی تردا بچەسپێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو.

[٥٧] – چاوپێکەوتی تایبەت: لەگەڵ ئەبوبەکر عەلی، لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/٣، سلێمانی، ئەم چاوپێکەوتنە تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بنەمایە سودی لێوەرگیراوە و جیاوازە لە گوتاری "مەبەستەکانی شەریعە" کە لەبەشی سێیەمدا تیۆری دوودیویی زمانیی لەسەر جێبەجێکراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاشکۆی (پ)

٣. فرێزەکانی بەشێوەی {ناو+ی+ناو} ڕیزکراوەو دەقی ئاخاوتنەکەی پێفراوانکراوە، وشەی عەرەبی و ئینگلیزی تێدا بەکارهاتووە، بەڵام بە یاسای زمانی کوردی لێکدراوە وەك {مەبەستەکانی شەریعەت، تیۆری مەقاسید}.

٤. سەرەتای دەقەکە بە {بەڵێ} دەستپێدەکات، کە پارتیکڵە، وێڕای ئەوەیش (بەڵێ) ئاماژەیەکی فەرمیبوونی بەدەقەکە داوە.

٥. کرداری ڕستەی یەکەمی هێناوەتە دوای (بکەر)ی ڕستەی یەکەم {من جیاوازیی ئەکەم} و(بکەر)ی ڕستەی دووەمی دەرنەبڕیوە، دواتر بە کردارێك کۆتای بە ڕستەی دووەم هێناوەو ئابوریکردنی لە قسەکردندا کردووە.

٦. بەکارهێنانی {من} لە دەقی ئاخاوتنەکەدا، کە زیاتر بۆ ئەوەیە کەسی پرسیارکەر زوو باوەڕ بهێنیت و جۆرێك لە جەختکردنەوەیشی تێدایە، ئەمەیش شێوازێکی جوانی بە دەربڕینەکەی بەخشیووە.

٧.دەربڕاوی وەك {مەبەستەکانی ئیسلام، مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلام، تیۆری مەقاسید} ئاماژەن بۆ شێوەی فەرمی دەقەکە.

٨. هەموو ئەم تایبەتمەندیانە وادەکات ئەم دەقە کە لە دووڕستە پێکهاتووە، وەك (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردی ناوزەدی بکەین.

٩. شاڕستە{بەڵێ، من جیاوازدەکەم لە نێوان مەبەستەکانی ئیسلام و مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی، مەبەستەکانی ئیسلام لە ڕووی یاساییەکەیەوە} پاڕستە {(بکەر) +کە لە تیۆری مەقاسیدا باسکراوە}.

کاتێك داڕشتەی (شێوەی باڵا)ی دەربڕاوی (٢٠:ب) لە نمونەی (٢١) دەیخەینەڕوو، ئەو کات لە چوارچێوەی ئاخاوتنەکە پێویستە بهێنینە دەرەوەو ڕیزکردنی ڕێزمانی وردتری بۆ بکەین، چونکە لە کاتی ئاخاوتندا بەپێی مەبەست گۆڕان لە شوێنی کەرەستەکاندا دەکرێت و هەندێك دەنگ/پارتکیڵ دەردەبڕێت بەڵام لە نوسیندا دەرناکەون، بۆ نمونە تەماشای ڕستەی (٢١)بکەین، کە دووبارە داڕژاوەتەوە پارتیکڵ لابراوە و کەرەستەی دەرنەبڕاو نوسراوەتەوە، وەك دەبینین گۆڕان لە شوێنی کەرەستەکاندا کراوە، چونکە لەکاتی ئاخاوتندا هەرچەند گفتوگۆکە فەرمی بێت، بەڵام کاتێك کەسێك پرسیار وەڵامدەداتەوە، بەپێی بارودۆخەکە بۆ ئەوەی کەسی بەرانبەر باشتر لێیتێبگات، کەرەستەکان ئالۆگۆڕ پێدەکات، بەڵام وشەو دەربڕاوەکان و ئاخاوتنەکەی هەر شێوەی فەرمی پێوەدیارە.

٢١. ((من لە نێوان مەبەستەکانی ئیسلام و مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی لە ڕووە یاساییەکەیەوە جیاوازیدەکەم، کە لە تیۆری مەقاسیدا باسکراوە.))

ئەم دەربڕاوەی نمونەی ژمارە (٢١) بەراورد بە(٢٠:ب) بکەین جیاوازە لە ڕوانگەی شوێنی کەرەستەکانەوە، بەڵام هەردووکیان بە (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردی دادەنرێن، شێوازی ڕیزبوونی

ڕستەی (٢١) برتییە لە:{بکەر + بەرکار + کردار}، ئەم شێوەیەش (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردییە، ڕێکخستنی فرێزەکانیش بە{ناو + ی+ ناو }ڕێکخستووە، بۆ نمونە{تیۆری مەقاسید، مەبەستەکانی ئیسلام، مەبەستەکانی شەریعە}هەندێك وشەی عەرەبی وەك {مەقاصید، شەریعە، ئیسلام} تێدایە، بەڵام بە پێی یاسای ڕێکخستنی فرێزی کوردی فرێزەکانی دروستکردووە. هەروەها وشەی بیانی وەك {**تیۆری** مەقاسید} وشەی یەکەم وشەیەکی ئینگلیزییە، بەڵام خراوەتە ژێر یاسای دەربڕینی زمانی کوردییەوە، دەرخەرەکەی {مەقاسید}ە، وشەیەکی زمانی عەرەبییە، سەرەڕای ئەوەیش سودی لە وەرگێڕان یان هاوواتا وەرگرتووە (مەبەستەکان: مەقاصید)، بیروڕاکانی تا ڕادەیەك لە دوو ڕستەدا کورتکردووەتەوە، شیکردنەوەی نیشانە زمانییەکان وادەکات، ڕستەی (٢٠:ب و ٢١) بە ڕستەیەکی (شێوەی باڵا) ناوزەدبکرێت، کە لەو دەربڕاوەدا ئەوە دەبینرێت وشەی{تیۆری، مەقاسید،بەڵێ، شەریعەت} بابەتێکی زانستی ئیسلام باسدەکات، کە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەشێوەی گشتی ئەو دەربڕاوانە بە تایبەت (مەقاسیدی ئیسلام، تیۆری) زۆر بەکارنایەت، ئەمەیش ئەوە دەردەخات، ئەمانە زاراوەی بواری زانستی ئیسلامین، بۆیە ئەم شێوەیە بە (شێوەی باڵا) ناوەزەددەکەین، نیشانە زمانەکانی ڕستەکەو ڕیزبوونی فرێزەکان و کەرەستەکانی نێو ڕستەکان زیاتر ئەم بڕیارە پشتڕاستدەکەنەوە.

## ٢٢. گ. کڕیار (ڕۆشنبیرێك) و فرۆشیار:

ا. باشی برا، ئەوە کیلۆی بەچەنە؟ {فرێز + جیناوی نیشانە + ناو + بە + ئامڕازی پرس}

ب. سەرچاو کامیان؟ {ناو + ئامڕازی پرس}

ا. خەیار و تەماتە؟ {ناو + و +ناو}

ب. دوانی بە هەزار. {ناو+جیناو+ ئامرازی پێوەندی + ناو}

ا. هی خۆمانە؟ {جێناوی نیشانە + خۆمان +کرداری ناتەواو}

ب. نەوەڵا، هەمووی هی دەرەوەیە. {ئامرازی نەرێ + ناو + ڕادە + جێناوی نیشانە + ناو + کردار}

ا. یەکی کیلۆیەکم بۆ بکێشە. {فرێزی ناوی + ئامرازی پێوەندی + کردار}

لە گفتوگۆی (٢٢)دا، کە لە شێوەی پرسیارو وەڵامی کورتدا دەردەکەوێت، سەرەتای گفتوگۆکە {باشی برا} پاشان {کیلۆی + (–) بەچەندە؟} دەربڕیووە، دەرخەرەکە (–) گۆنەکردووە. بۆیە فرۆشیار دوای ئەوەی {سەرچاو}دەڵێت، پرسیاری{کامیان؟}ی لێدەکات. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، کە مەبەستەکەی ڕوون نییە، داوای ڕوونکردنەوەی زیاتر دەکات، کڕیارەکەیش بەوەڵامی {خەیارو تەماتە} وەڵامدەداتەوە، لێرەدا ئەوەی ڕوونە کە ئابوریکردنێکی تەواو لە ئەم گفتوگۆیەدا کراوە، بۆ نمونە ئەگەر لە دەربڕاوی {کامیان}وردبببینەوە، هەموو میوەو سەوزەکانی بەردەستی فرۆشیارەکە دەگرێتەوە، بەڵام کڕیارەکە هیچی دەرنەبڕیوە، کە دەکرێت مەبەستەکەی {سێوو پرتەقاڵ و مۆزو

هەنارو خەیار تەماتەو باینجان} بگرێتەوە. لە ئەم گفتوگۆیەدا ڕستەکان کورتکراوەتەوە، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئاخاوتنی ئاساییی بریتییە لە: کورتبڕی لە ئاخاوتندا، چونکە ئاماژەکان زۆربەی کات ئەو کەلێنانە پڕدەکەنەوە، یان زانیاریەکانی گفتوگۆی ئاسایی و ڕۆژانە لە بواری پێداویستی ڕۆژانەدایەو سنوردارەو هەردوولا شارەزاییەکەیان لە یەکترییەوە نزیکە، لە بەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە هەموو وشەکان دەرنابڕن، هەندێك کاتیش پەیامەکە وەك خۆی ناگات لەبەر کورتبڕی ئاخاوتنەکە، پاشان دوای پرسیارو وەڵام مەبەستەکە ڕووندەبێتەوە، زۆربەی کاتیش ئەم دەربڕاوانە {باشی، چۆنی، هی، سەرچاو، نەوەڵا و..هتد} دووبارەدەکرێنەوە.

دوای شیکردنەوەی نمونەکان بە ئەو بڕوایە دەگەین، کە (شێوەی باڵا) هەر چەند لە دەقەکەی خۆی دابڕێت، بەڵام واتاکەی تا ڕادەیەکی باش دیارو ڕوونە، چونکە داڕشتنی ڕستەکان ڕێکخراون، لە شێوەی ئاخاوتنی ئاسایی و ڕۆژانەدا، شێوەی داڕشتنی ڕستەکان مەرج نییە، وەك (شێوەیباڵا) بەتەواوی ڕێکخراوبێت. هەندێك کاتیش دەبینرێت، کە شێوەی داڕشتەیی ڕستەی ئاخاوتنی ڕۆژانە جوان و شیاو بێت.

## ب. داڕشتەی وشەیی

لە ژێر ئەم ناونیشانەدا شێوەی داڕشتەی وشەیی، چۆنیەتیی دروستکردنی وشەو بەراوردکردنی گەنجی وشەیی هەردوو شێوەی (ئاسایی، باڵا)ی، زمانی کوردی تاوتوێ دەکرێت، کاتێك دەڵێین وشە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەبەستمان لە زاراوەیشە، چونکە بابەتەکە بابەتێکی زانستییەو زاراوەیش تایبەتە بە زانستەوەو لەنێو زانستدا زۆربەی بەکاردەهێنرێت. لە بورای زانستی زماندا ئاشکرایە هەموو زاراوەیەك وشەیە، بەڵام هەموو وشەیەك زاراوە نییە. وشە یەکێکە لە ئەو ئامڕازە زمانییانەی، مرۆڤ لە هەرشوێنێك بێت، پێویستی پێیدەبێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوروبەردا خۆی بگونجێنێت. فۆڕمی زمانێك لەگەڵ زمانێکی تردا، وشەکانیان بۆ ناونانی دەوروبەر جیاوازە، بۆیە وەك دوو زمانی جیا دەناسرێن، لە نێو شێوەکانی زمانێکیشدا ئەوە دەبینرێت فۆڕمی وشەیەك بە شێوەی جیاواز دەردەبڕێت، بەڵام جیاوازییەکە زۆر نییە، لەگەڵ ئەوەیشدا لە شێوەکانی زماندا تا ڕادەیەك جیاوازیی دەبینرێت، بۆیە (سی.ئەی.فێرگسۆن) دەڵێت، ((ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی قسەبکەین، بەشێکی گەورەی وشەسازی شێوەی (باڵاو ئاسایی) هاوبەشە، بەڵام بێگومان بە فرەجۆرێتی لە شێوازداو جیاوازیی لە بەکارهێنان و واتادا هەیە. هەر چۆنێك بێت تاڕادەیەك جێگەی سەرسوڕمان نییە، کە (شێوەی باڵا) پێویستە بەشێك بێت لەچەمکە تەکنیکییەکانی خۆی و دەربڕینە زانراوەکانی کە هاوتایەکی ڕێك و تەواویان لە (شێوەی ئاسایی)دا نییە، لەبەرئەوەی ئەو بابەتانەی پێوەندیدارن (بە شێوەباڵا) بەدەگمەن، یان هەر لە

**(شێوەی ئاسایی)تاوتویێ ناکرێن، ئەگەر بێت و تاوتوێش بکرێن جێگەی سەرسوڕمان نییە))[٥٨]، لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندییەکی سەرنج ڕاکێشی دوودیویی زمانیی، هەبوونی جوت وشەکان، یان دەربڕاوەکانە، یەکێکیان لە (شێوەی باڵا) و ئەوی تر لە (شێوەی ئاسایی) دا بەگەڕانەوە بۆ چەمکە باوەکانی کۆمەڵ لە هەردوو شێوەکەدا بەکاردەخرێت[٥٩]، لێرەدا مەبەستی ئەوەیە لە ڕووی یاسای وشەسازییەوە لە زمانە ئاماژەپێدراوەکانی هەردووشێوەکەدا (وشەو زاراوە) لەیەکتری نزیکن و هاوبەشی زۆریان هەیە، سەرەڕای ئەمەیش هەندێك وشە هەیە تایبەتە بە (شێوەی باڵا) و هەندێکی تر هەیە تایبەتە بە (شێوەی ئاسایی) لە زمانێکدا، واتە تاڕادەیەکی باش ڕێکخستن لە (شێوەی باڵا)دا هەیە.**


**لەگەڵ ئەو ڕوونکردنەوانەی سەرەوەدا، پێویستە ئەوە بگوترێت کە دوودیویی زمانیی لە هەردوشێوەکەدا لە بواری گەنجی وشەیدا جیاوازیی هەیە، هەندێك وشە و دەربڕاو هەیە بەپێی پسپۆری و پیشە لە نێو فەرهەنگی مێشکی مرۆڤدا هەیە و لە کاتی پێویستیدا بە کاردەهێنرێت، کە ئەم دەربڕاوانە ئەگەر کەسەکە لە ئەو کۆمەڵەئاخاوتنییەدا ئەندام نەبێت بەدەگمەن بە کاردەهێنرێت، یان ئەو دەربڕاوە تایبەتانە کە لە (شێوەی باڵا)ی زماندا هەیە و لە شوێنکاتی خۆیدا بەکاردەهێنرێت، مەرج نییە لە (شێوەی ئاسایی)دا بەکاربهێنرێت، بۆیە جیاوازیی گەنجی وشە لە نێو هەردوودیوەکەی زماندا دەبینرێت و وەك نیشانەیەکی زمانەوانی دەتوانرێت تا ڕادەیەکی باش دوودیویی زمانی پێڕوونبکرێتەوە.**

**لە زمانی کوردیدا دوو وشە، یان زیاتر بەرانبەر یەك کەرەستە هەیەو دەبینرێت، وەك {دەڵێ، دەفەرموێ، گوتی، ئێژێ} هەر چوار فۆڕمەکە بۆ کاتی قسەکردنی کەسێك دەردەبڕێت (کە کەسی سێیەمی تاکە)، کە خۆی قسە نەکات، بە لکو یەکێکی تر دەڵێت فلان {دەفەرموێت، یان وتی، یان گوتی، یان ئێژێ}، بەڵام کاتێك فۆڕمی {دەفەرموێت} بەکاردەهێنرێت، بابەتەکە فەرمییەو شێوەی ئاخاوتنەکەیش شێوەیەکی فەرمی پێوەدیارە، ئەگەر کەسێکیش گوتی {فلان کەس ئێژێ} زۆربەی کات بابەتەکە، بابەتی قسەکردنی ڕۆژانەیەو شێوەی ئاخاوتنەکەیش (ئاساییە)، لەگەڵ ئەوەیشدا فۆڕمی {ئێژێ} هەندێك کات لە بواری پەخشان و بابەتی ئەدەبیدا دەبینرێت، بەڵام زۆربەی کات لە (شێوەی ئاسایی) ئاخاوتنی ئاساییدا گۆدەکرێت. پێچەوانەی ئەمەیش دەبینرێت، بۆ نمونە پارتیکڵی {وەڵێ} کە لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا زۆر بەکارهاتووە، بەڵام ئێستا هێنراوەتە نێو ئاخاوتنی ئاساییەوە لەئاخاوتنی ئەلیکترۆنیدا (نوسین) بەکاردەهێنرێت، ئەگەر وردبینەوە نمونەی زیاتر بەدیدەکەین.**

[٥٨]– Ferguson, Charles, A(١٩٩٦ :٣٣)

[٥٩]– بۆ نمونە لەزمانی عەرەبیدا بۆ (شێوەی ئاسایی) وشەی (رأي) وشەی (شاف)بەکاردەهێنرێت، هەرگیز لە نووسینی ئاسایدا وشەی (رأي) بەکارناهێنرێت، ئەگەر لە نووسینی (شێوەی .باڵا) وشەی (شاف) بە هەربیانویەك بینرا، ئەوکات لەتەنیشتییەوە لە نێون جووت فاریزەدا وشەی( رأي) دەنوسرێت.

هاوشان شێوەی داڕشتنی وشەیی هەردوو دیوەکەی زمان زۆر هاوبەشییان هەیە، بەڵام هەندێك کاتیش جیاوازیی دەبینرێت، بۆیە بە هێڵکارییەك زیاتر ئەم بابەتە دەیخەینەڕوو، چونکە ئەگەری هەیە، ئەم فۆڕمانە هەندێك کات ناوچەی ئاخێوەرێك دیاری بکەن.




**((هێڵکاری ژمارە (٢) جیاوازیی لە فۆڕمدا))**

ئەم هێڵکارییەی ژمارە (٢) تەماشابکەین، دەربڕاوی {فەرموو} لە بواری فەرمیدا بۆ چوونە ژوورەوە و هاتنەدەرەوەی میوان یان کەسێکی پلەداریش بەکاردەهێنرێت، وەك ڕێز بۆ پلەوپایەی کەسەکە، {فەرموو} لەچاو فۆڕمەکانی تردا واتای زیاتری لێبارکراوە.

لە زمانی کوردیدا، لە کاتی دروستکردنی وشەی پێوستدا، جیاوازی لە یاسایی دروستبوونی وشەکاندا لە هەردوو شێوەکەی زماندا دەبینرێت، چەند جیاوازییەك دەخەرێنەڕوو:

**ا. داڕشتەی وشەیی:** لە بواری وشە دروستکردندا هەردوو شێوەکە زۆربەی کات هاوبەشن، **بەڵام** هەندێك جار زاراوەی کارگێڕی بە پێی یاسایەك دروستدەکرێت، کە دەکرێت ئەو جۆرە یاسایە لە (شێوەی ئاسایی) زمانی کوردیدا زۆر چالاك نەبێت، بەڵام کاتێك خەڵکی سەردانی فەرمانگەکان دەکەن، بە هۆی پێویستی و گرنگییەوە لە لایەن خەڵکییەوە بەکاردەهێنرێت.

**٢٣:ا/** ئاوەڵناو + اندن ⟵ ڕاستاندن.

**٢٣:ب/** ڕادە + اندن ⟵ گشتاندن.

وەك لەم نمونەی (٢٣:ا)دا دیارە، پاشگری (– اندن) ئاوەڵناوی بە زاراوەیەکی بواری کارگێڕی گۆڕیوە، لە نمونەی (٢٣:ب) دا پاشگری (– اندن) چووتە سەر ڕادە، لە کاتێکدا لە زمانی کوردیدا (– ان / اندن) کرداری تێنەپەڕ بۆ کرداری تێپەڕ دەگۆڕێت. ئاشکرایە ئەم شێوازی زاراوە دروستکردنە، لە (شێوەی باڵا)دا بووە، بەڵام کاتێك خەڵکی سەردانی فەرمانگەکان دەکەن، پێویستیان بە زانینی ئەم جۆرە زاراوانە دەبێت، ئەگەری ئەوەی هەیە، ئەم زاراوانە لەنێو ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکییدا لە دەرەوەی فەرمانگەکان لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوو بەسەرهاتی نێو فەرمانگەکاندا ببینرێت.

ب: **تێکەڵکردن:** زۆر جار لە (شێوەی باڵا)دا زاراوە دروستدەکرێت، بۆ مەبەستێکی زانستی، یان بۆ ناونانی گۆڤارێك، یان بۆ مەبەستێکی تر بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە:

**٢٤:ا/** ڕۆژنامە + گۆڤار ⟵ ڕۆڤار ( زاراوەی (ڕۆڤار) ناوی گۆڤارێکی زانستی پێناونراوە)

**٢٤:ب/.** سۆران + کرمانجی ⟵ سۆرمانجی

لە شێوەی ئاساییدا، شێوەی تێکەڵکردن دەبینرێت و دروستکراوە، بۆ نمونە: (خورمژ)، کە لە شێوەی ئاسایدا دروستکراوە لە هەردوو وشەی{خورما + مێوژ} ئەم وشەیە لەبەر بەهێزی هەندێك کات لە (شێوەی باڵا)دا دەبینرێت.

**پ:ئەکرۆنیم:** ((بریتییە لە لێکدانی برگەی یەکەم یان دەنگی یەکەمی دوو وشە یان زیاتر و خوێندنەوەیان بەیەکەوە یان وەك دەنگی پیتەکان))[٦٠] دەبێت، دوو فۆرمی ناونیشانی لایەنێکی ڕامیاری دەبینرێت، کە لە (شێوەی باڵا)دا دروستکراوە، بۆ نمونە:

**١٢٥:ا/.** یەکێتی نیشتمانی کوردستان ⟵ ی.ن.ك

**٢٥:ب/** پارتی دیموکراتی کوردستان ⟵ پ.د.ك

جگە ئەم سێ ڕێگایە، ڕێگای تر هەیە، کەتایبەتە بە (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردی بەڵام بەکورتی لێیان دەدوێن، بۆ نمونە:

**٢٦:ا/** کورتکردنەوە: وەك: پرۆفیسۆر ⟵ پ.

**٢٦:ب/** کلیپینگ: وەك: ئینتەرنێت ⟵ نێت، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ⟵ یەکێتی[٦١]، بەڵام دوای دروستبونیان لە (شێوەی ئاسایی)یشدا ئاساییە بەکاربهێنرێن، ئەم نمونانە مشتێکن لە خەروارێك، چونکە لە ئەم بوارانەدا نمونەی زۆرمان هەیە.

ئاشکرایە ڕادەی بەکارهێنانی(شێوەی ئاسایی) لە لایەن کۆمەڵگاوە لە ژمارەی وشە، یان دەربڕاوەکانی، لە شێوەکەی تر زیاترە، دەربڕاوەکانی ئاخاوتنی ڕۆژانە مەرج نییە، هەمووکات (شێوەی باڵا) کەی ببینرێت، یان تاوتوێبکرێت، چونکە وشەکان ژمارەیان لە زاراوەکان زیاترەو (شێوەی باڵا) زیاتر لە کاتی دیاریکراو (فەرمیدا) بەکاردەهێنرێت و کاتەکەی دیاریکراوە، لەگەڵ ئەوەیشدا شێوەکەی تر بەردەوام لەنێو ژیاندا بەکاردەهێنرێت، بەڵام زۆربەی کات زاراوەکان تایبەتن بە خوێندن و زانستەوە، لە ڕێگەی خوێندەوارییەوە فێریدەبین. لێرەشەوە دەتوانرێت ئەوە بگوترێت زاراوە پەیوەستە بە زانستەوە، لە خزمەت ناونان و ڕوونکردنەوەی زانستە جۆربەجۆرەکاندایە، ئەگەرچی لە پێناسەی دوودیویی زمانیدا ئەوە خرایەڕوو، هەر شێوەیە لە شوێنکاتی خۆیدا

---

[٦٠] – ڕۆژان نوری عبدللە (٢٠٠٧:٢٠٥).

[٦١] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دەروون عبدالرحمن ساڵح (٢٠١٢: ١٠٧–١١١)٠

بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە بواری  وشەو زاراوە بەکارهێناندا، هەندێکجار زاراوەی بواری زانستیش لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بە هۆی پێویستی ژیانەوە دەبینرێت. بۆ نمونە، حەبی {پاراسیتۆل/پاراستۆڵ} ناوی دەرمانێکە بۆ سەرئێشە، بەڵام بە هۆی ئەوەی خەڵکی زۆر پێویستیی پێیەتی ئەم جۆرە دەرمانە بە زۆری لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بۆ کاتی پێویست {پاراستۆڵ} بەکاردەهێنێت، بەڵام پێکهاتەی زانستی "پاراسیتۆڵ" لەنێو (شێوەی باڵا)دا زانیاری وردی لەبارەوە دەزانرێت. لە زمانی کوردیدا وشەی {بکەر، بەرکار}زاراوەی زانستی زمانن لە (شێوەی باڵا) بەکاردەهێنرێت، لە شێوەکەی تر بەدەگمەن (زۆر بەکەمی) لە ئاخاوتندا دەبینرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا دەربڕاو و وشەکانی زمانی کوردی (هەندێك زاراوەیش) بەشێوەیەکی گشتی هەموو خەڵك تێیدا بەشدارن و لەڕێگەی ژیانی ئاسایی و پێداویستی ڕۆژانەوە فێریدەبن و دووبارە بەکاریدەهێننەوە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە بەخشتەیەك جیاوازیی هەردوو شێوەکە لە دەربڕاودا دەکەین، بەڵام پێناچێت پڕاوپڕ ئەو دەربڕاوانە هەموو کات بەرانبەری یەکتری بێن، بەڵکو بۆ ئەوەی زیاتر بارودۆخی ئێستای زمانی کوردی ڕوونبکرێتەوە، نمونەمان هێناوەتەوە.

| ((خشتەی ژمارە (٦ ) بەراوردێکی ڕێژەیی"لە ئاستی فرەدیالێکتی" هەردوو دیووەکەی زمان لە ئاستی دەربڕاودا)) | | |
|---|---|---|
| ژمارە | شێوەی ئاسایی | شێوە باڵا |
| ١. | یەك دنیا، ئەمەنە | زۆر |
| ٢. | بڕێك، تۆزێ، نەختێ، کەمێك | هەندێك یان کۆمەڵێك |
| ٣. | گوێلێك، بەزۆری | زۆربەی، زۆرێك |
| ٤. | وەڵاهی بەبیلای، قەسەم بەخوا، وەڵا | سوێنددەخۆم، بڕوابکە، بە خودا |
| ٥. | بەسەری خوشك "د" برایەتیمان | بەخودای گەورە |
| ٦. | زەروری | پێویستی |
| ٧. | برا، کاکەگیان، برا گەورە | قوربان، بەڕێزگیان، ڕێزدار |
| ٨. | بەسەری تۆ،  بە تەڵاقم | بەخودای گەورە، بڕوابکە |
| ٩. | جنێو بابەتی جنێو | میتافۆڕ و هێنانەوەی نمونە زیاتر بەکاردەهێنرێت |
| ١٠. | چۆنی باشی، یان چۆنن باشن | ئەم( کاتەتان یان کاتەت) باش |
| ١١. | ئاشایس، خۆنیشاندان، خۆئیشاندان، | ئاسایش، خۆپیشاندان |

ئەم دەربڕاوانەی، کە لە خشتەی ژمارە (٦)دا هەیە، بە ئەو شێوەیەی جیاکراونەتەوە، مەرج نییە هەموو کات بەکاربهێنرێن، پێدەچێت لەنێو تاکی کورددا لە هەندێك کاتدا بە تێکەڵی بەکاربهێنرێن. واتە مەبەستمان ئەوە نییە کە ئەم وشانە هەموو کات لە"شێوەی ئاسایی" و ئەوی تریان تەنیا لە "شێوەی باڵا"دابەکاربهێنرێن، بەڵکو تەنیا ئێمە باسی زۆربەی کات دەکەین، کاتێك کەسێك دەچێتە بوارێك، یان ناوەندێکی فەرمییەوە هەوڵدەدات زیاتر دەربڕاوی شێوەی قسەکردنەکەی بگۆڕێت بۆ ئەو شێوە

فەرمییە، بەڵام تاچەند دەتوانێت سەرکەوتوو بێت، لەسەر توانای کەسیی ئاخێوەر بۆ بەکارهێنانی زمان دەوەستێتـەوە.

## ٢/١-٢-٨) دەنگسازیی

هەموو زمانێك خاوەن شێوەیەکی تایبەتی دەنگی خۆیەتی، بەڵام جیاوازیی لە دەربڕینەکانیشدا دەبینرێت. (سی.ئەی.فێرگسۆن) دەڵێت،((لە ڕوانگەی دەنگسازییەوە، هەردوو شێوەکە یەك دەربڕینیان هەیە))[٦٢]، یان ((گشتاندنی پێوەندیی نێوان دەنگسازی (شێوەی باڵا) و (شێوەی ئاسایی) لە دوودیویی زمانییدا لە ڕوانگەی جیاوازیی زانیارییەوە شتێکی گرانە، یاساکانی دەنگسازی (شێوەی باڵا) و (شێوەی ئاسایی) لە ئەوە دەچێت تاڕادەیەك نزیکی یەکتری بن))[٦٣]، لە ئەم خاڵانەی لای خوارەوەدا، ئەم بۆچونە زیاتر ڕووندەکەینەوە[٦٤].

١. هەردوو شێوەی ئاسایی و باڵای زمان، سیستێمێکی دەنگسازی زمانێك پێکدەهێنن، کە تێیدا شێوەی ئاسایی لە ئەو سیستێمەدا بنچینەییە، دەنگسازیی (شێوەی باڵا) سیستێمێکی لاوەکین، یان بە دیوێکی (شێوەی ئاسایی) زمانەکە دادەنرێن.

٢. ئەگەر لە (شێوەی باڵا)دا فۆنێمێك هەبێت لە بڕگەکانی(شێوەی ئاسایی)دا نەبێت، فۆنیمەکانی (شێوەی ئاسایی) بە بەردەوامی لە بەکارهێنانی (شێوەی باڵا)دا بە شێوازێکی ڕێکوپێك جێگەی ئەوان دەگرنەوە.

---

٦٢- Arokay, J, Govozdanovic, J (٢٠١٤:٤)

٦٣- وەك لە یۆنانیدا تاڕادەیەك جیاوازە لە عەرەبی و کریۆڵی هایتی، یان بە قورسی هەستی پێدەکرێت کە جیاواز بێت. ئەم نۆرمانە ئەوە دەردەخات دەستنیشانکردنی جیاوازی لە دەنگسازیدا، کارێکی ئاسان نییە. بۆ زانیاری بڕوانە:

Ferguson, Charles, A(١٩٥٩ :٢٤٥).

٦٤ - بۆ نمونە "تاتساماس" لە (کیشوەری ئوسترالیا) دایە،لە زمانی فەرەنسیدا فۆنیمی ڤاوڵی / و/ ی درێژی هەیە، بەڵام لە کریۆڵی هایتیدا فۆنیمێکی لە ئەو شێوەیەی نییە، ئاخێوەرو خوێندەوارەکانی هایتی " کریۆڵ"، ئەم بزوێنە لە تاتساماس دا وەك خۆی بەکاردەهێنن، بەڵام ئەوانەی نەخوێندەوارن و بە فەرەنسی قسەدەکەن، لە بری /و/ دەنگی /ی/ بەکاردەهێنن، یان ئەگەر هاتوو (شێوەی باڵا) بە ئاشکرا قۆناغێکی پێشووتری (شێوەی ئاسایی) ی پیشاندا ئەوا دەشێت کە ئاڵوگۆڕێکی تر دەربکەوێت، بۆ نمونە: عەرەبی سووری و میسری بە زۆری /س/ بەکاردەهێنن لە بری / ق/ لە بەکارهێنانی زاراوەیەکی عەرەبی کۆن بەکاریدەهێنن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Ferguson, Charles, A(١٩٩٦ :٣٤)

شێوازی دەربڕین یەکێکە لە ئەو دیاردە دەنگییانە، کە لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کراوە، بەڵام دوو دەنگ کە لەرەکانیان وەك یەکتری بێت نییە و دیاریناکرێت، بۆیە بڕیاردانی یەکلاکەرەوە ئاسان نییە، بەڵام دەنگسازیی لە هەردوو شێوەکەدا زۆر لەیەکتر جیاواز نین، جیاوازییەکان لە ئاستی دەنگ و فۆڕمی هەندێك دەربڕاودایە، بەڵام ناگاتە ڕادەی لەیەکتر تێنەگەیشتن، گۆڕانەکەیش زیاتر بریتییە لە ئەوەی دەنگێك بۆ دەنگێکی تر دەگۆڕێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بنەمایە بە دوو شێوە داتا وەردەگرین، یەکێکیان لە نێو شاری سلێمانیدا شێوەی (ئاخاوتنی ئاسایی) چەند دەربڕاوێك وەردەگرین، دووەمیان لە ناوچەی دەوروربەری سلێمانی، بۆ ئەمەیش دەتوانین ناوچەکان و دەوربەری (پارێزگای هەڵەبجە) وەربگرین و بەراورد بە (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردی بکەین، لەبەرئەوەی بارودۆخی دەنگی هەردوو شێوەکەی زمانی کوردی لە ئاستی گۆڕانی دەنگدا ڕوونتربببێتەوە.

**ا:** ناو بۆ پیشەیەکی بواری زانستی دادەنرێت وەك خۆی گۆدەکرێت، لە ئەو شوێنەی ناوەکەی بۆ دانراوە.

**٢٧:ا/** دکتۆر

**٢٧:ب/** دختۆر

لە دەروروبەری شاری سلێمانیدا{دکتۆر} ئەم وشەیە وەك خۆی دەرنابڕێت، بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی تەمەنیان هەیەو خوێندەوارییان نییە، وەك{دختۆر} گۆیدەکەن.

ب: دەنگی /د/ یەکێکە لە ئەو دەنگانەی بەکارهێنانی لە زمانی کوردیدا زۆرە، لە نێو (شێوەی باڵا) زۆربەی کات دەنووسرێت و دەخوێنرێتەوە وەك:

**٢٨:ا/** دێمەوە،

**٢٨ب/** تێمەوە

دەنگی /د/ لە نێو شاری سلێمانیدا زیاتر کلۆردەکرێت، لە دەورووبەری شاری سلێمانیدا بە تایبەت لە ناوچە گوندنشینەکانی دەورووبەری پارێزگای هەڵەبجەدا بە/ت/ گۆدەکرێت[٦٥].

**پ:** لە (شێوەی باڵا)دا پاشگری(–ەوە) زیاتر بەکاردێت، بەڵام لە ئاخاوتنی ئاساییدا وەك (**–ۆ**) دەردەبڕێت، یان کاتێك لە (شێوەی باڵا) دەڵێین **{**لەگەڵ**}** ئەم فۆڕمە لە دەورووبەری پارێزگای هەڵەبجەدا وەك (لێڵ)، وەك دەبینین دەنگی /ل/ وەك خۆی ماوەتەوە /گ، ە/ بووە بە /ێ/ دەربڕاوەکە خۆی دوو بڕگەیە، بەڵام بۆ یەك بڕگە کوتکراوەتەوە، ئەگەر زیاتر وردبینەوەو بەراوردی زیاتری ئاخاوتنەکان بکەین، گۆڕانی زمانی لە ئاستی دەنگدا لەنێو ئەکسێنتی سلێمانیدا زیاتر بەدیدەکرێت، بۆ نمونە:

**٢٩:ا/** بەرن {ئەو شتانە بەرن} (شێوەی ئاسایی) ئاخاوتنی نێو شاری سلێمانی"

---

[٦٥]– هۆگر مەحمود فەرەج، باسی لە گۆڕانی دەنگی /د/ بۆ /ت/ لە نێوان (دیالێکتی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروو) کردووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هۆگر محمد فەرەج (٢٠١٢– ١١٩– ١٢٢).

**٢٩:ب/** بيبەن{ئەو شتانە ببەن}(شێوەی باڵا)

**ت:** ئەگەر زیاتر وردبینەوە و (شێوەی باڵا) لە نێو شاری سلێمانیدا لەگەڵ ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی لە ئاستی دەنگدا بەراوردبکەین، جیاوازیی دەربڕینی دەنگ و گۆڕانی دەنگ بەدیدەکرێت، بۆنمونە:

**٣٠:ا/** پارەکەت یایە؟ شێوەی ئاسایی {پارەکەت پێدا؟ شێوەی باڵا}

**٣٠:ب/** بەڵێ یامێ (شێوەی ئاسایی) {بەڵێ پێمدا. شێوەی باڵا }

ئەگەر تەماشا بکەین لە شێوەی ئاسایی ئەو کەرەستەیەی پێویست نەبێت لە کاتی گفتوگۆدا دەکرتێنرێت، گۆڕانکاری لە دەنگیشدا دەکرێت. لە ڕستەی (٣٠:ا)دا کرداری {یایە: پێدا} دەبینین دەنگی /ی←پ، ا←ێ، ی←د، ە←ا/ گۆڕاوە. واتە لە ئاستی دەنگدا گۆڕان زۆر ڕویداوە، بەڵام تێگەیشتن لە ئارادایە، چونکە بۆ ئەوە ئەم گۆڕانە ڕوویداوە کە وزە کەم بەکاربهێنرێت، یان ئەگەر تەماشای وەڵامی ڕستەکە لە کردارەکانی {یامێ: پێمدا}بکەین، بەهەمان شێوە گۆڕانی دەنگی هەیە، بۆ ئەوەی وزە کەمتر بەکارببرێت و جۆرێك لە ناسکی لەدەربڕیندا دەبینرێت. {**یامێ**} کە (شێوەی ئاسایی) ئاخاوتنی ڕۆژانەی نێو شاری سلێمانییە، بەڵام لە کاتێك لە (شێوەی باڵا) ئەو کردارە گۆدەکرێت و لە نوسیندا و لە (شێوەی باڵا)دا، {پێمدا} بەکاردەهێنرێت/دەنووسرێت، لێرەشدا گۆڕانێکی زۆر ڕوویداوە، لە ئەم دوو دەربڕاوەدا /پ/ بۆ دەنگی /ی/ گۆڕاوە، /ێ/ بۆ دەنگی /ا/ گۆڕاوە.دەنگی /ا/ بۆ دەنگی /ێ/ گۆڕاوە. دوای شیکردنەوەی نمونەکان ئەوە خرایە ڕوو لە زمانی کوردیدا جیاوازیی هەیە، ئەم جیاوازیی و گۆڕانکارییەش بۆ ناسکی دەربڕین، یان وزە کەمتر بە فیڕۆدانە و جۆرێك لەپەلەپەلکردنیشی تێدایە، هەر لە بەرئەوەیە واتای دەربڕاوەکەیش تێکنەچووە، لە خشتەیەکدا ئەم گۆڕانکارییە دەنگیانە دەخرێنەڕوو:

| ((خشتەی ژمارە (٧) جیاوازیی لە دەنگ و پاشگردا، لە سلێمانی و دەوروبەریدا)) | | |
|---|---|---|
| شێوەی ئاسایی | ← | شێوەی باڵا |
| تێمەوە /ت/ | ← | دێمەوە /د/ |
| دختۆر /خ/ | ← | دکتۆر /ك/ |
| لێڵ /ێ/ | ← | لەگەڵ /گ،ە/ |
| هاتمۆ (– ۆ) | ← | هتمەوە (–ەوە) |
| خراو /و/ | ← | خراپ /پ/ |
| یایە /ی/ | ← | پێدا /پ/ |
| یامێ /ا/ | ← | پێمدا /ێ/ |
| پێمیا /ی/ | ← | پێمدا /د/ |
| یایە /ە/ | ← | پێمدا /ا/ |

دوای ئەوەی لەسەر ئاستی ئاسۆیی دیالێکتی ناوەڕاست – ئەکسێنتی سلێمانی (پارێزگای سلێمانی و دەوربەری دەگرێتەوە، هەڵبجەیش وەك بەشێك لە پارێزگای سلێمانی تەماشاکراوە) و دەوروبەریدا شیکردنەوەکرا، ئەکسێنتی سلێمانی وەك زمانی پێوانەی دانراوە، هەر بۆیە بە ئاسانی جیاوازیی هەردوو شێوەکەیش لە ڕوانگەی دەنگەوە کرا. لێرەدا ئەوە دەبینرێت گۆڕانکاری لە نێوان هەردوو شێوەی ئاخاوتنەکەدا هەیە، ئەوەی گرنگە قسەی لەسەر بکرێت ئەوەیە، مەرج نییە هەموو کات دەنگەکان لە شێوەی ئاساییەوە بۆ (شێوەی باڵا) بگۆڕرێن، بەڵکو لە بواری زاراوەی زانستی و پیشە نوێیەکانی نێو دامودەستگا فەرمییەکاندا زاراوەی نوێ دادەنرێت، بەڵام لە (شێوەی ئاسایی)دا گۆڕانی تێدادەکرێت، دەکرێت لە هەردوو شێوەکەیشدا وەك خۆی گۆبکرێت، وەك (قەڵەم، دەفتەر) کە لە عەرەبییەوە وەرمانگرتووە. ئەم بوارە کاری زیاتری دەوێت، تا بە ئەنجامی ورتر بگەین، لەبەرئەوە زیاتر درێژەی پێنادرێت.

## ٣-١/٢) دارِشتەی تیۆری دوودیویی زمانیی[٦٦]

١. ئەرك: دوو شێوەی زمانیی لەنێو یەك زماندا دیاریكردووە (شـێوەی بـاڵا) و (شـێوەی ئاسـایی) هەریەكەیان لە شوێنكاتێكدا بەكاردێن، لە زمانی كوردیدا تا ڕادەیـەكی بـاش ئـەم بنەمایـەمان شیكردەوە.

٢. شكۆداریی: ئاخاوتن بە (شێوەی باڵا) وا دەردەكەوێت، لە (شێوەی ئاسایی) لە نێو یەك زماندا گرنگترە، هەر بۆیە لە بواری پەروەردەدا بەئەو شێوەیە دەخوێنرێت.

٣. پێویستە(زمانەكە) كەلەپوری ئەدەبی و پێشینەی ئەدەبی بە (شێوەی باڵا) نوسرابێت.

٤. منداڵ زمان فێردەبێت، بە (شێوەی ئاسایی) فێردەبێت، دواتر (شێوەی باڵا) لەناوەندە زانستیی و ڕۆشنبیرییەكاندا وەردەگرێت.

٥. زمانی ستاندارد بە(شێوەی باڵا)دادەنرێت، (شێوەی ئاسایی) زمانێكیش شتێكی پێشبینیكراو نییە، تا بەزمانی ستاندارد هەڵبژێرێت.

٦. لە دوودیویی زمانیدا گۆڕان بەدیدەكرێت، كاتێك وشەی نویَ دەخوازرێت.

٧. ڕێزمانی(شێوەی باڵا) بەشێوەیەكی زانستی ڕێكخراوە، بەڵام لە (شێوەی ئاسایی) ڕێزمانی ڕێكخراو كەمتر ڕەچاودەكرێت، یان كەمتر دەبینرێت.


٨. شێوەی (ئاسایی و باڵا) هەر یەك وشەی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەكەمی ڕێكدەكەوێت وشەیەك لەنێوان هەردووكیاندا هاوبەشبێت، بەڵام بۆ لە زمانی كوردیدا دەربڕاوی هاوبەشیش زۆرە.

٩. لە ڕوانگەی دەنگەوە (سی.ئەی.فێرگسۆن) وایداناوە، هەردوو شێوەكە یەك دەربڕینیان هەیە

[٦٦] - Arokay, J, Govozdanovic, J (٢٠١٤:٤)

### ٢/١-٣-١) شێوازی دروستبوونی شێوەکانی زمانی کوردی

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هێڵی کارەکەمان لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا زیاتر تۆخ دەکەینەوە، بۆیە لێرەدا لەڕێگەی هێڵکارییەک"دایەگرامێك"ەوە، شێوازی دروستبوونی هەردوو شێوەکە لە زمانی کوردیدا دەخەینەڕوو. لە ئەنجامی شیکردنەوەی بنەماکان لەسەر زمانی کوردی ئەوە خرایەڕوو، زمانی منداڵ دەتوانرێت وەك (شێوەی ئاسایی– نزمی) زمانی کوردی ناوزەدبکرێت، چونکە گۆڕانی دەنگی زۆر تێدا دەبینرێت و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو منداڵ ئەو شێوەیە بەکاردەهێنێت. پاشان لەنێو خێزاندا فێری (شێوەی ئاسایی) ئاخاوتن دەبێت و زمانی پاراوتر دەبێت. ئەو کاتەی دەچێتە نێو کۆمەڵەئاخاوتنییەکانی ترو ئاخاوتن دەکات، وەك لە ناوەندی فەرمی یان گفتوگۆیەکی فەرمیدا بەشێوەیەکی جیاوازتر ئاخاوتن دەکات، ئەم شێوەیش دەتوانرێت وەك (شێوەی ناوەند) بناسرێت، بەڵام گوتاری ڕامیاری، یان کۆمەڵایەتی بە (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردی پێشکەشدەکرێت. لێکۆڵینەوە لە ئەم ئاستانەدا زانیاری زیاتریی شێوەکانی زمانی کوردیدا دەردەکەوێت.




((هێڵکاری ژمارە (٣) نواندنی پێوەندیی نێوان شێوەی ئاسایی و شێوەی باڵا))

وەك لەسەرەوە خرایەڕوو، ئەم دوو شێوەیە لە زمانی کوردیدا هەیە[٦٧]، بەڵام بەتەواوی کار بۆ ڕێکخستنی(شێوەی باڵا) نەکراوە، بەشێوەیەکی سادە دەتوانین ئەم هێڵکارییە هەرەمییە بکەینە

---

[٦٧]– بەکر عومەر عەلی و کاروان عومەر و ئاڤێستا کەمال (٢٩٨:٢٠١١) لە ئەم سەرچاوەیەدا میتازمان، یان سێبەری زمان (meta language) لە نێو(شێوەی باڵا) دا باسیانکردووە، مەبەست لە "میتازمان"، زمانی ئاخاوتن و نووسینی زانستێکی دیاریکراوە، بنەڕەتی ئەم زمانەیش شێوە ئاساییەکەی زمانە، دواتر لەڕێگەی پرۆسەی خوێندنەوە تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت، وێڕای ناساندنی میتازمان، زانستییانەیش بە هێڵکاریەك "میتا زمان" نیان خستووەتەڕوو، کە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەوە دەستپێدەکات تا مێتا زمان دوورستدەبێت، بۆ ئەم دانانی ئەم هێڵکارییە گفتوگۆی تایبەت لەگەڵ (کاروان عومەر قادر) ڕۆژی ٢٠١٤/١١/١٩، زانکۆی سلێمانی.

بناغەی کارەکە و لە خشتەیەکدا تایبەتمەندیی هەریەکەیان دیاریدەکەین، بەپێی ئەو ڕێگایەی لێکۆڵینەوەکە کاری لەسەر دەکات، چونکە مەرج نییە هەموو زمانەکان، وەك ئەوەی کە لە ئەم دایەگرامەدا خراوەتە ڕوو، وەك یەك وابن.

| ((خشتەی ژمارە (٨) تایبەتمەندیی شێوەی ئاسایی و شێوەی باڵا))[٦٨] | |
|---|---|
| **شێوەی ئاسایی** | **شێوەی باڵا** |
| ١. تایبەت و خودییە، خەڵك بەگشتی بەکاریدەهێنن، لە نێو تۆڕەکۆمەڵاتییەکانیش لە ئێستادا بەکارهێنانی هەیە. | ١. گشتییە و دەسەڵاتی بڕیاردان بەکارهێنانی ئەم شێوەیەی پێپەسەندە، لە ناوەندە فەرمییەکاندا کاریپێدەکرێت. |
| ٢. جێگیرە، زۆربەی کات بەکاردێت. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، زۆربەی کات لە لایەن خەڵکییەوە ئەم شێوەیە بۆ ئاخاوتن بەکاردەهێنرێت. | ٢. کاتییە، زیاتر لە ناوەندی فەرمیدا کاریپێدەکرێت، لە گفتۆیشدا بەکارهێنانی هەیە. |
| ٣. لە ئەنجامی لاسایکردنەوەو هۆگربوونەوە مرۆڤ فێری دەبێت. | ٣. مەڵبەندی فێربوونی ئەم شێوەیە، دایەنگەو باخچەی ساوایان و خوێندنگەو پەیمانگاو زانکۆیە. |
| ٤. نوسینی لە بواری فەرمیدا کەمتر پێدەکرێت، بەڵام گفتوگۆی "نوسین، دەنگ و ڕەنگ و..هتد، نوسینی چیرۆك و نوسینی تەنزئامێز و ئەدەب، بە کارهێنانی باشی هەیە و کارایە. | ٤.شێوازێکی ئەدەبییە، بۆیە نوسین بە ئەم شێوەیە دەکرێت/دەنوسرێت، بەڵام بۆ هەندێك بوار نوسین بە ئەم شێوەیە ناکرێت وەك لە ئەدەبدا داشۆرین بەئەم شێوەیە ناکرێت. |
| ٥. زیاتر لەنێوان خێزان و هاوڕێ و ئاخاوتنی پێدەکرێت. | ٥.نیشانەی شکۆداریی و پلەوپایەو خوێندەوارییە. |
| ٦.لە ئێستادا، ئەم شێوەیە لە نێو دیالێکتی ناوەڕاستدا، بەکارهێنانی زیاترە. واتە خەڵکی زیاتر بەکاریدەهێنن. | ٦. لە زمانی کوردیدا، بۆ نوسین لە پەرلەمان، وانەوتنەوە لە خوێندنگە و زانکۆدا، نوسین لە گۆڤارە زانستییەکان، گوتارخوێندن، بەرنامەی تەلەڤزیۆنی..، زیاتر ئەم شێوەیە بەکاردەهێنرێت. |

[٦٨]– بە دەستکارییەوە ئەم تایبەتمەندییانە وەرگیراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Ali, M (١٠–)

دوای گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتە ئەوە بینرا،  کە ئەم تیۆری دوودیویی زمانیی بەشێوەیەکی سروشتی بۆ ئێستایی زمانی کوردی دەگونجێت. وەك لەبەشی یەکەم بیروبۆچونە جیاوازەکان باسکرا، دواتر بەپێی بەڵگەی زانستی زمانی ستاندارد، یان فەرمیمان (دیالێکتی ناوەڕاست)مان وەك (شێوەی باڵا/ فەرمی) دیاریکردو ئەکسێنتەکانی دیاریکرا. لەئەم لێکۆڵینەوەیەدا تیۆری دوودیویی زمانیی لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا جێبەجێدەکرێت، چونکە کۆمەڵەئاخاوتنیەکان هۆکارێکی سەرەکین، بۆ ئەوەی زیاتر لە شێوەیەکی زمان لەنێو یەك زماندا بێتەئاراوە، بۆیە بەپێویستی دەزانین، بە وردی باسی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان بکەین و ئەوەیش بخەینەڕوو تا چەند پێوەندی لە نێوان دوودیویی زمانیی و کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا هەیە؟ ئایا دوودیویی زمان بە کۆمەڵەئاخاوتنییەکانەوە پەیوەستە، یان کۆمەڵەئاخاوتنییەکان هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی دوودیویی زمانیی دروستببێت؟ لە پاری دووەمدا تا ئەو ڕادەیەی لە توانادا هەبێت، بەوردی لە سەر کۆمەڵەئاخاوتنییەکان دەدوێن.

### ٢-٣-١/٢) شیانی تیۆری دوودیویی زمانیی بۆ زمانی کوردیی

دوای ئەوەی هەردوو شێوەی (ئاسایی و باڵا) و تایبەتمەندییەکانمان خستەڕوو، پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا ئەم تیۆرییە بۆ بارودۆخی زمانی کوردی  شیاوە؟ یان دەبێت؟ یان بۆ چ زمانێك باشە تیۆری دوودیویی زمانیی تێیدا جێبەجێبکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانەیش خۆی لە ئەم خاڵانەی لای خوارەوەدا دەبینێتەوە، بەو پێیەی ئەگەر  زمانێك ئەم مەرجانەی تێدابێت[٦٩]:

١. کاتێك کە ڕێژەیەکی دیاریکراو لە ئەدەبیات هەبێت و نووسرابێتەوە لە نێو کۆمەڵگادا بەهای هەبێت، بە واتای ئەوەی بە گرنگی، یان پیرۆزییەوە تەماشابکرێت، یان زمانێك پاڵپشتی ئایینی لەگەڵدا هەبێت.

---

[٦٩]– لێکۆلەر( سی.ئەی. فێرگسۆن) لە لێکۆڵینەوەکەیدا لەسەر ئەو زمانانە کاریکردووە، خاوەنی شێوەی ستاندارد و دیالێکتی زۆر بوون، بۆ نمونە زمانی عەرەبی کە ستانداردەکەی (فوسحە) لە نێو ئەم زمانەدا شێوەی میسری باسکردووە، وەك شێوەی نزم  بەراوردی کردووە، لەسەر ئەو زمانانە ئەم گریمانە و تایبەتمەندی و هۆکاری سەرهەڵدانی دودیویی زمانیی ڕونکردوەتەوە و دواتر ئەو بارودۆخەی باسکردووە کە بۆ ئەم تیۆرییە باشە و کاری پێبکرێت، ئێمەیش بە کورتی شیانی تیۆری دوودیویی زمانیی بۆ زمانی کوردی دەخەینەڕوو، کە بۆ ئێستای زمانی کوردی گونجاو بەرچاو دەکەوێت، چونکە ئەو گرفتانەی (سی.ئەی.فێرگسۆن)  باسی کردووە ئێستا لە نێو زمانی کوردیدا دەبینرێت، تا ڕادەیەك لە ئەم لێکۆڵینەوەیەدا خرایەڕوو، بەپێی توانا زیاتر ئەم بابەتە شیدەکەینەوە.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Fergsun, Charles, A(١٩٥٩:٢٤٤-٢٤٩)

٢. کاتێك لە نێو میللەتێکدا خوێندن و خوێندەواری بەرەو فراوان بوون چووبێت، بەڵام میللەتەکە هەمووی خوێندەوارییان نەبێت، بەواتای ئەوەی خوێندەواری بە چینێکی هەڵبژاردەی بچووکەوە سنووردارکراوە.

٣. ئاسەواری تێپەڕبوونی کاتوبارودۆخ کاریگەریی بەسەر زمانەکەوە هەبێت. واتە ئەگەر لە کۆندا زمانێك هەبێت وەك زمانی (ا) ئێستایش زمانێك لە ئارادا بێت وەك زمانی (ب)، گۆڕان بە ڕوونی لە شێوەی زمانی(ا) بۆ (ب) هەستی پێبکرێت (وەك زمانی کوردی لەسەردەمی قوتابخانەی نالی و ئێستای زمانی کوردی جیاوازیەکی زۆر بەدیدەکەین). هاوکات دوودیویی زمانیی، لە نێو کۆمەڵگایەکدا ژمارەی دانیشتوانی زۆربێت پێدەچێت، وەك کێشەیەك تەماشا نەکرێت، تا ئەو کاتەی ئەم گرفتانەی خوارەوە سەرهەڵدەدەن، دواتر لە لایەن پسپۆر و خەمخۆرانەوە گفتوگۆ و کۆڕو لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت.

**ا.** هەنگاونان و پلاندانان بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەگشتی بەرەو خوێندەواری ببرێت.

**ب.**کاتێك پێوەندییەکی تندوتۆڵ لە نێوان ناوچەکانی هەرێمێك، یان وڵاتێك کە خاوەنی دیالێکتێکی جیاوازبێت هەبێت. لە زمانی کوردیدا بۆ نمونە وەك پێوەندی نێوان دیالێکتی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروو (دهۆك) بە هۆکاری (ئابوری، کارگێڕی، سەربازی، یان هزری بیرکردنەوە)بەرەوپێشچووە، هاوکات تێکەڵی زیاتر دەبینرێت و ململانێی زمانیشی بەدوای خۆیدا هێناوە.

**پ.**بە هۆی پێداویستی بارودۆخی ناوچەکەو خولیاو ئارەزوو بۆ سەروەری و سەربەخۆی میللەتەکە و بۆ ئەوەی زمانی ستاندارد هەڵبژێردرێت.

کاتێك ئەم سێ خاڵەی سەرەوە(ا،ب،پ) لە نێو هەرێمێك / میللەتێك/ وڵاتێك هاتەئاراوە، لە نێو کۆمەڵگاکەدا لە لایەن چینی پسپۆڕانەوە، بیرو بۆچونی جیاواز دروست دەبێت لەسەر ئەوەی ئایا (شێوەی باڵا)، یان( شێوەی ئاسایی) میللەتەکە کامیان وەك زمانی ستاندارد هەڵبژێردرێت، لێرەدا سێ بیروڕا دێتەئاراوە:

**یەکەم:** شێوەی باڵا ئەو شێوەیە کە کتێبی پێچاپکراوە و خاوەن پاشخان و کولتوورێکە، وەك زمانی ستاندارد باشە هەڵبژرێت چونکە:

**ا.** ئەگەر شێوە باڵاکە ئایینێکی لەپشت بوو وەك عەرەبی فوسحی، دەڵێن: خودا هەڵیبژاردووە.

**ب.** ئەم شێوەیە ئاستی بەرزترە و جوانترە و ڕاسترە و هێزی دەربڕینی زیاترە.

**دووەم:** شێوەی ئاسایی بکرێتە ستانداادرد، چونکە:

**ا.** ئەم شێوەیە لە بیرکردنەوەی ڕاستەقینەی خەڵکەکەوە نزیکە.

**ب.** لە بواری پەروەردەدا گیروگرفتەکان کەمتر دەبن چونکە خەڵکی بەگشتی هەر لەسەرەتای تەمەنیانەوە بە ئەم شێوەیە قسەدەکات، بۆیە زانیارییان لەسەری زیاترە.

**پ.** لە بواری پێوەندیکرن و گفتگۆکردندا کاریگەرترە.

**سێیەم:** تێکەڵکردنی هەردوو شێوەکە باشترە چونکە:

**ا.** ئاژاوەی لێناکەوێـتەوە بارودۆخی ڕامیاری وڵات ئارام دەبێت.

**ب.** لێکترتێگەیشتن و پێوەندیەکان بە هێزتر دەکات و لە ڕووی فەرهەنگییەوە وشەی زیاتر دەبێت.

دوای خستنەڕووی شیانی تیۆری دوودیویی زمانیی لە زمانی کوردیدا بەکورتی و پوختی پەیوەست بەزمانی کوردییەوە خستمانەڕوو، بە بڕاوی ئێمە بۆ ئێستای زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بکرێت بە ستاندار باشترە، چونکە شیاویی ئەوەی تێدایە، کاتێك کوردستانی گەورە دروستبووە ئەوکات ئەگەر پێویست بوو بیر لە دوو ستانداردبکرێتەوە. دەتوانین بڵێین: ئەم سێ بیروڕایەی سەرەوە ڕاستییان تێدایە و دەتوانرێت گۆڕانیشی تێدابکرێت، بەپێی بارودۆخی ناوچەکە بەیەکێك لە ئەو ڕیگایانە، یان ڕێگەیەکی تر زمانی ستاندارد لە نێو میللەتێکدا هەڵبژێردرێت وەك لەبەشی یەکەمدا بیرو بۆچونە جیاوازەکان باسکرا، تیۆری دوودیویی زمانیی بە شێوەیەکی سروشتی بۆ ئێستای زمانی کوردی دەگونجێت. هاوکات لە ئەم لێکۆڵینەوەیەدا تیۆری دوودیویی زمانیی لە نێو کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا جێبەجێدەکەین، چونکە کۆمەڵەئاخاوتنییەکان هۆکارێکی سەرەکیین بۆ ئەوەی زیاتر لە شێوەیەکی زمان لە نێو یەك زماندا بێتەئاراوە، بۆیە بەپێویستی دەزانین، بە وردی باسی کۆمەڵە ئاخاوتنییەکان بکەین و ئەوەیش بخەینە ڕوو تا چەند پێوەندی لە نێوان دوودیویی زمانیی و کۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا هەیە؟ ئایا دوودیویی زمان بە کۆمەڵەئاخاوتنییەکانەوە پەیوەستە، یان کۆمەڵەئاخاوتنییەکان هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی دوودیویی زمانیی دروستببێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لەپاری دووەمدا دەدەینەوە.

## ٢/٢) کۆمەڵەئاخاوتنییەکان

وشەی کۆمەڵ[٧٠]، لە زمانی کوردیدا به واتای کۆبوونەوە و ڕێککەوتنی کۆمەڵە خەڵکێك دێت، لەسەر بنەمای کار و بەرژەوندیی هاوبەش ڕێککەوتوون، یان کۆمەڵێك تایبەتمەندیی هاوبەش لەنێو بازنەیەکدا کۆیاندەکاتەوە. کۆمەڵ مەرج نییە تەنیا لە زماندا (ئاخاوتندا) هاوبەشییان هەبێت، بەڵکو پێدەچێت لە ڕووی زمان و نەتەوەیشەوە جیاوازییان هەبێت، بەڵام بە هۆکاری بەرژەوەندی، یان کارێکی هاوبەشەوە کۆبوونەتەوە یان کۆکراوبێتنەوە، لە هەردوو بارودۆخەکەدا بە کۆمەڵ ناودەبرێن، چونکە لە پیشەیەك، یان کارێکی تایبەتیدا هاوبەشن و کۆمەڵە وشەیەك بۆ ناونانی ئامرازەکانی بەردەستیان بەکاردەهێنن و دووبارەیدەکەنەوە. ئەگەر لە ڕوانگەی ئاخاوتنەوە لە ئەم کۆمەڵانە بکۆڵینەوە دەتوانین وەك کۆمەڵەئاخاوتنییەکان[٧١] ناوزەدیان بکەین. لە ئەم لێکۆڵینەوەدا ئاخاوتنی هاوبەش و وشەو دەربڕاوی دووبارە بۆ نەریت و ئامرازی پێویست و.. هتد، وەك بنەمای دروستبوون و ناسینەوەی کۆمەڵەکەو شیتەڵکردن و شیکردنەوەی شێوەی زمانی کۆمەڵەکە بە پێی مەبەست کاری لەسەر دەکەین. ئەم بابەتە فراوانەو ئاسان ناتوانرێت شیتەڵی ورد بکرێت، چونکە بارودۆخی ژیان ئاڵۆزبووە و کۆمەڵەئاخاوتنی نوێ بە هۆی پیشەی نوێوە هاتووەنەتەئاراوە، یان دێنەئاراوە، لە ئەنجامی گرنگیی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان لە بواری زانستیدا ڕاوبۆچونی جیاواز لە ئەم بارەیەوە دەربڕاوە.

---

[٧٠]– لە فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسیدا بە ئەم شێوەیە چەمکی زاراوەکە ڕوونکراوەتەوە (کۆمەڵ: (الجماعه، Group، Sosial) لە کۆمەڵە تاکێك پێکدێت، کە کارلێکێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا ئامادەبێت، دەتوانن کارلەیەکتری بکەن، لە ڕێگەی ئامرازێك لە ئامرازەکانی پێوەندییەوە. کۆمەڵ بە هۆی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە لە کۆبونەوە مرۆییەکانی تر جیادەکرێتەوە:

ا. بوونی کۆمەڵێك بەرژەندی هاوبەش، کە جەخت لەسەر ئامانجێك، یان کۆمەڵێك لە ئامانج دەکاتەوە.

ب. بوونی هەست(مشاعر)ی هاوبەش.

پ. بووونی نمونە گەلێك بۆ کارلێك کە ڕوونترە لە کۆبوونەوە مرۆییەکانی دیکە.

ت. هاوبەشی لە ئامانجە کۆمەڵیەکاندا ڕوونتر دەبێت لە کۆبونەوە مرۆیەکانی تر.

ج. هەموو تاکێك لە تاکەکانی خاوەنی ڕۆڵێکی پەیوەستە بە ڕۆڵەکانی تاکەکانی دیکە لە ناو کۆمەڵدا.

د. بوونی کۆمەڵێك لە چاوەڕوانی (التوقعات) و پێوەری کۆمەڵایەتی کە ڕۆڵی تاکەکانی دیاریدەکات، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە: سەمیرە، و: خەسرەو میراودەلی (٢٠٠٩: ١٠٩–١١٠)

[٧١]- بە بڕوای هۆکێت (Hokett) هەر زمانێك کۆمەڵێکی زمانی دروستدەکات، لە پێناسەی ،کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا، زیاتر لەسەر زمانی هاوبەش جەختدەکاتەوە، هاوکات بڕوای وایە، سنووری ،کۆمەڵەئاخاوتنییەکان ناتوانرێت دیارییبکرێت، چونکە لەهەر کۆمەڵێکی زمانیدا لەوانەیە تاکێکی جووت زمان، یان چەند زمانەیشی تێدا بژی. لانیۆز (Lyno ) بەگرنگیدان بە "زمانی هاوبەش" پێناسەیەك دەخاتەڕوو ، کۆمەڵی زمانی ((بریتییە لە هەموو ئەو تاکانەی کەیەك زمان یان زارێکی دیاریکراو بەکاردەهێنن))، لێرەدا لە زمان بۆ زار، واتە تا ڕادەیەك سنووری بۆ پێناسەکە داناوە، چونکە هەموو زمانێك خاوەن زارێکە، زاریش ئەگەر بارودۆخی بۆ بگونجێت ئەگەری هەیە بە زمانی ستاندارد هەڵبژێردرێت، بۆ زانیاری بڕوانە: زوبێر عەلی عارف (١٩:٢٠١٢) ئەویش لە یحی مدرسی (١٣٨٧: ١٨–١٩) وەرگرتووە.

## ١-٢/٢) چەمكی كۆمەڵەئاخاوتنییەكان

چەمكی هەر وشەیەك، یان زاراوەیەك كۆی ئەو بیرو بۆچوونانەیە، یان كۆی ئەو واتایانەیە كە لەنێو مێشكی مرۆڤدایەو سەبارەت بە ئەو وشەیە، یان زاراوەیە دروستبووە، لە كاتێكی دیاركراودا مەرج نییە چەمكێك بە تەواوەتی ڕوونبكرێتەوە، چونكە كاتێك لە بواری زانستی زمانی كۆمەڵایەتیدا لە چەمكی زاراوەیەك دەكۆڵینەوە ئەوكات لەچەندین گۆشەنیگای زانستییەوە لە چەمكەكە دەدوێین، تا ڕوونكردنەوەیەكی وردو بابەتییانە دەخرێنەڕوو. بۆئەوەی لە ناوەڕۆكی كۆمەڵەئاخاوتنییەكان تێبگەین، پێویستە زاراوەكەی ڕوونبكەینەوەو دواتر پێناسەی وردی ئەم بابەتەبكەین، ئەو كات تا ڕادەیەكی باش چەمكی كۆمەڵەئاخاوتنییەكانمان بۆ ڕووندەبێتەوە.

كۆمەڵەئاخاوتنییەكان لە ڕوانگەی زانستیی زمانەوە لە سەدەی بیستەمەوە زیاتر لێكۆڵینەوەی لەسەر كراوە، چونكە زانستی زمان لە ئەم سەدەیەدا بەرەو پێشكەوتن چووە. ((خاڵێكی باشی دەستپێكردن بۆ زانینی ئەوەی، چی دەبێتە هۆی دروستبوونی كۆمەڵەئاخاوتنییەكان، بریتییە لە ئەوەی پێناسەكردنی كۆمەڵەئاخاوتنییەكان چی ناگرێتەوە))[٧٢]. كۆمەڵەئاخاوتنییەكان تەنیا تاكە كەسێك ناگرێتەوە، كە خۆی (ناو) وشە بۆ كەرەستەكانی دەوروبەری دابنێت و هەر خۆیشی لێیان تێبگات، بە واتای ئەوەی تێكەڵی كەس نەكات، ڕووداوی لە ئەم شێوەیەیش لە نێو ژیاندا دەگمەنە.



((وێنەی كۆمەڵەئاخاوتنییەكان ژمارە(١))[٧٣]

ئەمە وێنەیەی دەستی شەش كەسەو دوانزە دەستە، ئەگەرچی لە ژمارەی پەنجەكانیاندا یەكسانن بەڵام خاوەن تایبەتمەندیی خۆیشیانن، وەك دەبینرێت بە دەستیان بازنەیەكیان دروستكردووە. لێرەدا دەتوانین بازنەكە وەك سنوری كۆمەڵەئاخاوتنییەكان تەماشا بكەین، كە بۆ ئامانجێك كۆبوونەتەوە، لە

---

[٧٢] - Llamas, C , Mullany, L, and Stockwell, p(٢٠٠٧:٨٤)

[٧٣]– ئەم وێنەیە لە وێنەی بەرگی كتێبی(speech community) لە زانكۆی كامبریجە، ساڵی (٢٠١٤) چاپكراوە، وێنەی بەرگی كتێبەكە بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر وەرگیراوە.

ئەم ڕوانگەیەیشەوە دەتوانین بڵێین: هەر کۆبونەوەیەکی مرۆیی کۆمەڵێکیان دروستکرد و سنورێکیان بۆ خۆیان دیاریکرد و ئامانجێك کۆیکردنەوە، ئەوکات دەتوانرێت وەك کۆمەڵەئاخاوتنییەکان ناوزەدبکرێت. پێش ئەوەی پێناسەی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان بکەین، ئەو پرسیارەی بەبیرماندا دێت ئەوەیە، ئایا کۆمەڵەئاخاوتنییەکان چۆن دروستدەبن؟ ئایا ئاخاوتنی هاوبەش تەنیا هۆکاری دروستبوونی کۆمەڵەئاخاوتنییەکانە؟ یان هۆکاری تریش هەیە؟ ئایا دەتوانین ئەوانەی بەیەك زمان قسەدەکەن، وەك زمانی ئینگلیزی بە هەموویان بڵێین ئەوانە قسەکەری زمانی ئینگلیزین لە هەر شوێنێکیش بژین، بە ئەندامی کۆمەڵگای ئینگلیزی ئەژماری بکەین؟ نەخێر وانییە، چونکە زۆر کەس هەیە کوردە و لە بەشی ئینگلیزی دەخوێنێت، بەڵام کوردانە هەڵسوکەوت دەکات و بە کورد دادەنرێت.

دوای ئەو ڕوونکردنەوەیەی سەرەوە، دەتوانرێت بگوترێـت، (هەموو کۆمەڵێك بە کۆمەڵ دانانرێت، ئەگەر هەموو ئەندامەکانی تێڕوانینێك، چالاکییەك، بیروڕایەکی هاوبەشیان نەبێت. قسەکردن تەنیا بریتی نییە لە ئەو دەنگانەی کە لە دەمی کەسێکەوە دەردەچن، بۆ نمونە کارەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان (مرۆڤەکان)دەنگی سروشتی و زگماکییەکانی وەکو هاوار، گریان، ناڵە، دەردەبڕن و واتاکەی دەزانن، زۆربەی کاتیش دەنگی تەلەفۆنی هاوڕێکانیان دەناسنەوە، بەبێ سیستێمێك فێریبوون یان شارەزاییبوون، بەڵکو بەمانای تایبەتی خۆیانەوە دەیانناسنەوە، وەك هاژەی ئاو، دەنگی سەگ، کەڵەشێر و.. هتد، بەپێچەوانەوە، کرداری گۆڕینی دەنگی مرۆڤ بۆ کۆمەڵێك هێما (هێمایی زمانی) کە هەمان واتای قسەکردنەکەیان هەیە، بۆ کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو پێویستی بە جۆرێك لە ڕێکەوتن هەیە، کە پەیوەستە بە سیستێمی هێماکانەوە بەشێوەیەك دەگونجێت خولی ئەم ڕێکەوتنە بگۆڕێت چ لەنێو یەك زماندا یان زمانەکانی تری جیهانیشدا)[٧٤] .

لێرەدا مەبەست ئەوەیە، مەرج نییە کەسێك هێما زمانییەکانی زمانێکی بەکارهێنا، پەیوەست بێت بە ئەو کۆمەڵەیەوە، بەڵکو گرنگە کە تاك جگە لەزانینی هێما زمانییەکان لە ڕووی بیر و بۆچوون و تێڕوانین و کلتورو بەهاو نەریت و..هتد، لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیەدا هاوبەشی هەبێت. لە ئەم ڕێگەیەیشەوە ئەندامانی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان هاوبەشی لە نێوانیاندا دروستدەبێت، بۆ نمونە ئەندامانی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان دەتوانن واتای وشە بەپێی مەبەست بگۆڕن. وەك وشەی {دەگونجێت} بە مەبەستی پێچەوانەکەی بەکاربهێنن، بۆ نمونە {دەگونجێت ئەو کارەی بۆ بکەن} مەبەست ئەوەیە {ناگونجێـت کارەکەی بۆ مەکەن}، یان بەکارهێنانی ڕەنگی جیاوازیی واژۆکان لە نێو فەرمانگە، دامەزراوەیەکاندا دەتوانرێت بۆ مەبەستی جیاواز(کردن یان نەکردنی کارێك) بەکاربهێنرێت.ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەندامانی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان پێویستە پێوەندی کۆمەڵایەتی دروستبکەن، بۆ ئەوەی هێما زمانییەکان فێرببن و بزانن چۆن و بۆ چ مەبەستێك و لە چ کاتێکدا بەکاریدەهێنن.

---

٧٤ - Morgan, Marcyliena, H (٢٠١٤:٢)

(کۆمەڵەکان بە بەکارهێنانی زاراوەی بۆشایی (بوار، شوێن، تێکەڵاوی و پێوەندیی بەستن، ئەزموونکردن) یان کۆبونەوەو یەکگرتنی ئەو زاراوانە پێکەوە پێناسە دەکرێن و جیادەکرێنەوە، کۆمەڵەئاخاوتنییەکان پێویستیان بە بوارێکی دیاریکراوو شوێنێکی دیارکراوو تێکەڵاوی پێوەندیکردن و ئەزمونکردنی کردارێك (شتێك) بۆ مەبەستێك لە لایەن کۆمەڵە کەسێکەوە هەیە، ئەوکات دەتوانرێت ناوی کۆمەڵەئاخاوتنییەکانی لێبنرێت، بەڵام دەکرێت بوارو شوێن و پێوەندییەکان لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر بگۆڕێت. لە کاتێکدا زاراوەی "کۆمەڵە" بەشێوەیەکی گشتی بەکاردێت، بۆ باسکردن و گەڕانەوە بۆ یەکەیەکی کۆمەڵایەتی، کە لە خێزان گەورەتربێت، سەرەڕای ئەوە دەگونجێت بە مەبەستی ئاماژەکردن بۆ کۆمەڵێکی نەتەوەیی، یان نێونەتەوەی بەکاربهێنرێت، کۆمەڵەی ئینتەرنێتی لەسەرهێڵ (ئۆنلاین)، کە تێیدا هەزاران ئەندام هەیە، لەوانەیشە پێشتر هیچ پێوەندیەکی بەریەککەتنو بینین یان بیستن لە نێوانیاندا نەبووبێت، بەڵام بە هۆی ئەم ناوەندەوە دەکرێت لە یەکتری نزیکببنەوە، کۆمەڵەئاخاوتنییەکان بۆ مەبەستێك، یان کەمپینێك بۆ پشتگیریی ڕوداوێك دروستبکەن و بیرورا بگۆڕنەوە. (ئەنتۆنی کۆهین) (Antony Cohen) پێیوایە، دەتوانرێت لەکۆمەڵەکان تێبگەین بە هۆی سنورەکانیانەوە، چونکە کۆمەڵەکان بە هۆی لەیەك نەچوون و جیاوازییەکانیانەوەلە یەکتری جیادەکرێنەوە، (ئەنتۆنی کۆهین) بۆ لێکدانەوەیەکی گونجاو سەبارەت بە ناساندنی کۆمەڵەئاخاوتنیەکان دوو پێشنیازی پەیوەست بەیەکتری بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەخاتەڕوو: ئەندامانی کۆمەڵی (ا) شتێکی هاوبەش لەنێو ئەم کۆمەڵەیەدا هەیە، کە ئەمان جیادەکاتەوە بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو لە ئەندامانی کۆمەڵەکانی تر کە (ب)یە.ئەوەی بنەڕەتییە بۆ (کۆمەڵ و ئاخاوتن) ئەوەیە کە سیستێمێکی پێوەندی هێمای هەیە، هەردوولا تێیدا هاوبەشن و ئەندامەکانیان فێریدەبن یان فێردەکرێن)[٧٥].

لێرەدا مەبەستی ئەوەیە، ئەندامەکانی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان لە خونەریت و زمانی کۆمەڵەکەیان بەئاگان، هەر لەبەرئەمەیشە کۆمەڵەئاخاوتنییەکان ڕێگەیەکن کە ئایدۆلۆژیاکانی زمان و ناسنامە کۆمەڵایەتیەکانی تێدا دروستدەبن، بۆ نمونە لە کاتی تەواوبوونی خوێندن لە زانکۆدا، لە ئەو ڕۆژەدا خوێندکاران بە جلوبەرگی ڕەش و کڵاوی ڕەشەوە ڕیزدەبن و بڕوانامەیان پێدەدرێت، بە هۆی ڕەنگی ملپێچەکەوە (زەرد، سەوز، قاوەی) ییەوە، بەشەکان لە یەکتری جیاکراونەتەوە، وێڕای ئەوە زۆربەیان هاوبەشن لەخاك و نەتەوەو ناسنامەدا، بەڵام هەر بەشێك لە ئەو بەشانە خاوەنی جیاوازییەکی زۆرن لە ئەو کاتەدا کە لە زمان و دەربڕاوو زاراوەی زانستیەکانیان وردبینەوە، بۆنمونە لە بەشی کوردیدا وشەیەکی وەك (بەرد) بە ئەم شێوەیە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت و لێیدەڕوانرێت {ناوە، گشتی یە، بەرهەستە "بەرجەستە"، ناولێنەر بۆ شتێك لە سروشتدا، ناسراوە}، بەڵام لە بەشی جیۆلۆجی(زەوی

---

٧٥ –Morgan, Marcyliena, H (٢٠١٤:٢)

ناسی) گرنگی بە جۆرو پێکهاتەو شێوە و قەبارەی بەرد دەدرێت و لە ئەم ڕووەوە لێیدەکۆڵرێتەوە و گرنگی زیاتری پێدەدرێت و بیری زیاتری لێدەکرێتەوە، ئەمەیش بیروبۆچونی دووبەش بۆ یەك وشە یان زاراوەیەك دەردەخات، کە جیاوازە.

وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، زیاتر لە تێڕوانینێك و بۆچوونێکی ڕەخنەیی لەسەر کۆمەڵەئاخاوتنییەکان هەیە، بەڵام ئێمە لەسەر دوو بیروبۆچوون بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان جەختدەکەینەوە. (**یەکەم:** زیاتر جەختدەخاتە سەر باسکردن و لێکدانەوەی تایبەتمەندیی و نیشانە زمانەوانییەکان و واتاییەکانی گفتوگۆکانی (کۆمەڵەئاخاوتنییەکان) کۆدەکرێتەوە، لە بەرانبەردا وەك پیشاندەری جێگری و نەگۆڕی ئەو کۆمەڵەئاخاوتنییە لێکدەدرێتەوە، بەهای بۆ دادەنرێت. **دووەم:** جەختدەخاتەسەر زمان و لێدوان (گوتار)، وەك ڕێگەیەك بۆ دەربڕینی ژیانی کۆمەڵایەتی، لە ئەم بارودۆخەدا جەختدەخرێتە سەر ئەوەی زمان چۆن بۆ دەربڕینی ئایدۆلۆژیا، بنیادنان و دروستکردنی پێوەندی و ناسنامە بەکاردەهێنرێت، هەرچەندە ئەم دوو بۆچوونە تەواوکەری یەکترین بەڵام هەندێك کاتیش دژ بە یەکتری دەوەستنەوە.)[٧٦]

**خاڵی یەکەم** لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا گرنگی و بەهایی خۆی هەیە، چونکە لە سەر زمان لێکۆڵینەوەکە ئەنجامدەدرێت، **خاڵی دووەمیش** دیدێکی کۆمەڵناسییە، کە گرنگی بە شیکردنەوەی پێوەندیی تاکەکان لەنێو کۆمەڵدا دەدات، هەردوو خاڵەکەیش بۆ ناساندن و پێناسەی ئەم زاراوە زمانییە گرنگن.

(لۆنارد بلومفێلد) (Lonard Bloomfeld) لە ساڵی (١٩٣٣)دا، کۆمەڵی ئاخاوتن پێناسە دەکات و دەڵێت: ((کۆمەڵێك لە خەڵکی دەگرێتەوە، کە پێوەندیان پێکەوە هەیە، بە هۆی ئاخاوتن و قسەکردنەوە کار لە یەکتردەکەن. کۆمەڵەئاخاوتنییەکان بە گرنگترین جۆری گرووپی کۆمەڵایەتی دادەنرێن))[٧٧]، لەسەر پێوەری هاوبەش بڕوای وایە، کە کۆمەڵەئاخاوتنییەکان ((ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە لە بەکارهێنانی سیستێمی هێماکانی ئاخاوتندا هاوبەشن یان چوونیەکن))[٧٨]. ئەم بیروڕایە ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، بەکارهێنانی یەك زمان و تێگەیشتن لەیەك زمان گرنگیی زیاتری هەبووە، بە هۆی ئەو داگیرکارییەیی کە شانشینی ئینگلیزی بە سەر میللەتانی تردا سەپاندویەتی، دەست بەسەردا گرتن هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی لە کاتی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیدا(ئەوانەی کەزمانی دایکیان ئینگلیزی نەبووە) گۆڕانی زمانی دەربکەوێت، ئەمەیش وایکردووە کۆمەڵەئاخاوتنییەکان لە زمانی ئینگلیزیدا زۆر بێت و لێکۆڵینەوەی تێیدابکرێت، بۆ نمونە کاتێك زمانی ئینگلیزی بەزۆر بەسەر ئانتیگوا (Antigua) سەپێندرا، یەکێك لە نوسەرەکانی ئەم ناوچەیە بەم

---

[٧٦] - Morgan, Marcyliena, H (٢٠١٤:٣)

[٧٧]– Bloomfield, L (١٩٣٣:٤٢)

[٧٨]– سەرچاوەی پێشوو (١٩٣٣: ٢٩)

شێوەیە بێزاری خۆی لەسەر زمانی داگیرکاری (ئینگلیزی) دەربڕیووە، ((ئەوەی کە من دەیبینم بریتییە لە: ملیۆنان خەڵکی، منیش یەکێکم لە ئەوان، کە هەتیو کراوین، هیچ وڵاتێکی (نیشتیمانێکی) دایك، هیچ خواوەندێك، هیچ گردۆڵکەیەکی خاکی پیرۆز، هیچ ئەندازەیەك لە خۆشەویستی کە ڕەنگە ببێتە هۆی بە هەندێك شت گەیشتن، لە هەمووی خراپترو بە ئازارتر ئەوەیە هیچ زمانێك نییە، ئایا شتێکی نامۆ نییە کە تاکە زمانێك بمەوێت بەکاریبهێنم بۆ باسکردنی ئەم تاوانە، زمانی ئەو تاوانباریە (مەبەستی زمانی ئینگلیزییە) کە تاوانەکەی ئەنجامداوە؟ زمانی تاوانبارەکە، تەنیا چاکەی کردەوەکانی تاوانبارەکەی هەیە)) [79].

ئەم بارودۆخەی "ئانتیگوا" ئەوە دەردەخات، زمانی هاوبەش مەرج نییە بۆ دروستبوونی کۆمەڵی ئاخاوتن پێویستبێت، هەرچەندە لە سەرەتادا وا تەماشا دەکرا، زمانی هاوبەش مەرجە بۆ ئەوەی کۆمەڵی ئاخاوتنی دروستببێت.

هەر لەئەم بارەیەوە لاینۆز (Lynos)ساڵی (١٩٧٠) ئەوەی سەلماند ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت، کەزمانی هاوبەش مەرجە بۆ دروستبوونی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان ڕاست نییە.

وێڕای ئەوەیش هەر وەك هۆردهاگ (Wardhaug)لە ساڵی(٢٠٠٥) ئاماژەی پێکردووە، کە زمانی ئینگلیزی لە کاتێکدا لە چەندین شوێنی جیاوازدا قسەپێدەکرێت (وەك، ئەفریقای باشور، کەنەدا، نیوزلەندا و..هتد) بەکاردەهێنرێت، ئەگەر چی ئەمانە بە زمانی ئینگلیزی قسەدەکەن، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەمانە کۆمەڵەئاخاوتنییەکانی "زمانی ئینگلیزی" دروستدەکەن، چونکە بە چەند ڕێگای جیاواز قسەدەکەن و لە یەکتریش دوورن. هەروەها (هۆردهاگ) ئاماژە بەخاڵێکی گرنگی تر دەکات، ئەویش ئەوەیە، ئەگەر کۆمەڵەئاخاوتنییەکان تەنیا لەسەر بنەمایەکی زمانەوانی پێناسەبکرێن، ئەوا ئەم پێناسەیە (تاوانباردەکرێت) توانج و پلاری لێدەگیرێت، بە ئەوەی کە داخراوە. واتە لە چوارچێوەیەکی داخراودا دەسوڕێتەوە. لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئەوەی پێناسەیەکی گونجاوو لەبار بۆ کۆمەڵەئاخاوتنییەکان بکرێت، ئەوکات نابێت تەنیا لەسەر بنەمای زمان بێت، بەڵکو دەبێت (حساب) بۆ هەندێ شتی تریش بکرێت) [80]، لێرەدا هۆردهاگ (Wardhaug) مەبەستی ئەوەیە، کاتێك شوێنی جوگرافیا و سنور جیاواز بوو، شێوازی دەربڕینیش جیاوازە، ئەوکات ناتوانرێت ئەو کۆمەڵە کە لە ڕووی سنور و شێواوی دەربڕینەوە جیاوازییان هەیە، بە یەك کۆمەڵەئاخاوتن تەماشا بکرێت، تەنیا لەبەر ئەوەی بە زمانی ئینگلیزی قسەدەکەن. هاوشانی ئەوەیش دەبێت لەچەند گۆشەنیگایەکەوە لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکان بڕوانرێت، ئەو کات پێناسەی بۆ بکرێت، لە زمانی کوردیشدا دیالێکتی ناوەڕاست–ئەکسێنتی سلێمانی لە ناوەندە فەرمییەکاندا بەکاردەهێنرێت (نوسین، ئاخاوتن)، بەڵام

---

[79] - Morgan, Marcyliena, H (٢٠١٤:٧)

[80] – Llamas, C , Mullany, L, and Stockwell, p (٢٠٠٧:٨٥)

مەرج نییە لە شوێنەکانی تر اخاوتن بە ئەکسێنتی سلێمانی بکرێت، بەڵام نوسینی فەرمی هەر وەك ناوەندە فەرمییەکانی سلێمانی دەکرێت.

سەرەڕای ئەوەی بیروڕاو و پێناسەکانی (لۆنارد بلومفێلد) بۆ کۆمەڵەئاخاوتنییەکان لە کاتی خۆیدا جێگەی بایەخبوون، بەڵام دوای ماوەیەك ڕەخنەی لێگیراوە، چونکە ئەو شوێنانەی بە زمانی ئینگلیزی قسەیان کردووە (بەسەریاندا سەپاوە) و زمانی بنەڕەتییان ئینگلیزی نەبووە، لە ئەو سەردەمەدا ئینگلیزەکان لەنێو کۆمەڵگەی ئینگلیزیدا جێیانکردوونەتەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردوون. ئەگەر تەماشای زمانی ئەو میللەتانە بکەین لە ئەو کاتەدا (بلومفێلد پێناسەی کۆمەڵەئاخاوتنییەکانی تێداکردووە)، لەلایەن بەریتانیاوە داگیرکراوە، زمانی ئینگلیزی بەسەر دانیشتوانی ولاتەکەیشدا سەپاندووە، بە ڕوونی هەست بەبێ زاری خەڵکەکە دەکەین، کە چۆن زمانی خۆیان وەك سەیوانێك (چەترێك) دەبینن، کە کۆیاندەکاتەوە، کاتێك سەیوانی زمانی خۆیان لەسەر هەڵگیراوەو زمانێکی تریان بەسەردا سەپاوە، بێزارییان دەربڕیووە.

ولیەم لابۆڤ (William labov) لەم بارەیەوە پێوایە ((کۆمەڵەئاخاوتنییەکان کاتێك دروستدەبێت، پێویست ناکات قسەکەران هەموویان ڕێکبکەون لەسەر ئەو زمانەی بەکاریدەهێنن، بەیەك شێوە (قسەبکەن) ئاخاوتنبکەن، بەڵکو پێویستە هەموویان لە سەر ئاکارو کردارە بنەڕەتیەکان ڕێکبکەون))[٨١].

(ولیەم لابۆڤ) لە ئەم هەڵسەنگاندنەدا ئەوە دەخاتەڕوو، کۆمەڵەئاخاوتنییەکان شێوازی تایبەت بە خۆیان هەیە لە دەربڕیندا، کۆمەڵێك هاوبەشی زۆریشی لە کارو ئەرکەکانیاندا هەیە، ئەمەیش تایبەتمەندی داوە بە شێوەی ئاخاوتنی ئەوکۆمەڵەیە. کۆمەڵەئاخاوتنییەکانیش بە هۆکارێکی سەرەکی بۆ گۆڕانی زمان دادەنێت. ئەم بیروڕایە(ولیەم لابۆڤ) گرنگی و بەهای خۆی لەنێو زانستی زماندا هەیە، بەڵام بە تەواوەتی ڕەزامەندی لەسەر بیروڕاکانی دەرنەبڕاوە.

پاشان(ولیەم لابۆڤ) لەلایەن (بریتەین وماتسمۆتۆ) (Matsumoto و Britain) ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەتەوە، ئەوان دەڵێن ((ولیەم لابۆڤ) لە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەیدا ئەو هاولاتییانەی کە بەڕاستی خەڵکی شاری نیویۆرك نەبوون، لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەرکردووە و ئەوانەی نەگرتووەتەوە. ئەمەیش دەبێتە هۆی شاردنەوەی هەندێك بنەڕەتی گۆڕانکاریی زمانەوانی، کە لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا

---

[٨١]– ولیەم لاپۆڤ لە لێکۆڵینەوەکەیدا، کە لە سەر دەنگی /r/ لە ساڵی (١٩٦٦) لە بەشی خوارەوەی ڕۆژهەڵاتی نیویۆرك کردوویەتی ئەوەی بۆ دەرکەوت، ،کۆمەڵەئاخاوتنییەکان هۆکاری ئەو گۆڕانە زمانییەن.ئەو دەنگە لە لایەن ،کۆمەڵەئاخاوتنییەکانەوە بە شێوەیەکی جیاواز دەخوێنرایەوە.ئەمەیش وەك هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بۆ گۆڕینی دەربڕینی زمانی (دەنگی) داناوە. بۆ زانیاری بڕوانە:

ا . Llamas, C , Mullany, L, and Stockwell, p (٢٠٠٧:٨٤)

ب. Labov,W (١٩٧٢:١)

ڕوویداوە))[٨٢]، ئەم بۆچوونە(بریتەین وماتسمۆتۆ) بۆچوونێکی زانستییە، چونکە کاتێك کەسێکی بێگانە زمانێکی دووەم فێردەبێت، لە ڕوانگەی دەنگسازییەوە لەگەڵ خەڵکی ڕەسەن و دانیشتوی ئەو(شار یان وڵات) شوێنەدا جیاوازیی هەیە، بۆنمونە کاتێك عەرەبێك زمانی کوردی فێردەبێت و قسەپێدەکات هەستی پێدەکرێت کە زمانی کوردیی زمانی ڕەسەنی نییە، چونکە سازگەی دروستبوونی دەنگەکانی زمانی کوردی گۆڕانی تێدادەکات و وەك کوردێك بە ئاسانی ناتوانێت دەربڕاوی زمانی کوردی دەرببڕێت، هاوکات کاتێك جێناوەکان بەکاردەهێنێت، زۆر بەلایەوە قورسەو هەڵەیان تێدادەکات.

هەر لە ئەم بارەیەوە (جۆرج یۆڵ) (George yule) بەئەم شێوەیە باسی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان دەکات ((کۆمەڵە ئاخاوتنییەکان لە کۆمەڵە خەڵکێك پێکدێت، کە لە بەکارهێنانی زماندا کۆمەڵێك بنەماو دابونەریت و بیرکردنەوەو پێشبینی هاوبەشیان هەیە))[٨٣]. ئەوەی لە ئەم پێناسەدا جەختکراوەتەسەری و گرنگە، ئەوەیە، کە کۆمەڵەئاخاوتنییەکان لەسەر بنەمای (دابونەریت، وشەو دەربڕاوی هاوبەش، بیرکردنەوەو ئامانجی هاوبەش، پێشبینی هاوبەش) دەتوانرێت سنورێك بۆ کۆمەڵەئاخاوتنییەکان دابنرێتو دیاریبکرێت، چونکە ئەگەر لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵەئاخاوتنییەکان بکەینو سنورداری نەکەین، ئاسان لێکۆڵینەوەکە ناکرێت، هەر بۆیە سنوردارکردنیش بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بەسودەو گرنگیی خۆی هەیە. کۆی پێناسەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە کۆمەڵەئاخاوتنییەکان دەکرێت لە ڕووی زمان و نەتەوەوە یەك بن، یان جیاوازبن بەڵام کۆمەڵێك بەرژەوەندی و ئامانج و ئامراز و هێڵی کاری هاوبەش و پێکەوە کۆیاندەکاتەوە.

سەرەڕای ئەوەی بیروڕاجیاوازەکانمان خستەڕوو، نابێ ئەوە لەبیربکەین کاتێك باسی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان دەکەین، ناتوانین خۆمان لە باسی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە دووربگرین، چونکە ئامرازی پێوەندیکردنیان زیاتر بەکارهێنانی زمانە، بۆیە ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەی لەنێو کورددا زیاتر بەکاردەهێنرێت بەکورتی لێیاندەدوێن.

[٨٢] - Llamas, C , Mullany, L, and Stockwell, p (٢٠٠٧:٨٥)
[٨٣] -Yule،G (٢٠٠٦:٨١)

## ٢-٢/٢) وێب سایتی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان

وێب سایتی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هێڵێکی لەسەرخەتە، لە ئەمڕۆدا تاڕادەیەك جێگەی ئاخاوتنی ڕاستەوخۆیان گرتووەتەوە. تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەربڕاوی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەم دەربڕاوانەیش تایبەتن بە ئەو کەسانەی لە ئەو تۆڕانەدا بەشداریدەکەن، بە هۆی گرنگی و کاریگەریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە دەربڕاوەکانیشی، لە بەشدارانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و لەنێو ڕاگەیاندنکاراندا دەبینرێت، واتە لە هەردوو شێوەکەی زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێن[٨٤].

بۆنمونە کاتێك لە وشەی (comment) وردەبینەوە، بەواتای( سەرنج، تێبینی، تعلیق)دێت. کاتێك لەبەرنامەی تەلەفزیۆنیدا پێشکەشکارەکە بە میوانەکان دەڵێت: دوا کۆمێنتی تۆ چییە؟ واتە دوا تێبینی و سەرنجی تۆ چییە؟ بەشداریکردن لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان مەرجی ئەوەیە، کەسەکە کەمێك خوێندەواریی هەبێت، ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانەیش (بوار بۆ بەکارهێنەرانی دەرەخسێنیت، کە کۆمەڵەی ڕاستی (بەردەست: کۆنکرێت) دروستبکەن و خولیاوو ئارەزوو و چالاکیەکانیان بڵاوبکەنەوە، لەگەڵ ئەو کەسانەی بیروبۆچوونیان چوونیەکە یان لە یەکترییەوە نزیکە، هەروەها خولیایی بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵاتییەکانی تریش دەدۆزرێنەوەو شارەزای لەسەریان بەدەستدەهێنرێت. وێب سایتەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە کتێبخانەیەکی ئامێرییەوە (مرۆیی نییە) بۆ ئەوە دەڕۆن، کە ببنە پەیجێك تاڕادەیەکی باش دەربڕی

---

٨٤– شێوازی (مۆدێلی) کارکردنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان چوارچێوەیەکی کار دەخاتەڕوو، بە بەراورد بە چوارچێوەی کارکردنی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان کەمتر ئەبستراکتە، واتە کارکردنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان زیاتر دیارە و بەردەستترە، سەرەڕای ئەوە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا زیاتر لە سەر ئەو پێوەندییانەی کە کاریگەری لەسەر ئاخاوتن دروستدەکات جەختدەکاتەوە. بۆیە دەتوانرێت بگوترێت شێوەیەکی پراکتیکی پێوە دیارە، بە واتای ئەوەی بەکارهێنانی زمانی ئاخاوتن لە ئەم تۆڕانەدا پێکهێنەرێکی سەرەکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە و گرنگە و جێگەی سەرنجە، لە ڕێگەی زمانی قسەکردنەوە جۆر وشێوازی پێوەندی (دووری و نزیکی) کەسەکان دیاریدەکرێت. هەروەها پێوەندی ئەوانەی لەنێو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا پێکەوە ئاخاوتن دەکەن، بەپێی جۆرو شێوازو زیاتر پێکەوەبوونیان لە چەند ڕوویەکەوە پێکەوە بەستراونەتەوە، بۆ نمونە بۆ ئەوەی جۆری پێوەندی کەسەکان دیارییبکرێت ئەوەیە کە ئایا پێوەندییەکی تاك لایەنە یان فرەلایەنە، دەبێت پێوەندێکە ئاشکراو دیاربێت، چونکە کاتێك پێوەندێکە بەفرەلایەن و نزیك دادەنرێت لە پێوەندییەك زیاتریان پێکەوە هەبێت، بۆ نمونە ئەگەر لە شوێنی کارکردن پێکەوەبوون، یان ئەندامی یەك خێزان بوون ئەوکات پێوەندییەکەیان بەفرەلایەن و نزیك دادەنرێت، لە ئەم کاتەیشدا کە پێوەندییەکەیان نزیك و فرەلایەنە، نۆرم و شێوازی زمانی نێوخۆی (داخراو یان بێپەردە) پێکەوە بە کاردەهێنن، ئەو کاتەیش پێوەندییەکەیان توندوتۆڵتر و زۆرتر دەبێت. ئەوانەیشی بە پێچەوانەی ئەمانەوە پێوەندیەکانیان دوورو و تاکلایەنەیە، زمانی ئاخاوتن و پێوەندیکرنیان ئەگەری گۆڕانکاری زمانی زیاتری لێدەکرێت، ئەمەیش بە هۆکاری بە هێزنەکردنی پێوەندییەکانیان و بە هێزنەکردنی نۆرمی قسەکردنی نێوانیانەوەیە. کارکردنی زانستی لە ئەم بوارەدا بۆ کارەکانی (میلۆری و گۆردن: ٢٠٠٣) دەگەڕێتەوە، لە ئەم بارەیەوە دەڵێن ((ئەم هۆکارانە: کۆچکردن، جەنگ، پیشەسازی، شارنشینی، بەشاریکردنی ناوچەکانی تر، وەك، گوندەکان و شارۆچکەکان، هۆکاری تێکدانی تۆڕی پێوەندییە نێوخۆی و داخراوەکانی کۆمەڵگان، واتە تا پێوەندییەکە بە هێزتر بێت تێکەڵاوی زیاتر دەبێت و ئەمەیش دەبێتە هۆی بە هێزی نۆرمی زمانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە پێچەوانەشەوە ڕاستە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Llamas, C , Mullany, L, and Stockwell, p (٢٠٠٧: ٨٧-٨٨)

کەسـایەتی و بیرکردنـەوەی کەسەبەشـداربووەکانی نێـو تۆڕەکۆمەڵایەتییـەکان بنـوێنن. هاوکـات تـۆڕی ئینتەرنێتی و ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی بۆ پێوەندی بەستنی جیاواز لـە لایـەن زۆربـەی خەڵکـەوە لـە جیهانـدا بـەکاردەهێنرێت و کارپێپێـدەکرێت، شـایەنی باسـکردنە ئـەم تـۆڕە کۆمەڵایەتییانـە وردەوردە ژمـارەی بەشداربووانی لە زۆربووندایەو گەشەی زۆریان بەخۆیانەوە بینیووە)[٨٥]. تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە نێو میللەتی کوردیشدا لە دوای چەند سالێك لـە ئـازادکردنی عێـراق لـە سـاڵی(٢٠٠٣)داو دروسـتبوونی حوکمـەتی نـوێی عێراقەوە گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیـووە، بەتایبـەت تـۆڕی کۆمەڵایـەتی فەیسبووك و تویتـەر لـەنێو کورددا ئێستا بەکارهێنەری باشیان هەیە. لێرەدا بە کورتی لە ئەم دوانە دەدوێن، چونکە ئەمانەیش کۆمەڵی ئاخاوتنیان دروستکردووە، شێوەی بەکارهێنانی زمانیش لە ئـەم تۆڕەکۆمەڵایەتیەیانـەدا تاڕادەیـەکی بـاش تایبەتمەندیی خۆی هەیە، وەك نمونەیـەك باسـی دوو لـە ئـەو تۆڕەکۆمەڵایەتیانـەی کـە زۆر بـەکاردەهێنرێن دەکەین.

### ٢/٢-٢-١) تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك (www.facebook.com)

ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییە، وەك وێبسایتێکی کۆمەڵایەتیی خۆڕایی (بێپارە، ئەگەر هێڵی ئەنتەرنێت هەبێت) لەسەرهێڵی ئینتەرنێتی ئەژماردەکرێت. بەکارهێنەرانی بە ئاسانی دەتوانن ناسنامەی خۆیان لەسەر ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە دروستبکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا دەتوانن وێنەو نوسینو ڤیدیۆ لەسەر فەیسبووك پۆستبکەن، لەگەڵ هاوڕێ و دۆست و نزیك و ناسراوەکانیاندا پێوەندی بکەن و بیروڕاکانیان ئاڵوگۆڕبکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا ((ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییە، لەسەرەتادا تەنیا بۆ پێوەنیکردنی خوێندکارانی زانکۆ بەکاردەهات، بەڵام دواتر پەرەیسەند هەرکەس ئیمێڵ و ناونیشانێکی هەبێت، دەتوانێت لە ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییەدا بەشداریبکات.))[٨٦].

---

[٨٥]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بێخاڵ لطیف محی الدین:(١٩:٢٠١٤) بکە، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی لە ئەو تێزەدا بەکارهاتوون.

[٨٦]- تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك لە لایەن مارك زوکەبێرگەوە (Mark Zuckerberg) لە ساڵی (٢٠٠٣) دا دروستکرا، ئێستایش لە بەڕێوبەرێتی فەیسبووك مارك لە بەرزترین پێگەدایە بیرۆکەی دروستکردنی فەیسبووك لە ئەو بەڵگە پرنتکراوانەوە سەرچاوەی گرتووە (face books)، کە دەدرایە خوێندکارانی قوناغی یەکەم، بۆ ئەوەی بتوانن ناوی هاوپۆلەکانیان ببەستنەوە بە دەموچاویانەوە، ئەو بەڵگە (فۆرمە) پرنتکراوانە وێنەو زانیاری سەرەکی خوێنکارانی تێدابوو، هەربۆیە بیرۆکەی دروستکردنی فەیسبووکیش بریتیبوو، لە دروستکردنی ڤێرژنێك(نوسخەیەك)ی پێوەندیکردنی ئۆنلاینی فەیسبووك.(بەڵگە پرنتکراوەکە) بەکەسەکان ڕێگەیدەدا، پرۆفایلی خۆیان دروستبکەن و نوێیبکەنەوەو ڕێکیبخەن. لێکۆڵەر باسی تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەرو مای سپەیس و فەیسبووکی کردووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:بێخاڵ لطیف محی الدین:(١٩:٢٠١٤).

له فەرهەنگی ماکمیلاندا وەك کردار ناوی فەیسبووکی بردووە، واتە لە پۆلەڕەگەزی کرداردا دایناوە، بە ئەم شێوەیە پێناسەی کردووە. فەیسبووك بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت کە ((کەسێك بیەوێت لە ڕێگەی فەیسبووکەوە پێوەندی بە کەسێکی ترەوە بکات، یان کەسێك بیەوێت لە ڕێگەی فەیسبووکەوە لە بارەی کەسێکەوە زانیاری وەربگرێت.))[٨٧] واتە فەیسبووك تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە، بۆ پێوەندیکردن و زانیاری وەرگرتن بەکاردەهێنرێت.

تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك هەندێك زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە، کە ئەندامانی نێو تۆڕەکە بەکاریدەهێنن، ئەم زاراوانە ئامادەن‌و ئەندامەکان دەتوانن لەیەکتری جیاییبکەنەوە. ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییە ئێستا لە تۆڕەکانی تر زیاتر بەکاردەهێنرێت و بەکارهێنەری زیاتری هەیە، بەشێوەیەك زمانی تایبەت بە خۆی هەیەو گفتوگۆکانیش زیاتر ناڕاستەوخۆیەو لە ڕێگەی نوسین و وێنەوە بیرورا دەگۆڕنەوە بەردەوامی بە پێوەندییەکانیان دەدەن، زیاتر ئەم دەربڕاوانەی لای خوارەوە بەکاردەهێرێت:

١. ئاد: (Add): بۆ هەڵبژاردنی بەکاردەهێنرێت، کاتێك پەنجەت بەئەمەدا نا، ڕیکوێستێك دەڕوات.
٢. ڕیکوێست:(Reques )لە ڕێگەی ناردنی ڕیکوێستەوە (ئەگەر پەسەندکرا) سەرەتای پێوەندیکرن و دروستبوونی هاوڕێیەتی دەستپێدەکات.
٣. کۆنفۆڕم (Confirm): کاتێك ڕیکۆیستێکت بۆ دێت، ئەگەر لەسەری ڕەزامەندبوونتدا، ئەو کات کۆنفۆڕمی دەکەیت. واتە ڕەزامەندبوون.
٤. لایك (Like): هاوڕابوون لەسەر(وێنە، ڤیدیۆ، نوسین و..هتد) بابەتێك، یان دژبوون، لە سەر بابەتێك دەگەیەنێت.
٥. پۆستکردن(Post): پۆستکردن نوسین و وێنەو ڤێدیۆو پرسیارو ڕاوەرگرتن و کەمپین دروستکردن دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر زاراوەی تر جگە لە ئەمانە هەیە و بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەمانە دەتوانین بڵێین سەرەکی و لە زاراوە گرنگەکانی نێو تۆڕی فەیسبووکن، زۆر زاراوەی تری بۆ بەکارهێنان هەیە.

سەرەڕای ئەم ڕوونکردناوەی سەرەوە، هەریەك لە ئەم زاراوانەی سەرەوە، واتای وردتر هەڵدەگرن، بەڵام سنوری باسەکە ڕێگە بە ئەو کارە نادات. هاوکات لەکاتی پۆستکردنیشدا لە ڕێگەی هەڵبژادنی زاراوەی (هەموو کەسێك، تەنیا هاوڕێیان، هاوڕێ نزیکەکان، خزمەکان، تەنیاخۆم و..هتد) سنور بۆ بینینی پۆستەکە دیارییبکرێت، لەڕێگەی نامە نوسین و ڤیدیۆشەوە لەنێو هاوڕێیاندا بیرورا ئاڵوگۆڕ دەکرێت، کەسی بەکارهێنەر لە ڕێگەی"Join" پەیوەستبوونەوە، دەتوانێت بە کۆمەڵی هاوڕێیانی تر بۆ گفتوگۆو بینینی چالاکیەکان بەشدارییبکات، بۆ نمونە بەشداریکردن لە کۆمەڵی دەروونناسان یان نوێبوونەوەی هزری ئیسلامی، ئەم دوو کۆمەڵەیە

[٨٧] http://www.macmillandictionary.com/dictionary/british/facebook

نمونەی ئەو کۆمەڵانەن دەتوانرێت پەیوەستبێت و بەشداربێت لە کۆمەڵەکەیاندا بە مەرجێك ئەو کەسە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا ئەندام بێت. کاتێك کەسێك چالاك نەبێت وێنەکەی لای هاوڕێیانی سپیدەبێتەوە، چالاکییەکەیش بە چالاکبوون و بەکارهێنانی (لایك و کۆمێنت و نوسین و پۆستکردن) هەیە، واتە ئەندامانی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان پێویستی بەچالاکی کارەکی هەیە بۆ ئەوەی بەردەوامی هەبێت.

## ٢/٢-٢-٢) تویتەر (wwwww.twitter.com)

ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییەیش لە نێو کورددا بەکاردەهێنرێت، بەڵام وەك فەیسبووك بەربڵاو نییە، (لە لایەن جاك درۆسی(Jac Dorsey) و بێزستۆن (Biz Stone) و ئیڤان ولیامز (Evan willams)ەوە، دروستکراوە.ئەم خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە بەکارهێنەرانی ڕێگەیان پێدەدات، ناسنامەی لەسەرهێڵ (online) دروستبکەن، لەسەر ئەم تۆڕە پێوەندی بکەن و لە سەرخەت بمێننەوە لە ڕێگەی پۆستکردن و نووسینی نامەوە زانیاری لەسەر ژیان و ئارەزووەکانیان بخەنەڕوو. ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییە لە لایەن شارەزایانی بواری ئینتەرنێتەوە، وەکو (کورتە نامەی ئینتەرنێت)ی باسدەکرێتو ژمارەی ئەو وشانەی بە نامەیەکدا دەتوانی بینێریت (١٤٠) وشەیە یان هەندێك کات کەمتریشە لە ئەو ژمارەیە[٨٨]، لە ئەم ڕێگەوە درێژە بە گفتوگۆ ئالگۆڕکردنی بیروڕاکان دەدەن.

---

٨٨- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کتێبە ئەلیکترۆنییەکان و پێوەندییە ئەلیکترۆنییەکان، لە جیهاندا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، چونکە جێگەی بە زۆرێك لە پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەقکردووە، بەشێوەیەك وەك ناوەندی فەرمی ( خوێندنگە و زانکۆ و..هتد) بەکاردێت بۆ پرۆسەی فێربوون. لە نێو کوردەواریشدا سەرنجی لێکۆڵەران و ئەکادیمیانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی تێدا بکەن، یەکێك لە ئەو کارانەی لە زمانی کوردیدا کراوە بریتییە لە: لەتێزێ دکتۆرای بێخاڵ لەتیف محی الدین، بە ناوی (تێڕوانینی کارلێککەرانە بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەك زمانێکی بێگانە لە ڕیگەی ئینتەرنێتەوە: توێژینەوەیەکی تایبەتە بە وێب سایتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییە پەیوەندی دارەکان) ئەم تێزە گەرچی بە زمانی ئینگلیزییە، بەڵام هەوڵێکە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی ورد و بابەتیانە بۆ خستنەڕووی ئاستی زانستی خوێندکاران، دوای بەشداریکردنیان لە کۆرسێکی شەش هەفتەیی کە پلات فۆرمی فەیسبووك بەکارهاتووە، بە بەکارهێنانی وێب سایتەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان - پلات فۆڕمی فەیسبووك لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئەوە دەردەخات کە بەشداربووەکان، واتە ئەو (٤٠) خوێندکارەی لە ئەم کارەدا بەشداربوون، گەشەسەندنێکی بەرچاویان لە فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا بە تایبەت ئیدیەمەکان بەخۆوەبینییەوە. لە ئەم تێزەدا باسی سێ جۆر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە وەك:(مای سبیەیس ، فەیسبووك و تویتەر) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بێخاڵ لطیف محی الدین: (١، ١٩-٢٢).

له فەرهەنگی ماکمیلاندا " زاراوەی تویتەر"ی بە دوو شێوە پێناسە کراوە، ((کاتێك باڵندە کۆچ دەکەن، بە دەنگێکی بەرز دەخوێنن وەك جریوەجریوی چۆلەکەیە، "تویتەر": بەواتای ئەو دەنگە دێت، یان وشەی "تویتەر"، بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت کاتێك کەسێك بە شێوەیەکی نافەرمی باس لە بابەتێکی ئاسایی، یان لاوەکی بکات.))[89].

هەر لە بارەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە وینگەر(Wenger) سەرەتا لە ڕوانگەی سێ دوورییەوە (جەمسەرییوە) پێناسەی کۆمەڵە پراکتیکییەکان"مەبەست لە تۆڕەکۆمەڵاتییەکانە" دەکات، بۆ دروستبوونی کۆمەڵی پراکتێکی پێویستە ئەم مەرجانە هەبن ((بەشداری دوولایەن، پرۆژەیەکی تاوتوێکراو، توانای هاوبەش، پاشان بیروڕاکانی بە چواردە خاڵ ڕوونتر دەکاتەوە، نمونەی کۆمەڵی پراکیتیکی وەك "تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان" ئەم تۆڕانە ئەوانەی بەکاریدەهێنن، بەشێوەیەکی پراکتیکی لەسەری کاردەکەن، بەڵام ئەوانەی دروستی دەکەن بەشێوەیەکی تیۆری کاری لەسەر دەکەن، کەمێك خوێندەواری پێویستە بۆ ئەوەی لەنێو ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانەدا بەشداریبکەیت)) [90].واتە ئەم خاڵانەی خوارەوە دوای باسکردنی مەرجی دروستبوون و پێناسەکردنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، وینگەر(wengar)[91] ئەم چواردە خاڵەی خوارەوەی دیاریکردووە، کە وەك دەرکەوتەیەکە کە تۆڕەکۆمەڵاتییەکان دروستی کردوون و لە ڕێگەی ئەم خاڵانەوە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و تایبەتمەندییەکانی پێوەندییەکان زیاتر ڕووندەبێتەوە، بە شێوەکی ناڕاستەوخۆیش لە ڕێگەی ئەم خاڵانەوە جیاوازیی لە نێوان کۆمەڵەئاخاوتنییەکان و تۆڕەکۆمەڵاتییەکان دەتوانرێت تا ڕادەیەکی باش دەربخرێت.

١. لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا پێوەندییەکی دوولایەن دروست دەبێت، پێوەندێکە پڕخۆشی و ئاشتییە، یان پڕ کێشەو ململانیەیە.

٢. هەبوونی ڕێگەیەکی هاوبەش بۆ بەشداریکردن و ئەنجامدانی شتەکان (کردەوەکان) پێکەوە.

٣. گەشەکردنێکی خێرای زانیاری و بانگەشەکردن بۆ بەرەوپێشچوون.

٤. نەبوونی پێشەکییەکی ڕوونکردنەوە، وەك ئەوەی بڵێیی بەستنی پێوەندیەکان و گفتوگۆکردن، پرۆسەیەکی ڕابردووە و بەردەوامی پێدەدەن.

٥. گرفتەکان بە خێرای تاوتوێدەکەن و چارەسەری بەپەلەی بۆ دادەنێن.

٦. لە نێو بەشداربوواندا تێکەڵبونێکی خێرا بەرچاو دەکەوێت.

٧. زانیاریی وەرگرتن لەسەر ئەوەی کە ئەوانی تر ئەزانن چی بکەن و لە توانایاندایە چی بکەن، لە پرۆژەیەکدا گرنگیان چییە.

[89]-http://www.macmillandictionary.com/dictionary/british/twitter

[90]– Llamas, C , Mullany, L, and Stockwell, p (٢٠٠٧: ٨٧-٨٩)

[91] - سەرچاوەی پێشوو

٨. له سەر ناوو ناسنامەی یەکتری قسەدەکەن و وەسفی یەکتریدەدەن.
٩. توانای هەڵسەنگاندنی ڕاست و دروستی بەرهەم و چالاکییەکانیان هەیە.
١٠. ئامێری پیشاندان و دیاری کراو کاریگەری تریان بۆ پێوەندیکردن هەیە.
١١. وانەی ناوخۆی، چیرۆکی هاوبەش و نوکتەو بەدەنگی بەرز پێکەنینیان هەیە.(قاقالێدان).
١٢. زمانی تایبەت و وشەی کورت بۆ پێوەندیکردن بەکاردەهێنن، هەروەها توانای دروستکردنی وشەو دەربڕاوی تایبەتیان هەیە، کە تەنیا ئەو کۆمەڵەیە لێیتێدەگەن.
١٣. شێوازی دیاریکراویان هەیە، ئەوانەی ئەندامی ئەو کۆمەڵەیەن دەریاندەخات.
١٤. وشە و دەربڕینی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە ڕەنگدانەوەی تێڕوانینێکی تایبەتە دەربارەی جیهان و دەوروبەر.[٩٢]

دوودیویی زمانیە لە نێو تۆڕەکۆمەڵاتییەکاندا لە (فەیسبووك، تویتەر..) دەبینرێت، کە دەکرێت لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی تێدا بکرێت، چونکە لە نێویدا کۆمەڵە ئاخاوتنی ئەلیکترۆنی (نوسراو، گوتراو، بینراو)هەیە، بەڵام لەبەر سنورداریی باسەکە ئەو تەوەرەیە باسناکرێت و لێکۆڵینەوەی تێدا ناکرێت.

دوای باسکردنی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، جۆرەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، پێناسەکردنیان ئەوە بەدیکرا، هاوبەشی و جیاوازیی لە نێوانیاندا هەیە. هاوکات لە گۆشەنیگای جیاوازو لە ژینگەی جیاوازەوە پێناسەی (کۆمەڵی ئاخاوتنییەکان) کراوە، ئەمەیش ڕێگە خۆشدەکات بۆ ئەوەی زیاتر لە یەك پێناسە بۆ ئەم بابەتە بکرێت. جیاوازیی کلتورو نەتەوەو زمان و پێداویستییەکانی ژیان وا دەکەن، شێوازی بیروڕای جیاواز بێنێتەئاراوە. بۆیە بەپێویستی دەزانین، کە کورتەی پێناسەکانی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان، کە لە پێناسەکانەوە هەڵهێنجراون لە ئەم چەند خاڵەدا بخرێنەڕوو:

١.کۆمەڵەئاخاوتنییەکان، لە هەموو زمانە کاراکانی نێو ژیاندا هەیە، مەرجی دروستبوون و بەردەوامی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان بریتییە: لەئەوەی تاکەکان لەگەڵ یەکتریدا بگونجێن و پێکەوەبن، لەگەڵ ئەوەیشدا پەرە بە پێوەندییەکانیان بدەن، وێڕای ئەوەیش هەستی هاوبەش بۆ بە ئەندام بوون گرنگە، زمانیش لە هەموو کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا، وەك ئامرازێکی گرنگ بەکاردەهێنرێت.

٢. کۆمەڵەئاخاوتنییەکان، بە هۆی کۆبونەوەی (مرۆڤەکانەوە) کەسەکانەوە دروست دەبن، هەندێك کات کۆبوونەوە لە شوێنێکدایەو هەندێك کات لە سەر تۆڕی ئینتەرنێتە. ئەمەیش بە کۆمەڵەئاخاوتنییەکان دادەنرێن، ئەگەر هاتوو لە گۆشەنیگای ئاخاوتن، یان قسەکردنەوە لە کۆمەڵەکەمان کۆڵییەوە. هاوکات بەکارهێنانی زمان بەپێی مەبەست و بەکارهێنانی زمان لە هەردوو کۆمەڵەکەدا (ئەنتەرنێت و ئاسایی)جیاوازە، بۆنمونە کاتێك ڕووبەڕوو کەسێك پێدەکەنێت، بە هۆی

[٩٢] - Llamas, C , Mullany, L, and Stockwell, p (٢٠٠٧: ٨٧-٨٩)

دەنگی پێکەنینەکەوە هەستی پێدەکەین، بەڵام لە نێو تۆڕی ئینتەرنێت (فەیسبووک)دا، کاتێك بابەتێکی نوسراو یان وێنە یان ڤیدیۆیەك شیاوی ئەوە بێت پێکەنین پێی، بە نوسین ئەو هەستە دەردەبڕێت، وەك (هههههه، یان hhhhhh) تا پیتەکان زۆربێـت ماوەی پێکەنینەکەیش زیاترە.

٣. کۆمەڵەئاخاوتنییەکان، کۆمەڵێك پێشبینی و بیرکردنەوەو کردەوەو کاری هاوبەش بەپێی پێویست لە نێوانیاندا/ لەنێوان کۆمەڵەکەدا هەیە.

٤. هەر کۆمەڵێکی ئاخاوتن ناوێکی هەیە، ئەگەری هەیە لە کاتی قسەکردنی ئەندامێکی کۆمەڵەکەدا پێشبینی ناوی ،کۆمەڵەئاخاوتنییەکان بزانرێت.

٥. کۆمەڵەئاخاوتنییەکان، هۆکارێکە بۆ دەربڕینی دەنگ و گۆڕان لە زماندا، هاوکات لە هەندێك کۆمەڵدا ئەندامبوون ئاسانەو لە هەندێکی تریشدا کارێکی گرانە.

٦. هەر کۆمەڵێك لەنێویدا هەندێك وشەو دەربڕاوی هەیە، ئەگەری ئەوە هەیە زیاتر دووپاتبکرێتەوە، واتە چالاکترە. هەر یەك لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکان خاوەن ئاماژەی نازمانی تایبەت بە خۆیانن.

٧. لە کاتی ناوهێنانی هەر کۆمەڵێکی ئاخاوتنی ناسراودا کۆمەڵێك ئەدگارو وشە و دەربڕاو بە بیردا دێت، وێڕای ئەوەیش ئاشکرایە، هەر کۆمەڵە ئاخاوتنییەك گەنجی وشەی تایبەت بە خۆی هەیە، تا ڕادەیەك جیاوازە لە کۆمەڵێکی تر، زۆربەی کاتیش تا ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان زیاتر بێت، ئەگەری گۆڕانی زمانی زیاتر دەبێت، چونکە تا ئەندامەکان لە ڕووی ژمارەوە زۆرتربێت، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێدەچێت کەمتر ببێتەوە.

### ٣-٢/٢) دابەشکردنی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان

لە کاتی لێکۆڵینەوەی زانستیدا شێوازی دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ یەکەی بچووکتر بە چەند ڕێگایەك کراوە. یەکێك لە ئەو ڕێگایانە بەپێی بواری کارگێڕییە. ئەم شێوازە، ئەگەر چی دابەشکردنێکی تا ڕادەیەك ڕوون و ئاشکرات پێدەدات، بەڵام مەرج نییە تەواو ڕاست و دروست بێت، چونکە دەکرێت کەسێك پیشەکەی لە ئاستی خوارەوەی پلە بەندیدا بێت، بەڵام باری دارایی باشتر بێت. هەندێك کات لەسەر تەمەن ئەم دابەشکردنە کراوە (منداڵ، مێردمنداڵ، گەنج، پیر )، یان بەسەر توخمی کەسەکاندا (نێر، مێ)، یان بە هۆی پیشەکانەوە(دکتۆر، مامۆستا، ئەندامانی پەرلەمان و مامۆستایانی ئاینی) کۆمەڵگا بۆ کۆمەڵی بچوکتر دابەشیانکردووە، هەریەك لە ئەو کۆمەڵانە، کۆمەڵێکی ئاخاوتنی (بچووك، یان گەورە) لە نێو کۆمەڵگادا پێکدەهێنن.

(یەکێك لە ئەو زمانانەی بۆ یەکەمجار لێکۆڵینەوەی تێدا کراوە و هۆکاری چینە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا لەبەرچاو گیراوە، بۆ دانانی نەخشە(ئەتڵەس)ی زمانەوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا لە ساڵی (١٩٣٠)دا دەستی پێکرد، لێکۆڵینەوەکە چوارچێوەی بۆ زۆرێك لە دیالێکتە کۆنەکان دروستکرد و دەریخست. هەر چۆنێك بێت لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەدا بنەڕەتی بەشی (نیوئینگلاند) ڕوماڵکرا و دەرکەوت، بۆ وەرگرتنی نمونەکانیان لە فرەجۆری چینەکۆمەڵایەتییەکان نمونەیان وەرگرتووە، دواتر پۆل و گروپی جیاوازیان دیاریکردووە، لە ئەم ڕوانگەیشەوە فرەجۆری زمان گرنگیی خۆی پەیدا کرد)[٩٣].

بۆ ئەم لێکۆڵینەوە مەیدانییە کۆمەڵێك کەس (بە لیژنەی لێکۆڵینەوەکەوە) پێوەندیان کرد، هەندێکیان نەخوێندەوار بوون، بۆیە هەندێك جار ناڕوونی دەخستە نێو کارەکەیانەوە. هەندێکی تریان (لەخەڵکەکە) لەشوێنی جوگرافیای ترەوە هاتبوون، لە ئەم بارەیەوە هەندێك گرفتیان بۆ دروست بوو، بە هۆی جیاوازیی دەربڕین و کلتوری جیاوازەوە، لە ڕێگەی فرەجۆری زمانییەوە داتای گرنگ و جیاوازیان کۆکردەوە. ئەمەیش گرنگی و بەهای خۆی هەبوو، بۆ ئەم مەبەستەیش لە کارەکەیاندا لێکۆڵەرە مەیدانییەکان سێ کۆمەڵیان دیاریکرد.

**یەکەم جۆر:** ئاستی خوێندەواری نزم، توانایی خوێندنەوەیان باش نەبوو، پێوەندییەکانیان لەگەڵ دەوربەردا دیاریکرابوو، واتە: هێڵی پێوەندییان فراوان نەبوو.

**دووەم جۆر:** ئاستی خوێندەوارییان باشتر بوو، لە ئاستی ناوەندیدا بوون، پێوەندیی کۆمەڵاتییەکانیان تاڕادەیەك باشتر بوو.

---

٩٣ – Chambers J.K. and Trudgill Peter،C (٢٠٠٤:٤٤)

(ب). بۆ زانیاری لەسەر فرەجۆری تەماشای بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە بکە.

**سێیەم جۆر:** ئاستی خوێندەوارییان بەرز بووە، زۆربەیان لە نێو زانکۆدا بوون، ئاستی خوێندنەوە و پێوەندیی کۆمەڵایەتییان بە هێزبووە، لەلێکۆڵینەوە مەیدانییەکەدا لە دوو پلەی تەمەندا زانیارییەکانیان کۆکردووەتەوە ئەویش بریتی بوو لە: بەتەمەنەکان "پیر"، ئەوانەی، کە تێڕوانینیان کۆنە پارێز بوو، لەگەڵ تەمەن مامناوەندەکان، ئەوانەی کە تێڕوانینیان هاوچەرخ بوو[٩٤].

هەر لە ئەم بارەیەوە و بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی لە بەریتانیا ئامادەکرا بۆ پلانی دابەشکردنی چینەکانی نێو کۆمەڵ لە ساڵی (١٩٩٧)دا بوو، وەك نەریتێکی دووبارە کۆمەڵەکان بەپێی کار و پیشەکانیان لە یەکتری جیاکرانەوە، وەك پێناسەیەکی نوێ (بۆ ئەوسەردەمە) بۆ دابەشکردنی کۆمەڵ و چینەکانی کۆمەڵگا دادەنرێت. هاوکات بەپێی هەردوو چینی (هەژار و دەوڵەمەند)، یان چینی خوارەوە و سەرەوە، لە ناوەندی فەرمییەوە ئەم دابەشکردنە کراوە[٩٥] . وەك دەبینین جارێکی تر خەڵکی بە پێی کارەکانیان پلەبەند کراون، لە سەر ئەو بنەمایەی چ کارێك دەکەن، ئالۆزییەك لە پشتبەستن و سووربوون لە سەر دابەشکردنی چینەکانی کۆمەڵگا لە ڕوانگەی پیشەکانیانەوە کاتێك گرێدراوە بەباری ئابوورییەوە، بەدیدەکرێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و چینایەتی تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندیی نییە بە درێژای ئەو شوێن و ناوچانەی خێزانەکان تێیدا نیشتەجێن، ئەمەیش پێوەندیی هەیە بە ئەو دەستکەوت و ماڵ و داراییەوە کە لە کارەکانیدا دەستیاندەکەوێت، زۆربەی کاتیش پیشەکان پێوەندیان هەیە بە ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و بڕوانامەوە، ئەمەیش بە لایەنێکی گرنگ لە پێناسەکردن و دابەشکردنی چینەکانی کۆمەڵایەتیدا دادەنرێت. وێڕای ئەوەیش کاتێك لێکۆڵینەوە لە دیالێکتەکان دەستی پێکردووە، بۆ جیاکردنەوە و دیاریکردنی دیالێکتی ناوچەکان بەپێی چەند ئاستێك داتایی زمانیان وەرگرتووە. ئەوەی ڕەچاوکراوە پیشە و خوێندەواری و ئاستی تەمەنە، ئەمانەیش لە ئەو بنەما بنەڕەتیانەن، بەکارهێنانی زمان لە لایەن مرۆڤەوە دەگۆڕن، لە ئەم لێکۆڵینەوەدا بە پێی پێویست سوود لە ئەم دابەشکردنانە دەبینرێن.

---

[٩٤]- Chambers J.K. and Trudgill, P(٢٠٠٤:٢٩)

[٩٥]– یەکێك لە ئەو دابەشکراوانەی کراوە، چینەکانیان بەپێی پلەبەندی لە بواری کارێگریدا کراوە. کۆمەڵی ئەو وڵاتەیان دابەشکردووە بۆ هەشت چین، لە بەرزترین چینی کارگێرییەوە (پسپۆر و شارەزاکان وەك پرۆفیسۆر تا ئەو کەسانەی دانەمەزراون) کە بە نزمترین چین دانراوە، بەڵام ئەوەی تێبینی لە ئەم دابەشکردنەدا دەکرێت کۆمەڵگا بۆ سەر (**هەشت چین**) لە سەر بنەمای ئەوەیە کێ پارەی زۆرتری دەست بکەوێت لە نێو چینە بەرزەکاندایە، لە کاتێکدا لە چینێکی وەك ئەوانەی "وەستا یان پسپۆرن" لە بواری بۆری ئاو داناندا لە (چینی پێنجەم)ن، بەڵام پێدەچێت لە ڕووی ئابوورییەوە لە کۆمەڵی یەکەم، یان دووەم نزیك بێتەوە. بۆیە ئەم دابەشکردنە گرفتی تێدایە بە تەواوەتی ڕاستییەکی زانستی نەپێکاوە. هاوکات ئەم بۆ چوونە لە لایەن (دەیڤد وەڵکەر) ڕەخنەی لێگراوە، دواتر (دەیڤد وەڵکەر) دابەشکردنی چینەکانی نێوبەریتانیا باس دەکات، بە شێوەیەك کە شیاوترە لە ئەو دابەشکردنەی سەرەوە، ئەمیش کۆمەڵگا بۆ حەوت چین دابەشدەکات، بۆ زانیاری زیاتر .بۆ زیاتر بڕوانە:

Jason، Jones et al، J (٢٠٠٤:١٤٦-١٤٨)

## ٢/٢-٣-١) دابەشكردنی كۆمەڵەئاخاوتنییەكان لە ڕوانگەی كۆزمانییەوە

كاتێك وشەی دابەشكردن بەرگوێمان دەكەوێت، كۆمەڵێكی گەورە "شت/ كەس" دێتەبەرچاومان بۆ ئەوەی بەش بەشی بكەین. لێرەدا ئەو كۆمەڵە كەرەستە نییە بەڵكو مرۆڤە، هەموو مرۆڤەكانیش پێكەوە تەواوكەری یەكترین و هەریەك لە لایەكەوە دەتوانێت كۆمەڵێك پێداویستی بۆ كۆمەڵی مرۆڤایەتی دابینبكات. پێش ئەوەی باسی دابەشكردن بكەین سەرەتا شێوازی دروستبوونی كۆمەڵ و بنەماكانی دروستبوونی كۆمەڵ دەخەینەڕوو و پاشان شیكردنەوەی بۆ دەكەین. كۆمەڵ لەسەر ئەم بنەمایانە دروست دەبێت، هەر بنەمایەك زاراوەیەكی زانستی بۆ دانراوە، ڕوونكردنەوەی زاراوەكان بە كورتی كارئاسانی باشمان بۆ دەكات، لە بەرئەوە زاراوەكان ڕووندەكەینەوە[٩٦]:

ا. بە یەكگەشتنی كۆمەڵایەتی

ب. كارلێكی كۆمەڵایەتی

پ. پێوەندیی كۆمەڵایەتی

بە هۆی ئەم بنەمایانەوە كۆمەڵەئاخاوتنییەكان بەشێوەیەكی گشتی دروستدەبن. هەر لە ڕوانگەی كۆمەڵناسییەوە، پسپۆڕی ئەم بوارە زانای ئەمریكی كولی (cooley) (١٨٦٤-١٩٢٩) بەشێوەیەكی

---

[٩٦]-بە كورتی پێناسەی هەریەك لە ئەو زاراوانە دەكەین، چونكە بنەمایەكە بۆ ئەوەی كۆمەڵەئاخاوتنییەكان دروستبێت:

ا..**<u>بەیەكگەشتنی كۆمەڵایەتی</u>** ( Social Communication) : پرۆسەی گواستنەوەی ماناكانە، بە بەكارهێنانی هێماكان لە تاكێكەوە بۆ تاكێكی تر، یان بریتییەلە: كرداری گواستنەوەی زانیارییەكانی نێوان نێرەر و وەرگر بە شێوەی قسەكردن، یان نووسین، كولی (Cooly) پێناسەیەكی بەیەكگەشتنی كۆمەڵایەتی دەكات و دەڵێت:بریتییە لە ئەو میكانیزمەی پێوەندییە مرۆیەكانی تێدا دروستدەبێت، هەموو هێما زمانییەكان پێكەوە (داهێنانی ئامێری ژێرییەكانی گەیاندن هەریەكەیان هێمایەكی زمانیان بۆ دانراوە ناوی لێنراوە) لە گەڵ ئامڕازەكانی گواستنەوەدا بەپێی شوێن و مانەوەیان لە كاتدا گەشەدەكەن، لە نمونەی ئەو هێمایانەیش (سیماكانی دەموچاو، ئاوازە دەنگییەكان، تەلەفۆن، نووسین).

ب. **<u>كارلێكی كۆمەڵایەتی</u>**(Social interaction): بریتییەلە: هەر پێوەندییەكی نێوان تاكەكان یان گروپەكان لەگەڵ یەكتریدا، یان پێوەندی نێوان تاك و كۆمەڵەكانە، كە بەهۆی ئەو پێوەندییەوە گۆڕان لە ڕەفتاری هەردولادا ڕوودەدات. (سوركون) زیاتر ئەم زاراوەیە ڕووندەكاتەوە و دەڵێت: كارلێكی كۆمەڵایەتی هەر ڕووداوێك، لایەنێك كاریگەری دەكاتە سەر كردارە دیارەكانی لایەنێكی تر.

پ. **<u>پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكان</u>** (Social reationship): لە كاتی بەیەكترگەشتن و كارلێكردنی نێوان كۆمەڵەكان پێوەندی ئاڵوگۆڕ دروستدەبێت، ئەم پێوەندییەیش پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی پێدەوترێت ، وەك دەبینین كۆی پێناسەكانی ئەم زاراوانە لە گۆشەنیگایی (بەیەگشتن و كارلێك و پێوەندیی) نێوان دووكەسەوە لەگەڵ یەكتریڤن یان لە گەڵ كۆمەڵەكەیان پێناسەكراوە، بەڵام ئێمە گرنگی بە دەربڕاوەكانیان دەدەین لە كاتی بەیەكگەشتندا كارلێك دروستدەكات و پێوەندییەكان لە نێو كۆمەڵەكەدا بەردەوام دەكات، لێرەدا زانستی كۆمەڵناسی و زانستی زمانی كۆمەڵایەتی جیاوازییەكەیان بە شێوەیەكی ڕێژەیی دەردەكەوێت، چونكە زانستی كۆمەڵناسی گرنگی بە شیكردنەوە و تێگەیشتنی پێوەندییەكان و باشتركردنی پێوەندییەكانو لایەنی باش و خراپی دیاردەكە دەدات، بەڵام لە زانستی زمانی كۆمەڵایەتیدا گرنگی بە ئەو دەربڕاوانە دەدات لە كاتی بەیەگشتن و كارەكەیاندا بەكاریدەهێنن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: تابان خالد احمد (٢٠١٠: ٥-٧) .

گشتی دوو جۆر گروپ دیاریدەکات[٩٧]، یەکیان بە ناوی "گروپە سەرەتاییەکان"(Primary group)، ئەم گروپە بەشێوەیەك جیادەکرێنەوە پێوەندییەکانیان ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕووە، نمونەی ئەم جۆرە گروپە وەك "خێزان"، کە منداڵ (شێوەیی ئاسایی) ئاخاوتنی تێدا فێردەبێت. کۆلی(cooly) جۆری دووەمی ناوناوە "دووەمین گروپەکان"(Secondary group)، ئەم گروپەیش بە پێچەوانەی گروپە سەرەتاییەکانەوە پێوەندییەکان لە نێویاندا ناڕاستەوخۆ و فەرمین و لە نێو ئەندامەکانیشدا هاوکاریکردن دیاریکراوە، زمانی ئەم گروپەیش بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە ئەوی تر جیاوازە. "گروپی بازرگانی". نمونەی ئەم جۆرە گروپەیە.

دوای ئالۆزبوونی ژیان و فراوانبوونی شارستانییەت لە گۆشەنیگای بواری کارگێڕییەوە، لە سەر بنەمایی پاپەندبوون بە یاساوە کۆمەڵەو گروپەکان بەشێوەیەکی جیاوازتر تەماشایانکراوە و بۆ دوو شێوە گروپ دابەشکراون.[٩٨]

**یەکەم:** گروپی فەرمی (formal group): ئەم گروپە لە نێو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو و تایبەت دروستکران/ دروستدەکرێن، نمونەی ئەم جۆرە وەك (ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی پارێزگا و مامۆستایانی ئایینی و..هتد) کە لە نێو میللەتدا هەیە .

**دووەم:** گروپی نافەرمی (Infomal group): ئەم جۆرەیان لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگاوە بەشێوەیەکی لەخۆوە، یان هەڕەمەکی و بەرژەوەندی و..هتد، (وەك کۆمەڵی هاوڕێیانی شوێنێك) دروستکراون/ دەکرێن. سەرەڕای ئەوەیش لە ڕوانگەی قەبارەوە گروپەکان لە دیدی کۆمەڵناسییەوە بۆ کۆمەڵی (گەورەو بچووك) دابەشکراون، کۆمەڵی بچووك ژمارەیان لە (٢٠) کەس تێپەڕناکات، بابەتی قسەکردن لە سەر کۆمەڵگاو پێوەندییەکانی نێو کۆمەڵگا دەچێتە نێو بواری کۆمەڵناسییەوە، لە مێژە دابەشکردن بۆ کۆمەڵگا کراوە و هەریەك لە دیدێکەوە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی دابەشکردووە.

ئەم بابەتەی سەرەوە کورتەیەك بوو لە دابەشکردنی کۆمەڵگاو پێناسەو ناساندنی تا ڕادەیەکی باش لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، بۆ ئەو دابەشکردنەی سەرەوە کراوە، چونکە ئەم دوو زانستە زۆر نزیکن لە یەکترییەوە. جیاوازیی بنەڕەتیی نێوانیان بریتییە لە: ئەوەی کۆمەڵناسی گروپەکان دابەشدەکات و دەیانناسێنێت، بۆ ئەوەی گۆڕانی کۆمەڵگاو شێوازی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بخاتەڕوو و بەپێی پێویست چارەسەریان بۆ دابنێت، بەڵام لە بواری زانستی زماندا، زمانی

٩٧ – تابان خالد احمد (٢٠١٠: ٩)

٩٨ – سەرچاوەی پێشوو (٢٠١٠: ٩)

کۆمەڵەئاخاوتنییەکان شیدەکاتەوەو وردبونەوەی بۆ دەکات و شێوازی بەکارهێنانی زمان دەخاتەڕوو، لە پێشوتریشدا بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵ دابەشکردن کراوە[٩٩].

لە بواری زانستی زماننیی کۆمەڵایەتیدا، کار لەسەر دابەشکردنی کۆمەڵگا بەپێی کۆمەڵێك بنەمای هاوبەش کراوە، بۆ نمونە  بە بڕوای دێڵ هایمز (Dell hymes) و کۆمەڵێك لە چاودێرەکان، لەساڵی (١٩٦٢) دامەزراوەیەکیانبە ناوی ئینتۆگرافیای پێوەندیکردن(Ethnograph of Communication) دانا، تایبەت بەپێوەندییەکان کە کورتکراوەکەی (EOC)ییە، لە سەرەتادا"ئینتۆگرافیای پێوەندیکردن" لە ڕوانگەی ئاخاوتنەوە لێکۆڵینەوەکانیان دەکرد، بەڵام دواتر لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کلتوری و بیروباوەڕی ئەندامەکانی کە خاوەن کلتور، یان تایبەتمەندی هاوبەشبوون شیکردنەوەکانیان فراوانترکرد و لە نێو کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا لێکۆڵینەوەی دەکرا.

ئەو ڕێگەیەی لە زانستی زمان کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەیان (لە ئاخاوتن) پێدەکرد، جیاوازە لە ئەو ڕێگەیەی، لە "ئینتۆگرافیای پێوەندیکردن" پەنایان بۆ دەبرد. واتە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا (لە دامەرزراوەی ئینتۆگرافیای پێوەندیکردن) نمونەی تایبەتیان (وەك ڕستەو دەربڕاوی ستاندارد) بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە وەرنەدەگرت، بەڵکو لە نێو کلتورو ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراودا داتا وەردەگیران. لێرەدا لێکۆڵینەوە لە سەر ئەوە دەکرا، کۆمەڵەئاخاوتییەکان دیاریبکرێن و جیابکرێنەوە، پاشان سەرنج چووە سەرئەوەی، یان پرسیاری ئەوەیان لادروست بوو کاتێك ئەندامێکی نوێ دەچێتە

---

[٩٩]– ئەگەر تەماشای کتێبی "کۆمار"ی (ئەفلاتۆن) بکەین، کە تێیدا کۆمەڵگای بەشێوەیەك دابەشکردووە، هەرکەس پیشەیەکی گرتە دەست بە درێژایی تەمەنی، دەبێت خەریکی ئەو پیشەیە دەبێت، لەنێو پیشەکانیشدا پیشەیەکی بەسەر پیشەکی تردا بەرزکردوەتەوە و کۆمەڵگای بەسەر سێ بەشدا دابەشکردووە: **یەکەم:** دەسەڵاتدارەکان (دەوڵەتمەدار) خاوەنبیرکردنەوە و عاقلن.**دووەم:**جەنگاوەرەکان خاوەن دەروونێکی توڕەو توندو تیژن. **سێیەم:** خەڵکە گشتییەکەیە، دوای ئەمیش (ئەرەستۆتالیس)، کۆمەڵگای بەپێی گرنگی چینەکان دابەشکردووە: چینە بنەڕەتیی و سەرەکییەکان بریتین لە:١. جوتیارەکان، ٢. کرێکارەکان، ٣.بازرگانەکان و ٤. جەنگاوەرەکان لە چینێکی ناوەندیدان، ٥. دادوەرو دەسەڵاتدارەکانن و..، لە سەردەمی  شۆڕشی  فەرەنسایشدا، کۆمەڵی فەرەنسی بۆ شەش چین دابەشکرا: بە چینی سەرمایەدار دەست پێدەکات و بە چینی خەڵکە گشتییەکە کۆتای دێت.  لەگەڵ ئەوەیشدا دواتر لەسەدەی بیستەمەوە لە وڵاتی ئەڵمانیادا لە ساڵی( ١٩٤٨) کۆمەڵی ئەڵمانیایش، بەسەر هەشت چیندا دابەشکراوە، لە چینی بەرزی ئابورییەوە کە (وەچاخزادە)کانە، بۆ چینی نزم (کرێکاری پیشەسازیی)ە، کە سامانیان کەمترە.  وەك دەبینرێت، هەر میللەتێك بەپێی بارودۆخی وڵاتەکەی کۆمەڵگای لە سەربنەمای ئابوری و دەستهات و سامانەکەی دابەشکردووە، هەریەك لە ئەو چینانەیش دەتوانرێت بۆ چینی تر دابەش بکرێت، یان لەسەر بنەمای تریش دابەشکردنی جیاوازتر بکرێت بۆ زانیاری بڕوانە:

احسان محمد الحسن و فوزیة عطیة (١٩٨٣: ١٣٨–١٣٩، ١٥٠) .

نێو کۆمەڵەئاخاوتنییەکان، ئایا ئەو وشەو دەربڕاوانە کە پێویستە فێریانببێت چین؟ بۆ ئەمەیش پێویستە بەکارهێنانی وشەو زانیارییەکان و دەربڕاوەکانی کۆمەڵە دیاریکراوەکە فێرببێت، لەگەڵ هەندێك پێداویستی تر، کە لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر دەگۆڕێن، یان لە کاتی پێوەندیکردن و درکپێکردن ئەندامەکانی نێو کۆمەڵەئاخاوتنییەکان دەربکەون، لەگەڵ ئەو دەربڕاو و کۆدە گرنگانەی لە کاتی ئاخاوتندا بەکاریاندەهێنن چییەو واتای چییە؟ یەکێکی تر لە ئامانجەکانی دانانی ئەم تیۆرییەی (دێڵ هامز و هاوڕێکانی)[١٠٠] ئەوەیە، کە یارمەتی لێکۆڵەر دەدات تا لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەیەی زمانێکی دیاریکراودا بکات، هەندێك کات بەشێك لە لێکۆڵەرەکان لێکۆڵینەوەیان لە زماندا دەکرد، بەڵام گرنگییان بە شوێن و کاتی قسەکردنەکە نەدەدا، هەر لە بەر ئەمە بوو (دێڵ هایمز) لە ڕوانگەی شوێنی بەکارهێنانەوە تەماشای بە کارهێنانی وشەکانی دەکرد.واتە داتای ستاندارد وەرنەدەگرت، ئەمەیش پێچەوانەی ئەوەیە وشەکان لە نێو زمان خۆیدا (مەبەست وەرگرتنی داتای ستانداردە)لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، چونکە دەربڕاوەکانی زمانێك، دەکرێت بەپێی بارودۆخی جیاواز واتا، یان فۆڕمیان بگۆڕێت و شێوازی بەکارهێنانی زمان لە نێو یەك زمانیشدا وەك یەك نییە، (دێڵ هایمز) ئەوەیی

---

[١٠٠]– لە تیۆری ئینتۆگرافیای پێوەندیکردن (Ethnograph of Communication) لە ئەم شەش یەکەی"بنەما" لای خوارەوە بیروبۆچونی خۆیان ڕوونکردووەتەوە، کە باسی بە ئەندامبوون لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکان دەکەن، کە پێویستە ئەندامەکە بەئاگابێت لە ئەمانە:

١. بنەمای سەرەتایکۆمەڵەئاخاوتنییەکان: لە کارەکانی (دێڵ هایمز)دا باسکراوە لەساڵی (١٩٧٢، ١٩٧٤) دا، بە شێوەیەك کاتێك کەسێك پێوەندی بە کۆمەڵێکی وەرزشی تەختەخلیسکێنە "سێکیتبۆد" دەکات، پێدەچێت لە ئەم کۆمەڵەیە ئەژماربکرێت، کاتێك توانی وەك ئەو کۆمەڵەیە لە دابونەریت و شێوەی ئاخاوتنەکەیاندا شارەزایی پەیدابکات، (دێڵ هایمز) بۆ ئەندامبوون لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا، پێویستە شارەزای لە شەش لایەنە بێت.

٢. بارودۆخی ئاخاوتن: ( speech situation ): کەسێك دەبێتە ئەندام پێویستە ئەوە بزانێت لە چی کاتێك قسەدەکات و لە چ کاتێك بێدەنگ دەبێت.

٣. ماوەی ئاخاوتن:(speech event): کاتێك کەسەکە دەست بەقسە دەکات، دەبێت بزانێت کەی قسەکردنەکەی کۆتای پێدێنێت.

٤. کردەی گەیاندن: (Communicative acts): بە کەمترین یەکەی ئاخاوتن مەبەستەکەی بگەیەنێت، چۆن کەسێك دەچێتە لای میوەفرۆشێك تەنها پرسیاری نرخ دەکات و لە ماوەیەکی کەمدا کارەکەی تەواو دەکات.

٥. شێوازی پێوەندیکردرن: (communicative style): هەر مرۆڤێك کاتێك قسەدەکات، خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی. شارەزاییوون لە ئەو تایبەتمەندییە گرنگە، چونکە هەندێك کەس پێیخۆشە ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ بکەیت و هەندێك کەسیش پێخۆشە ناڕاستەوخۆ لەگەڵی بدوێیت.

٦.شێوازی قسەکردن: (ways of speaking): مەرج نییە هەموو کات مرۆڤ بەیەك شێوە قسەبکات، بۆ نمونە: کاتێك تەلەفۆن بۆ کەسێك دێت، کەسەکە هاوڕێیەکی نزیکێتی، وەڵامدانەوەی هاوڕێکەی جیاوازە لە ئەو وەڵامدانەوەی کاتێك مامۆستاکەی تەلەفۆنی بۆ دەکات، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم دووپێگەیە:

A.http://en.wikipedia.org/wiki/Ethnography_of_communication

B. http://www.cios.org/encyclopedia/ethnography/٣theoretical-bacground.com

ڕاگەیاند یەکەم خاڵی دەسپێکردنی شیکردنەوە تایبەتییەکان و دەرخستنی شێوازی ڕەفتاری خەڵکییە، کاتێك پێوەندی بە کۆمەڵەکەیانەوە دەکەن، لە ڕێگەی پێوەندیکردنەوە خەڵکی دەتوانن پێوەندییەکان ببەستن و لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیشەوە، سیستێمی ئاخاوتنیش دەتوانرێت لێکۆڵینەوەی تێدابکرێت و دەربخرێت، کە لە کاتی ئاخاوتندا زمان چۆن بەکاردەهێنرێت، یان لە کاتی پێوەندیکردندا چی دەربڕاوێك بەکاردەهێنرێت، بۆ لێکۆڵینەوە لە بەشێکی دیاریکراو کلتورێك، یان لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا، (دیلْ هایمز) پێشنیاز بۆ دیاریکردنی شەش بنەما/ یەکە "unit" دەکات، کە ڕووبەری کلتورێکی دیاریکراو، یان کۆمەڵەئاخاوتنییەکان پیشاندەدات. ئەم شەش یەکەیە شێوازی بەکارهێنانی زمانی (تاك) لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە دەخەنەڕوو، لەئەم ڕوانگەیەوە، لە شێوەی ئاخاوتنی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان بکۆڵرێتەوە، دەتوانرێت تایبەتمەندی شێوەی ئاخاوتنی کۆمەڵە ئاخاوتنییەکان دیارییبکرێن.

یەکێکی تر لە ئەو زانایانەی بیروبۆچوونی زانستی و شیکردنەوەی زانستی لەسەر کۆمەڵەئاخاوتنییەکان خستووەتەڕوو و لە چۆنییەتی لێکۆڵینەوەی زمان لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا دواوە و کارەکانی جێگەی بایەخ و ڕەزمەندین، (جۆن گەمپرێز)ە (Jhon Gampers) [١٠١] کە لە (١٩٦٨، ١٩٧٢، ١٩٨٢) زاراوەی کۆمەڵەئاخاوتنییەکانی خستووەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، (جۆن گەمپرێز) وەك دروستەیەکی کۆمەڵایەتی داناوە، بۆیە پێناسەی پێوەندیی زارەکی (لەڕێگەی قسەکردنەوە)کردووە، وەك پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی کە تێیدا گوتەکان و قسەکردنەکان لەسەر بنەمای پێوەرە پێشبینیکراوە کۆمەڵایەتییە پەسەندو گونجاوەکان هەڵدەبژێرێن، لەبری ئەوەی جەخت بخاتە سەر یەك زمان داتایی زمانیی لێوەرییبگرێت، واتە بەشێوەیەکی گشتی لێیدواوە. ئێمە لەئەم

---

[١٠١] – بیروڕاکانی (دێڵ هایمز) پشتگیری لە بیروڕاکانی (جۆن گەمپرێز) دەکات. (دێڵ هایمز) دەڵێت: ((کۆمەڵی ئاخاوتن، زاراوەیەکی سەرەکییە بۆ پێوەندی نێوان زمان و قسەکردن و پەیکەری (هیکل) کۆمەڵایەتی، مەرجی ئەندامی کەسەکەیش لەنێو کۆمەڵێکدا بەندە لەسەر شارەزای زمانی ئەو کەسە لەگەڵ زانینی خونەریتی تایبەتی کۆمەڵەکەو لێهاتووی خودی کەسەکە لەنێو کۆمەڵدا جێگەی بایەخە، هاوکات سنوری کۆمەڵەئاخاوتنییەکان ئاسان دیاریناکرێت، (دیلْ هایمز ) و (جۆن گەمپرێز) لە بواری ناساندن و تێگەیشتن لە کۆمەڵی ئاخاوتن لەنێو زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا جێگەی بایەخ و گرنگیپێدانن. ئەگەر چی باسکردنی ئەم بابەتە زیاتر وا دەردەکەوێت، لە کۆمەڵ دەدوێن وەك لەزمانی کۆمەڵەکە، بەڵام ناڕاستەوخۆ دەتوانین بڵێین، کاتێك کۆمەڵێك لە کۆمەڵێکی تر جیاوازە، وشەو کەرەستەکانی بەردەستیان وەك یەك نییەو جیاوازە. بۆنمونە: دانسازێك کۆمەڵێك کەرەستەی لەبەردەستدایە (دانساز: گاز، کۆسەرە، بەنج، دەرزی، کەمامە، دەستکێش، کورسی،دیتۆڵ، نەشتەر، لەفاف، تاقمی دان، مادەی پرکردنەوەی ددان و...) کۆمەڵی پزیشکی ددان هەر ئەندامێکی پێدەوترێت دکتۆری ددان، ئەم کەرەستانەی لایەو ئیشوکاریان لەیەکترییەوە نزیکەو وشەکانیشیان هاوبەشە. بەڵام ئەو کۆمەڵەی پیشەکانیان وایەرمەنییە (ئۆتۆمبیل، گاز، بلایس، دەرنەفیس، دەستکێش، شەحنی باتری، کۆیل، سولف، شقارتە، کاوێ، لەحیم، وایەر، کۆنترۆڵ و..هتد) هەر بەناونهێنانی کەرەستەکانی، دەزانین ئەو کەسە کام پیشەیە دەکات، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Morgan, Marcyliena, H (٢٠١٤:٧-١٠)

لێکۆڵینەوەدا  بۆ دابەشکردنی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان جەخت دەخرێتە سەر بیروبۆچونەکانی (جۆن گەمپرێز)، لەبەر ئەوە لێرەدا تێڕوانییەکانی دەخرێنەڕوو.(جۆن گەمپرێز)پێناسەی کۆمەڵەئاخاوتنییەکانی کردووە، بڕوای وایە هەر کۆبونەوەیەکی مرۆڤەکان، کە لە ڕێگەی پێوەندییە یاسایی و زۆر دووپاتبووەکان جیادەکرێنەوەو دیاریدەکرێن، کە ئەم پێوەندییانە لە ڕێگەی کۆمەڵێك نیشانەی تایبەتیی هاوبەشیی ئاخاوتنەوە دەبەسترێن/دەکرێن و ئەم کۆمەڵەیە لە کۆمەڵەکانی تر بە هۆی جیاوازیی زمان لە بەکارهێناندا جیادەکرێتەوە .

وەك دەبینین لە ئەم پێناسەیەی سەرەوەدا، (جۆن گەمپرێز) جەختی کردوەتە سەر ڕواڵەتی پێوەندییەکان و ئەوەی دەرخست زاراوەی پێوەندییە درێژخایەن و دووبارەبووەکان و چاوەڕوانکراوەکان گرنگە، (واتە: دەربڕاوە زمانییەکان) بۆ بوونی کۆمەڵی ئاخاوتن پڕ بەهایە، لێرەدا ئەوە ئاشکرایە، کە (جۆن گەمپرێز) گرنگیدان و گوێدان بە جیاوازیی زمان و لێکچووە زمانییەکانی بەگرنگ داناوە، چونکە جۆرە جیاوازەکانی "ئاخێوەرەکان" لەنێو کۆمەڵی ئاخاوتنییەکاندا کاتێك بەکاردەهێنرێن، سیستێمێك دروستدەکەن، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە جیاوازییەیی زمان بۆ کۆمەڵێك دابونەریتی کلتوری هاوبەشی کۆمەڵی ئاخاوتنییەکە دەگەڕێتەوە، کە هەر جیاوازییەك لەنێو کۆمەڵێکی ئاخاوتنیدا هەبێت، جۆرە سیسێمێك دروستدەکات، بنەمای ئەم سیستێمەیش خونەریتێکی دووبارەی ئەو کۆمەڵەئاخاوتنییەیە. ئەم تێڕوانینەی (جۆن گەمپرێز) لێکۆڵینەوەی بواری زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، دووبارە زاراوەی (کۆمەڵەئاخاوتنییەکان) بەشێوەیەك، کە نەك هەر زمان و سنوری زمان، بەڵکو بەهاکان و تێڕوانینەکان و ئایدۆلۆژیاکانیش لەبارەی زمانەوە لەخۆدەگرێت. واتە زمان بەشێوەیەکی واتایی "مەعنەوی" تایبەتمەندیی کۆمەڵی بە ڕێژەیەکی باش لەنێو خۆیدا هەڵگرتووە، لە بەر ئەمەیشە ((ئێمە دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی ،کۆمەڵەئاخاوتنییەکان لە ڕێگەی زمانەوە جیابکەینەوە بەپێی: پیشە، ناوچە، ئەکسێنت، یان هەر نەریتێك، کە دووبارەببێتەوە، ڕێکیبخەین))[١٠٢]

---

١٠٢ –A. http://www.oxforddictionaries.com/definition/english/speech-community

(B)– (ولیەم لابۆڤ)، بۆ کارەمەیدانییەکەی لە شاری نیویۆرك، کە فرەجۆری زمانی بە هۆکاری کۆمەڵەئاخاوتنییەکانەوە بەستووەتەوە، بۆ وەرگرتنی زانیاری و دەرخستنی جیاوازییە زمانییەکان.وشەیەکی هەڵبژارد (Forth flooer) لە نێو ئەو وشەیەیشدا گرنگی دا بە خوێندنەوەی دەنگی /r/ لە سێ فرۆشگەدا پرسیاری لە خەڵکی دەکرد، وەڵامی پرسیارەکەیش برتی بوو لە (نهۆمی چوارەم: Forth flooer) بوو ، لەئەم سێ فرۆشگایەدا، یەکیان هەژاران و ئەوی تریان چینی مامناوەند و سێیەمیان زیاتر دەوڵەمەندەکان، سەردانیاندەکرد. چینە بەرز و دەوڵەمەندەکە، دەنگی /r/ زۆربەی جار دەدرکاند، چینی ناوەند هەندێك جار ئەو دەنگەیان دەردەبڕی و هەندێك جار نەیاندەخوێندەوە، بەڵام چینی هەژار زۆر بەکەمی ئەم دەنگەیان دەردەبڕی، لە ئەو لێکۆڵینەوەدا ئەوە دەرخرا، کە چینی ناوەند زۆربەی کات پێیان خۆشە وەك چینی بەرز وشەکان دەربڕن و لاساییان بکەنەوە. واتە: زیاتر بە شێوەی ستاندارد، ئاخاوتن لەگەڵ بەرانبەردا بکەن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بیریڤان محەمد شەریف (٢٠١٠: ٣٥).

## ٢/٢–٣–٢) دابەشکردنی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان لە زمانی کوردیدا

لە نێو کورددا لە ئەم بوارەدا، وەك پێویست لێکۆڵینەوەی زانستی نەکراوە و کەم باسکراوە، چونکە کۆمەڵی کوردەواری زۆربەی کات داگیرکراوبوون، خەریکی پیشەیی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریش بوون. ئەو کۆمەڵانەی بەناوبانگ ودیاربوون بریتیبوون لە: شێخ و مەلاو دەرەبەگ و سەرۆك خێڵەکان، کە وەك چینێکی ڕێزلێگیراو و بەرز تەماشاکراون، لە پاڵ ئەم چینانەدا (سەپان و مسکێن و خادەم) هەبوون، بەگشتی لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە خوێندەواری نێو خوێندنگە گەشەی کردووە و ئێستاش چینی خاوەن پلەو خوێندەوار و خاوەن بڕوانامە لە برەودایە. لە ئەم بارەیەوە بە پێویست زانرا، لە ڕوانگەی کۆزمانییەوە[١٠٣]، باسی کۆمەڵی کوردی بکرێت، دواتر چۆنیەتی دابەشکردنی کۆمەڵی کوردی بۆ کۆمەڵەئاخاوتنییەکان دیای بکەین و شیاوترین دابەشبوونی کۆمەڵی کوردەواری وەربگرین.

---

[١٠٣]- لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە، دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵی کوردی دابەشبکەین بۆ:

**یەکەم: توخمی نێر + تۆخمی مێ =منداڵ (+) {دایەنگە، باخچەی ساوایان، خوێندنگە، پەیمانگا یان زانکۆ}.**

زمانی کۆمەڵی یەکەم زۆربەی کات شێوەیەکە لە فەرمییەوە نزیکترە، ئەم کۆمەڵەیە زمانی بیانیش فێردەبن، لە ڕووی ئابورییەوە باری ئابوریان باشە و دواتر لە فەرمانگە یان کەرتی تایبەتدا کاردەکەن، لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) لە زیادبوندایە ئەم چینە لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا هەندێك لە ئەم خێزانانە لە شار و گوندی تایبەتدا دەژین و کە داینگە و باخچەی ساوایان و خوێندنگەی تایبەتی تێدا کراوەتەوە لە شارو شارۆچکەکانی تریش ناوەندی فەرمی کەرتی تایبەت بۆ منداڵان هەیە، واتە: بەتەنیا پەیوەست بە پارێزگاکانەوە نییە، بەڵکو لە شوێنی تریش بوونیان هەیە.

**دووەم: توخمی نێر + تۆخمی مێ =منداڵ (+ ، –) {دایەنگە، باخچەی ساوایان، خوێندنگە، پەیمانگا یان زانکۆ}.**

زمانی کۆمەڵی دووەم، پێدەچێت لە هەردوو شێوەکەی تێداببینرێت، ئەم کۆمەڵەیە زیاتر نەوەکانی دوای ساڵانی هەشتاکان تا (٢٠٠٣) دەگرێتەوە، بە هۆی بارودۆخی ڕامیارییەوە تا ماوەیەك خوێندویانە، بەڵام تەواویان نەکردووە، بۆیە ئێستا خوێندنگە بۆ تەمەن گەورەکان کراوەتەوە.

**سێیەم: توخمی نێر + توخمی مێ =منداڵ (–) {دایەنگە، باخچەی ساوایان، خوێندنگە، پەیمانگا یان زانکۆ }.**

زمانی ئەم کۆمەڵەیە ئاخاوتنی ناوچە،یی یان گوندیانەیە، ئەگەر چی ئێستا بەرەو کەمبوونەوە دەچن، زیاتر بە ئاژەڵدری و کۆچەری و کشتوکاڵەوە خەریکن و زمانی ناوچەی خۆیان قسەی پێدەکەن کە لە ڕووی دەربڕینی دەنگسازی و بە کارهێنانی وشە لە هەردوو شێوەکەی تر جیاوازترە. ئەم دابەشکردنە دابەشکردنێکی گشتییە. دروستبوونی کۆمەڵبوون یەکەمجار لە خێزانەوە دەستپێدەکات و بە کۆمەڵی سەرەتایش ناودەبرێت، بەڵام دوای تەواوکردنی خوێندن، یان دوای گەورەبوون لەنێو خیزاندا دەچینە دووەمین کۆمەڵەوە، لە نێو ژیاندا هەریەك خەریکی پیشەیەکە و پیشەکانیش لە نێو کورددا جیاکراونەتەوە، بەڵام لە نێو پیشەکانیشدا – ئەم سێ کۆمەڵە گشتییەی سەرەوە تێدا بەدیدەکرێت و بەشدارە. واتە: ئەندامانی سێ کۆمەڵە سەرەکییەکە، کە لەسەرەوە دیاریمانکردووە، دەبنە هۆی دروستبوونی کۆمەڵە پیشەییەکان، هەندێکیان فەرمین و هەندێکیان نافەرمین هەندێك پیشەیش لە هەردوو فەرمی و نافەرمیدا هەیە (وەك: پزیشکی ددان، پزیشکی نەشتەرگەری گشتی و..).ئەوەی دنیابینی ئەم سێ کۆمەڵەیە کوردییە پێکدەهێنێت (کولتووری کوردی و دینی ئیسلام و دینی تر و پەروەردەی ئەورووپییە) زمانی کوردیش ڕەنگدانەوەی ئەم بنەما جەوهەریانەی تێدادەبینرێت و تێکەڵی ئەم ماکە بنەڕەتییە لە پەروەردەی کوردیدا ڕەنگدانەوەی هەیە.

له بارەی دابەشکردنی کۆمەڵگای کوردییەوە(ڕەفیق شوانی) کۆمەڵگای کوردی بە سەر سێ بەشدا دابەشکردووە، بۆ هەریەك لە ئەو بەشانە دەربڕاوی وشە و زاراوە" زۆر بەکارهاتووی نێو پیشەکانی تۆمارکردووە، هەر لە ئەم ڕێگەیەشەوە پیشەیەکی لە پیشەیەکی تر جیاکردوەتەوە، بە ئەم شێوەیە (**یەکەم:** قۆناغی ئاژەڵداری و کشتوکاڵی لە سەردەمی کۆن و نوێدا. **دووەم:** قۆناغی بازرگانی لە سەردەمی کۆن و نوێدا. **سێیەم:** قۆناغی پیشەسازی لە سەردەمی کۆن و نوێدا)[١٠٤].

بە پێی میتۆدی فەلسەفی و لە ڕوانگەی تێگەشتن و بەکارهێنانی بارودۆخی وشە و دەربڕاوی زمانی وەك (ژیر، ئەقڵ، عاقڵ، عەقلانی)، کە لەنێو کورددا بەکاردەهێنرێت، (ڕێبوار حەمەئەمەین حەسەن سیوەیلی) [١٠٥]، پێنج دۆخی بەکارهێنان و تێگەشتن لە ئەو وشە و زاراوانەی سەرەوە دەستنیشان کردووە، بە واتایەکی تر لەسەر بنەمای تێگەیشتن کۆمەڵی کوردی کردووە بەپێنج چینەوە، بەڵام لەسەر بنەمای تێگەشتن لە ئەم وشە و زاراوانە(ژیر، ئەقڵ، عاقڵ، عەقلانی)، بەپێی بنەمای تێگەشتن لە وشە و زاراوەکانی (ژیر، ئەقڵ..) کۆمەڵی کوردەواری لەئەم پێنج چینە پێکدێت: (تێگەشتنی ڕەگەزمەندانە، تێگەشتنی باڵاخوازانە، تێگەشتنی جوانی ناسانە، تێگەشتنی بەهادارانە و تێگەشتنی سەرزەنشتکارانە)، هەریەك لە ئەم جۆرە تێگەشتنانە" تێگەشتن بەپێی چین" کۆمەڵە کەسێك لە نێو کورددا دەگرێتەوە. ئەم دابەشکردنە بۆ بواری زمانەوانی فراوانە و ناتوانین بە وردی تیۆری دوودیویی زمانی تێدا دەربخەین، چونکە تێگەشتن لە وشە و دەربڕاوەکان بەپێی قۆناغی ژیان و گۆڕانی بیروهزر ئەگەری گۆڕانکاری زۆریان تێداهەیە، بەڵام ئەم جۆرەدابەشکردنەیش سودی خۆی هەیە کاتێك بیروهزری کۆمەڵگا هەڵبسەنگێنرێت.

هاوکات لێکۆڵینەوەی زانستی زمانی کۆمەڵاتییەوە، لە بارەی دابەشکردنی کۆمەڵەئاخاوتنییەکانەوە کراوە، بۆ نمونە: (بیریڤان محەمەد شەریف) لە نامەی ماستەرەکەیدا کە لەسەر (جۆراوجۆریا زمانی لە دەوربەری بادینان) زمانی پیشەیی وەك نمونە، دوای باسکردنی زمانی پیشەو زاراوەی پیشە لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، زیاتر لە سی (٣٠) پیشەی جیاوازیی ژماردووە، مێژووی هاتنەئارایی پیشەکانی تاڕادەیەکی باش باسکردووەو بۆ هەر پیشەیەك وشە زۆر دووبارەبووەکان و ناوی ئامێری کارکردنی لەنێو پیشەکەدا باسکردووەو ڕوونکردوەتەوە، واتە وەرگرتنی داتاو دەربڕاوی زمانی لێکۆڵینەوەی زیاتر بە زمانەوە پەیوەستکردووە، پێناسەی ئامێرە بەکارهاتووەکانی نێو پیشەکانیشی کردووەو ڕوونیکردوەتەوە بۆچی بەکارهاتوون[١٠٦]، بەڵام شیکردنەوەی زمانەوانی بۆ داتاکان نەکردووە. سەرەتا تەماشای ئەم دابەشکردنەی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان دەکەین کە لە گۆشەنیگای پیشەوە دابەشکراوە.

---

[١٠٤]– ڕەفیق شوانی (٢٠٠١: ٢٥)

[١٠٥] – ڕێبوار حەمەئەمەین حەسەن سیوەیلی (٢٠٠٩: ١٣٥–١٤٣)

[١٠٦]– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بێریڤان ئەحمەد شەریف (٢٠١٠)

له لێکۆڵینەوەکەی (بیرڤان محمەد شەریف) [١٠٧] زۆربەی پیشەکانی باسکردووە، بەڵام باسی (مامۆستایانی ئایینی) نەکردووە، بە ئەم شێوە پیشەکانی دابەشکردووە:

١. پیشەی ئازاد: وەك (جوتیار، پاڵە، نانەوا، ئاسنگەر، دروومان، پێنەچی، سەرتاش، سەعاتچی، زەرەنگەر، فیتەر، کلیلساز، شانۆکار، میوزیکژەن، وێنەگر و..هتد)

٢. پیشەی دولایەنە: وەك:(پارێزەر، ئەندازیار، ڕۆژنامەوان، پزیشکی نەشتەرگەری، پزیشکی نەشتەرگەری ژنان، نەشتەرگەری مناڵان، نەشتەرگەری ژنان، نەشتەرگەری دڵ و هەناوی، نەشتەرگەری ددان و..هتد) بۆ هەریەك لە ئەمانەیش دەربڕاوە زۆر بەکارهاتووەکانی کۆکردوەتەوەو ڕونکردنەوەی واتایی بۆ تێگەیشتنی لەسەر دەربڕاوەکان داوە، بەڵام باسی مامۆستای ئاینی تێدانەکردووە، ئێمەیش لە بەشی سێیەمدا باسی کۆمەڵەئاخاوتنییەکانی مامۆستایانی ئایینی دەکەین و تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵەئاخاوتنییە دەخەینەڕوو.


له ئەم لێکۆڵینەوەدا بۆ دابەشکردنی (کۆمەڵەئاخاوتنییەکان) زیاتر لە گۆشەنیگای (جۆن گەمپرێز)ەوە دابەشدەکرێن، کە زیاتر گرنگی بە دەربڕاوە زمانییەکان داوە، لە نێو دابەشکردنەکانیشدا بە پێی پیشە (کۆمەڵەئاخاوتنییەکان) دابەشدەکرێن، چونکە ئەگەر چی کۆمەڵگایی کوردی کۆمەڵگایەکی پیشەسازی نەبووە، بەڵام کۆمەڵگایەکی پیشەداربووە، پیشەکە زۆرجار لەباوانەوە بۆ نەوەکانی ماوەتەوە، لە ئێستایشدا کۆمەڵەئاخاوتنی زۆر هەیە، وەك (کۆمەڵەئاخاوتنییەکان: مامۆستایانی زانکۆ، دادوەرەکان، پارێزەرەکان، مامۆستایانی ئایینی و..) لەنێو کۆمەڵەئاخاوتنییەکانیشدا (مامۆستایانی ئایینی) وەك نمونە بۆ جێبەجێکردنی تیۆری دوودیویی زمانیی وەردەگرین و ڕوونیدەکەینەوە، چونکە کۆمەڵێکن لە مێژەوە لەنێو کورددا زمانی تایبەت بە خۆیان هەیەو خاوەن پێگەو پلەوپایەی تایبەت بەخۆیانن، لەزۆربەی بۆنەکۆمەڵایەتییەکان و دروستبوونی خێزان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە، هەموو هەفتەیەکیش لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە گوتاری ئایینی و کۆمەڵایەتی و هەندێك کاتیش ڕامیاری بۆ دانیشتوانی نێو مزگەوتەکە دەدەن و ئەو زمانەی مامۆستایانی ئایینی بەکاریدەهێنن، زمانێکە شیاوی لێوردبونەوەیە، چونکە بەهەردوو شێوەی عەرەبی و کوردی گوتار دەدەن، ئێمەیش ئەو وتارانە دەکەینە بنەماو تیۆرییەکەی تێداجێبەجێدەکەین.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، مامۆستایانی ئایینی (چینەکانی تریش)، لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵاتییەوە لە هەرێمی کوردستاندا کەمتر قسەیان لەسەر کراوە، لەگەڵ ئەوەیشدا لەنێو ژماردنی پیشەکاندا لە کاتی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا ناویان نەهاتووە، ئەژمار نەکراوە. لە ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دابەشکردنی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان، لە سەر بنەمای هەڵهێنجان لە بیروڕاو پێناسەکانی وەچە پاری

---

[١٠٧]- بێریڤان ئەحمەد شەریف (٢٠١٠: ٥٨-٩٩)

پێشوو. وێڕای ئەمەیش سودمان لە بیروبۆچوون و دابەشکردنەکانی کۆزمانەوانی وەرگرتووە، پاشان لەسەر بنەمای پیشە بە هێڵکارییەك دابەشکردنە لە هێڵکاری ژمارە(٦)دا دەخەینەروو:




**((هێڵکاری ژمارە (٦) دابەشکردنی کۆمەڵەئاخاوتنییەکانی کوردیی))**

ئەم هێڵکارییە، لەسەر بنەمای شیکردنەوەکانی پێشووتری لێکۆڵینەوەکە لە بواری کارگێڕیدا کراوە، کە تێدا سێ جۆر کۆمەڵە(فەرمی، هاوبەش: فەرمی و نافەرمی، نافەرمی) دیاریکراوە، نمونەیش بۆ هەریەکەیان بەپێودانگی مشتێك نمونەی خەروارێکە، هێنراوەتەوە، بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونییەکی زیاتر بۆ هەڵبژاردنی کۆمەڵەئاخاوتنییەکان هەبێت، تا تیۆری دوودیویی زمانیی بەسەردا جێبەجێبکرێت، وێڕای ئەوەیش ئەم هێڵکارییە، دەتوانرێێت فراوانتر بکرێت و کۆمەڵەئاخاوتنییەکانی تریشی تێدا بخرێتەروو.

## ٣) جێبەجێکردنی تیۆری دوودیویی زمانیی لە کۆمەڵەئاخاوتنی مامۆستایانی ئایینیدا

لەئەم بەشەدا لە ڕێگەی گوتاری مامۆستایانەوە[١]، داتای زمانی وەردەگرین، بۆ ئەم مەبەستەیش دوو گوتاری ڕۆژانی هەینیمان هەڵبژاردووە. ئەمەیش بۆ ئەوەیە تیۆری دوودیویی زمانیی لە زمانی کوردیدا زیاتر ڕوونبکرێتەوە،چونکە کاتێك لەلایەن ئاخێوەرانی زمانێکەوە لەنێو کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا دوو، یان زیاتر لە شێوەی یەك زمان لە بارودۆخە جیاوازەکاندا گفتوگۆیان پێدەکرێت، واتە: بەکارهێنانی زمانێك لەلایەن ئاخێوەرەکانییەوە، کە (شێوەی باڵا) لەگەڵ کەسانێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنێت، وێڕای ئەوەیش بەکارهێنانی شێوەی (ئاسایی) لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانیشیدا ئاخاوتن دەکرێت، ڕەنگە ئەمە باشترین نمونە بێت، بۆ ئەوەی دوودیویی زمانیی لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا بەرچاو بخرێن[٢]. واتە ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا کەسێك دوو شێوەی زمانی لە کۆمەڵەئاخاوتنییە جیاوازەکاندا بەکارهێنا، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی دوودیویی زمانیی لەو کۆمەڵگایەدا لە ئارادایە، بەڵام ئایا مامۆستایانی ئایینیش دوو شێوەی زمانی کوردی لە بارودۆخی جیاوازدا بەکاردەهێنن؟ ئایا ئەو شێوەیەی گوتاری پێ پێشکەشدەکەن، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیان جیاوازە؟ ڕوونکردنەوەکان و

---

[١] - لە ئەم بەشەدا بنەماکانی تیۆری دوودیویی زمانی لە سەر کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا دەخەینە بواری جێبەجێکردنەوە، لەنێو کۆمەڵەئاخاوتنییەکانیشدا کۆمەڵەئاخاوتنی مامۆستایانی ئایینی لە کاتی گوتارخوێندنی ڕۆژی هەینی و ئاخاوتنی ڕۆژانەیان لەگەڵ خێزان و دەوروبەریاندا وەردەگرین، چونکە (سی.ئەی.فێرگسۆن) گوتاردانی لە نێو کەنیسە و مزگەوت بە (شێوەی باڵا)داناوە. بەشێوەیەکی گشتی گوتاردانیش لە ئەو کاتەوە دەستپێکرد پێغەمبەر (د.خ) لە مەککەوە کۆچی بۆ مەدینەی پیرۆز کردووە. دوای ئەوە بەشێوەیەکی بەردەوام گوتارخوێندن/ گوتاردان هەبووە، بەشداریکردن لە نوێژی هەینی و گوێگرتن لە گوتار، بە لای هەندێك لە زانایانەوە ئەرکێکی سەرەکییەو بەلای هەندێکی تریانەوە ئارەزومەندانەیە. گوتارخوێندن و دوان لە دوانگەی"مینبەر" پەیامبەردا گرنگەو خاوەن پیرۆزی دینییە، بەشێوەیەك لە شێوەکان مامۆستایان وەك شوێنگرەوەو میراتگری پەیامبەر ناودەبرێن، بۆیە مەرجی تایبەت بە خۆی هەیەو پێویستە گوتارخوێنەکان لە قورئان و فەرموودەو مێژووی مسوڵمانان و زانستیی ئیسلامی شارەزای باشیان هەبێت. لە نێو کورددا لە دوای بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلام گوتارخوێندنی ڕۆژی هەینی سەریهەڵداوە، کە مێژووەکەی بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوەو مێژوویەکی کۆنی هەیە. لە کوردەواریدا ئەو کەسانەی لە بواری دینیدا دەیانخوێند/ خوێندویانە و دەرچووی ئەو بوارەبوون، نازناوی مەلای دوانزە عیلمیان وەردەگرت و ڕێگەیان پێدەدرا گوتاربخوێنن، لە ئەم سەردەمەیشدا کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان هەیەو دەرچووی ئەم کۆلێجە دەبێتە مامۆستای ئایینی و دوای خوێندنی ماستەر و دکتۆراو وەرگرتنی پلەی پرۆفیسۆر، وەك زانای ئایینی ناوزەد دەکرێن. زۆرجار ئەوەیش دەبینرێت،دەرچووی کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان، یان خوێندنی لە حوجرە تەواو کردووە، وەك مامۆستای ئایینی دەناسرێت و بە نازناوی مەلا ناو دەبرێت. مامۆستایانی ئایینی خاوەن جلوبەرگی تایبەت بە خۆیانن و لەناو خەڵکدا دەناسرێنەوە. سەرچاوەی خوێندنیان لە کۆندا (لە کوردستاندا) بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی بووە، بەڵام ئێستادا خوێندنی مامۆستایانی ئایینی زیاتر بە زمانی عەرەبییە. پلەوپایە ئایینیەکەیان جۆرێك لە پلە و تایبەتمەندیی بە زمانی مامۆستایان داوە. لەنێو کورددا جگەلە مامۆستایانی ئایینی چینێکی تر هەیە بە بانگخواز ناودەبرێن، خاوەن ڕۆشنبیرییەکی ئایینین، بەڵام مەرج نییە دەرچووی بەشی زانستەئیسلامیەکان بن، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بیروڕاکانی (سی.ئەی.فێرگسۆن) بڕوانە: بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوە، پەراوێزی لاپەڕە(٧٧)، خشتەی ژمارە (١).

[٢] – Ferguson, Charles, A (١٩٩٦:٢٥)

شیکردنەوەکان وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە. بەهۆی گرنگی گوتارخوێندنەوە لە ڕۆژی هەینیدا، لە بواری ئاینیی ئیسلامدا، چوارچێوە و سنور و مەرجی بۆ ئەو کەسانە دانراوە، کە پیشەی گوتارخوێندن لە ژیانیاندا هەڵدەبژێرن، زۆربەی مەرج و سنورەکانی دینی لەسەر ئاستی زانیاری مامۆستا و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانییەتی لە کاتی گوتارخوێندندا. هەر لەبەر گرنگیی ئەم پیشەیە، کە دەکەوێتە "ناوگروپە دووەمینەکان"ە (Secondary group)و لە ناو کۆمەڵەئاخاوتنییە فەرمییەکاندا ناوی هێنراوە، وێڕای پێناسەی گوتارو جۆرەکانی گوتار کەباسیدەکەین[٣]، ئەو چوارچێوە و سنورەی لە دینی ئیسلامدا بۆ گوتارخوێن دانراوە بەخاڵ دەخرێنەڕوو[٤].

١. بەکارنەهێنانی زمان بەشێوەیەکی جوان، یان چاودێری نەکردنی دەربڕینەکانی بەشێوەیەکی باش بە کەمووکوڕی دادەنرێت.
٢. لە کاتی خوێندنەوەی ئەو لاپەڕەی بەردەستیدا لەسەر دوانگە (مینبەر) هەڵە بکات، یان باش نەتوانێت وشەو ڕستەکانی بەردەمی بخوێنێتەوە.
٣. کاتێك مامۆستا گوتاردەخوێنێت، زۆر بەپەلە گوتارەکەی بدات، بەکەموکوڕی دادەنرێت.
٤. زۆر جوڵان و زۆری ئاماژە نازمانەکانیان، وەك خەوشێك لە کاتی گوتارداندا تەماشادەکرێت.
٥. لە کاتی گوتارخوێندندا، بە هۆی خۆڕاوەشاندن و جوڵەوە ئارەقێکی زۆربکات، وەك کەمووکوڕی تەماشادەکرێت.
٦. گوتارخوێن لە کاتی گوتارداندا خودی خۆی تێکەڵ بەگوتارەکەی نەبێت، واتە: وشەو ڕستەکان دەربڕی ناخی نەبن، وەك گرفت و کەمووکوڕی سەیردەکرێت.
٧. دوانگە و شوێنی گوتارخوێندن بۆ مەبەستی حیزبی، یان ناوچەگەری و خێڵگەری و ڕەگەز پەرستی بەکاربهێنرێت، بە کەمووکوڕی لە کەسایەتی گوتارخوێندا ئەژماردەکرێت.
٨. لە کاتێکدا قسەدەکات دوانگەی نێومزگەوت بۆ مەبەستی کەسی بەکاربهێنێت. واتە: نابێت بۆ کاروبارو بەرژوەندی خودی گوتار بخوێنێت.

---

[٣] - أ. گوتارخوێندن برتییە لە: هونەری ئاخاوتن و قسەکردن، بە ئامانجی ڕازیکردن و کاریگەری دروستکردن لە سەر بەرانبەر، یان کاریگەری دانان لەسەر بەرانبەر گوتار دەخوێنرێت. جۆرەکانی گوتاریش بریتییە لە (گوتاری ڕامیاری، گوتاری دادوەری، گوتاری جەنگی، گوتاری ئاهەنگ و خۆشی، گوتاری کۆمەڵاتی، **گوتاری ئایینی**، گوتاری ئەدەبی، گوتاری زانستی) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سالم المعوش (٢٠٠٩: ٦٥، ٢٧١–٢٧٤)، بەڵام لێرەدا تەنیا گوتاری ئایینی وەردەگرێت بۆ شیکردنەوە.

ب. وشەی "خوطبة" لە زاراوەی "مخاطبة"وە کە بەواتای دواندن دێت داتاشراوە، دەگوترێت کە کارێکی گەورەیە، بە ئەم شێوەیە پێناسە دەکرێت، بەواتای گوتارخوێندنی دینی دێت، کە بریتییە لە گوتەی پەخشان ئامێز، لە ڕووی زاراوەوە لە ناوەڕۆکێك پێکهاتووە، کە ڕێنمای و ئامۆژگاری تێدایە، هونەرێکە لە هونەرەکانی قسەکردن کاریگەری لەسەر گوێگران/ دانیشتوان هەیە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أبي منصور محمد بن أحمد الأزهري (–: **٢٤٦**)

[٤] – ناصح فەتاح نصرالله: (٢٠١٠: ٤٨)

٩. کاتێك گوتارخوێن لاسای گوتارخوێنێکی تر له دەربڕین و گوتارداندابکاتەوە، ئەمەیش بە کەمووکوڕی ئەژمار دەکرێت.

١٠. کاتێك وشەو زاراوەی نەناسراو و نامۆ باسدەکەن، یان قسەی نێو بازاڕی لە کاتی گوتارخوێندندا بەکاردەهێنن، ئەوکات کەمووکوڕی دەخاتە نێو گوتارەکەیانەوە.

١١. توندوتیژی و هێرشکردنە سەر گوێگران، لەلایەن گوتارخوێنەوە، بە کەمووکوڕی دادەنرێت.

١٢. گوتارخوێن (مامۆستای ئایینی) گرنگی بە ڕێکپۆشی و جلوبەرگی خۆی نەدات، بە کەمووکوڕی لە کەسایەتی گوتارخوێندا دادەنرێت.

١٣. کاتێك لە سەرەتای گوتار، تا کۆتای گوتار بەیەك شێوە گوتاربدات بە کەمووکوڕی دادەنرێت، چونکە پێویستە لە کاتی پێویستدا دەنگی بەرزو نزم پێبکات.

١٤. کاتێك گوتارخوێن گوتاردەدات و ئامۆژگاری خەڵك دەکات، خۆی پێش هەموو کەس پێویستە جێبەجێیبکات، ئەگەر نا بە خاڵی لاوازی کەسایەتی گوتارخوێن دادەنرێت .

١٥. لە کاتی قسەکردن و گوتارداندا، پچڕپچڕ (یان زۆر بوەستێت) ئینجا قسەبکات و گوتاربدات بە کەمووکوڕی دادەنرێت.

١٦. کاتێك باسی ئایینی ئیسلام بکات، کەموکورتی لەباسەکەیدا هەبێت، بە گرفت ئەژمار دەکرێت، چونکە پێویستە زیاتر لەسەر ئیسلام بدوێت، یان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ڕووداوەکانی نێو ژیان شیبکاتەوە.

١٧. کاتێك گوتارخوێن گوتاردەدات زۆر جەخت بخاتە سەر هەڵەی گوێگران و زۆر لەسەری بڕوات، ئەمەیش هەر بە کەمووکوڕی دادەنرێت.

١٨. بۆ گوتارخوێن باش نییە، هەستی گوێگرانی برینداربکات، بە ئەوەی کە زۆربەی کات (گوێگران) هەڵە دەکەن و هەڵەکان دووبارەدەکەنەوە.

وەك دەبینرێت ئەم هەژدە خاڵە لەسەر شێوازی ئاخاوتن و سنوردارکردنی ماوەی ئاخاوتنی مامۆستایانی ئایینی بەگشتی دانراوە، ئەگەر ئەم هەژدە کەمووکوڕییە لە گوتارو قسەکانی و ئامۆژگارییەکانیدا نەبوو، لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ئەو مامۆستایە بە گوتارخوێنێکی باش دادەنرێت، زۆربەی خاڵەکانیش پەیوەستە بە شێوازی قسەکردن و ماوەی قسەکردن و زۆر لانەدان لە کاتی ئامۆژگاری و قسەکردنیداو بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی جوان و باش، یان دەتوانرێت ناوی بنرێت گوتارخوێندن بە (شێوەی باڵا) و ئاخاوتنی جوان و بەرزو شیاوی شوێنەکەی خۆی ڕێگەپێدراوە، ئەگەر وانەبوو بە کەموکوڕی لە کەسایەتیی مامۆستاو گوتارەکەیدا دادەنرێت. ئەمەیش کۆمەڵی ئاخاوتنی مامۆستایانی ئایینی زیاتر پەیوەست بە بواری زمانەوانییەوە دەکات، چونکە مەیدانی کاری ئەوان کارکردنە لەسەر زمان و شێوەی دەربڕین بۆ ئامۆژگاری و ڕێنمایی موسڵمانان بە تایبەت ئەوانەی دێنە نێو مزگەوتەکان، بۆ ئامۆژگاری و گوتاری مامۆستایان گوێدەگرن، بەڵام کاتێك کەسێك

به (شێوەی ئاسایی) ئاخاوتن دەکات مەرج و سنوری وەك مامۆستایانی ئایینی بۆ دیاری نەکراوە و تاڕادەیەکی زۆر سەرپشکە لە ئەو مەرجانەی سەرەوە، کەباسکران .

لە بواری ئایینی ئیسلامدا، کۆمەڵی مامۆستایانی ئاینی گرنگیی زۆریان پێدراوە، بۆنەو جۆری گوتار و ئەو سەرچاوانەی مامۆستایانی ئایینی سودیان لێوەردەگرن، دیاریکراون، بۆ ئەوەی گوتارەکانیان بەپێزترین.[٥] گوتارەکانیشیان تا ڕادەیەکی باش چاودێریدەکرێن. واتە گرنگییان پێدەدرێن، چونکە کارگەرییان بەسەر کۆمەڵگاوە هەیە. لەئەو کاتەی منداڵی کورد لە دایك دەبێت و ناو دەنرێت، تا ئەو کاتەی دەمرێت(کۆچبار)دەکات، مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵ و دەوری خۆیان دەبێت.

## ١/٣) گوتاری یەکەم بە ناونیشانی "مەبەسەتەکانی شەریعە"

لە بەشی دووەم پاری یەکەمدا، بنەماکانی تیۆری دوودیویی زمانیی خرانەڕوو، بۆ ئەوەی تیۆری دوودیویی زمانیی جێبەجێبکرێت، دووگوتارمان هەڵبژاردووە، دوای تۆمارکردنی دەنگی مامۆستا لە هەردوو گوتارەکەدا، دووبارە گوتارەکان نوسراونەتەوە، بۆ جێبەجێکردنی بنەماکانی تیۆرەکە چەند دەقێك/ پەرەگرافێك لە هەردوو گوتارەکە وەردەگرین. بۆیە دوو گوتاریش هەڵبژێردراوە، تا ئاستی شێوەی ئاخاوتنی مامۆستایانی ئایینی کوردی دیاربکرێن و بزانرێت، ئایا شێوەی ئاخاوتنی مامۆستا وەك لە تیۆری دوودیویی زمانیی بە (شێوەی باڵا) دانراوە، لە زمانی کوردیشدا وەك زمانەکانی تر وایە؟ بەڵام لە بەر سنوری دیاریکراوی لێکۆڵینەوەکە نەمانتوانیوە زیاتر لە دووگوتار شیکردنەوەی بۆ بکەین، چونکە دەکرێت بە هۆی ئەوەی خوێندن لە حوجرەدا تا ئێستا ماوە و زۆر مامۆستایش لە حوجرەدا خوێندوییەتی و خوێندنی حوجرەیش زیاتر بە زمانی عەرەبییە، بۆیە مامۆستای ئاینی کوردیش دەبینرێت و هەیە، کە شێوەی (ئاخاوتنی ئاسایی) گوندی، یان ناوچەیی خۆی لەکاتی گوتارخوێندندا بەکاربهێنێت، بەڵام بە زمانی عەرەبی "فوسحە" ئاخاوتن/ گوتاردەخوێنیت، بۆ ئەم مەبەستەیش دوو گوتارخوێنی پەروەردەی خوێندنگەکانمان هەڵبژاردووە، وێڕای خوێندن بە زمانی عەرەبی بە زمانی

---

[٥] . ئەو بابەتانەی کە گوتاری هەینی لەسەری دەدوێت، دەکرێت بەدووبەشەوە:

یەکەم: ئەو ڕۆژی هەینیانەی کە لەگەڵ بۆنەیەکدا یەکدەگرنەوە، یان تێکەڵدەبن، ئەمەیش دەکرێت بە دووبەشەوە:

ا. بۆنەی لەناکاو: ئەم بۆنانە بریتییە لە: ڕووداوێکی لەناکاو کە لە گەڕەکێك، یان لە هەرێمێك یان وڵاتێکدا ڕوودەدات، خەڵکی چاوەڕێی بیروڕای گوتارخوێنەکانن.

ب. بۆنەی دووبارە، ئەم بۆنانە هەموو ساڵێك دووبارە دەبنەوە وەك: (ڕەمەزان، چەژنی ڕەمەزان و قوربان، عاشورا و..هتد).

دووەم: گوتاری ئەو هەینیانەی کە ڕووداو و بۆنەیەکی تایبەتی تێدا نییە. واتە ئاساییە، سەرچاوەی گوتاردان و ئامادەکردنی گوتاردان بریتییە لە: (قورئان، فەرموودە، عەقیدە"بڕوا"، ژیانی پێغەمبەران،کەسایەتی ئیسلامی، هزر و بیری ئیسلامی، بابەتی ئیمان، پەروەردە و بانگخوازی و.. هتد). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ناصح فەتاح نصراللە: (٢٠١٠: ٧-٩)

کوردیش له خوێندنگەدا خوێندویانه. تەواوی گوتارەکان کە سودیان لێبینراوە له پاشکۆدا هەیە، له ئەم بەشەدا چەند پەرەگرافیك له نێو (()) وانەدا، له گوتارەکان وەردەگیێن و شیکردنەوەی تێدادەکرێت[٦]، بەڵام بنەماکانی تیۆری دوودیویی زمانیی، بەپێی چوارچێوەی کۆمەڵەئاخاوتنی مامۆستایانی ئایینی شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت، ئەمەیش چوارچێوەی واتای بنەماکانی تیۆری دوودویی، تا ڕادەیەکی باش سنوردار دەکات.

## ١/٣–١) ئەرك

سەرەتا با له ئەم دەقەی گوتارەکە بڕوانین:

((..ئیماندارانی بەڕێز، سڵاو سەلام و ڕەحمەتی خوای گەورەتان پێشکەش بێ. سەرەتا حەمدو سەناو سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگار، وە داواکارین له پەروەردگاری بەبەزەیی، ڕەحمەتی خۆی، پاکی و بێگەردی سەلامی و ئەمین بوون، پەیتا پەیتاو بەخوڕەم و وەکو بارانی بەهاری، ببارێنێتە سەر گیانی پاکی پێشەوای مرۆڤایەتی و سەرقافڵەی کاروانی زانست و تەقەدوم و حەزارەت و پێشکەوتن، حەزرەتی محمەدەن موستەفا (صلی الله علیه وسلم) و بۆسەر یارو یاوەران و شوێنکەوتوان و ئومەتەکەی بەگشتی بێ، وە بەتایبەتی موسڵمانانی نوێژ خوێنی مزگەوتەکان و بە تایبەتی تریش برایان و خوشکانی بەڕێزی، ئامادەبووی ئەم مزگەوتەو ئەم جومەعەیە و ئەم جەماعەتە..))

ئەگەر تەماشای ئەم دەقە کە له گوتاری یەکەمەوە وەرگیراوە بکەین، ناوەندی گوتاردان لەنێو شاری سلێمانیدایەو شوێنی گوتارخوێندنیش مزگەوتەو کاتەکەیش ڕۆژی هەینییە، له ئەم بارودۆخەدا شێوەیەکی جیاوازتر له ئاخاوتن بەدیدەکەین، بەڵام جیاوازییەکە چییە؟ ئەوە شیکردنەوەی نیشانە زمانییەکان دەریدەخات.

لێرەدا ئەرکی شێوەی ئاخاوتنی گوتارخوێنەکە بۆ مەبەستێکی دیاریکراوە، هەر وەك هاڵیدای دەڵێت:((لایەنی ئەرکی زمان شتێکی دابڕاو نییە له خودی پەیڕەوی ڕێزمانی. هەر زمانێك پەیوەستە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەو ئەرکەی کە ڕستەکان له دەوروبەرە جیاوازەکاندا دەیبینن))[٧]. مەبەستی له ئەم ناساندنە ئەوەیە، شێوازی قسەکردنی مامۆستای ئایینیش بە پێی دەوروبەر گۆڕانی تێدادەکرێت، بۆیە لەکاتی گوتارخوێندندا پێشتر خۆی ئامادەکردووە بۆ ئامۆژگاریکردن و ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان بەپێی ئایینی ئیسلام، بۆیە ڕەنگدانەوەی دەربڕاوی ئایینی له شێوەی ئاخاوتنیدا دەبینرێت، چەند ڕستەیەك له دەقەکە وەردەگرین.

---

[٦] - یادگار عەلی محێدین، گوتاری یەکەم، بەناونیشانی "مەبەستەکانی شەریعە"بۆ بینینی تەواوی گوتارەکە بڕوانە: پاشکۆی (ا).

[٧] – بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٦: ٤٣ )

١:ا/ ئیماندارانی بەڕێز، سڵاو سەلام و ڕەحمەتی خوای گەورەتان پێشکەشبێ. **ئر: (سڵاوکردن)**
**{فرێزی ناوی + فرێزێکی ئاوەڵکاریی + کردار}**

**١:ب/** سەرەتا حەمدو سەناو سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگار. **ئر: (دەستپێکردن)**

**١:پ/** وە داواکارین لە پەروەردگاری بەبەزەیی، ڕەحمەتی خۆی، پاکی و بێگەردی سەلامی و ئەمین بوون، پەیتا پەیتاو بەخوڕەم و وەکو بارانی بەهاری، ببارێنێتە سەر گیانی پاکی پێشەوای مرۆڤایەتی و سەرقافڵەی کاروانی زانست و تەقەدوم و حەزارەت و پێشکەوتن. **ئر: (پاڕانەوە)**

**١:ت/** برایان و خۆشکانی بەڕێزی ئامادەبووی ئەم مزگەوتەو ئەم جومعەو ئەم جەماعەتە. **ئر:(ناوهێنان)**

وەك دیارە هەر یەك لە ئەو ڕستانەی (١: ا– ت) كە لە دەقی گوتارەكە وەرگیراوە، هەریەك لە ڕستەكانیش مەبەستەكانیان جیاوازە و ئەركی كۆمەڵایەتی جیاوازیشیان هەیە. وەك: {سڵاوكردن، دەستپێكردن، پاڕانەوە، ناوهێنانی بە شێوەی كۆ}، بەڵام لە كاتی سڵاوكردن و دەستپێكردن و پاڕانەوە دەربڕینی ئایینی بە ئاخاوتنەكەوە دیارە و دەبینرێت. ئەم شێوەیەیش تایبەتمەندییەكی جوان و شیاوی بە دەربڕاوەكانی ئاخاوتنەكە داوە، بۆ نمونە: لە ڕستەی (١:ا)دا ڕستەكە بەشێوەیەكی ستانداردی زمانی كوردی ڕیزكراوە، وشەكانی وەك {ئیمانداران، بەڕێز، ڕەحمەتی خوای گەورە، پێشكەشبێ} شێوەی ئاخاوتنی مامۆستای بەرزكردووەتەوە بۆ (شێوەی باڵا) و لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم دەربڕاوانە، تێڕوانینی مامۆستایە بەشێوەیەكی ئەدەبی بۆ گوێگرەكانی و سەرنجی گوێگران بۆ لای گوتارەكەی خۆی ڕادەكێشێت و ڕێز لە گوێگرەكانی دەگرێت.

لە ڕستەی (١:ب)دا گوتارخوێن سوپاسگوزاری بە (حەمدو سەناو ستایش) بۆ پەروەردگار دەردەبڕێت، بابەتی سوپاسگوزاری و سوپاس و ستایش زۆربەی كات بۆ بابەتی قسەلەسەركراوی فەرمییە.

لە ڕستەی (١:پ) ڕستەیەكی پاڕانەوە، واتە لە مرۆڤەوە بۆ خودایەو ئەمەیش دەچێتە بواری دوعاكردن لە كاتی پاڕانەوەدا ((گوێگر بوونێكی بەرجەستەی نییە))[8] چونكە خودایە.

لە ڕستەی (١.ت)دا ناوی ئامادەبووان بەكۆ دەهێنێت، وەك لە (خوشكان و برایان)، كاتەكەیش ڕۆژی (جومعە)یە، مەبەستەكەیش بۆ نوێژی (جەماعەتە)، وەك دەبینرێت گوتارخوێن چەند ڕستەیەكی لەیەك ڕستەدا كۆكردوەتەوەو پێكەوەیبەستوون. ئەگەرنموونەكان شیكار بكەین، ئابوریكردنی زمانی مامۆستامان لە كاتی گوتارداندا بۆ دەردەكەوێت، مامۆستا خۆی ئامادەدەكات بۆ قسەكردن، بۆ ئەوەی چی پێویستە ئەوە بڵێت، ئەركی ڕستەكانیش ئەركێكی باڵایان بینیووە.

٢. برایان و خوشكانی بەڕێزی ئامادەبووی ئەم مزگەوتەو ئەم جومعەو ئەم جەماعەتە، بریتییە لە:

**٢:ا/** خوشكان و برایانی بەڕێزی ئامادەبووی ئەم مزگەوتە. **(مزگەوت= ماڵی خودا)**

---

٨ - بەكر عومەر عەلی و شێركۆ حەمەئەمین (٢٠٠٦: ٥٠)

٢:ب/ خوشكان و برايانى بەڕێزى  ئامادەبووى ئەم جومعەيە.     **(جومعە= ڕۆژى خودا)**

٢:پ/  خوشكان و برايانى بەڕێزى  ئامادەبووى  ئەم جەماعەتە. **(كۆمەڵبوون لە بەرخودا)**

**ڕیزبونى ئەم ڕستانە بەئەم شێوەیە:**

**{ناو+و+ناو+جێناو+فرێزى پێشناوى+جێناو+ كردار+ جێناو + جێناوى نيشانە+ناو+ كردارى ناتەواو}**

ئەگەر تەماشاى ڕستەى (٢: ا–پ) بكەين لە ڕستەى (٢)دا كۆكردوەتەوەو دابڕشتوەتەوە ئەمەيش شێوازێكى جوانى ئابوريكردن و وزە كەم بەكارخستنە، هەر ڕستەيەكيش مەبەستى جياوازە، هەروەها لەكاتى گوتارداندا شێوازى بەكارهێنانى زمانى مامۆستا گۆڕانى پێوەديارە. سەرەتا گوێگرانى بە كۆمەڵێك دەربڕاوى هەستبزوێنى وەك ئر: {بەڕێزان، ئيمانداران و مسوڵمانان، پێغەمبەر درودى خوداى لەسەر بێت، سوپاس و ستايش بۆ پەروەردگار} سەرنجيان ڕادەكێشێت و ئەركى جياواز بە ڕستەكان دەدات. واتە ئاساييە، كە كۆمەڵێك ئەركى زمان لە دەقێك، يان دەربڕاوێكدا هەبن، وەك لە گوتار(ئايينى،  يان گوتارى تر)دا، بەرچاودەكەون. شێوەى گوتارەكە، بەئەم شێوەيەيە، ڕێكخستن و خۆئامادەكرن و بيركردنەوە، لە دەربڕينەكانيدا دەبينرێت.

| |
|---|
| **سڵاوكردن← دەسپێكردن ← پاڕانەوە ←  ناوهێنانى ئامادەبووان← ناونيشانى گوتار← نمونە هێنانەوە و.. .هتد ← كۆتاى.** |

ئەوانەى گوێگرى گوتارى ڕۆژى هەينين چين و توێژى جياواز جياوازن، بۆيە لە كاتى گوتارخوێندندا گۆڕان لە شێوەى ئاخاوتن و دەربڕينەكانى مامۆستادا دەبينرێت، بۆ نمونە لە كاتى  نمونە هێنانەوەدا بۆ ئەو گوێگرانەى لە مزگەوتدا دانيشتوون، نمونەى جياواز جياواز دەهێنێـتەوە، بۆ ئەوەى باشتر مەبەستى ئايينى ئيسلاميان بۆ ڕوونبكاتەوە.

((..بەڕێزان: ئيسلام ئيعتيمادى لەسەر ئەسبابە، تۆ سەيارەكت پێيە سەفەرێكى دور ئەكەى ئەبێ سەيارەكەو چێك بكرێ و مەزبوتبێ، ئەبێ ئەوانەى پێداويستييە ساق بێ و بڕوا بەڕێوە. ئەبێ خۆت سايەق بێ ئينجا پشت ئەبەستى بەخواو ئينجا ئەڕۆى. ئەگەر سەيارەكە تەواو نەبوو ئيستۆپ و برێكى تەواو نەبوو ياخۆت سايەق نەبووى، ئيتر ئەمە وازيحە بەرەو كارەسات ئەڕۆى..))

٣:ا/ تۆ سەيارەكت پێيە.{بكەر + بەركار + كردار}

٣:ب/ سەفەرێكى دور ئەكەى.  {بكەر+ فرێزى ئاوەڵكارى+كردار}

٣:پ/ ئەبێ سەيارەكەو چێك بكرێ و مەزبوتبێ.{كردار+بكەر +و بەركار+و+كردار+و+كردار}

٤:ت/ پشت ئەبەستێ بە خواو ئينجا ئەڕۆى .    {بكەر+كردار+ فرێزى پێشناوى+ ...}

ئەم ڕستانە کە لەدەقەکە وەرگیراوە(٣: ا–پ)، دەربڕاوی وەك {سەیارە،ئەکەی، مەزبوتبیٚ، تۆ، ئەبیٚ} دەربڕاوی ئاخاوتنی ئاساییە و نمونەیەکی زمانی ڕۆژانەیی خەڵکییە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام بۆ تێگەیشتنی زیاتری خەڵکەکە ئەم نمونانەی هێناوەتەوە، لەبەرئەوەی خەڵکی ئۆتۆمبیل بە زۆری بەکاردەهێنن، ئەرکی ڕستەکانی مامۆستا لێرەدا بۆ هەواڵپرسین نییە، بەڵکو بۆ ئامۆژگاری خەڵکییە، بۆیە لە سەرەتادادا{بەڕێزان} بەکاردەهێنێت، کە توخمی نێرو میٚ دەگرێتەوە، لە نمونەکەیشدا {سەیارە }ی هێناوەتەوە هەردولا بەکاریدەهێنن، واتە نمونەیەك دێنێتەوە کە ئاشنا بێت بۆ هەموویان بۆئەوەی لە بابەتەکە باشتر تێبگەن، بەڵام ڕێکخستنی ڕستەکان بەشێوەیەکی ڕێزمانی کوردییە (شێوە باڵا)ییە زۆرجار و کردار لە کۆتاییەوە هاتووە. ڕستەیشی تێدایە کە کرداری هێناوەتەوە پێشەوە بۆ ئەوەی مەبەستەکە زوو بگات وەك ڕستەی (٤:ت) کە کردار لە پێشەوەیە، لێرەدا شێوەی ئاخاوتنی بۆ ئەوانەیە خوێندەواریان نییە، یان ئاستی تێگەشتن و خوێندەواریان کەمە، بەڵام هەموانیش پەیامەکە دەبیستن، وێڕای ئەوەیش دەکرێت ڕیزبونی کەرەستەکانی نێو ڕستەکان (شێوەی باڵا) نەبێت، بەڵام دەربڕاوەکانی شێوەی باڵا بێت. نمونەیەکی تر لە دەقەکە وەردەگرین:

((..خاڵێکی تر بۆ پاراستنی وەچەیە: تەنزیمی عەلاقەی کردووە لە بەینی نێرو مێدا، یەعنی کاتێك کەسێك ژن و مێردن کۆمەڵی یاسایی هەیە، کاتێك دووکەس خوشك و بران کۆمەڵی یاسای تری هەیە، کاتیٚ کەسێك دوو ڕەفیقن، یاخود دوو مۆزەفن، دوو فەرامانبەرن لە شوێنێکا، یەکیان ئافرەتەو ئەوی کەیان پیاوە لە ڕەگەزی جیاواز ئیشیان بەیەکەوەیە، کۆمەڵیٚ یاسای بۆ داناوە ئیسلام لە چوارچێوەیەکا بۆ ئەوەی نەکا دیسان وەچەکانمان خەلەل بێنیٚ..)).

٤:ا/ خاڵێکی تر بۆ پاراستنی وەچەیە: تەنزیمی عەلاقەی کردووە لە بەینی نێرو مێدا. **ئر (ڕاگەیاندن)**

**٤:ب/** یەعنی کاتێك کەسێك ژن و مێردن کۆمەڵی یاسایی هەیە. **ئر: (ڕوونکردنەوەی ڕستەی (٤:ا).**

**٤:پ/** کاتێك دووکەس خوشك و بران کۆمەڵی یاسای تری هەیە. **ئر: (ڕوونکردنەوەی ڕستەی (٤:ا).)**

**٤:ت/** کاتیٚ کەسێك دوو ڕەفیقن، یاخود دوو مۆزەفن، دوو فەرامانبەرن لە شوێنێکا، یەکیان ئافرەتەو ئەوی کەیان پیاوە لە ڕەگەزی جیاواز ئیشیان بەیەکەوەیە، کۆمەڵیٚ یاسای بۆ داناوە ئیسلام.

وەك لە رسِتەکانی (٤:ا–ت) دیارە، ڕستەی یەکەم ناونیشانی بابەتێکی نوێی تێدایە "پاراستنی وەچە" رستەکانی (٤:ب–ت) تەنیا واتای ئەم ناونیشانە ڕووندەکەنەوە، ئەرکی ڕستەکانیش هەر جارێك ڕوو لە کۆمەڵێك دەکات {ژن ومێرد، خوشك و برا، دووڕەفیق، دوو فەرمانبەر}بەڵام بۆ هەمویان یەك ئامۆژگارییە ئەویش پاراستنی سنوری پێوەندییەکانیانە لە دیدی ئیسلامەوە. واتە بەچەند ڕستەی جیاواز ڕوو لە چەند کۆمەڵێکی نێو کۆمەڵگا دەکات تەنیا بۆ ئامۆژگاریکردن و بیرخستنەوە، کۆی واتای ڕستەکانیش لە ئەم چوارچێوەدا دەخولێنەوە.

له کاتی گوتارخوێندنەکەیدا، دوو نمونەی هێناوەتەوە، یەکیان ژیانی ڕۆژانە وەك نمونەی (٣) خرایەڕوو، نمونەی (٤) کە پێوەندی نێوان ژنومێرد و فەرمانبەرانی نێو فەرمانگەکانی (شوێنی فەرمی) حوکمەت باسدەکات. ئاشکرایە، ئەو شێوە زمانەی مامۆستا مەبەستەکەی پێڕووندەکاتەوە، بۆ دوو چینی (خوێندەوار، خەڵك بەگشتیە) جیاوازە، بۆیە بەکارهێنانی شێوازی زمانیش بە جیاوازی بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی پەیامەکەو مەبەستەکەی بە باشی بگەیەنێت ناچارە لەنێو یەك گوتاردا، زیاتر لە شێوەیەکی زمان بەکاربهێنێت. ئەرکی ڕستەکانی مامۆستا وەك لە شیکردنەوەکاندا دەرکەوت بۆ ئامۆژگاریکردن و ڕوونکردنەوەیە. ئەرکی زمان بۆ ئامۆژگاریکردنی لە ئەم شێوەیە بە (شێوەیەکی باڵا) دەردەکەوێت، چونکە ئەم تایبەتمەندییانەی تێدادەبینرێت:

١. مامۆستا هەوڵیداوە، زیاتر فۆڕمی وشە و دەربڕاوی هەڵبژرێت، تا بە (شێوە باڵا) بدوێت، بەڵام شێوەی ئاسایی تێکەڵ بە ئاخاوتنەکەی کردووە، بۆ نمونە کرداری {ئەکا}، بۆیە بەڕەهای ناتوانرێت بگوترێت هەموو ئاخاوتنەکەی (شێوەی باڵا)یە، بەڵکو لەبەر پێوستی هەردوو شێوەکەی تێکەڵی یەکتری کردووە.

٢. هێنانەوەی نمونەی جیاواز، وەك نمونەکانی (٣-٤) و لەنێو یەك گوتاردا پێکەوەی بەستونەتەوە.

٣. دووبارەکردنەوەی چەندین دەربڕاو کە زۆربەیان یەك واتایان هەیە، وەك{سوپاس و ستایش، فەرمانبەرو مۆزەف، حەمدو سەناو سوپاس، ئیمانداران و بەڕێزان، خوشکان و برایان = ئێوەی گوێگر}.

ئەم تایبەتمەندیانە وادەکات بگوترێت، مامۆستا ئەرکێکی زمانی بە (شێوەی باڵا) [٩] بۆ ئامۆژگاری خەڵکی لە کاتی گوتارداندا بەکارهێناوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئاخاوتنی مامۆستا هەر بە ئەم شێوەیە دەبێت کاتێك لەگەڵ دەوروبەریدا گفتوگۆدەکات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە شیکردنەوەدەکرێت.

### ٥. گ.مامۆستا لەگەڵ کەسێك لە مزگەوت یەکتردەبینن:

**٥:أ/** سەلاموعەلیکم مامۆستاگیان باشی شکور. **ئر: (سڵاوکردن)**

**٥:ب/** تۆچۆنی قوربان گیان، سوپاس بۆخوا باشین (ارض الله واسعة، بەفر الله مانعه) **ئر: (وەڵامدانەوە)**

**٥:أ/** بە خوا ڕاست دەفەرمووی مامۆستا گیان. **ئر: (جەختکردنەوە)**

**٥:ب/** ماڵەوە چۆنن؟ دایکت ئێسە چۆنە؟ **ئر: (پرسیارکردن خۆگونجاندن)**

**٥:أ/** دوعای خێریان بۆ بکە. **ئر: (داواکردن)**

وەك دەبینرێت مامۆستا بەشێوەیەکی ئاسایی وەڵامی هاوڕێکەی دایەوە {تۆ چۆنی قوربان گیان} بەشێوەیەکی ئاسایی و گەرموگوڕ لەگەڵ هاوڕێکەی دواوە کردارەکەی لەسەرەتای ڕستەوە دەربڕیووە،

---

[٩] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٦: ٥٥)

بەڵام دوای ئەوە بە پەندێك وەڵامیداوەتەوە هۆكاری یەكترنەبینینیانی دیاری كردووە، كە شێوازەكەی لە شێوەی سەرەتای گفتوگۆكە زۆر جیاوازە. سەرەڕای ئەوەیش وشەیەكی عەرەبی لەنێو پەندەكەدا گۆڕیووەو وشەی كوردی لەبری داناوە. لە ئەم {ارض الله واسعة، بقفر الله مانعه}پەندەدا وشەی بەفری لە بری {ثلج} بەكارهێناوە، مەبەستی لە خودی بەفرەكەیش نییە، بەڵكو یەكێك لە نیشانە واتایەكانی بەفر كە ساردییەكەیەتی وەریگرتووە. لە كۆتایشدا وشەی {مانع} فرمانی ناتەواوی {ە}داناوە، لە قاڵبی ڕێزمانی كوردیدا داپشتوەتەوە. هاوڕێكەی وەڵامیدایەوە وەك لە ڕستەی (١:٥) {بە خوا ڕاست دەفەرمووی مامۆستا گیان}. پاشان هەواڵپرسینی ماڵەوە و دایكی لە لایەن مامۆستاوە وەك ئەركێكی كۆمەڵایەتی دادەنرێت، كە بە زمانی ئاخاوتن ئەركەكە (هەواڵپرسین) جێبەجێدەكرێت، ئەم ئەركەیش لە ئامۆژگاریكردنەوە دوورە. وەك دەبینرێت، بە نۆبەكردن قسەلەگەڵ یەكتریدا دەكەن ((ئاخاوتنەكەیان شێوەی دیالۆگی وەرگرتووە))[١٠]، بۆیە دەتوانین ئەم شێوەیە وەك ئاخاوتنی ڕۆژانە ناوزەدیبكەین. لە گفتوگۆكەوە ئەوە دەردەكەوێت، كە مامۆستا بە هۆی بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و شارەزایی زیاترەوە، شێوازی ئاخاوتنی ڕۆژانەیشی لە كەسێكی ئاسایی جیاوازترە، وەك لە گفتوگۆی ژمارە (٥)دا دیارە، مامۆستا تێكەڵكردنی زمانی لە كاتی ئاخاوتندا بەئاگاییەوە بە ئاخاوتنەكەیەوە دەبینرێت.

لەگەڵ ئەوەیشدا لە هەردوو شێوەكەدا بۆنە و بابەتی {سڵاوكردن، جەختكردنەوە، پرسیاركردن، داواكردن} هەیە، بەڵام ناوەڕۆك و دەربڕاوە زمانییەكان و نیشانە زمانییەكان و ڕێكخستنە ڕێزمانییەكان لە هەردوو لادا تاڕادەیەكی باش جیاوازە و دەگۆڕێت، چونكە شێوەی یەكەمی زمان ئەركەكەی بەرپرسیارتر و فراوانترە، لە شێوەی دووەمی زمان جیاوازە، ئەمەیش وادەكات دەربڕاو ونیشانە زمانییەكان جیاوازبن، وەك لەسەرەوە خرانەڕوو.

لێرەدا دەتوانرێت ئەوە بگوترێت: لە ئەم شیكردنەوەیەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی مامۆستا لە كاتی گوتارداندا ئەركی زمان، بۆ ئامۆژگاری و پاڕانەوە و سنورداركردنی كرداری خەڵكی و هاندانی خەڵكی بۆ كاری چاكە و..هتد بەكاردەهێنێت. واتە بە بەراوردكردنی ئاخاوتنی مامۆستا، لە كاتی گوتارخوێندن ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، ئەوەمان بۆ دەركەوێت، ئەو شێوەی مامۆستا گوتاری پێدەخوێنێت باڵاترە، لە ئەو شێوەی ئاخاوتنی ئاسایی پێدەكات، بەڵام بەرەهایی ناتوانرێت بگوترێت هەموو دەربڕاوەكان و ڕێزبوونی كەرەستەكانی نێو ڕستەكانی دەقەكەی مامۆستا(شێوەی باڵا)یە، بەڵكو لەبەر پێویستی شێوەی ئاسایی تێكەڵدەكات، بەپێچەوانەیشەوە، لە شێوەی ئاسایدا شێوەی باڵا تێكەڵی ئاخاوتنەكانی دەكات، ئەوەی ئەم بۆ چونە پشتڕاستدەكاتەوە، شیكردنەوەی نمونەكان (٤،٥)ە.

---

١٠- بەكر عومەر عەلی و شێركۆ حەمەئەمین (٢٠٠٦: ٥٣)

### ٢-١/٣) شكۆداریی

ئەگەر تەماشای بەشێك لە دەقی گوتاری یەکەم بکرێت:

مامۆستا دەفەرموێت:((ئیماندارانی بەڕێز.. خوشکان و برایان. ئیماندارانی قەدرگران. یا خوا بەخێربێن بۆ ماڵەکانی خوا. دوعا ئەکەین و ئەپاڕێینەوە ئەڵێین: خوایە، ئەوانەی هاتوون ڕویان کردوەتە قیبلەی تۆ لە ماڵەکانی تۆدا نزائەکەن و ئەپاڕێنەوە، خوایە دوعاکانیان گیرابکە. خوایە گیان ئەو کەسانەی مرازێکی خێریان هەیە بۆیان حاصل کەی.. ئیماندارانی بەڕێز، سڵاو سەلام و ڕەحمەتی خوای گەورەتان پێشکەشبێ. سەرەتا حەمدو سەناو سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگار وە داواکارین لە پەروەردگاری بەبەزەیی، ڕەحمەتی خۆی پاکی و بێگەردی سەلامی و ئەمین بوون، پەیتا پەیتاو بەخوڕەم و وەکو بارانی بەهاری ببارێنێتە سەر گیانی پاکی پێشەوای مرۆڤایەتی و سەرقافڵەی کاروانی زانست و تەقەدوم و حەزارەت و پێشکەوتن، حەزرەتی محمەدەن موستەفا..پێغەمبەر (ص) قسەی ئەفەرموو، فەرمووی: مەچن بۆ ماڵێك کەتەنیا ژنێکی لێیەو بچن لەگەڵی دانیشن، یەکێك لە ئەنصار ڕەحمەتی خوایان لێبێ وتیان:( ئەی ڕەسولی خوا خزمایەتیت بیرە، کە وا ئەڵێی) تۆ ئەچیت بۆ ماڵی خزمێکت مێردەکەی لەوێ نییە، بەتەنیا نەچمە ژورەوە لەگەڵ ژنەکەیا دانیشم؟ فەرمووی:

(**الحم و الموت**) ئەوەی کە تۆ ئەیڵی مردنە، یانی بمرێ باشترە یان مردنی تیایە..، ئەوانەی کە نەخۆشن داوای شیفاودوعای بە دەورە کردووە خوایەگیان شیفایانی بدەی. یارەبی خوایە شیفای بریندارەکانمان بدەی، ئەوانەی کەکوژراون ڕوویان لەتۆ بووە بە ئەجرێك بۆیان وەرگری مەئجور بن لای تۆ. یارەبی خوایە ئەم خاك و وڵاتە بپارێزی..))

**٦:ا/** ئیماندارانی بەڕێز ..خوشکان و برایان، یاخوا بەخێربێن.{فرێزی ناوی+ناو+وناو+یا+خوا+کردار}

**٦:ب/** سەرەتا حەمدو سەناو سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگا وە، {ناو+حەمد+و+سەنا+وسوپاس و ستایش + فرێزی پێشناوی}

**٦:پ/** یا خوا بەخێربێن بۆ ماڵەکانی خوا. (یا+ناو+کردار+ فرێزی پێشناوی)

**٦:ت/** پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) قسەی ئەفەرموو، فەرمووی: مەچن بۆ ماڵێك کەتەنیا ژنێکی لێیەو بچن لەگەڵی دانیشن، یەکێك لە ئەنصار ڕەحمەتی خوایان لێبێ وتیان:( ئەی ڕەسولی خوا خزمایەتیت بیرە، کە وا ئەڵێیَ)؟ تۆ ئەچیت بۆ ماڵی خزمێکت مێردەکەی لەوێ نییە، بەتەنیا نەچمە ژورەوە لەگەڵ ژنەکەیا دانیشم؟ فەرمووی: (الحم و الموت) ئەوەی کە تۆ ئەیڵی مردنە.

**٦:ج/** خوایە گیان ئەو کەسانەی مرازێکی خێریان هەیە بۆیان حاصل کەی.

**٦:د/** دوعا ئەکەین و ئەپاڕێنەوە ئەڵێین: خوایە، ئەوانەی هاتوون ڕوویان کردوەتە قیبلەی تۆ لە ماڵەکانی تۆدا نزا ئەکەن و ئەپاڕێنەوە خوایە دوعاکانایان گیرابکە.

ئەگەر تەماشای ئەم ڕستانە بکەین، لە ڕستەی (٦:ا،ب) دا، شکۆداریی لە زمانی مامۆستا بە ڕوونی دیارە {ئیمادارانی بەڕێز، خوشکان، برایان، حەمدو سەنا، سوپاس و ستایش}، ئەم دەربڕاوانە

شكۆداریان بەرانبەر خوداو گوێگرەکان پێوەدیارە، وەك ئاوەڵناوێك وەسفی خوداو شکۆی خودایی و ئامادەبوانی پاراستووە. پاشان لە ڕستەی (٦:پ)دا ئەو شوێنەی خەڵکی تێدا کۆبووەتەوە (کە مزگەوتە) بەخێرهاتنیان دەکات، چونکە ئەویش بە ماڵی خودا دادەنرێت {یا خوا بەخێربێن}، {یاخوا} ڕێزو شکۆداریی زیاترە، وەك لە ئەوەی بڵێت (بەخێربێن)، واتە ڕستەکانی مامۆستا کە دەریدەبڕێت بە تەواوی شکۆداریی بەرانبەر خودا پێوە دیارە، ئەوانەیش هاتوون بەڕێزو بە شێوەی کۆ ناویان دەبات، وەك {برایان و خوشکان، ئیماندارانی قەدرگران و..هتد}، نەك هەر ئەوە بەڵکو بە ناوی گوێگرانەوە دەپاڕێتەوە لە خودا، لە ناوهێنانی خودادا شکۆو ڕێز لەبیرناکات. وەك لە سەرەتای ڕستەی (پ،ت) دا بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەڵێت و کاتێك ناوی خودا دەبات، دەڵێت (خوایەگیان) وێڕای ئەوەیش مامۆستا دەڵێت، (خوایەگیان، دوعادەکەین و دەپاڕێینەوە) مەبەستی ئەوەیە کە بڵێت:

ا. خوایەگیان، ئێمە دوعادەکەین. {فرێزی ئاوەڵناوی+ بکەر+کردار}

ب.خوایەگیان، ئێمە دەپاڕێینەوە.{فرێزی ئاوەڵناوی+ بکەر+کردار}

بەڵام مامۆستا، زۆربەی کات هەر خۆیشی لە ئەو کاتەدا بەدەنگی بەرزو بەئاوازێکی نەرم/ توندو جوان لە خودا دەپاڕێتەوە، ئامادەبووانیش پێکەوە ئامینی بۆ دەکەن و دەنگی خۆیان لەگەڵ دەنگی مامۆستا ڕێکدەخەن. ئەم جۆرە لە پاڕانەوەی مامۆستایان (وەك خوایەگیان، دوعادەکەین و دەپاڕێینەوە) دەتوانرێت وەك ڕستەی ڕاپەڕاندن ناوزەدبکرێت، چونکە هەر خۆی قسەدەکات و خۆیشی جێبەجێیدەکات. هەر بۆ جوانکاری {دوعاکردن و پاڕانەوە} لە نێو ڕستەکەدا یەك مەبەستی هەیە ئەویش نزاکردن و پاڕانەوەیە، دوو فۆرمی بۆ بەکاردەهێنێت. واتە دووبارە ناو و فۆڕمی زیاتر بۆ یەك وشە بەکاردەهێنێت وەك {دوعا+کردن=دوعاکردن، پاڕانەوە} دووفۆرمن بەرانبەر یەك وشە، بەڵام فۆرمی یەکەم {وع + وك}، بەڵام وشەی دووەم {پاڕانەوە:دوعا}وەرگێڕانە، بەڵام واتای لە واتای دووعا فراوانترە، چونکە کاتێك وشەی {دوعاکردن}بەرگوێمان دەکەوێت، ئەوە بەبیرماندا دێت مرۆڤ لە خودا دەپاڕێتەوە، بەڵام کاتێك دەڵێین {پاڕانەوە} وێڕای ئەو واتایەی پێشووتری تێدایە بە واتای پاڕانەوەی مرۆڤیش لە مرۆڤ دێت، لە زمانی کوردیدا نیشانە واتاییەکانیان برتییە لە:

| دوعاکردن: | پاڕانەوە |
|---|---|
| +− مرۆڤ | +− مرۆڤ |
| + پاداشت وەرگرتن | +− پاداشت وەرگرتن |
| + بێدەسەڵاتی | + خۆبچووکردنەوە |
| + دەستکەوتنی پاداشت و..هتد | + سوکردنی دەروون "نەفس" و..هتد |

وەك دەبینرێت، لە واتا نیشانەکانیاندا جیاوازی هەیە، لەبەرئەوە مەرج نییە، وشە ودەربڕاوە کوردییە وەرگێڕاوەکان، هەڵگری هەمان نیشانەی واتایی دەربڕاوەکانی زمانی زمانی عەرەبی بن.

مامۆستا بەچەند شێوەیەك ناوی خودا و ناوی مرۆڤی هێناوە{خودا، الله، پەروەردگار، خوایەگیان}، بۆ مرۆڤیش {ئینسان، زەلام، مرۆڤ }بەکارهێناوە. بۆ پێغەمبەر{ پێشەوای مرۆڤایەتی و سەرقافڵەی کاروانی زانست و تەقەدوم و حەزارەت و پێشکەوتن}، دوبارە ناونانەوە و پێدانی ناوی نویێ نازناوی تازە بۆیەك کەس، ئەویش پێغەمبەرە (د.خ، هەموو ئەمانەیش بریتین لە: شکۆداریی کە بەئاخاوتنی مامۆستاوە دیارە، لە ڕێگەی دووبارە ناونانەوە، زیاتر دەیانرخێنت و بەهای ڕاستیان دەردەخات، بۆ نمونە پێغەمبەر، زیاتر لە جارێك ناوی ناوەتەوە، یەکەم کردویەتی بەپێشەوای مرۆڤ و دواتر پێشەوای زانست و پێشکەوتنیش، بۆیە دەتوانرێت دووبارە ناونانەوە و دەرخستنی لایەنی چاکەکاری(بە تایبەت: خودا و پێغەمبەر) وەك شکۆداریی ناوزەد بکرێت:

| خودا | پێغەمبەر | مرۆڤ |
|---|---|---|
| الله | پێشەوای مرۆڤایەتی | ئینسان |
| پەروەردگار | سەرقافلەی کاروانی زانست | زەلام |
| خوایەگیان | سەرقافلەی کاروانی پێشکەوتن | |

ئەوەی گرنگە بخرێتەڕوو، شکۆداریی هەر تەنیا یەك پۆلە ڕەگەز(ناو/ کردار) ناگرێتەوە، بەڵکو زیاتر لە پۆلێك دەگرێتەوە. بە کورتی نمونە بۆ گرنگترین ئەو پۆلە ئاخاوتنییانەی لە (شێوەی باڵا)دا ئاخاوتنی شکۆداریی ئایینیان پێوەدیارە، دەهێنرێنەوە. ئەوانەی لە گوتارەکەدا وەرگیراون، وەك{خودا، پەیامبەران، یارانی پەیامبەر، مسوڵمانان} بەکارهاتوون، بە کورتی لە ئەم خشتەیەی لای خوارەوەدا دەخەینەڕوو.

| (خشتەی ژمارە (١) ئەو پۆلە ڕەگەزانەی وشە، کە لە زمانی کوردیدا ڕۆڵی شکۆداریی دەگێڕن) | | |
|---|---|---|
| شکداریی لە فۆڕمی ناودا (ا) | شکۆداریی لە فۆڕمی ئاوەڵناودا (ب) | شکۆداریی لە فۆڕمی کرداردا (پ) |
| خودا (قورئانی پیرۆز) | پیرۆز | دەپارێینەوە |
| پێغەمبەر (د.خ) فەرمودە | بەبەزەی | پێشکەشیدەکەین |
| مزگەوت، مەککە، مەدینە و..هتد | میهرەبان | وتیان |
| قیبلە (ڕووگە) | ڕەحمەت | فەرمویان |
| خەلیفەکانی ڕاشدین | پاك | دەفەرموون |
| خودایە، الله، پەروەرگار، | بێگەرد | دەڵێن |
| سەحابە (یارانی پێغەمبەر) | ـــــــــــــــــ | دەگێرنەوە و..هتد |

لەئەم خشتەیەدا، ست,ونی (ا) پۆلەڕەگەزی ناوە، کە خاوەنی شکۆداریی ئایینین. ستو,نی (پ) ئەو ئاوەڵناوانەن شکۆدارییان پێوەدیارە و زۆر دوبارەدەکرێنەوە. ست,ونی (پ) ئەو کردارانە کە بەکاردەهێنرێت، هەست بە ئەوە دەکرێت شکۆدارییان پێوە دیارە، واتە ئەوەی ئاخاوتن دەکات و ئەم فۆڕمەی کرداری بۆ بەکارهاتووە، خاوەنشکۆ و پلەوپایەی دینی هەیە.

**٧: گ. مامۆستا و هاوڕێیەکی:**

**٧:ا/** سەلام موعەلیکم بۆ دیارنیت برا؟

**٧:ب/** وەعەلەیکومە سەلام مامۆستا، وەڵا مەشغوڵی ئیشم.

**٧:ا/** ڕاست دەکەی ئەم دنیا هەموانی مەشغوڵکردووە.

**٧:ب/** ....

لێرەدا نمونەکانی (٦و٧) بەراوردبکەین، لە نمونەکانی (٦) وشە و دەربڕاوی شکوداریی زیاتر بەکارهاتووە، ڕازاندنە و ناونانەوە لە نمونەی ژمارە (٧) کەمتر دەبینرێت، بۆیە دەتوانرێت لەئەم گۆشەنیگاوە ئەوە بگوترێت، مامۆستا دووشێوەی ئاخاوتن بەکاردەهێنێت.واتە دوودیویی زمانیی بە ئاخاوتنەکانییەوە لە کاتی گوتارخوێندن و ئاخاوتنی ئاسایدا دیارە.

## ٣-١/٣) کەلەپوری ئەدەبی

مامۆستایانی ئایینی (مرۆڤ) لەکاتی گەیاندنی پەیام، یان بیرێکدا، فەرموودە، پەند، شیعر، بەڵگە دەهێننەوە، چونکە قسەکەرانی یەك کلتور/ خەڵکی بەگشتی پێیی ئاشنان، بۆ ئەوەی بیرۆکە و پەیامەکان ڕوونتر وئاشکراتر بن.

((..بەرز ڕاگرتنی کارکردن: پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) تەوقەی لەگەڵ سەحابییەك کرد، بیستومانە، کە دەسی یەکتریان گوشی، ئەو دڵی نەهات دەسی پێغەمەر بگوشیٚ (علیه صلاه والسلام) فەرمووی: دەستت بۆ وایە، زۆر قڵیشا بوو، فەرمووی ئەو باخەم ئاوەدانکردەوە، بۆیە وای لێهاتووە، ئەم دەسەی بەرز کردەوە، پێغەمبەر (علیه صلاه والسلام) لە ڕیوایەتێکیشا ماچیکردووە، دەمی پێغەمەر دانەنەویوەتەوە بۆ حیچ دەسیٚ، (لە سایەی عیزەتی نەفسم سەربەرزە، کەسەر بەرزە، سەر شۆر ناکەم بۆ هیچ دەسێك، سەرم بەرزە کە ناهێڵی دەمم بەرم بۆ هیچ دەسیٚ) پێغەمبەر (علیه صلاه والسلام) کاتیٚ دەستەکەی ماچکرد، فەرمووی: خەڵکینە:ئەم دەستە ئاگر نایسوتێنیٚ، ئەم دەستەیە کە خوا خۆشیئەویٚ، یانی دەستی کار دەستی عەمەل، دەستی ئیش. یانی دەستێك کە ڕەنگی تێکچووە بە هۆی کارەوە، خوای گەورە ئەو دەستەی خۆشئەویٚ..)).

ئەگەر تەماشای ئەم دەقە بکەین، دەبینین سودی لە بەسەرهاتی پێشینان و فەرموودەی ئایینی وەرگرتووە، هەردوکیان بەشێکن لە مێژووی نەتەوەی و ئایینی و بەچاوی ڕێز لە کوردەواریدا تەماشادەکرێن. وە دیارە مامۆستا لە کاتی گوتارداندا هەوڵدەدات بە شیعرو پەند هێنانەوە، گوتارەکەی بەپێزتر بکات، چونکە لە کۆمەڵی کوردەواریدا کەلەپوری ئەدەبی پێشینان سامانێکی نەتەوەی و خاوەن بەهایە، مێژوویەکی ئەزمونکراوی پێشینیانە، چەند نموونەیەك وەردەگرین.

٨:ا/ ئەم دەسەی بەرز کردەوە، پێغەمبەر (علیه صلاه والسلام) لە ڕیوایەتێکیشا ماچیکردووە.

٨:ب/ دەمی پێغەمەر دانەنەویوەتەوە بۆ حیچ دەسێ.

٨:پ/.لە سایەی عیزەتی نەفسم، کەسەر بەرزە

سەر شۆر ناکەم بۆ هیچ دەسێك، سەرم بەرزە

کە ناهێڵی دەمم بەرم بۆ هیچ دەسێ.

لە ڕستەکانی (٨:ا–پ)دا، یەکەم ڕستە (٨:ا) هۆکارە بۆ ئەوەی ڕستەی (٨:ب) دەرببڕێت، بەدوای ئەم ڕستەشدا بۆ ڕوونکردنەوە و ڕاڤەی فەرموودەکە، بە دێڕە شیعرێکی ئەدەبی کوردی فەرموودەکەی شیکردووەتەوە. واتە زۆر جوان سود لە کەلەپوری پێنشینیان وەردەگرێت، ناوەڕۆکی فەرموودەیەك بە شیعری شاعیری کوردی ڕووندەکاتەوە، ئەمەیش بەهای شیعر/ کەلەپوری ئەدەبی دەردەخات.

مامۆستا بۆئەوەی گوتارەکەی بەپێزبێت، لە مێژووی ژیانی مسوڵمانانی پێشوو (فەرموودە)ی بەنمونە هێناوەتەوە، بەهۆی ئەدەبی کوردییەوە (دوو دێڕە شیعرەکەی سەرەوە)، هۆکاری دەست ماچکردنەکە ڕوونتردەکاتەوە، یەکێك لە تایبەتمەندیی (شێوەی باڵا) لەنێو گوتاری ئایینی هێنانەوەی نمونەیە، بۆ تێگەیشتنی خەڵکەکە، بۆیە زۆرجار نمونەکان نمونەی کەلەپوری کوردین، چونکە بۆ باشتر تێگەیشتنی ئەوانەی لەنێو مزگەوتدا دانیشتون، گونجاوترن. شیعرو پەندو نمونەی پێشینان و گێڕانەوەی چیرۆك و بەسەرهاتەکان، ئەو بابەتانەن مامۆستا هەرگیز ناتوانێت لە کاتی گوتارداندا دەستیان لێبەربدات. هێنانەوەی نمونەی شیعری، بە یەکێك لەبنەماکانی شێوەی باڵای زمانی گوتاردانی مامۆستایانی ئایینی دادەنرێت. وەك لە نمونەکاندا خرانەڕوو، کەلەپوری ئەدەبی و شیعری شاعیران، تێکەڵ بە گوتارەکە کراون و ڕاڤەی فەرموودەکەیشی پێکردووە، هێزو جوانییەکی بە دەربڕینەکانی مامۆستا بەخشیووە. بۆیە لێرەوە دەتوانین بڵێین: هێنانەوەی (شیعر، پەند، نمونە) لەکەلەپوری کوردیدا لەکاتی گوتارخوێندندا، یەکێکە لە بنەماکانی (شێوەی باڵای) ئاخاوتنی مامۆستایانی ئایینی لە زمانی کوردیدا.

**٩: گ. مامۆستا لەگەڵ وەستای نانەوادا**

٩:ا/ سەلام موعەلیك

٩:ب/ سەرچاوم مامۆستا گیان، فەرموون..

٩:ا/ وەڵا شەش نانم دەوێت و..هتد.

ئاشكرایە، لە ڕوانگەی بنەمای كەلەپوری ئەدەبییەوە، لە نمونەكانی (٩،٨)دا، دەرخرا، مامۆستا لە كاتی گوتارخوێندندا، سود لەكەلەپوری ئەدەبی دەبینێت، بەڵام ئاخاوتنی ئاسایدا زۆر بەدەگمەن ئەو كارە دەكات، لە ئەم گۆشینیگاوە دەتوانرێت بگوترێت، مامۆستا دوو شێوەی ئاخاوتن بەكاردەهێنێت.

### ٣/١–٤) زمان وەرگرتن

ئاشكرایە، كاتێك مرۆڤ لە منداڵیدا زمان وەردەگرێت شێوازەی قسەكردنی جیاوازە، لە شێوازی كەسێكی تەمەندار كاتێك ئاخاوتن دەكات. مامۆستایانی ئایینی كوردی سەرەڕای ئەوەی لە منداڵییەوە زمانی كوردی فێربوون، كاتێك چوونە نێو خوێندنی زانستە ئیسلامییەكانەوە، پێویستە لەسەریان خۆیان فێری زمانی عەرەبی بكەن، چونكە قورئان و فەرموودەو كتێبەئیسلامییەكان زۆربەی زۆریان بە زمانی عەرەبی نوسراون. لەنێو گوتاری ئایینیشدا، مامۆستا هەردوو شێوەی ستانداردی عەرەبی و (شێوەی باڵا) و ( شێوەی باڵا و ئاسایی) زمانی كوردی تێكەڵ بە یەكتری دەكات. هەندێك جار بە ئاگاییەوە ئەوكارەدەكات، هەندێك كاتیش ڕاهاتووە. بۆیە هەردوو شێوەكە لە زمانی مامۆستادا دەبینرێت. (شێوەی باڵا) لە ناونیشانی گوتارو خاڵە بنەڕەتییەكانی گوتاردا دەبینرێتەوە. (شێوەی ئاسایی) لە ڕونكردنەوەو هێنانەوەی نمونە بۆ بەپێزكردنی بابەتەكە دەردەكەوێت، بەڵام بەگشتی لەنێو چوارچێوەی گوتارەكەدا، گۆڕانی شێوەكانی زمان دەكات، هاوكات دوو گوتار بە زمانی عەرەبی دەدات، گوتارێك لە سەرەتاوە كە بریتییە:لە پاڕانەوەو ستایشی خوداو پێغەمەر (د.خ) كورتەیەك لە گوتارەكەی بە زمانی عەرەبی دەردەبڕێت. دووەم گوتاری عەرەبی دوای تەواوبوونی گوتارە كوردییەكە، پوختەی گوتارەكەو ئەنجامی گوتارەكەو دوعاو پاڕانەوە بە زمانی عەرەبی دەردەبڕێت و دواتر كۆتای بەگوتارەكە دێنێت.چەند نمونەیەك دەهێنینەوە:

مامۆستا دەڵێت: ((ناونیشانی گوتاری ئەمڕۆمان بریتییە لە: (مقاصد الشریعە)، واتە: مەبەستەكانی شەریعە.)) لە ئەم ڕستەیەدا، بە ئاگاییەوە، هەردوو شێوەی زمانی عەرەبی و كوردی بەكارهێناوە. واتە (مقاصد الشریعە) وەردەگێڕێت بۆ (مەبەستەكانی شەریعە). وەرگێرانەكەیش بە (شێوەی باڵا)یە.

یان دەلێت:((..ئیماندارانی بەڕێز، سڵاو سەلام و ڕەحمەتی خوای گەورەتان پێشكەش بێ. سەرەتا .داواكارین لە پەروەردگاری بەبەزەیی، ڕەحمەتی خۆی پاكی و بێگەردی سەلامی و ئەمین بوون، پەیتا پەیتاو بەخوڕەم و وەكو بارانی بەهاری، ببارێنێتە سەر گیانی پاكی پێشەوای مرۆڤایەتی و سەرقافڵەی كاروانی زانست و تەقەدوم و حەزارەت و پێشكەوتن، حەزرەتی محمەدەن موستەفا (سەڵەڵاو تەعالا عەلەهی وەسەلەم..)). لە نمونەی ئەم دەقەدا وشەی زمانی عەرەبی و كوردی تێكەڵ بەیەكتری كردووە، بەڵام لە قاڵبیی زمانی كوردیدا وشەكانی، وەك:{تەقدوم، حەزارەت، سەڵەڵاو عەلەیهی وەسەلەم}

بەشێوەیەکی ناگا بە هۆی ڕاهاتنییەوە بەکاردەهێنێت یان بۆ ڕەوانبێژی و ڕیتمە، یان زیاتر بۆ تێگەیشتنە، چونکە بنەمای زانستی ئیسلامی بە زمانی عەرەبی خوێندووە، ئەمەیش کارێکی ئاساییە کە بە ئەو شێوەیە قسەبکات. ئەم شێوازە قسەکردنەی مامۆستا تەنیا لە کاتی گوتارداندا وایە، کاتێکی دیارکراو هەیەو گوێگریش لەنێو مزگەوتدا هەیە، بە ئەم شێوەیە گوتاردەدات، واتە زمان تێکەڵکردن لە کاتی گوتارداندا بە ئەم شێوەیە:

**یەکەم:** زمان تێکەڵکردنی خۆکرد، وەك هێنانەوەی فەرموودە و ئایەتی قورئان لە کاتی گوتارداندا. بۆ نمونە: مامۆستا دەڵێت ((ئەدەب، ئەخلاق، ڕێز، مامەڵەی تەندروست، لە سەر ئەو ئەساسەیە کە ئەیکەی، ئیسلام لەسەر ئەم مەسەلەیە دایڕشتووە { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا } نەچیتە ژورەوە بۆماڵێك خۆت بکەی بەژوورا)) سەرەتا بە وشەی کوردی باسی بنەمای ئایەتەکەی کردووە، دواتر بە ئایەتێك بابەتەکەی ڕوونکردوەتەوە، بە ئاگاییەوە ئەو ئایەتەی هێناوەتەوەو لەگەڵ ئاخاوتنە کوردییەکە گونجاندویەتی.

**دووەم:** زمان تێکەڵکردنی خۆنەکرد، وەك لە تێکەڵکردنی وشەی عەرەبی بە زمانی کوردی یان بەکارهێنانی هەردوو فۆرمی وشەکە لەنێو هەردوو زمانەکەدا {حەزارەت، مۆزەف = پێشکەوتن، فەرمانبەر}[11] سەرەتا وشەی عەرەبی دواتر وشەی زمانی کوردی، ئەم جۆرە تێکەڵکردنە ڕەوانبێژی و

---

[11]– (ا).زمان تێکەڵکردن: زاراوەی (کۆد –گۆڕین)، بەشێوەیەکی بەرفراوان لەنێو زمانەوانیدا بەکارهاتووە، پوختەی ئەو لێکۆڵینەوانە تاساڵی (٢٠٠٥) کراوە، ئەوە دەخاتەڕوو تا ئێستا (١٨٠٠) لێکۆڵینەوە لە هەموو لقەکانی زانستی زمانەوانی لە ئەم بوارەدا بڵاوکراوەتەوە. زمانەوان لە ئەو شوێنکاتانە دەکۆڵێتەوە، کە زمان تێکەڵکردن ئاساییە. (سکۆتن) بە ئەم جۆرە پێناسەی دەکات (بریتییە لە تێکەڵکردنی دوو شێوەزار یان زیاتر لە هەمان ئاخاوتندا) سەرەتای کارکردن لە ئەم بوارەدا، دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی جۆن گەمپرێز (١٩٧٢) لە سیمینارێکیشدا باس لە ئەوە دەکات، مامۆستایانی خوێندنگە بۆ ئاسانکاری بۆ خوێندکاران دەتوانن دوو شێوەی زمان تێکەڵبکەن لە کاتی وانەوتنەوەدا، نمونەکان ئەوەیان خستەڕوو، کە ئەم دوو جۆرە لە هەردوو شێوەی گوتاری مامۆستای ئایینیدا دەردەکەوێت.

(١). **کۆدگۆڕینی ڕستەیی:** (inter-sentential)، واتە: گۆڕینی زمان لەنێو ڕستەکاندا.

(٢). **کۆد گۆڕینی ناوەخنی ڕستەیی:** (intra-senital)، واتە گۆڕینی زمان لەنێو یەك ڕستەدا بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شادان شکور سابیر ( ٢٠١٣: ٣٢–٣٥).

(ب) بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین باسی زمان تێکەڵکردنیان کردووە (بازدانی زمانی) ناویان بردووە، دوو جۆریان دیاریکردووە، بەبڕوای ئەوان، مرۆڤ ناکرێت بۆ هەموو بابەتێك یەك شێواز قسەکردنی هەبێت. بەڵکو شێوازەکە دەگۆڕێت. هەندێك بازدان هەیە، لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکی تر لە کاتی قسەکردندا، مەبەست لە بازدان گۆڕینی شێوەو (اسلوبی) قسەکردنەکەیە، وەك:

١. **بازدانی خۆنەکرد:** مرۆڤ یان کەسەکە بە ویستی خۆی کارەکە ئەنجام نادات، واتە گۆڕینەکە بێ ئاگاییە، بەڵکو ئەوەی دەبێتە هۆی بازدانەکە پێوەندی بە هەڵوێستەکەوە هەیە. یان ڕێڕەوی قسەکردنەکە گەیشتوەتە خاڵێك پێویستی بە گۆڕین هەیە. ئەم هاتنە کایەوە پێوەندی بە قسەکردن و دەوروبەرو چۆنیەتی بابەتەکەوە هەیە.

٢.**بازدانی خۆکرد:** ئەم جۆرە بازدانە، پێچەوانەی یەکەمە، کە قسەکەر شێوازی قسەکردنەکەی دەگۆڕێت، یان زمانەکەی کوردییە دەیگۆڕێت بۆ عەرەبی، یان زاراوەکەی لە ئەکسێنتی سلێمانییەوە دەگۆڕێت بۆ ئەکسێنتی هەولێری، بێ ئەوەی

ڕازاندنەوەیەکی جوان بە گوتارەکە دەدات. مامۆستایانی ئایینی کوردی، زمان تێکەڵ دەکەن لە کاتی گوتارداندا، هەردوو شێوەکەی زمان لەنێو گوتارەکەیاندا ڕەنگدانەوەی هەیە. لێرەوە دەتوانین بڵێین یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئاخاوتنی مامۆستایانی ئایینی بریتییە لە: بە کارهێنان و دەرکەوتنی جووت زمانی (کوردی و عەرەبی)، وێڕای ئەوەیش دوو شێوەی(ئاسایی و باڵا)ی ئاخاوتنی زمانی کوردی بەکاردەهێنن، ئەمەیش بیروڕاکانی (سی.ئەی.فێرگسۆن) و (جۆشوا فیشمان) کاتێك تیۆریی دوودیوی زمانی فراوانکرد، پشتڕاستدەکاتەوە، لێرەشەوە وەك تایبەتمەندییەکی زمانی مامۆستایانی ئایینی دەتوانرێت ناوزەدبکرێت.

## ٣/١–٥) بە ستانداردکردن

هونەری گوتاردان، واتە کاریگەریی دروستکردن لە سەر شێوازی بیرکردنەوەو سنوردانان بۆ کردەوەی گوێگران، یان بۆ گۆڕانی هەست و سۆز گوتار پێشکەشدەکرێت، یان بۆ ڕوونکردنەوەو زانیاریی پێدانە، لەبەرئەوەیە کە گوتارخوێن پێویستیی بە شێوازێکی پەخشان ئامێزی تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە بۆ هەر یەك لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکان کە گوتاری تێدا دەدرێت، پێویستیی بەشێوەیەکی ستانداردە(شێوەی باڵا) بەشێوەیەك شیاوی ئەو شوێنە بێت، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵدەدرێت و کۆششدەکرێت، تا گوتارێك ئامادەبکرێت و بەشێوەیەکی جوان پێشکەشبکرێت. گوتاری هەینیش پێویستیی بەشێوەیەکی بەرزو جوان هەیە.

مامۆستا دەفەرموێت: ((خوای گەورە برەو بەنوری خۆی ئەداو با خەڵکی بێ دین پێی ناخۆش بێ. بەڵێ جارێکی تریش مەقاسیدی شەریعە، پاراستنی دینی مرۆڤە، پاراستنی سەری مرۆڤە، پاراستنی ماڵی مرۆڤە، پاراستنی نەسلی مرۆڤە، پاراستنی ئەقڵی مرۆڤە..)).

١٠:ا/خوای گەورە برەو بەنوری خۆی ئەداو با خەڵکی بێ دین پێی ناخۆش بێ.

١٠:ب/ مەقاسیدی شەریعە، پارستنی دینی مرۆڤە.

١٠:پ/ مەقاسیدی شەریعە، پاراستنی سەری مرۆڤە.

١٠:ت/ مەقاسیدی شەریعە، پاراستنی ماڵی مرۆڤە.

---

هەڵوێست و دەوروبەر گۆڕابێت. ڕێڕەوی قسەکردنیش گۆڕابێت قسەکەر شێوازەکەی یان زارەکەی دەگۆڕێت. بۆ زانیاری زیاتربڕوانە: بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٦: ٢٥–٢٦ ) بکە.کاتێك باسی توخمەکانی ئاخاوتن دەکات، توخمەکان دابەش دەکات بۆ (توخمی مرۆیی، بابەت ، ئامانج ) بەوردی لەم سێ توخمە دەدوێت، چونکە وەك فێرس دەڵێت: لە کاتی قسەکردندا بەرانبەرێکمان هەیە کە ئەبێت بە شێوازێکی تایبەت لە گەڵیدا بدوێین.واتە دەبێت بگونجێین.مامۆستای ئایینیش بابەتەکەی لە پێناو ئەوەدایە، لەگەڵ ئامادەبوان بگونجێت و تێیان بگەیەنێت و زانیاری لەسەر دینی ئیسلام و شێوازی مامەڵەی مسوڵمانان لە دونیادا بەپێی دینی ئیسلام ڕوونبکاتەوە.

١٠:ج/ مەقاسیدی شەریعە، پاراستنی نەسلی مرۆڤە.
١٠:د/ مەقاصیدی شەریعە، پاراستنی ئەقڵی مرۆڤە.

ئەگەر تەماشای (١٠:ا–د) بکەین، بە (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردی ڕێزکراون و کردار کەوتووەتە کۆتای ڕستەکانەوەو هەمویان بەکرداری ناتەواوی { ە }کۆتای هاتووە، جۆرێك لە ئاوازێکی جوانی بە دەربڕینەکە بەخشیووە، وەك لە دەقەکەدا دەردەکەوێت، دەربڕاوی (مەقاصیدی شەریعە) یەك جار دەربڕیووەو دواتر بە پێنج ڕستە پێکهاتەو مەبەستی شەریعەی خستووەتەڕوو، واتە ئابوریکردنێکی جوانی پێوە دیارە، بێ ئەوەی ببێتە هۆی دروستکردنی ئاڵۆزی و تێنەگەیشتن، ئەمەیش دەتوانرێت وەك تایبەتمەندی ئابوریکردن لە (شێوەی باڵا) دابنرێت، کۆی گوتارەکەیشی بۆ شیکردنەوەی ڕستەکانی (١٠:ا–د) تەرخانکردووە. یەکێکی تر لە نیشانە زمانییەکان، کە شێوەی باڵای گوتارەکە پیشاندەدات، بریتییە لە ئەم دەربڕاوانە (پاراستنی: دین، سەر، ماڵ، نەسل، ئەقڵ) هەموویان زاراوەی بواری زانستی ئیسلامین، دەربڕینی ئەم زاراوانەو شیکردنەوەیان لەنێو بواری زانستی و لەلایەن کەسایەتی شارەزاو(مامۆستایانی ئایینی) قسەی لەسەر دەکەن. ئەمەیش وادەکات بڵێین، شێوەی ئاخاوتنی مامۆستا لە ئەم گوتارەدا (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردییە. لە (١٠:ا– د)دا مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی بە کورتی و پوختی خستووەتەڕوو، واتە دوای بیرکردنەوە و خۆئامادەکردن و خوێندنەوە، ئەو کات ئەم ڕستانەی لەنێو گوتارەکەیدا پێشکەشکردووە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی (شێوەی باڵا) خۆئامادەکردن و بیرکردنەوە لە ئاخاوتن پێش ئەوەی دەربیڕێت. هەموو ئەم تایبەتمەندیانە لە ئاخاوتنەکەدا بەدیدەکرێت، بۆیە وەك (شێوەی باڵا) ناوزەددەکرێت، بەڵام بۆ ئەوەی مەبەستەکەی ڕوونبکاتەوە بۆ ئامادەبوان پێویستی بە نمونە هێنانەوەیە لە ژیانی ڕۆژانە، بۆیە نمونە دەهێنێتەوە. مامۆستا ڕوو لە ئامادەبوان دەکات و ئامۆژگاریان دەکات و دەڵێت: ((ئیسلام.. بە باوك ودایك دەڵێ: کاتێك کە منالْ بەخێوئەکەی، ڕاستە جەرگی خۆتە بەس خێرت دەگا، هاتوە لەئەسەردا، کاتێك کە هەڵەسی لە خەو سەیرەکەی منالێکت بەتانییەکەی پەتۆکەی لەسەر لا کەوتووەو خۆی بچکۆلە کردوەتەوەو ئەژنۆکانی نوسانوە بە سنگییەوە، کاتێ تۆ دەس ئەبەی پەتۆیەك دەهێنی دایئەپۆشی، ئەمە جەرگی خۆتە بەس بەقەدەر چەنێ لەشەو نوێژ خێرت ئەگا..)). چەند نمونەیەك لە ئەم دەقە وەردەگرین:

١١.ا/ کاتێك کە هەڵەسی لە خەو سەیرەکەی منالێکت بەتانییەکەی پەتۆکەی لەسەر لا کەوتووەو خۆی بچکۆلە کردوەتەوەو ئەژنۆکانی نوسانوە بە سنگییەوە.

١١:ب/ کاتێ تۆ دەسئەبەی پەتۆیەك دەهێنی دایئەپۆشی ئەمە جەرگی خۆتە بەس بەقەدەر چەنێ لەشەو نوێژ خێرت ئەگا.

لە ڕستەی (١١:ا،ب)دا نمونەیەکی ژیانی ئاسایی ڕۆژانە بۆ پاراستنی وەچەو شیکردنەوەی مەبەستەکەی دەهێنێتەوە، بەڵام زیاتر بە (شێوەی باڵا) وەك لە نمونەی (١١:ا) بەڵام کرتاندن بە

وشەکانەوە دەبینرێت، چونکە بەهۆی پەلەکردنەوە کۆمەڵێك دەنگ کرتاوە.مەبەستمان لە ئەوەیە ڕێکخستنی تێداکراوە و بیری لێکراوەتەوە ئینجا دەربڕاوە، ئەمەیش ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە شێوەی باڵای زمانی کوردی وێڕای گرنگی ڕێکخستن، زیاتر گرنگی بە بیرۆکەی ڕستە و گوتەکان دەدرێت، لە ڕێگەی هێنانەوەی نموونەوە کە باشترین شێوازە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە بابەتێك تێبگات. ئەگەر تەماشابکەین {لابردنی پەتو، خۆبچکۆلەکردنەوە، ئەژنۆنوساندن بەسنگەوە} هەموو ئەم دەربڕاوانە ئەیەوێت بڵێت {منداڵەکە سەرمایەتی}، بەڵام بەشێوەیەکی هەست بزوێن ئەو بارودۆخە دەگێڕێتەوە سەرنجی گوێگرانی بۆ لای ئەم بابەتە ڕادەکێشێت، لە گەڵ ئەوەیشدا کە دەربڕینی سادە و دەربڕاوی ئاخاوتنی ڕۆژانە لە نێو گوتارەکەدا هەیە، بەڵام مامۆستا شێوازێکی ئەدەبی و جۆرێك لە سۆز و ڕێکخستنی بەگێڕانەوەکە داوە، بۆ ئەوەی گوێگرەکانی بێزارنەبن، وەك لە ئەم خشتەیەیی خوارەوەدا دیارە.

| ((خشتەی ژمارە (٢) نمونە بۆ کرتاندنی دەنگ و گۆڕانی دەنگ)) | |
|---|---|
| شێوەی ئاسایی | شێوەی باڵا |
| هەڵەسی | هەڵدەستی |
| دائیەپۆشی | دایدەپۆشی /د/ ← /ئـ/ |
| بەس | بەڵام |
| چەنێ | چەندێك |
| ئەگا | دەگات |
| حیچ | هیچ /ھ/ ← /ح/ |

وەك لە نمونەکانی خشتەی (٢)دا دیارە، شێوەی ئاخاوتنی مامۆستا بە (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردییە لە کاتێکدا گوتاردەدات، وێڕای ئەوەیش بۆ شیکردنەوەی گوتارەکەی نمونەی ژیانی ڕۆژانەیش بە شێوەی ئاسایی دەهێنێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ئەدەبی دایدەڕێژێتەوە، ئەگەرچی دەربڕاوی ئاخاوتنی ئاسایی بۆ شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی زیاتر لە ئاخاوتنەکەیدا بەدیدەکرێت. وەك لە بەشی یەکەم باسی زاراوەی ستانداردمان کرد، کە یەکێك لە واتاکانی بریتی بوو لە کۆکردنەوەی کۆمەڵێك لە خەڵکی لە ژێر ئاڵایەکدا، لێرەشدا مامۆستای ئایینی کۆمەڵێك بیرۆکە لە ژێر ناونیشانی گوتارێکدا کۆدەکاتەوە و شیدەکاتەوە، بۆ ئەوەی تەبابوون و هاوکاریی خەڵکی لە نێو یەکتریدا زۆرتر بێت، دەربڕاوی ستاندارد و زاراوەی ستاندارد زمانی بۆ وەرگێرانی زاراوە ئایینەکان بە کاردەهێنێت (مقاصد الشریعە:مەبەستەکانی شەریعە)، ڕێکخستن لە ڕیزبوونی کەرەستەکاندا دەکات و نموونەکانی ئاخاوتنی ڕۆژانەیش لە قاڵبی ڕێزمانیدا دووبارەڕێکیدەخاتەوە (وەك شێوە باڵا)، بەڵام مەرج نییە کاتێك لەگەڵ کەسی ئاسایدا، یان مامۆستا بچێتە بازار شێوەی ئاخاوتنی وەك کاتی گوتاردان بێت. کاتێك زمانی

عەرەبی بەکاردەهێنێت هەموو ئەو وشانەی لە نێو ئایەت و فەرموودەکان بە زمانی عەرەبی "فوسحە" دەردەبرێت، ئەگەر زاراوەیەکی کرد بە کوردی بە (شێوەی بالاّ)ی زمانی کوردی وەردەگێڕێت. بۆیە لە کاتی گوتارخوێندندا زمانی عەرەبی "فوسحە" و "شێوەی بالاّ"ی زمانی کوردی، لەگەڵ دەوربەریشدا شێوەی ئاسایی بەکاردەهێنێت. بۆ نموونە کاتێك ناوی پێغەمبەر ساڵەح (د.خ)لە ئایەتێکدا دەبات بە){صالح}دەریدەبرێت، بەلام کاتێك وەرگێران بۆ ئایەتەکە دەکات بە {ساڵەح} گۆیدەکات. لە ئەم گۆشەنیگاوە تەماشای گوتارەکەی مامۆستا بکرێت، مامۆستا: جووت زمانە، زمانی کوردی و عەرەبی تێکەڵدەکات، (شێوەی بالاّ ،ئاسایی) زمانی کوردیش بۆ بەکاردەهێنێت.

## ٣/١-٦) جێگیریی

مامۆستایانی ئایینی لە ڕۆژی هەینیدا کاتێك دەست بە گوتارخوێندن دەکەن، سەرەتا بەزمانی عەرەبی (فوسحە) گوتارێکی کورت کە لە دووخولەك زیاترە پێشکەشدەکەن، کە تێیدا باسی گەورەی خوداو پیرۆزی قورئان و جوانی فەرموودەی پەیامبەرو وەسفی خوداو پێغەمبەر دەکەن، پاشان نزا دەکەن و داوکاری و پاڕانەوەیش بۆ خودا بەرزدەکەنەوە، بەشێوەیەکی جێگیر لە سەرەتای گوتارەکانیدا وەك خۆی هەموو هەفتەیەك دووبارەیدەکەنەوەو جارجاریش گۆڕانێکی کەمی تێدادەکەن. پاشان بە زمانی کوردی گوتارەکوردییەکە بەدرێژی پێشکەشدەکەن، لە کۆتای گوتارەکەیشدا دووبارە بە زمانی عەرەبی گوتارێکی تر پێشکەشدەکات، کە تێیدا کورتەی گوتارە کوردییەکە بە زمانی عەرەبی پێشکەش دەکات و دواتر نزاو پاڕانەوەکانی هەر بە زمانی عەرەبییە، بەلاّم هەردوو گوتارە عەرەبییەکە لە (٣-١٠) خولەکدایە، بەلاّم گوتارە کوردییەکە لەنێوان (٢٠-٥٠)خولەکدایە[١٢]. ئەوەی کە زۆربەی کات بە جێگیری دەمێنێتەوەو نزاو پاڕانەوە کوردییەکانن، کە لەسەرەتاو کۆتای گوتارەکەدا دووبارەیدەکاتەوە.

**مامۆستا دەفەرموێت:** ((..یا خوا بەخێربێن بۆ ماڵەکانی خوا، دوعا ئەکەین و ئەپاڕێینەوە ئەڵێین: خوایە، ئەوانەی هاتوون ڕویان کردوتە قیبلەی تۆ لە ماڵەکانی تۆدا نزائەکەن و ئەپاڕێنەوە، خوایە دوعاکانایان گیرابکە. خوایە گیان ئەو کەسانەی مرازێکی خێریان هەیە، بۆیان حاسڵکەی... ئامین ئامین والحمدولله رب العالمین... لە کۆتایدا ئەپاڕێمەوە، یارەبی خوایە لە گوناهمان خۆشبی، خوایەگیان شیفای نەخۆشەکانمان بدەی، خوایەگیان لە گوناهی خۆمان و دایك و باوکمان خۆشبی، خوایەگیان لەو کەسە خۆشبی کە ئەم مزگەوتەی دروستکردووە...خوایە لێت ئەپاڕێنەوە بۆ خاتری

[١٢] - گوتاری ڕۆژی هەینی= گوتاری یەکەم (عەرەبی) + گوتاری کوردی + گوتاری دووەم بە زمانی عەرەبی.

ئیسمی ئەعزەمت، ئەم خاك و وڵاتەمان بپارێزی... ئەوانەی كە نەخۆشن داوای شیفاودوعای بە دەورە كردووە، خوایەگیان شیفایان بدەی)).

**١٢:ا/** خوایە گیان ئەو كەسانەی مرازێكی خێریان هەیە، بۆیان حاسڵكەی. **ئر:( چارەسەری گرفت)**

**١٢:ب/** لە كۆتایدا ئەپاڕێمەوە، یارەبی خوایە لە گوناهمان خۆشبی. **ئر:(لێخۆشبوون)**

**١٢:پ/** خوایەگیان شیفای نەخۆشەكانمان بدەی. **ئر:(چارەسەركردن)**

**١٢:ت/** خوایەگیان لە گوناهی خۆمان و دایك و باوكمان خۆشبی. **ئر:(لێخۆشبوون)**

**١٢:ج/** خوایەگیان لەو كەسە خۆشبی، كە ئەم مزگەوتەی دروستكردووە. **ئر:(پاڕانەوە)**

**١٢:د/** ئەوانەی كە نەخۆشن داوای شیفاو دوعای بە دەورە كردووە، خوایەگیان شیفایان بدەی. **ئر:(چاكبوونەوە)**

ئەگەر تەماشای (١٢:ا–د)بكەین زۆربەی كات لە گوتاری ڕۆژی هەینیدا دووبارەدەبێتەوە. شێوەی ئاخاوتنەكە، بریتییە لە: پاڕانەوەو تكاكردن لە خودای گەورە، دەربڕاوی وەك{خوایەگیان، ئەپاڕێینەوە، دوعای بەدەورە، شیفای نەخۆش، گوناهی خۆمان، خۆشبی} بكەین، (شێوەیەكی باڵا)ی زمانی كوردین، بیری لێكراوەتەوە یان داوای لێكراوە {ئەوانەی كە نەخۆشن داوای شیفاو دوعای بە دەورە كردووە} ئینجا ئەو ڕستانە دەربڕاوە، بەشێوەیەكی جێگیر ئەم نزاو پاڕانەوانە، بەشێوەیەكی گشتی دووبارەدەبنەوە، لەنێو گوتاری هەینیدا هاوبەشن. لە نمونەی (١٢:ا– د) ڕابمێنن، زمانی كوردی و عەرەبی تێكەڵە {حاسڵكەی، شیفای نەخۆشەكان، دوعای بەدەورە} ئەم شێوازە تێكەڵكردنە لە كاتی گوتارداندا بە جێگیری دەمێنێتەوە، پاڕانەوەكان بۆ {لێخۆشبوون، چارەسەركردن، سەركەوتنی مسوڵمان، هێنانەوەی نمونە، بەسەرهات، فەرموودە، ئایەتی قورئان، شوكردن و ژنهێنان و..هتد} لە هەموو گوتارێكدا هەمووی یان چەند دانەیەك لە ئەم جۆرە پاڕانەوانە دەبینرێت.

مامۆستا دەپاڕێتەوە دەڵێت: (( خوایە هەركەسێ ڕقی لە دینمانە، ڕقی لە كیانمانە، ڕقی لە زمان و لە خاكمانە ،خوایە هیدایەتی بەی.. ئەگەر هیدایەت وەرناگرێ پشتی بشكێنی لە بەردەمانا لای بەی. خوایە موسیبەتمان لە دینماندا نەبێت)).

**١٣:ا/** هەركەسێ ڕقی لە دینمانە، ڕقی لە كیانمانە، ڕقی لە زمان و لە خاكمانە، خوایە هیدایەتی بەی. ئەگەر هیدایەت وەرناگرێ پشتی بشكێنی لە بەدەردەمانا لای بەی.

لە ڕستەی (١٢:ا)دا، كرداری{پشتشكاندن}شێوەی ئاخاوتنەكەی لە شێوەی باڵاوە هێناوەتە سەر ئەوەی وەك شێوەیەكی ئاسایی زمان دەربكەوێت، لە كاتی هەڵچوون و توڕەیی زیاتر لەلایەن خەڵكییەوە بەشێوەیەكی گشتی (پشتشكاندن) دەردەبرێت. ئاشكرایە،یەكێك لە خەوشەكانی گوتار برتییە لە: توڕەبوون و هەڵچوونی زۆر، چونكە لە پایەی گوتارەكە تا ڕادەیەك دێنێتەخوارەوە. دەربڕاوی{پشتشكاندن}، لە كاتی هەڵچوون و نائارامیدا لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیشدا دەبینرێت بۆ نمونە:

**١٤. گ. دووکەس لەنێو بازاڕدا بەشەردێن:**

**١٤:ا/** پشتت دەشکێنم جارێکی تر یەك قسەبکەیت. **ئر: (ڕاگەیاندن بۆ ترساندن و ئاگادرکردنەوە)**

**١٤:ب/** ئا ئا پشتم دەشکێنی**!** **ئر: (وەڵامدانەوە بەتوانجەوە و گاڵتەپێکردن)**

لەئەم شیکردنەوەوە، دەگەینە ئەو بڕوایەی مامۆستای ئایینی لە کاتی گوتارخوێندا هەندێك ڕستەو دەربڕاوی هەیە، زۆربەی کات لە (شێوەی باڵا)وە نزیکە، ئەم دەبڕاوانە لە گوتارەکانیدا هەفتانە دووبارە دەبنەوە، لە کۆتایشدا هەندێك پاڕانەوە دەکات، بەپێ ڕۆژگارو ڕووداوەکانی ڕۆژ شێوەی ئاخاوتنی لە شێوەی ئاسای نزیکدەکاتەوە.لە ڕوانگەی جێگیرییەوە ئەم شیکردنەوە بەشێکی زۆر لە مامۆستایانی ئایینی دەگرێتەوە وەك نمونەکانی (گ.١٢).

وێڕای ئەوەیش نابێ ئەوە لەبیربکەین، کە بنەمای جێگیری بەپێی تیۆری دوودویی زمانییی، ئەوەیش دەگرێتەوە کە ئاخێوەران بەردەوام هەوڵدەدەن، وشە و دەربڕاوی زمانەکەیان بۆ سەرەوە "شێوەی باڵا"، یان بۆ خوارەوە "شێوەی ئاسایی"ببەن. واتە ئاڵۆگۆڕ لە نێوان ئەم دووشێوەدا بکەن، لە ئێستادا بانگخوازی ئایینی و مامۆستای گەنجی پێگەیشتوو، کە تەواو جیاوازن لە پێش خۆیان، هەوڵدەدەن جێگیری بەشێوەی باڵای زمانی کوردی بدەن، شێوەی ئاخاوتنی ئاسایی بەرەو شێوەی باڵا دەبەن. واتە ئاخاوتنی ئاسایی و ڕۆژانە بەرزدەکەنەوە بۆ "شێوەی باڵا"و ئەمەیش خزمەتێکی زۆر بەزمانی کوردی دەکات.

## ٧–١/٣) ڕێزمان

بە دووبەش باسیدەکرێت:

### ا. داڕشتەی ڕستەیی

کاتێك دەگوترێت داڕشتەی ڕستەیی، مەبەست لە شێوازی ڕێکخستنی وشەو فرێزەکانە لەنێو ڕستەکاندا، بۆ ئەوەی واتا بەدەستەوەبدەن. ڕێزمان، یاسایە بۆ پکرکردنەوەی جێکەوتەکانی نێو ڕستە، بە کەرەستەی پێویست. هەندێك جار بۆ مەبەستی جیاواز پاشوپێش بە کەرەستەکانی نێو ڕستە دەکرێت، کاتێك وردەبینەوە هەر ڕستەیەکیش شێوەی ڕێکخستن و ڕیزبوونی تێدا دیارە. لێرەدا سەرنج دەدەینە ڕستەکانی نێو ئەم گوتارە و شیدەکەینەوە، ڕیزبونی کەرەستەکان لە زمانی کوردیدا بەرچاو دەخەین. **مامۆستا دەڵێت:** ((..لەسەرەتاوە حِفظ دین، پاشان حفظ نەفس، دوای حفظ العقل دوای حفظ النسل دوای حفظ والمال. ئەم پێنجە، ئیسلام بۆ پاراستن لەم پێنجە هاتووە، جا هەرکەسێ داوای کەرامەتی کردو وتی من کەرامەتم هەیە، لە ڕوی شەرعییەوە، دەڵێین: یەکسەر ڕەدی ناکەیتەوە، سەیری ئەخلاقی ئەکەین، سەیری هەڵسوکەوتی ئەکەین، ئەگەر تەرازوی شەرع پێوای و کارەکانی شەرعی بوو، قسەکەیشی ڕاستە، بەڵام ئەگەر کارەکانی شەرعی

نەبوو، ئەوا کەرامات نییە شتێکی ترە، ئەوەیش وایە، هەر گروپ و لایەن و حوکمەت، حیزب و کەسێك ئیدیعای دینی خوا بکاو لەو پێنجەیا خەلەلی هەبێ، خەلەلی ئەساسی هەیە لە هاتنی لەو مەتڵەبەی کە ئیسلامی بۆ هاتووە.)). چەند ڕستەیەك لە ئەم دەقە وەردەگرین:

**١٥:ا/** ئیسلام بۆ پاراستن لەئەم پێنجە هاتووە.{بکەر + فرێزی پێشناوی+...+کردار}

**١٥:ب/** جا هەرکەسێ داوای کەرامەتی کرد و وتی من کەرامەتم هەیە.

**١٥:پ/** لە ڕوی شەرعییەوە دەڵێین یەکسەر ڕەدی ناکەیتەوە.

**١٥:ت/** سەیری ئەخلاقی ئەکەین، سەیری هەڵسوکەوتی ئەکەین

**١٥:ج/** ئەگەر تەرازوی شەرع پێوای و کارەکانی شەرعی بوو، قسەکەیشی ڕاستە.

**١٥:د/** بەڵام ئەگەر کارەکانی شەرعی نەبوو.

**١٥:ح/** ئەوا کەرامات نییە شتێکی ترە.

ئەگەر تەماشای (١٥:ا–ح) بکەین، یەك تەواوکەری یەکترین، لابردنی بکەر لە (شێوەی باڵا)دا، تێدا بەدیدەکرێت، چونکە تایبەتمەنییەکی زمانی کوردییە، بەڵام لە (شێوەی باڵا) بنوسرێت پەسەندترە، وێڕای ئەوە کرداری ڕستەکان لە کۆتایی ڕستەکانەوە هاتووە، بەڵام هەمووکات مەرج نییە، چونکە ئێمە زیاتر مەبەستمان جیاوازی دەربڕاواکانە، لە هەردوو شێوەکەدا نەك بەتەنیا ڕیزبوونی کەرەستەکان لە ڕستەکاندا، لەبەرئەوەی زۆر بۆ مەبەستی جیاواز کەرەستەکان ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت.

ئەم شێوەیەش شێوەی باڵای زمانی کوردی پێکدەهێنێت، لە فرێزەکاندا وشەی عەرەبی لە چوارچێوەی یاسایی فرێزپێکهێنانی کوردیدا ڕێکخستووە، بۆ نمونە لە ڕستەی (١٥:ت)دا، {ئەخلاق + ی+ ئەو}(ی) خستنەسەرە لە زمانی کوردیدا، یان لە ڕستەی (١٥:د)دا، {کارەکان + ی + شەرعی}، دەبینرێت. واتە هەرچەند وشەی عەرەبی بەکارهێناوە، بەڵام بەپێ یاسای فرێزپێکهێنانی زمانی کوردی بە (شێوەی باڵا) ڕێکیخستوون. هەر لە ئەم گوتارەدا بابەتی وەرگێڕان دەبینرێت، مامۆستا لە گوتاردا بۆ بڕیارە ئیسلامیەکان "بەشێوەی باڵا"وەرگێڕانەکە دەکات، لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی، لە زمانی کوردیشدا بە (شێوەی باڵا) دایدەڕێژێتەوە، بۆ نمونە فرێزی (مقاصیدالشریعە:مەبەستەکانی شەریعە)، ئەم شێوە ئاخاوتنەی مامۆستا بە هۆی تایبەتمەندی و نیشانە زمانییەکانەوە بە شێوەی باڵا ناوزەددەکرێت، چونکە دەربڕاوەکانی وەك {ئیسلام، پاراستن، ئەخلاق، شەرع، کەرامەت} هەریەك لە ئەمانە زاراوەی بواری دینن، زاراوەیش زیاتر لە شێوەی باڵای زماندا بەکاردەهێنرێت.

**١٦. گ.مامۆستا و کەسێکی بەبەتەمەن (شێوەی ئاسایی)٠**

**أ.** باشی مامۆسا، دەنگوباس و چۆنە؟

**{ئاوەڵکار+جێناو+کرداری ناتەواو+ ناو، بکەر+ بەرکار+کردار}**

**ب.** تۆ چۆنی مامە حاجی گیان، خوا باشمان بۆ بکات.

**ا.** دوعای خێرمان بۆبکە مامۆسا.

**ب.** ئیشەلا لە بیرتناکەم و دوعات بۆ ئەکەم، شکور باشتری کاك حاجی ئێستا؟

ئەگەر تەماشای (١٦:ب) بکەین، لە ڕووی داڕشتەی وشەیی و ڕستەییەوە، ئاخاوتنی مامۆستا شێوەیەکی ئاسایی هەیە، {تۆ چۆنی، مامە حاجی} ئەم دەربڕاوانە هەموو کەسێکی کورد بەکاریدەهێنێت، لە ڕووی ڕێکخستنیشەوە لە ڕستەی (١٦:ب) مامۆستا کردارەکەی هێناوەتەوە پێشەوە بەمەبەستی ئەوەی زوو مەبەستەکەی بگەیەنێت، لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین: مامۆستا لە ڕووی وشە و دەربڕاوەوە، دوو شێوە ئاخاوتنی هەیە، یەکێکیان کاتێك گوتاردەخوێنێت و ئەوی تر کاتێك ئاخاوتنی ئاسایی دەکات، بەڵام لە ڕووی ڕێکخستنەوە مەرج نییە هەمووکات شێوەی باڵا بێت.

## ب. دارِشتەی وشەیی

لێرەدا بە خشتەیەك باسی جیاوازی فەرهەنگی وشەیی "گەنجی وشە" کە لەکاتی گوتارخوێندندا مامۆستا لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی کوردانندنیان تێدا دەکات، تێکەڵی وشەکان دەبینرێت، وێڕای ئەوەیش ئەو وشانە پیشاندەدرێت کەخراونەتەنیشت یەکتری. هەندێك دەربڕاوی تێدایە زیاتر مامۆستایانی ئایینی بەکاریاندەهێنن.

| ((خشتەی ژمارە (٣) هەندێك وشە و زاراوە لەنێو گوتاری یەکەمدا بەکارهێنراوە)) | | |
|---|---|---|
| وك = وشەی کوردی | | . وع= وشەی عەرەبی |
| **بەکارهێنانی وشەی عەرەبی (ا)** | **دارِشتەی وشەیی زمانی کوردی (ب)** | **شێوازی دارِشتەی وشە و زاراوەکان** |
| مقاصد الشريعة | حەمدو سەنا (الثناء) | وع + و + وع |
| مقاصدالخمسة | سەلامی و ئەمین بوون | وع + ی + و+ وع + وك |
| حفظ الدين | نەسلەکان | وع + نیشانەی ناسرا و+ کۆ |
| حفظ النفس | حوسنە گەورەیە | وع + ە + وك |
| حفظ المال | نامەشروع | ئامرازی نەرێ + وع |
| حفظ النسل | انهیيار ئەکا | وع + وك |
| عناية اسرة | رِزقی حەڵاڵ | وع + ی + وع |
| ايمان | حەدیسێکی سەحیح | وع + ێك + ی + وع |
| حمد | بەعزێ | وع |
| تقدم | حاسڵکەی | وع + وك |
| حضارة | پێ عەتاکەی | پێشگر + وع + وك |
| محمدا مصطفى | قەدرگران | وع + وك |
| جماعة | لە قەوسێکا | لە + وع +ا (لە قەوسێکدان) |
| عطا | ئەسڵەن | وع |
| يارب العالمين | قانونەکەیان | وع + نیشانەی ناسراو و کۆ |
| خلل | حەقەکەی | وع + ناسراوی + جێناو |
| يعني | نەسلی مرۆڤە | وع + ی + وك |
| قوص | موسیبەتمان | وع + کلتیك + مان |
| جماعة، صبر، عقيدة، صلاة، قدر.. | مەئجوربن، **خەلەلبوون** | وع + وك و...هتد |

به چەند خاڵێك لەسەر خشتەی ژمارە (٣) ڕوونكردنەوە دەدرێت:

ا. ئەم وشەو زاراوانەی لە خشتەی (٣)دا هەیە، لە كاتی گوتارداندا بەكارهێنراون، كۆی گوتارەكەیش لە چوارچێوەو شیكردنەوەی ئەم وشەو زاراوانەدا دەخولێنەوە. واتە مەبەستی مامۆستا لە گوتاردانەكەدا شیكردنەوەی ئەم وشانەیە بۆئەوەی مسوڵمانان ئاگادار بكات و مژدەیان پێبدات و ڕێنمونیان بكات. ئەگەر تەماشای وشەو زاراوە عەرەبییەكان بكەین، بە شێوەی فوسحەی زمانی عەرەبییە، بەڵام هەندێك وشەی عەرەبی و كوردی تێكەڵ بەیەككردوون، وەك لە خشتەی (٣)دا دیارە، ئەو وشەو زاراوانە لە ژێر یاسای ڕێزمانی كوردیدا داڕشتووە. لەبەر ئەم هۆكارانە دەتوانین (وشە و زاراوەكان) بە موڵكی زمانی كوردی دابنێین، چونكە كوردێنراوە. زۆرجار وشەكە هێندە تێكشكاوە نازانرێت عەرەبییە، وەك (سەنا: الثناء). هەموو نمونەكانی خشتەی (٣) ئەوە پشتڕاستدەكەنەوە، ئەم شێوە ئاخاوتنەی مامۆستا دەتوانرێت بە (شێوەی باڵا) ناوزەدبكرێت، چونكە لە ئاخاوتنی ڕۆژانە جیاوازە، بۆئامۆژگاریكردن و بیركردنەوە و مەبەستی لەپشتە.

٢. وشەو زاراوە عەرەبییەكان، وەك خۆیا گۆیكردوون، وەك لە خشتەی(٣) ستوونی (ا)خرانەڕوو، (مقاصد الشریعە، حفظ النفس ،حفظ الدین ، مقاصدالخمسە و..هتد).

٣. وشەو زاراوە عەرەبییەكان، خراونەتە ژێر ئاخاوتنی زمانی كوردییەوە. واتە كورداندێنراوە، بۆ نمونە: وەك خشتەی (٣) ستونی (ب){سەنا، الثناء، عطا: پێعەتاكەی و..هتد}.

٤. كاتێك لە ماڵەوە لەنێو بازاڕو هاوڕێیاندا گفتوگۆدەكات، وەك كەسێكی كوردی ئاسایی بە شێوەی ئاسایی ئاخاوتن دەكات.

٥. لە ڕوانگەی نیشانە زمانەوانییەكانەوە دەتوانرێت ئەوە بگوترێت، دوو شێوەی زمانی كوردی بەكاردەهێنێت، یەكێكیان "شێوەی باڵا"یە، لەكاتی گوتارخوێندندا ئەوی تر شێوەی ئاساییە لەكاتی ئاخاوتنی لەگەڵ دەوربەردا. هەموو ئەم نموونانەیش ئەوە پشت ڕاستدەكەنەوە، دوودیویی زمانی پەیوەستە بەبنەمای ڕێزمانەوە زۆر بەڕوونی بە ئاخاوتنەكەیانەوە و بەدەربڕینەكانیانەوە دیارە.

٦. ئەگەر تەماشایی داڕشتەی {سەلام+ئەمین+ بوون=سەلامونەمینبوون، حوسن +ە+گەورە،=حوسنەگەورەیە، خەلەل +بوون = خەلەلبوون} خستنە تەك یەكی دەربڕاوەكان، تایبەتمەندی داڕشتەی (شێوەی باڵا)ی پێوەدیارە، چونكە ئەم دەربڕاوانە بەدەگمەن بە ئەو شێوەیە لە ئاخاوتنی (شێوەی ئاسایی)دا دەبینرێت، بۆیە ئەگەر لە ڕوانگەی داڕشتەی وشەییەوە تەماشایی بكەین، هەندێك فۆڕمی وشە دەبینین هاو شێوەكەی لە ڕووی واتاوە كەمتر لە (شێوەی ئاسایی)دا دەبینرێت. واتە لە ڕووی یاساوە، یاسایی داڕشتەی وشەیی زمانی كوردییە وەك {سەلام + ئەمین+ بوون= سەلامونەمین بوون} وەك {پۆشتەو بەرداخبوون} هەیە، بەڵام مامۆستا ئەو فۆڕمە بەدەگمەن لە ئاخاوتنی ئاساییدا بەكاریدەهێنێت.

**١٧.گ.مامۆستا لەگەڵ کوڕەکەی لەنێو ماڵدا: (شێوەی ئاسایی)**

**ا. کوڕی خۆم، ئەزانی تۆ کوڕی کێت پێ ئەڵێن؟ ئاخر درۆکردن و ..هتد، کاری تۆیە؟**

**ب. باوکە هەموو کەس هەڵە دەکا، ئەوەی پەنی پێدام ڕەفیقەکانم بوو. ئاقڵبووم.**

**ا. یەخوا وابێت، من سەربەرزی تۆم ئەوێ.**

**ب سەری داخست و گوتی: ئەزانم.**

لە ئەم ڕستانەی (١٧:ا،ب)دا، شێوەی ئاخاوتنی مامۆستایە لە کاتی ئاساییدا گفتوگۆ لەگەڵ کوڕەکەی دەکات، ئەو وشانەی لە ڕستەکاندا بەکاریهێناوە، وەك لە نمونەی (١٥:ا) دا ({ئاخر، کوڕی خۆم، کێت، درۆکردن و..هتد} هەموو تاکێکی کوردی ئەم وشە و ڕستانە لەنێو ژیانیدا بەکاردەهێنێت. وەك لە هێنانەوەی نمونەکاندا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، هەندێك وشەو زاراوەی (شێوەی باڵا) وەك (مقاصیدی شەریعە، شبهە خەتا، مەشەقەت و..هتد) لە شێوەی ئاخاوتنی ئاسایدا کەم بەکاردەهێنرێت، چونکە کوردییەکەی هەیە، وەك (شبهە: گومان، مەشەقەت: ئازار و..هتد). مامۆستا دوو شێوەی ئاخاوتنی لە ڕوانگەی گەنجی وشە هەیە کە جیاوازە لە یەکتری و هەرکەیان لە شوێنی خۆیدا بەکاردەهێنێت . لەکاتی گوتاردان و ئاخاوتنی ئاسایدا، زۆربەی کاتیش بە هۆی بنەمای وشەو زاراوەکانەوە بە ئاسانی دەتوانرێت جیابکرێتەوە. لە هەردوو شێوەی ئاخاوتنەدا، ئەرکی ڕستەکان جیاوازە، چونکە لە کاتی گوتارخوێندندا مامۆستا ئاخاوتنەکەی زیاتر بەرپرسیارییەتی تێدایە.

## ٣/١–٨) دەنگسازی

شێوازی دەربڕینی ئاخاوتنی مامۆستایانی ئایینی، لە شێوەی ئاخاوتنی گشتییەوە نزیکە، بەڵام ئەوەی زیاتر دیارە، وەك تایبەتمەندیی (شێوەی باڵا) ئاخاوتنی مامۆستایانی ئایینی، کاریگەریی دەنگسازی عەرەبییە، بەسەر زمانەکەیانەوە یان هێندە وشەی عەرەبی لە گوتارەکەیاندا بەکاردەهێنن، شێوەی تایبەتی داوە بە کۆمەڵە ئاخاوتنییەکانی مامۆستایانی ئایینی، کە لەنێو کۆمەڵگادا دیارە. لە خشتەیەکدا ئەو جیاوازی و گۆڕانکارییانە دەخەینەڕوو، کە لە ئاخاوتنی مامۆستایانی ئایینیدا ڕوودەدات. ئەمەیش بۆ بنەمای ئایینی شکۆداریی دەربڕاوە ئایینەکان دەگەڕێتەوە بۆ نموونە {سەلاموعەلیك} لە بری {چۆنی، ئەم کاتەت باش} زیاتر بەکاردەهێنن، چونکە بڕوایان وایە دەربڕاوی زمانی عەرەبی زمانی بەهەشتە بەکارهێنانی زمانی عەرەبیش بۆ دەستکەوتنی خێر و چاکە و پاداشتە. لەکاتی گوتاردانیشدا بەدەنگی بەرز وتاردەخوێننەوە زۆر جار هێندە هەستی تێکەڵە بەجۆرێك توڕەبوون و هێزی زیاتر بەوشەکانەوە

دیارە بۆ ئەوەی کاریگەری گوتەکانی لەسەر کەسی بەرانبەر زیاتر بێت. بە خشتەیەك هەندێك نموونەی نێو گوتارەکە وەردەگرین و شیکردنەوەی لە ڕوانگەی دەنگسازییەوە بۆ دەکەین.

| ((خشتەی ژمارە (٤)جیاوازی دەربڕینی دەنگی لە شێوەی ئاسایی و شێوەی باڵادا)) | |
|---|---|
| شێوەی ئاسایی | شێوەی باڵا |
| خەتا | /ط/ ← /ت/ |
| حەدیس | /ث/ ← /س/ |
| حەزارەت | /ض/ ← /ت/ |
| قەوس | /ص/ ← /س/ |
| ئوستاز | /ذ/ ← /ز/ |
| حیفز | /ظ/ ← /ز/ |
| مەتڵەب | /ط،ل/ ← /ت،ڵ/ |
| ئەسڵەن | /ص،ل/ ← /س،ڵ/ |
| ی، و، ە | کەسرە، زەمە و فەتحە |

لە ئەم گوتارەدا، (شێوەی ئاسایی) بە ئەو شێوە دەردەبڕێت کەنوسراون، واتە: وشەکان کە لەزمانی عەرەبییەوە خواستراون، خراونەتە سەر شێوەی دەربڕینی کوردییەوەو کوردێنراون، بەڵام مامۆستایانی ئایینی کاتێك ئەو وشە عەرەبییانەی کەپێشتر کوردێنراون، لە کاتی گوتارداندا دەردەبڕن، زۆربەی کات وەك زمانی عەرەبی دەریاندەبڕن، وەك (شێوەی ئاسایی) زمانی کوردی دەریاننابڕن، ئەمەیش لە گوتاری ڕۆژی هەیندا بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، بە تایبەت کاتێك ئەو وشانە لەنێو ئایەت و فەرموودەدا هاتووە. ئەمەیش ئەوە دەخاتەڕوو لە بواری دەنگسازیدا، جیاوازیان هەیە بە تایبەت ئەو وشانەی کە لە زمانی عەرەبییەوە لە ڕێگەی ئیسلامەوە لە دەمی مامۆستایانی ئیسلام یان خەڵکییەوە، پەڕیونەتەوە نێو زمانی کوردییەوەبە (شێوەی باڵا) دەریدەبڕن، بەڵام کاتێك وەرگێڕان بۆ وشە عەرەبییەکان دەکات،وشە عەرەبییەکان {بۆ نمونە: حاسڵکەی، جەماعەت، سەڵاوات، ئەقڵ،} وەك شێوەیی ئاسایی دەردەبڕێت، بەڵام کۆمەڵەئاخاوتنییەکانی مامۆستایانی ئایینی لە هەردوو شێوەکەی زمان بە ئاگان، بە پێی پێویست و لە شوێنی پێویستدا گۆڕان لە شێوەکانی زمانیاندا دەکەن.

## ٢/٣) گوتاری دووەم: بە ناونیشانی (ستەمکردن لە منداڵ)

ئەم گوتارەی مامۆستا لە سەر (ستەمکردن لە منداڵ)ە، کە گوتارێکی ڕۆژی هەینییە و لە ئەو گوتارانەیە کە بۆ ئەمڕۆ گرنگی و سودی خۆی هەیە، چونکە مسوڵمانان پێویستییان پێیەتی بیزانن. لە ئەم گوتارەیشدا چەند دەقێك وەردەگرین و شیدەکەینەوە و بنەماکانی دوودیوی زمانیی تێدا دەخەینەڕوو، بەڵام لە ئەم گوتارەدا لە دەستنوسەکەی کەپێش گوتارخوێندن نوسیویەتی خۆی ئامادەکردووە بۆ ئەوەی گوتارێکی باشبدات، سودمان بینیووە، وەك گوتاری یەکەم کاری لەسەر دەکەین.[١٣]

### ٢/٣-١) ئەرك

کاتێك تەماشای ئەم ڕستانەی لای خوارەوە دەکەین کە لە گوتاری دووەمەوە وەرگیراوە، ئەگەرچی شوێنەکەیش لەنێوەندی شاری سلێمانیدا نییە، نزیکەی (٤٠)کم، لە سنوری شاری سلێمانییەوە دوورە، بەڵام ناوەندی گوتاردان مزگەوتەو مزگەوتیش شوێنێکی فەرمییە، چەند نمونەیەك لەنێو گوتارەکە وەردەگرین وپاشان شێوەی ئاخاوتنەکەی مامۆستا لە ڕێگەی نیشانە زمانییەکانەوە دەیخەینەڕوو. مامۆستا لە سەرەتای گوتارەکەوە دەڵێت: ((ئیمانداران و خواناسانی بەڕێز، خەڵاتەکانی خوای پەروەردگار لەسەر ئێمەی بەندەی ئەو زاتەوە هیچ کات لەژماردن نایەن. ئینسان نەك ناتوانێ بیانژمێرێ، بەڵکو ناتوانێ هەر بیریشیان لێبکاتەوە. یەکێك لەو خەڵاتانەی کە خوای پەروەردگاری بە ئێمەی بەندەی خۆی بەخشیووە. چاومانی پێڕۆشنکردووە، ماڵمانی پێئاوەدان کردووە، لە ژیاندا وەکو سایەو سێبەرێك سودیان لێدەبینین. لە دوای مردنمان, کەچوینە ناو قەبرەوە یەکێکن لە سەدەقەی جاری ئەگەر ساڵەحبن بۆمان، بریتییە لە: بوونی منداڵ..)). چەند ڕستەیەك لە ئەم دەقە وەردەگرین:

**١٨:ا/** ئیمانداران و خواناسانی بەڕێز، خەڵاتەکانی خوای پەروەردگار لەسەر ئێمەی بەندەی ئەو زاتەوە هیچ کات لە ژماردن نایەن.

**١٨:ب/** ئینسان نەك ناتوانی بیانژمێرێ، بەڵکو ناتوانێ هەر بیریشیان لێبکاتەوە.

**١٨:پ/** یەکێك لەو خەڵاتانەی کە خوای پەروەردگاری بە ئێمەی بەندەی خۆی بەخشیووە.

**١٨:ت/** لە ژیاندا وەکو سایەو سێبەرێك سودیان لێدەبینین. لە دوای مردنمان کەچوینە ناو قەبرەوە یەکێکن لە سەدەقەی جاری ئەگەر ساڵەحبن بۆمان، بریتییە لە:

**١٨:ج/** لە بوونی منداڵ.

---

[١٣] – فاتیح شارستانی، گوتاری دووەم، بەناونیشانی "ستەمکردن لە منداڵ"٢٠١٤، بۆ بینینی تەواوی گوتارەکە و دەستنوسەکەی بڕوانە: پاشکۆی (ب).

ئەم نمونانەی سەرەوە کە لە ڕستەی (١٨: ا– ج)دا خرایەڕوو، لە ڕستەی (١٨:ا)دا، ڕووی لە ئامادەبووان کردووە، وەك ڕێزگرتن لە گوێگران بەشێوەی کۆ ناویاندەهێنێت و بە ئەم سیٚ{ئیمانداران و خواناسانی بەڕێز} دەربڕاوە وەسفی ئامادەبووانی پێدەکات. شێوەی ئاخاوتنی مامۆستای بە تەواوی بۆ (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردی هەڵکشاندووە. ناو هێنانی خۆی لەگەڵ دانیشتوانی نێو مزگەوتەکە بە {ئێمە}، کە یەکێکە لە نیشانە جوان و بەرزەکان لەنێو زماندا، چونکە ڕێز بۆ خۆی و بۆ گوێگرانیش دەگەڕێنێتەوە. ڕاناوی سەربەخۆی {ئێمە} ئەوەیش دەردەخات لە بواری بەندایەتی خودادا، مامۆستایش وەك خواناساکانی نێو مزگەوتەکەیە نەك زیاتر. ئەگەر تەماشای کۆتای ڕستەکە(١٨:ا) بکەین بریتییە لە: کرداری {لە ژماردن نایەن}، واتە لە ڕووی ڕێکخستنی ڕێزمانییەوە (شێوەی باڵا) یە. ئەرکی ڕستەی یەکەم و جۆری ڕستەکە، ڕستەیەکی ڕاگەیاندنی گشتی دڵنیاکەرەوەیە. ئەگەر زیاتر وردبینەوە ئەوەی زیاتر جەخت لە دڵنیاییەکە دەکاتەوە بە هۆی ئامڕازی {هیچ، نا}یە، بە واتای ئەوەی ڕاگەیاندنی ڕاستیەکە ناکرێت گومانی لێبکرێت، وەك یاسایەکی سروشتی جێگیرە. ئەم ڕستەیەیش بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی کەمێك قوڵە، وێڕای ئەوەیش(١٨:ا) ڕستەیەکە ناوەڕۆکێکی زانستی لەخۆدا هەڵگرتووە. لێرەوە دەتوانین ئەوە بڵێین، ئەو ڕستەیەیی لە گوتاردا ئەرکی ئامۆژگاریکردنە، زۆربەی کات ڕادەی دڵنیایی لە ڕستەیەکی ڕاگەیاندن (شێوەی ئاسایی)، یان ڕستەیەکی هەواڵی زیاترە، چونکە گوتارخوێندن بۆ ئامۆژگاریکردن و دڵنیایدان و بڕواهێنانە بە ئەوەی مامۆستا دەیڵێت، بەڵام ئاخاوتنی ڕۆژانە مەرج نییە هەموو کات وابێت و زۆرکات بۆ خۆشی و کات بەڕێکردن، یان پێویستییەکی ڕۆژانەیە.

لە ڕستەی (١٨:ب)دا، کە تەواوکەری ڕستەی (١٨:ا)ە، دڵنیاییەکە زیاتر دەکاتەوەو پانتایی دڵنیایش فراوانتر دەکات کاتێك دەڵێت:{ئینسان نەك ناتوانی بیانژمێریٚ، بەڵکو ناتوانیٚ هەر بیریشیان لێبکاتەوە}، بە هۆی ئامڕازی نەریٚ و دوو ئامڕازی جەختکردن (نەك، هەر، یش ) دڵنیاییەکە زیاتر دەکاتەوە. ئەرکی ڕستەکەیش بۆ ئامۆژگاری و بۆ دڵنیای گوێگرانە. دوای ئەوە باسی یەکێك لە خەڵاتەکان دەکات، پێش ئەوەی ناوی بهێنی بە چەندین ئاوەڵناوی ناسك پێیدا هەڵدەدات و وەسفی دەکات، وەك:{خەڵاتی خوا، سایەو سێبەر، ڕووناکی، سەدەقە} لە دوای ئەم گرنگی پێدانە، لە ڕستەی (١٨:ج) دا، ناوی ئەو خەڵاتە دەهێنێت کە برتییە لە:{ بوونی منداڵ}. ئەم تایبەتمەندیانەی کە باسمان کرد، (شێوەی باڵا)ی بە زمانی مامۆستا لە گۆشەنیگاو بنەمای ئەرکەوە بەخشیووە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەرکی زمان لەنێو کۆی ئەم ڕستانەدا ئەوە دەخەنەڕوو، کاتێك زمان بۆ ئامۆژگاری بە ئاگاهاتنەوەو فێرکردن و سنوردان و..هتد بەکارهێنرا، شێوازێکی تایبەتی خۆی وەردەگرێت، کە دەتوانین وەك (شێوەی باڵا) ی زمانی ناوی ببەین، بۆ ئەوەی زیاتر ئەم شێوەیە ڕوونبکەینەوە، بەشێوەیەکی تر ئەو بابەتە دەخەینەڕوو، لە ڕووی واتاوە هەر وەك سەرەوە بێت، بەڵام شێوەی

دەربڕینی مامۆستا ،وەك لە نموونەی (١٩)دا دەرکەوێت لە کاتی ئاخاوتن، یان ئامۆژگاریکردندا دەگۆڕێت، ئەگەر تەماشای( گ.١٩) بکەین شێوەی ئاخاوتنی مامۆستامان زیاتر بۆ دەردەکەوێت.

**١٩. گ.مامۆستاو کچەکەی، کاتێك سەردانی دەکات.(شێوەی ئاسایی)**

ا. چۆنی کچی خۆم، دەنگوباست چۆنە؟

ب. وەڵا باشین باوەکە گیان، دەنگوباسی تۆ چۆنە؟ ئێستا باشتری؟

ا. سوپاس کچی خۆم باشین، ئیتر تەمەنمان کردووە، پیربووین.

ب. نا باوکەگیان هێشتا گەنجی، وا مەڵی تخوا.

ا. کچی خۆم ئیتر دنیایە، خوا باشمان بۆ بکات ئیشەلا، کچی خۆم، ڕێزی خۆت بگرە، ئێمەیشت بیر نەچێ سەردانمانکە، دایکیشت بیرت ئەکا، ئەزانیماڵەکە چۆڵبووە، تۆی تێدا نەماوە.

ب. بێخەمبە باوکە گیان زوو زوو دێمەوە.

ا. من ئەڕۆم نزیکی نوێژە، دایکیشت ویستی بێ بەڵام بۆی نەکرا، ئاگات لە خۆت بێ.

ب. دایکم باشە شکور، ئاگات لە خۆت بێت باوکەگیان، دەستی دایکم ماچ ئەکەم سڵاوم بۆی هەیە.

کاتێك لە گفتوکۆی سەرەوە ورددەبینەوە، ئەگەر ڕستەکانی (١٨:ا)ەکان، لەگەڵ (١٩:ا)دا بەراوردبکەین، لە ڕووی دەربڕین، ئەرك، ڕێکخستنەوە(کەمتر چونکە هاوبەشیان لەڕزبووندا زیاترە) جیاوازن. بۆیە دەتوانین ئەم شێوەیە(١٩:ا)ەکان، وەك (شێوەی ئاسایی) ئاخاوتنی مامۆستا لە ڕوانگەی دەربڕاوەکانەوە، ناوی ببەین. واتە ئەو شێوەیەی لەگەڵ کچ و خێزانەکەی ئاخاوتن دەکات، جیاوازە لە گەڵ ئەو شێوەئاخاوتنەی لە کاتی گوتارخوێندندا بەکاریدەهێنێت. بۆ نمونە ئەم دەربڕاوانە {چۆنی کچی خۆم، دەنگوباس و چۆنە؟ ئێمەیشت بیر نەچێ سەردانمانکە، دایکیشت بیرت ئەکا.، چۆڵبووە ماڵ تۆی تیدا نەماوە}، لە شێوەی ئاسایی ئاخاوتندا دەبینرێت و بەشێوەیەکی گشتی باوکان لەگەڵ خێزانی خۆیاندا بەکاردەهێنن. کاتێك تەماشای نمونەی (١٩:ا)–کان دەکەین، لە ڕووی ئەرکەوە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی لەنێو ڕستەکاندا دەبینرێت. وەك ڕستەی (پرسیار، هەواڵی، ئامۆژگاری) تێدایە، بەڵام ڕووی دەمی تەنیا لە یەك کەسە ئەویش {کچەکەیەتی} جیاوازە لە شێوەی ئاخاوتنی مامۆستا لە کاتی گوتاردا، ئەگەر چی هەر بە زمانی کوردی لە هەردوو باردا ئاخاوتن و گوتارداندا قسەدەکات، بەڵام وەك دەبینین ئەرکی یەکەمی زمان وەك لە نمونەکاندا دیارە،(شێوەی باڵا) یە، ئاخاوتنەکەی فەرمیترە لە کاتی گوتاردا بیرکردنەوەو جەختکردنەوەی تێدا زاڵترە، بەڵام کاتێك لەگەڵ ئەندامێکی خێزانەکەیدا قسەدەکات، بە (شێوەی ئاسایی) قسەیکردووە، لە بەر ئەوە دەتوانرێت بگوترێت، ئەرکی ڕستەکان لە شێوەی باڵادا زیاترەو بەرفراوانترو بەهێزترە، وەك ئەرکی ڕستەکانی لە شێوەی ئاسایی ئاخاوتندا، کە زیاتر گفتوگۆو هەواڵپرسین و بیرخستنەوەیەکی سادەیە.

## ٢-٢/٣) شکۆداریی

بۆ ئەوەی شکۆداریی لە گوتارەکەدا شیبکەینەوە سەرەتا لە ئەم دەقە دەڕوانین:

((..یارەبی خوایە، ئەی پەروەردگار لێت دەپاڕێینەوە، ئەوانەی نەخۆشن بە گەورەی خۆت شیفایان بدەیت.(ئامین). یارەبی ئەوانەی لە سەر جێگەن نەخۆشن خوایە بەزەیت بە حاڵیاندا بێتەوە شیفایەکی بەخێریان بۆ بنێری.(ئامین)..ئەولادی صالەح یەکێکە لە خەڵاتەکانی خوای پەروەردگار . خوا لەقورئاندا منداڵی بەبەخشیش ناوبردووە. (بە هەدییە) وەکو دەفەرموێت( یَهَبُ لِمَنْ يَشَاء إِنَاثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَاء الذُّكُورَ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا وَيَجْعَلُ مَن يَشَاء عَقِيمًا) بە هەرکەسێك کە مەیلی لێبێت زاتی "الله" سبحانە وتعالی" ئەو خوا بێ شەریکە بەبێ یارمەتی هیچ کەسێك و هیچ هۆکارێك مەیلی ببێت بە هەرکەسێك دیاری دەبەخشێت کچ بێ وە هەرکەسێکیش کەمەیلی لێبێت کوڕی بۆ دەکاتە دیاری، هەیە تەنیا کچ هەیە تەنیا کوڕی دەبێ (أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا)هەیە خوای گەورە هەردووکیانی پێدەبەخشێت. هەم کچی هەیە هەم کوڕی هەیە.(وَيَجْعَلُ مَن يَشَاء عَقِيمًا) هیچ کام منالّی نابێ ئەوەیش جۆرێکە لەبەخشینی خوای پەروەردگار. کەواتە: منداڵ دیاری خوای پەروەردگارە.ئەم دیارییە جوانە هەر وەکو ئێمە بەزۆربەی.. نرخی منالْ ئەو کەسە دەیزانێ نییەتی: زەکەریا فەرمووی (رَبِّ لا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ).. (منداڵ) ئا ئەم پەپولە جوانە، بێ گوناهە، زۆرجار باڵەکانی دەشکێنرێ، ئەم گوڵە جوانە لە گوڵزار بێبەشدەکرێت.)).

٢٠:ا/.ئیمانداران و خواناسانی بەڕێز. **ئر: (دەسپێك و ناوهێنان)**

**٢٠:ب/.**خوای گەورە هەردووکیانی پێدەبەخشێت. **ئر: (ڕستەی ڕاگەیاندن)**

**٢٠:پ/.**یارەبی خوایە، ئەی پەروەردگار لێت دەپاڕێنەوە، ئەوانەی نەخۆشن بە گەورەی خۆت شیفایان بدەیت. **ئر: (پاڕانەوە)**

**٢٠:ت/** (منداڵ) ئا ئەم پەپولە جوانە، بێ گوناهە، زۆرجار باڵەکانی دەشکێنرێ، ئەم گوڵە جوانە لە گوڵزار بێبەشدەکرێت. **ئر: (هەواڵی و ڕاگەیاندن)**

**٢٠:ج/** نرخی منالْ ئەو کەسە دەیزانێ نییەتی: زەکەریا فەرمووی (رَبِّ لا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ).

**ئر: (ڕاگەیاندن ، مەبەستەکەی نرخاندنی منداڵ)**

ئەگەر لەم ڕستانە وردبینەوە مامۆستا بە کۆمەڵێك ئاوەڵناوی هەست بەرزو هەستهەژێن ناوی خودا دێنێت، وەك{یارەبی، ئەی پەروەردگار، خوای گەورە }شکۆیی خوداوەندی پاراستووە، کە هاوارکردن بۆ خودای گەورە، هاوارکردنیش و پشتبەستن جۆرێکە لە شکۆداریی. هاوکات شکۆداریی ئەو بە شێوەی ئاخاوتنەکەوە دیارە، کاتێك ناوی ئامادەبوان دەبات. وەك {ئیمانداران، خواناسانی بەڕێز} بە واتای ئەوەی کاتێك ناویان دێنێت و ڕووی دەمیان لێدەکات شکۆیان بۆ دادەنێت و هەستیان بەرزڕادەگرێت، شکۆدارییەکە لەم ڕستانەدا بە ئەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١. هاوارکردن و پشتبەستن بە خودا، داوای هاوکاری و پشتیوانیکردن لە خودا، چونکە شکۆداریی پەیوەستە بەپلەو پایەوە، بەڵام پلەو پایەی خوداوەند جیاوازە، لە هەموو پلەوپایەکانی تر.

٢. ناوهێنانی خودا وەك خودایەکی (بەدەسەلات، گەورە، میهرەبان و..هتد).

٣.کاتێك ناوی پێغەمبەران دەبات (د.خ) کرداری (فەرمووی) بۆ بەکاردەهێنێت، ئەم وشەیەیش شکۆداریی پێوە دیارە.

٤. شکۆداریی بە ناو ناونیشانی گوتارەکەوە دیارە. وشەی (منداڵ) لە ڕێگەی ئاوەڵناوەوە بەرز دەنرخێنێت و ناوی دێنێت و شکۆیەکی پێدەپەخشێت،وەك:{منداڵ:پەپولەی جوان، بێگوناهە، گوڵی جوان و..هتد} بۆ نرخاندنی بەهای منداڵ بەکاریهێناوە. مامۆستا لە کاتی گوتارەکەیدا پاڕانەوەکانی لە سەرەتاو کۆتاییەوە دەکات، شکۆداریی پێوە دیارە. واتە ڕادەی شکۆداریی بەدەقەکەوە بە ئاشکرا دیارە.

٥. مامۆستا کاتێك ناوی شیعری شاعیرێك دەبات، بە ڕێزەوە ناوی شاعیرەکە دەهێنێت بە (سەید قادر) ناوی دەهێنێت و کرداری "دەڵێ" بۆ شاعیرەکە بەکاردەهێنێت کە ڕێزی تێدایە وەك لە دەقەکەدا دیارە کە مامۆستا دەڵێت:((سەیدی شاعیر، سەید قادر دەڵێ: منداڵی ناعاملاو...))، "سەید" لێرەدا شکۆ بە شاعیر و شکۆداریی بە شێوەی ئاخاوتنی مامۆستا دەدات کاتێك لە فرێزی {سەیدی شاعیر}دا بەکاردەهێنێت. واتە دووجار شکۆ بەشاعیر (قادر)داوە. یەکیان وەك شاعیر، ئەوی تر وەك (سەید) کە ئەم وشەی بۆ نەوەی محەمەد (د.خ) لە نێو کورددا زیاتر بەکاردەهێنرێت.

**٢١. گ. مامۆستاو خێزانی، کاتێك لە مزگەوت بۆماڵەوە دێتەوە:**

**٢١:ا/** ژنەکە نان حازرە؟ زۆر مانووم..

**٢١:ب/** زۆری نەماوە، بەسەرەوەیە.

**٢١:ا/** چێشتەکە بۆنێکی خۆشی لێدێ تۆزێ زوو بکەی خراپ نییە، چونکە سەعات دوو میوانمان دێ.

**٢١:ب/** خەمت نەبێ فریا ئەکەوی.

**٢١:ا/** چاوڕێم...

ئەگەر تەماشای ئەم گفتوگۆیە بکەین کە ئاخاوتنی مامۆستایە لەگەڵ خێزانەکەیدا دەیکات، بە (شێوەی ئاسایی) مامۆستا ئاخاوتن دەکات. شکۆداریی بە شێوەیەکی تۆخ تێیدا نابینرێت، ڕستەکان شێوەی پرسیارو وەڵامیان وەرگرتووە، ئەگەر تەماشای دەربڕاوەکانی (گ.٢١:ا) بکەین لە خشتەی ژمارە (٥) خراوەتەڕوو:

| ((خشتەی ژمارە (٥) نمونە هێنانەوە بۆ دیارکردنی ڕادە شکۆداری ئاخاوتنی ئاسایی)) | | |
|---|---|---|
| ناو | کردار | ئاوەڵناو |
| ژنەکە | دێت، لێدێ، حازرە | خۆش |
| نان، سەعات، بۆن | نییە ، کاری ناتەواو(ە) | |

لە خشتەی ژمارە (٥)دا ئەوە ڕووندەبێتـەوە، کە خەڵکی ڕۆژانە بەشێوەیەکی گشتی ئەم وشانە بەکاردەهێنن، ئەگەر ئەم شێوە ئاخاوتنەی مامۆستا بەراورد بە ڕستەو وشەو دەربڕاوی گوتارەکە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، مامۆستا لە دوو شوێندا دوو شێوەی زمانی کوردی بەکارهێناوە.

١. (شێوەی باڵا) کە شکۆداریی زیاتر پێوەدیارە.
٢. (شێوەی ئاسایی) کەمتر شکۆداریی پێوە دیارە، چونکە بە (شێوەی ئاسایی) گفتوگۆو دواندنیش لە شکۆو ڕیز خاڵی نییە، بەڵام ڕادەی شکۆکەی بە ئاستی شێوەی باڵای زمانی کوردی ناگات. زۆربەی مامۆستایان ڕێگە بەخۆی نادا بەشێوەیەکی ئاسایی و ئاخاوتنی ڕۆژانە گوتارپێشکەشبکات، واتە دیووە باڵاکەی زمان لای مامۆستا شکۆداریی زیاترە، بۆیە گوتاری پێدەخوێنێت.

## ٣-٢/٣) کەلەپوری ئەدەبی

مامۆستا لە کاتی گوتارخوێندنیدا ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی، یان ڕامیاری دەبنێت و دەبێتە هۆی گوتاردان لەسەر ئەو ڕووداوەی کە ڕوویداوە زۆر جار بەشیعر، پەند زیاتر ئەو بابەتانە ڕوونیاندەکاتەوە، شیعرەکانیش بەرهەمی کەلەپوری ئەدەبین و هەندێك کاتیش شیعری شاعیرە نوێکانە، یان ئەوانەی لە ژیاندا ماون بەکاردەهێنن، بەڵام مامۆستای ئایینی هەرێمی کوردستان، زیاتر لەگەڵ شیعری شاعیرانی کلاسکیدا نێوانیان باشە، چونکە شاعیرانی پێشین خۆشیان مەلابوون و لە ڕێگەی مزگەوتەوە پێگەشتوون. ئەمەیش وادەکات تا ڕادەیەکی باش لەگەڵ بیروباوەڕی مامۆستای ئاینیدا زیاتر بگونجێت. مامۆستا کاتێك دێتە سەرباسی خاڵی چوارەمی گوتارەکەی ناونیشانی بابەتەکە، کە بریتییە لە{نازپێدانی زۆر بەمنداڵ} دواتر بە شیعری شاعیرێك ئەم بابەتە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت:((خاڵێکی تر ناز پێدانی لە ڕادەبەرە: (سەیدی شاعیر) سەید قادر دەڵێ:

منداڵی ناعاملاو (ناعاملاو:منداڵێك وەك کەسێکی ئاسایی نەبێت)
دایك و بابی لێ نەزان منداڵی ناسوڵحاو دەبێ
هیچ و پوچ دەردێ لەکار، بەدناودەبێ، بێ ناو دەبێ.
زۆر بە ناز پەروەردەکردن، بۆ مناڵ خێری نییە

گوڵ ئەگەر زۆر بدێریێ بێگومان نازاو دەبێ
چاو ئەگەر فرمێسك ئەرێژی دانە دانەی گەوهەرە...
ڕۆژێ دەفڕێ، سەردەمێك موحتاجی دانەو ئاو دەبێ
کوڕ کە هەوساری، بە دەس خۆی بێ وەکو بارگێنی تۆڕ
مانگرو جوتەوەشێن و شێت و ناعاملاو دەبێ

بیزەبت وایە، منداڵی نازدار کە هەموو شتێکی هەر لە بەردەستدا بێ، ئیتر ئاوا بە گژ کۆمەڵگایشا ئەچێ، بە گژ دایك و باوکی ئەچێ، بە گژ خۆیشیا ئەچێ، لەبەرئەوە دیسان ئەوەیش ستەمێکە لە منداڵ، کە هیچ کات نەهێڵی ساردو گەرمیەکی ژیان بچێژی. جارێ خواردنێکی بەدڵ نەبێ، جارێ جلوبەرگی بە دڵ نەبێ، تا ئەبێ ژیان ئەمانەشت فێربکا. مەدرەسەی ژیان لەوانەیە ڕۆژێك عەکسەکەی بێتە پێشەوە. ستەم لەم منداڵە مەکە ئەوەندە نازدار بەخێوی مەکە..))

لە ئەم دەقەدا ئەوە ڕوونە کە بە شیعرێك یەکێك لە ستەمەکان باسدەکات، دوای شیعرەکە بەدەربڕاوی{بیزەبت} جەخت لە ڕاستی واتای شیعرەکە دەکاتەوە. شیکردنەوەیەکی کورتیش بۆ شیعرەکە دەکات. هەندێك وشە لە شیعرەکەدا هەیە، پێوەندی بەسەردەمی کۆنی کوردییەوە هەیە. ئەگەری هەیە کەسی نەوەی ئێستا باش لە ئەو وشانە تێنەگەن. وەك: {هەوسار: ڕەشۆی ئەسپ و گوێدرێژە. بارگێنی تۆڕ: بە ئەو ئاژەڵە بارهەڵگرە دەڵێین، کاتێك کاتی ئەوەی دێت باری لێبارکەن، نایەتە ژێر بار لە سەرەتاداو جوتە دەوەشێنێت.}، بە دێرە شیعرێك ئەم خاڵە ڕووندەکاتەوە، شێوەی ئاخاوتنی شیعریش زیاتر لە (شێوەی باڵا)وە نزیکە، چونکە بیرکردنەوەیەکی چڕو واتایەکی زۆر لە ئەو چەند دێڕەدا هەیە. مامۆستا لە کاتی قسەکردنی ئاسایی و ئاخاوتنی نێو بازاڕ مەرج نییە شیعر بەکاربهێنێت، تێهەڵکێش کردنی شیعر جۆرێك لە تایبەتمەندی دەبەخشێتە زمان و وەك شێوەی باڵای زمانی کوردی دەیناسێنێت، بەڵام لە کاتی ئاخاوتنی ڕۆژانەی مامۆستادا (شێوەی ئاسایی)، وەك لە باسکردنی بنەماکانی(ئەرك، شکۆداریی) تردا خرایەڕوو، زۆر بەدەگمەن، یان شیعری دوورودرێژ وەك ئەم شیعرە لە کاتی گفتوگۆی لەگەڵ دەوروبەردا بەکارناهێنێت، چونکە شێوەی گوتارخوێندن شێوەیەکی تایبەتە و ئەو شێوەیە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکارناهێنرێت. واتە لە ڕوانگەی بنەمای کەلەپوری ئەدەبییەوە، مامۆستا دوو شێوە ئاخاوتن بەکاردەهێنرێت، یەکێکیان شیعر و نمونە و پەندی تێدا بەکاردەهێنێت، ئەوی تر وەك ئەم شێوەیە نییە.

### ٤-٢/٣) زمان وەرگرتن.

ئەم دەقە شیدەکرێتەوە:

((..بە هەرکەسێك کە مەیلی لێبێت زاتی "الله" سبحانە وتعالى" ئەو خوا بێ شەریکە بەبێ یارمەتی هیچ کەسێك و هیچ هۆکارێك مەیلی ببێت بە هەرکەسێك دیاری دەبەخشێت، کچ بێ وە هەرکەسێکیش کەمەیلی لێبێت کوڕی بۆ دەکاتە دیاری،هەیە تەنیا کچ هەیە تەنیا کوڕی دەبێ (أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا) هەیە خوای گەورە هەردووکیانی پێدەبەخشێت. هەم کچی هەیە هەم کوڕی هەیە.(وَيَجْعَلُ مَن يَشَاء عَقِيمًا) هیچ کام منالّی نابێ ئەوەیش جۆرێکە لەبەخشینی خوای پەروەردگار. کەواتە مندالّ دیاری خوای پەروەردگارە.))

٢٢:ا/ زاتی "الله" سبحانە وتعالى" ئەو خوا بێ شەریکە بەبێ یارمەتی هیچ کەسێك و هیچ هۆکارێك مەیلی ببێت بە هەرکەسێك دیاری دەبەخشێت.

٢٢:ب/ هەیە تەنیا کچ هەیە تەنیا کوڕی دەبێ.

٢٢:پ/ (أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا).هەیە خوای گەورە هەردووکیانی پێدەبەخشێت.

٢٢:ت/ هەم کچی هەیە هەم کوڕی هەیە.

٢٢:ج/ .(وَيَجْعَلُ مَن يَشَاء عَقِيمًا) هیچ کام منالّی نابێ ئەوەیش جۆرێکە لەبەخشینی خوای پەروەردگار.

ئەگەر تەماشای ڕستەی (٢١:ا) بکەین، {زاتی "الله" سبحانە وتعالى" ئەو خوا بێ شەریکە} سەرەتا بە زمانی عەرەبی ناوی خودا دێنێت دواتر لە ڕێگەی ئاماژەکردنی بە {ئەو خوا} ناوی خودا دەهێنێت، کە جەختکردنەوەی شکۆداریی و دەسەلاّتە بۆ ناوی خودای گەورە.

لە ڕستەی (٢٢:ب) دا بە کوردی دەقەکە وەردەگێڕێت. لە ڕستەی (٢٢:پ)دا، بە پێچەوانەوە بە زمانی عەرەبی دەقەکە دەلێت و دواتر بۆ سەر زمانی کوردی وەریدەگێڕێت. واتە کاتێك فێری زمانێکی تر بووە جۆرە تێکەلّکردنێك دروستدەکات، جارێك بە کوردی دەست بەقسەدەکات و دواتر دەقە عەرەبیەکە لە دوای کوردییەکەوە دەلێتەوە. هەندێك جاریش بە پێچەوانەوە وەك (٢٢:پ، ج)دا دیارە. ئەمەیش تایبەتمەندی تێکەلّکردنی وەرگرتن(فێربوون)ی زمانێکی ترە، لەنێو مامۆستایانی ئاینیدا هەیە. ئەم تێکەلّکردنەیش تایبەتمەندیەکی تر دەدات بە زمان، کەوەك (شێوەی بالاّ) بۆ مامۆستایانی ئایینی(کوردیی) دەردەکەوێت.

### ٢٣. گ. مامۆستا لەنێو بازاردا.

٢٣:ا/سەلام موعەلیکم؟

٢٣:ب/ عەلیکمە سەلام مامۆستا گیان.

٢٣:ا/ئەو سێوە بەچنە؟ (سێوی سەوز)

٢٣ب/ دووهەزارە؟

**٢٣:ا/** ئەی ئەمە؟
**٢٣:ب/** ئەو سێوە زەردە، (١٥٠٠) دینارە.
**٢٣:ا/** یەکی کیلۆیەکم بۆ بکێشە.
**٢٣:ب/** بەسەر چاو.

ئەگەر تەماشای ئەم گفتوگۆیە بکەین، جگە لە سەرەتای دەستپێکی قسەکردنەکە {سەلاموعەلەیکوم} شێوەی ئاخاوتنەکەی مامۆستا بە هیچ شێوەیەك زمانی عەرەبی پێوە دیارنییە، واتە (شێوەی ئاسایی) ئاخاوتنی مامۆستا بە ڕوونی دیارە. وشەی {کیلۆ} گەرچی بنەڕەتی کوردی نییە، بەڵام لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاسایدا زۆر بەکاردەهێنرێت. ئەم نمونەی ئاخاوتنی مامۆستا بەراوردبکەین بە شێوەی ئاخاوتنی سەرەوە (گوتاردان) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، مامۆستا دوو شێوەی ئاخاوتن بەکار دەهێنێت، ئەویش ئاخاوتنی (شێوەی ئاسایی و باڵا)یە.

لەنێو گوتارەکەیشیدا، کاتێك باسی منداڵەکە دەکات، ئاخاوتنی منداڵەکەیش وەك شێوەی ئاخاوتنی منداڵانە دوبارەدەکاتەوە. کاتێك منداڵەکە دایکی بانگدەکرد دەیگوت ((دایەگیان...منداڵ هاواری دەچووە ئاسمان)) ئاشکرایە، کە هاوارو گریانی بەرز تایبەتمەندی زمانی منداڵانە، واتە شێوەی ئاخاوتنی بەپێی پێویست گۆڕانی تێدادەکات، بەڵام بە گشتی دوو شێوە(باڵاو ئاسایی) بەکاردەهێنێت.

## ٣/٢–١) بەستانداردکردن

شێوەی ئاخاوتن، لەنێو کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا دەگۆڕێت. بەکارهێنانی شێوازی ستاندارد لە بۆنەی ئاخاوتنی ئاینیدا بە تایبەت گوتارداندا پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە ئەو شێوە زمانەی لە گوتارخوێندندا بەکاردەهێنرێت، بۆ ئامۆژگاریکردن و ڕێگا ڕۆشنکردنەوەو ڕوونکردنەوەی بابەتی دینیە. بۆیە مامۆستا هەوڵدەدات شێوازێکی جیاواز لە ئاخاوتنی ڕۆژانە بەکاربهێنێت، بۆ لئەوەی سەرنج ڕاکێش و کاریگەر بێت، ئەگەر بڕوانینە ئەم دەقە لە گوتارەکە:

**مامۆستا دەفەرموێت:** ((..ئەولادی ساڵەح یەکێکە لە خەڵاتەکانی خوای پەروەردگار . خوا لەقورئاندا منداڵی بەبەخشیش ناوبردووە. (بە هەدییە) وەکو دەفەرموێت ( يَهَبُ لِمَنْ يَشَاء إِنَاثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَاء الذُّكُورَ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا وَيَجْعَلُ مَن يَشَاء عَقِيمًا) بە هەرکەسێك کە مەیلی لێ بێت زاتی "الله" سبحانه وتعالى" ئەو خوا بێ شەریکە بەبێ یارمەتی هیچ کەسێك و هیچ هۆکارێك مەیلی ببێت بە هەرکەسێك دیاری دەبەخشێت کچ بێ وە هەرکەسێکیش کەمەیلی لێبێت کوڕی بۆ دەکاتە دیاری،هەیە تەنیا کچ هەیە تەنیا کوڕی دەبێ (أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا) هەیە خوای گەورە هەردووکیانی پێدەبەخشێت. هەم کچی هەیە هەم کوڕی هەیە.(وَيَجْعَلُ مَن يَشَاء عَقِيمًا) هیچ کام منداڵی نابێ ئەوەیش جۆرێکە لەبەخشینی خوای پەروەردگار. کەواتە: منداڵ دیاری خوای پەروەردگارە. ئەم دیارییە جوانە هەر وەکو ئێمە بەزۆربەی

خەڵاتەکانی خوای گەورەو بەخششەکانی ناشکوری دەکەین. زۆربەی جار ئەوەی خوا پێی خەڵاتکردوین، هەقی خۆی نادەینێ، ئاوا ستەم لەو مناڵە جوانە دەکەین، ئێمەی ئەهلی مزگەوت ئەگەر سەیری خۆمان بکەین،ئەم دیارییەی خوای پەروەردگار ستەمی لێدەکرێت، زوڵمی لێدەکرێت. ئازار دەدرێ، ئا ئەم پەپولە جوانە، بێ گوناهە، زۆرجار باڵەکانی دەشکێنرێ، ئەم گوڵە جوانە لە گوڵزار بێبەشدەکرێت. پێنج ستەم لەم گوتارەدا باسدەکەین، بە پیشتیوانی ویستی خوای پەروەردگار .)).

٢٤:ا/ خوا لەقورئاندا منداڵی بەبەخشیش ناوبردووە. **ئر: (ڕستەیەکی ڕاگەیاندن)**

٢٤:ب/ ئەولادی ساڵەح یەکێکە لە خەڵاتەکانی خوای پەروەردگار.**ئر: (دڵنیاکەرەوەیە)**

٢٤:پ/ ئەم دیارییە جوانە. **ئر: (پێداهەڵدان و نرخاندن)**

٢٤:ت/ هەر وەکو ئێمە بە زۆربەی خەڵاتەکانی خوای گەورەو بەخشیشەکانی ناشکوری دەکەین. زۆربەی جار ئەوەی خوا پێی خەڵاتکردوین، هەقی خۆی نادەینێ.

**ئر:(دیارکردنی گرفتەکە کەستەمەکردنە)**

٢٤:ج/ زۆربەی جار ئەوەی خوا پێی خەڵاتکردوین، هەقی خۆی نادەینێ.

**ئر:(جەختکردن لەسەر گرفتەکە و دیارکردنی)**

٢٤:د/ ئاوا ستەم لەو مناڵە جوانە دەکەین. **ئر:(ئەنجام)**

لە ڕستەکانی (٢٤: ا – د) ئەوە بەدیدەکەین، بە (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردی دەربڕاوە، ڕستەکان یەك لە دوای یەکتری واتای گشت و مەبەستی مامۆستا بە گوێگران دەگەیەنن. هەر ڕستەیەك بۆ مەبەستێك دەربڕاوە، کۆی دەربڕاوەکانیش لە خزمەت ئەوەدایە بارودۆخێك ڕوونبکاتەوەو چارەسەری لە ڕوانگەی دینەوە بۆ دابنێت. لە شەش ڕستەدا ناوەڕۆکی گرفتەکە دەخاتەڕوو، ئەنجامیش دەدات بە دەستەوە. دواتر چارەسەر بۆ گرفتەکە لەنێو گوتارەکەدا دیاریدەکات. واتە هەر ڕستەیەك بیرکردنەوەیەکی لە پشتەوەیە، ئەو کات دەربڕاوە. شێوازی دەربڕین و بە دوای یەکتردا هاتنی ڕستەکان، پێشتر ڕێکخراوەو کاریان لەسەرکراوە. دواتریش بە نمونەیەك ئەم بابەتە خراوەتەڕوو کە شێوازی ئاخاوتن لە ڕووداوەکەدا، شێوازێکی ئاخاوتنی ( شێوەی ئاسایی) دەبینرێت، لەبەرئەوەیە بۆ ڕوونکردنەوە پێویستیی بە نمونەو ئاخاوتنی ڕۆژانە هەیە، چونکە زیاتر گرفت لە ئەم شوێنانەدا (ژیانی ڕۆژانە، ئاخاوتنی ڕۆژانە) ڕوودەدات، بۆیە گوێگرەکان پێویستییان بە ئامۆژگاریکردن هەیە.

لە درێژەی گوتارەکەیدا مامۆستا نمونەیەك دەهێنێتەوە، چونکە هێنانەوەی نمونە باشترین ڕێگایە بۆ ئەوەی مرۆڤ زوو تێبگات و درەنگ ئەو ئامۆژگارییەی بیربچێتەوە، لە گێرانەوەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ((هاوسەرم وتی حەزت لە چییە؟ وتم: هەندێ گۆشتم بۆ بکڕی لەگەڵ مەقاڵییەکدا بۆم بێنی، بۆ خۆم تۆزێ گۆشت دەبرژێنم. وتی: هەی بەسەر چاو، مناڵەکەیش دەمی پژابوو، تازە قسەی ئەکرد، کوتێك گۆشتیش بدەمە ئەو، لەو کاتەدا مقاڵێکە پشکۆکانی بوژابونەوەو ئەوان ڕۆشتن بۆ سەفەر، ئەم پشکۆیانە دەگەشانەوانێ و ئاگریان لێدەباری، منداڵەکە چوو، پشکۆیەك کەوتەخوارەوە، لە مەقاشەکە

ویستی بە دەست هەڵیگرێتەوە، سەرەتا خەریکبوو نەهێڵم، بۆوەی دەستی نەسوتیّ، بەڵام ئاگری ناو ناخم ئەوەندە بەهێز بوو، وتم ئەو منداڵە لەو ئافرەتەیە کە بەسەر من هاتووە لەمماڵەدا، بۆیە دەستی منداڵەکەم گرت و لە سەر پشکۆکان دامنا، بۆنی دەهات و منداڵ هاواری دەچووە ئاسمان، بەڵام هێشتا ئاگری ناوناخم بەهێزتر بوو، ئەها ئینسان یەخوا ڕق نەچێتە نێو سکییەوە، لە ئەو کاتەدا هیچ چاوی خێرو بەرەکەتێك نابینیّ، هیچ بەزەی نامێنیّ، ئا لەو کاتەدا مناڵەکە ئەو پێستە جوانەی توایەوە، ئیسقانەکانی دەرکەوتن، دەستی گرمۆڵەبوو، بردم لە ئاوێکی ساردم هەڵکیشاو، ئەوە بوو خەریك بوو ببورێتەوەو لە بەینی بورانەوەو ژیاندابوو، لەو کاتەدا تەلەفونێکم بۆهات و جەرەسم بۆ کرا، کە پیاوەکەت بە حادیسەی سەیارە، لەگەڵ خێزانەکەی هەردووکیان لە ژێر لۆرییەکا پانبوونەوە. ئەم منداڵە تەنیا بۆمن مایەوە، ئەو کات پەشیمانبووم کە بیّ دایك و باوکە، کەوتۆتە لای من، منداڵ گەورە بوو، هەمیشە هەر بە دایەگیان بانگی منی ئەکرد..)). هەندێك ڕستە لە ئەم دەقە وەردەگرین، مامۆستا ڕوداوێك دەگێڕێتەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕویداوە، بەڵام هەندێك کات مامۆستا بەشێوەیەکی ئەدەبی بابەتەکە دەڕازێنێتەوە، بۆ ئەوەی گوێگرەکانی گوتارەکە بە جۆشوخرۆش و بەدڵ گویّ لە مامۆستابگرن. لێرەوە دەتوانرێت ئەوە بگوترێت: ڕازاندنەوەی ئاخاوتن(وەك لە گوتارخوێندندا هەیە) یەکێکە لە نیشانە جیاکەرەوەکانی شێوەی (ئاسایی و باڵا)ی زمانی کوردی، واتە ڕادەی ڕازاندنەوە و هێنانەوەی نمونە لە (شێوەی باڵا)دا، بە بەراورد بە (شێوەی ئاسایی) زیاترە، چەند نمونەیەك لە دەقی گوتارەکە کە لەسەرەوەدا خرایەڕوو دەهێنیینەوە، تەماشای ڕێکخستنی کەرەستەکانی دەکەین.

**٢٥:ا/ هاوسەرم وتی حەزت لە چییە؟**

**٢٥:ب/ وتم: هەندیّ گۆشتم بۆ بکڕی لەگەڵ مەقاڵیەکدا بۆم بێنی، بۆ خۆم تۆزیّ گۆشت دەبرژێنم.**

**٢٥:پ/ وتی: هەی بەسەر چاو.**

**٢٥:ت/ مناڵەکەیش دەمی پژابوو، تازە قسەی ئەکرد.**

**٢٥:ج/ کوتێك گۆشتیش بدەمە ئەو، لەو کاتەدا مقاڵێکە پشکۆکانی بوژابونەوە، ئەوان ڕۆشتن بۆ سەفەر.**

**٢٥:د/ ئەم پشکۆیانە دەگەشانەوانیّ و ئاگریان لێدەباری.**

**٢٥:ز/ منداڵەکە چوو، پشکۆیەك کەوتەخوارەوە، لە مەقاشەکە ویستی بە دەست هەڵیبگرێتەوە.**

ڕێکخستنی ڕستەکانی (٢٥:ا–ز) ئەوە دەردەخەن، شێوازی ڕێکخستنی ڕستەکان، وەك شێوەی باڵای زمانی کوردی {بکەر+بەرکار+کردار}دەردەکەوێت، بەڵام وەك ئاخاوتنی ڕۆژانە دێنە بەرچاو، جیاوازە لە ئەو ڕستانەی سەرەوە، کە وەك (شێوەی باڵا) ناوزەدمان کردووە، بۆیە ئەم ڕستانە گێڕانەوەی بەسەردا زاڵترە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر شێوەی ئاخاوتنی مامۆستا وەك شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانە لە ئەم ڕستانە دەردەکەوێت، بەڵام لە گوتارەکەدا بۆ ئەوەی خەڵکی باشتر تێبگەن، نمونە بە

زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە دێنێتەوەو گوتارەکە باشتر ڕووندەکاتەوە، بۆ نمونە {کوتێك، گۆشت، پشکۆ، بۆ وەی، ..هتد} فۆرم و دەربڕینەکانی زیاتر لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێن، چونکە پێداویستیی ڕۆژانەن. هاوکات لە بری ئەمانە لە (شێوەی باڵا) وشەی ترمان هەیە، بەڵام لە تیۆری دوودیویی زمانیی، وەك لەبەشی دووەمدا خرایەڕوو، باسی ئەوەدەکات کە ڕوونکردنەوە بۆ ئەوەی ئامادەبووان/ گوێگرەکان تێبگەن، بە (شێوەی ئاسایی) لە چوارچێوەی (شێوەی باڵا)دا ئاساییە و دەبینرێت، کە هەردوو شێوەکەی زمان لە ئەم کاتەدا تێکەڵ بکرێن.

| ((خشتەی ژمارە (٦) هێنانەوەی نمونە لە نمونەی ڕۆژانە بۆ ڕوونکردنەوە تێکەڵ بە گوتارەکە کراوە)) | |
|---|---|
| شێوەی ئاسایی | شێوەی باڵا |
| کوتێك، تۆزێ | هەندێك |
| بۆوەی | لە بەرئەوەی، یان چونکە. |
| بەین | نێوان |
| ئەمجا | ئینجا |
| وەڕس | بێزار |
| ڕەنگبێ | پێدەچێت، لە ئەوە دەچێت |
| وە | و،  یان فاریزەدادەنرێت |

مامۆستا کاتێك بە (شێوەی باڵا) دەدوێت، زۆر بەکەمی ئاخاوتنی ڕۆژانەی تێکەڵدەکات. کاتێکیش نمونەی ڕۆژانە دێنێتەوە، وەك (شێوەی ئاسایی) دەدوێت. یەکەم شێوە باڵایە، شێوەی دووەمیش ئاساییە، بەڵام لە گوتارەکەیدا ڕووداوی ڕۆژانە بە شێوەیەکی ئەدەبی دەگێڕێتەوەو دەربڕاوی ئاخاوتنی شێوەی ئاسایی پێوە دیارە.

## ٢/٣-٦)جێگیریی[١٤]

لێرەدا بۆ ئەوەی بنەمای جێگیری لە گوتاری دووەمدا شیبکەینەوە، تەماشای ئەم دەقە دەکەین، کاتێك مامۆستا دەڵێت: ((ئیمانداران و خواناسانی بەڕێز ... خوایە ئەولادەکانمان لەگەڵ ڕۆڵەی مسوڵمان لە بەڵاو موسیبەت دوور کەی. خوایە ئەو کەسانەی ئەولادیان لە بەرەکانی جەنگدایەو دیفاع لەم خاکی کوردو کوردستانە دەکەن، یارەبی جەرگ سوتاویان نەکەی. خوایە ڕەحمیان پێبکەی. خوایە بە باوەشی دایك و باوك و هاوسەرو منداڵی خۆیان شادبکەی بەسەلامەتی و بە بێوەیی، یا ئەڕحەم و ڕاحمین، هەموو ئەو ژن و پیاوانەی، کە منداڵیان نییە. ئێستا لەم گوتارەدان – دواتر دەیبیستن، کە گوێیان لە باسی منالەو چاویان پڕپڕ فرمێسك دەبێ، یاڕەبی خوایە بە گەورەیی خۆت یا وەهاب ئەی بەخشندە، منداڵیان پێببەخەشی (ئامین)، یاڕەبی خوایە منالی سالەحیان پێببەخشی خوایە،خوایە منالی سالەحیان پێببەخشی (ئامین) دەرگای ڕەحمەتیان لێبکەیەوە. (ئامین). یارەبی خوایە، ئەی پەروەردگار لێت دەپاڕێینەوە، ئەوانەی نەخۆشن بە گەورەی خۆت شیفایان بدەیت.(ئامین). یاڕەبی ئەوانەی لەسەر جێگەن نەخۆشن خوایە بەزەیت بە حاڵیاندا بێتەوە،شیفایەکی بەخێریان بۆ بنێری.(ئامین). ئەوانەی دڵتەنگن دڵ خۆشیان بکەی (ئامین) ... ئەم ئاگری فیتنە کەوتوەتەوە خوایە ئاوێکی بەڕەحمەتی پێداکەی.(ئامین). هیچکات خەڵکی بەناڕەوا نەبێتە قوربانی.(ئامین) خوایە دەرگای ڕەحمەتی خۆتمان لێبکەیتەوەو ئاقیبەتمان بە خێربکەی، ئیستیقامەتمان لە سەر ئەم ڕێبازە ئیسلامە پێ ببەخشی (ئامین)... ئامین ئامین والحمد الله رب العالمین))

**٢٦:أ/** ئیمانداران و خواناسانی بەڕێز .

**٢٦:ب/** خوایە ئەوانەی دڵ تەنگن دڵخۆشیان بکەی.

**٢٦:پ/** ئەم ئاگری فیتنە کەوتوەتەوە خوایە ئاوێکی بەڕەحمەتی پێدا کەی.

**٢٦:ت/** خوایە، دەرگای ڕەحمەتمان لێبکەیتەوەو عاقیبەتمان بە خێر بگڕی.

**٢٦:ج/** ئامین ... ئامین والحمدوا لله رب العالمین.

---

[١٤] - جێگیریی لە ڕووی زاراوەوە پێشتر ڕوونکردنەوەمان لەسەرداوە، بەڵام کاتێك وردتر دەبینەوە لە کۆمەڵ. واتە لە گشتییەوە بۆ تایبەتی دەچین و یەك کۆمەڵی ئاخاوتنی وەردەگرین بۆ ئەوەی تیۆری دوودیویی زمانیی تێدا جێبەجێبکەین. ئەوکات زاراوەیەکی وەك "جێگیریی" کەمێك پانتایی واتای تەسك دەبێتەوە، بەڵام وردتر لێکۆڵینەوەی تێدادەکرێت، چونکە لە ناو کۆمەڵی ئاخاوتنی مامۆستایانی ئایینی(کە هەموو گوتارخوێنەکان دەگرێتەوە) دووگوتارمان هەڵبژاردووە بۆ لێکۆڵینەوە، دوو گوتارەکەیش دوو گوتارخوێنن گوتارەکان پێشکەشدەکەن. ئێستاش لەیەك گوتار ورددەبینەوە شیکردنەوە دەکەین، واتە جێگیریی لە گوتاردا دەردەخەین، بەڵام دەکرێت ئەم لێکۆڵینەوە بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی گوتارەکانی تریش شیاوبێت.

کاتێك لە ئەم ڕستانە دەکۆڵینەوە، لە ڕستەی (٢٦:ا)دا، ناوی ئەوانەی دانیشتوون بە خواناس و بەڕێز{ئیمانداران و خواناسانی بەڕێز}دەهێنێت، هەموو کاتێك ئەم دەربڕاوە دووبارەدەکاتەوە، لە کۆتایی گوتارەکەیشدا زۆربەی کات ئەو ڕستانەو ئەو نزایانە بە جێگیری و بە دەستکاریی کەمەوەلە زۆربەی گوتارەکاندا ، چونکە نزاکان گشتگیرن و لەنێو کۆمەڵگادا دووبارەدەبنەوە، وەك:{دڵتەنگی، دەرگای ڕەحمەت و عاقیبەتی خێر، ئاگری فیتنە، منداڵبوون و..هتد} هاوکات نزاکردن بەشێوەیەکی گشتی بۆ (دڵخۆشی و لەشساغی و ئیمان و بەختەوەری و..هتد) ئەمانە ئەو نزایانەن مامۆستا لە کاتی گوتاردا دووبارەیان دەکاتەوە، خەڵکیش دوای تەواو بوونی نزاکان بە زمانی عەرەبی دەڵێن {ئامین}.

مامۆستا دوای هەموو نزاکانیش زیاتر لە جارێك وشەی {ئامین، ئامین} دوبارەدەکاتەوە، واتە زۆربەی کات کە دەربڕاوێك{ئامین}دووبارە دەکاتەوە بۆ گرنگیپێدان و جەختکردنەوەیە بۆ ئەوەی نزاکانیان گیرابن، بەڵام لە (شێوەی ئاسایی)دا کاتێك بە دوای یەکدا زۆر دووبارە بکرێنەوە، گوێگر بیزاردەبێت، بۆ نمونە هەندێك کات کەسی وا هەیە وشەی {تێدەگەی} لە کاتی ئاخاوتنی لەگەڵ بەرانبەردا زۆر دووبارە دەکاتەوە، ئەگەر کەسەکە پێی ئاشنا نەبێت و نەیناسێت، ئەمە "ئایدۆلێکت"ی ئەو کەسەیە، وەك توانج تێدەگات و هەڵەتێگەیشتن دروستدەبێت، مەبەستی دووبارەکردنەوە لە شێوەی باڵادا{وەك لە ئەم گوتارەدا بۆ نمونە: ئامین} بۆ جەختکردنەوەیە، ئەگینا دانیشتوانی نێو مزگەوت نێگەران و بێزاردەبن.

لە ڕستەی (٢٦: ا– ج) وردبینەوە، گشتگرییەك لەنێو واتای ڕستەکاندا بەدیدەکرێت، لەگەڵ هاتنی ڕووداوی نوێدا مامۆستا سەرەڕای ئەم نزایانە، نزای تر پەیوەست بە ڕووداوی نوێوە دەکات و داوا لە خودا دەکات نزاکانیان لێوەربگرێت.

پاشان مامۆستا لە ڕوانگەی قورئانەوە باسەکە زیاتر شیدەکاتەوە دەڵێـت:((خوا لەقورئاندا منداڵی بەبەخشیش ناوبردووە. (بە هەدییە) وەکو دەفەرموێت ( يَهَبُ لِمَنْ يَشَاء إِنَاثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَاء الذُّكُورَ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا وَيَجْعَلُ مَن يَشَاء عَقِيمًا) بە هەرکەسێك کە مەیلی لێ بێت زاتی "الله" سبحانه وتعالی" ئەو خوا بێ شەریکە بەبێ یارمەتی هیچ کەسێك و هیچ هۆکارێك مەیلی ببێت،بە هەرکەسێك دیاری دەبەخشێت کچ بێ وە هەرکەسێکیش کەمەیلی لێبێت کوڕی بۆ دەکاتە دیاری، هەیە تەنیا کچ هەیە تەنیا کوڕی دەبێ (أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا) هەیە خوای گەورە هەردووکیانی پێدەبەخشێت. هەم کچی هەیە هەم کوڕی هەیە.(وَيَجْعَلُ مَن يَشَاء عَقِيمًا) هیچ کام منالی نابێ ئەوەیش جۆرێکە لەبەخشینی خوای پەروەردگار. کەواتە: منداڵ دیاری خوای پەروەردگارە)). لە ئەم دەقە نمونە وەردەگرین و لە سەر نمونەکان ڕوونکردنەوە پێش چاودەخەین.

**٢٧:ا/** خوا لەقورئاندا منداڵی بەبەخشیش ناوبردووە. (بە هەدییە) وەکو دەفەرموێت ( يَهَبُ لِمَنْ يَشَاء إِنَاثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَاء الذُّكُورَ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا وَيَجْعَلُ مَن يَشَاء عَقِيمًا).

**٢٧:ب/** هەم کچی هەیە هەم کوڕی هەیە.(وَيَجْعَلُ مَن يَشَاء عَقِيمًا) هیچ کام منداڵی نابێ ئەوەیش جۆرێکە لەبەخشینی خوای پەروەردگار.

لە ڕستەی (٢٧:ا)دا، دوای ئەوەی بە یەك ڕستە پێدانی منداڵ، وەك بەخشیش لە قورئاندا ڕووندەکاتەوە، دواتر بە ئایەتی قورئانی، جەختی بێگومان و گومان هەڵنەگر بۆ ڕستەکە دێنێتەوە. لە ڕستەی (٢٧:ب)دا، ئەو جەختکردنەوە بەدیدەکرێت. ئەمەیش یەکێکە لە تایبەتمەندیی مامۆستایانی ئایینی، هەر دوو شێوەی زمانی کوردی و عەرەبی تێکەڵ بەیەکتری دەکەن. ئەمەیش جۆرێکە لە ڕازاندنەوەوجەختکردنەوەو سنوردارکردنی دەربڕینەکان و بڕیاردانیش لە سەر ئەو بابەتەی کە باسیدەکەن چونکە ئەوانەی لە بازنەی ئیسلامدان و مسوڵمانن، خودا هەرچی فەرموو و دواتر مامۆستایانیش بۆی بەیانکردن و ڕوونیکردەوە، وەك سنورو یاسای ژیانی ئەم دونیایە تەماشایدەکەن، بۆ ئەوەی خودای گەورە لە ئەو دونیا پاداشتیانبداتەوە، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت:

١. لە ئەم گوتارەدا، جێگیری لە کردنی نزاو پاڕانەوەکان، لە سەرەتاو کۆتای گوتار، لە ڕۆژی هەینیدا دەبینرێت.
٢. لە کاتی گوتاردانی مامۆستادا، هەمووکات تێکەڵکردنی زمانی کوردی و عەرەبی، لە گوتارەکانی مامۆستادا (لە ڕۆژی هەینیدا) بە جێگری دەمێنێتەوەو دەبینرێت، چونکە سەرچاوەی ئاخاوتنی قورئانە.
٣. جەختکردنەوە، ڕازاندنەوە، نمونە هێنانەوە، بە شێوەیەکی بەردەوام لە گوتارخوێندا دەبینرێن، واتە لە ڕوانگەی ڕازاندنەوە و نمونە هێنانەوە لە گوتاردا شێوەی ئاخاوتنی (شێوەی باڵا)ی مامۆستایانی ئایینی بە "جێگیریی" دەمێنێتەوە، ئەمەیش وەك تایبەتمەندییەکی شێوەی باڵا دەتوانین دیاری بکەین.

### ۷-۲/۳) ڕێزمان:

ڕێزمان بە دوو بەش باسیدەکرێت، لە داڕشتەی ڕستەییەوە، بۆ داڕشتەی وشەیی دەچین. واتە لە گشتەوە بۆ بەش:

**ا. داڕشتەی ڕستەیی:** بۆ ئەوەی شێوەی ڕیزبوونی کەرەستەکان بەرچاوبخەین لە ئەم دەقەدا شیکردنەوە دەکەین، کاتێك مامۆستا دەڵێت ئێستا: ((..سەردەمی سەدەی بیستویەکە، سەردەمی قەڵەمە، سەردەمی تەکنەلۆجیایە، سەردەمی داهێنانە، جا ئەزیزەکەم، دوای ئەگەر خوا ڕەحمت پێبکات، دوو منداڵت هەبێ، دەتوانی هەر چۆنێك بێ سەرپەرشتیان بکەی..)).

کاتێك سەیری دەقەکە دەکرێت، بەشێوەیەکی ئەدەبی جوان ڕێکخراوە، هەموو کردارەکان کەوتوونەتە کۆتاییەوەو بە زۆری بە کرداری ناتەواوی {ە}کۆتاییان هاتووە، جۆرێك لە ئاوازیان بە دەربڕینەکە داوە، ئاخێوەریش کە کەسی یەکەمی تاکە (مامۆستا)یە.

**۲۸:ا/** ئێستا سەردەمی سەدەی بیستویەکە، سەردەمی قەڵەمە، سەردەمی تەکنەلۆجیایە، سەردەمی داهێنانە. **ئر:(هەواڵی و بەئاگاهاتنەوە)**

**۲۸:ب/** جا ئەزیزەکەم، دوای ئەگەر خوا ڕەحمت پێبکات، دوو منداڵت هەبێ. **ئر: (ڕاگەیاندن و مەرج)**

**۲۸:پ/** دەتوانی هەر چۆنێك بێ سەرپەرشتیان بکەی. **ئر: (ئەنجام)**

دەقەکە برتییە لە: ڕستەی هەواڵی / ڕاگەیاندا + بە ئاگاهاتنەوە{جائەزیزەکەم} و مەرج {دوو منداڵ} ←ئەنجام{سەرپەرشتیکردن}.

لە ڕستەی (۲۸:ا)دا، شێوازی ڕێکخستنی ڕستەکان {بکەر/ئاخێوەر + بەرکار+ کردار}ە، ئەمەیش بە (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردی دادەنرێت. جەختکردنەوەو دووبارەکردنەوەی وشەی {سەردەمی} بۆ چوارجار لەسەر یەك، جەختکردنەوە و دووبارەکردنەوەیە، لە بەر ئەوە بە ئامادەبوونی مزگەوت و ئەوەی پاشان لە گوتارەکە گوێدەگرێت، بڵێت: سەردەمی ئێستا لە قۆناغێکەوە بۆ قوناغێکی تر گۆڕاوە، بە هۆی پێشکەوتنی زانست و داهێنانەوە.

ڕستەی (۲۸:ب) لە دوو ڕستە پێکدێت، بکەرەکانی دەرنەبڕاوە کە تێیدا مامۆستا مەبەستی هەموو گوێکرانە، لێرەدا هەواڵێك ڕادەگەیەنێت، بەڵام بەهۆی {ئەگەر}ەوە، گومان/ مەرجێك باسدەکات ئەویش {ئەگەر دوو منداڵت هەبێ}، بەڵام دواتر وەڵامی مەرجەکە لە ڕستەکەی دواتردا دەداتەوە.

ئەوەی ئاشکرایە لە ڕستەی (۲۸:پ)دا، یەکسەر کرداری {دەتوانی} لەسەرەتاوە دەربڕیووە، بۆئەوەی وەڵامی مەرجەکەی پێشوو زووتر بگات ئەویش {سەرپەرشتی بکەی}یە.

به چەند دەربڕاوێکی کەم بارودۆخی ئەمڕۆی شیکردووەتەوەو گرفتەکەی دیاریکردووە، چارەسەریی بۆ گرفتەکەیش داناوە. وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا(شێوەی باڵا)ی ئاخاوتن و داڕشتە "ڕێزمان"ێکەی، جۆرێك لەبیرکردنەوە و خۆماندووکردنی زیاتری پێوەدیارە، بۆئەوەی بە دەربڕاو و کاتی کەم، زۆرترین زانیاری بگەیەنێت. لە پشت هەر ڕستەیەك لە ڕستەکانی مامۆستا (زۆرجار) هەندێك واتای نەگوتراو"پراگماتیکی" هەیە، بۆ نمونە لە دەقەکەدا دەڵێت: ((جا ئەزیزەکەم، دوای ئەگەر خوا ڕەحمت پێبکات، دوو منداڵت هەبێ، دەتوانی هەر چۆنێك بێ سەرپەرشتیان بکەی))، مەبەستی ئەوەیە {ئەگەر لە دوو منداڵ زیاتر هەبێت، ناتوانی سەرپەرشتی بکەی}، بەڵام ئەمەی دەرنەبڕیووە، پێچەوانەکەیشی هەر شێوەی ڕێکخستنی ڕێزمانی جوانی هەیە. واتە سەرەڕای ڕێکخستنی جوان، ڕستەکان واتای زیاتریان لە پشتەوەیە، ڕێکخستنی ڕێزمانی و گوتەکانی مامۆستا خاوەنی واتای وردو زۆرە، لێرەوە دەتوانین ئەم شێوازە ئاخاوتنە وەك (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردی ناوزەد بکەین.

دوای شیکردنەوەی دەقی گوتاری دووەم ئەوەبینرا، مامۆستا دوودیویی زمانیی لە ئاستی ڕێزماندا بەشێوەیەك داڕشتووە، دودیویی لە واتایشدا لەنێو گوتارەکەیدا بەدیدەکرێت، یەکێکیان واتایەکی باشی دەربڕاوەکە و کردارەکەیە، دیوەکەی تر واتا و بارێکی خراپی کردارەیەکە. واتە بەکارهێنانی زمان لە ئاستی واتادا بەشێوەیەکی دوودیویی بەکاردەهێنێت. ئەمەیش یەکێکە لە ئەو تایبەتمەندییە گرنگانەی بە شێوەی ڕێزمانی گوتارەکەی مامۆستا دیارە.

**٢٩. گ. مامۆستا و کەسێك لەنێو مزگەوتدا پرسیار دەکات:**

**ا. بەیارمەتیت مامۆستا پرسیارێکم هەیە؟**

**ب. فەرموو...**

**ا. مامۆستا من ئەچم بۆ هەولێر،ئایا ئەتوانم نوێژەکانم قەسەرو جەمع بکەم؟**

**ب. نا بە قوربان، نەك گوناح نییە خێریشت ئەگا، چونکە تۆ سونەتێك زیندووئەکەیتەوە.**

**ا. دەستخۆش مامۆستاگیان**

**ب. سەرچاوم براکەم.**

لە ئەم گفتوگۆ کورتەدا، سەرنج بدەینە شێوازی ئاخاوتنی مامۆستا شێوەیەکی ئاساییەو بە دەنگێکی هێمن وەڵامدەداتەوە. وشەکان کە بەکاریهێناوە{نابەقوربان، گوناح، خێر، سەرچاوم، ئەکەیتەوە}، ئەو وشانەیە کە هەموو کەسێکی ئاسایی ڕۆژانە بەکاریدەهێنێت، ئەگەر ئەم دەربڕاوەی مامۆستا شیبکەینەوە:

{نا بە قوربان، نەك گوناح نییە، خێریشت ئەگا، چونکە سونەتێك زیندووئەکەیتەوە}.

{ئامرازی نەرێ+ تەواکەری بەیاریدە + نەك (نە +وەك) + ناو+ کردار}.

له ڕستەکانی(٢٩:ا،ب)دا ئەوە دەبینرێت، ڕێکخستنی ڕستەکان و دەربڕاوەکانیشی ئاساییە، وەك ئاخاوتنی ڕۆژانە زۆر گرنگیی بەڕێکخستن زۆر نەداوە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، کاتێك مامۆستا گوتاردەخوێنێت و کاتێك گفتوگۆ لەگەڵ یەك کەسدا دەکات، شێوازی ئاخاوتن و ڕێکخستنی کەرەستەکانی لەنێو ڕستەدا جیاوازە، لە ئاخاوتنی ئاسایدا زۆربەی کات، وەك ئاخاوتنی ڕۆژانە وشەکان ڕیزدەکات. وشەکانیش، وشەی ئاسایی ڕۆژانەن، ئەوەی دەبینرێت وشەی {سونەتە} کە زاراوەیەکی بواری دینییەو ئاخاوتنی مامۆستا زۆربەی کات لە چوارچێوەی دینیدایە. ئەوەی لە ئەم گفتوگۆیەدا شایەنی باسە پەیوەستە بە ئەم لێکۆڵینەوەیە، لێرەدا لەگەڵ یەك کەس بە(شێوەی ئاسایی) گفتوگۆ دەکات، ڕوونکردنەوەکانی سنوردار و کەمن، زوو ئەنجام و وەڵامی پرسیارەکە بە کەسی بەرانبەر دەدات. واتە وەك گوتار شیکردنەوە و نمونەی زۆر و ڕازاندنەوە و شیعر و پەند هێنانەوە لە ئاخاوتنی مامۆستا نابینرێت، بەڵام چوارچێوەی ئاخاوتنەکەیشی لێرەدا پەیوەستە بەپیشەکەیەوە.

### ب. دارِشتەی وشەیی:

له دارِشتەی وشەیدا، سەرەڕای شێوەی خستنەپاڵ یەکی وشەکان، گەنجی وشەی مامۆستایش بەرچاودەخەین، چونکە کاتێك مامۆستا گوتاردەخوێنێتەوە، ئەو دەربڕاوانە زیاتر بەکاردەهێنێت، کە لە گەڵ گوتارخوێندندا گونجاوە، کاتێك بە (شێوەی ئاسایی) ئاخاوتن دەکات، ئەو دەربڕاوانە دەبینرێت، بە شێوەیەکی گشتی، کە خەڵکیش بەکاریاندەهێنن، نمونە بۆ ڕوونکردنەوەی سەرەوە لە دەقی گوتارەکە و ئاخاوتنی ڕۆژانەی مامۆستا وەردەگرین، لە نێو خشتەی ژمارە (٧) دەیانخەینەڕوو، بەپێی پێویستی لێکۆڵینەوەکە زانیاری لەسەر نمونەکان دەدەین، گۆڕانکارییەکانیش بە کورتی دەخەینەڕوو.

**((خشتەی ژمارە (٧) نمونەی نێو گوتارەکە، وشەی عەرەبی و شێوازی کوردی وشە عەرەبییەکانە))**

**وع = وشەی عەرەبی.** **وك = وشەی کوردی**

| بەعەررەبی گۆکراوە (ا) | داڕشتەی وشەیی کوردی (ب) | شێوازی ڕیزێکخستنی وشە کوردییەکان (پ) |
|---|---|---|
| ذات أللّه | زاتی اللّه | {وع + ی + وع} /ذ/ ← /ز/ |
| ضَرور | زەرور | {وع} /ض/ ← /ز/ |
| أصلاح حال | ئیسلاحی حاڵ | {وع + ی+ وع} /ل/ ← /ڵ/ |
| أولاد صلح | ئەولادی ساڵەح | {وع + ی + وع} /ل/ ← /ڵ/. |
| رَفض | ڕەفزکردن | {وع + وك} /ض/ ←/ز/ |
| أرحَمُ راحمین | ئەڕحەموڕاحمین | {وع} /ر/ ← ە /ڕ/ |
| صُلح | ناسوڵحاو | {ئامرازی نەرێ + وع}/ص، ل/ ← /س، ڵ/ |
| حادثُ سیارة | حادیسەی سەیارە | {وع + ی + وع} /ث،و/ ← /س،ە/ |
| حَلال | حەڵاڵ | {وع} /ل/ ← /ڵ/ |
| حَتی | حەتا، هەتا | {وع} /ح/ ←/ه/ |
| وَزیر | وەزیرو گزیر | {وع + و + وك} تێکەڵکردنی هەردوو شێوەکە |
| میئوس | مەئویسبوون | {وع + وك} تێکەڵکراوە |
| ریبا | ریباخواردن | {وع+ وك} کوردێنراوە |
| مَقام | مەقامی پیرۆز | {وع + ی + وك} |
| بَرَکَة | بەرەکەت | {وع} |
| سبحانهُ وتعالی | سوبحانە و وەتەعالا | {وع} /ه/ عەرەبی کرتاوە |
| شَرعي | ناشەرعی | {ئامرازی نەرێ + وع} کوردێنراوە |
| عام | ناعاملاو | {ئامرازی نەرێ + وع + وك} کوردێنراوە. |
| حَسود | حەسودپیێبردن | {وع + ی + وك} کوردێنراوە. |
| آشوب | شەڕ و ئاشوب | {وك +و+ وع} |
| حُرمَة | حورمەتدار | {وع + پاشگری دار} |
| شُکر | ناشکوری | {ئامرازی نەرێ+ وع} } کوردێنراوە |
| قبول | قبوڵکردن | {وع + وك} کوردێنراوە |
| تَعلیق | تەعلیقلێدان | {وع + وك} |
| قَتل | قەتڵکردن | {وع + وك} |

کاتێك تەماشای خشتەی ژمارە (٧) دەکەین، کە ئەو وشەو زاراوانەی مامۆستایە لە کاتی گوتارخوێندنیدا، لە ڕووی دەربڕین و ڕێکخستن و ڕیزبونەوە ئەم تایبەتمەندییانەی لای خوارەوەی تێدایە:

١. وشەی عەرەبی وەك خۆی گۆكردووە، بۆ نمونە ستوونی (ا)وەك: {حاكم، وەحی، ئومەت، حورمەت و..هتد}، عەرەبییەكان هەندێك كات گۆڕانی دەنگبان تێدا كراون، لەگەڵ وشەی كوردیدا تێكەڵكراون، بۆ نمونە ستوونی (ب) وەك: {وەزیرو گزیر، مەقامی پیرۆز، ئەهلی مزگەوت و..هتد}.

٢. بە هۆی ئامرازی نەرێی كوردییەوە، وشە عەرەبییەكە بووە بە دژ واتا بۆنمونە: {ناسوڵحاو، ناعاملاو، ناشكوری و..هتد}، وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، گوتاری مامۆستا خاوەن تایبەتمەندیی زۆرە، ئەم تایبەتمەندییانەیش شێوەیەكی تایبەتیی بە شێوەی ئاخاوتنی مامۆستا لەكاتی گوتاردانادا داوە،ئەمەیش ئاخاوتنی مامۆستا لە (شێوەی ئاسایی) جیادەكاتەوە. دەتوانین ئەم ئاخاوتنەی مامۆستا لەكاتی گوتارخوێندندا بە تایبەت لەڕووی وشە و زاراوە و گەنجی وشەوە، كە تایبەتە بە بنەمای"داڕشتەی وشەیی" وەك (شێوەی باڵا) ناوزەد بكەین.

٣. هەندێك جار دەربڕاوە عەرەبییەكە هەیە، بەڵام لە بری ئەوە، ئامڕاز، یان وشەیەكی كوردی دادەنێت وەك: {غیر شرعی: نا شەرعی، مەقام مقدس: مەقامی پیرۆز.}.ئەمەیش یەكێكە لە تایبەتمەندییەكانی ئاخاوتنی مامۆستا لە كاتی گوتارداندا، بە جۆرێك ئەو دەربڕاوانە دەكوردێنێت، ئەگەر عەرەب گوێی لێیانبێت پێناچێت لێیان تێبگات.

ئەگەر تەماشای ئەم وشەو زاراوانە بكەین، لە كاتی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بە ئەم شێوەیە زۆر بەكاریاننناهێنێت، وشەو زاراوە عەرەبییەكان، هەندێكیان دەخاتە ژێر فۆنۆلۆجی زمانی كوردییەوە، وەك: {سوڵح، قەتڵ، حورمەتدار و..هتد} هەندێكی تریشیان لە ڕێگەی زمانی كوردییەوە نەرێ دەكات {ناسوڵحاو، ناشكوری و..هتد} لە هەندێك شوێنی تر پاشگر، یان كردارێكی تری كوردی بە كردارە عەرەبییەكەوە دەلكێنێت، وەك {تەعلیقدان و قەتڵكردن، ڕەفزكردن} لە زمانی عەرەبیدا ئەوەی ئاشكرایە لە لامان (قتل: كوشتن)ە، بەڵام فۆڕمی (قەتڵكردن) دوو كرداری لە یەكداوە بە ئەم شێوەیە: {قەتڵ + كردن، ڕەفز + كردن، نا+عام + لاو}، ئەم جۆرە وشەو دەربڕاوانە {وەك ناعاملاو} زۆربەكەمی لە (شێوەی ئاسایی)دا بەكاردەهێنرێ/ بەكارناهێنرێن، بەڵام لە بری {قەتڵكردن: كوشتن}مان هەیە، مامۆستا زاراوە عەرەبییەكە بەكاردەهێنێت، چونكە كاتێك دەگوترێت "قەتڵ" سزای ئایینی ئیسلامی لەسەرە و جۆرێك لەبڕیاری دینی تێدایە، بەڵام "كوشتن" لە نێو چوارچێوەی زانستی ئیسلامیدا ڕووننەكراوەتەوە، ئەو كەسەی كەسێك دەكوژێت، دەكرێت تۆڵەی كردبێتەوە ئەمەیش ئاساییە، بەڵام كاتێك گوترا قەتڵ، یەكسەر ئەوە بەبیردا دێت كەسێكی بێ تاوان كوژراوە، بەڵام "كوشتن" ئەو ئاماژەبەندییەی وەك "قەتڵ" تێدا نییە.

**٣٠. گ. مامۆستاو كارگوزاری نێو مزگەوت:**

**٣٠:ا/** كاك عەلی ئا وەرە.

**٣٠:ب/** بەڵێ مامۆستاگیان فەرموو.

**٣٠:ا/** كا علی گیان، ئەو گلۆپەی سوتاوە بیگۆڕە، سۆپاكەیش دەربێنەو پلێتەو شتی بگۆڕە، با كاتی كارەبا بڕا حازر بێت.

**٣٠:ب/** بەسەرچاو، بەڵام ئەمڕۆ درەنگە.

**٣٠:ا/** ئەزانم كاكە علی بەیانی بێ دوو بەیانی بێ بەڵام زوو تەواوی كە.

**٣٠:ب/** بێخەمبە مامۆستاگیان.

**٣٠:ا/** باشە ئیتر ئەتوانی بڕۆی.

**٣٠:ب/** من ئەڕۆم ..كارێ ترت نییە.

**٣٠:ا/** نەوەڵا...**هەر** ئەوە بوو پێم وتی دەس خۆش.

لە ئەم ئاخاوتنەدا زاراوەو وشەی عەرەبی زۆر بەكەمی دەبینرێن، ئاخاوتنی مامۆستا بە (شێوەی ئاسایی) دەردەكەوێت، لە ڕووی وشەو زاراوەوە، لە ئاخاوتنی مامۆستا {كاك علی، ئا،با، تەواوی كە، شتی، نەوەڵا، دەس خۆش، كە و..هتد}، لە كاتی گوتاردانیدا جیاوازە، بەڵام كارگوزارەكەی نێو مزگەوت هەوڵدەدات بەشێوەیەكی جوان وەڵامی مامۆستا بداتەوە{بەڵی مامۆستاگیان فەرموو، بەسەرچاو}.

### ٣/٢-٨)دەنگسازی

لە ئەم گوتارەدا كاتێك مامۆستا گوتاردەخوێنێت، بەشێوەیەكی گشتی وەك كەسێكی خەڵكی هەرێمی كوردستان دەدوێت، بەڵام كاتێك ورددەبینەوە لە شێوازی دەربڕینەكانی لە كاتی دركاندنی وشەكاندا دوو شێوە بەدیدەكەین:

١. مامۆستا لە گوتاری یەكەم و گوتاری دووەمیدا، كە چەند خولەكێكە لە سەرەتاو و كۆتایی گوتارەكەوە بە زمانی عەرەبی "فوسحە" قسەدەكات و وشەی كوردی تێكەڵ ناكات، یان لە كاتی گوتنی ئایەتی قورئان و فەرموودەدا بە زمانی عەرەبی ئەو وشە عەرەبیانەیش دەڵێت، كە زمانی كوردی لە عەرەبی خواستوویەتی و كورداندویەتی و بە شێوەیەكی كوردی دەریاندەبڕێت.

٢. لە ئەو كاتەی بەشێوەیەكی گشتی قسەدەكات، دەنگەكانی وەك /**ذ، ض، ص،ط، ظ**/ هەر وەك دەنگی /**ز، ت، س**/ دەردەبڕێت، ئەمەیش لە دەربڕینەكانیدا دیارە.، بۆ ڕوونكردنەوەی ئەم بنەمایە تەماشای دەقێك لە گوتارەكە دەكەین، كاتێك مامۆستا دەفەرموێت:((منالٚ بەخششی خوایە: (المال والبنون زینه الحیاه الدنیا)).

١.٣١/ المال

٣١:ب/ ماڵ

له ئەو ئایەتەی نێو دەقەکەی سەرەوەدا، باسی (ماڵ و منداڵ) کراوە، کاتێك مامۆستا باسی ماڵ دەکات بە {المال} ناو دەبات، بەڵام لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا هەر ئەو وشەیە وەك {ماڵ} ناو دەبات. هەر لە گوتارەکەدا کاتێك دەڵێت: ((مناڵی ساڵح سەدەقەی جارییە ((او ولد صالح یدعو له))، لە ئەم فەرمودەیەدا تەماشای ئاوەڵناوی (ساڵح) لە هەر دوو دەقەکەدا بکەین، یەکێکیان شێوەی ئاخاوتنی کوردییەو ئەوی تر شێوەی زمانی عەرەبییە "فوسحە"یە، ئەمەیش دوو شێوە گۆکردنی مامۆستا بۆ دەنگەکان لە نێو وشەکاندا دەبینرێت. واتە بە "شێوەی ئاسایی" هەندێك دەنگ دەردەبڕێت و هەر ئەم دەنگانەیش بە "شێوەی باڵا" دەردەبڕێت، وەك لە نمونەی (٢٩:ا،ب)دا خراوەتەڕوو.

١:٣٢/ صالح

٣٢:ب/ ساڵح

دوای شیکردنەوەی بەشێك لە گوتارەکە ئەوە ڕوونبووەوە، کە دوو شێوە لەنێو ئاخاوتنی مامۆستادا دەبینرێت، یەکێکیان ئاخاوتنی بە (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردی دادەنرێت. ئەوی تر شێوەی زمانی عەرەبییە کە بۆ مامۆستا شێوەی باڵای "فوسحە"ییە، بەڵام هەر هەمان دەربڕاو وەك (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردیی ناودەبرێت بۆ نمونە.

٣٠:ا/ ساڵح/ساڵەح (شێوەی باڵا)ی ناوهێنان.

٣٠:ب/ سالە (شێوەی ئاسایی) ناوهێنان، پەیوەست بەزمانی کوردییەوە.

لە گۆشەنیگایەکی ترەوە تەماشای ئەم ناوانە/ دەربڕاوانە بکەین، کە لەلایەن خەڵکییەوە بەکاردەهێنرێن بۆ ناونانی منداڵەکانیان، پێشتر ناوی تاکی کورد زیاتر عەرەربی بوون. زۆربەی کات لەلایەن مامۆستایانی ئایینەوە منداڵ ناونراوە، ئەمەیش کاریگەری و ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لەسەر زمان و دەربڕاوی کوردی پیشاندەدات . زۆر جار ناوی سێ پشتی دووکەس وەك یەکە، چونکە کاریگەریی زمانی عەرەبی بەسەر زمانی کوردی هەبووە، ناونانی منداڵانی کورد پێش ئێستا گەواهی ئەم ڕاستییە دەدەن.

### ٣/٣) پوختەی جێبەجێکردنی تیۆری دوودیویی زمانیی لە کۆمەڵەئاخاوتنی مامۆستایانی ئایینیدا (گوتاری یەکەم ، بە بەراورد بە گوتاری دووەم)

١. لە ڕووی بنەمای "ئەرک"ەوە، ئەرکی کۆمەڵایەتیی ڕستەکان لە هەردووگوتارەکەدا بۆ (ئامۆژگاریکردن، بیرخستنەوە، سنوردانان، ترسان و مژدەدان، ڕێکخستنی ژیان، بیرکردنەوە لە ئەو دوینا ) بووە، لە ڕوانگەی ئەرکی کۆمەڵایەتیی ڕستەکانەوە ڕێکخستنی پێوەندیی (مرۆڤ لەگەڵ خودا، مرۆڤ لەگەڵ خۆی، خێزان، کۆمەڵگا، زانست و سروشت)دا بووە. لە گوتاری یەکەمدا بەهۆی دەربڕاوی {بەڕێزان، خوشکان برایان، ئیمانداران، موسوڵمانان} و لە گوتاری دووەمدا دەربڕاوی {ئیمانداران و خواناسانی بەڕێز، خەڵاتەکانی خوای گەورە، ئێمەی بەندە، ئەم پەپولە جوانە، بێ گوناحە، ئەم گوڵە جوانە و..هتد} گوتارەکەیان ڕازاندووەتەوە. هاوکات بە ئەم دەربڕاوانە ئاستی گوتارەکانیان بۆ (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردی هەڵکشاندووە. بەپێی پێویست نمونەی ڕۆژانە و ئاخاوتنی ڕۆژانەیان لە گوتارەکاندا بەکارهێناوە. کاتێکیش مامۆستایان، لەگەڵ دەوربەریاندا (خێزان، هاوڕێ و..هتد) گفتوگۆدەکەن، بە زمانی کوردی (شێوەی ئاسایی) بەکاردەهێنن.

٢.بنەمای شکۆداریی: یەکێکە لە ئەو بنەمایەی کە زۆر بە گوتارەکانەوە دیارە، ناوەکانی {خودا، پێغەمبەر(د.خ)، یارانی پێغەمبەر، شاعیر} بەشکۆدارییەوە باسدەکەن، وەك {خودای گەورە، پێغەمبەر درودی خوای لێبێت و..هتد} وێڕای ئەمەیش کاتێك بیانەوێت دەقێکی قورئانی، یان فەرمودەیەك بهێننەوە، لە بری {ئێژێت/دەڵێت}، {دەفەرموێت}بەکاردەهێنن، کە لە شکۆداریی لێوان لێوە. لە گوتاری یەکەمدا بەشکۆدارییەوە ناوی گوێگرانی ناو مزگەوت دەهێنن، واتە بەکۆ {موسڵمانانی قەدرگران، ئیماندارانی بەڕێز، خوشکان برایان}ناویان دەبات. لە گوتاری دووەمدا بە {خواناسانی بەڕێز}. واتە شکۆداریی زۆر بەدەربڕاوەکانیانەوە دیارە، یەکێکە لە بنەماکان بە زۆری بە شێوەی ئاخاوتنی مامۆستایانەوە دیارە و وەك تایبەتمەندیی خۆیانی لێهاتووە، لە ڕێگەی ئەوانیشەوە لە نێو ژیانی ڕۆژانەدا هەندێك لە دەربڕاواکانیان دووبارە دەکرێتەوە.

٣. مامۆستایانی ئایینی بنەمای کەلەپوری ئەدەبی وەك (شیعر، نمونەهێنانەوە، بەسەرهاتی ڕابردو، یان ئێستای کورد/مسوڵمانان، پەندی پێشینان) هەموو کات لە گوتاری ڕۆژانی هەینیاندا دەبینرێن، بە مەبەستی ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی (دەقی قورئانی، فەرمووده، زاراوە ئیسلامییەکان و..هتد). ئەمەیش ڕازاندنەوە و چێژی زۆر بە گوتار دەبەخشێت، چونکە هێنانەوەی نمونە بۆ تێگەشتن و تێگەیاندن باشترین ڕێگایە بۆ ئامۆژگاریکردن، لە بەرئەوەی زۆر درەنگ لە یاد دەچێنەوە، بۆ نمونە لە گوتاری یەکەمدا مامۆستا دەڵێت((دەمی پێغەمەر دانەنەویتەوە بۆ حیچ دەسیٚ، (لە سایەی عیزەتی نەفسم سەربەرزە، کەسەر بەرزە، سەر شۆر ناکەم بۆ هیچ دەسێك)) لە ئەم ڕێگەیشەوە چەندین بواری جیاواز پێکەوە دەبەستن بەیەکەوە و شیدەکەنەوە. لە گوتاری دووەمیشدا پەندێکی فارسی دەهێنێتەوە و بۆ سەر زمانی کوردی وەردەگێڕێت کاتێك، دەڵێت، ((فارس زۆر جوانیان وتووە ئێسا

بچۆ ئەو وڵاتی ئێرانە لە حەموو شوێنێکا ئەمە نوسراوە،(فرزەندی کەمتر، زیندگی بەهتر) (منداڵی کەم و ژیانی خۆشتر و پوختر))) لێرەوە دەتوانین بڵێین: نمونەی کەلەپوری ئەدەبی وەك تایبەتمەندیی شێوەی باڵای ئاخاوتنی مامۆستایانی ئایینی دەردەکەوێت، کە زۆربەی کات بەکاریاندەهێنن، یان زۆر بەدەگمەن بەکاریناهێنن.

٤. وەرگرتنی زمان، لە شیکردنەوەی گوتارەکاندا ئەوە دەرکەوت، مامۆستایان وێڕای زمانی کوردی شارەزایی باشیان لە زمانی عەرەبیدا هەیە. واتە جووت زمانن. لە کاتی گوتارخوێندندا بەجیا (کوردی، عەرەبی) بەکاردەهێنن و بە تێکەڵیش بەکاریدەهێنن. واتە زمانی کوردی و عەرەبی تێکەڵدەکەن، هەندێك جار بە ئاگاییەوە، ئاوازی پێدروستدەکەن وەك {فەرمانبەر:موزەف، منداڵ:مەخلوق، ئینسان، مرۆڤ، ئەولاد: منداڵ، خەڵات:هەدییە} هەندێك کاتیش بەئاگانین، بۆ ئەم بابەتە وردبونەوەی زیاتری دەوێت تا بڕیاڕی یەکلاکەرەوە بدرێت، بەڵام تێکەڵکردنێکی زۆر بە دەربڕاوەکانیانەوە دەبینرێن.

٥. بەستانداردکردن: لە گوتاری یەکەمدا، ئەگەر چی ئەوەمان سەلماند کە بە (شێوەی باڵا) گوتاردەخوێنرێت، بەڵام کەمتر گرنگی بەڕێکخستنی ڕێزمانی لە ئاستی دارشتەی ڕستەیی لە نێو دەقی گوتارەکەدا داوە، بە بەراورد بە گوتاری دووەم، کە زیاتر گرنگیی بە خۆئامادەکردن، خۆڕێکخستن، بیرکردنەوە لە ڕێزکردنی بابەتەکان، بەدوایەکترهاتنی ڕستە و نمونە و بابەتەکانی لە نێو دەقەکاندا داوە. بەڵام هەردووکیان بە (شێوەی باڵا) گوتاردەخوێنن و بە شێوەیی ئاسایی زمانی کوردیی لەگەڵ دەوربەریاندا گفتوگۆ دەکەن، لە ڕووی ڕێکخستنی ڕێزمانو و بەکارهێنانی (شێوەی باڵا) دووەم گوتار لە یەکەم گوتار جوانتر و زۆرتر خۆی بەستانداردکردن و دەربڕێنی ڕستەکانییەوە ماندوکردووە و خۆی بۆ ئامادەکردووە.

٦.**جێگیری:** لە هەردوو گوتارەکەدا، مامۆستایان لە سەرەتای گوتار و کۆتایی گوتاردا، لە کاتی پاڕانەوە و دەستپێکی گوتاردا کۆمەڵێك ڕستەو شێوازی پاڕانەوەی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەموو ڕۆژانی هەینییەك لە کاتی گوتارداندا دووبارەی دەکەنەوە، بە دەگمەن گۆڕانکاری تێدا دەکەن. هەموو دەربڕاوە دوبارەبووەکان (شێوەی باڵا)یان پێوە دیارە. زۆر بە کەمی بە (شێوەی ئاسایی) لە سەرەتاو کۆتای گوتارەکاندا گوتاردەخوێنن، بەڵام هەندێك کات دوعای شەڕ دەکەن، یان کاتێك زۆر تورەدەبن، ئەوکات دەربڕاوی (شێوەی ئاسایی) لە کاتی گوتارخوێندندا بەکاردەهێنن و ئاستی بەرزی و باڵای شێوەی ئاخاوتن و زمانەکەیان دادەبەزێت. بۆنمونە: لە گوتاری یەکەمدا دەربڕاوی {خوایە پشتی بشکێنیت}، یان لە گوتاری دووەمدا دەربڕاوی{بێ حورمەت} ئەم دەربڕاوانە لە ئاخاوتنی ئاساییدا بەکارهێنانی زیاترە.

**٧. ڕێزمان:**

ا. دارشتەی ڕستەیی: لە گوتارەکاندا، ڕێکخستنی وشەکان لە چوارچێوەی ڕستەدا، زیاتر لە کاتی گوتارداندا (شێوەی باڵا)یە، ڕوونکردنەوەی واتای زاراوەکان و هێنانەوەی نمونەیش بە (شێوەی ئاسایی) دەبینرێن. واتە کردار لە سەرەتاوە یان دوای بکەر کردار دواتر تەواوکەری ناڕاستەوخۆ دەردەبڕێت، لە گوتاری یەکەمدا ئەم شێوە ڕێکخستنە ڕێزمانییەی زۆر تێدایە. وشەی عەرەبی کوردی لە گوتاری یەکەمدا بە بەراورد بە گوتاری دووەم زیاتر بەکارهاتووە، بەڵام گوتاری دووەم زیاتر کاری لەسەر ڕێکخستنی وشە لە نێو ڕستە و ڕستە لە نێو دەقدا کردووە.ئەمەیش زیاتر گوتارەکەی بەپێزتر کردووە، نمونەکان و ناونیشانەکانی ناو گوتارەکەیش باشتر ڕێکخستنییان پێوە دیاربووە، بەراورد بە گوتاری یەکەم، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەردووکیان ڕێکخستنی گوتارەکانیان (شێوە باڵا)یە، بەڵام لە پلەدا جیاوازن.

ب. **دارشتەی وشەیی:** لە گوتاری یەکەمدا ئەوە دەرخرا، کە زۆربەی کات وشەو زاراوەی عەرەبی تایبەت بە زانستە ئیسلامییەکان دەبینرێن. واتە مامۆستا فەرهەنگی وشەیی تایبەت بەخۆی هەیە. هەندێك لە وشەکانی نێو زمانی کوردی بە شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانە، بۆ ڕوونکردنەوەی زاراوە ئیسلامییەکان، ئەگەر چی شێوە باڵاکەیشی دەزانێت بەکاردەهێنێت، چونکە زۆربەی کات بە (شێوەی ئاسایی) ئاخاوتن دەکات، کاریگەری هەیە لە کاتی گوتارداندا، بۆ نمونە لە گوتاری یەکەمدا {ئێسە: ئێستا، بەس: بەڵام، یانی: بەواتای ئەوەی یەعنی و..هتد}دەبینرێن، نمونەکان ئەوە دەخەنەڕوو، وشەو ئامرازی ئاخاوتنی ڕۆژانە لە کاتی گوتارداندا لە ئەم گوتارەدا بوونی هەیە، بەڵام بۆ ڕونکردنەوەی بابەتەکەیە، لەنێو (شێوەی باڵا)کەدا خۆیان دەبیننەوە، هاوکات وشەو زاراوەکان لە هەردوو شێوە ئاخاوتنەکەدا جیاوازییان هەیە، لە کاتی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا (لە بازاڕو لەنێو خێزانیدا و..هتد) بە (شێوەی ئاسایی) دەدوێت و قسەدەکات، بەڵام لە گوتاری دووەمدا زیاتر وەرگێرانی وشە و زاراوە عەرەبییەکان بە زمانی پاراوی کوردی دەبینرێن. واتە لە ڕووی دارشتەی وشەییەوە، گوتاری دووەم وشەکانی جوانتر دارشتووەتەوە، ئاوازی زیاتری بە وشەکان دروست کردووە، وەك {ئەم پەپولە جوانە، بێگوناحە، ئەم گوڵە جوانە، لە گوڵزار بێبەشدەکرێت}، ئەمەیش ڕازاندنەوەیە، کەیەکێکە لە تایبەتمەندییە بە هێزەکانی (شێوەی باڵا) ی گوتارخوێندن. لە ڕووی فەرهەنگ/گەنجی وشەوە، وشە و دەربڕاوی مامۆستایان لەکاتی گوتارخوێندندا بەبەراورد بە شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانە جیاوازە، چونکە هەندێك دەربڕاو هەیە تەنیا لە کاتی گوتارخوێندندا بەکاریاندەهێنن و زۆر بەدەگمەن لە (شێوەی ئاسایی)دا، بەکاریناهێنن، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

**٨. دەنگسازیی:** دەنگسازیی کۆمەڵی ئاخاوتنی مامۆستایانی ئایینی، کاریگەریی زمانی عەرەبی لە خەڵکە گشتییەکە زیاتر پێوە دیارە، ئەمەیش وەك تایبەتمەندییەکی گرنگیی ئەو کۆمەڵەیە ناوزەددەکرێت، بەڵام کاتێك مامۆستای ئایینی دەچێتە نێو خەڵکییەوە، بەشێوەیەکی ئاسایی بەپێی

شوێنکات ئاخاوتن دەکات. واتە بەئاگابوون لە زمانی و چۆن دەیڵێت و چی دەڵێت، هەموو کات بەرپرسیارییەکی گەورە بەسەر شانی مامۆستاوەیە و ئەرکێکی دینی و کۆمەڵایەتیشە. مامۆستا بەشێوەیەکی گشتی لە ڕوانگەی دەنگ و شێوازی دەربڕینەوە، وەك کەسێکی کوردیزان دەردەکەوێت. کاتێك بە هەردوو شێوەکە ئاخاوتن دەکات.

٩. ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی هەردوو گوتارەکە بکەین، دەتوانین بڵێین: گوتاری یەکەم، لە ڕووی دەربڕین و فەرهەنگی/گەنجی وشەییەوە و لە ڕووی ڕێکخستنی ڕستەکانەوە، ئاستی وەك گوتاری دووەم نییە، واتە گوتاری دووەم ڕێکخستنی ڕستەکان و بەدواهاتنی بابەتەکان و شێوازی وەرگێڕان و ئاستی بەرزی شکۆداریی زمان و دەربڕینی زاراوەکان، لە شێوەی ئاخاوتنەکانیدا لەکاتی گوتارخوێندندا، لە گوتاری یەکەم باشتر و جوانترە، بۆ نمونە تەماشای ئەم پەرەگرافەی گوتاری یەکەم بکەین. کاتێك مامۆستا دەفەرموێت: ((..یەکێك لە بورجی قرژاڵا لە دایك بووە و یەکێك لە بورجی حوتا و ئەوەی تر **چوزانم** لە بورجی سەرەتانا و ئەمەیان منالی ئەبێ و ئەمەیان ئیشەکەی سەرئەگرێ و وە ئەمە **ئەسڵ و ئەساسی نییە**. لە **قەرنی دووهەزارو چواردەیاین،** تازە بە تازەکی دوای فالگرەوە و دوای خورافیات و دوای قسڵە کۆن و گەچەکۆن بکەوین، ئەمە لە ئیسلاما رەفزە لە سەدا سەدی. هیچی لە ئیسلاما قبوڵ نییە و خورافیات و بەخت و شەنسگرتنەوە و تۆ بڵی بەختم نییە یەکێ تر بڵێ شەنسم هەیە. ئیسلام اعتیمادی لەسەر ئەسبابە..)) لە گوتاری دووەمیش ئەم پەرەگرافە وەربگرین، کە مامۆستا دەفەرموێت: ((پێغەمبەر (ص) **شانازی** بە ئومەتێکەوە دەکا، کە **بەڕاستی** ئومەت بێت، بەڕاستی ڕەحمەت بێ، بەڕاستی خێرو بەرەکەتبێ، نەك زەحمەت بێ، **ئەزیزەکەم** تۆ، جاری وا هەیە هەموو ساڵێك منالێکت **دەبێ**، ئەمە یەکەمجار ئەم دایکە داماوە دادەڕزێت لە ژێر باری منداڵبووندا، دایك هەر چەند منالێك تەحەمول **دەکا**، دواتر ئەم لاشەی وردە وردە هەڵدەوەشێت)). لە دەقی گوتاری یەکەمدا {چوزانم}، جۆرێك لەسادەیی بەدەقەکە داوە و هەست بە برینێك و جۆرێك لە خۆئامادەنەکردنی مامۆستا بۆ ئەم کورتە باسە بەدیدەکەین{ئەسڵ و ئەساسی نییە، قەرنی چواردەیە، وە} سادەیی ئاخاوتنی تێدا بەدیدەکرێت، یان زۆر خۆئامادەنەکردن بۆ ئەم دەقەی لێرەدا وەك نمونە وەرمانگرتووە، دەبینرێت، بەڵام لە دەقی گوتاری دووەمدا، دەربڕاوی{بەڕاستی}جۆرێك لە دڵنیایی و بڕیارو خۆئامادەکردن بۆ پوچەڵکردنەوەی (بابەتێك/ گومانێك) بە ئاخاوتنەکەی مامۆستا دەدات. گوتاری یەکەم کەمتر گرنگیی بەپاراوی زمانی کورلدی و (شێوەی باڵا) داوە، بەڵام گوتاری دووەم زمانی پاراوترە و دەربڕاوی ڕوونترە، بەڵام هەردوو گوتارەکە بە (شێوەی باڵا)ی زمانی کوردی پێشکەشکراون، هاوکات دەتوانرێت بگوترێت: گوتاری دووەم پلەی لە گوتاری یەکەم لە ڕووی زمانەوە بەرزترە. وێڕای ئەوەیش گوتاری دووەم گرنگیی زیاتری بە ڕێکخستنی ڕیزمانی {بکەر + بەرکار + کردار}ی تێدا دەبینرێت، بەڵام گوتاری یەکەم وەك ئەم گرنگیی زۆری بەڕێکخستنی ڕێزمانی نەداوە.

## ئەنجامەکان

دوای شیکردنەوە، بە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە گەیشتوین:

١. لە نێو دیالێکتی ناوەڕاستدا چەند ناوچەیەکی زمانی هەیە، جیاوازیی لە نێوانیاندا، لە ئاستی دەنگ و فۆڕمی وشەدا هەیە، بەڵام ئەوەی ئاسانە بۆ جیاکردنەوەی ناوچە زمانییەکان، کردارەکانە.

٢. شیکردنەوەی بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە، دەربڕی ئەو ڕاستییەن، کە لە زمانی کوردیدا چوار شێوەی(نزم، ئاسایی، ناوەند، باڵا) ئاخاوتن هەیە، هەریەکەیان لە شوێنکاتێکدا بەکاردەهێنرێن. وێڕای ئەوەیش دوو شێوەی زمان (ئاسایی و باڵا)ی کوردی دیاریکراوە، (شێوەی باڵا) بیرکردنەوە و ڕازاندنەوە و ڕێکخستن و و خۆئامادەکردنی زیاتری لە پشتەوەیە، بەڵام (شێوەی ئاسایی) وەك (شێوەی باڵا) خۆئامادەکردن و بیرکردنەوەی زۆری لە پشتەوە نییە، هەردوو شێوەکە، هەندێك کات لە ڕووی ڕیزبوونەوە چوونیەکن، بەڵام ئەوەی ئاسانتر و باشترە بۆ جیاکردنەوەیان، فۆڕمی وشە و دەربڕاوەکانیانە، لەگەڵ ئەوەیشدا چۆنیەتی دروستبوونی (ئاسایی و باڵا)ی زمانی کوردی و تایبەتمەندییەکانیان بەخاڵ دیاریکراون.

٣. دوای کۆکردنەوەی داتای زمانی و شیکردنەوەی داتاکان، لە ڕێگەی نیشانە زمانییەکانەوە، گەیشتوینەتە ئەو بیروڕایەی، کە سەرەڕای هاوبەشی فۆڕمی وشەکان لە نێوان (شێوەی ئاسایی و باڵا)، جیاوازییەکی زۆریش لە نێوان فۆڕمی وشەی هەر دوو شێوەکەی زمان و گەنجی وشەی (شێوەی ئاسایی و باڵا)دا هەیە.

٤. شیکردنەوەی بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکە، کە لەسەر زمانی مامۆستایانی ئایینی لە گوتاری هەینیدا کراوە، دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە مامۆستایانی ئایینی زمانی جووت زمانن (کوردی و عەرەبی) دەزانن و لەکاتی گوتارخوێندندا تێکەڵی دەکەن و بەکاریدەهێنن، هەندێك کات بە ئاگایەنە و بە مەبەست ئەم تێکەڵکردنی زمانییە دەکەن، واتە خۆکردە، هەندێك کاتیش لە ئەم تێکەڵکردنی زمانییە بێ ئاگان، وێڕای ئەوەیش لەگەڵ خێزان و دەوروبەریاندا بە شێوەی ئاسایی ئاخاوتن دەکەن.

٥. بنەماکانی تیۆریی دوودیویی زمانیی، بە ئەم شێوەیە پلەبەندی لە نێو گوتارەکاندا وەردەگرن، ئەرکی زمان زیاتر بۆ ئامۆژگاری و سنوردانان و بیرخستنەوەیە، پاشان شکۆدارییەکی زۆر بەگوتارەکانیانەوە دیارە، زاراوەی بواری زانستی ئیسلامی لە کاتی گوتارخوێندندا زۆر بەکاردەهێنرێت، هەر ئەمەیشە شێوەی زمانی مامۆستایانی لە ئاساییەوە بۆ باڵا گۆڕیووە.

٦. لە کاتی شیکردنەوەی گوتاری یەکەم و دووەمدا، ئەنجامی شیکردنەوەکە ئەوەی دەرخست، کە گوتاری دووەم زیاتر (شێوە باڵا)کەی زمانی کوردی لە ڕووی ڕێکخستن و بەدوایەکداهاتنی بابەتەکان و پاراوی زمانی کوردی لە چاو گوتاری یەکەمدا تێدا بەکارهێنراوە. واتە دەتوانرێت پلەبەندی لە ڕێگەی بنەمای تیۆری دوودیویی زمانییەوە بۆ هەردوو گوتارەکە بکرێت.

# المُلخَّص

هذه الدِّراسة المُعَنوَنة ب "**بُروز الازدواج اللُّغويّ في الجماعات الكلاميّة**"، في إطار اللِّسانيّات الاجتماعيّة، محاولةٌ لتحقيق دراسة دقيقة وموضوعيّة، لإظهار الازدواج اللُّغويّ في الجماعات الكلاميّة باللَّهجة الكُرديّة المركزيّة خاصّة لكنة السُليمانية، والتي تفترض وجود أكثر من تنوع لُغويّ، يستخدم كلٌّ منه في أماكن أو مناطق مُعيَّنة.

تحديد أربعة أنواع مختلفة من الجماعات الكلاميّة في اللُّغة الكُرديّة، مع عَرْض الخصائص لكلِّ التنوعات اللُّغويّة بشكل علميّ، دُرِسَ من خلال ثلاثة فصول:

**يتكون الفصل الأوَّل من مبحثين:** خُصِص المبحث الأول لتسليط الضوء على التعدُّد اللُّغويّ، كما نُوقشت الأسباب وراء نشوء التعدُّد والمنظور اللُّغويّ. وفي المبحث الثاني، قُسِمت أنواع اللُّغة على المستوى الأُفقيّ وعموديّ، ثُمَّ تمّ مناقشة وتحديد المتنوعة اللُّغويّة القياسيّة بطريقة عمليّة، وذلك بعد جمع البيانات من مناطق اللَّهجة المركزيّة، وتحليلها ومُناقشتها.

**ويتكون الفصل الثاني:** من مبحثين رئيسين: ففي المبحث الأول، تمّ توضيح نظرية الازدواج اللُّغويّ من خلال عرض الأمثلة من زوايا رؤية مختلفة. كما تمّ تناول التنوعات اللُّغويّة الأربعة مع خصائص كلّ منها إلى جانب طريقة ظهورها وخاصة التنوع الرَّفيع والمُتدنّي منها، ثُمَّ عُرِضت فرضيّة نظرية الازدواج اللُّغويّ. وفي المبحث الثاني، نُوقِشت الجماعات الكلاميّة من وجهة نظر لسانيّة موسَّعة بشكل علميّ.

**وخُصِص الفصل الثالث:** لإلقاء الضوء على خُطب الدُعاة ورجال الدِّين. ولإظهار ظاهرة الازدواج اللُّغويّ، تمّ اختيار خُطبتين من خُطب الجُمعة لتحليلها من خلال استعمال علامات اللُّغة.

وفي الختام ذُكِر أهمّ النتائج والاستنتاجات في عِدّة نقاط.

## Abstract

The present study entitled "**The emergence of diglossia in speech communities**" is conducted within the frame of sociolinguistics. It is an attempt to achieve an accurate and objective study. It tries to show diglossia in speech communities in central Kurdish dialect especially in Sulaimani sub-dialect It is hypothesized that there are more than one variety of a language. Each is used in its specific area or place.

Determining four different types of speech communities and showing the characteristics of each variety are scientifically done. The thesis is composed of three chapters.

**The first chapter** consists of two sections. The first section is dedicated to shed light on multilinguality. The reason behind the emergence of multilinguality and linguistic perspective are discussed.

In the second section, the types of language on the both scales horizontally and vertically are divided. Later on a discussion or debate is presented on the standard variety practically, after collecting data from central dialect areas. The data are analysed and discussed.

**The second chapter** is composed of two main sections. In the first section, the theory of diglossia is explained by providing examples from different view angles. The four varieties are tackled and the characteristics of each variety along with the method of their emergence especially high and low varieties are displayed. Later on, the hypothesis of the theory of diglossia is presented.

In the second section, the speech communities have scientifically been discussed from the macro-linguistic perspectives.

**The third chapter** is devoted to throw light on the speeches of preacher or religious men (clergymen). To show the phenomenon of diglossia, two Friday orations are chosen to be analysed by making use of the language markers.

IN the last section the results and findings are listed in several points.